



Raman

# ڕامان RAMAN

137

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم / ساڵی سێزدە / تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨



**خاوەن ئیمتیاز**

شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**

ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**

سەرکەوت وەلی

**مۆتیف و پۆرترێت**

قەرەنی جەمیل

ناوونیشان / هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە) / ٢٢٢٨٥٠٦ – ٤٤٩٤٦٦٢
(دەرەوە) / ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com



چاپخانەی خانی / دهۆک
نرخ / ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی ڕامان

● دەق


– شەیدای شەرابی شینی لەشتم/ هاشم سەرڕاج/ 3
– ژنێکی شەرابی.. پیاوێکی خۆڵەمێشی/ دڵشادی عومەر کاکی/5
– ئاوبوونەوەی ئاو/ ڕابەر فایەق/ 7
– ئەڤیندارێ ستێرکا رۆهلات/ دۆست چیایی/ 9
– ڕۆبێر دۆسنۆس/ لە فەرەنسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 10
– تراویلکە/ سدیق ڕەسوولی/ 13
– مردنەکانی دایکم/ جووتیار ئەحمەد/ 18
– رازێن بالیفان/ هـ. کۆڤان باڤی/ 21
– مانگەکەی نیگار/ لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی/ 24


● هەڤپەیڤین


– هەڤپەیڤینێک لەگەڵ شاعیر و چالاکوانی بواری ئافرەتان (د. نەزەند بەگیخانی)/ ئا: شەیدا سەلاح/ 27
– دیمانەیەک لەگەڵ هونەرمەندی دەنگخۆش (پەیوەند جاف)/ ئا: خەبات ڕەسوولی/ 35


● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە


– شێخی سەنعان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا/ ئەحمەد حوسێن ئەحمەد/ 43
– خەونی کوشتنی باوک و ئینتیماکردن بۆ پەتریارکییەت/ نیهاد جامی/ 49
– نرخی نووسین/ بەختیار محەممەد/ 59


● دەق و ڕەخنە


– بروانە کە عیشق چۆن دەئاژوێ/ لە فارسییەوە: محەممەد تەرەغە/ 70


● ئەزموون


– ئەزموونگە/ عەبدوڵڵا سەرڕاج/ 74


● بیرەوەری


– پیرۆزی جەژنەکان لە ماڵی ئێمەدا/ د. مارف خەزنەدار/ 85


● وتار


– لە بینۆگەی یەکەمین فیستیڤاڵی هەورامانەوە/ ئوسمان محەممەد هەورامی/ 88
– شێوازی بە پارچە بوونی گێڕانەوە/ تەها ئەحمەد ڕەسووڵ/ 91
– ژیلا و هەڵوێست و ڕاپەڕینێکی نوێ/قادر عەلی خا/ 94


● هزر و فەلسەفە


– سەرهەڵدانی فەلسەفەی سکولاستی/ د. حەمید عەزیز/ 97
– پاولۆس، نهێنی گەڕانەوەی لە ناکاوی فەلسەفەی هاوچەرخ/ ئازاد حەمە/ 108


● زمانزانی


– زمانی ئاخاوتنی کوردی و زمانی ستاندار/ کەریم شارەزا/ 123


● مێژوو


– شوێنەوارە دێرینەکانی لوڕستان/ عەباس سلێمان سمایل/ 127


● هونەر


– یارییە خەونێک لە ڕەباتەوە بۆ زانستگەی کەمبریا/ د. فازیل جاف/ 131
– گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆبە/ وریا ئەحمەد/ 136
– جەلال کۆچەر/ باکووری/ 142


● خوێندنەوەی کتێب


– لەپشت تاراوگە، ناوم بنێن ماڵەوە/ فەرهاد کەریم/150
– مافی گەیاندن/ عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە/ 154


● زاراوەسازی


– مێژووی ئەدەب/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 157


● ئێستێک


– چێژ لە هونەری شانۆدا/ موحسین محەممەد/ 160

# شەیدای شەرابی شینی لەشتم

**هاشم سەڕاج**

(۱)


ئێواران
تکەی ئاونگی گەردنت
لێوانلێو
لەتاڵەتیشکی
شینی
خۆرێکی تاریک و سپی
شەوان
کەلێنی سینەی برۆنزیت
پڕاوپڕ
لەجیوەی ئاسمانی

(۲)

«سۆما»ی ڤیدایی و
«هەوم»ی گاتاکان
بەشیلەی پرشنگداری گۆنات
کۆکتێل دەکەم و
بەسەرمەستی
لەسەر لەوحی
سینەی پیرۆز و
باسکی ڕووت ڕووتت
دەنووسم
شیعر
گەمەیەکی ئیرۆتیکییە

(۳)

تۆ لەتە دەنگێکی سپی بووی
لەبەردەم
کۆنسێرتی بای ئەزەل
بێ چەمک و شوناس و
ئامانج و ئایندە
پڕاوپڕ
لە جیوەی فیردەوسی و
لێوانلێو
لە لیریک



(٤)

منم فۆنیمی مۆرفیمە
ئاوازدارەکانی گیانت
ئەی تەلیسماویترین
لەتە مۆسیقای ڕەشی
یەزدانی

(٥)

شەوان
ئاسمان چەنێ جوانە
شەوان
ڕوخساری خوداییت
چەنێ جوانە

(٦)

عەتری لەش و
لەرەی مۆسیقای فۆنیم و
ئیکسیری شەپۆلانی
خەیاڵی گیان و
نەخشی ئاڵۆسکاوی
ڕوخسارت
لە ساغەرێکی شین شیندا
دەخۆمەوە
ئەی ئاوازەترین
خەڵاتی پیرۆزی خوا

(٧)

چێشتەنگاوێ لە
بازنەی پاژنەی خڕی ڕامام
لەپکە برۆنزییەکانی
سۆز و سێکس
مانەندی
تۆپە نەفرەتییەکانی
بلیارد
بەر یەک کەوتن

(٨)

خۆرکەوتنێ
بەچرپە چرپە پێی گوتم
ژیان گەمەی
زەنگیانە ڕەنگاوڕەنگەکانی
ناو کۆشمە

(٩)

لەدووڕرا
سنەوبەرێکی شەکەری دەشنێ و
ئارەزووە ئیرۆتیکییەکانی شیعر
تێکەڵ
بەخەم و شادی و هێمنییەکی
پەتی دەکا

(١٠)

بەتێڕامانێکی ڕەها
لە نقێمی ئاڵی
گەردانەی زیوینی و
هێشووی شەرابی شینی لەشی
سەراپای
پانتاییەکانی گیان
دەخرۆشێ

(١١)

عەتری ستیانی ڕەشت
ئاگر لە هەستی
خۆڕسکییەتی شیعر
بەردەدا
بۆنی پێستی برۆنزیت
لە
دڵ و زەین و گیان

(١٢)

جوانی چەپکێ گزنگی
نێچیر کراوە
لە ڕووبەری ئاڵۆزی لەوحی
ڕوخسارێکی سپێدەییدا

(١٣)

بەرلەوەی
ڕوخساری خوداییت ببینم
بەربەریترین دڕندەیەک بووم
لە تویکڵەکانی سێو و هەرمێ
کاڵفامترین هار و هاجێک
لەتیغەکانی شمشێر

(١٤)

جوانی
کلۆ بەفرێکی دەگمەن و دانستەی
تازەباریوی
ئاسمانی زەردی ئەڤینە و
بە نەشئەی پرشنگی شەرابە
شینەکانی جەستە
کوخجی دڵ وێران دەکا

٢٠٠٨/٤/٣٠

# ژنێکی شەرابی پیاوێکی خۆڵەمێشی

دڵشادی عومەر کاکی
(ئەڵمانیا)

شەمەندەفەرێک بەڕێوەیە
ژنێکی شەرابی موسافیریەتی
شەمەندەفەرێک واگۆنەکانی ئاخنیوە لە
جانتای سەفەر..
شەمەندەفەرێک.. پیاوی غەریب و نامۆ
لە وێستگەکان هەڵدەگرێ و ژنی غەمگین
پیادە دەکا.. واگۆنەکانی پڕن لە کوڕ و کچی
سەرو دڵ کەوتوو..
پڕن لە پیاوی نەخۆش.. ژنی تەنیا
پڕن لە نووسینەوەی ماڵئاوایی
شەمەندەفەرێک پیرەمێردی کەنەفت و نەخۆش
فڕێ دەداتە بن چەتری وێستگەکان و
دەرگا ئاسنینەکانیان دادەخرێ و لەنێو
تونێلە تاریکەکاندا ون دەبن.
کیژۆڵەیەک تەڕ و ڕووتەڵە.. وەک (با).. کوڕێک لە باران
سوار دەکا.. شەمەندەفەرێک
وێستگەکان پڕ دەکا لە ناڵەی جێهێشتن.
لە سەرسامی سەفەر
لە دەشتە سەوزەکانی خۆزگەوە دێنەوە
تا دەگەنە بەر ئاوەدانی، شارە غەمگینەکان
لە تەمتومان و تەمومژی دارستانەکانەوە دێنەوە
باڵی خۆشەویستییان گرتووەتەوەو
دێنەوە تا بەردەم وێستگەکانی ئاشتبوونەوە،
لە تونێلە تاریکەکانی مەینەتییەوە دێنەوە
بۆنی ساردی لاشەو هاڵاوی جەستەیان لێ دێ
وا گۆنەکانیان.. بۆنی قژ و بۆنی ماچ و عەتری لێ دێ
بۆنی دەرمان و شەرابیان لێ دێ
دڵە بێ ئۆقرەکان هەڵدەگرن
پیاوێکی خۆڵەمێشی چاوەڕوانە
پەنجەکانی بەچڵە سەوزەکانی چەپکێ



گوڵی ئاڵەوە گرتووە
لە گەڵاکانی دەپارێتەوە هەڵنەوەرێن
چاوەڕوانەو بێ ئۆقرەیی، یەک لە دوای یەک
جگەرەی پێ دادەگیرسێنێ
چاوەڕوانی ژنێکە شەرابی.. بە جانتایەکی شینەوە
لە چرکەکان دەپارێتەوە تێپەڕن
گوێی بۆ زریکەی ئاسنەکان هەڵخستووە
پیاوێکی خۆڵەمێشی
بۆ گەرمبوونەوەی ژوورە ساردەکانی هەناسەی
بەدیار ژنێکی نەدیدەوە.. ژنێکی شەرابی
گوێی بۆ سۆناتای هێڵە ئاسنینەکان هەڵخستووە
ژنێکی شەرابی.. دادەبەزێ و
ژنێک بە جانتایەکی شینەوە
جانتایەک ئاوس بە جلوبەرگی زستانە
پڕ لە پاڵتۆی بۆنخۆش.. لە ملپێچی ئەرخەوانی
جانتایەک پڕ لە پێڵاوی سوور
قوتووە ڕەنگاوڕەنگەکانی.. پڕ لە زنجیری زیو
موستیلەی بێ نقێم، بازنی یادگاری
ئەڵقەی گەورەتر لە پەنجەکانی
جانتایەک.. پڕ لە عەتر و دوو سێ کتێب
کیژۆڵەیەک تەڕ و ڕووتەڵە.. بە جانتایەکی قورسەوە
بە تەنیشت پیاوێکی خۆڵەمێشییەوە چاوەڕوانە
کوڕێ لە (باران) پیادە دەبێ و کچێ لە (با)
سەردەکەوێ و دەڕوا
پیاوێک.. پیاوێکی خۆڵەمێشی تەماشا دەکا
ژنێکی شەرابی دێت و پیادە دەبێ
ژنێک.. پڕ لە غروور
وێستگەی چاوەڕوانی بۆ پیاوێک ئاوەدان دەکاتەوە
ژنێک لە بێ ئۆقرەیی پیاوێکدا بۆنی سێوی لێ دێ و
تامی هەنار و شەمەندەفەرێک نایەت
دێت و کەس دانابەزێ
وێستگەکان پڕ دەبن لە ناڵەی جێهێشتن
لە نرکەی چاوەڕوانی هاتن
شەمەندەفەرەکان.. ماڵی موسافیرەکانی ڕێگای
سەفەرن
دێنە نێو شەقام و شارەکانی غوربەتەوە
شەقامەکانی تەنیایی جێ دەهێڵن
دێنە شارێک پڕ لە مەیخانەو پڕ لە باخچەو
پڕ لە کەنیسەو کۆڵانی غەمگین
پیاوێکی خۆڵەمێشی وەستاوەو
وێستگەیەک چۆڵتر لە مردن
ئاوەدان لە تەنیایی.. پیاوێک.. لە کەروێشکەی
خەیاڵەکانیدا، ژنێکی شەرابی.. بەنێو
ژوورەکانیدا دەگەڕێنێ
تابلۆی دیوارەکانی بۆ دەخوێنێتەوە
گوڵدانی سەرمێزەکانی بۆ باس دەکا
چەپکێ گوڵی سووری بەدەستەوەیە
پیاوێکی خۆڵەمێشی
لە پێشوازی ژنێکی شەرابیدا
پیاوێکی خۆڵەمێشی
لە چاوەڕوانیدایە و
وێستگەیەک چۆڵتر لە مردن
شەمەندەفەرێک بێ ئۆقرەتر لە ژیان
بێرەدا دێ و
ژنێکی شەرابی و
پیاوێکی خۆڵەمێشی
یەکتر نەدیدە.. بۆ یەکەم جار
پێک دەناسێنێ
باوەش بەیەکدا دەکەن و تێر.. تێر
دەگرین
دوای چارەکە سەدەیەک.. ژن و مێردێک
یەکتری دەناسنەوە.. بەشەقامەکاندا تێدەپەڕن
بە کۆڵانەکاندا هەنگاو دەنێن و دەڕۆن
لەژێر چەترێکی هەناریدا.. پێکەوە
دەچنە ماڵەوە
شەمەندەفەرێکم بینی.. دیسانەوە......،،...، ....، ....،
دێت و کوڕێک پیادە دەکا.. وەک (باران)
کچێک سوار دەکا.. وەک (با).. و
دەڕوا.

# ئاوبوونەوەی ئاو

**ڕابەر فاریق**



(۱)

کە سەرتاپام غەریبی بێ و
نوقم بووبم لە خۆم و لە عەبەسیەت و
لە خەمێکی بێ پەڕ و باڵت نەنۆڕم؛
کە بێزاریم گرتبێتە خۆ و
پێڵاوەکانم غوبار بن
کە شەمەکم بەداوی بێ دەنگی بدرووم
بۆ سیگارێک ناکێشیت و
تارماییم کاڵ ناکەیتەوە.

(۲)

من خەیاڵم لە ئاو خواست
پەڕ و باڵیش لە کازیوە
هەناسەیشم بەخشی بە «با»
ڕووناکیش بە چاو و بەخوا

(۳)

پاش سڵاو کردن لە هاژە و
دەنگی تەپەی پێی بارانە و
تەوقە کردن لەگەڵ سپێدە و
ماچ کردنی ڕوومەتەکانی شنەبا و
دانیشتن بەدیار سەمای (ئاو)
پاش ڕامان لە ئەسری بەفر و
ئاوڕدانەوە لە هەتاو
تێگەیشتم: من هەرگیز لە خۆم تێناگەم

(٤)

کاتێک کەوا وشە پەلامارم دەدا و
لە ڕووباری هەناسەتدا
قارچکەکانی پیاوەتیم سەوز دەبن

پڕاوپڕ دەبم لە تریفە و
لە ڕۆشنایی و شوعلەی باخچە
کچێنیت دێ و لە کەمەری لوولم دەدا
لەو کاتەدا دەزانم کە: جەمم دێ لە پیاوەتی و
لە شیعر و لە بۆن و لە تۆ

(٥)

لە درەختی زمانتدا
لقێک سەوزە وەک پەنجەی ئاو
کێشکەیەکی خەیاڵ شێدار
لەسەر هێلکەی ئازاری «بار» هەڵنیشتووە
بە دەنووکی دێ ئەم وشانەم هەڵدەگرێ
دەیانبات بۆ هێلانەکەی
لە ناکاویش.. لە هێلکەیەکی بچووکدا
پیتێکی مێی ڕەنگ خۆڵی باڵا کەڵەگەت
دێتە بوون و هەڵدەفڕێ
لەسەر چڵی ئەم شیعرە نیوەچڵەمدا هەڵدەنیشێ
شیعر دەکەوێتە سەما و
بە داڵغەی تەیرولئەبابیل.. جۆلانەیەک دەئەفرێنێ
وەختێ داڵغە پەلی دەگرێ و دێت بۆ ئاسمان
دەبینێ وا پیاوێک باڵی لێ ڕوواوە
باڵی هەوا و
باڵی گریان؛
ئیتر کێشکە لە ناکاوێک
سەر دەکشێ بە سنگی ئالۆزی ماتی و
تا هەتایەیش.. بارانی تەڕی قژکاڵی
لەسەر زمانی کوردیدا دەبارێنێ

(٦)

بهێڵە با ئاو ببمەوە
بهێڵە با لە ڕەنگی وەنەوشەییتدا.. چاوم لە سەوزیی دابگرم
بهێڵە با لە هێمنایی ترپەی دڵت.. کووپێک هەناسە بخۆمەوە
بهێڵە با لێوم ڕەنگی کوڵم بگرێت.. لە کاتی ماچ وەرگرتندا
بهێڵە با هێندەی عەشق.. ناز بەسەر جوانیتەوە بکەم
بهێڵە با لە تنۆکێک شەرابی ترێ.. ئاوەزەکەم بشارمەوە
ئاشتم کەرەوە لەگەڵ پێکەنینی تریفە
ئاشتم کەرەوە لەگەڵ ئەفسوونی نیلۆفەر
با بینایيم لەباتی مۆم دانەگیرسێت.

(٧)

ڕووت دەبمەوە لەبەردەم شەهوەتی گەڵا
ڕووت وەک تەمی پێش چاوەکانی تەماشا
ڕووت وەک ترپەی دڵی کات و
ڕووت وەک شوعلە و بۆنی هەوا
تۆش ئەی نەسیم
بە برینی جۆگە تەڕەکانی باران
ئازاری نۆستالیژیای ئاو
لە بیری باخچە دەربێنە
نەکا شمەکی لۆکە بدرووم بۆ گۆرانییە مەستەکانم
نەکا هێندە ڕووت ببمەوە
ئیتر جەستەم لەسەر ڕەفەی نیگەرانی و
لە ژێر تۆزی قاتێک لە زەریا جێ بهێڵم؛
تۆش وا بزانیت ژوورەکەم هێشتا خەمبارە


(٨)

نەدەبوایە، بە غەزەلێک لە باران.. پرچی وشە دابهێنم
نەدەبوایە، عەتر بدەم لە کوڵمی سەوزی ڕێحان و
تینوویەتی دڵۆپێک ئاو..
بە جامێک لە شەرابی هەوا بشکێنم
نەدەبووایە، تا وشکبوونی خاوکەرێ *
لە لێواری سێبەرتدا بوەستم و
بە سیگارێک، فەزای پیاسە کاڵکەمەوە
نەدەبووایە.. وەها بکەم

*** خاوکەر: جۆرە گوتنێکی ڕەسەنی کوردی ناوچەی گەرمیانە.**

# ئەڤینداریێ ستێرکا رۆهلات

دۆست چیایی
(مێردین)



ژ ئەڤینداریێ ب دوور
کەمینەکە خەنزیر ڕاپێچایە چارمەدۆرا من
خشتینا پەژالووکەکی ئان
حەرکاندنا فرشکەکی بێحەمد
ژ بن پێلاڤێن من
وەکە ئاڤەکە سار دادکەڤە چۆنگان
ژ بەر راهنێن من...
❊ ❊ ❊
چاڤ خلماشی، زنار رووسار
بێروح و بێرەحم،
و زک مەشکەکە گوڤاشتی
خوە ب خوە دمژە خوینا من...
❊ ❊ ❊
کەڤژالێن خەسیس
مارێن کۆرە و
ژ گورێن مانجۆ خەمێ ناخوم،
کەتنەکە بێوەخت ئان
گرتنەکە بێبەختە ترسا من...
❊ ❊ ❊
ل پەرێ بەحرا وانێ بایێ سبەهێ
ل پشتا ئاگری گلۆکێن بەرفێ
ژ خوە رە دکم هەڤال هەر شەڤێ
د ئاڤزیڤێ دە تێ شوشتن تەنبەریا من
ئەڤینداریێ ستێرکا رۆهلاتم
خەو ناکەڤە چاڤێ من...

**ئەڤ هەلبەستە ژ کۆمەلە هەلبەستێن وی (قەتران) رووپەلێن (٤٥- ٤٧) هاتیە وەرگرتن کو ل سالا (٢٠٠٥)ێ ل چاپخانەیا بارش ل ستەنبۆلێ هاتیە چاپکرن و ژ وەشانێن ئاڤەستا- شعر/ ٣١ بوویە. هەژییە بێژین کو دۆست چیایی ل سالا (١٩٧٢)ێ ل گوندێ قەلەندەرا- مێردینێ ژ دایکبوویە و ل سالا (١٩٩٥) بوویە مامۆستایێ سەرەتایی و هەتا سالا (٢٠٠٣)ێ ل ڕێیا ڤیستەڤالا دێرسمێ ب روودانەکا دلتەزین گیانێ خوە ژ دەستدایە.**

**پێشەکیا ئەڤێ پەرتووکێ وەکو هەلسەنگاندنەکا رەخنەیی نڤیسکارێ دەستهەل رەمەزان ئالان نڤسییە.**

**(ڕامان)**

## شیعری سوریالیستی

# ڕۆبێر دێسنۆس

**لە فەڕەنسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی زمان)**



### ڤالاییەکانی بۆرژان

لەشەودا، هەردەم هەر حەوت سەیروسەمەرەکانی دنیاو
هەستی ناوێزەی مەزن و تراژیدیا و شۆخ و شەنگی هەیە.
دارستانەکان بە قوولّی تێکەڵی بوونەوەرە
ئەفسانەییەکان دەبنەوە کە لەبن پووش و پەڵاشی زۆر
شاردراونەتەوە.
لەشەو تۆی هەی.
لەشەودا پێ هەیە پیاسە دەکا، پێی بکوژ، پێی بەرپرسی
شار، ڕووناکی چراکان و هینی لایتی کەنناس.
لەشەودا تۆ هەی.
لەشەودا ڤیتار و پاپۆڕ و سەرابی ئەو وڵاتانەی ئێستا لە
ڕۆژدان، هەن.
لەشەودا دوا هەناسەی کازێوە و یەکەم موچڕکەی گزنگ
هەیە.
لەشەودا تۆ هەی
زایەڵەی پیانۆ، تریقەی دەنگێک.
تەقەی دەرگایەک، دەنگی پەندۆلی سەعات، هەر تەنیا
بوونەوەرەکان و شتەکان و دەنگ و هەرای کەرستەکان نا،
بەڵکو هێشتا منیش هەم و بەدوای خۆم دەکەوم و بێ
وەستان لەخۆم
تێدەپەڕم.
لەشەودا تۆی قوربانی هەیە، تۆ کە چاوەڕێ دەکەی.
هەندێ جار ڕوخساری سەیر لە ساتی بۆرژان لەدایک
دەبێ و بزر دەبێ.
کە چاوەکانم دادەخەم، چرۆی بریقەدار دەردەکەون و
دەپووکێنەوە، جارێکی تر وەک ئاگر بارانێکی خەست
لەدایک دەبنەوە.
چەندان وڵاتی نەناسراو وێڕای بوونەوەرەکان گەڕام
تۆ هەی بێ گومان، جاسووسی جوان و نهێنی.
گیانیش دەست لە ڤالایی دەدا،
دەست لە بۆنی ئاسمان و ئەستێرەکانیش دەدا،
دەست لە قووقەی کەڵەشێری پێش دوو هەزار و قیژەی
تاوسی ناو باخچەی گڕگرتوو بە ئارەزوو، دەدا.
تۆقەکردنی شووم لە ناو ڕۆشناییەکی ڕەنگ زەرد و
شەفتی ئۆتۆمۆبێل.

بێ گومان لەشەودا تۆ هەی کە ناتناسم، بەپێچەوانەوە دەتناسم.
بەڵام ئەو کەسەی، کە لەناو خەونەکانمدا هەیە، لێناگەڕێ تێیدا دەرکەوێ بێ ئەوەی خۆی دەرکەوێ.
تۆ کە لەناو واقیع و لەناو خەون ناگیرێی
تۆ کە هی منی سەرەڕای ویستی من لەشێوەی تارمایی بتگرم، بەڵام کە ڕوخساری خۆت لەهی من نزیک دەکەیەوە کە چاوەکانم داخراون لەناو خەون و لە واقیعیشدا.
تۆ، سەرەڕای ڕەوانبێژییەکی ئاسان کە تێیدا شەپۆل لەسەر لێوار دەمرێ،
کە تێیدا باڵندەی قاژ دزی لە کارگەیەکی کاول دەکا،
کە تێیدا دارستان لەبن هەتاوی کانزایی بۆگەن دەکاو دەمرێ،
تۆ کە زەمینەی خەونەکانمی، گیانی پڕ لە مێتامۆرفۆزم دەشەقێنی و پەنجەوانەکانی خۆتم بۆ بەجێ دەهێڵی کە دەستەکانت ماچ دەکەم.
لەشەودا، ئەستێرە هەیە و جووڵەی تاریکی دەریاش، رووبار هەیە، دارستان هەیە، شار هەیە، گیا هەیە، سییەکانی ملیۆنان ملیۆن کەس هەیە.
لەشەودا، سەیر و سەمەرەکانی دنیا هەن.
لەشەودا، فریشتەی پاسەوان نییە، بەڵام بۆرژان هەیە،
لەشەودا تۆ هەی،
لە ڕۆژیش.

**مێروو**

مێرووییەکی هەژدە مەتر درێژ
شەپقەیەک لەسەر
ئەمە خەیاڵە، ئەمە خەیاڵە.

مێرووییەک تانکێک ڕادەکێشێ
تانکەکە پڕە لە پانگوین و بلبل
ئەمە خەیاڵە، ئەمە خەیاڵە.

مێرووییەک فڕانسی قسە دەکا
لاتینی و ژاڤۆنیش دەزانێ.
ئەمە خەیاڵە، ئەمە خەیاڵە.
ئاه! بۆ نا؟

**باڵندەی کۆلۆرادۆ**

باڵندەی کۆلۆرادۆ
باڵندەی کۆلۆرادۆ
هەنگوین و کێک دەخوا
شۆکۆلاتە و لالەنگی
بەداملی و مینۆ
کێکی پڕ لە تووترک
ئایس کرێمی پڕ لەکارامێل
باڵندەی کۆلۆرادۆ
شەمپانیا و شەربەت دەخواتەوە
شەربەتی فرێز و شیری نەعامە
شەربەتی ئەناناسی سارد
خوێنی خۆخ و چەوەندەر
وێسکی پڕ لە پوونگ و قاوە دەخواتەوە.
باڵندەی کۆلۆرادۆ
لەسەر تەختێکی پان و بەرین دەخەوێ
دوایی دەفڕێ بۆ ناو هەورەکان
بۆ سەیر کردنی وێنەکان
بۆ کەمێ یاریکردن
لەگەڵ باران و ڕۆژانی خۆش.

**ئەو پشیلەی بەهیچ نەدەچوو**

ئەو پشیلەی بەهیچ نەدەچوو
ئیمرۆ زۆر باشە

ئیمرۆ دەچێتە لای پزیشک
پشکنینی دڵی بۆ بکا

دڵت زۆر باش نییە
بەهیچ ناچێ

لەپاریسەوە بۆ کرێتای
نموونەی نییە

دەچێتە لای دەزگیرانەکەی
سەیری دەکا

مێشکت زۆر باش نییە
بەهیچ ناچێ

لەسەر گۆی زەوی
پێچەوانەی نییە

دەبینین بۆچی ئەم پشیلەیە بە هیچ ناچێ
ئیمرۆ خەمبارە و زۆر باش نییە.

**بایە قووش**

کاپتن جۆناتان
کە تەمەنی هەژدە ساڵە
ڕۆژێک، لەوپەڕی ڕۆژهەڵات
بایەقووشێک دەگرێ.

بایەقووشی جۆناتان
بەیانییەک هێلکەیەکی زۆر سپی دەکا
بایەقووشێکی لێ دەردەچێ
کە زۆر بەدایکی دەچێ.

ئەم بایەقووشەش
هێلکەیەکی زۆر سپی دەکا
بایەقووشێکی تری لێ دەردەچێ
ئەویش بە هەمان شێوە.

ئەمە دەشێ بۆ ماوەیەکی درێژ دووبارەبێتەوە
ئەگەر پێش تروو‌کان یەکێک هێلکە و رووتێک نەکا.

**لە رۆژی مەرمەرییەوە بۆ رۆژی ئاسن**

رۆژێکی مەرمەڕی گەورە و سپی لە گۆڕەپانە چۆلەکە بە تەنیا بوو کە تێیدا سێبەر بێ پایان درێژ دەبووەوە، رۆژی مەرمەڕی بە تەنیا بوو لە ژێر خۆر و ئەستێرەکانیش شاژنی تەنیایی بوون. بێ بۆنیش رۆژی مەرمەڕی بە قەدە رێکەکەی لەسەر بنچینەکەی لەبەردی گرانیت لەگەڵ هەموو شەپۆلەکانی ئاسمان دەهاتە خوارەوە. مانگ وێڕای رامان خۆی و دڵە شەختە بەندەکەی دەوەستاو سەیری دەکرد و خواوەندەکانی باخچە و خواوەندەکانی مەرمەڕ دەهاتنە بن پەلکەکانی، مەمکەکانی خۆیان تاقی دەکردەوە.

رۆژی شووشە وێڕای زایەڵەی لێوارەکان دەنگی دەدایەوە. هەنسکی شەپۆلێکی شکاو نەبوو نەیلەرێنێتەوە. لە دەوری قەدە ناسکەکەی و دڵە رووناکەکەی پەلکەزێڕینە و ئەستێرەکان دەسووڕانەوە. باران لەشێوەی دڵۆپە ئاوی ناسک لەسەر گەڵاکانی دەخزی و هەندێ جاریش با وای لێ دەکرد زەندەقی بچێ بەرانبەر بە بینینی جۆگە و شووشەی بریقەدار.

رۆژی خەڵووز فێنیکسێکی رەش بوو و لەخۆڵەمێشەوە دەگۆڕا بۆ رۆژی ئاگرین، بەڵام بێ وەستان لە داڵانە رەشەکانی کانەکان دەردەچوو کە تێیدا کارگەرانی کانەکان بەرێزەوە کۆیان دەکردنەوە بۆ هێنانەوەی بۆ ناو رۆژ بۆ حاڵەتی بەردی رەنگ خۆڵەمێشی سەرەتایی. رۆژی خەڵووز پاسەوانی دەروازەی بیابان بوو.

رۆژی کاغەز هەندێ جار خوێنی لێ دەهات و ئێوارە دەهات کرنووشی بۆ دەبرد. رۆژی کاغەز کە پاسەوانی هەموو نهێنی و راوێژێکی خراپ بوو، خوێنێکی لێ دەهات، ئەستوورتر لە کەفی دەریا و هی خۆیشی نەبوو.

رۆژی هەور لەسەر شارە شووشەکان لەکاتی تەقینی ئاگرپژێنەکان دەردەکەوت، لەکاتی سووتانە گەورەکان دەردەکەوت، لەکاتی خۆپیشاندان و راپەڕینی گەورە لە ئاسمانی پاریس کاتێ کە کۆمۆنە هەناوی رەنگاوڕەنگی پترۆلی تێکەڵ بە بۆنی باروت کرد. لە ٢١ی شوبات جوان بوو لەمانگی ئۆکتۆبەریش جوان بوو لەناو بای ساردی دەشتەکانی ساڵی ١٩٠٥ لەکاتی سەرهەڵدانی پەرجوو، لەکاتی هاتنی خۆشەویستی.

رۆژی دار سەرۆکایەتی داری لە سێدارەدانی دەکرد. لە سەرەوەی گیۆتین دەبووژایەوە، پاشان لەناو کەف دەخەوت لە سێبەری کوارگێکی مەزن.

رۆژی ئاسن بەدرێژایی چەندان سەدە لەلایەن ئاسنگەرە برووسکەکان لێی درابوو. هەر گەڵایەکی بەقەد ئاسمانی نەناسراو و بێ پایان گەورە بوو. لەگەڵ یەکەم بەرکەوتن گمواڵە و تریشقەی دەگەڕاندەوە، بەڵام ئارام و دڵگیر بوو بۆ خۆشەویستە بێ ئومێدەکانی رۆژی ئاسن رۆژی مەرمەڕ رۆژی شووشە رۆژی خەڵووز رۆژی کاغەز رۆژی هەورەکان رۆژی دار رۆژی ئاسن هەردەم چرۆی دەگرتەوە، بەڵام ئەمڕۆ گەڵاکانی وەریون و کەوتوونەتە سەر مافوورەکە.

تۆ کێی؟ تۆ کە لەژێر پێیە رووتەکانت گەڵا کەوتوو و هەڵاتووەکانی رۆژی مەرمەڕ رۆژی شووشە رۆژی خەڵووز رۆژی کاغەز رۆژی هەورەکان رۆژی دار رۆژی ئاسن پان دەکەیتەوە؟

**رۆبێر دێسنۆس- Robert DESNOS**

شاعیرێکی ناسراوی فەڕەنسییە لە ١٩٠٠/٧/١٤ لەدایک بووە، لە ١٩٤٥/٦/٨ مردووە. دێسنۆس لەگەڵ هاورێ سوریالیستەکانی، بەتایبەتی ئەندرێ برۆتۆن، رۆڵێکی زۆر گرینگی گێڕاوە. لە نووسینی ئۆتۆماتیکی سوریالیستی رۆڵێک و شێوازێکی دیاری هەبووە. بەشداری چالاکی زۆری کردووە دژی نازیزم، لە شوباتی ١٩٤٤ دەگیرێ و دەیبەن بۆ کامپەکانی دەست بەسەرگیراوە جوولەکەکانی ئەڵمانیا. دوا شیعری بۆ ژنەکەی دەنووسێ و تێیدا پێشبینی دەکا کە دەمرێ، هەر لەوکاتەشدا دەمرێ، هەڵبەت پێش گەیشتنی سوپای یەکێتی سۆڤیەت. لە شیعرەکەدا دەڵێ: (تەنیا ئەوەم ماوە ببمە سێبەرێک لە ناو سێبەرەکان..)

# تراویلکە

سدیق ڕەسووڵی
(بۆکان)

١- بە دەنگی هەناسەیەکی ناسک، بە ئاخێکی بەنازەوە، لە حەساریّ ڕەق ڕاوەستام گوێم هەڵخست.

٢- بە ئەسپایی لەپەنا پەنجەرەکەوە خزامە هاڵە چکۆلەکە و لەوێش ڕا پەنا کونی کلیلی دەرگاکەوە.

لاقی بەخڕخاڵەوە. پەنجەی لاقی کەوتۆتە سەر گوڵە وردەکانی قەراخی فەرشەکە. خۆرەتاو بستێکی ماوە بگاتە تەنیشت ئەو پەنجە ناسکانە.

٣- چەپکێک گوڵی نایلۆنی نارنجی، لەپشت سەریەوە، لەسەر تاقە نەویەکە، پەنا قورئان و وێنە چکۆلەکەی وڵاتی منداڵیم.

دەستی ڕاستی ڕووت ڕاداشتوە بۆ لای پەنجەرەکەی ڕوو بە باغچە چکۆلەکەی دەکرێتەوە.

٤- مەترسە... نا مەترسە... مارۆ

- لەکێ دەترسی


- چاولێکە ئێرە چەندە چۆڵ و بێ دەنگە...

- کێمان لێ دیارە

باوکم قاقا پێدەکەنێ و هەڵدەستێ، هەتا لای دەرگاکە دێ تف لە گەروومدا ویشک دەبێ. دەگەڕێتەوە. هەناسەیەک هەڵدەکێشم و ئەو لە پەنای مارۆ دادەنیشێ و مارۆ سەری هەڵدێنێ. چاوم بەدەموچاوی دەکەوێ. پێم وانییە قەتم دیتبێ. بڵێن نێوی مارۆ بێت، یان باوکم وای پێ بڵێ.

٥- لە پڕ شتێکی سەیر ڕوو دەدا. باوکم لە پشت پشتییە دەسکردەکانی دایکم دەمانچەیەک دەردێنێ و دەستێکی پێ دادێنێ دەڵێ هەتا ئەوەم هەیە... تۆ مەترسە.

٦- لەپڕ دەستی مارۆ لە جانتا شانییەکەی شووشەیەکی چکۆلە دەردێنێ... لە پڕ بۆنی عەتری گوڵێکی کێوی ماڵێ دادەگرێ. باوکم عەترەکەی لێ



وەردەگرێ. لە دەستی دەکەوێتە خوارێ حەمەن باوکم بە ئانقەست وای کرد. حەمەن.
٧- لەپڕ باوکم پێی گوتی: ئەو هەموو ساڵە...
مارۆ دەنگی مات دەبێ. دەست دەبا کە دەستی دێتەوە بۆ لای کونی دەرگا. هەرمێیەک بەدەستەوە دەیدا بە باوکم. باوکم گازی لێ دەگرێ و ددانە زێڕەکەی بریقە دەداتەوە. ئەنگوستیلە نقێم دارەکەی مارۆش دەدرەوشێتەوە.
لە پڕ مارۆ دەڵێ: نەکا.. ئەو ماڵە چۆڵ نەبێ
باوکم دەستی برد و دەمانچەکەی لەزامن دەرکرد
مارۆ گوتی: لەوێنا باوکم دەستی کێشاو لە پشتی قاپی وێنەکەی منی دانا.
٨- باوکم لاقی بەسەر گوڵ و ماسی و تورنجی سەر فەرشەکەدا هەڵێناوە. لاقی داهێناوە بڵاوبووەوە.
مارۆ گوتی: هەرمێکان؟
کە جوان ڕوانیم سێ چوار هەرمێ لەبەر باریکای تیشکی خۆر.
باوکم دەنگی هەڵێنا: هەی هەرمێی بێ شەرەف.
هەی هەرمێی هەرچی و پەرچی
باوکم هەر بەحاڵ تووڕە بێت، جنێوی بەسەر زاردا دێ ئێوە بە گەورەیی خۆتان گوێ بە جنێو و قسە ناخۆشەکانی باوکم مەدەن. هەر وا بزانن نەشتان بیستووە. باوەڕکەن باوکم ئاگای لەخۆی نییە. دەڵێ ساڵەهایە چاوەڕێی ئەوکات و ساتەیە.
ئەگەر بزانێ من لەپشت دەرگا و کونی کلیلەوەم.
٩- ئەوجا مارۆ لاقی ڕووتی هەڵدێنێ. لەشەرمی ئەو دیتنە چاوم لابرد، بەڵام گوێم بیستی شتێک بڵاوبووەوە.
دەنگی بە پێکەنینی باوکم: ئاخ مـــــارۆ... پرتەقاڵەکان، پرتەقاڵە خڕ. گەیشتووەکان... هانێ... کە چاو دەبەمەوە لە پەنا هەرمێکان دوو دەنک پرتەقاڵ خۆرەتاو لێی داون.
١٠- باوکم دەست دەداتە هەرمێیەک. دەیداتە دەستی مارۆ... مارۆ پاڵ بە پشتییە دەست سازەکانی دایکمەوە دەدا و پێدەکەنێ. بەدەم و چاو لەلاو ناچێ... دەڵێ تەمێک خەریکە وەسەر تەمەنی لاوی مارۆ دەکێشێ.
مارۆ گازێک لە هەرمێکە دەگرێ. هەتا سەر شان و ملی دێ لە پڕ جووت پێ هەڵدەستێ. بە هەردوو دەست چاوم دەگرم و لە کونی دەرگا دوور دەبمەوە یەکجار پیس ڕووتم دی.

١١- کشامەوە دواوە. حەسارێ، دەرگای حەسارێ. کۆڵان.
دەرگای پێوەدا. سەرم هەڵێنا، ماشینێکی پۆلیس لەبەردەمم ڕایگرت، دوو پۆلیس لەنێو ماشینەکەدا، یەکیان سەری دەرهێنا و گوتی: ئێرە کۆڵانی ساڵمە چاوێکم لێ کردن و گوتم: نا.. دوو کۆڵانتان تێ پەڕاندووە. پۆلیسەکان چاوێکیان لەیەکتر کرد و گەڕانەوە.
١٢- گەڕامەوە ژوورێ. بۆنی گۆرەویەکانی باوکم هاڵەکەی گرتووە. بە ماتە مات خۆم کێشا پەنا کونی دەرگاکە هەر لەوێن گۆرەویەکانی لەبەردەمی من داندراون لە چوونە دەرێی مندا لێرەی داناون.
درزێکم دا بە دەرگا. وا گەرمی یەکتر بوون: نە هەستیان بە درزی دەرگا کرد و نە هەستیان بە من کرد.
پرتەقاڵ و هەرمێ بڵاوبوونەوە.
ڕەنگی زەرد و ڕەنگی نارنجی لەبەرخۆرەتاوی کات دەی بەیانی هەینی چۆن تێکەڵ بوون.
١٣- باوکم زۆر شک دەکـــــا. شک لەمن لە برا چکۆلەکەم. لەدایکم لە دەرگا. لە پەنجەرە. لە دیوار.
شەوانە پێی وایە کەسێک وەک دز بە سەربانداا دێتە ژوورێ، یان وەک بەرەڵایەک بەسەر دەرکەدا.
ئەوەندە هەڵدەستێ و چاو لە دیوار و دەرگا دەکا ڕقی دایکم هەڵدەستێنێ.
بەڵام نازانم بۆ ئەمان شک لەو پشت دەرگایە ناکا.
دەبێ مارۆ وای گیرۆدە کردبێ.
١٤- دەنگی دەرگای دەرێ گیانمی لەرزاند. بە پەلە درزی دەرگام جێ هێشت. لەچاو ترووکانێکدا گەیمە دەرگای دەرێ و پشت دەرگا و کۆڵان. پۆلیس! سپی هەڵگەرام هەر ئەوانەی پێشدا گوتی: ماڵی ئەحمەد بارانییە بە پسکە پسک وەڵامم داوە: بەڵێ... ئێرەیە کاغەزێکی دا دەستم و گوتی: دەبێ شەموو لەدادگا بێت.
وەرم گرت و ئەوان ڕۆیشتن
چاوم لێ کرد. شکایەتیان لێ کردووە. هەنگاوم هەڵێنا بێمە ژوورێ. باوکم کاغەزەکەی لە دەست ستاندم.
چاوێکی لێ کرد. گوتم: بابە... ئەبوو سەعید کێیە؟ بۆ شکایەتی لێ کردووی؟
پێکەنی و گوتی: لەسەر چەند میتر زەوی کێشەمانە.
١٥- هەستم کرد لەپشت دیوەکەی من جگەرە دەکێشێ لەکونی دەرگاکەوە دووکەڵی خۆڵەمێشی جگەرە دەهاتە

ژووریّ.
باوکم جاریّک، یان دوو جار کۆخی، پشمی.
١٦- دەنگی دەرگای دەریّ هات. ڕاست بوومەوە
دەنگی باوکم: وەرە برۆ هەڵی گرە.
دەرگـام کـردەوە. پشت دەرگـاکـەم پڕە لە دووکـەڵی خۆڵەمێشی جگەرە
١٧- دەرگام کردەوە. کابرایەکی گەڕاوەی ڕیش سپی بە گـۆچانێکی ئاسنی، هێندێک خـوارەوە گـوتی: مـاڵی ئەحمەد بارانی
وەڵامم داوە: بەڵێ
گوتی: لەماڵێیە؟
وەڵامم داوە: لەماڵێ نییە.
گۆتی: کەی دێتەوە
وەڵامم داوە: نازانم کـەی دێتـەوە... کـاریّکتـان پێیەتی؟
چاوێکی لەولات کـرد و گـۆچانەکـەی لە عـەرزی داو گوتی: ئەگەر هاتەوە، پێی بڵێ بە نیوەییش قەبووڵمە.
گوتم: پێی بڵێم کێ وای گوتووە؟
چاوی لێ زیت کردم و گوتی: خۆی دەزانێ!
چاوێکی لە حـەسـاریّ کـرد و لێی دا ڕۆیشت هەتا لەسەری کۆڵان لە چاو ون دەبێ، چاوم لەسەرهەڵ نەگرت. ویستم دەرگا پێوە دەم باوکم لەبەردەمم قوت بووەوە: کێ بوو.
گوتم: کابرایەکی گەڕاوە
گـوتی: ڕدێن سـپی... بەگـۆچانێکی ئاسنی هێندێک خوارەوە.
گوتم: خۆیەتی
گوتی: بۆ نەهاتە ژووریّ؟
گوتم: پێم گوت لە ماڵێ نییە!
باوکم تووڕە دەبێ: چۆن شتی وات گوتووە.
ئەبو سـابیـر مـامـۆسـتـای سـەردەی قـوتابخـانەم. ڕووی لەمـاڵی مـن کـردووە، تۆ گـوتووتە لەمـاڵێ نیـیم خـێـرا دەردەپەڕێتە دەریّ و دەڵێ دەچم بزانم دەیبینمەوە.
١٨- کە چوومەوە ژووریّ زۆر بە نەرمی پێم نا هاڵەکە و نەرمـتر چوومـە پشت دەرگا و نەرمـتر دەرگـام کردەوە، نەرمتر پەنجەم ناژووریّ.
وێنەکـەی مـن، گـوڵـە نایلۆنیـیـەکـە، قـورئانە چکۆلەکـە تاقـەکـە و فـەرشـەکـە و گـوڵی فـەرشـەکـە و پرتەقـاڵ و هەرمێ، پشـتـیەکان و دیوارەکـان، زەق و زیندوو چاویان لێ دەکردم، بەڵام مـارۆ؟ بۆنی دێ بۆنی عـەترەکەشی دێ.
تەنانەت شوێنی پەنجەی لەسەر دیوارە سـپـیـیـەکـە، سێ چوار تاڵـە قـژە درێـژەکـانی بەسـەر فـەرشـەکـەوە، لینگێک گۆرێی بەسەر پەنجەرەکەوە مـاتیکی لێوی بەسەر ئاسنی نەردەی پەنجەرەکەوە.
بەدەنگی بـاوکم. هەنگاو بەهەنگاو کشـامـەوە. دەرگـام پێوەدا باوکم و ئەبو سابیر هاتنە ژووریّ.
١٩- ئەبو سـابیـر پاڵی بە پشـتـیـە دەست سـازەکـانی دایکمەوەدا و گوتی: دەڵێی کەس لە ماڵێ نییە؟
بـاوکـم وەڵامی داوە: هـەمـــوویان چـوون بۆ ســـەر زەماوەند... بەڵام غەمت نەبێ نان و چێشت سازە.
لە پڕ باوکم ڕووی کردە من و بە تووڕەیی گـوتی: تۆ بۆ نەچووی؟
من وەڵامم نەداوە. ڕووم کـردە چێـشـتـخـانە و ئاگـری سەماوەرەکەم هەڵدا.
٢٠- باوکم ڕووی کـردە ئەبو سـابیـر و گـوتی: تازە لە خـەو هەسـتـام هەتا حـەمـام دەچم... ڕووی کـردە من و گوتی: چای بۆ مامۆستا بێنە. دەڵێ: کراسە شینەکەم.
ڕوو لە دیوەکەی خۆی دەکا.
چاییەکم بۆ ئەبو سابیر دانا.
گوتی: وەرە دانیشە.
گوتی: تۆ زۆر لە باوکت ناچی.
دانیـشـتـم کـیـفـە باغـەڵیـەکـەی دەرهێنا و وێنەیەکی دەرهێـنا و گـــوتی: چاولێکە وێنەی ســـەردەمی قوتابخانە... پۆلی کۆتاییە، سەرم بەسەر وێنەکە داگرت.
باوکم لەو وێنە کۆنەدا چەندە سەیرە... دەستی ناوەتە سـەر شـانی ئەبو سـابیـر و پەنجـەی ناوەتە سـەر شـانی کچێک لە شانی ڕاستی ئەبو سابیرەوە.
دەڵێ: ئەرێ ئەوە مارۆیە.
تەزوویەک گیانمی گرت.
دەڵێ: مـارۆ کـچی منە... خـوا حـافـووت کـات، زۆر منداڵ بوو سەری ناوە...
بەجـیـرەی دەرگـا سەرم هەڵێنا. باوکم تازە لە دیوەکـەی دەهاتە دەریّ. ئەبو سابیـریش خـێرا وێنەکـەی خڕ کـردەوە لەدڵی خۆمدا گوتم: یانی مارۆ لەو دیوە دایە؟ چەندە لەو وێنەیە دەچێ.
٢١- دەنگی دەرگـــای دەریّ هات. بە پەلـە هەڵاتمە دەریّ، دیسـان پۆلیـسـەکـان یەکـیـان جگەرەی دەکـێـشـا کاغـەزێکی دا دەستم. گوتی: بیدە بە باوکت. پێـیـان نا

سەر گازی ماشێن و دووربوونەوە چاوم لە کاغەزەکە کرد. کابرایەک بەنێوی ئەبو نەسیر شکایەتی کردووە. باوکم لەدەستی فڕاندم و گوتی: وەرە ژووری.

گوتم: ئەبو نەسیر کێیە؟

گوتی: لەسەر کوتێک زەوی لە دەرەوەی شار کێشەمانە.

٢٢- ئەو جار باوکم رووی لە حەمام کرد و منیش چاییم بۆ ئەبو سابیر دانا. گوتی: باوکت باشترین قوتابی من بوو هاتوچۆی ماڵیی دەکرد.

چایەکی دیکەم بۆ هێنا.

٢٣- باوکم لە حەمام دێتە دەرێ. روو لە دیوەکەی خۆی دەکاتەوە. لەدڵی خۆمدا دەڵێم: ئەگەر ئەبو سابیر لێرە نەبا لەبنەوە چاوێکم لەکونی دەرگاکە دەکرد.

لەدڵی خۆمدا دەڵێم: ئەرێ بۆ لە کونی ئەو دەرگایەوە مارۆ نیشانی ئەبو سابیر نەدەم... بزانم هەمان مارۆیە.

٢٤- ئەبو سابیر دەڵێ: ئاودەست لەکوێیە؟

منیش دەست بۆ دەرێ ڕادەدێرم.

هەڵدەستێ و دەڕواتە دەرێ.

٢٥- لە گەسکەکە دەگەڕام. رووم کردە حەساری. چاوێکم گێڕا.

لە پەنا دەرگای ئاودەستەکە لەگەڵ خاکەنازێکی سووری نایلۆنی داندراوە. بە ئەسپایی چووم و دەستم دایە. سێبەری ئەبو سابیر لەسەر شووشەی سەوز و ماتەکەی ئاودەست دیارە. تەقەی شتێک بەدەستییەوە دێ. چاو دەگێڕم لەگۆشەی ڕاستی شووشە ماتەکە کونێک دەبینمەوە.

ئەبو سابیر دەمانچەیەکی بەدەستەوە. دوو گوللەی تێدەخا و لەبەر پشتێنی دەنێ.

بە ترس و لەرز و خەونی سەیر و سەمەرە هەڵدێمەوە ژووری. باوکم لەهاڵەکە ڕاوەستاوە. دەڵێ: ئەبو سابیر کوانێ؟ چاوێکی لێ دەکەم و دەڵێم: دێت... ئەلان دێت.

٢٦- لەچێشتخانە دەبم. باوکم دەگاتە سەر مەنجەڵ دەڵێ: نەهار سازە. چاو لەکاتژمێرەکە دەکا.

ئەبو سابیر دێتە ژووری. لەسەر مەنجەڵە چێشتەکە چاوم بە باوکم دەکەوێ. دەست بۆ بەر پشتێنەکەی دەبا، باوکم بە پێکەنینەوە دەڵێ: فەرموو... فەرموو دانیشە... دەڵێی باوکم دەزانێ بەر پشتێنەکەی چی تێدایە.

٢٧- سفرەم ڕاخست باوکم سەری چێشتەکەی هەڵداوە. ئاگام لێ بوو شتێکی لە گیرفانی دەرهێنا و وەک تۆزێکی ڕەش. لە جامێکی ئیستیلی کرد و ئەوکات چێشتی تێکرد و گوتی: بۆ مامۆستای دانێ.

جامی من و باوکم چینییەکی ڕەنگ کۆن بوون.

جامەکەی ئەبو سابیرم زۆر بە سارد و سڕی هەڵگرت.

بڵێیی چ ژەهرێکی تێ کردبێ. لەبەردەم ئەبو سابیرم دانا بەئارەقێکی ساردەوە هەستامەوە. کەوچکی ئەوەڵ نا... بەڵام کەوچکی دووەم هەڵی دەتەکێنێ.

٢٨- دوو جامە چینییە کۆنەکەی خۆم و باوکم لەسەر سفرە دانا. گەڕامەوە بۆ سەوزی و خوێدان. باوکم بە لەتێک نان و جامێک چێشتەوە رووی لەدیوەکەی خۆی کرد.

٢٩- باوکم هات دانیشت و گوتی: مامۆستا دەمبووری، لات دانەنیشتم دەستی برد بۆ کەوچکەکەی و نایە نێو چێشتەکەی. کەوچک لە جامەکە دراو تەقەی هات. باوکم سپی هەڵگڕا چاوم لێکرد. جامە ئیستیلەکە لەبەردەمی باوکمە.

٣٠- باوکم بە دڵپڕی دەستی بۆ نانەکە.

باوکم بەدڵپڕی بۆ ئاوەکە

باوکم بەدڵپڕی دەستی بۆ خوێیەکە.

هەرچی دەکرد نەیدەتوانی دەست لە جامە ئیستیلەکەدا ئەبو سابیریش زۆر سەرخۆش دەستی بۆ سەوزی و نان دەکێشا و دەیگوت: بەڕاستی بەربەسێڵ...

٣١- لەپڕ دەنگی دەرگای دەرێ هات. باوکم لەخۆشیان ڕاست بووەوە. ویستم من هەستم گوتی: نا... تۆ دانیشە وا گورج هەڵدەستێ و وا توند هەڵدێتە دەرێ. دەڵێی هەرگیز ڕوو لێرە ناکاتەوە.

بەدوایدا چوومە دەرێ. لەگەڵ پۆلیسەکان ڕاوەستاوە پێدەکەنن و قاقا دەکێشن. هەرگیز قاقای ئاوام لەباوکم نەبیستووە. دەنگی پێکەنینی پۆلیسانە چۆن کۆڵانی گرتووە.

یەکیان جگەرە دەکێشێ. ماڵ ئاواییان کرد.

باوکم کاغەزێکی لەگیرفانی خست. گەڕامەوە ژووری


٣٢- هەر پێم نا ژووری، ئەبو سابیرم دی لە دیوەکەی باوکم دێتە دەرێ لەتێک نان بەدەمەوە. ئێستا باوکم نەهاتبووە ژووری، ئەبو سابیر لەسەر جێیەکەی خۆی دانیشتەوە.

٣٣- هەتا باوکم دانەنیشت. من ئاگام نەکرد کە جامی

هەرسـێکمـان چینییـە... باوکم چاوێکی بەسـفـرە و جـامـەکـەی خـۆی و ئەبو سـابیـردا گـێـڕا، ویسـتـی ئاوڕ لەدیوەکەی خۆی داتەوە پێم وایە ملی ڕەق بوو نەیتوانی.
باوکم لە حـاند سـفـرە سـڕ و سـارد بووەوە.نەیدەتوانی دەست بۆ کـەوچک بەرێ. حـەتمەن ئەلان هۆشی لە جـامـە ئای مارۆ... حەتمەن برسیەتی و...
٣٤- زەنگی تەلەفۆنەکە لێی دا. باوکم لە چرکەیەکدا دەرپەڕی. تەلەفۆنەکە لە دیوەکەی خۆیدایە.
بە دوو شەقاو خۆی گەیاندە تەلەفۆن و دەرگای پێوەدا.
- ئەتۆ... بەڵێ.
-سبەینێ دێم.
- شکایەتی بۆ چییە؟
- خۆمان پێک دێین.
- تورەیی ناوێ.
٣٥- باوکم مـاوەیەک دوای دانانەوەی تەلەفـۆنەکـە لەوێ ماوە... بڵێ مارۆ؟ ئەبو سابیر گوتی؟ بەزیاد بێ
منیش دەستم بەخڕکردنەوەی سفرە کرد.
٣٦- بۆ تەکاندنی سفرەکە چوومە حەسارێ.
گـەڕامـەوە ئەبو سـابیـر لەوێ نەمـاوە. بایەکی سـارد گیانمی داگرت.
سەرم بەدیوەکاندا گێڕا. هەتا گەیمە بەر دیوەکەی.
باوکم: بابـە... بابـە... دوو جـــار بانـگی بـاوکم و جارێک بانگی ئەبو سابیرم کرد... ویستم بانگی مارۆ کەم... نەمکرد.
٣٧- دەرگـام کـردەوە. ئەبو سـابیـر لاقـێکی لەسـەر لێواری پەنجەرە کورتەکە داناوە و دەمانچەیەکی بەدەستی ڕاستەوە چاوێکی لەمن کرد و دەمانچەکەی لەبەر پشتێن ناوە. نە فەرش، نە پشتی، نە هەرمێ، نە وێنەکەی من و گـوڵە نایلۆنییـەکـە... نە عـەتری مـارۆ دیوێکی چۆڵ... دەڵێی گەسکت داوە.
ئەبو سابیر لاقی داهێنا و گوتی: من دەڕۆم.
بە پسکە پسک گوتم: زوو... زوو... زووبە...
خۆی تەکاند... لەدەرگا و هاڵ و کەوشکەن و حەسار و دەرگای دەرێ. دەرگـای دەرێی زۆر توند پێوەدا! یەکـجار زۆر توند! زرینگەی هەتا نێو مێشکم هات.

# مردنەکانی دایکم

جووتیار ئەحمەد
(سلێمانی)



بیست ساڵ لەمەوپێش بوو کاتێک دایکم دستی گرتم، ئەوسا منداڵ بووم وتی: وەرە دەڕۆین بۆ گۆڕستان تا دوعا بۆ خۆشەویستە لەدەست چووەکانمان بخوێنین، کە تا ئەو ڕۆژەی دەمرین یادەوەرییەکانیان لە کۆڵمان نابنەوە. دایکم لە گۆڕستان چوار مەتر زەوی کڕی، بۆ ئەوەی بیکاتە گۆڕ بۆ خۆی، گۆڕهەڵکەنی ڕاسپارد کە دەستبەکاربێ، ئەوانەی لەوێ بوون بە لایانەوە سەیربوو، چونکە چوار مەتر بۆ گۆڕێ زۆرە، دایکم وتی: کێ دەڵێ چوار مەتر کەم نییە، من دڵنیام تووشی نەخۆشییەک دەبم جەستەم دەئاوسێ لە هیچ شوێنێ جێگەم نابێتەوە، بەقەد باڵۆنێکم لێدێ، مەگەر تەنیا لە ئاسمان جێگەم بێتەوە.

بیست ساڵ زیاتر دەبێ وەک خەونێک بە بیرم دێ دایکم دەیوت دەمرم. ئیدی گۆڕ هەڵکەندرا، دایکم هەموو ڕۆژانی هەینییەک بۆ گۆڕستان بە کێشی دەکردم، زۆر ڕۆژانی تریش. خەڵک دەهاتن قورئانیان لە سەر گۆڕی مردووەکانیان دەخوێند، بەڵام من و دایکم گۆڕەکەمان پاک دەکردەوە، عەباکەی بە شێوەی گوریس بەکار دەهێنا، بۆ ئەوەی من بچمە ناو گۆڕەکەوە، تا ئەو خاشاکەی لە ناویدابوو بینێرمە سەرەوە، لە ناو ئەو گۆڕەدا هەستم دەکرد مردووم، لەگەڵ ئەوەشدا نەمدەوێرا بڵێم دایە دەترسم، لە ناو گۆڕەکەدا بێ ئەوەی بەدەست خۆم بێ، خەیاڵم بۆ دنیایەکی تر دەزەی دەکرد. گۆڕ پاککردنەوە بووە پیشەی هەمیشەییمان، کەچی دایکم هەر نەمرد، کاتێک دەمانوت کەی دەمری، دەیوت: ئەمشەو کۆتایی بە ژیانم دێ. من تەمەنی مێردمنداڵیم تێپەڕاند، ڕوخسارم ڕیش و سمێڵ دایپۆشی، دایکم هەر نەمرد، ڕقی دنیام لە دایکم دەبۆوە، چونکە لە دنیا دابڕیبووم، هەستم دەکرد جەستەم نییە تەنیا سەرابێکم، دایکم نەخۆش کەوت و پاککردنەوەی گۆڕەکەی بە من سپارد، هەموو ڕۆژانی هەینی من دەمردم و

زیندوو دەبوومەوە، ئەوەندە خووم بەو چاڵەوە گرتبوو، هەستم دەکرد ئەوە گۆڕی خۆمە نەک هی دایکم، چونکە هەر لە دوورەوە گۆڕەکەم بەدی دەکرد وەک عاشقێک لە بەرانبەر مەعشووقەکەی چوار پەلم دەشکا، زۆربەی جارەکان لەناو گۆڕەکەدا خەو دەیبردمەوە، خەونی زۆر سەیرم دەبینی کە لێرەدا ناتوانم بیگێڕمەوە، چونکە ئەوە نهێنی دنیایەکی ترە، کاتێ بە ئاگا دەهاتم، ئاسمان هەورێکی ڕەشی گرتبووە باوەش، کە لە عەباکەی دایکم دەچوو، بە هەزار حاڵ خۆم لە گۆڕەکە ڕزگار دەکرد، ئێوارە درەنگ دەگەیشتمە ماڵەوە دایکم جنێوی پێ دەدام، دەیوت: گۆڕەکەت داگیرکردووە.

بێزار ببووم وەک دایکی خۆم سەیرم نەدەکرد جنێوم پێ دەدا و بە درۆم دەخستەوە، لاساییم دەکردەوە، پەستم دەکرد، هەرگیز بەیەکەوە نەدەگونجاین، دەمزانی ئەو گیرۆدەی ئەو گۆڕەی کردووم کە ناتوانم دەستبەرداری بم، ژیانم بیرچۆتەوە، دەموت: ئەرێ دایە کەی دەبیتە باڵۆن تا دیسانەوە بگەڕێمەوە ناو سکت، چەند خۆشە منیش لەگەڵ خۆت ببە، ئاسمان ئەوندە فراوانە تاڕادەیەک کە ون دەبین، لەسەر بستێک زەوی یەکتر ئازار نادەین، زوو ببە بە باڵۆن دایە گیان، ئای چەند ساویلکەی دایە، نازانی کە عەزابم کێشاوە بەهۆی ئەو گۆڕەوە لەبەر ئەوە من خاوەنیم. ئەو دەیوت: نەخەڵەتابی ئەو هەڵەیە بکەی ئەو گۆڕە بە باڵای منە، گەر ئەو گۆڕە نەبێ، من لە هیچ شوێنێک جێگەم نابێتەوە. دنیام لێ ببوو بە دۆزەخ دایکم سەری زمان و بنی زمانی مردن و نەخۆشی بوو، کاتێک دکتۆر پشکنینی بۆ دەکرد، دەردەکەوت نەخۆش نییە، بەڵام دایکم دەیوت: ئەو دکتۆرە درۆ دەکا شارەزا نییە. دەچووین بۆ لای دکتۆرێکی تر ئەویش بەهەمان شێوە قسەی دکتۆرەکانی تری دووبارە دەکردەوە، دایکم دەیوت: دکتۆرەکان هەموویان درۆ دەکەن هیچ نازانن، تەنیا دەتوانن خەڵک سڕ بکەن، واتە فێری تلیاک کێشانیان بکەن، بۆ ئەوەی خەڵک هەمیشە بێهۆش بن، کوڕە گەوجەکەم وریابە گەر تلیاک نەبێ زانستەکەی ئەوان یەک خولەک بەردەوام نابێ، بزانە ئێستا دەتوانن چارەسەری من بکەن، تەواو بڕیارم داوە هیچ شتێکی پزیشک بەکار نەهێنم، من پێویستم بە زیارەتی شێخ و مشایخە. ئیدی هەموو ڕۆژێ لەم زیارەت بۆ ئەو زیارەت، ئێستا هەموو شێخ و مەزار و دکتۆرەکانی وڵات بە دایکم ئاشنان، خەڵکی شار هەموویان زانییان دایکم نەخۆشە، وام لێ هاتبوو بە دزە دزە هاتوچۆم دەکرد، دەبوایە زۆر بە سەرنجەوە لە دەوروبەری خۆم بڕوانیایە، بۆ ئەوەی گەر ناسیاوێکم بینی نەهێڵم ببینێ، چونکە هەر کەسێکم دەبینی پێش هەموو شتێ دەیوت ئەرێ داکت چۆنە نەمرد، باشتر نەبووە. زۆرجار سووکایەتییان پێ دەکردم دەیانوت ئەرێ ئەو باڵۆنە کەی بەرز دەبێتەوە، ئێمەش سەردەکەوین. بە شەقامەکاندا دەڕۆیشتم بە هەمان شێوە هەواڵی مردن و نەخۆشی دایکمیان لێ دەپرسیم، تەنانەت مامۆستاکانی زانکۆ دەیانوت لە بەر ئەوەی دایکت بەو جۆرە نەخۆشە، کێشە نییە دەرت دەچوێنین.

دایکم تووشی نەخۆشی زۆر سەیر دەبێ کە لە هیچ زانستێکی پزیشکیدا نییە، زۆر هۆگری ئاژەڵ و مریشک و جووجکەیە، مانگایەکمان هەبوو کە بە دڵ و بەگیان پەروەردەی دەکرد، ئاڵفی تایبەتی بۆ دروست دەکرد کە لە خواردنەکەی خۆمان خۆشتر بوو، ناوی نابوو کوڕە گەورەکەم، لە پڕ مانگا تووشی دەرد بوو، باوکم وتی: کوڕە گەورەکەمان دەمرێ، با سەری ببڕین و بیکەین بەخێر. دایکم وتی: چۆن دڵم دێ ئەو کوڕە سەر بە ڕزقە سەربڕم.

ئیتر چارەنووس وابوو کە کوڕە گەورەکەی دایکم مردار بێتەوە، دایکم پرسەی بۆ ڕاگەیاند، دەگریا ژیر نەدەبووەوە دەیوت: ئەگەر کوڕە دوو پێیەکەم بمردایە، ئەوەندەم پێ ناخۆش نەبوو. حەزم دەکرد باوەشی پێدا بکەم و بیبەم بیخەمە ناو گۆڕەکەوە، تا پاش هەفتەیەکیش وەک ئەوەی کەسێکمان لێ مردبێ خەڵک دەهاتن سەرەخۆشییان لێ دەکردین، هەرکە ڕۆژم لێ دەبۆوە دەڕۆشتم خۆم دەخزاندە گۆڕەکەوە، شەو کە دەخەوتم بەیانییەکەی خەبەرم دەبۆوە، پێش هەموو شتێک ئاواتم دەخواست دایکم مردبێ،چونکە ئەو لای ئێمە مردبوو، کاتێک دەمانبینی هەستمان بە ترس و بێزاری دەکرد، وەک مردوویەک لەو ماڵەدا دەژیا، بەڵام ئەو لەوە ناچێ هەرگیز ئەم دنیایە جێ بهێڵێ، دەیوت: من سەرە خۆرەم هەمووتان بەڕێ دەکەم، بەڵام خۆم نامرم، دەزانم کاتێک دەمرم هیچ ناسیاوێکم بە دەورەوە نامێنێ کە بمنێژێ، یان بملاوێنێتەوە، لاشەکەم قەلوداڵ دەیخوا، نا من نامرم هەتاهەتایە دەژیم. هەمیشە وشەی مردن و نەخۆشی لەسەر زمانی دایکم بوو، ئێستاش بەهەمان شێوەیە، لەگەڵ هاتنی وەرزی پاییزدا

مریشک و کەڵەشێرەکان تووشی دەردە پاییزە بوون، ئەو نەخۆشییەی پێی دەڵێن دانکە، مریشک و جووچکەکان بەشێوەی گوڵێکی بێ ئاو سیس و لاواز دەبن و ملیان لار دەبێتەوە، هیچ ناخۆن، دایکم یەک یەک ملیانی دەگرت و دەنووکیانی دەکردەوە بە پەنجە پرپۆڵەی ڕەوانەی قوڕگیان دەکرد، مریشکی داماو خەریک بوو جیقوفلیقی بێتە دەرەوە.

بابێینەوە سەر مرداربوونەوەی کوڕە گەورەکەی دایکم، زەمەنێک دوای مردنی مانگاکە، دایکم وتی: ئەوەندی بیر دەکەمەوە خەریکە سوێم دەبێتەوە بۆی. دەچووە گەورەکەوە وەک مانگاکە دەیبۆڕاند، هەر لە ناو گەورەکەدا خەوی لێ دەکەوت، شێت ببووین بە دەستییەوە بە چاوی فرمێسکاوییەوە ڕای دەکردە سەربان و هۆلهۆل دەیبۆڕاند، زۆرجار بەشوێن گاگەلەکەدا ڕای دەکرد، ناچار دەبووایە لە ژوورەوە بیبەستینەوە، وای دایکم چی بەسەرهاتبوو؟ کەس نەیدەزانی چ نەخۆشییەکە، وەک مانگا قۆچی بۆ ڕادەوەشاندم، بێ ئەوەی فزە بکا، بە چاوە بزە مانگاییەکانی هەڕەشەی لێ دەکردم.


دەردە پاییزەی ئەم ساڵ قڕی خستە مریشک و کەڵەشێرەکانی دایکمەوە، ڕۆژ تا ئێوارە بە دەنگی بەرز دەگری، خەڵک ئەوەندەیان بەزەیی پێدادێتەوە ماڵەکەمان چۆڵ ناکەن هەمیشە دڵی دایکم دەدەنەوە، پرسەکە زۆر قەرەباڵغە، یەکێ دەڵێ خەم مەخۆ من کەڵەشێرێکت بە دیاری بۆ دەهێنم. یەکێکی تر دەڵێ من مریشکێکت بە دوانزە جووچکەوە دەدەمێ. ئیدی ماڵمان بۆتە مەیدانی مریشک و جووچک فرۆشتن. نەخۆشییەکەی خراپتر بووە، مێشکی تێکداوین، شەو و ڕۆژ وەک کەڵەشێرێکی بەزیو ئەقووقێنێ، لە ناکاو خۆی دەکا بە مریشکێکی نەخۆش و بە گریانەوە دەگارێنێ، بەیانیان لە جیاتی کەڵەشێرە مرداربووەکان دەقووقێنێ، لە ناو خۆڵەکەی حەوشەدا خۆڵ بە سەر خۆیدا دەکات و چینە دەکا. دایکم تووشی نەخۆشی مریشکەکان بووە واتە دانکەی گرتووە، ملی لار بۆتەوە دەبێ دەمی بە زۆر پێ بکەمەوە چێشت بکەم بە قوڕگیدا، بووە بە خەم و خەفەت بۆ من، خەریکە خووی جووچک و مریشک دەگرم، بەشێوەی گارەگاری مریشک و ئاماژەی دەست پێم دەڵێ، کە بیبەم بۆ سەیری گۆڕەکە، ئێستا دایکم لە بەرچاوم بووە بە مریشکێکی نەخۆش، باوکیشم کەڵەشێرێکی زۆر لەش ساغە، تووشی دانکە نەبووە، وەک هەر کەڵەشێرێکی تر گوێ بە نەخۆشی و مەرگی مریشکە خۆشەویستەکە نادا، ئێستا بەشوێن مریشکی تردا ڕادەکات و شاپەڕ لێ دەدا، ئیدی باوکم لە جیاتی دایکم دەقوقێنێ، هەڕەشەی لە دایکم کردووە، وتوویەتی تۆ تەنیا دەگارێنی.

دایکم زۆر لە مێژە گۆڕەکەی نەبینیوە، چونکە بەردەوام من خزمەتی ئەو گۆڕەم کردووە، لە بەر ئەوە ئێستا نازانم کێمان خاوەنی ئەو چوار مەترە خاکەین؟ یاوەکو جێی هەردووکمان دەبێتەوە؟ ئێستا دایکم تووشی ئەو نەخۆشییە بووە کە دەبێ ڕۆژی یەکجار سەردانی گۆڕەکە بکا، ئازارەکانی چارەنووسێکە بە شانی منەوە بەستراوەتەوە، نەمبینی ڕۆژێ باوکم ئازارەکانی دایکم بکاتە کۆڵ.

مریشکێکی نەخۆشە باڵی دەگرم و بەکێشی دەکەم، هەموو ڕۆژێ کە دەگەینە سەر گۆڕەکە بە گارەگار کە بە ئاستەم دەنگی دەردێ، تکام لێ دەکا بیخەمە ناو گۆڕەکەوە، ئیدی بەو شێوەیە ڕۆژگار بە ڕێ دەکەین، نزیک چێشتەنگاو دەچینە سەر گۆڕەکە و پرپۆڵەش لەگەڵ خۆماندا دەبەین، دایکم دەخەمە ناو چاڵەکەوە و بە دیارییەوە دادەنیشم، زۆرجار خۆشم لەگەڵ ئەودا دەچمە ناو گۆڕەکەوە، جووچکێکی دایک نەخۆشە، فرمێسک دەزێتە چاومەوە، بە جووکە جووک خۆم دەخزێنمە ژێر باڵییەوە دەڵێم: دایە هەنسک مەدە سەیرم بکە، ئەها منیش بووم بە جووچک. کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ، زیندوو دەبینەوە و لە گۆڕەکە دێینە دەر، بەرەو ماڵەوە دەکەوینە ڕێ.

# رازێن بالیفان

**ه. کۆڤان باقی**
**(دێرکا چیایێ مازی)**



ب ڤەبوونا دێری رە تاخمێ مەکیاجێ دا دەستێ وێ، بزۆتەک ژ مانقرا لێڤێن وێ رەڤاند:

– باژارەکی غەریب، پووک و سەقەما زڤستانێ، سار بوو سافێ، ساااار... من هەر شەڤ چۆنگێن خوە دخستن زکێ خوە، هەر کو من کەفکا خوە د خەرجێ دادکر، بزۆتێ ئێگر و بالیفێن مە دهاتن خەونا من.

سافێ ل خوە دانەنی کو ژ وی رە ببێژە؛ من گویزانێن ل مالێ تەمام کۆ کرن. ژ مێژ ڤە تو دەست ل ناڤا مێرێ دەستەڤالا نایێن هەڤ. نایێ بیرا وێ کو تو جاری ساکۆل دەستەڤالا داخلی مالێ بوویە، پەرواز هاتێ، ژ دلێ وێ هات کو راهێژە ساکۆل، ب ساخی تێخینە هوندرێ خوە:

– ئەڤ سێ مەهن کو تینا ئێگر داخلی ڤی هوندری نەبوویە ساکۆلێ من. بالیفێن مەیێن رەبەن ژ بەر هەسرەتا تە روو و شەلتەیێن خوە تەڤ دەگوراندن.

هنگی سۆبە سنجرببوو و هوندر گەرم بووبوو، هەما ساکۆل کنجێن خوە تەڤ دە ل ئورتا ئۆدەیێ ژ خوە کرن:

– زوو سۆفبەنێ ڤێخینە سافێ. هەتا کو خوە قەشاویت بکم، تو بالیفان ڤەهەوینە.

ژ بو کو زکێ سافێ نازکە، گەلەکی حەیفا وی لێ هات. دو بالیفێن قەلەو ل سەر هەڤ هلژناند، راهشت سافێ، زکێ وێ یێ نازک دانی سەر هەردو بالیفان.

(ژ رۆژا کو داخلی سینۆرێ خورتانیێ بوویە، بزاڤا ئەکسپرەسیۆنیست ژ خوە رە کریە ژینەگەهـ و بێیی وێ نادەبرە.)

ژ ژۆرێ ڤە ل تابلۆیا ئەکسپرەسیۆنیستی ئەنتیکە تەماشە کر. سافێ پۆرێ خوە ژ ناڤا چاڤێن خوە دا ئالی، وەکی ئارتەمیسا بەهەتی بەر ب ساکۆل ڤە زڤری:

– چ بوو ساکۆل، چما تو سەکنی؟

– قەت، هەما ولۆ، ئەز دخوازم ب قاسی درێژیا دو میلادان ل تە تەماشە بکم.

– ب ناڤێ خوەدێ تو مێرەکی عەجیبی ساکۆل.
– نانا سافێ، باوەڕ بکی ئانها و دڤێ کێلیکێ دە تو تابلۆیەکــە ولۆ عــەجــیــبی کــو شــەڕاڤــا خــەیام و دیونیسیـۆس(١) تەمـامی ڤەخوم ژی، نکارە ب قـاسی تەماشەکرنا ل تە من سەرخوەش بکە. تو دارەکە هێژیرێ یی، هێژیرێن تە تەڤ دە پەرخینە.
شەڤینێ ب هەمـوو بژەکی و تەنکاهیا ژنبوونێ خوەزیا خوە ب سافێ ئانی.
دۆسیە ژ ناڤا دەستێ بۆزۆ وەرگرت.
– بۆزۆ تو ژی دبێــژی ئەز مــێـــرم و من تەمـــامێ دەمۆکراسی و فێرسێن مێرتیێ کتم کریە، بنێر بێ ساکۆل چ مێــرەکی دلتـەنگە. خـوەزی تو ب قـاسی نێـڤـیێ وی بوویایی و عەمرێ من رۆژ و دانەک بوویا.
ڤێ گاڤێ شەڤینێ یا بێوەخت د جێی هەری تەنک و خـوەش دە هشت کـو بۆزۆ دەڤ ژ خـوەندنا چیـرۆکـا خـوە بەردە. وەجـهێ وی داوەرڤی، خـوەزیا خـوە داڤـورتاند. رامـاننە تووژ د گـوهەرا هشێ وی دە داچکیـان. مـاوێ چاوا بکاربوویا ب شـەڤـینێ بدە فێـمکرن کـو سـاکـۆل مێرەکی خەیالییە، ب تەمامی وی ئەو ئافراندییە. لێ دیسـا وەکی هەر جارێ، ژ بۆ کـو وێ قـانەع بکە، دڤێ ژ ئاش و قەراش بپەیڤە.
– شەڤیین...
– چ بۆزۆ؟
– ساکۆل هەر ئێڤار سافێ دکرە و سەرێ سبەهێ وێ وەکی مەرشەکە گنجری ل دەڤێ دەری رادخە. ئەز ناخوازم تە بکم مەرش، ئان ژی تە ژ بیر بکم شەڤین.
ساکۆل نەمێرەکی ولۆ بێخسلەتە. ئائخخ... بلا بەختێ من وەکی یێ سافێ باش بوویا و ئەڤ دەرپێی هان ژی نە ل من بوویا.
– قوماشێ مێر قوماشەکی تۆگە، کێم ژن ژی هەنە کو نە قەحپکێن ئەرزانن.(٢)
راستگۆتنی «تۆڤا گونەهبارێیە». و من ئەو خستیە ستوویێ خوە. تو ژ من دخوازی کو ئەز ببێژم ژیان کەوارا هنگڤــە. بەس ئەز دبینـم کــو کــەوار هەتا نیــڤی تژی ئیجوورێ تاحلە، مرۆڤ دکارە وان ژی ب پار ڤە بکە.
– تو ل سـەر هشێ خـوە یی بۆزۆ؟ قـەی تە ب قـاسی بارێ قەمیـۆنەکێ پرتووک خوەندن، ژ بۆ کو تـو من بکی قەحپک؟
– تلیـــا من دڤێ یەکێ دە نینە، من ژ جــڤــاکێ رە نەگۆتیە ببە قـەحپکەکا بێعـار. چ بکم، هەڤیـرێ تە ب ئاڤ و خـوێیـا ڤێ قـەحـپکێ هاتیـە سـتـاندن. پرتووک مرێکەکە زەلالە و جڤاک ژ یارێ دییا خوە بێتر ژ مرێکێن زەلال دبەحجن.
ئیجا داویا گۆتنان نایێ شەڤین. شەڤ ڤار بوویە، ئەم هێ سـەرێ هەڤ دخـون، ئەگـەر تو ب یا مـن بکی، ئەم دەڤ ژ چیـرۆکا سـاکـۆل و سافێ بگەڕن، هنەکی ب سـەر چیرۆکا خوە مژوول بن.
– ببووره بۆزۆ، پشـتی ڤان گۆتنێـن تە یێن ژ زلنداریێ، ئەز نکارم ل بالیفان سوار ببم.
– ئەگـەر تە بزانبـوویا کـو تو چ ژ من دخوازی، منێ تو بکرایی سەمیرا میس و خوە دناڤا رەزێ تە دە بکرا ئەو کەڤرێ داچکاندی.
– ئەز تشتک مشـتکێن ولۆ ژ تە ناخوازم. ب تەنێ بلا وەکی مێرێ خەلکێ، کو هەر ئێڤار تو ژ دەرڤە دە هاتی، تو نە دەسـتـڤالابی. ب خوەدێ ئەگەر تو ب یا من بکی، ئەزێ بالیـفێن مـالێ تەمامی ل سـەر هەڤ هلژنم، ل ژۆرا وان سوار ببم. ما چیە من ژ یێ وێ سافێیا تۆگ کێمترە هیییی ی!
– تو قـەحپکەکـە ژ سافێ ژی ئەرزاتری شـەڤین. بەس ئەڤ دنیــایا قــەحــپک خــوەدانا گــەنجــینەیێن هەری ئەنتیکەیە، ئەز ژ ساکۆل ژی بێـتر نەخوەشێ گنجینەیێن ئەنتیکە مە.
– ئەگـەر تـو وەکی ســاکــۆل بوویایی، ئەز بێ بالیف نەدچووم داشرێ ژی.
– باشـە شـەڤین، ئەزێ ژی سـافێ ل گـۆری دلێ خـوە ل بالیفان سوار بکم.
....
بۆزۆ مـزمـزی، راهشت دۆسیـەیا خـوە، ژ جـیێ مـایی دەست ب خـوەندنا چیـرۆکـا خـوە کـر: (ئەڤ زێدەیی دەه سالانە وی سەرێ خوە خستیە ناڤا گەرینەکا نڤیسینا چیرۆکان و پشتی دەه سالان، بەلکی ئەڤ جارا یەکەمە، کو شەڤین ل چیرۆکەکە وی گوهداری دکە.)
سـاکــۆل وەکی نینووسێ(٣) د شــەڕەکی دژوار دە ب سەرکەتبە، ب گاڤنە شدیایی بەر ب مالێ ڤە دمەشیا.. بێی کـو دەنگ ژ دێری بینە، وەکی دزەکی شـارەزا دەری ڤەکر، تەڤی پاکێتا کو ژ سافێ رە ئانیبوو کەتە هوندر.
وەکی کــو ســافێ بێــهنا وی هلانیــبــە، دەرێ ئۆدەیێ ڤـەکـر، بێی کـو چاڤـێن وێ ژ پاکـێـتـا د دەسـتێ وی دە

بکەڤە، ب مزجاندنەکە مهینی ل سەر نەینووکان رەقسی.
ب جارەکێ رە ئەلەکتریکەکە هەزار ولت ولۆ ئەو سەرۆبن کرن کو، هەردو ژی پێ نەحسیان کو سافێ چاوا ل دۆرا وی رەقسی، پاکێت ژ ناڤا دەستێ وی دەرخست، کاغزا پاکێتێ تشتیشی کر، کراسێ حاکمۆ یێ خاشێلی ل بەژنا خوە گرت، وەکی کارغەزالەکێ ب رەڤ کەت پشت دەرێ ئۆدەیا رازانێ.

چەند کێلیک ب شوون دە برمەیێن هەموو دەریان ڤەبوون. ساکۆل ب پەرۆشیا زاڤایەکی دەرباسی ئۆدەیا سافێ بوو. سافێ بالیفێن ل مالێ تەڤ دە ب تەکووزی ل سەر هەڤ هلژناند، کراسێ خوە یێ حاکمۆ ل سەر بالیفان راخست، ب زکێ خوە یێ نازک ل قۆتێ وان سوار بوو.

ساکۆل ل پشت تابلۆیا ئەکسپرەسیۆنیست شپیا سەکنی. ب چرکینیا دەرێ تابلۆیێ رە ساکۆل ب گاڤەکێ بەر ب دێری ڤە مەشیا. دێری هێدی هێدی ڤەکرنا خوە دۆماند، ساکۆل ژی مەشا خوە ل گۆری ڤەبوونا دێری عەیارکر. دەری هات ل کێرتکا داویێ ئاسێ بوو، ب ئاسێبوونا دێری رە ساکۆل تێ رە دەرباس بوو.

سافێ ب خوە نەحسیا کو چاوا د کێلیکەکێ دە هلکشیا ئەسمانێ هەفتان.

ساکۆل دەڤێ خوە خست کەرینەکا گوهێ وێ:

– تو قەحپکا منا بێعاری و من تو ژ خوە رە ب کراسەکی کڕی. قێرینەک ب سەر هەفت تەبەقێن ئەسمێن کەت.

و شەڤین ژ ئەسمانێ هەفتان هاتە خوارێ.


**(١) دیونیسیۆس: ل یەونانستانا کەڤنار خوەدایێ شەراڤێ.**

**(٢) د هوندرێ هەر ژنەکێ دە قەحپکەکا بێعار ڤەشارتی یە. (چارلس باودەلایرە)**

**(٣) نینووس: کەیسەرێ ئاسوور.**

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ پەرتووکا (چیرۆکا چیرۆکان) هاتیە وەرگرتن، کو بەرهەمێ پێشینێ چیرۆکنڤیسییە و، چاپا وێ یا یەکەمین ل سالا (٢٠٠٤)ێ ژ ئالیێ وەشانخانەیا (باژار) ڤە ل ستەنبولێ هاتیە چاپ و بەلاڤکرن.**

**(رامان)**



# مانگەکەی نیگار

**داود غەفار زادەگان**
**لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**

کابرا چاوی لە پەنجەرەکە بڕیوە. تاڤگەی قژی کچەکەش بەسەر دەفتەری وێنەکێشاندا شۆڕ بووەتەوە. بایەکی گەرم بەنێو ژوورەکەدا دەگەڕێ.

پیاوەکە گەنجە و پاڵی بە دیوارەکەوە داوە. ژنە چاوی لە دەستی کچەکەیە. پشتی ڕاست دەکاتەوە و سێوێکی سوور لەسەر دەورییە کاشییەکە هەڵدەگرێ.

«ماندوو بووی؟»

کچە قژی لە پشت گوێچکەی کۆدەکاتەوە و دیسان سەر بەسەر دەفتەری وێنەکێشانەکەیدا دەگرێتەوە.

«بێ دەنگ بە، هاروهاج.»

ژنە زەردە دەگیرێ، سێوەکە بە دەستییەوە ئەمبارەوبار پێدەکا.

پیاوەکە بەهێواشی سەری بۆ لای دەنگەکە دەسووڕێنێ.

قەڵەمێکی سەوز لە بەینی قامکی سپی و چکۆلەی کچەدا دەجووڵێتەوە.

«پاکی کە.»

سێوەکە بە حەواوە خول دەخوا، دێتەوە خوارێ و دەکەوێتە مشتی ژنەوە.

«بەتێخوڵەوە بیخۆی کوڵمەت سوور دەبن.

قەڵەمی زەرد لە قوتووی قەڵەمڕەنگی دێتە دەرێ. تایەکی پەنجێرەکە ئاوەڵایە و بەدەم باوە دەجووڵێتەوە. پیاوەکە دیسان ڕووی کردۆتەوە ڕووناکایی.

ژنە لەسەر دەورییەکی چکۆلە سێوەکە دووقاش دەکا. لەتێکی هەڵدەگرێ و لەبەر دەمی پیاوەکە ڕایدەگرێ. پیاوەکە

دەستی دەکێشێ و سێوەکەی لێوەردەگرێ.
کچە بۆ ساتێک سەری هەڵدەبڕێ. پەڵەیەکی ڕەش کەوتووەتە سەر سپیایی گۆشتی سێوەکە.
«کرمۆڵە.»
شەویلاکەی ڕەقەڵەی پیاوەکە ڕادەوەستێ.
ئێستا نۆرەی قەڵەمی شینە. ڕەنگی زەرد دەچێتەوە نێو قووتووەکەی.
پیاوەکە لەپی دەستی لەبەر دەمیدا دەکاتە قاپ. ژنەکە خۆی کۆم دەکاتەوە و پێڵووی چاوە گەورە و هەنگوینییەکەی خێراخێرا دەترووکێنێ. قەڵەمڕەنگی لەسەر کاغەزەکە خشەی دێ.
«خۆ قشقەڕە نابێ شین بێ!
کچە سەری هەڵدێنێ. قژی لە پەڕەی دەفتەرەکە دەخشێ.
«دەبێ، زۆر چاکیش دەبێ!»
پیاوەکە سێوە نیوە جاوراوەکەی بۆ لای پەنجەرەکە فڕێ دەدا.
«ڕەشن.»
وردە سێوی لینچق بەشووشەکەدا دەخزێنە خوارێ. قەڵەمڕەنگییە شینەکە لەنێو قامکی کچەدا لە جووڵە دەکەوێ.
«کاتێک هەڵدەفڕن، بە ئاسمانەوە شین، ژنە پەڵەی ڕەشی سەر گۆشتی سێوەکە بە چەقۆکەی دەکرێنێ.
پیاوەکە ئەژنۆی لە باوەش گرتووە و دووپاتی دەکاتەوە:
«تەواو ڕەشن.»
کچە سەری ڕادەتەکێنێ و قژی بەرچاوی لادەدا.
پیاوەکە ئەژنۆی لە باوەش گرتووە و قامکی هەردوو لاقی لە یەکتر دەخشێنێ.
«سەمیرا دەڵێ قامکی لاقی باوکی ڕۆژێک سەوز هەڵدەگەڕێن.
لا ڕوومەتی پیاوەکە لە جووڵە دەکەوێ و سڕ دەبێ. ژنە لێوی خۆی دەگەزێ.
«سەمیرا منداڵە!»
هێشتا خەریکە بە چەقۆ سێوەکە دەکرێنێ.
کچە پێداگرانە دەڵێ:
«سەوز دەبێ!»
تای پەنجەرەکە دەدرێ بە دیوارەکەدا. تیشکی خۆر لە دەموچاوی پیاوەکە دەکەوێ، ژنە هەڵدەستێ و پەردە تۆڕییە گوڵدارەکە دادەداتەوە.
دەموچاوی پیاوەکە پڕ لە سێبەر دەبێ.

کچە قەڵەمڕەنگی پرتەقاڵی هەڵدەبژێرێ.
«کێوەکان شین، وا نییە؟»
ژن دێتەوە جێی خۆی و دادەنیشێتەوە. با پەردەکە دەجووڵێنێ.
«لە دوورەوە شین، کاتێ نزیک دەبینەوە ڕەنگی خۆڵن.
سەرنجی کچە لە نێو ئاوێنە باڵا نوێنەکەی ڕووبەڕوویدا دەگەڕێ.
سووچی پەردەکە لەنێو ئاوێنەکەدا دەشەکێتەوە و جارجار با هەڵی دەداتەوە.
«وەک دەموچاوی باوکم لە وێنەکانیدا.»
پیاوەکە سەری بە دیوارەکەوە ناوە. قوتکەی گەرووی دەچێتە سەرێ و دێتەوە خوارێ.
«قوڕمان لە دەموچاومان هەڵدەسوو.
کچە پێکەنی. دەنگی پیاوە دوور دەکەوێتەوە.
«مانگەشەو بوو. دوژمن دەمانی دی.»
چەند تکەی لینچق لە کەلێنی قامکی ژنەوە تکایە سەر داوێنی کراسەکەی. پیاوەکە سەری نایە بەینی هەردوو کەشکەژنۆی.
کچە بە گۆرانی دەڵێ:
«کێوەکان شین. داران پەمەیین.»
ژنە سێوە فلیقاوەکە دەخاتە سەر دەورییەکە و بە دەسڕی کاغەزی دەستوپلی دەسڕێ.
«نیگار!»
کچە قەڵەمڕەنگییەکان هەڵدەبژێرێ.
«پەپوولە پاییزە بە چ ڕەنگێک بکێشمەوە؟» ژنە دەسڕە کاغەزییەکەی گرمۆڵە کرد و فڕێی دا سەر دەورییە بەتاڵەکە. سێبەری برژۆڵی کەوتبووە سەرچاوی، دانەویبوو بە قامکی دۆشاومژە لە پەڕەی دەفتەرەکەی دەدا.
«چاو لێکە. هیچکام ڕەنگی خۆی نییە!»
کچە چاو لە پیاوەکە دەکا.
«درۆ دەکا هەموو ڕەنگی خۆیانن!» پیاوەکە وەک ئەوەی لەگەڵ خۆی قسە بکا:
«بەینی گیاو گژەکان پڕ بوو لە مینی تەماتەیی. باوکی سەمیرا لە پێش منەوە دەڕۆیشت.
کچە گوتی:
«مانگ بنەوشە!»
ژنە دیسان بە تەشەرەوە:
«نیگار!»

ژنه قـەڵەمـرەنگیـیـەکـان دانەدانە هەڵدەگـرێ و لە قولەمیچەی دەگرێ.
«هەستە برۆ بۆ حەوشە یاری بکە!
کچە شانی هەڵدەتەکێنێ.
«کوێر بم ئەگەر درۆ بکەم.»
مـشـتی پڕ لە قـەڵەمـرەنگی ژنە بە سـینگی کـچـەدا دەدرێ.
«دەمت لێکنێ!»
«خۆم دیتم.»
پیاوەکە هیچ ناڵێ. ژنە قەڵەمرەنگییەکان فڕێ دەدا و لە ژوورەکە دەچێتە دەرێ. کچە دەست دەکا بە گریان.
پیاوەکە بانگی دەکا:
«نیگار!»
کچە دەفتەرەکەی و قەڵەمرەنگییەکان هەڵدەگرێ و بۆ لای پیاوەکە هەڵدێ.
«دایکم درۆ دەکا! نا؟»
قامکی پیاوەکە بە نێوان قژی کچەدا دەخوشێ و لە لاپەڕەی دەفتەرەکە دەخشێ.
«زۆر جوانە!»
کچە بەهێواشی دەڵێ:
«مانگ سپییە! نا؟»
قامکی پیاوەکە لەسەر دانەبەدانەی قەڵەمرەنگییەکان ڕادەوەستێ.
«بەڵام مانگەکەی تۆ جوانترە!»
کچە باوەش دەکا بە باوکیدا و ڕوومەتە تەڕەکەی بە هێلوونی وشک و قەلپووچی چاوییەوە دەنووسێنێ.

**داوود غەفار زادەگان ساڵی ١٩٥٩ لە شاری ئەردەبیل لە دایک بووە. تا ئێستا ئەم بەرهەمانەی بڵاوکردووەتەوە:**
**١- (ڕازی کوژرانی ئاغامیر) کۆمەڵە چیرۆک ٢- (زستان بەڕێوەیە) کۆمەڵە چیرۆک ٣- (کۆترەکان لە قەفەزدا لە دایک دەبن.) ٤- کۆمەڵە چیرۆک- (فاڵی خوێن) ڕۆمان ٥- (شەوی درێژ و سێبەرەکان) ڕۆمان ٦- (ئێمە سێ کەسین) کۆمەڵە چیرۆک. ئەم چیرۆکەم لە کتێبی (ئێمە سێ کەسین) هەڵبژاردووە کە لە فستیڤاڵی نووسەرانی پێشڕەوی دەیەی شەست و حەفتای هەتاویدا لە ئێران خەڵاتی وەرگرت.**

**سەرچاوە:**
**(ما سه نفر هستیم) چاپ اول ١٣٧٣ نشر ارمین تهران.**



# نەزەند بەگیخانی:
## عەشق بۆ من سەرچاوەی ئیلهام و ژیانە
## بۆ ئەوەی جوانیش بژین پێویستە واقیع بهێنینە ئاستی خەونەکانمان

**هەڤپەیڤین: شەیدا سەلاح**
**(سلێمانی)**

هەمیشە لەگەڵ کەسێکی تایبەتدا دادەنیشم بۆ ئەوەی دیدارێکی لەگەڵ ساز بدەم، بیرم دەچێتەوە کە لەناو چوارچێوەی دیدارێکی ڕۆژنامەوانیدام، چونکە هەمیشە بەشێوەی گفتوگۆ دەدوێم و وشەکان دەمبەن، زۆرجار کەسی بەرانبەر بیرم دەخاتەوە و دێمەوە ناو چوارچێوەی دیدارە ڕۆژنامەوانییەکە. لەگەڵ نەزەند بەگیخانی دیدار و گفتوگۆ شێوازێکی دیکە وەردەگرن. ئەو یەکێکە لەو کەسە دەگمەنانەی کە لە ناخەوە دەدوێ و گفتوگۆ لەگەڵی سیمایەکی دۆستانە و قووڵ وەردەگرێ. ئەم چاوپێکەوتنە بەرهەمی چەند دانیشتن و گفتوگۆی تەلەفۆنی و نامەی ئەلکترۆنییە کە لە ماوەی ئاشنابوونماندا دەستی پێکرد و وردە وردە ئەم فۆرمەی وەرگرت کە لێرەدا خراوەتە ڕوو.

من بۆ یەکەم جار ئەو شاعیرەم لە بەهاری (٢٠٠٤)دا بینی کە لەگەڵ زانکۆی لەندەن خەریکی لیکۆڵینەوەیەک بوو لەسەر تاوانەکانی نامووسپەرستی. دواتر بەهۆی هاوڕێیەکی ئازیزەوە لە نزیکەوە ناسیم و لە دانیشتنێکی نانخواردنی ئێوارەدا پێکەوە بووین. بینینی ئەو یەکسەر سەرنجی ڕاکێشام، ئارامییەکی سەیری تێدابوو. لە ڕوخساری، لە قسەکردنی، لە ئاوازی وشەکانی، لە هەڵسوکەوت و جووڵەی لەشی، لە زەردەخەنە و پێکەنینی، نەمدەزانی ئەم خانمە کێیە و پێشتر نەمدەناسی، نەمدەزانی چی دەکات و چۆن بیر دەکاتەوە؟ ئەو شەوە پێیان وتم کە ئەو خانمە نووسەرێکی بەتوانایە و کەسێکی چالاکی ناو دنیای بەرگریکردنە لە مافی ژنان، بەڵام پێیان نەوتم کە شاعیرە.

بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، وا بزانم ساڵێک تێپەڕی، نەمبینییەوە، بەڵام ئەو زۆرجار بە بیرمدا دەهاتەوە. دواتر لە ڕێگای هاوڕێکەمەوە بە ئیمەیل پێوەندیم پێوە کرد.

ڕۆژێکیان ئیمەیلێکم لەلایەن خودی خۆیەوە پێگەیشت کە هاتۆتەوە کوردستان و لە هەولێرە. منیش زۆر دڵم بەوە خۆش بوو، وەک زۆر بیرم کردبێت، ڕۆیشتم بۆ لای و چەند کاتژمێرێک پێکەوە دانیشتین و دەربارەی زۆر شت قسەمان کرد. ئەو کاتە تازە وەرگێڕانی نامەکانی فروغی فەرخزادم وەکو کتێب چاپ کردبوو، دانەیەکم بۆ برد. هەر ئەو کاتەبوو کە زانیم شاعیرە، ئەوەندەی تر لام جوان بوو.

زستانی پار کاتێک گوێم لە سی دی زەنگوڵی وتن بوو، هەستم بە لەیەکچوونی فروغ و نەزەند کرد، ئەو کاتە بوو کە کەشفی خودیم کرد، هەستم پێکرد و بەڕێ کەوتم.

ئیتر ئێمە زیاتر لەیەک نزیک بووینەوە، ئەو نزیکییە زیاتر ئارامی دەکردمەوە ڕێک وەکو ئەو هەستەی فروغ و شیعرەکانی پێمی دەبەخشن، بەڵام بە چەشنێکی جیاواز. جیاواز بەو مانایەی کە هەرچەندە ئەو دوو خودە لەیەک دەچن و حاڵ و هەوایان لەیەک نزیکە، بەڵام تایبەتمەندی خۆیان هەیە و ئەو تایبەتمەندییانەشن کە جیاوازی دروست دەکەن. من فروغم لە ڕێی شیعر و نامەکانییەوە ناسیوە و خۆیم نەبینیوە، بەڵام نەزەندم بینی و ناسیم و پاشان شیعرەکانیم کەشف کرد و زیاتر پێی ئاشنابووم. نووسینەکانی زیاتر منیان وەکو ئافرەتێکی کورد لەو نزیک کردەوە. بە دەگمەن نووسەری کوردم بینیوە ئاوا کراوە و ئەکادیمی و قووڵ، دوور لە دەمارگیری بنووسێت. هەروەها یەکەم ئافرەتی کوردە کە بە ڕاشکاوییەکی تەواو باسی عەشقی بۆ کردم. ئەمانە خاڵی گرنگن کە من لە ئەودا بەدیم کردن. ئەم شاعیرە تەنیا هاوڕێ و هاوکارم نییە، بەڵکو کەسێکی ناخەکییە و لە پێوەندیدا لەگەڵی دڵنیای کردمەوە کە منیش دەتوانم وەکو ئەو بم، لەوە دڵنیای کردمەوە کە دەتوانم دایک بم و شەیدا بم و عاشق بم و بیربکەمەوە و بنووسم. ئەو گفتوگۆیە جوانە، چونکە گوزارەیەکی ناخەکییە لە هەستی دوو ژن، چونکە بەقەد ئەوەی ئەکادیمییە و پڕە لە مەعریفە، گوزارشتە لە دڵ و مێشک، لە زمانی ڕوح. ئەم شاعیرە ئەو مرۆڤەیە کە خۆی وەکو ئینسان و وەکو ژنێک ناسیوە و زۆریش بە دنیای پیاوان ئاشنایە. بە ڕای من ئەو عاشقێکی شاعیر و مرۆڤناسە، ئەمەش لە شیعر و نووسیندا بەرجەستە دەبێت.

* که یەکەم جار شیعرەکانتم خوێندەوە ڕاستەوخۆ بەر خودێکی ڕووت کەوتم، بە جۆرێک وروژاندمی وەک چۆن هەمیشە لە خوێندنەوەی شیعرەکانی فروغدا وام لێدێت. ڕووبەڕووبوونەوەت لەگەڵ خود لە دنیای شیعرەکانت چ وێنایەکت لەخۆت پێدەخشێت؟

– من لە شیعرەکانم خۆم بەرجەستە دەکەم، خودێکی ڕاستگۆ و هەستیار، خودێکی عەدەمی و عاشق. ئاماژەی خود لە شیعرەکانی من زۆر نزیکە لە نەزەندی واقیعی بە هەموو جوانی و ناشیرینییەکانییەوە، بەڵام شتێک هەیە کە من لە ژیانی واقیعیم بەرجەستەی دەکەم، ئەویش بە شیعرکردنی واقیعە. واقیع وەکو ژیانی ڕۆژانە و ڕووداو، وەکو مێژوو، قورسە. بۆ ئەوەی جوان بژین، پێویستە واقیع بهێنینە ئاستی خەونەکانمان، لە جیهانی خەونەکان نیشتەجێ بین و بە جووڵە و ڕیتمێکی باڵاتر لە جووڵە و ڕیتمی واقیع هەنگاو بنێین. بۆ ئەمەش پێویستە بە پڕی و کاملی هەبین و هیچ سنوورێک لەبەردەم خۆمان دانەنێین. من شاعیرانە دەژیم و ژیانی من پێچەوانەی ئەو ژیانەیە کە سستمی کۆمەڵایەتی و ئایینی کوردی لە مرۆڤ بەگشتی و لە ئافرەت بەتایبەتی چاوەڕێی دەکات و بەرهەمی دەهێنێت. من ئافرەتێکی ئازادم. ژیانی من مۆراڵ و بەهای مرۆڤانەی تایبەت بەخۆم دابینی کردووە، نەک تایبەت بە خێڵ و ئایین و کۆمەڵگە. فروغیش ئافرەتێکی عاشق و ئازاد بوو. ئازاد بوو لە گوزارەکردن لەو عەشقەی کە سەرچاوەی ئیلهامی شیعری و بەرهەنگارییەکانی بوو بۆ کۆمەڵگە. ڕاستگۆیی مەرجی بنەڕەتی شاعیربوونە. کاتێک ئافرەت سنوورەکان دەبەزێنێت و بە تەواوی ئازاد و بە ڕەهایی عاشق دەبێت، ئەوە جوانتر خۆی دەردەبڕێت و ڕاستگۆیانەتر دێتە گۆ. من ژیانم دەکەم بە شیعر. جووڵە و هەناسە و ڕیتم و دەنگەکانی ناخم دەهێنمە گۆ. واتە ژیان بە پڕی. شیعر من دادەڕێژێ، من دەڵێتەوە و جوانتر دەمهێنێتەوە لای خۆم، لای تۆی خوێنەر، دەمانهێنێتەوە لای یەکتر، ئاشنامان دەکات بە یەکتری و پێکەوە کۆمان دەکاتەوە.

* لە شیعری (خۆشەویستی)دا بەرکەوتنی دوو تەنیایی دەبینین، بۆچی کاتێ ئەو دوو تەنیاییە دەشبن بە خۆشەویست هەر تەنیان؟ فەلسەفەی تۆ بۆ تەنیایی و خۆشەویستی چییە؟

– شیعری (خۆشەویستی) پێشنیاری عەشقێک دەکات لە ئازادیدا. عەشقێک کە دوو تەنیایی، واتە کەسەکان تێیدا شێوازە تەقلیدییەکانی پێکەوە بوون دەبەزێنن، لە خۆشەویستیدا شێوازی پیاوانە و ژنانە دەبەزێنن: واتە ئەو شێوازە دەبەزێنن کە تێیدا ژن لەش و لاری خۆی پەروەردە دەکات بۆ چێژی پیاو و جەستە وەکو تاکە هۆکارێک بۆ سەرنجڕاکێشانی پیاو و پێوەندیکردن بە پیاوی خۆشەویستی دەبینێ.

پیاویش بە خۆسەپاندن و دەسەڵات و هێز، بە بەرجەستەکردنی بەهای پیاوەتی، پیاوەتییەک کە لەسەر وڕێنە و وەهم بنیاد نراوە و ئەوی بە خودی خۆی نامۆ کردووە، سەرنجی ئافرەت بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. ئەمانە دوو شێوازی تەقلیدی نزیکبوونەوە و پێکەوەبوونی ئافرەت و پیاون.

شیعری (خۆشەویستی) ئافرەت و پیاو دەهێنێتە ئاستی مرۆڤ و لەو فەزا جێندەرییەی دایاندەبڕێنێ کە پیاو تێیدا زاڵە و ئافرەتیش دەستەمۆ. پیاو بەهایە و ئافرەتیش جەستە، پیاو سەبژێکتە و ئافرەتیش ئۆبژێکت، پیاو ئاکتیڤە و ئافرەتیش پاسیڤ. خۆشەویستی جوان دەبێ سنووری ژنبوون و پیاوبوون بە مانا کۆمەڵایەتییەکەی ببەزێنێ و وەکو دوو مرۆڤ بیانهێنێتەوە لای یەک، بە یەکتری ئاشنایان بکاتەوە، بەها بۆ مرۆڤەکان بگەڕێنێتەوە و بەیەکیان ئاشت بکاتەوە، چونکە لەو کۆمەڵگە پاتریارکییانەی کە پێوەندییەکان لەسەر بنچینەی هێز و دەسەڵات، بنچینەی زاڵبوون و ژێردەستەبوون بنیاد نراون، ئافرەت و پیاو وەکو دوو بێگانە و غەریب بە یەکتری دەگەن و نامۆ بەیەکتری پێکەوەن. سنووربەزاندنی ئەو غەریبی و نامۆبوونە دەشێ بە خۆشەویستی ڕاستەقینە بکرێ. ئەو خۆشەویستییەی کە هاوتایە بە جووڵەی خودایی ڕوحی مرۆڤی عاشق. لە نیگای ئەو دوو تەنیاییە کە سەیری یەکتری دەکەن ئارەزوو دەڕژێ، ئارەزووی وتن، ئارەزووی گفتوگۆ و تێکەڵبوون و داهێنان.

خۆشەویستی ڕاستەقینە دەبێ لێرەوە بێ، واتە لە تێگەیشتن و پێگەیشتن و گەیشتن بە ئاستی وتن. وتن وەکو شکانی بێ دەنگی، وەکو بڕینی سنوورەکان و دەرچوون لە ژێردەستەیی، وتن وەکو ئازادی. ئەم جۆرە پێکەوەبوونە لە کاملی و سەربەخۆیی و ئازادیدا ڕوودەدات، پێکەوەبوونێکی هارمۆنی و هاوسەنگ، نەک بەریەککەوتنێکی ڕێکەوت، کەوتنێکی لە ناکاو، کەوتنە ناو خۆشەویستی. کاتێ گفتوگۆ لە نێوان دوو خۆشەویست نەما، لە نێوان ژن و مێرد، کاتێ هیچیان نەبێ بە یەکتری بڵێن و لەگەڵ یەکتری باسی بکەن، کاتێ فەزای پێکەوەبوون پڕ دەبێت لە تووڕەیی و بێ

**خۆشەویستی جوان دەبێ سنووری ژنبوون و پیاوبوون بە مانا کۆمەڵایەتییەکەی بەزێنێ و وەک دوو مرۆڤ بیانهێنێتەوە لای یەک**

دەنگی، ئەوە پێوەندییەکان ناشیرین دەبن و بەهای جوانی و مرۆڤانە ون دەکەن. دەزانی بێ دەنگی نێوان ئافرەت و پیاو زۆرجار پڕە لە توندوتیژی؛ توندوتیژی هەر لێدان و جوێندان و ئەتککردن و لە ناوبردن نییە؛ ئەو پیاوەی بەیانیان وشەیەک لەگەڵ ژنەکەی ناگۆڕێتەوە و کاتێ ماڵ بەجێ دەهێڵێ زرم دەرگا دادەخات، بەڕای من جۆرێک لە توندوتیژی جێبەجێ دەکات کە کاریگەرییەکەی لە لێدان و جوێندان کەمتر نییە. ئەم حاڵەتانە بە خۆشەویستی ڕاستەقینە، بە گفتوگۆ و ڕاستگۆیی چارەسەر دەکرێن. گفتوگۆ لە پێناوی ناسین و کەشفکردنی بەردەوامی یەکتری، نەک تەنیا بۆ دەربڕینی هەستی پێزانین و پیاهەڵدان و ڕێزلێنان لە یەکتری.

لە ڕووی وجوودییەوە مرۆڤ بوونەوەرێکی تەنیایە، بە تەنیا لە دایک دەبێ و بە تەنیاش سەر دەنێتەوە، بەڵام لە دەرەوەی مانا وجوودییەکەی تەنیایی واتای دابڕان و گۆشەگیریش دەگرێتەوە. کورد وەکو نەتەوە لە ڕووی مێژووییەوە تەنیا و دابڕاوە. ئەمە ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤی لەسەر سایکۆلۆژییەتی مرۆڤی کورد هەبووە کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و عاتفیشەوە تەنیا و دابڕاوی کردووە، تەنیایی و دابڕانێکی سەپێنراو، نەک ئیختیارکراو، چونکە تەنیایی ئیختیارکراو لە ئازادیدا بەرجەستە دەبێ. بە مانایەکی دیکە، ئازادی سەلماندنی تەنیاییە. لە وڵاتی ئێمەدا مرۆڤەکان هەموویان لەناو تەنیاییدا دەژین، بەڵام وەکو فیزیک تەنیا نین، مافیان نییە تەنیا بن، چونکە ئازاد نین. تەنیا بوون لەناو گرووپ، هەروەکو نیتشە دەڵێ ئازاری لە تەنیایی فیزیکی زیاترە. مەبەستم ئەو تەنیاییەیە کە مرۆڤ تێیدا بتوانێ خۆی بێت، سەربەخۆ بێت، موڵکی خێزان و خێڵ و کۆمەڵگە نەبێت. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەموو تەنیان و کەس بە تەنیا نییە. لەو پێکەوەبوونە سەپێنراوەی کۆمەڵگە خۆشەویستی و جوانی ون دەبێ، بەتایبەتی کاتێ ژیانی کۆمەڵایەتی خاسیەتی متمانە و سۆلیدارایەتی و ڕاستگۆیی لە نێوان تاکەکان ناهێڵێ و هەمووی دەبێتە ترس و گومان و کۆنترۆڵ، تاوانەکانی نامووسپەرستیش لەوەوە سەرچاوە دەگرن. بە کورتی لە کۆمەڵگە پیاوسالار و پۆلیسییەکاندا و لەژێر سایەی ڕژێمە دیکتاتۆرەکاندا، مرۆڤ دەبێ دووڕوو بێ، خاوەنی دوو کەسایەتی بێت: کەسایەتییەکی ناوەوە و تایبەت و نهێنی کە ناتوانێ خۆی دەربڕێ، یان ڕاستگۆیی بە مەترسی دەزانێ، کەسایەتییەکی گشتی و دەرەکی کە بۆ خەڵک و کۆمەڵگە وەکو ئەکتەر خۆی دەنوێنێ. ئەمە لەسەر سایکۆلۆژیەتی مرۆڤی ئێمە زۆر کەوتۆتەوە و لە خۆشەویستی نێوان ئافرەت و پیاویشدا ڕەنگی داوەتەوە.

* ئەی ڕوانینت بۆ عەشق چۆنە؟

– عەشق هەروەکو ئێریک فرۆم دەڵێ هونەرە و چەشنی هونەریش ڕاهێنان و خۆپەروەردەکردنی دەوێت، ئێمە دەبێ هونەرمەند بین بۆ ئەوەی بە پڕی و هارمۆنی لە خۆشەویستیدا بژین و ئەزموونی بکەین. چەشنی پیانۆژەنێک، ئەگەر بە هونەری پیانۆژەنین ئاشنا نەبین، ئەوە ناتوانین مۆسیقا بژەنین. ئەگەر ژەنیمان، ئەوە نەشاز دەردەچێت، لە عەشقیشدا، ئەگەر شارەزای هونەری عەشق نەبین، ئەوە ناتوانین عاشق بین و جوان عەشق بکەین، یان چەشنی باخچەوانێک کە ئاشنای ڕەنگ و بۆی خۆڵ و هەناسەی زەمین و ئەو ئاوەی کە لەناو خۆیدا هەڵیگرتووە نەبین، ناتوانین باخچەیەک خەڵق بکەین، نەمامێک پەروەردە بکەین. کاتێ بە نەشارەزایی خۆمانی لێدەدەین، ئەوە ئەو نەمامە دەشکێ، بەسەرماندا دەشکێتەوە و وێرانمان دەکات.

لە عەشقدا «لەش دەبێتە گەڵا، سەریش کەمانچەیەکی ئەفسووناوی» و لەسەر ڕیتم و هەناسەی زەمین سەما دەکەین. لەم پێوەندییەدا بەقەد ئەوەی تۆ بەر کەسێکی دیکە دەکەوی لە دەرەوەی خۆت، بەقەد ئەوەی ئەوی تر دەناسی و پێی دەگەیت، بەقەد ئەوەش بەرخۆت دەکەوی، خۆت دەدۆزییەوە و بەخۆت دەگەی. بەخۆت ئاشنا دەبییەوە، بە ڕابردوو، بە ئارەزووە بەتینەکان، بە خرۆشانە ڕوحییە خوداییەکان. ئا لێرەدا گرنگە ئەو خودە بزوێنەرەی دەرەوەی من لە ئاستی ئەو هەڵچوون و ئارەزوو و سۆزەی ناخی مندا بێت، لە ئاستی جووڵەی خودایی و خرۆشانی ڕوحی منی عاشقدا بێت تا ببێتە فەزایەک کە من تێیدا هەست بە یەکانگیری بکەم، بە کۆکراوەیی پارچە تەنیا و دابڕاوەکانی خود تا وەک یەکەیەک بەو ڕیتمە خوداییە هەڵچین، سەما بکەین و بێینە گۆ، دواتر بێینەوە لای خود، لای ئەوی تر، لای خۆشەویستی. ئەمەش تا ڕادەیەک پێوەندی بە ڕوانین و تێگەیشتنی کەسی عاشقەوە هەیە بۆ عەشق. دەشێ ئەو عەشقە و کەسی خۆشەویست لە ڕوانینی من و منیش لە

ڕوانینی ئەودا ببینە ئەو ئاوێنە سیحرییەی کە بتوانین خۆمانی تێدا بدۆزینەوە.

خۆمانی تێدا بخوێنینەوە، مەودا نادیارەکانی زەمەن، واتە منداڵی و داهاتووی تێدا ببینین، ژیان و جیهانێکی جوانی تێدا بنیاد بنێین، ئەمەش نەک وەکو پێکچوون و مۆنۆلۆگ و خۆ دووبارە کردنەوە و کلۆنکردنی خود، بەڵکو بە تەبایی و ڕێز لێکنان و تێگەیشتن و پێگەیشتن و خۆدەربڕین و ڕاستگۆیی، بە پێکەوەبوونێکی ئارام و هارمۆنی.

پێکەوەبوونێک لە دەرەوەی پێوەندییەکانی هێز و دەسەڵات، لە دەرەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە باوەکان و بەرژەوەندییە تەسک و ماتیریالییەکان.

مرۆڤ بە کۆمەڵێک چاوەڕوانی و ئومێدێکی زۆرەوە دەچێتە ناو حاڵەتی عەشق، بەڵام مەرج نییە پێیان بگات. دوای گەیشتنیش بە کەسی خۆشەویست، لەوانەیە ئەوی تر و پێوەندییەکە ئەو جۆش و خرۆشە نەبەخشن. من لەگەڵ ڕای سوقراتم کە لە خوانەکەی ئەفلاتووندا دەڵێ «عەشق واتە غیاب». بە مانایەکی دیکە، غیابی کەسی خۆشەویست دەبێتە ئەو سێبەرەی کە خرۆشان و ڕیتم و مۆسیقا دەبەخشێ بە ڕوحمان، لە واقیعی تاڵ دامانده‌بڕێنێ و بۆ ئاستێکی دیکەی بوون بەرزمان دەکاتەوە، ئاستێکی باڵا و جوانتر لە پێکەوەبوونێکی ناشیرین کە عەشق تێیدا لە ئاستی شیعرەوە بۆ ئاستی پەخشان دادەبەزێ. جیاوازی نێوان عەشق لە غیابی یار و عەشق لە پێکەوەبوونێکی فەرزکراو و هەمیشەییدا، هەروەکو بیرمەندی فەرەنسی ئیدگار مۆران دەڵێ، وەکو جیاوازی نێوان شیعر و پەخشان وایە.

* چۆن سەیری ئافرەت بوونی خۆت دەکەیت؟ ئەم پرسیارەت بۆیە ئاراستە دەکەم، چونکە کە شیعرەکانت دەخوێنمەوە و هەمیشە لەگەڵت دەدوێم، ئەو هەستەم لا دروست دەکەیت کە تۆ پڕیت لە ناسکی ژنێکی کامڵ و پڕاوپڕ هەست بە ژنبوونت دەکەیت.

– من شانازی بە ئافرەت بوونی خۆمەوە دەکەم، بەڵام ئافرەت بوون وەکو کاتیگۆرییەکی کۆمەڵایەتی و ژێردەستە و دەستەمۆ نا، بەڵکو وەکو مرۆڤێکی ئازاد و هۆشیار. من لە ئافرەت بوونمدا ئازاد و جوان دەژیم، ئەم ئازادی و جوانییەش بەرهەمی هۆشیاری و کار و پێگەیشتنە وەکو مرۆڤێکی عاشق، وەکو دایک، وەکو شاعیر و نووسەر. ئەزموونێک کە فۆرمە تەقلیدییەکانی ئافرەت بوون و دایکبوون ڕەت دەکاتەوە و ئەو خاسیەتانە بەرجەستە ناکات کە کۆمەڵگە تەقلیدییەکان لە ئافرەت داوای دەکەن. ئەگەر بمانەوێ بە پڕی و بە جوانی بژین، دەبێ بەرگری بکەین و خۆمان ئازاد بکەین، ئەو سنوورانە بشکێنین. کە ئافرەت نزم و لاواز و بێ توانا دەکەن و لە خەیاڵی گشتیدا بە کەمتر لە پیاو دەیناسێنن. بۆ ئەمەش دەبێ ڕۆشنبیر و ڕۆشنبین و هۆشیار و چالاک بین، خۆمان لەو کارانەی کە دەیانکەین بدۆزینەوە، واقیع بهێنینە ئاستی خەون و شیعر و جیهان و ژیان لە دەوری خۆمان ڕێک بخەینەوە، بەڵێ دەبێ جیهان و ژیان لە دەوری خۆمان ڕێک بخەینەوە، چونکە جیاوازی ئافرەت و دەرچوونی لەستاتوی تەقلیدی و باو، وا دەکات کە پیاویش بگۆڕێت و ژیانی خۆی لە دەوری کەسایەتی و پێداویستییە نوێیەکانی ئافرەت و پێکەوەبوون و خۆشەویستیدا ڕێک بخاتەوە. بەم شێوەیە کۆمەڵگەش گۆڕانکاری بەسەردا دێت. من دەنووسم، کەواتە من هەم. کاتێ بەو ئازادی و عەشق و خودە پڕەوە دێینە لای یەکتری، ئەوە لە یەکتری ناترسین، گومان لە یەکتری ناکەین و بە باوەڕ و ڕاستگۆیانە و لە ناخەوە دەدوێین، ئەمەش وادەکا لەناو یەکتریدا شتێکی جوان جێ بهێڵین کە لەوانەیە ببێتە سەرچاوەی ئیلهام، سەرچاوەی ڕوانینێکی جوانتر بۆ ژیان، سەرچاوەی جیهانێکی مرۆڤانەتر. لە لای ئێمە هەر وەکو پێشتر وتم، مرۆڤەکان بە پڕی لەگەڵ یەکتری نین، پێوەندییەکان هاوسەنگ و ناخەکی نین، هەمووی سڵ لەوی تر دەکاتەوە و بە لاوەکی بەناو ئەوی تردا تێدەپەڕێ، مرۆڤەکان بەریەک دەکەون و بەیەکتری ناگەن، بەریەک کەوتنەکانیش زۆرجار پڕ زەبروزەنگ و ئازارن، بەتایبەتی لە نێوان ئافرەت و پیاودا. لەو جۆرە پێوەندییانەدا مرۆڤەکان ڕێز و جوانی و ناسکی خۆیان و یەکتر نابینن، خاڵ و هێما پۆزەتیڤەکانی خۆیان و یەکتر ناخوێننەوە، ئەگەر بشیانبینن، لە جیاتی ئەوەی ڕێزیان لێبنێن و بەدەریان بخەن، ئەوە چاویان لێدەپۆشن و خاڵی نێگەتیڤ زەق دەکەنەوە. کۆمەڵگەی ئێمە توانای بینینی جوانی نییە، بۆیە ناتوانێ دروستیشی بکات. ئافرەت بوون بۆ من یەکسانە بە ئازادبوون.

* دەمەوێ باسی جیاوازی ئافرەت و پیاو بکەیت، ئەو جیاوازییانەی دەبنە هۆی جوانی و ناشیرین کردنی پێوەندی نێوانیان، ئەو جیاوازییانەی کە حاڵیبوون لێیان دەبێ بەشتێکی پێویست بۆ لە یەک گەیشتن. وا بیر ناکەیتەوە تێنەگەیشتن لەو جیاوازییانە بەدحاڵیبوون دروست دەکات؟ با نموونەی ئەو وەڵامەی بەختیار عەلی

بهێنمەوە لە کاردانەوەی بەرانبەر نامە کراوەکەی تۆ دەربارەی (نامەیەکی کراوە بۆ برا ڕۆژنامەنووسەکانمان) کە لە ڕۆژنامەی هاووڵاتیدا بڵاوی کردبۆوە. بۆچی بەختیار عەلی نەیتوانیوە لە گوتارەکەی تۆ تێبگات لە حاڵێکدا تۆ بە شێوازێکی فیکری و جوان ڕوونکردنەوەیەکت نووسیبوو؟ بۆچی نەیتوانی بەرگەی ئەو گوتارەی تۆ بگرێت؟ تۆ چۆن دەڕوانیتە ئەو مەسەلەیە؟ ئەو بەدحاڵیبوونە، یان ئەو کاردانەوە توندە چی لای تۆ دەگەیەنێ؟ ئەگەر بکرێت بە زمانی تایبەت بەخۆت شیکردنەوەیەک بۆ ئەو حاڵەتە بکەیت.

– لە ڕاستیدا ئەمە پێوەندی بە جیاوازی ئافرەت و پیاوەوە نییە، بەڵکو پەیوەستە بە پێکهاتە و عەقڵیەتی توێژی ڕۆشنبیری لای ئێمە. پیاوی ڕۆشنبیری کورد کە گەیشتە ئاستێک و خەڵکی لە دەور کۆبۆوە، وەکو فیۆداڵێک ڕەفتار دەکات و خۆی لەسەرەوەی گشت دەبینێ و دەکەوێتە ناو وەهمی ئەوەی کە لە دەرەوەی ڕەخنەیە. هەر کەسێکی ڕەخنەشی لێ بگرێ، ئەوە تووڕەی دەکات. وەڵامەکەی بەختیار عەلی کە لە ڕاستیدا وەڵام نییە بۆ نامە کراوەکەی من، بەڵکو وەڵامی پرسیارێکە لەسەر نامەکەی من کە لە گوتارەکەی من نەگەیشتووە، گوزارەیە لەو حاڵەتی تووڕەبوون و هەڵچوونێکی دەروونییە. ئەمەش زیاتر باری سایکۆلۆژی بەختیار عەلی پیشان دەدا لەبەردەم گوتارەکەی من و واشی لێکردووە لێکدانەوەی ناکۆک بخاتە ڕوو؛ لە لایەک ئەو دەڵێ نامەکەی بۆ چەند برادەرێکی خۆی نووسیوە کە هەموویان پیاو بوون و بۆیە بە (برا ڕۆژنامەنووسەکانمان) ناوزەدی کردوون، لە لایەکی دیکەشەوە بە شێوازی خۆی دەڵێ ئەمە دەسەڵاتی زمانە کە خاسیەتی جێندری بە زمان بەخشیوە و ئەویش پەیڕەوی ئەو سستەمە دەکات و ناتوانێ لێی لابدات، چونکە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەوە وەکو تاک. ئەمەی دوایی نەک هەر تەنیا لەگەڵ وتەی یەکەمی یەکانگیر نییە، بەڵکو ناکۆکە لەگەڵ ئەو تێزانەی کە ئەو دەربارەی ئازادی و عەقڵی ئازاد دیانخاتە ڕوو. ئەو ڕای وایە کە ئازادی شتێکی جەوهەرییە و لەگەڵ مرۆڤ لە دایک دەبێ، بەڵام لێرەدا پێچەوانەی ئەو تێزە دەوەستێت و خۆی وەکو تاکێک پیشان دەدات کە گۆشکراوی سستمێکی زمانەوانییە (لینگویستی)، سستمێک کە ئەوی کردۆتە زادەی ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە و سنووورداری کردووە. واتە سستمە لینگویستییەکە بیری ئەوی نەخش کردووە و وەکو هابتیۆس کردەوە و گوتاری ئەو دیار و ئاراستە دەکات. لێرەدا خۆی تێزی خۆی بۆ ئازادی وەکو حاڵەتێکی سروشتی بەتاڵ دەکاتەوە. ئەگەر هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و زمانەوانییەکان وەکو هابیتۆس سستمی بیر و کردەوە و گوتاری ئێمە دیاری بکەن، ئەوە ڕۆڵی مرۆڤی ڕۆشنبیرە کە پەردە لە ڕووی ئەو سستمە هەڵماڵێت و ئەو میکانیزمیەتە بگۆڕێت کە لە ئازادی ئەو دەدات. بەختیار عەلی لە نووسینەکانیدا تەحەددای هەموو سستمێکی ناتەواو دەکات، بەڵام وا پێدەچێ لە پراکتیکدا و لەمەڕ ئەم پرسەیە دەستەمۆی هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و زمانەوانییەکان بێت، کەموکوڕییەکە لەلای بەختیار عەلی لە پێکهاتەی فیکری و چۆنیەتی بیرکردنەوەدایە، واتە لە ناوەوەی ئەوە نەک تەنیا لە دەرەوەی. ئەگەر ئاوا بۆی بڕوانێت، ئەوە ئەو کاتە دەزانێت کە ئەوی تاک لە جەوهەردا ئازاد نییە و دەستکردی ڕێسا و نۆرمەکانە و وەکو ڕۆشنبیریش دەتوانێ کاریان لەسەر بکات و بەرگری بۆ دروستکردنی گۆڕان بکات. بەختیار عەلی نابێ نکوڵی لەوە بکات کە ئەو حاڵەتە لەباری نائاگایی ئێمەی سەر بە کولتووری پاتریارکیدا جێگیربووە و دەبێ بە ئافرەت و پیاوەوە کار بۆ گۆڕینی بکەین. ئەوە تەنیا لە دەرەوە و سستمێکی سەپێندراو نییە بەسەر تاک، بەڵکو ئاراستە و بیر و گوتاری تاکەکان دیاری دەکات و لەو ئاستەدا کەموکوڕییەکی ناوەکییە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو لە نامەکەی من تووڕە بووە، هەروەکو وتم وەڵامەکەشی گوزارەیە لەو تووڕەییە، هەوڵی نەداوە لە گوتارەکەی من تێبگات و یەکانگیر بێت لە دەربڕین لەمەڕ ئەم پرسەیە. ئەمە بە تەنیا کێشەی بەختیار عەلی نییە؛ لە وڵاتی ئێمە زەمینەیەک هەیە، زەمینەیەکی ترسناک بۆ دروستکرنی کولتووری کەلت (cult) و دەروێشچییەتی و پەرستنی شەخسی کە مایەی سەرلێشێوان و مەینەتییە بۆ ڕۆشنبیر و نووسەرانی ئێمە. خۆ ئەگەر تێزی ویلهێلم ڕایخ وەکو نموونە بهێنمەوە، ئەوە دەبێ بڵێم سایکۆلۆژییەتی گشتی پشت ئەو پەرستن و کولتووری کەلتە مۆدێلێک لە فاشیزم لەلای ئێمە پیشان دەدات؛ مۆدێلێک کە لە پێناوی فراژووکردنی ئیماژ و بەهای تاکی پەرستراو کە لە وێنەی باوک، برا و کاکەدا بەرجەستە دەبێ، ئەوانی تر هەموو بە بچووک و منداڵ و

**کۆمەڵگەی ئێمە توانای بینینی جوانی نییە، بۆیە ناتوانێ دروستیشی بکات**

لاواز دەبینیێ. هەر ئەو زەمینەیە کەسێکی وەکو بەختیار عەلی وا لێ کردووە کە ڕەخنە قبوڵ نەکات؛ ئەو بە دوو جۆر گوتار ئاشنایە: گوتاری ستایش و پیاهەڵدان لەگەڵ گوتاری هێرشکردن، یان دەتوانم بڵێم جوێن و ڕیسواکردن. من لە نامەکەمدا ئاماژەم بەوە داوە کە گوتارەکەی من لە دەرەوەی ئەو دوو جەمسەرەیە و (دیالۆگ) مەبەستییەتی نەک (مۆنۆلۆگ) و جوینەوەی قسەی باو و هێرشکردن، واتە دروستکردنی پرد نەک دیوار، بەڵام وەڵامەکەی کاک بەختیار کە سەر بە تۆنێکی ڕەقئامێزە، سەلماندی کە ئەو قوربانی ئەو کولتوورەیە و لەو دوو جەمسەرەشەوە دەڕوانێتە وتن و ئامادەش نییە بۆ گۆڕان، چونکە دانی پێدا نانێت.

* ئەو حاڵەتە پێوەندی بەوەوە نییە کە تۆ ئافرەتی و ئەویش پیاو؟

– ئەمە پێوەندی نییە بە جیاوازی بایۆلۆژی نێوان ئافرەت و پیاوەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئافرەت و پیاو بوونەوەری سۆسیالیزەکراون و بە پرۆسەی کولتووری و کۆمەڵایەتیدا دەڕۆن، واتە ئەزموونێکی گشتی مێژوویی دروستیان دەکات و ئاراستە و شێوازی بیرکردنەوە و گوتاریان دیاری دەکات، ئەوە جیاوازی لە گوتار و بیر و بۆچوونیان هەیە. لە پێوەندی بە باسەکەمانەوە، جیاوازی ئافرەت و پیاوی نووسەر و ڕۆشنبیر لەوەدایە کە ئافرەت کاتێک دەگاتە ئاستی وتن و خۆدەربڕینێکی عەقڵانی و خوێندنەوەیەکی بابەتییانە بۆ واقیع، ئەوە بە پرۆسەی بەرگریدا تێپەڕیوە و زۆر سنووری بڕیوە، چونکە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دەرگاکان لەبەردەم پێشکەوتنی ئافرەت داخراون و هیچ زەمینەیەکی لەبار نییە بۆ ئەوەی ئافرەت بە کردەیی و کاریگەرانە تێکەڵی بواری گشتی بێت و لە ئاڵوگۆڕی فیکری و کولتووریدا بێت لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا. ئەو ئافرەتانەی بەو ئاستە گەیشتوون کۆمەڵێک دیواریان بڕیوە، سەرپێچی سستەمە چەسپاوەکانی ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسییان کردووە و خۆیان ئازاد کردووە.

ئەوان لەم ئازادییەوە دێنە گۆ و ڕاستەقینانە خۆیان دەردەبڕن. واتە ژنانی شاعیر و نووسەری ڕاستەقینە (مەبەستم لە ڕاستەقینە ئەوەیە کە بە عەقڵی پیاو بیر نەکەنەوە و سەربەخۆ و ئازاد بن) یەکانگیرن؛ قەناعەت و ڕەفتاریان یەکە، ئایدیا و پراکتیکیان، وتن و ئەزموونیان هاوتایە، بەڵام بۆ زۆربەی پیاوان ئەمە جیاوازە؛ کەم پیاوی کورد هەیە قەناعەت و ڕەفتاری یەک بێت و ئایدیا و وتەکانی گوزارە بن لە ئەزموونی خۆی. کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەی پیاوە. بوارە گشتییەکان بە پیاو تەنراون و دەرگاکان لەبەردەم پیاودا کراونەتەوە.

مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەموو بوارێک بۆ پیاو ڕەخساوە تا لە بواری تایبەت و چوارچێوەی خێزان و ناوماڵ بێتە دەرەوە و تێکەڵی بواری گشتی بێت و لە ئاڵوگۆڕییە فیکری و ئابووری و سیاسییەکاندا بەشداری بکات. هەر سستمێک ئەو بەندەی بێت و هەوڵی گۆڕانی نەدات ئەوە ئازادی ئەو دەخاتە ژێر پرسیارەوە و وەکو تاکیش پەراوێزی دەکات، بەڵام دیارە لە بەرژەوەندی ئەوەدایە کە سستمی کۆمەڵایەتی نەگۆڕێت، پێوەندییەکانی ئافرەت و پیاو وەکو خۆیان بمێننەوە، واتە ئافرەت لەناو ماڵ و لە خزمەتی ماڵ و منداڵدا خۆی ببینێتەوە و پیاویش وەکو سەردار و زاڵ فەرمان بگێڕێت. ئەو لەوانەیە هەوڵی بەدەستهێنانی ئازادی سیاسی بدات، بەڵام گۆڕینی پێوەندییەکانی جێندر و یەکسانی ئافرەت و پیاو بە گرنگ و لە بەرژەوەندی خۆی نابینێت، لێکۆڵینەوە سۆسیۆلۆژییەکان ئەوە دەسەلمێنن کە لەژێر حوکمی دیکتاتۆری و حاڵەتی شەڕدا، پیاوان لە ماڵەوە پراکتیکی سستمە چەوسێنەرەوەکان دەکەن و هەمان چەوسانەوە و توندوتیژی و زۆرداری لە ناوماڵ بەرهەم دێننەوە.

لێرەدا بە تەنگەوەهاتنی پیاو بۆ ئایدیالی دیموکراسی زیاتر هەڵوێستێکی عەقڵانییە، نەک تێکەڵ بە خود. ئەو کە کار دژی دەسەڵاتی سیاسی و بانگەشەی دیموکراسی و دادوەری دەکات، باوەڕی بە ئازادی و مافی ژن نییە بەو شێوەیەی کە منی ئافرەت دەمەوێ و پێڕەوی دەکەم، بەڵکو تا ئەو ئاستە بەرگری لێدەکات کە بەرژەوەندییەکانی خۆی نەکەونە مەترسییەوە. ئازادی ئافرەت و دابینکردنی مافەکانی لەسەر ئاستی یاسایی و کۆمەڵایەتی، دەبێ ببێتە هۆی دروستکردنی گۆڕانێکی ڕادیکاڵانە لە ڕێکخستنی کۆمەڵگە و خێزان، لە پێکهاتەی بیر و کاردا. واتە ئازادبوونی ئافرەت ئەوە دەخوازێ کە پیاو دووبارە شوێن و ڕۆڵ و ئەرکی خۆی لە کۆمەڵگەدا پێناسە بکاتەوە، بەداخەوە تا ئێستا لە سەرانسەری جیهان ئەو خۆدووبارە پێناسەکردنەوە ڕووی نەداوە، دیارە لە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی و ترادیسیۆنالی وەکو کورد ئەوە زۆری ماوە، بەتایبەتی کاتێک چینی دەسەڵات لە ناو کورددا بایەخی پێ نادات و ڕۆشنبیری کوردیش بە کردەوە سستمە کۆنەکە جێبەجێ دەکات و

خۆی تێدا دەدۆزێتەوە.

* کچێکی هاوڕێم دوای دانیشتنێکی دۆستانە لەگەڵتدا پێی وتم: هەستم کرد لەگەڵ فروغی فەرڕوخزاد دانیشتبووم. ڕاست دەکات، من زۆر لە فروغەوە نزیکم بە هۆی شیعرەکانی و وەرگێڕانی ئەو نامانەی کە بۆ هاوسەرەکەی نووسیونی. تا چەند بەو ژنە ئاشنایت؟ ئایا هەست ناکەیت زمانی شیعری تۆ و فروغ بە چەشنێک لەیەک دەچن؟

– ئەوە ڕێزلێنانێکی زۆرە بۆ من و سوپاس بۆ ئەو هەستە، بەڵام لە ڕاستیدا من ئەوەندەی تێکەڵی جیهانی شیعری شاعیرانی وەکو سیلڤیا پلات و ئیلیزابێت جێنینگز بووم، یان ئەوەندەی کاریگەری ژیانی سیمۆن دوبوڤوار و ماریا کالاس و هونەرمەندی سەماکار ئیزادۆرا دەنکن–م لەسەرە، ئەوەندە لە فروغ نزیک نیم. من پێشتر فروغم خوێندۆتەوە و لەگەڵ هاوڕێیانی زانکۆ و دواتر پاریسم، دلاوەر قەرەداغی و موحسین ئەحمەد عومەر و فەرهاد پیربال زۆر جار گفتوگۆمان لەسەر جیهانی شیعری ئەو شاعیرە مەزنە کردووە، بەڵام ماوەیەکی زۆرە من لە ئەو دابڕاوم. لەوانەیە ئەوەی ئەو هەستە دروست دەکات ئەوە بێت کە منیش وەکو فروغ ژنێکی سەر بە کولتووری ڕۆژهەڵاتم و مێژوویەکی کۆمەڵایەتی هاوچەشنمان هەیە، لەوانەیە دەربڕینی شیعریمان لەو ئەزموونە لە لای خوێنەر پێشنیاری ئەو پێکچوونە بکات. ئەوەی شاعیر و نووسەر و هونەرمەندانی ئافرەت لێک نزیک دەکاتەوە، ئەو گوزارە ڕاستەقینەیە لە هەست و سۆز و ئیحساسی ڕۆژانە، بەتایبەتی لە خۆشەویستیدا.

* دیسان ناوی خۆشەویستیت هێنا، دەتوانین بڵێین تۆ ئافرەتێکی هەمیشە عاشقی؟

– عەشق بۆ من سەرچاوەی ئیلهام و ژیانە و هەموو شتەکان لەوێوە دەست پێدەکەن، بەبێ عەشق هیچ شتێک پاکانە بۆ وجود ناکات. من هەمیشە عاشقم، عەشق بە مانا گشتییەکەی؛ ئەو ئارەزووە بەتینە، ئەو خرۆشانە ڕوحییە من بەرێوە دەبات لە کار، لە نووسین، لە چالاکی و پێوەندییەکانم. من پڕم لەو پاسیۆنە، لەو جۆش و هەیەجانە ڕوحییە، دەزانی ژیانێ کە هیچی لێ نەبەمەوە و هیچی لێ نەدۆزێنم تووشی ناڕەحەتیم دەکات. وەکو مردنێکی هێواش دەیبینم. لەم خرۆشان و عەشقەش من دەبمە پانتاییەک و ئەوی تر لە ناومدا هەناسە دەدات، پێوەندییەکی ڕوحانی مەزن کە تێیدا بەدوای ڕەزینی و حیکمەتێکدا دەگەڕێم، لەوانەیە حیکمەتی دایکم بێ.

دەزانی ئەو ناسکییەی کە لە پرسیارێکی پێشووشدا باست کرد پەیوەستە بە عەشقەوە، چونکە مرۆڤ لە عەشقدا ئەوەندە ناسک دەبێ، چەشنی کریستاڵ لە شکان و کەوتن نزیک دەبێتەوە، ئەمەش وا دەکات لە ڕوح نزیک بین و بەهای شتە بچووکەکان، بەهای پێوەندییەکان و جوانییەکان بگرین و ناسک بژین. من لە پێوەندیم لەگەڵ شتەکان، لەگەڵ کەسەکاندا، هەستی ئەوەم لا دروست دەبێ کە ئەو پێوەندی و نیگا و دانیشتن و گفتوگۆیە، دوا پێوەندی و نیگا و دانیشتن و گفتوگۆ بێت، بۆیە زۆر بە پڕی و لە ناخەوە تێیدا دەژیم.

* ئەی وەک فێمینیست لە کوێی ئەم هاوکێشەیە دایت؟

– لە ڕاستیدا من فێمینیست نیم بە مانای کەسێکی پارتیزان، یان وەکو ئایدیۆلۆژیا. تێکەڵبوونی من بەکاری ڕێکخراوەیی لە ڕێگای لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکانمەوە دروست بووە و لە کاری ڕێکخراوەییشدا کەمتر سەرکەوتوو بووم. من لەم بوارەدا شانازی بە کار و چالاکییەکانم دەکەم و بەردەوامیشم لەسەر ئەو کار و چالاکیانەم. دەزانی زۆرجار پێم وتراوە «تۆ شاعیری و چیت داوە لەم چالاکییانە»، لە وەڵامدا وتوومە و ئێستاش دەیڵێمەوە: شاعیربوونی من مەودایەکی فراوانتر بە هۆشیاری و تێگەیشتن و خوێندنەوەم بە واقیعی کۆمەڵگە دەبەخشێ، بۆ پێوەندییەکانی جێندر لە کوردستان و بە ئەرکی مرۆڤانەی خۆمی دەزانم کە لە بەرانبەر چەوسانەوە و توندوتیژییەکانی دژ بە ژنانی وڵاتەکەم و تاوان و کوشتنەکانی ناموسپەرستی بێ دەنگ نەبم. لەم بوارەدا، کاری سەرەکی من لەسەر تاوانەکانی ناموسپەرستی بووە؛ بێ دەنگبوون لە ئاست ئەو تاوانانە بۆ کەسی هۆشیار و بە ئاگا وەکو بەشداریکردن لە تاوانەکان وایە کە بە نهێنی و شاراوەیی و ترس پشت ئەستوورن. شاعیربوونیشم لە پاڵ کارە ئەکادیمییەکانم، وا دەکات جوانتر بێمە گۆ و زیاتر لەسەر بەرگری لە ماف و ئازادی هاوڕەگەزەکەم سووربم. وەکو شاعیر و نووسەر ئەرکی سەرەکی من وتنە، وتن وەکو شکانی بێ دەنگی، وەکو بەهێزکردنی دەنگی ستەم لێکراو و چەوساوەکانی وڵاتەکەم، بەهێزکردنی دەنگی دایکم کە لە دوازدە ساڵی بە پیاوێکی پیر بەخشراوە و لە سێزدە ساڵیدا بێوەژن کراوە. بەڵێ وەکو شاعیر و نووسەر ئەرکی سەرەکی من وتنە: وتن وەکو جێبەجێ کردنی ئازادی.



## پەیوەند جاف:
## بە تەنیا فۆلكلۆر نەتەوەیەک تێر ناكات، دەشمەوێت بەشێوازێكی مۆدێرن گۆرانی بڵێم و كارێک بكەم لەناو گەنجەكاندا دەنگدانەوەی باشی هەبێ

خەون بەداهاتوویەكی پڕشەنگدارەوە بینین و ئاوات بۆ ڕابردوویەكی زێڕین خواستن، لەگەڵ سستی و تەوەزەلی دۆخ و نەزۆكی لە دەگمەنی داهێنانی هونەری و زانستی و ئەدەبیدا، تەنگی بە تامەزرۆیانی خاوەن بوار هەڵچنیوە. هەڵپەی گەیشتنەوە بەڕەوت و چاوسووركردنەوە و پاشقول دانی هەلومەرج، ڕوحی یاخی بوونی نوێخوازی بەرەو هەڵدێری دووبارەبوونەوە و لەڕێ لادان و خراپ هەنگاونان بردووە.
گۆرانی و موزیكی كوردی و هەموو ژانرەكانی دیكەی كولتوور ناتوانن لەو خەونەدا نوقم نەبن كە تاجی سەروەری بۆ كۆشكی نەتەوەی چەوساوە، دەگەڕێنێتەوە.
نەبوونی پشتیوانی ئابووری و دەقی شیعری بەهێز و جوان...تاد تا هەنووكە چۆكیان بەگەنجانی خاوەن خواست شل نەكردووە و شێلگیرترن لەبەردەوام بوونیان بۆ مسۆگەركردنی ئاواتەكانیان. پەیوەند جاف، دەخوازێت سترانی كوردی بگەیەنێتە ئاستی جیهانی و لەو پێناوەشدا هەوڵی بۆ دەدات. ئەگەرچی ڕێگە سەخت و پڕ لە كەند و پڕ لە هەڵدێر و گەوەیە، بەڵام هێزی گەنجی و ڕوحی داهێنان و ویستی گۆڕان لە پەیڤەكانیدا دەبینرێت.

**دیمانە: خەبات ڕەسوڵی**

* سـەرەتا حـەز دەکـەم بێـینە سـەر باسی سـەردەمی منداڵی و خێزان و شاری لەدایک بوونت، منداڵیت چۆن تێپەڕکرد؟

– من لە شـاری هەڵەبجـەی شـەهیـد لەدایک بووم و لەشـاری سلێـمـانی گـەورە بـووم. سـەرەتا منداڵیم وەک هەمـوو منداڵەکـانی تر منداڵێکی بزێو بووم، بەڵام من هەر لە منداڵییەوە حەزم لەگۆرانی کردووە.

* کەنگی بوو هەستت کرد دەنگت خۆشە و دەتوانیت گۆرانی بڵێیت و خەڵک چێژ لەدەنگت وەردەگرن؟

– لە قۆناغی سەرەتاییەوە من هەستم بەو شتـە کرد، لەبەر ئەوەی ئەوکـات کـە لە قـوتابخـانە سـروودی نیشتیمانی دەگوترایەوە، کە چەند جارێک پێیان دووبارە دەکـردمـەوە، مـن هەسـتم بـەوە دەکـرد دەنگم خـۆشـە و لەوانەیە بتوانم شتێک بڵێم.

* ڕۆڵی بنەمـاڵەکەت لە هاندانت بەرەو گۆرانی گـوتن لەسەردەمی منداڵیدا تا چ ڕادەیەک بوو؟

– مـن وەکـــو بنەمـــاڵە کـــەس هانـدەرم نەبـووە و بە پێـچـەوانەوە ڕێگر بوون. بەپێی بارودۆخی کـۆمـەڵایەتی لەو سـەردەمـەدا بەتایبـەتی ئەوە ئاسـان نەبوو، خـۆت دەزانیت بەتایبـەتی لەو سـاڵانەی دوایـیـدا هونەر بـڕێک گرنگی پێ دراوە و خەڵک دەتوانێت بڵێت هونەرمەندم، یان لەو بوارەدا کـاردەکەم، پێـشـتـر ئەمـەیان بەکـارێکی نەنگ زانیوە. لەو سەردەمەدا منیش هیچ کەسێک نەبوو پشـــتگیـــریم بکات و ڕێگەیەکم بۆ دابنێت بۆ ئەوەی لەکاری هونەریدا بەردەوام بم، بەڵام خۆشبەختـانە چونکە حەزم لە کارەکەی خۆم بوو لەسەری بەردەوام بووم.

* هۆکـاری پشـتـیـوانی نەکردنی بنەماڵەکـەتان چ بوو، ئـایا ئەوان حـــەزیان نەدەکـــرد کـــوڕەکـــەیان وەک هونەرمەندێک بناسرێت، یان باری ئایینی نەیدەهێشت؟

– نەخـێـر باری ئاییـنی نەبوو، ئێـمـە بنەمـاڵەیەکی ناوداریـن لە کـوردسـتـانـدا، بەگـزادەی جـافین، لەبەر دابو نەریتی کۆمـەڵایەتی و پلەی کۆمەڵایەتی خـێـزانی پێـیـان باش نەبوو گـۆرانی بڵـێـم، بەڵام چونکە بەڕاسـتـی ئەو حـەزەم تێـدابوو گـوێم بەو مـەسـەلەیە نەدەدا. تەنانەت چەنـدجـاریش لەمـاڵەوە تووشی کـێـشـە بووم، بەڵام هەر بەردەوام بووم.

* یەکەم کاری دەستپێکت چۆن بوو؟

– لە ساڵی ١٩٨٦ بۆ یەکەم جار لەسەر شانۆ گۆرانیم گوت. کـاتی خۆی یانەی سەلاحەدین لەبەغدا هەبوو، بۆ یەکەم جار لەوێ لەگەڵ تیپی مۆسیقای باباندا گۆرانیم گوت.

* چ ساڵێک لەدایک بوویت؟

– ئەوکـاتەی دەستم بەگۆرانی کرد تەمەنم نزیکەی ١٤ ساڵ تا ١٥ ساڵ بوو.

* پاش ئەو دەستپێکردنە چۆنت درێژە بەکارەکانت دا؟

– دواتر لە سـاڵی ١٩٨٩ تیـپێکی مـۆسـیـقـامـان لە شـاری سلێـمـانی بەناوی تیـپی (مـۆسـیـقـای دەشـتی) دامـەزراند. منیش وەکـو گـۆرانیـبـێـژێک بەشـداریم لەو تیـپـەدا کـرد و دوو کـاسـێـتـمـان ئامـادە کـرد و لەو دوو کاسێتەدا نزیکەی چوار، پێنج گۆرانی منی تێدابوو. بۆ یەکـەم جـار لە سـاڵی ١٩٩١دا لە تەلەفـزیۆنی گـەلی کوردستان یەکەم گۆرانیم کلیپ کرد.

* بەگـشـتی لەدوای نەوەد و یەکـەوە چەند بەرهەمت هەیە و کارەکانت چۆن درێژە پێداون؟

– مـن لە ســـاڵی ١٩٩٣دا چووم بـۆ هـەنـدەران و لە ئەڵمـانیـا جێگیر بووم، پاشان دەبێ باس لەوە بکەم کە دەچیتە وڵاتێک هەموو شتێکت لێ نامۆیە. دەبێت هەوڵ بدەیت جێی خۆت بکەیتەوە، سەرەتا سەرقاڵی ژیان بووم و تا ساڵی ١٩٩٧ بۆ یەکەم جار لە ڕێگەی تەلەفزیۆنی (مێدیا TV)وە بانگهێشت کرام و لەوێ بەرنامەیەکی زیندووم پێشکەش کرد. پاش ئەوە چەند جارێکی دیکە چوومـەوە ئەو تەلەفـزیۆنە و چەند بەرنامـەیەکی دیکەم پێشکەش کرد. ساڵی ٢٠٠٠ سیدییەکم بەناوی بارانەوە تۆمـار کـرد، ئەو سـیـدیـیـەش ئەرکی دروست کـردنی گـۆرانییـەکانی لەلایەن (غـەمگین فـەرەج)ەوە بوو. پاش ئەوە خێزانی خۆم دەستنیشان کرد.

* چ ساڵێک بوو؟

– لەساڵی ٢٠٠٠، دواتر چوومە سوێد و لەوکاتەوە لە ستۆکهۆڵم جێگیر بووم.

* لەسـەرەتاوە کـە دەسـتت بەگـۆرانی چڕین کـردووە تا ئێـسـتـا چەند شێـواز و سـتـایلی گۆرانی گوتنت تاقی کردووەتەوە؟

– چەند جـــۆرێکم تاقی کـــردووەتەوە. بەهۆی ئەوەی لەگـۆرانی بووە، خـۆشـبـەخـتـانە توانیـومـە لە هەمـوو

ستایلەکاندا بەباشی بیڵێم. ئێستەش لەسەری بەردەوامم.

* زۆرتر حەزت لە کامە ستایلە؟

– ئێستا حەز دەکەم بەشێوازێکی مۆدێرن گۆرانی بڵێم. زۆرتر بایەخ بەگەنج دەدەم. دەمەوێت کارێک بکەم کە لەناو گەنجەکاندا دەنگدانەوەیەکی باشی هەبێت. سەبارەت بە گۆرانی فۆلکلۆر و کلاسیکییەکانیشەوە خۆم تاقی کردووەتەوە و دەتوانم بیانڵێم.

* چۆن خۆت لەنێو مۆسیقا بەگشتی و مۆسیقای کوردیدا دەبینیتەوە؟

– پێم وایە توانیومە لەنێو پانتایی مۆسیقا و گۆرانی کوردیدا کەلێنێکی بچکۆلە پڕ بکەمەوە، بۆیە تائێستا بەردەوام بووم و هەر بەردەوامیش دەبم، ئەمە بۆ من تۆزێک جیاواز بووە، لەبەر ئەوەی بە قسەی خۆم ناڵێم بە قسەی ئەو هونەرمەندانەی کە کارم لەگەڵ کردوون، بۆ گۆرانی گوتن هانیان داوم، هەست دەکەم شتێکی بچووکم بۆ گۆرانی و مۆسیقای کوردی کردووە.

* دیارە بەخۆشت باش دەزانیت کە مۆسیقای کوردی نەیتوانیوە ببێتە جیهانی و تاڕادەیەک لە کاروانەکە دواکەوتووە، بە بڕوای تۆ ئەرکی هونەرمەندی کورد ئەوەیە کە بۆشاییەکان پڕ بکاتەوە، یان بە ڕوحێکی داهێنەرانە و یاخی بوونەوە کار بکات؟

– ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە کە مۆسیقای کوردی ببەینە دەرەوە. من ئێستا کار بۆ ئەوە دەکەم. پێویستیمان بەوە هەیە کە گۆرانی کوردی لەگەڵ فەرهەنگی نەتەوەکانی دیکە تێکەڵ بکەین. دیارە ئەو گۆڕانکارییەش هەموو کات شتێکی ئاسان نییە بۆ قبووڵ کردنی لەلایەن خەڵکەوە، چونکە تۆزێک بەلایەوە شتێکی سەیر و سەمەرە دەبێت، بەڵام دەبێت کۆڵنەدەربین. من بیرم کردووەتەوە کە گۆرانی کوردی لەگەڵ گۆرانی هیندیدا، لەگەڵ گۆرانی عەرەبیدا، لەگەڵ گۆرانی فارسیدا، لەگەڵ گۆرانی ئینگلیزیدا تێکەڵ بکەم. دەبێت ئێمە بۆ ئەو کارە ئیش بکەین، دەبێت فەرهەنگی میللەتەکەمان بە نەتەوەکانی دیکەی دنیا بناسێنین.

* گەنجی کورد دادەنیشێت و گوێ دەداتە ئیبراهیم تاتلیساز و موعین و مایکل جاکسۆن و...تاد ئەوانە ئەگەر لە حاڵەتێکیشدا گۆرانییەک بە کوردی بڵێن، تەنیا مەبەستیان جەماوەر بۆ خۆ پەیداکردنە، دەنا هەرکەسە و خزمەتی کولتووری خۆی دەکات. دەبێت گۆرانیبێژانی ئێمە بەدەوڵەمەندکردنی کارەکانیان جەماوەری دەرەوەی کوردستان بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن، یان دەبێت ئەوانیش بچن بە زمانە بێگانەکان گۆرانی بڵێن؟

– ئێمە دەتوانین بە تێکەڵی گۆرانی بڵێین. بە هەردوو زمانەکە گۆرانی بڵێین. هۆکاری ئەو دۆخەش بۆ بەربەستەکانی سەر ڕێگەی گۆرانی کوردی دەگەڕێتەوە. واتە لەڕابردوودا گۆرانی کوردی بریتی بوو لە گۆرانی فۆلکلۆر، گۆرانی فۆلکلۆریش بۆ نەتەوەیەک کەمە، کورد چاو لەدنیا دەکات. بۆ نموونە ئەو وڵاتانەی کە بینیومن هەموویان گۆرانی فۆلکلۆری خۆیان هەیە و لەپاڵ ئەوەشدا ستایلی دیکەشیان هەیە. لای ئێمە هێشتا ئەو جیاکارییە نەکراوە، لای ئێمە تا پازدە- بیست ساڵ لەوەو پێش هونەر هەر بەشتێکی عەیبە زانراوە.

ئەوە ئەزموونی گۆرانیبێژە کۆنەکانمانە کە چەندین جار بەردیان تێ گرتوون و ئازاریان داون و لە ناو میللەتی کورددا شتێکی پەسەند نەبوون، بەڵام ئێستا ئێمە دەبێت کار بکەین بۆ ئەوەی گۆرانی کوردی بتوانێت گوێگری نەتەوەی خۆی هەبێت.

* بۆ ئیشکردن بە شێوازێکی نوێ پێت وایە گرفت و ئاستەنگەکان کامانەن کە دێنە سەر ڕێگەت و پێشت پێ دەگرن؟

– بەڕاستی تێکەڵ کردنی ئەو زمانانە پێکەوە و لە هەموو ڕوویەکەوە لە دروست کردنی مۆسیقاوە تا کلیپ و هەموو لایەنەکانی دیکەی، پەیوەندی بە باری ئابوورییەوە هەیە. واتە دەبێت پارەیەکی باشی بۆ خەرج بکرێت، ئینجا گۆرانی کوردی دەچێتە سەرەوە و ئاستەکەی گۆرانی بەسەردا دێت. ئێستا هونەر زۆر بەخێرایی دەڕواتە پێشێ، ئەو سەردەمە نەماوە بەهێواشی کاری بۆ بکەیت. ئەوانەش پەیوەندییان بە لایەنی ئابوورییەوە هەیە.

* کەواتە پێت وایە لایەنی ئابوورییە دەبێتە ئاستەنگ لە پێشکەوتنی مۆسیقای کوردیدا؟

– بێ گومان من تەنیا لایەنی ئابووری دەبینم.

* تۆ دەڵێیت من بەکۆمەڵێک زمانی دیکە گۆرانی دەڵێم و کۆمەڵێک زمانی دیکە دێنمە نێو گۆرانی کوردییەوە. باشە ئەوە زیان بەگۆرانی کوردی ناگەیەنێت، یان پێت وا نییە لە ڕەسەنایەتی گۆرانی کوردی دوور دەکەویتەوە؟

– نەخێر، نازانم مەبەست لە ڕەسەنایەتی گۆرانی کوردی چییە، ئەوەی بیستوومە لەلای ئێمە ڕەسەنایەتی گۆرانی کوردی یانی هەر گۆرانی فۆلکلۆر بڵێیتەوە.

* واتە پێت وایە ڕەسەنایەتی یانی لەجێی خۆتدا مانەوەیە؟

– من وای دەبینم. نابێت ئێمە لەناو بازنەیەکی داخراودا هەروا بسووڕێینەوە. پێویستیمان بەو سنوور شکاندنە هەیە. ئێمە سەبارەت بە ڕەسەنایەتی دەمارگرژانە بیردەکەینەوە، لەبەر ئەوەی نەتەوەیەکی هەمیشە چەوساوە بووین، هەمیشە دەستبەسەر بووین، بمانەوێت و نەمانەوێت هەموو کات هەستی خۆ بە کەم زانین بە سەرماندا زاڵە. ئەوەش ڕەنگدانەوەی ئەو شتانەیە لەسەرمان، بۆیە دەکرێ ئەو سنوورانە بشکێنین و لە ڕوانگەیەکی دیکەوە ببینین. دەتوانین بەگۆرانی وەڵامی ئەو وڵاتە دراوسێیانە بدەینەوە کە بەسەر کوردستاندا زاڵن و نیشانیان بدەین کە ئێمە دەتوانین ئەوە بکەین. ئەوەش خۆی لەخۆیدا کارێکی زۆر گرنگە.

* باشە ئەگەر من پێت بڵێم: ڕەسەنایەتی یانی پاراستن و هاوکات پێش خستنی کولتووره نەک دوورکەوتنەوە لە کولتوور، ئێوە دەڵێن چی؟

– دەکرێت کۆمەڵێک خەڵک هەبن لەسەر ئەو بەشە ئیش بکەن، بەڵام خۆ لە دنیاشدا وا نییە، بۆ وێنە ئەڵمانییەکان بڵێن دەبێت هەموو ئەڵمانییەک تەنیا فۆلکلۆر بڵێتەوە. ئەوە لە بایەردا، بایەر وەک لادێکانی خۆمان وان، ستایلی جل لەبەرکردنی خۆیان هەیە، شێوازی گۆرانی گوتنی خۆیان هەیە، بەڵام هەموو شێوازێکی دیکەش هەیە کە کاری لەسەر دەکەن.

* سنوورێک بۆ مۆسیقا دەناسیت؟

– من هیچ سنوورێک بۆ مۆسیقا دانانێم.

* تۆ پێت وایە بە بەرۆژئاوایی کردنی مۆسیقا، یان بە کەوتنە ژێر کاریگەری مۆسیقای فارسی و تورکی و عەرەبی، گۆرانی و مۆسیقای کوردی پێش دەکەوێت؟

– نابێت تۆ هەر پێداگری لەسەر ئەو نەتەوانەی دەوروبەر بکەیت، باشە ئەگەر بێم و بە (ئارابی) گۆرانی بڵێم چی دەڵێی؟ ئەگەر بتەوێت بە (ڕۆپ) بیڵێت، ئەگەر بتەوێت بە (پۆپ) بڵێیت، ئەوانە خۆ ئەو وڵاتە دراوسێیانەش نین، بەڵام ئێمە پێویستیمان بەو گۆڕانکارییە هەیە و دەبێت بیکەین. من قەناعەتم بەشتێک هەیە، ئەو کەسانەی وابیر دەکەنەوە بڕوایان بەتازەگەری و تازەبوونەوە نییە، لەناوەوە هەر لە بازنەیەکی داخراودا دەسووڕێنەوە. من پێم وایە هیچ سنوورێک بۆ هونەر نییە.

* کلیپ چی دەگەیەنێت؟

– کلیپ نیشاندانی ڕاستەوخۆی ئەو گۆرانییەیە بۆ بینەر. دیارە دەبێ لەگەڵ سیناریۆی گۆرانییەکەدا یەک بێتەوە. نەک ناوەرۆکی گۆرانییەکە باس لەشتێک بکات و تۆ بڕۆیت باسی شتێکی دیکە بکەیت.

* دەبێت کلیپێک چ تایبەتمەندییەکی هەبێ بۆ ئەوەی بڵێین ئەوە کلیپێکی باشە، یان ئەوە کلیپێکی خراپە؟

– جۆری کامێرا، سیناریۆ، دەوری ئەکتەرەکە، ئینجا هونەرمەندەکە خۆیەتی، یان کەسێکی دیکەیە.

* زۆر هونەرمەندمان هەیە کە کلیپیان نییە، بەڵام بەشێوەیەکی بەربڵاو ناسراون، خەڵکێکیش هەن گۆرانی دەڵێن، بەڵام تەنیا وێنەی کلیپەکانەکە سەرنجی خەڵک ڕادەکێشێت، بەتایبەت لە ئافرەت وەک ئامرازێک بۆ ناوبانگ دەرکردن سوود وەردەگرن. تۆ ڕات لەسەر ئەوە چییە؟

– من پێم وایە دەبێت هەمووی تەواوکەری یەکتر بن. لە ڕووی دەنگی گۆرانیبێژەکە، لە ڕووی جۆری کلیپەکە، ئەگەر کەموکورییەک هەبێت بە ئامانج ناگەیت. بۆ وێنە ئەوەی دەنگی خۆشە و کلیپی نەبێت، خەڵک بە بینین نازانێت ئەوە کێیە. لەسەر جادە ببینێت نازانێت ئەوە کێیە. مەبەستم ئەوەیە دەبێت دەنگ و کلیپ تەواوکەری یەکتری بن.

* بۆچی خەڵکانێک پێیان وایە کلیپی کوردی ناتوانێت تامەزرۆیی بینەری کورد بشکێنێت و ئەرکی خۆی بە باشی ڕاپەڕێنێت، ئاستی کلیپی کوردی لەچاو کلیپی گەلانی دیکە زۆر جیاوازی هەیە؟

– وەکو پێشتریش باسم کرد مەسەلەی کلیپ پێوەندی

به توانای باشەوە هەیە. ئەگەر ئێستا بتەوێت کلیپێکی باش بکەیت بەلایەنی کەمەوە نزیکی بیست، سی هەزار دۆلاری تێ دەچێت، کەچی لەولاتانی دیکە تاسەد هەزار دۆلار بۆ کلیپێک خەرج دەکەن. تۆ گۆرانییەکی باشت گوت و کلیپی باشت بۆ کرد، لەهەموو کەناڵەکانی دنیا خوازیاری دەبێت، بەڵام بەکامێرایەکی ڤیدۆیی ئاسایی بیگریت، ئەوە هەر ئەوە دەبێت کە هەیە.

* نەبوونی سیناریۆی باش چ دەورێکی دیوە، ئێستا زۆر کەس هەن بازرگانی بەلایەنی ورووژێنەری کلیپەکانەوە دەکەن ئەوەندە بایەخ بەلایەنی هونەری و تەکنیکی نادەن.

– ئێمە وەک نەتەوەی کورد لە هەموو ڕووەکانەوە کەموکوڕیمان هەیە، لە ڕووی سیناریۆ، وێنەگرتن و دەنگەوە، بەکورتی لە هەموو ڕووەکانەوە، ئێمە سەرەتامانە و تازە بەتازە دەست پێ دەکەین.

* دەبێت تێکست، یان دەقی گۆرانی چ تایبەتمەندییەکی هەبێت، هەلومەرجی مێژوویی، سیاسی و کۆمەڵایەتی تا چەندە لە هەڵبژاردنی دەقی گۆرانیدا کاریگەرییان هەیە؟

– لەدنیادا باوی ئەو شتانە نەماوە. دەبێت تێکستی گۆرانی تایبەت بە گۆرانی بێت. تێکستی گۆرانی جیاوازی لەگەڵ شیعری دیکەدا هەیە، ئێمە تازە بەتازە چەند شاعیرێکمان هەیە کە شیعر بۆ گۆرانی دەنووسن. تا ئەم دواییانە ئەوەشمان نەبوو. ناچاردەبووین پەنابەرینە بەر دیوانی نالی، قانیع، مەحوی و...تاد بەڵام لە هەموو دنیادا کۆمەڵە شاعیرێک هەن، تەنیا شیعر بۆ گۆرانی دەنووسن.

* ڕاستە باوی ئەوە نەماوە تۆ وتار بکەیتە گۆرانی، یان کوردستان بە گۆرانی ڕزگار بکەیت، بەڵام کە گۆرانی بۆ خەڵک دەڵێیت، ناتوانیت خۆت لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی خەڵک بدزیتەوە، کەوایە ئەو هەلومەرجە لە هەڵبژاردنی دەقی گۆرانیدا دەور دەبینێت. بۆ نموونە ڕووداوێکی سروشتی وەک بوومەلەرزەی شاری بەم ڕەنگدانەوەی لەسەر بەرهەمی چەندین گۆرانیبێژی ئێرانی هەبوو، یان زۆر حاڵەتی دیکە، هونەرمەندی کوردیش ئەو ئەرکەی لەسەرشانە تۆ چۆن دەڕوانیتە ئەوە؟

– بەڵێ لەو حاڵەتانەدا هونەرمەند دەتوانێت شوێن دەستی دیاربێت، بەتایبەتی لەکارەساتەکاندا، بەڵام ئەوەش هەر دەبێت شاعیرانی شیعری گۆرانی ئەو کارە بکەن تا شیعرێکی جوان بنووسن و ئەو کارەساتانە دەربڕن کە بەسەر نەتەوەکەیاندا دێن.

* بۆ هەڵبژاردنی دەقەکانی خۆت چ پێوەرێکت هەیە؟

– سەرەتا تەماشا دەکەم بزانم تا چەند بۆ سەر زمان ئاسانە. پاشان ئایە لەڕووی ناوەڕۆکی گۆرانییەکەوە بۆم گرنگە و سەرنجم ڕادەکێشێت، یان نا.

* کام بەرهەمی خۆت بەدڵە و لەبەرچی؟

– بێ گومان کۆمەڵێک گۆرانی خۆمم بەدڵە، ئەویش لەبەر ئاوازەکانیان، پاشان ناوەڕۆکی شیعرەکانیان.

* باشە کامیان وەک یادگار لەلات ماوەتەوە و کە بیر لەبەرهەمەکانت دەکەیتەوە یەکسەر ئەوەت وەبیر دەکەوێتەوە؟

– گۆرانییەکی دەستنیشان کراوم نییە کە گوێ دەدەمە گۆرانییەکانی خۆم یەکسەر بیرەوەری کاتی تۆمارکردنیان دێتەوە بەرچاوم.

* تۆ گۆرانیت هەیە لە گۆرانی فارسییەوە وەرگێڕاوە، واتە خۆی گۆرانییەکە فارسییە و تۆ تەنیا وشەکانت کردووەتە کوردی بۆچی؟ ئایا تۆ پێت وایە گۆرانی کوردی لە چاو گۆرانی دراوسێکانی پاشکەوتووە؟

– گۆرانی کوردی نەیتوانیوە بگاتە ئاستی گۆرانی نەتەوەکانی دەوروپشتی، ئێمە بە جەماوەرەکەدا دەزانین. بۆ نموونە چوومەتە کۆنسێرتی فارسەکان، خەڵکم بینیوە چۆن لە کۆنسێرتەکە دانیشتوونە، بۆ گۆرانیبێژە عەرەبەکانیش چووم، گوێم لێ گرتوونە، ڕاستیت دەوێت بۆ تورک نەچووم. ئەوانەم لەگەڵ ئەوانەی خۆماندا بەراورد کردووە، جیاوازییەکە زۆر زۆرە. ئەوان کە دێنە هۆڵەکە گوێ لەگۆرانی دەگرن، لای ئێمەش بەڕاستی کارەسات دەبینیت، ئەوەش یەکسەر ئاستی گۆرانی کوردیت پیشان دەدات.

* بۆ هەڵبژاردنی تێکست و ستایل و کلیپی بەرهەمەکانت بە تەنیا ئیش دەکەیت، یان یارمەتی لە پسپۆڕانی ئەو بوارانە وەردەگریت؟

– بەڵێ یارمەتی وەردەگرم، بۆ وێنە لە هونەرمەندەکان، لە هەندێک لە گۆرانیبێژەکان، لە هەموویان سوود وەردەگرم، بۆ نموونە سوودێکی زۆرم لە بەڕێز (هەڵکەوت

زاهیر) وەرگرتووە. سیدیبیەکیشم کردووە، ئەو تێچوونی سیدیبیەکەی خستووەتە سەر ئەرکی خۆیان، هەروەها وەکو سـەلیـقـەی گـۆرانی سـوودی زۆرم لە (زیاد ئەسـعـەد) وەرگرتووە.

* بۆ کلیپەکان، بۆ تێکستەکان چی؟

– بۆ ئەوانە زۆرتر بە گـرووپ کـارمـان بـۆ کـردووە و بیرمان لێ کردووەتەوە کە چی هەڵبژێرین و چی گونجاوە.

* تا ئێستا بە شاعیـرێکت گوتووە، ئەو شیعـرەم بۆ بنووسە؟ بەکێت گوتووە؟

– بەڵێ، بۆ نموونە لەگەڵ مـامـۆسـتـا ئەکرەم، ئێـسـتـا خەریکە شیعرێکم بۆ بنووسێت بابەتەکەم پێ گوتووە، کە باس لەچی بکات.

* مامۆستا ئەکرەم کێیە؟

– مـامـۆسـتـا ئەکرەم خەڵکی کەرکووکە، ئێستـا ناوی باوکیم لەیاد نییە. هەروەها لەگەڵ کاک (حەمە سەعید ئیبـراهیم) لەگەڵ (ڕەنج سـەنگاوی)، باسم کـردووە کـە ناوەرۆکی تێکستەکە باس لە چی بکات.

* بەرنامە و پرۆژەت بۆ داهاتوو چییە و چ بەرهەمێکی نوێت بەدەستەوەیە؟

– دوو سێدیم کردووە. سێدیبیەکیـان تەواو بووە و دوو کلیــپـــیــشم بۆ کــردووە لە لبنان. لە (٨) گــۆرانـی پێکهـاتووە، ئاوازی گۆرانییـەکان لە دانانی هونەرمـەند (هەڵکەوت زاهیـر)ن دابەشکردنی (٧) گـۆرانیـیـــان لەلایەن (هێـــمن حـــوســـێن)ەوەیە. دابەشکردنی گۆرانیـیـەکیـان لەلایەن یەحیـا مەوجییـەوەیە، لەڕووی تێکستی گۆرانییەکانیشەوە لە شیعری دکتۆر (ئاراس عـەبدولکەریم)، (مـەهاباد قـەرەداغی)، (شـێـرکـۆ بێکەس)، (حەمە سەعید ئیبراهیم)، (ئامانج)، (ڕەنج سەنگاوی) کەڵکم وەرگرتووە.

* بۆ کلیپەکان چی؟

– کاک شاهۆ تەیب ئامادەی کردووە و بۆ دوو کلیپ، کە چووینە لبنان و کلیپەکانمان کرد، کەڵکم لە یارمەتی ئەو وەرگرتووە.

* تۆ لە دەرەوەی وڵات دەژیت، توانای ئەوێ تا چەند دەتوانێت لەخزمەت کارەکانتدا بێت؟

– بەڵێ، زۆربەی مـۆسـیـقـا و کـارەکـانمان لەدەرەوە کردووە.

* کــــوردەکــــانی دەرەوەی وڵات کــــردوویانە، یان بیانییەکان هاریکارییان کردوویت؟

– زۆری کـوردەکـان نەیان کـردووە. مـۆسـیـقـاژەنە بێگانەکـان زۆریان بەشداربوون. جا لە سوێدی و فـارس و تورک، من زیـاتر بایەخ بەوە دەدەم کـە ئەو مـۆسـیـقـاژەنە چەند سەرکەوتووە. دیارە کوردیشی لەگەڵە، بەڵام زۆرتر تێکەڵە لە زۆر نەتەوەی جیاجیا.

* تۆ پێت وایە مۆسیقـای زاراوە جیـاجیـاکانی کـورد وەکو هەورامی و کەلهوڕی و کرمانجی ژووروو و خواروو و ...تاد توانیویانە ببنە تەواوکەری یەکتر، یان هەرکەس شێـواز و سـتـایلی خـۆی بەرهەم دێنێت و کـاریگەرییـان لەسەر یەکتر کەم بووە؟

– بە بڕوای من هەمـوویان لە خـاڵێکدا لەیەکـتـرەوە نزیکن و لە ئاستێکدان، بەڵام هەریەکەو جوانکاری خۆی پێوە دیارە.

* باشە چەندیان کـاریگەری لەسـەریەکـتر هەیە، ئێـمـە هەمـوومـان خـاوەن شـوناسێکین ئەوە بەو مـانـایەیە کـە دەبێت تەواوکـەری یەکـتـر بین، ئایا تا ئێـسـتـا بـۆ ئەو مـەبەسـتـە ئیش کـراوە و توانیـومـانە لەو ئامـانجـە نزیک بینەوە؟

– گۆرانی و مۆسیقـای هەر ناوچەیەک بە هەوای خۆی ڕۆیشتووە.

* تۆ کــە دێیت کــەڵک لە مــۆســیــقــای ئەورووپی وەردەگــریت، پێت وا نیـیــە لە پاڵ ئەوەشـدا بێین لە مۆسیقای ناوچە جیاجیاکانی خۆمان بۆ دەوڵەمەند کردنی یەکتر سوود وەربگرین، باشتر بێت؟

– ئەوە دەبێت هەبێت، کـۆمـەڵێک خـەڵک ئەو کـارە بکات، بەس نابێت هەموو بێن ئەوە بکەن.

* وەک بزانم سـوودت لەزاراوەی هەورامی وەرگـرتووە، چ نوێخـوازییەکت لەواندا کرد، ئایا دەقـاودەق دووبارەت کردنەوە، یان گۆڕانت تێدا ئەنجامدا؟

– شـەش گـۆرانی هەورامی هەربەکـە و کـۆپلەیەکـمـان هەڵبژاردو لەسەر ڕیتمی (دوو– چوار) لە یەکـترمـان گرێ داوە، هەوڵمـان داوە لە ئەورووپا لە شـوێنە فـەرمـییـەکـان لێبدریت، بلێین لەو شوێنانە کە شەوانە خەڵک تێیدا کۆ دەبنەوە، مـۆسـیـقـای تێکنۆ و بە مۆسیـقـایەکی مـۆدێرن، بەڵام وتنی گۆرانییەکە لەسەداسەد هەورامییە.

* هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو زاراوەیە چ بوو؟
– من پێم وایە لە هەورامیدا، زۆر گۆرانی تێدایە کە ریتمێکە، بەڵام جوانکاری بۆ نەکرابوو کە کەسێکی ئەورووپی گوێی لێ بگرێت و سەرنجی ڕاکێشێت. ئەوەی کراوە، لێرە کراوە و بە دڵم نییە، من بیرم کردەوە با جوانکاری تێدا بکەین و گۆرانی ڕەسەنی کوردی بەو شێوەیە پێشکەش بە خەڵکی بیانی بکەین.

* چۆن بوو رووت کردە ئەورووپاو چۆنت ژیان لەوێ دەست پێ کرد؟
– من وەکو گەنجێک لەو سەردەمە لێرە وەڕس ببووم، هەموو تەمەنی گەنجێتیمان لە نارەحەتی و شەڕ و گرفتی جۆراوجۆردا تێپەڕاند، بۆیە حەزم کرد ئەو ناوچەیە بەجێ بهێڵم. ئیتر کە چوومە ئەوێ سەرقاڵی ژیان بووم و تێکەڵ بەو وڵاتە بووم و لەوێ ژنم هێنا.

* باشە لە کولتوورێکی ڕۆژهەڵاتییەوە چوویتە ناو کولتوورێکی ڕۆژئاوایی، جیاوازی ئەو دوو کولتوورە گرفتی بۆ چێ نەکردیت؟
– بەدەیان گرفتمان بۆ دروست بوو، تا فێری یاسای ئەو وڵاتانە بووین، تا فێری کولتووریان بووین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە لەوێین ئێمە بەبێ کوردستان هەر ناژین. من لە ساڵێکدا چوارمانگی لە کوردستانم، بەتایبەت ئەو ساڵ. ئێرە شوێنی بنەڕەتی ئێمەیە، هەرچەندەش دووربین، هەردەبێت بۆ ئێرە بگەڕێینەوە.

* تۆ کە باس لە تێکەڵکردنی مۆسیقا جیاجیاکان دەکەیت زۆرتر مەبەستت ناساندنی گۆرانی و مۆسیقا جیاجیاکانە بە کورد، یان ناساندنی گۆرانی و مۆسیقای کوردییە بەجیهان؟
– من زۆرتر حەز دەکەم گۆرانی کوردی بە جیهان بناسێنم. پێم خۆشە گۆرانی کوردی بە شێوازێک بگوترێت کە کابرایەکی ئەورووپی گوێی بداتێ و حەزی لێ بکات.

* تاراوگە چی پێ بەخشیت و چی لێ ئەستاندییەوە؟
– تاراوگە فێری ژیانی کردم. بۆ هەندێک کەس هەستی لێ ئەستاندووەتەوە، بەڵام بۆ من نەخێر. من ژیان بەشتێکی جوان دەبینم، بەڵام دەبێت بزانیت چۆن لەگەڵیدا هەڵسوکەوت دەکەیت. ژیان کورتە بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین جوانییەکانی ببینین.

* لە دەرەوە لەگەڵ کام یەک لە هونەرمەندانی کورد پێوەندیت هەیە و ئەو پێوەندییە چۆنە؟
– بەگشتی لەگەڵ هەموویان پێوەندیم هەیە، کەسێکی دیارکراو نییە. لەگەڵ هەموویان بەپێی توانا و پێویست دەیان بینم و تێکەڵ دەبم. بۆ نموونە ماوەیەک لەوەوپێش زۆرتر (زیاد ئەسعەد)م دەبینی. ئێستا نزیکەی پێنج، شەش مانگ دەبێت نەمدیوە.

* بەلای تۆوە گۆرانی گوتن بە زمانێکی دیکە بۆ کوردێک چۆن دەبێت، بۆ وێنە بە زمانێکی جیهانی وەک ئینگلیزی؟
– ئەوە زۆریش ئاسان نییە، بۆ نموونە دەبێت لە ناو ئەو وڵاتە گەورە بووبیت، بۆ ئەوەی بتوانیت بە زاراوەی ئەو وڵاتە گۆرانی بڵێیت. من حەزم دەکرد کەچی ناتوانم، بەڵام هەمانە بۆ نموونە کوردێکی گەنجە لە سوێد دەژی ناوی (دارین)ە، لەوێ لە دایک بووەو گۆرانی بە ئینگلیزی دەڵێت و زۆریش سەرکەوتوو بووە. دووەمی هەموو سوێد بوو.

* مۆسیقای کوردی تا چەند لە جیهاندا ناسراوە؟
– تا ئێستا بەو شێوەیە کە پێویستە نەناسراوە. مۆسیقای کوردی زۆرتر لە ناوچەکانی دەوروبەری تا ڕادەیەک ناسراوە، بۆ نموونە لەلای عەرەبەکان و فارسەکان. بۆ نموونە گۆرانییەکی (لەیلا فەریقی) هەیە لەگەڵ (عەلی حەجار) گوتویەتی. ئێستا ئافرەتێکی عەرەب کە لەو بەرەوە دانیشتبوو کە دوکتۆرای هەیە، باسی ئەو گۆرانییەی بۆ دەکردم، دیارە بینیبووی.

* تۆ کە لە ئەورووپا دەژیت، تا ئێستا کەسێکت بینیوە بە بیستنی ناوی کورد گۆرانییەکی کوردی وەبیربێتەوە؟
– نا، زۆرتر بەبیستنی ناوی کورد شەڕ و ئاوارەیی و هەژارییان وەبیر دێتەوە، بروا ناکەم کەس گۆرانی کوردی وەبیر بێتەوە.

* ئامێرە بەرهەم هاتووەکانی سەردەمی مۆدێرنە چ ڕۆڵێکیان لە نوێ کردنەوەی مۆسیقای کوردیدا گێڕاوە؟
– بۆ مۆدێرن بوون دەبێت سەرەتا میللەتەکە مۆدێرن بێت، ئینجا شتەکانی دیکەی مۆدێرن دەبێ. لە ڕاستیدا نەتەوەی کورد زۆر مودێرن نییە. تا ئێستا کارێکی وا نەکراوە، دەبێت لە ئێستا بەدواوە کاری بۆ بکەین. ئێمە

تا ئێستا هەر لەنێو مۆسیقای فۆلکلۆردا کاردەکەین.
گۆرانی ئێمە کۆیلەی هەلومەرجی کورد بووە.

* سەبارەت بە ڕابردوو جۆرێک ڕەش بینیت تێدا دەبینم، پێت وایە کارێکی کەم کرابێت؟

– ئێمە خەڵکی پرۆفیشناڵ و پسپۆڕمان نەبوو. زۆر گۆرانیبێژی گەورەمان هەیە بە هەڵە گۆرانی گوتووە و کەسێکیش نەبووە ئاگاداری بکاتەوە.

* حکوومەتی هەرێمی کوردستان تا چەند هاوکاری کردوویت و چاوەڕوانیت چییە؟

– هەوڵ دراوە، ئێمە تەنیا داواکارییەکمان لە حکوومەتی کوردستان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە مافی هونەرمەند لەناو یاساکانی حکوومەتدا پارێزراوبێت. سەبارەت بە خۆم تا ئێستا حکوومەت هاوکاری نەکردووم، نازانم لە داهاتوودا دەیکەن، یان نایکەن. زۆر شت هەیە خۆش نییە هونەرمەندەکە بەخۆی بیڵێت، واباشە کەسانێک هەبن بۆ ئەو جۆرە کارانە و ئەوان بە ویژدانەوە بە مەبەستی خزمەت بە گۆرانی کوردی، هونەرمەندەکان دەستنیشان بکەن و هاوکارییان بکەن.

* تاکی کورد چۆن دەڕوانێتە مۆسیقا؟

– زیاتر وای دەبینم تاکی کورد بە گۆرانی و مۆسیقای کۆن و فولکلۆرەوە پابەندە. ئێمە لەشتی تازە دەترسین. ئەوەش دەبێت بگۆڕدرێت، پێویستە ئاستی ڕۆشنبیری کورد بچێتە سەرێ، تا ئاستی چێژ وەرگرتنیش بگۆڕدرێت. ئێمە کە تەماشا دەکەین ساڵانی حەفتاکان کورد زۆر ڕۆشنبیر تر بوو لە ئێستا، شەڕ و ئیسلامی سیاسی و هەژاری و زۆرشتی دیکە خەڵکی بەرەو دواوە گەڕاندەوە.

* مۆسیقا لەنێو پەروەردەی منداڵانی کورددا چۆن دەبینیت؟

– هەر نەبووە. من لە بیرم دێت وانەی مۆسیقامان نەدەخوێند، لە جیاتی ئەو وانەیەکی دیکەیان پێ دەگوتینەوە. وەرزشیش بەهەمان شێوە، هێشتا وەرزشەکە باشتر بوو.

* کام لە هونەرمەندەکانی کورد لای تۆ بوونەتە قوتابخانەو بە دەنگیان دەحەسێتەوە؟

– من دەنگی (زیاد ئەسعەد)م زۆر بەدڵە. بە دەنگی ئەو ئارام دەبمەوە، لە کۆنەکانیش (مەزهەری خالیقی، حەسەن زیرەک، حەمە ساڵح دیلان)م زۆر پێ خۆشە.

* بەخۆت لەسەر ژەنینی ئامێرێکی مۆسیقا پرۆڤەت کردووە؟

– نەخێر وەکو باسم کرد بەهۆی هەلومەرجی ژیانەوە لەو دۆخە دووربووم، بەڵام هەر حەزم لە ڕیتم بوو، وەک زەڕب و دەف و ئەو شتانە. دیارە ئاشنابوون و زانینی ئامێرێک بۆ گۆرانیبێژ کاری ئاسانتر دەکات. من بەخۆم زۆرم حەز لە دەنگی پیانۆیە.

* گۆڤاری ڕامانت بینیوە؟ چۆنی دەبینیت؟

– من زۆرتر خوێنەری ئینتێرنێتی ڕامانم، بەڕاستی گۆڤارێکی زۆر سەرکەوتووە و شتەکانیش دەقاودەق وەک خۆی باس دەکات.

* گۆرانی (خۆشەویستەکەم، ئارامی گیانم) کە پێشتر لەلایەن (خەلیل موراد وەندی)یەوە گوتراوە و پاشان (ئیسماعیل سابووری) گوتوویەتییەوە، تۆش بێ گۆڕانکاری دووبارەت کردووەتەوە، ئەو دووبارە بوونەوەیە لەپێناو چیدابوو؟

– هەستی ڕادەکێشام بۆیە حەزم دەکرد بیڵێمەوە.

* لە کۆتاییدا ئەگەر قسەیەک مابێت حەز دەکەم باسی بکەیت؟

– سوپاسی ئێوەو گۆڤاری خۆشەویستی (ڕامان) دەکەم و هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

# شێخی سەنعان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا

ئەحمەد حوسێن ئەحمەد
(سلێمانی)

مەبەستە جۆر بەجۆرەکانی شیعری کلاسیکی کوردی، لە ڕوانگەی ئاماژە پێکردنەوە، وەک چاولێکەری شاعیرانی فارس و عەرەب و تورک زۆرن، ئەوان بەهەر هەورازێکی شیعردا ئەسپی ئەندێشە و هەستیان تاو دابێ و کەوتبێتە بەرچاوان، یەکسەر شاعیرە هەڵکەوتووەکانی کورد خوێندوویانەتەوە، ئەگەر کاریگەری پێوە دیاربووبێ، ئەمانیش هاتوون لە بەرگ و شێوازێکی تردا بە زمانی دایک دایانڕشتووەتەوە، بەو ئامانجەی کە ئەدەبی سەر هەڵدراوو ڕێ پێ لێگیراوی کوردیش لەو دەستەواژە باوانە بێبەش نەبێ.

مەرجیش نییە هەموو شاعیرێ لەو ئەزموونەدا توانیبێتی بە ئاسانی لە بەردەبازی هونەر پەڕیبێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ناویان لە پەنای بابەتی شایستەدا دێت، ئەگەرچی هێزی بۆچوون پێکاندنەکە لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر جیاوازە. شاعیرانی ئەوسا و ئەم دواییەی کوردەواری چ لە ڕووی ئایینەوە، چ لە ڕووی ئەوینەوە، چ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، چ لە ڕووی ڕامیارییەوە ئەم زاراوە و دەربڕینانەیان بەروناوەدەری چەندان بەیت و بڕگە و بەیتی پارچە شیعر و قەسیدەکانیان تێهەڵکێش کردووە.

مەبەستیان لە ڕووی ڕەوانبێژی وشە ئاراییەوە پێکاوە. دەماو دەم تیلەی سەرنجیان بۆ ڕاکێشاوە ئیدی بەرهەمەکە تاموچێژێکی لەبارتری بەخۆوە بینیوە لەوانە: «ئەسکەندەری مەقدۆنی، حوسنی یووسف و زلێخا، شیرین و فەرهاد، خوسرەوو شیرین، مەم و زین، ئەفلاتوون و ئەرستۆ، لەیل و مەجنوون، ڕۆستەم و ئەسفەندیار، ڕۆژەکەی ئەلەست، یەدی بەیزا، شەوی یەڵدا، شەهیدی کەربەلا (حوسێن)، سوڵتان مەحموودی غەزنەوی و ئەیاز، قەتەر، تورکی چاوان، تارومار، عەزیزی میسر، جامی جەم، تاقی کیسرا، فەرەیدوون، مەنسووری حەللاج و ئەنەلحەق، میسکی خەتا، چین و ماچین، وامیق و عەزرا، ئاوی زمزم، شێخی سەنعان، پیری موغان، هودهود و سولەیمان و بەلقیس، تەیری عەنقا، عومری نووح، ئاوی حەیات و خدری زیندە، سەبری ئەیوب، ساقی.... تاد.

ئێمە لێرەدا بەکورتی لە بەسەرهات و دەنگدانەوەی حیکایەتی (شێخی سەنعان) دەدوێین، کە ڕەنگدانەوەیەکی بەرجەستە و دیاری لە ملوانکەی پیرۆزەیی بەیتە شیعری شاعیرانی جیهانی ئیسلامی بەگشتی و چەندان لە شاعیرانی کوردیش بەتایبەتی

هەیە، بۆیە ئەم باسەشمان هەڵبژارد و نووسی، چونکە بەشێک لە شاعیرانی کورد چ وەک گێڕانەوەی داستانەکە بە شیعر و وەرگێڕان، چ وەک ئاماژە پێکردن لە گەنجینەی دەوڵەمەندی ئەویندا بایەخیان پێداوە، لە هەندێ سەرچاوەدا پوختەی چیرۆکەکە بەم جۆرەیە:

دەڵێن شێخی سەنعان خەڵکی شاری مەککە، یان دەوروبەری بووە. کابرایەکی هەرە دیندار و خاوەن تەریقەت و ڕابەر بووە. ئاوێتەی بیروباوەڕی سۆفیگەری بووە. نزیکەی ٤٠٠ تا ٥٠٠ دەروێش و مووریدی گوێڕایەڵ و ئەمەکداری هەبووە. تێکڕا سوێندیان بەسەری خواردووە. شەوێکیان لە خەوتندا شێخ خەونێک بە کچە تەرسا (ئەرمەنی)یەکەوە دەبینێ و دەبنە شەیدای یەکتری. بۆ بەیانی مەسەلەکە دەدرکێنێ. خۆشەویستی و دڵداری لە کەللەی دەدا.

کۆڕی خواپەرستی و یارانی بەجێ دێڵێ و بەرەو ڕۆمستان دەکەوێتە ڕێ. لەوێ چاوی بە کچە شۆخەکە دەکەوێ. عەشق کەنەفتی دەکات و دەبێتە کۆیلەی.

داخوازییەکانی کچە تەرسا ئەوەیە لە ئایینی خۆی وەرگەڕێ و قورئان لابات و بێتە سەر ڕێبازی فەلەییان و زوننارببەستێ، بچێتە دێر و دیسان ببێتە بەرازەوان. شێخیش ڕەزامەندی دەردەبڕێ و بەجێهێنەری خۆی یەکالا دەکاتەوە. هەرچەند نوێنەری دەروێش و موریدەکانی بەهەزار زەحمەت دەگەنە لای و دوعای خێری بۆ دەکەن تا شێخ ژێوان بێتەوە و بچێتەوە دۆخی جارانی خواپەرستییەکەی و لەگەڵیاندا بێتەوە، هەوڵەکە بێ سوود دەبێ.

تا شەوێکیان پیاوچاکێک دێتە خەوی و گۆڕانکاری بەسەر مێشک و دڵی شێخدا دێنێ ئەمیش (شێخی سەنعان) کتوپڕ زوننار فڕێ دەدات و واز لە بیروباوەڕی فەلەو بتپەرستی دێنێ و لە تەک کچە تەرسادا بەهەڵگری بیروباوەڕی ئیسلامەتی دەگەڕێنەوە و لە بەهەشتیشدا بۆ یەک دەبن.

(محەمەد عەلی قەرەداغی) لە زنجیرەی بەرهەمی کەشکۆلی کەلەپووری ئەدەبی کوردیدا بەرگەکانی پێنجەم و شەشەم دەربارەی سەنعان و تەرسادا کۆششی وردە کارییانەی نواندووە بە ڕاستکردنەوە و ڕوونکردنەوە بابەتێکی پوختی لەژێر ناونیشانی حیکایەتی شێخی سەنعاندا بەوتەیەک دەقە شیعرێکی ئەو حیکایەتە شیعرییەی بلاو کردووەتەوە کە هی شاعیرێکی دێرینی شێوەزاری (گۆران)ی ناوچەی هەورامانە، لە سەرەتاوە

وای نووسیوە: «یەکێک لەو بابەتە ئەدەبییە جیهانییانەی سەرنجی شاعیرانی کوردی ڕاکێشاوە و ئەسپی بیری خۆیان تێدا تاوداوە و چوستانە لە بواری پەرپونەتەوە، داستان و چیرۆکی شێخی سەنعانە.. ئەم بابەتە بە چەندان زمانی زیندووی سەرگۆی زەوی گوتراوە و نووسراوە، لە بەرایی هەمووییانەوە فارسی و عەرەبییە، ئەمەش وای کردووە ڕۆشنبیرانی کوردیش چاو لە گەلانی دراوسێی خۆیان بکەن و ئەم بابەتە بە زمانی کوردی بخەنە ناو کتێبخانەی کوردی...» ئەگەرچی ئەم دەقە (٣٢٦) بەیتە شیعرە، بێ گومان لەژێر کاریگەری سەرچاوە عەرەبی و فارسییەکاندا ڕێک خراوە و ئەو داستانەی لێدەرچووە.

ئەمەش چەند نموونەیەکی بەرجەستەیە لەو داستانە کوردییەدا تۆمار کراوە کە لە پێشەوە بە گومڕایی شێخی سەنعان دەست پێدەکات پاشان چۆنێتی عاشقبوونی بە کچە تەرساو ڕۆیشتن و گەڕانەوەی بۆ جێگەی پێشینەی خۆی:

**بوا چوون تەعریف سەنعان گومراه**
**جە گومراهیی وێش چۆن بەرشی جەڕاه**
**چهل ساڵ سەنعان نەقاپی حەرەم**
**عیبادەت مکەرد بێ زیاد و کەم**
**........**
**تۆ شێخ کەبیر دین حەقپەرست**
**من گەبر تەرسای مەست بتپەرست**

تا بەم شێوەیە کۆتایی بە داستانەکە دێنێ:

**سەنعان عەمامەش بەسەر دنیاوە**
**بەند پەردەی گەنج بە هەم دریاوە**
**.......**
**جە لوتف بێچوون حەیی لا یەنام**
**سەنعان چەنی یار هەم یاوا بەکام(١)**

«یەکەمین هەواڵ لە بابەت چیرۆکی شێخی سەنعان ڕەنگە ئەو گێڕانەوەیە بێ کە ئەبوو حامیدی غەزالی (٥٠٥ک/١١١١ز کۆچی دوایی کردووە) لە کتێبی (تحفة الملوك)دا تۆماری کردووە، ئەو ڕووداوە لەبەسەرهاتی شێخی سەنعان دەکا. یەکەم داستانی تۆمارکراوی بەسەرهاتی شێخی سەنعان چیرۆکە بەناوبانگەکەی فەریدەدینی عەتاری نیشانپووری

٦٢٨ک/ ١٢٣٠ز کۆچی دوایی کردووە بەناوی شێخی سەنعان» (٢). لە ڕۆژگارەکانی سەردەمی پێشووی ئەدەبی کوردیماندا بۆ یەکەم جار لە لایەن شاعیری بلیمەت و بەتوانا (فەقێ تەیران ١٥٦٣- ١٦٤١) چیرۆکە شیعری (شێخی سەنعان) وەک بەرهەمێک دانراوە ئەویش بە (٣١٣) دووبەیت، یان (٣٣٤) دووبەیتە شیعر ڕازاوەتەوە و کەڵکی لە ژیاننامەو چیرۆکە شیعری فەریدەدینی عەتار و دەقە فارسی و تورکییەکان وەرگرتووە. بەمەش پلەی بەرزی ڕووناکبیری و پێشەوە چوونی شاعیر دەسەلمێنرێت. ئەمەش نموونەیەکە لە شێخی سەنعانەکەی فەقێ تەیران، ئەو داستانەی کاریگەری فەریدەدینی عەتاری پێوە دیارە:

**شێخەک هەبوو سەنعانیان**
**سەرداری پانسەد سۆفیان**
**چوو بوو مەقامێ ئەولیان**
**دایم زیکر و تاعەتێ..**
......
**نارا کچێ داگرت هناڤ**
**دیما کۆ تێدا نوور و تاڤ**
**عەکسا ئیلاهی هاتە ناڤ**
**مەزهەر دە بە سەبر ژی نەتێ**
........
**سۆفی ژ عەشقا بوونە ڕەف**
**دەروێش دبەر شێخ بوونە سەف**
**چەرخان ددەن ب زیکر و دەف**
**ب دەشت و سەحرایی کەتێ**

جگە لە چیرۆکە شیعرییەکەی فەقێ تەیران «(مەنزومەی کوردی شێخی سەنعان) قادر فەتاح قازی نووسیویەتییەوە؛ (شێخ سەنعان) عەلی کوڕی محەمەدی ڕەوشەن لە ساڵی (١٨٠٨) تۆماری کردووە و محەمەد عەلی قەرەداغی بڵاوی کردۆتەوە» (٣). دیسان لەم دواییانەدا نوسخەیەکی تری نامیلکەی شێخی سەنعانی، یان حیکایەتی شێخی سەنعان بە شیعر لە لایەن عەبدولسەلامی حەیدەری نووسراوە لەژێر کاریگەری داستانە کۆنەکانی شێخی سەنعاندا وەرگیراوە و هۆنراوەتەوە.

ئەم نامیلکەیە بە زمانێکی سادە و ڕەوان ڕازاوەتەوە، چەندان جار لە چاپ دراوە، لێرەدا چەند بەیتێکی وەک نموونە لێ تۆمار دەکەین. ناوبراو شێوازە کۆنە باوەکەی گێڕانەوەی بەکارهێناوە:

**ئومێدم وایە بۆ کوردی زوبان**
**باس و ماجەرای ئەو شێخی سەنعان**
**بیکەم بە کوردی بە دەست و بردی**
**بەشێوەی خۆشناو بۆ لاوی کوردی (٤)**

عەبدولسەلام نامیلکەکەی لە ژێر چەندان ناونیشاندا دابەش کردووە بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەر پتر بەلای حیکایەتەکەدا ڕابکێشێ، لە سەرەتاوە دەڵێت:

**شێخی سەنعانی شێخێکی چاک بوو**
**وەک ڕۆژی ڕووناک دڵی ڕووناک بوو**
......
**لە شاری مەککە لە بەیتوللا بوو**
**هەردەم خەریکی تەقوای خودابوو**
**چوارسەد موریدی خاوەن کەرامەت**
**هەبوو لەلای شێخ بۆ دین و تاعەت (٥)**

بەسەرهاتی شێخی سەنعان نموونەیەکە لە تیشکدانەوەی عەشقی کانگایی کە کاریگەری لەسەر دڵ و دەروونی چەندان شاعیری یەکەی یەکەی کورد هەبووە.

تەمەنی ئەم بەسەرهاتە سەرسوڕهێنەرە پتر لە هەزار ساڵە، لەم ڕوانگەیەوە بە خولیایەکی چەسپیوی دانەبڕاوی هەناسە خۆشەکانی هەست دەژمێردرێ.. ئەو عەشقەی مرۆڤ کەلەپچە و دەستەوەسان دەکات لە بەرانبەر مەعشووقەکەی. وەک وتمان ئەم بەسەرهاتە گەلێک بۆچوونی هەمەجۆری لەبارەوە وتراوە و نووسراوە. هەژار موکریانی (١٩٢٠- ١٩٩١) لە پەراوێزێکی لێکدانەوەی شیعرەکانی جزیریدا دەڵێت:

«شێخی سەنعانی چیرۆکی لە (منطق الطیر)ی عەتاردا هاتووە، شێخێکی سەربەرماڵ بووە و زۆر مورید و دەروێشی بوون. ڕۆژێک سەری هەڵگرتووە و ڕووی کردۆتە هەرمنستان چاوی بە کیژێک کەوتووە و عاشق بووە. کیژە هەرمەنی گوتوویە بەو مەرجە دەبم بەیارت لە دینی ئیسلام واز بێنی. پەڕی قورعان بسووتێنی، زوننار لە پشت ببەستی، مەستی بکەی، ببی بە بەرازەوانی من. شێخی دڵدار هەموو مەرجەکانی یاری بەگیان و دڵ پێک هێناوە، تا ڕۆژێکیان شێخی چازان واز لە بەراز دەهێنێ و ڕۆژی ئیمان، تیشکەکەی دەداتەوە دڵ و کوڵ دەیگرێ و دێتەوە سەر دەقی پێشووی. کیژی دڵبەر کە بە دڵ گیرۆدەی شێخە شوێن نێچیری خۆی دەکەوێ و بازی

دڵداری خـودایی ڕاوی دەکـا بە قـەرەواشی شـێخ» (٦) لێـرەدا گرنگ ئەوەیە ورووژانەکـە سنووری چیـرۆکی بەر ئاگـردانی بەزاندووە، بەرەو ئەدەبیـات جـێگەی خـۆی کردووەتەوە.

لە نموونەکـانـدا هەڵبـژاردەیەک لە بەیتی کـوردی دەسـتنیـشـان دەکـەین.. سـەرەتا لە ئەحـمـەدی جـزیری (١٥٦٧- ١٦٤٠) دەست پێدەکەین. شاعیر لەم بەیتە شیـعـرە سـۆفـیـانەیەیدا ئاواتەخـوازە لە ڕێی پیـرۆزی خۆشەویستەکەیدا ڕێبازی شێخی سەنعان بگرێ و زوننار ببەستێ بەمەرجێ ئاواتەکەی بێتەدی:

**گول چیچەک و نەقشێن غـەریب نەسرین و ڕەیحانێ عەجیب**

**لێ ڕاست و چەپ بوویین سـەلیب جـەدوەل گـەشین زوونناری خەت (٧)**

لە بەیتـێکی تردا پرتەوی ئەو سـۆز و عـەشقـە بەیان دەکات. لایەنی شـێخی سەنعـان دەگرێ کە لە پێناو ئەو ئەوینە ئاگرینەی خودا خـسـتوویەتییـە دڵییـەوە هەڵە نەبووە:

**مەی نەنۆشی شێخی سەنعانی غەڵەت**

**ئەو نەچوو نیڤ ئەرمەنستانی غەڵەت (٨)**

* * *

ئەحـمەدی خانی (١٦٥٠- ١٧٠٧) لە قەسیـدەیەکی پڕ لە ئەوینی سـۆفـیـانەدا لە دین وەرگـەڕانی شـێـخی سەنعانی ئاماژە پێدەکات:

**وەکی شێخێ دی ها دیر بت**

**ل فەرمانێ کونا زیر بت**

**ب ئەمرێ دۆستێ کافربت**

**دسۆژت سوحفێ قورئانێ**

**.....**

**دسوژم سوحفێ مەکتووبە**

**ب ئەمرێ یار و مەحبووبە**

**دەما دل دم ب مەتلووبە**

**ددم ئەزدین و ئیمانێ (٩)**

ئەڵمـاس خـانی کـەندولەیی (١٧٠٢- ١٧٧٦) لە بەیتی غــەزەلێکدا دەربارەی ئەوینی بێ سنووری دڵ و دەروونی پەرێشانی و گیرۆدەیی ژیانی بەشێـخی سەنعان و قەیس دادەنێ:

**بەرگی سەنعانی بە پوشو نەوەر**

**قەیس ئاسا بیدی بگیر و نەوەر (١٠)**

مسـتەفای (بێسـارانی) (١٦٤١- ١٧٠٢) لە بەیتی غەزەلێکی ئەویندارییدا ڕوو لە خۆشەویستە چاوبازەکەی دەکـات و دەڵێت بەم نیگا بارانەن مـەمـانکەرە شـێـخی سەنعـان و ئیمـانمان لێ مەسێنە، بۆ نازانی چیت پێمـان کردووە:

**بەنیم نیگای وێش هیچ نمەزانۆ**

**چەند شێخ سەنعان ئیمان مەسانۆ (١١)**

عــومــەری ڕەنجــووری (١١٦٤- ١٢٢٢ک) لە قـەسیـدەیەکی ناسک و بەسـۆزی ئەویندارییدا تـوانەوەی خۆی ڕووبەڕووی دڵخوازەکەی دەخاتە ڕوو، ئینجا تێیدا ناوی چەندان عـاشقی بەناوبانگ دەبات، یەکێک لەوانە سـۆفی زەمـانە، شـێـخی سـەنعـانە، کـە چۆن لە ئاییـنی ئیـسـلام وەرگـەڕاو پیـشـەی بتـپـەرسـتی و چوونە دێر و کڵێسای هەڵبژارد و کڕنووشی بۆ بتان برد:

**سەنعان کەرد نەدین ئیسلام هەراسان**

**سوجدەی سەنەم بەرد کڵێسا ناسان (١٢)**

دیسـان لە بەیتی غـەزەلێکی دڵداری تردا بە ئاشکرا دەڵێت فەرهاد بۆ شیرین و شێخی سەنعان بۆ کچە تەرسا چیان کرد، بێ گومان منیش هەمان ڕێگەی ئەوان دەگرم:

**مەشقێ جە ئینشای سەنعان کەردە بیم**

**چون فەرهاد نەفیکر سەیر هەردە بیم (١٣)**

عـاشقـە ڕووتەی کوردستـان، (وەلی دێوانە) هاوڕێ و هاوچەرخی (ڕەنجووری)، لە قەسیدەیەکدا بەگوێی شەمدا دەچرپێنێ کـە وەختـە لە دووری ئەو گـیـانی شیـرینی لە دەست بدات، وەک شێخی سەنعانی بەسەربێ کە لە ئایین وەرگەڕاو شەیدای کچە تەرسا بوو:

**قیبلەم چون تەسویر تەرسان جام جەبین**

**شێخ سەنعانت هۆ گێڵنا جەدین (١٤)**

شـۆخ و سـەرکـەشـەن قـەسـیـدەیەکی بەناوبانگی (عـەزیزی) شـاعـیـرە کـە هاوچەرخی ڕەنجـووری و وەلی دێوانەیە.. پلەی شەیدای بوونەکەی سنووری شکاندووە، لە بۆتە و کوورەی عـەشـقـدا خـۆی سـووتاندووە و لەناو پۆلی عـاشـقـاندا ناوی شـێـخی سـەنعـانی هێناوە، کـە سەنعـان خـۆی پیری تەریقەت بووە، کەچی کـە عـاشـقی کچە تەرسا بووە، کچە بۆتە ڕابەر و پیری ئەو:

**زوڵف حەڵقەی کەمەند بەهرام گۆڕ گیر**

**سەنعان جە ڕابەر چون تەرسای بێ پیر (١٥)**

محەمەد سلێمان (سەیدی هەورامی) (١١٩٩-١٢٦٥ک) لە نامەیەکی شیعریدا بۆ شێخ عوسمانی تەوێڵە (شێخی سیراجەددین)، هەستی گەرموگوڕی عاشقانەی خۆی دەربڕیوە، دەیباتەوە بۆ ئەوەی کە وەک چۆن شێخی سەنعان عەشقی کچە تەرسابووە.. بێ ئەوەی گوێبداتە سزا و ئەو دنیا و تانە و تەشەری ئەم و ئەو، ئەمیش هەمان ڕێو شوێنی شێخی سەنعانی گرتووە... خۆشەویستی مولکی شەیدایانە، لە کۆنەوە وەک یەعقووب بۆ یووسف.. تاد، لە لایەکی ترەوە دەڵێت ئەگەر مەلاو شێخ عاشق نەبوونایە یەکسەر لەلایەن خۆیانەوە فتوای سەربڕینم دەردەچوو:

**یا شێخ سەنعانم یا شێخ سەنعانم**
**عاشق پەی تەرسا من چون سەنعانم**
**بێباک جە تانەی مەناو مەنغانم**
**چون یەعقووب داغدار پەی مای کەنعانم**
.......
**ئەر عاشق نەبان یەکسەر مەلاو شێخ**
**فتوا بۆ سەیدی سەربڕان بەتێغ (١٦)**

عەبدولڕەحمان بەگی ساحێبقڕان (سالم) (١٨٠٦-١٨٦٦) شا بەیتێکی عارفانەی لە بارەی عەشق و جوانکاری ئەدەبی هۆنیوەتەوە. تێیدا شێخی سەنعان و کچە تەرسای ئاوێتە کردووە. تواندنەوەیەکی سەرنج ڕاکێش پێشکەش بە دیداری شکۆداری شەیدابوون دەکات:

**عەینی جەهلە ڕوویی دڵ گەرسوویی تەرسا خۆ نەکەم**
**شێخی سەنعانیش لە ڕێگەی عیشقدا پیری هەیە**
**(١٧)**

محەمەدی مەلا عوسمانی باڵخی (مەحوی) (١٨٣٧- ١٩٠٦) لە بەیتی غەزەلێکدا وردەکاری و ڕەوانبێژییەکی عارفانە و سۆفیانە و بلیمەتانە دەنوێنێ لە هێنانی ناوی شێخی سەنعان بۆ کچە تەرسا.. ئەمیش ئەگەر بیەوێ بەگەیشتنی ئەو شۆخەی شادبێت و بچێتە سەر ئایینی فەلەو زوننار ببەستێ.. ئەگینا لە مەزهەبی ئیسلامدا ئەو جۆرە پێوەندی و نزیکبوونەوەیە سەر ناگرێ و ڕێ ناکەوێ.. لێچوواندنی زوننار (پشتێنی مەزهەبی تەرسا) بە زوڵفی یار هونەرێکی باڵایە لە بارگەی ڕووناکی شاعیرێکی بە توانای وەکو (مەحوی) مەزن:

**لەگەڵ دەستی مەلا ڕێناکەوێ زوونناری زوڵفی یار**
**وەکو شێخ ئیختیاری مەزهەبی تەرسا نەکەم چبکەم**
**(١٨)**

عەبدوڵڵا بەگی میسباح دیوان (ئەدەب) (١٨٥٩-١٩١٦) لە دوو بەیتدا، کاریگەری شێخی سەنعان و کچە تەرسایان پێوە دیارە. خشڵی هونەرێکی ڕازاوەمان دەداتێ:

**بەستەیی زوونناری مووی کردووم و دەشڵێ کافری**
**خۆی لە ڕێگەم دەردەکا بۆ خۆیشی تەکفیرم دەکا (١٩)**
.......
**بۆ دەپرسی پیری من ئەمڕۆ لە ئاییینی ئەمە**
**زوڵفی تۆ بۆ خۆی گەواهە ئەهلی زووننارە (ئەدەب)**
**(٢٠)**

حاجی میرزا عەبدولڕەحیمی (وەفایی) (١٨٣٨-١٨٩٩) لە شا بەیتێکدا ئاماژەیەکی ئاشکرای بەسەروداسەری شێخی سەنعان کردووە کە ڕووی لە قیبلە وەرگێڕاوە و بە قەولی کچە تەرسای مەعشووقە زوونناری بەستووە:

**لەسەر تاقی برۆی جانانە شەیدای زوڵفی پەرێشانە**
**سەوداسەر ئەو دڵ دێوانە قیبلەی بەردا زوونناری گرت**
**(٢١)**

مستەفای کاک عەولا ناسراو بە (سافی هیرانی) (١٨٧٦- ١٩٤١) بە ئاوێتەکردنی بەسەرهاتی شێخی سەنعان لە بەیتێکدا شابەیتێکی باڵاو پڕ وردەکاری هۆنیوەتەوە و ڕەخنەی لە شێخ گرتووە و بە هەڵەی دادەنێ:

**لە بۆ فەرمانی یارم هەرچی گەردن کەچ نەبێ یاران**
**لەژێر پێی جەهلەوە سەردادەنێ وەک شێخی سەنعان**
**(٢٢)**

عەلی کەمال باپیر ئاغا (کەمالی) (١٨٨٤- ١٩٧٤) لە بەیتی غەزەلێکدا ڕوو دەکاتە یارەکەی و پێی دەڵێ چاوەکانت کافرن و بە نیگایەک لە ئایین لایدام بە وێنەی دیدەی ئەو کچە تەرسایەی کە شێخی سەنعانی لە ئایین وەرچەرخان، منیش ئاوام بەسەرهات:

**بە ئیمای چاوەکانت لایدام لە دین وەک شێخەکەی سەنعان**
**پەنا بەخوا لە دیدەی کافری سیحر ئافەرینی تۆ (٢٢)**

هێمن موهابادی (١٩٢١- ١٩٨٦) لە بەیتی غەزەلێکی خۆشەویستییدا هاواری بۆ کچە شێخێ لێ هەڵدەستێ، وەک چۆن شێخی سەنعان بۆ کچە گاورێ لە

ئایینی ئیسلام وەرگەڕا:

**شێخی سەنعان بۆ کچی گاور لە ئیسلام وەرگەڕا**
**من خەریکم بۆ کچە شێخێ پەژیوان ببمەوە (٢٤)**

حیکایەت و بەسەرهاتی سۆفیانەی شێخی سەنعان پێخۆری شیعری گەلێک شاعیری تری کوردە.. ئێمە لە بری مشتێک پتر لە بیست مشتمان بۆ نموونە هێناوەتەوە.. تەنیا هزرێک سەرەتاتکێمان لەگەڵدا دەکات ئەو هزرەی هەر دەبێ بوترێ ئاخۆ لە جێی خۆیدایە، یان نا؟. ئەویش ئەوەیە تێکڕای شاعیران لە بەیتە هەڵبژاردەی شیعرە جگەرگۆشەکانیاندا، باسی وەرگەڕانی شێخی سەنعانیان کردووە لە ئایینی ئیسلام بەرەو مەزهەبی فەلەیی و زوننار بەستن و بوونە شوانی بەراز و چوونە دێر و کڵێسا، هەمووی لە پێناوی عەشقی کچە تەرسایەک بووە.

کەسیان باسی ئەوەیان نەکردووە کە پەشیمان بووبێتەوە. بگرە زۆربەیان پشتگیرییان کردووە و باری ژیانی شەیدایی خۆیان بەو چواندووە، جگە لە (سافی هیرانی) لەوە دەچێ چ (فەریدەدینی عەتار) و چ ئەوانەی لای خۆشمان کە ئەو داستانەیان بە شیعر نووسیوە، یان وەریانگێراوە بۆ بەرز ڕاگرتنی ئایینی ئیسلام پەشیمانی شێخی سەنعان و بوونە موسڵمانی کچە تەرسایان ڕێکخستبێ. بەهەر حاڵ ئەم دەنگدانەوەیە لە ئەدەبیاتی کوردیدا جێگەی بەرزو شیاو و دیاری هەیە.. بۆ دوا وتەشمان تەنیا ئەم بەیتە شیعرەی عەبدولسەلام حەیدەری کە لە لاپەڕە سێی کتێبی شێخی سەنعانەکەیدایە و چۆتە ناخی عەشقەوە، کۆتایی پێدێنین:

**لامەدە لە عەشق گەرچی مەجازە**
**بۆ ڕێی حەقیقەت ئەو کارە سازە**

**سەرچاوەکان:**

**(١) کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی /محەمەد عەلی قەرەداغی/ بەرگی پێنجەم دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر ٢٠٠٢ بڕوانە لاپەرەکانی: ٦٣-٨٤.**

**(٢) (٣) مێژووی ئەدەبی کوردی/ دکتۆر مارف خەزنەدار- دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر- ٢٠٠٢ لاپەڕە: ١٧٤، ١٧٥، ١٧٦، ١٧٩، ١٨٠.**

**(٤) (٥) شێخی سەنعانی/ بە قەڵەمی حاجی مەلا عەبدولسەلام حەیدەری نووسراوە لەسەر ئەرکی عەبدولخالق محەمەد ئەمین عەسری چاپ کراوە لە کەرکووک ١٩٨٦. ئەم بەسەرهاتە ٤٦ لاپەڕەیە.. بڕوانە لاپەرەکانی: ٥، ٦.**

**(٦) دیوانی مەلای جزیری /هەژار شەرحی لێ کردووە/ سروش- تەهران- ساڵی ١٣٦١ی ئێرانی، بڕوانە پەراوێزی لاپەڕە: ٢٩٥.**

**(٧) (٨) دیوانی مەلای جزیری /سەرچاوەی پێشوو/ بڕوانە لاپەڕەکانی ٢٩٠، ٢٩٥.**

**(٩) (١٠) مێژووی ئەدەبی کوردی بەرگی دووەم. دکتۆر مارف خەزنەدار سەرچاوەی پێشوو لاپەڕەکانی (٣٢٠- ٣٢١) (٦٦).**

**(١١) دیوانی بێسارانی /ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی سدیقی موفتی زادە/ لە دەزگای ئینتیشاراتی کوردستان- ئێران لە چاپ دراوە ١٣٨١ هەتاوی لاپەڕە: ٢٤٥.**

**(١٢) (١٣) دیوانی ڕەنجووری/ لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی/ چاپی یەکەم چاپخانەی ئافاق عەرەبییە- بەغدا، بڕوانە لاپەڕە: ١٣٧، ١٨١.**

**(١٤) دیوانی وەلی دێوانە/ ئامادەکردنی عوسمان هەورامی/ چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا ١٩٧٦، بڕوانە لاپەڕە: ٣٨.**

**(١٥) دیوانی عەزیز/ ئامادەکردنی بۆ چاپ و نووسینی پێشەکی محەمەد عەلی قەرەداغی/ بڵاوکراوەی کۆڕی زانیاری کوردستان- هەولێر ٢٠٠٦ لاپەڕە: ٩٢.**

**(١٦) دیوانی سەیدی /کۆکردنەوە و شیکردنەوەی محەمەد ئەمین کاردۆخی/ چاپخانەی (کامەرانی) سلێمانی ١٩٧١ لاپەڕەکانی: ٢٠٨، ٢١٠.**

**(١٧) دیوانی سالم/ چاپخانەی کوردستان- هەولێر- ١٩٧٢ مامۆستا گیوی موکریانی لە چاپی داوە، بڕوانە لاپەڕە: ١٣٥.**

**(١٨) دیوانی مەحوی/ لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و محەمەدی مەلا کەریم/ چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا ١٩٧٧ لاپەڕە: ٢٣١.**

**(١٩) (٢٠) دیوانی مصباح الدیوان- ئەدەب- شەرح و لێکدانەوەی محەمەد سەعید نەجاری- ئاسۆ- بڵاوکراوەی سەلاحەدینی ئەیوبی- ئێران ١٣٨١ هەتاوی لاپەڕەکانی ٨، ١٨.**

**(٢١) دیوانی وەفایی/ لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی/ چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا- ١٩٧٨، لاپەڕە: ٢٦.**

**(٢٢) دیوانی سافی/ لەسەر ئەرکی موحسین دزەیی لە چاپ دراوە/ چاپخانەی (معاریف) بەغدا، ١٩٥٣، بڕوانە لاپەڕە: ٦١.**

**(٢٣) دیاری شارە زوور/ کۆمەڵە هەڵبەستی عەلی کەمال باپیر/ چاپخانەی (ژین) سلێمانی ١٩٦٦، بڕوانە لاپەڕە: ٣٥.**

**(٢٤) بارگەی یاران/ سەرجەمی شیعری هێمن/ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر- ٢٠٠٣، لاپەڕە: ٢٥٠.**

# خەونی کوشتنی باوک و ئینتیماکردن بۆ پەتریارکییەت

**نیهاد جامی**
**(کەرکووک)**

وێنەی باوک لە چیرۆکی کوردیدا وێنەیەکی کۆن نییە ئەوەندەی وێنەیەکی نوێیە، بەواتایەکی تر وێنەی باوک لەناو زماندا وێنەیەکی حەرام کراوە، حەرامێکی ترسناک، پێویستی بە ئۆدیبێکی بوێر هەبوو تا ئەو وێنەیە تێک بشکێنێت، ئۆدیبێک باوک بکوژێت و مێینە و هەموو ژنەکان بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، ئەوەش وەهمێک بوو پێویستی بە چیرۆکنووسێک هەبوو کە باوک لە دنیای کوردییەوە بگوازێتەوە بۆ باوکی نێو زمان، چونکە باوک لە ڕۆشنبیری کوردیدا لە دەرەوەی مێژووی زمان بوو، باوک بەدرێژایی نووسین مومارەسەی دەسەڵاتی دەکرد، بەڵام بەگژداچوونەوەی ئەو دەسەڵاتە بەرگریکارێکی نائامادە بوو، باوک بە تەنیا لەدنیای کوردیدا حیکمەتەکانی بە کوڕەکانی نەدەوت، بەڵکو لەناو نووسینیشدا حیکمەتەکان بەرهەم دەهاتنەوە، بەرهەم هێنانەوەی دەسەڵاتی باوک پێوەندی بە قۆناغە جیاوازییەکانی نووسینەوە نەبووە، نووسین چەندە قسەی لە تازەگەری کردبێت، بەڵام نەیویستووە تازەگەری قسەکردن بێت لە حەرامەکانی دەسەڵاتی باوک، تا ئەزموونی (حەسار و سەگەکانی باوکم) کە کوڕی گەورە لەناو خەونی کوشتنی باوک دەست بە پرۆسەی نووسینەوەی زمان دەکات، ئەو ئەزموونە دەسپێکێکە بۆ کوشتنی باوک، کە کاریگەری لەسەر تەواوی چیرۆکی کوردی دادەنێت، بەتایبەت لای نەوەی نوێ، ئەو کاریگەرییە زۆر بە قووڵی دەبینینەوە.

باوک لێرەوە پانتاییەکی گەورە لە ئەزموونی چیرۆکنووسانی نەوەی نوێ داگیر دەکات بەبێ ئەوەی ئەو وێنەیە لەناو دەلالەتی جیاوازدا دەربکەوێتەوە، بەڵکو هەر لەناو هەمان مانا و دەلالەتەکانی حەساردا درێژە بە ڕەهەندە فکرییەکانی باوک دەدەن، کە قسەکردنە لە جەبەرووتی باوک و هەوڵدانە بۆ کوشتنی ئەو کارەکتەرە.

ئێمە ئەزموونێکمان نەبوو لەو ڕەهەندە شێرزادییە خۆی بەتاڵ بکاتەوە، تا نووسینی چیرۆکی (یاسای قەفەزە بچکۆلەکان)، ئەم چیرۆکە تەواوی ئەو ڕەهەند و مانا باوە تێک دەشکێنن کە لە وێنەی باوک پێی ئاشنا بووینە، بەرەو پانتاییەکی کەشف نەکراو دێین، بۆ سەلماندنی ئەو وتەیە لەکاتی خوێندنەوەی بنیاد و پێکهاتەی ئەو چیرۆکە، ئەو جیاوازییانە لە مانا حەسارییەکەی دەست نیشان دەکەین.

چیرۆکی کوشتنی باوک وەک ئەوەی لە شانۆگەرییە یۆنانییەکەی فرۆید وەری دەگرێت و دواتر لەلایەن مۆریس



دانا فایەق

گۆدلێ دەبێتە بابەتی توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی، کە ئەو تاوانە بە قوربانیدانی سێکسی ناو دەبات.

ئۆدیب کارەکتەرە تراژیدییەکەی شانۆی یۆنانی، کە لە تێکستە شانۆییەکەی سۆفۆکلیس دەیبینین، بەدوای لەدایک بوونی، پێشبینی کارەسات لەو منداڵە دەکرێت، فەرمانی دوورخستنەوەی دەدەن، شوانێک دەیدات بە پاشای مەملەکەتێکی تر و سەرەنجام کە ئەو پاشایە دەمرێت و مەسەلەی میرایەتی دێتە پێشەوە ئۆدیب لەو میراتییەی عەرش بێ بەش دەکرێت، چونکە ئاگاداری دەکەنەوە کە ئەو کوڕی ڕاستەقینەیان نییە، ئۆدیب بۆ شارەکەی خۆی دەگەڕێتەوە، لە ڕێگە تووشی (ئەبی هۆڵ)ی پاشای ئەو شارە دەبێت کە بووە بە درندەیەکی خورافی، ئۆدیب ئەو درندە خورافییە دەکوژێت، کە دیارە ئەوەی پاشا بکوژێت دەچێتە شوێنی پاشا و دەبێ شاژن مارە بکات، ئۆدیب ئەو کارە دەکات و دواتر پەتایەک بڵاو دەبێتەوە کە گەورەی قەشەکان برای هاوسەرەکەی دەنێرێتە ئاسمان، خواکان پێی ڕادەگەیەنن کە پەتاکە ئۆدیبە، چونکە ئەوەی کوشتوویەتی باوکی خۆی بووە و ئەوەی ئێستا شەوانە لەباوەشی دەخەوێت و چوار منداڵی لێی هەیە دایکییەتی، بەرانبەر بەو کارە وەک کاردانەوەیەکی ئەخلاقی جۆکاستای شاژن خۆی دەکوژێت و ئۆدیبیش هەردوو چاوەکانی خۆی هەڵدەکۆڵێت، ئەم تێکستە شانۆییە بۆ فرۆید دەبێتە هۆی لە دایک بوونی تیۆری گرێی ئۆدیب کە منداڵ ئارەزووی کوشتنی باوک دەکات، چونکە هەست دەکات باوک دایکی لێ زەوت کردووە، بەدوای ئەو توێژینەوە تیۆرییەی فرۆید زۆر تێکستی ئەدەبی بە ئاگاییەوە لەبارەی تیۆری کوشتنی باوک نووسراون، بەتایبەت لەبواری تێکستی شانۆییدا، لەلای نووسەری کووبی خۆزێ تریانا لە شانۆگەری (شەوی بکوژان) منداڵان گەمەی کوشتنی دایە و بابە دەکەن، هەرچی (هنری میشۆ) یە لە شانۆگەری (زنجیرە لێکدراوەکان) کوشتنی باوک بە ئازاد بوونی نەوەی نوێ سەیر دەکات، ئێمە لە ئەدەبی کوردیدا نموونەیەکمان لە تاوانی کوشتنی باوک نەبوو، تا وەکو لە نۆڤلێتی (حەسار و سەگەکانی باوکم) ی شێرزاد حەسەن بووینە خاوەنی تێکستێکی ئەدەبی کە بەتەواوی هەڵگری خاسیەتی کوردی بوونی ئێمە بێت، ئەو مۆدیلەی شێرزاد بۆ باوک بووە فۆرمێکی باو.

دانا فایەق بە جیاواز لەو مۆدە بۆ باوک و کوشتنی، ویستی ئەو کوشتنە بۆ ئینتیما کردن بگۆڕێت، دواتر دێینە سەر ئەو لایەنانە، بەڵام جارێ لەسەر هەریەکە لەو دوو دەقە دەوەستین، سەرەتا هەوڵ دەدەین جیهانبینی و کەشوهەوای تێکستی حەسار بخوێنینەوە.

## تاوانی کوشتنی باوک لە حەساردا

ئەو کەشوهەوایەی حەساری خوڵقاندووە وەک تێکستێکی ئەدەبی کە لە شێوەی نۆڤلێتێکدایە، بەرجەستەکردنی گرێی ئۆدیبە، کوشتنی باوک ئەو کوشتنەی بەردەوام نەوەی نوێ خەونی پێوە دەبینێت، ئازاد بوونی نەوەی نوێ و ڕەها بوونی حەزەکانی لەو کوشتنەوە سەیر دەکات، کوشتن بە مانا ڕەمزییەکەی، کە کوشتنی دەسەڵاتی باوکە، بۆیە کوڕی گەورە (پاڵەوانی تێکست) کەسی یەکەمە کە لەناو خەونی کوشتندا دەژێت، ئەو خەونەی زمان بنیادی دەنێت و نابێتە واقیع، ئەوەش خەونی کوشتنی باوک و گەڕانەوەی بەرەو دایک، بۆیە حەسار بۆ ئەو نەوەیە زیندانێکە باوک بەڕێوەی دەبات، باوک جەللادی ئەو زیندانەیە، وەک کالا سەیری ئەوانەی ناو حەسار دەکات، پێوەندی باوک (جەللاد) بە

حەسارییەکان (زیندانییەکان) پێوەندییەکە لەسەر سڕینەوەی بوون و ئیرادەی ئەوی تر وەستاوە، دەرگا و شوورەی حەسار زیندان و گرفتی دەروونی حەسارییەکانە، بەردەوام حەسارییەکان خەون بە شکانی پەنجەرە و دەرگاکانی حەسارەوە دەبینن، مانەوەی حەسار بەندە بە مانەوەی باوک، باوکیش ئەو دەسەڵاتەی کە ژمارەی ژنەکانی وەک یەک لەژنەکانی دەڵێ: "گەر هەموو شەوێکیش بپەڕێ، ئینجا مانگی بەر یەکێکمان دەکەوێ" ڕاگرتنی ئەو هەموو ژنە تەنیا بۆ غەریزە تایبەتییەکانی خۆیەتی و تەنانەت منداڵ زۆر کردنیش فراوانی دەسەڵاتی دەسەپێنێت، ئەو فراوان کردنەش بۆ باوک مایەی شانازییە، چونکە ئەو بەرهەمی کولتووری کۆمەڵگایەکە کە ئەندامی سێکسی نێرینە هێمای پیاوەتی و شانازی پێوەکردنیەتی، ئەوەش بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی پەتریارکیانەیەتی بەسەریاندا بۆ بەردەوامی و ئەبەدییەت بەخشین بە حەسار، دەشێ هەموو ئەوانەی لە حەسارەکەدان بە فەرزەند و ژن و ئاژەڵەکانیش شوێن بە زیندان پێناس بکەن، لای باوک ڕاگرتنی ژن و منداڵ هەروەک ڕاگرتنی ئاژەڵەکانە، بەڕادەیەک سەگەکانی لە منداڵەکانیشی لە لا شیرینترە، چونکە سەگەکان بوونی ئەو و مانەوەی حەسار دەسەپێنن، بازنەیەک هەیە کە بریتییە لە بازنەی زەمەنی حەسار ئەو بازنەیە پێوەندی نێوان (فەرزەند، ژن، ئاژەڵ) پێک دێنن، ئەوانیش لەژێر کۆنترۆڵی باوکدان، بوونی باوکیش بەو زەمەنە و بە سەگەکان، چونکە ئەگەر حەسار زیندانی باوک بێت، ئەوە سەگەکانی زیندانی ئەو پاسەوانەن، لێرەوە حەسار و سەگەکانی باوکم لەڕووی دەلالی ناوونیشانەوە بنیادی خەونی زیندانێکمان بۆ دەکەن لەگەڵ حیکایەتی پاسەوانەکانی، هەر بۆیە مەرگی باوک بە ڕووخانی حەسار و تۆپینی سەگەکانی یەکسان دەبێتەوە، ئەو مەرگەش سێ پێوەندی نوێ دێنێتە بوون ئەوانیش بریتین لە (ون بوونی مومارەسەکردنی جەستە، چێژ وەرگرتن لە ژیان، ئازاد بوونی فەرزەند) چونکە باوک بۆ خۆی جەستە و عەقڵێکی نائامادە بووە بۆ مەرگ، هەر کاتێک هەستی کردبێت سەرەتایەک بۆ خولقاندنی شۆڕش لە دژی حەسار لە ئارادایە، ئەوە یاخی بووەکان زوو زیندە بە چاڵ دەکات "باوک زوهرای دی دەستی لە ملی ئەسپ کردووە".

دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤی تر بۆ چێژ وەرگرتن، ڕەنگە ئەوە شۆڕشێکی خودی بێت زیاتر لەوەی شۆڕشێکی کۆمەڵی نەوەیەک بێت، بۆیە کاتێ (زێبا)ی هەرزەکار مەمکەکانی داوەتە بەر تریفەی مانگ و هەڵدەپەڕێ، ئەوەش پەنابردنە بەر دەست و چێژی خودین لەلای تاکەوە، بۆ مانەوەی غەریزە، کەچی باوکە زیندە بە چاڵی دەکات، تا ئەو کاتەی باوک دەکوژرێ، ئەوسا دەیهێننە دەرەوە، لەڕو لاواز، بەڵام هەمان گەمە نمایش دەکاتەوە، بۆیە کۆتایی هێنان بەو دەسەڵاتە تەنیا کوشتنی باوکە، ئەوە ئەو حەقیقەتەیە کوڕی گەورە لە خەوندا دەیبینێت، ئەو خەونە ئازاد بوون و گەڕانەوەیە بۆ منداڵدانی دایک، هەر ئەو چەمکە (فرۆیدی)یەشە لەپشت خەونەکە وەستاوە، ئەو خەونە بەوە گەشە دەکات، کاتێ ڕابی ژنە جوانەکەی باوک لای ناعوورەکە وەستاوە، سوخمەی هەردوو مەمکی خۆی دەدڕێنێ و سەرنجی کوڕە ڕادەکێشێ "سەیری چی دەکەی ئەی خەسیوی نامەرد، درۆ دەکەی گەر غیرەت لە دەمارتا هەیە، ئەمشەو وا لە باوەشی منە.. شەو نۆرەمە" ڕابی دەبێ بە هاندەری و تاکە چەکی بەدەستییەوەش بێت جەستەیە، جەستە ئەو ڕووبەرە حەرام کراوەیە بە کوشتن ئەوەی هەموو تەمەنی بیری لێ دەکاتەوە، دەکرێ ئێستا بە ئەنجامی بگەیەنێت، لە پێوەندی سیمیۆلۆژی و تەئویل کردن بۆ زمان دەگەینە ئەو هاوکێشەیەی بڵێین "ڕابی دالێکە و دەلالەتی جەستە دەبەخشێت، داگیرکردنی جەستەشی لەلایەن داگیرکارێکەوەیە کە باوکە، کوشتنی داگیرکەر وەرگرتنەوەی جەستەیەتی لە باوکەوە بۆ کوڕ" تەنانەت خەونەکەش هەر لەو چرکەیەوە کە ڕابی دیوە لەسەر ناعوورەکە وەستاوە، چەپاندنەکانی بەرەو خەیاڵبردنەوە و خەون دەبیات.

پەنابردنە بەر خەیاڵ و نەبوونی بوێری بۆ کوشتنی باوک ترسی ناخی و خودییە، ئەوەش بەرەنجامی سەرکوتکردنەوەکانیەتی، کە تەنیا لەڕێگەی خەیاڵەوە دەتوانێ باوک بکوژێت و مومارەسەی ئازادییەکانی خۆی بکات، ئەوەش قۆناغێکی ترە بۆ جەستەی حەسارییەکان.. جەستەی حەسارییەکان دوای مەرگی باوک، لێرەدا دەتوانین لەو قۆناغەی دوای خەونەکە کە مەرگی باوکە لەپێوەندی هەریەکە لە باوک کوژ و ڕابی بەم شێوەیە ورد بینەوە، بەوەی باوک کوژ بەدوای تاوانی کوشتندا پەشیمان دەبێتەوە، کەچی ڕابی لەو پرۆسەی کوشتنە دەبێتە جەستەی حەسارییەکی ئازاد، ئەوەش

گەیشتنە بە باخەوان، چونکە بالۆرەی ڕابی بۆ باخەوانی چاوشین بوو کـە نەیتـوانی لە شـوورەکـانی حـەسـار بپەڕێتەوە، مەبەستیش تەنیا فریودانی کوڕی گەورە بوو لەلایەن دایکەوە، چونکە کـوڕ وای مـەزەندە دەکـرد بە کـوشتنی باوک ببێت بە خاوەنی ئەو ژنە جـوانەی باوک خـــاوەنداریەتی دەکـــرد، ئەوەتا ڕابی چەند بەناز و مەکرێکی پڕ لە شەهوەت فریوی داوە "تف لەو شەوانەی لەبری ئەوەی لە باوەشی تۆدا بم.. لە باوەشی باوکـتـا دەنووم، بەڵام هەقـیـشـە وابێ گـەر کـوڕان بێ دەمـار و خەسیو بن باوکان بۆ وا نەکەن"، یان دەڵێت "تۆ بیکوژە ئەوسا خۆم دەزانم".

لەو تێکستەدا زەمەن هیچ بەهایەکی نییە، بەڵکو بووە بە بازنەیەک بەردەوام بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە.. هیچ شـتـێکی جیـاواز لەدەرەوەی ئەو خـول خـواردنەوەیە ڕوو نادات، بەڵکو بەرنامـەیەکی نەگـۆڕ هەیە کـە باوک دایڕشـتـووە، پێویسـتـە هەمـووان پەیڕەوی ئەو بەرنامـەیە بکەن، پرسـیـارکردنیش لە حەسـار دەرەنجامێکی خراپی دەبێ، بەڵکو ئەوانەی لە حەساردان دەبێت بە وەڵامەکان ڕازی بن، ئەو پرسـیـار و وەڵامـانەی باوک خـۆی داینـاون، خۆشی لە باتی ئەوانی حـەسار وەڵامـیـان دەداتەوە "ئێـوە لەسەرتانە یەک شت بزانن، بەیانیان زوو لـە خەو هەستن و کە تاریک داهات دەرگاکانی حەسارەکە دابخەن" ئەوە بەرنامـەی باوکە بۆ حەسـارییـەکـان، دیارە ئەوەش لەپاڵ هۆکـــاری نێــرایەتی نواندنەکــە هۆکــاری ئابووریش کـاریگەری خـۆی لەسـەری هەیە، ئەگـەر ژن و منداڵەکـان خاوەنـی ئابوورییـەکی سەربەخـۆ بن، هەڵبـەت شکست و ڕازی بـوون بـەم جــۆرە ناکـــەوێتـــەوە، بەڵام نەبـوونی ئابوورییـەکی سەربەخۆ وای کردووە لەپاڵ هۆکارەکانی تر بە دووبـارە بـوونـەوەی زەمــــەن ڕازی بـن، ئـەو دووبـارە بوونەوەیەش لەناو هێــمـــاکـــانی پیــاوەتی باوکــدا کـۆبوونەتەوە، باوکـێک گەیشـتـۆتە ئەو ئاسـتـەی بڵێت: "ناکـرێ پیـاو دەست بەتاڵ بێ" دەست بەتاڵی مـەبەست ئامـێـری ئەشکەنجـەدانە، کـە هەر خـۆی لەپێناو دەست بەتاڵییـەکەی وەڵامی قسـەکـانی پێشـووتریان بۆ گریمان دەکـات "پیــاوی بەڕاست پیــاو سێ شت هەڵدەگـرێ: گـۆچان، قـامـچی، خـەنجـەر" ئەو سێ شـتـەی کـە باوک هەڵیـدەگرێ بۆ کوشتن و ئەشکەنجەدانە، ئەو باوکە نەک خـاڵی نیـیــە لە دنیــای کـوردی، بەڵکو بەرهەمی ناو کولتووری کوردییە، کە کولتوورێکە لەسەر زەبر و زەنگ و دەســـەڵاتی تۆقـــێنەری باوک بەرهەم هاتووە "زۆر ئەستەمە پیاو بێ قامچی بێتە ناو ماڵ و منداڵی خۆی" لێــرەوە باوکـــان تەواوی ئاکـــار و نەریتـــە ئاییـنی و کۆمەڵایەتییـەکان لەپێناو دەسەڵاتی خۆیاندا بەکار دێنن "هەر منداڵێکم قامچی منی بەر نەکەوێ، نە قەڵەو دەبێ و نە تەمـــەنیـــشی درێژ دەبێ" ئەوە ڕاڤـــەکـــردنێکی کۆمەڵایەتییە کە بووە بە نەریت، یان چیرۆکە ئاینییەکان لەپێناو غـەریزەی باوکـایەتیـدا بەکـار دەهێنرێت "خـۆ بەخۆڕایی نەبووە (سمـایل) گەردنی خـۆی خسـتـۆتە بەر کێردی (برایم) پێغەمبەری باوکی"

بەو پێیەی باوک سەر بەهەمان خورافەی کۆمەڵایەتی ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییەیە کە حەسار بەڕێوە دەبات، ئەوە وای لێکردووە قـسـەی ژنە قـەرەجـێک بەردەوام بیـخـاتە حـــاڵەتێکی دڵەڕاوکـــەیی "تۆ لەباوەشی یەکـــێک لە ژنەکـانتـا دەمـریت.. لەباوەشی هەمـووان ئازیزتر" دوای پرۆسـەی خـوێندنەوە ئەوە لای خـوێنەر دروست دەبێ کـە قسەی ژنە قەرەج ڕاست دەرچوو، لای ڕابی ژنە بچووکی مـرد، بەڵام ئەوە تەنیـا ڕێکەوتە، چونکە ڕابی هەر لە یەکـەم ڕۆژی بۆ حەسـار ئەو پیـلانەی دانا کـە بیکوژێت "خـودا یار بێ مـن سـەری ئەو پیـاوە دەخـۆم" و "من بە هەلهەلەی شایی هاتمە ناو ئەو حەسارە، بەڵام دەبینن: بە وەلوەلەی شین دەچمـە دەرێ" قـسـەی ژنە قـەرەج وای لە باوکـە کـردووە، نەتوانێ لەبەڵێنی نێـو نوێنیش ڕاسـتگۆ دەرچێ، نەوەک ژنەکـان بتـوانن پیـلانی بۆ دانێن، بۆیە ئاڵوگـۆڕی لە ژنەکـان دەکـرد، گـرنگ ئەو چێـژ و لەزەتی خـودی خۆی وەدەست بێنێت، خەجێ بێت یان خـازێ ئەو شەهوەتی خۆی هەر دەڕێژێت "ئەمشەو دێمە پێخەفی تۆ (خـەجێ) کـەچی دەچووە گـژ (بەهێ).. ئەمـشـەو خـۆت تەنیاکە (بەسێ) کەچی دەچووە کن خازێ".

باوک کە بەو شێـوەیە مـومـارەسـەی سێکس دەکـات، کەچی بەردەوام خەریکی خەساندنی ڕەگەزە نێرەکانی ناو حەسارە، چونکە بڕوای وایە دەبێ تاکە نێری ناو حەسار هەر خۆی بێت، ئەوەش وای کردووە سێکسی ناسروشتی لەدایک بێت، براکــان بە برای گــەورە دەڵێـن "تاکــەی شەوانە، بەدزییـەوە بچینە گژ مـاکـەر و هێسـتـرەکـان" بەواتای پێـوەندی سێکسی کـوڕەکـان لەنێـرەوە بـۆ مێ دەگـوازرێتەوە لە مـرۆڤەوە بۆ ئاژەڵ، ئەوەیان بەدڕەوشـتی ئەو نەوە نوێیەی ناو حەسار ناگەیەنێ، بەڵکو چەپاندنی سێکسی ناچاریان دەکات پەنای بۆ بەرن، خەتەنە کردنی

کچان لەمەملەکەتی باوک (حەسار) کەسێک نییە توانای ئەوەی هەبێت ڕەتی بکاتەوە، شەرەفی خەتەنە کردنیش دراوە بە (حەبێ)ی ژنە گەورە، چونکە دنیا دیدەترە، ئەوەش وەک پێوەندی کوڕەکان بە ئاژەڵەوە، لە کچەکانیشەوە دەپەڕێتەوە بۆ ئاژەڵ "جگە لە ئەسپە عەرەبییەکەی خۆی.. ئەسپ نەماوە نەیخەساندبێ" چونکە ئەسپەکەی نوێنەرایەتی کارەکتەری خۆی دەکات لەناو ئەسپەکان، نابێ ئەوەش فەرامۆش بکرێ ترسی لە غەریبەکانی دەرەوەی حەساریش هەبوو، دەبووایە ئەو غەریبانەی کاری خزمەتکارییان لە حەساردا ڕادەپەڕاند خەسێنراو بن "چۆنە پشیلەکان بخەسێنم، بۆچی پیاوەکە؟ چۆن بۆ پیرە قۆترە.. نەفام نابینی ئەم حیز باوکانە گونیان لە گونی من خڕترە" ترسی باوک تەنانەت لە پشیلکانیشە، نەوەک نێرایەتی خۆیان بسەپێنن، هەر بۆیە بەردەوام شۆڕشی نەوەی نوێ بەرپەرچ دەداتەوە و لە خەساندنی پشیلەکانیش ناکەوێ، بۆیە پێی وایە دەبێ هەر ڕۆژەی پشیلەیەک بخەسێنێ، گەر (حەبێ)ی ژنیشی ئەو کارە بە گوناح تێ بگات، ئەوە باوک لەپێناو دەسەڵاتی پەتریارکی خۆیدا بڕوای وایە "ژنێ گوناح ئەوەیە دوو ڕۆژی دیکە ڕەشەمێیە نامەوێ لەبەر چاوی کچەکانم بکەونە مڕ و سواری یەکدی بن" ئاماژەی زمانەوانی ناو ئەو دەستەواژەی باوک لەوەدا کورت دەکرێتەوە، کە ئەگەر ڕەشەمێ ئاماژە بێت بۆ جووت بوونی پشیلەکان، ئەوە بوونی کچ لەم مانگەدا کە بوونێکی نا ڕاستەوخۆیە، چونکە تەنیا فیگورێکە لەناو پرۆسەی بینین، بەڵام پرۆسەیەک دەبێتە هۆی ئەوەی بیر لە ژنایەتی خۆی بکاتەوە، ئەو بیرکردنەوەیەش دەبێتەوە چێژ وەرگرتن لە غەریزە ئاژەڵییەکان، بۆیە پێوەندی کوڕ و کچەکانی حەسار لە ئەنجامی چەپاندن، پێوەندییەکە لەسەر دوالیزمی مرۆڤ و ئاژەڵ پێک هاتووە.

ئیشکردنی (شێرزاد حەسەن) لەو تێکستەدا ئیشکردنێکە پەیوەستە بە بەشداری کردنی ئەو ئاگاییەی نووسەر بۆ تیۆر، بۆیە ویستوویەتی ماناکانی ئەو تێگەیشتنە تیۆرییەی فرۆید لەئاستی توێژینەوە بباتە ئاستی تێکستەوە، بەواتای ئەگەر فرۆید تاوانی کوشتنی باوک لە تێکستێکی شانۆیی کرد بە توێژینەوەیەکی تیۆری، ئەوە شێرزاد ئەو تاوانە لە دەرەنجامە تیۆرییەکەی فرۆید دەگۆڕێتە سەر نۆڤلێتێک، فرۆید بڕوای وایە کاتێ ڕەگەزی مێینە لە نێرەکان دوور دەکەونەوە، ئەوکاتە ئەو ڕێکەوتە ئاساییەی نێوان ئەو دوو ڕەگەزە ون دەبێ کە ڕەچاو دەکرێ، چونکە بەدوور بوونی ئەو ڕەگەزە لەوەی تر، زوو تەسلیمی سێکس دەبێت، بەهۆی گۆشەگیری جەستە و داخستنی جەستە کە تووشی تامەزرۆیی و ئاڵووشی دەکات. کاتێ زێوان لە (حەسار)دا، بە ئاماژەی چاو دەڵێت: "لەو هەموو خوشکە شۆخانەی تۆ هەتە یەکێکیانم پێ ببەخشە" خوشکەکان هەندێکیان خۆیان لێ ڕەپێش دەکەن، هەندێکیشیان "کراسەکانی خۆیان تا بەر پێیان دەدڕێنن"، یان بە عیشوە و نازەوە هەڵدەپەڕن، هەر ئەوەشە وا لە زولێخا دەکات بە ئاسانی و بەبەر چاوی خەڵکی حەسارەوە خۆی بدات بە دەست (زێوان)ەوە و خوێنی کچێتیشی بەسەر گۆڕێکەوە بێت، لێرەدا پرۆسەی سێکس کردن لە گۆڕستان چەند تەئویلێکمان بۆ دەخاتە ڕوو، لەڕوویەکدا پێمان دەڵێت ئەو پرۆسەیە جەستەی تێدا بەرەو سەربەستی دەگەڕێتەوە، لە ڕوویەکی ترەوە ئەوە فەنا بوونی دەسەڵاتی باوکە، لە هەموو ئەوانەش گرنگتر شوێن بە تەئویلێکی زۆر وردمان دەگەیەنێ کە ونبوونی گوتارە باوەکانی کۆمەڵگایە، بەتایبەت کەوتنی گوتاری ئاکاری کۆمەڵگا، هەروەها حەرامەکانی گوتاری ئایینی.

ئەوەش دیاردەیەکی دەگمەن نییە، بەڵکو کچەکان وەک بەشێکی دیار لە نەوەی نوێ بە کوشتنی باوک و ئازاد بوونیان، پشت دەکەنە تەرمی باوک و بەرەو زێوانەکە دەڕۆن، چونکە تەرمی باوک بۆ خۆی ئازاد بوونی نەوەی نوێی حەسارە، بۆ کچەکان جەستەی زێوان هاتنە دی و بەرجەستەکردنی حەزە مێینەکانیانە، لێرەوە زێوان دەبێتە جەستەی ڕزگارکەری کچەکان، لە ڕێگەی خەوتن، بەڵام مەرگی زولێخا و بەخوێن کەوتنی، لەناو پرۆسەی ئازادی کە ئەوە فەناکردنێکی عەقڵ و جەستەیە، ئەو فەناکردنە ون بوونی مێینە و نەمری بەخشینە بە نێرینە، مەسەلەکەش تەنیا نێرایەتی نواندن نییە، ئەوەتە کوڕە یاخییەکان زمانیان بڕاوە، کوڕی گەورەش ئەو کاتە دەزانێ ئەوانە برای ئەون کە لەسەر میراتی باوک بەشەڕ دێن "هەر هەموو برای تۆن و باوکە لاڵی کردوون".

ئەو خەونە دەرخستنی حەقیقەتی ناو حەسارە، بەواتای خەون نهێنی ناو حەسار ئاشکرا دەکات، بەوەی گوتاری ئایینی لەسەر ئەوانی حەسار حاڵەتێکی دڵڕاوکەی بۆ خوڵقاندوون بە نەخۆشی دەروونی ئەوانی حەسار کۆتایی هاتووە "یەکێک لەو ئەسحابە درێژانەی کە لە غەزای

کوردە کافرەکاندا هەر لەو شوێنە گیانی سپاردووە، باوکم دەیوت ڕۆحی مـــوبارەکی بەڕۆژ ئاســــوودە دەبێ و بە شـەویش دەگـەڕێ " ئـەو خـەونە بەتاڵ کردنەوەی تەواوی ئەو مـوقـەددەسـەیە کـە باوک بۆ پتـەوکـردنی دەسـەڵات بەرێوەی بردووە، دیارە ئەوەی خەون بەتاڵ دەکاتەوە کوڕی گەورە نییـە، ئەو تـەنیا کەسێکە خەون دەبینێت، بەڵکو ئەوە زێوانی شەهوەتبازی دۆستی خوشکەکانە لەپێناو لەدایکبوونی شۆڕشێکی جەستەیی سووکایەتی بەهەموو ئەو موقەددەسانە دەکات کە لە حەساردا وەک سیمبۆل سەیر کـراون، زێوان بە تەنیـا زێوانی گـۆڕستـان نییـە، بەڵکو ڕوویەکی تری کارەکتەری کوڕی گـەورە (باوک کوژە)کەیە ئەوان بەهەردووکیـان نوێنەرایەتی دوو چینی هۆشیار دەکەن، کوڕی گەورە خەونی گۆڕینی دنیای هەیە، نوێنەرایەتی هۆشیارییەکی هەمووان دەکات، لەپاڵ ئەوەدا سەیر نییە زێوان نوێنەرایەتی توێژێکی ڕۆشنبیر بکات، بەڵام نوێنەرایەتییەک ئازادی بەستۆتەوە بە ئازاد بوونی جەستە لە پێناو ئارەزووەکانی خۆیدا "بێ ئاوەز ئێرە نە مەزارە و نە تەڕەماش" زێوان حەقیقەتی موقەددەس ئاشکرا دەکات، بەوەی ئەوەی لە ڕاڤەکردنی کۆمەڵایەتی بووە بە گیـانی پیـرۆز، بەوەی ئەو مجێوری ئەو گیانە پیرۆزەیە کە خەڵک دێن، لە دانپێدانانی زاتی دوای مەرگی باوک پێمان دەڵێت کە ئەو گیانە پیرۆزەی گوایە مەزاری ئەسحابەیە کە لە ڕاستیدا ئەسپێکی تۆپیوە، بۆیە ئەو مجێوری ئەسپی تۆپیوە نەک گیانی پیرۆز، ئەوەی وەک یەکێک لە موقەددەسەکان سەیر دەکرێت.

کوشتنی باوک لە حەساردا نانەوەی گەورەترین تراژیدیایە، چونکە حەسارییەکان بوونە بە ماسۆشییەک و باوکێکی سادی بەهەموو ماناکان ئەشکەنجەیان دەدات، حەسارییەکان ناتوانن دوای کوشتنی باوک لەگەڵ ماسۆشییەکانی وەک خۆیان بگوزەرێن، بەڵکو پێویستیان بە پیاوێکی سادی هەیە، نەک تەنیا بۆ خودی نەوەی نوێ و دایکەکان، تەنانەت بۆ ئاژەڵەکانیش، مەسەلەی ڕازی بوونی خوشکەکانیش بە زێوان و بە تایبەتی سارا هیچ پێوەندییەکی بەو مەسەلەیەوە نییە، بەقەد ئەوەی زێوان مرۆڤێکی نەرجسی و چەپێنراوە.

ماسۆشییەتی حەسارییەکان باڵندەکانیشی گرتۆتەوە، بلبلە ڕەنگاوڕەنگەکان نایانەوێ ئازاد بن، قەفەزە دارینەکانیان قەبووڵە "باوکە ئێوەشی حیز کرد.. خوا هاوار بۆ نافـرن" بلبلە ماسۆشییەکانیش ڕەنگە لە جریوەکانیان تاکە وەڵامێکیان بۆ کوڕی گەورە پێ بێت "ئەرێ برا بۆ واز ناهێنی" پشیلە خەسێنراوەکانیش وەک باڵندەکان ڕازی نین حەسار جێ بێڵن و بۆخۆیان ئازاد بن، کاتێ پشیلەکان دەبردرێنە دەشتایی ئەوە ئازادکردنیانە لە زیندان و تێکەڵ کردنەوەیانە بە سروشت، بەڵام کاتێ پشیلەکان بۆ حەسار دەگەڕێنەوە، ئەو پشیلانەی باوکە دەیخەساندن، کەچی دەگەڕێنەوە حەسار بۆ ئازار و ئەشکەنجە، ئیدی ئەوان چێژ لەو ئازارە دەبینن، هیوایان وایە باوکێکی سادی وەک جاران ئەشکەنجەیان بدات، کە ئاخۆ برا گەورە، یان زێوان دەبنەوە ئەو سادییە ئەوە تەنیا هیوای پشیلەکانە و هیچی تر، چونکە باوک کوژ دەیەوێ شوورەکانی زیندان بۆ ئەبەد بشکێن و زێوانیش هەموو پرۆسەیەکی ئازادی لە جەستەوە سەیر دەکات، ئەوەی دەیەوێ تۆڵەی باوک بکاتەوە ئەوە سەگەکانن، کە دەیانەوێ ئەو کوڕە دەست بە خوێنە بە سزا بگەیەنن، سەگەکان تاکە ڕەمزێکی بەوەفایی ئەو دەسەڵاتە کوژراوەن، سەگەکان چەند جارێک لەسەر گۆڕەکەی باوک ئامادە دەبن و باوک کوژ گوێی لێبووە کە چەند جارێک باوکی کوژراو لەگەڵ سەگەکانی قسەی کردووە "هۆ سەگە بە وەفاکانم نەهێڵن ئەو باوک کوژە بحەسێتەوە" ماسۆشییەتی حەسارییەکان کوڕی گەورە لە خەونی کوشتنی باوک پەشیمان دەکەنەوە "ئەگەر ئێوە دیلە قەفەز و زنجیر نەبوونایە من سەربەست و ڕەها دەبووم .. ئێوە و ڕابی فێڵتان لەمن کرد" ئەو لەناو ئەو خەونەدا هاوار بۆ باوک دەکات "هۆ باوکە فریام کەوە.. سەگەکانت وا دەمخۆن.. فریام کەوە.. دەمخۆ" ئەو هاوارەی باوک کوژ لەڕاستیدا بە ئاگا هاتنە لە خەونێک کە کوشتنی باوک تراژیدیا دەخوڵقێنێ نەک ئاسوودەیی، ئەگەر ئەوە خەونێک بێت، خەونێک چەندە هەڵگری یۆتۆپیاکانی ئازادی بن، بەڵام ئەو ئازادییە بە تراژیدیا کۆتایی دێت، تاکە خۆشییەک ئەوەیە کە خەونە و ڕاستی نییە، بۆیە چیرۆکنووسێکی وەک (دانا فایەق) بە جیاواز لەوانەی کەوتنە ژێر تاوانی کوشتنی باوک، کە حەسار دەرگای ئەو بابەتەی کردۆتەوە، ئەو مۆدیلە شێرزادییە لە چیرۆک بۆ باوک، دانا دێت ئەو مۆدیلە لە خەونی کوشتنەوە دەگۆڕێتە سەر ئینتیما کردن بۆ دەسەڵاتی باوک، بۆ ئەوەی خەونێک نەبینێت کە بە تراژیدیا کۆتایی بێت، لە چیرۆکەکەی دانا هیچ خەونێک نابینین،

چونکە بیـر لە کـوشتن ناکـرێتـەوە هێندەی نەوەکـان بەدرێژایی مێژوو ئینتیما بۆ ئەو دەسەڵاتە دەکەن، کە ئەوەش بووە بە ئاکاری ماڵی ئێمە.

## گەڕانەوەی حورمەت بۆ باوک

(یاسای قەفەزە بچکۆلەکان)ی دانا فایەق چیرۆکێکە سـادە بوونی خـۆی نمایش دەکـات، دوور لەهەر فانتازیایەکی نێو زمان، گێڕانەوە زمان دەنووسێتەوە، بەڵام نووسـینەوە لەناو یەک ئاسـتی دەلالی زمـان نانووسێتەوە، بەڵکو ئێمە لەناو دوو گێڕانەوەدا دەژین، گێڕانەوەی نووسەر (دەسپێکی دەق) گێڕانەوەی کارەکتەر (گـێـڕانەوەی کـوڕ)، بەڵام پێـویستـمـان بەوەیە بزانین هەریەک لەو دوو گێڕەرەوە مەبەستیان لە دوو دەنگی ناو دەق چییە؟ ئایا ئەو دەنگانە دەتوانن خۆیان لەسەر یەکەی گوتاری دەق بنووسنەوە؟ ئێـمـە لەسـەرەتادا واتێدەگـەین ئەو دەنگەی رووداو دەگێڕێتەوە پاڵەوانی چیرۆکەکەیە، بەڵام ئەو کاتەی دەبینین پاڵەوانی کوڕ دەست بە گێڕانەوە دەکات ئەو تێگەیشتنەمان هێندە کۆمیدی دەکەوێتەوە، بەڕادەی ئەوەی پێویستـمـان بەوە دەبێت زۆر وردبینانە لەناو گێڕانەوە، پانتایی خوێندنەوە بۆ منی وەرگر دەست نیشـان بکەین، کـاتێ ئەو کارەمـان ئەنجام دا تێدەگەین لەوەی ئێـمـە لەناو دوو ئاستی جیاوازی گـێڕانەوەداین، گـێـڕانەوەی یەکـەم (نووسـەر)ە، گـێـڕانەوەی دووەم (پاڵەوان)ە، بەڵام پاڵەوانێک توانای ئەوەی نییـە کوودەتا ئەنجام بدات، بیربکاتەوە لەوەی دنیا بگۆڕێت، پاڵەوانە تەنیـا لەبەر ئەوەی وەک پاڵەوانی چیـرۆک دەردەکـەوێت، بەڵام پاڵەوانێکی ترسنۆک، زیاتر لە نموونەی پاڵەوانێکی رۆشنبیری دەچێت، کە بوونی خۆی لە گـێڕانەوە دەربخات، یادەوەری هەردوو گـێـڕەرەوە دوو ئاستی ئاگایی جیاوازە، بەڵام زمان هەردووکیـان لەناو یەکەی گوتاردا کۆدەکاتەوە، بەوەی باوک کارەکتەرێک نیـیـە بۆ ئەوەی ئازاد بین دەبێ لەناوی بدەین، بەڵکو پرۆسەی کوشتن ئامادە بوونی نییە، هێندەی ئینتیـما کـردن بۆ دەسـەڵاتی باوک بوونی هەیە، ئەو ئینتیـمـایە نایەتە ناو فـانتـازیای رووداو، بەڵکو لەناو سـادە بوونەوەی رووداو تێـدەپەڕێت، ئێـمـە هیچ دەنگ و کارەکتـەرێکمـان لەناو تێکسـتـەکەدا نییـە خەون بە کـوشـتنی ئەو دەسـەڵاتەوە ببـینێت، بەواتای تاوانی کـوشـتنی باوک بابەتێکە بەتەواوی تێک دەشکێت و

هەمـوو ڕەهەندە فکرییەکانی فەرامۆش دەکرێت، چیتر بۆ ئازاد بوون خەون بەو تاوانەوە نابینین، بەڵکو گـوتاری نۆسـتـالۆژی نەوەکـان لە باوکەوە بۆ کـوڕ درێژ دەبێـتـەوە، بۆیە هەر لەسەرەتاوە کارەکتەری تێکست شەرعییەت بەو سـزادانەی باوک دەدات بەهۆی ئەوەی "ئەو بـاوکـمـە و لێـدانیش بەدەسـتـی باوک شـتـێکی ئاسـاییـە" ئەو تێگەیشتنەی کارەکتەر بنیادنانی وێنەیەکی سایکۆلۆژی نییە کـوڕ بەبێ ڕابردوو بەرهەمی هێنا بێت، بەڵکو ئەوە یادەوەری کـوردییە لەپشت ئەو وێنەیەوە وەسـتـاوە، ئەوە کۆی مـێژووی باوکە بنیـادی ناوە، دەرچوون لەو مـێژووە لەدنیای ئێمەدا وەهمێکە جگە لە خەون و یۆتۆپیا ئامادە بوونێکی ڕاسـتـەقـینەی نییـە، چونکە باوک خـاوەنی وێنەیەکی مـوقەددەسە، موقەددەس بوونیش ئاسان نییە دەسـبـەرداری بیت، چونکە دۆرکـایم لە تێگەیشـتنی بۆ کـۆمـەڵگا باوەڕی وایە " کـۆمـەڵگا کـۆبوونەوەیە لـەسـەر خـوانی مـوقـەددەس" ئەو دیدگـا کۆمـەڵناسییـە کـاتێ بۆ وێنەی بـاوک دەیگوازینەوە، ئەگـــەر خـــێـــزان بە کۆمەڵگایەکی بچووک ناو بەرینەوە، دەبێ بڵێین "خێزان کۆبوونەوەیە لەسەر خوانی موقەددەسی باوک" دوور نییە ئەو تێگەیشـتنە بە دیدێکی خورافی ناو ببرێت، بەڵام تازەگەری بەهەموو ڕەتکردنەوەکانییەوە نەیتوانیوە لەگەڵ پێشنیـارکردنی بیرۆکەی خودگەراییدا باوکی ڕەمزی لەناو بەرێت، هێندەی ئەوە سـاتێکی هەڵچوونی و فـیکرییـە، بەڵام دواجـار ئەو کـوشـتنە وەک بیـرۆکـە کـێشـەیەکی ئەخلاقـییـە بۆ ئازادی، ئەو ئازادییەی نەوە نوێیەکـان لە کـۆمـەڵگای ئێـمـەدا لە بنەڕەتەوە بڕوایان پێی نییـە، کـارەکـتـەری ناو تێکسـتـەکەش هەڵگری ئەخلاقی ئەو کـۆمـەڵگایەیە، بۆیە نایەوێ لەو ئەخـلاقـە لابدات، بەتایبـەتی کـاتێ سـەیری ئەو بازنە زەمەنییـەی خێزان دەکـات، کـە باوکـیش پێـشـتـر بەشداری کـردووە لەو ئینتـیـمـاکـردنە بۆ دەسـەڵاتی باوک "زۆرجـار بۆی گێڕابوومەوە و دەمزانی کە ئەو لەترسی باوکی بە منداڵی هەرگیز نەیوێرابوو بچێتە ناو منداڵانی گەڕەک و یارییان لەگـەڵدا بکات" باوک هەمـوو شـێـوازەکـانی سـەرکـوت کـردنی ئەزمـوون کـردووە، بۆیە ئەو یادەوەرییـەی خـۆی دەباتەوە ناو ئەزمـوونی باوکـایەتی، کـوڕەکەش لە بوونە باوکـایەتییـەوە ئەزموونی سەرکوت کردن و توندوتیـژی مێژووی باوک لەلای دەبێت بە کولتوور و لە کۆتاییدا بۆ پارێزگـاری کـردن لە گـوتاری باوکدا دەیپـەڕێنێـتـەوە بۆ

کوڕەکەی خۆی "من کوڕەکەمم بەدیاریەوە داناوە و بۆی نییە بچێتە کۆلان و یاری و شەڕەشەق بکات، دەبێ بەردەوام ئاگاداری باپیری بێت و خزمەتی بکات" ئەو یادەوەرییە چەندە بەشداری دەکات بۆ ئەو دەسەلاتە، بەهەمان شێوەش باوک ئەو یادەوەرییە وەک شەرعییەتدانێک بە دەسەلاتەکەی بەکار دێنێت، کاتێ بۆ پتەوکردنی ئەو دەسەلاتە پەنا دەباتە بەر گێڕانەوەی یادەوەرییەکانی منداڵی خۆی، وەک ئەوەی مادامەکی تۆ منداڵیت، دەبێ سزا بدرێیت، جەبەرووتی ئەو دەسەلاتە، چونکە لەسەر ئاستی قبوول کردنە، بۆیە لەهەموو سزادانێکەوە هێشتا بەزەییەکی زۆرمان هەیە بەرانبەر بە یادەوەرییەکانی منداڵی باوک، ئەوە بیرچوونەوەی خود و بیرهاتنەوەی ئەوی ترە، بەمانای یەکێک لە خەسڵەتەکانی گێڕانەوە بەتەواوی توانای گەیاندنی ستراتیژی سەرەکی خۆی هەیە، چونکە دەتوانێ وا لە گوێگرەکە بکات کە سزاکانی خۆی لەبیر بچێتەوە و هاوسۆزی لە تەک منداڵی گێڕەرەوە دەربڕێت، کە لەو کاتەدا ئەوە جەبەرووتی باوکە لەناو گێڕانەوەی منداڵی کەوا لە کوڕەکەی دەکات بگاتە ئەو ئاستەی بڵێت "باوکم چەند گوناح بووە بە منداڵی" لێرەدا ئەوەی وا دەکات زمان لەناو بنیادەکانیدا بەرەو خۆی قوول بێتەوە، ئەوە بنیادی ئاماژەکاری زمان نییە، بەڵکو گێڕانەوەیە، چونکە گێڕانەوە لێرەدا سێ چیرۆک لەیەک کاتدا دەگێڕێتەوە، هەریەک لەو چیرۆکە خاوەنی زەمەنی خۆیەتی، بەواتای سێ چیرۆک لەناو سێ زەمەنی جیاوازدا، ئەوەش وادەکات کە زەمەنەکان لێکچوو بن "گێڕانەوەی دوو چیرۆک یان زیاتر، کە ڕووداوەکانیان لەدوو ماوەی لێکچوودا ڕوو دەدەن.

لێکچوونی زەمەنەکان سووڕانەوەیە لەناو زەمەنی باوک، خول خواردنەوەی ئەو زەمەنە بنیادی مێژووی باوکە، مێژووی باوک گوتارێک نییە هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەی بکرێت، چونکە نۆستالۆژیای نەوەکان لەناو ئەو زەمەنەدا کارەکتەرێکی سەرەکین، هەر یەک لە باوکەکان باوکی کارەکتەر و کارەکتەرەکە خۆی و منداڵەکەش سێ پارچەی لێک ترازاون، سەرەنجام بەهەر سێکیان جەستەی باوکی کوردی پێک دێنن، باوکێک کە لەدەرەوەی بیرکردنەوەی مێژوو نییە، بەڵکو باوکێکە لەناو مێژووی سەرکوت کردنی دەسەلات ئامادەیی هەیە، کەوابێت ئەوان بە هەرسێکیان جەستەی باوک دروست دەکەن و ملکەچی باوکیشن، کەوابێت باوک بۆخۆی کێیە؟ پرسیارکردن لە باوک پرسیارکردنە لەکۆی ئەو مانا ڕەمزییەی دەسەلات کە بووە بە کولتوورێکی نێو ماڵ، هەر بۆیە وەسف کردنی ماڵ لەناو دەقەکەدا زیادەڕۆیی نێو نووسین نییە، (ئەوە ئاماژەیە بۆ قسەکەی بارت لەسەر فلۆبێر کاتێ وەسفی فلۆبێر بۆ مێزێکی نووسین هەموو ئەو شتانە تەوزیف کراون، بەلام ئەو کاتەی باسی مقەبایەک دەکات و هیچ وەزیفەیەکی نییە، بارت دەڵێت: (ئەو مقەبایە لەوەسفەکەدا زیادە). ئێمە لێرەدا لەو وەسفەمان بۆ ماڵ کاتێ گێڕانەوە پێمان دەڵێت "پاڵکەوتن یان قاچ ڕاکێشان گەورەترین تاوان و بێ ئەدەبییە و سزای توندی لەدوایە" بەواتای چۆنیەتی ڕەفتارکردن لەماڵ نۆستالۆژیایەک لەناو بوونی ئەو دروست دەکات، ئەو نۆستالۆژیایە دەیکاتەوە بە باوک، بۆیە لەخۆڕاش نییە (ڕینێ ویلک) وەسف کردنی ماڵ بە وەسف کردنی مرۆڤەکە ناو دەبات، چونکە ماڵەکە درێژکراوەی مرۆڤەکەیە. دیارە ماڵ لە چیرۆکەکەدا بەتەنیا ئەو دێرە مانا ڕەمزییەکەی باوکی تێدا دروست ناکات، بەڵکو کۆی ڕووداوەکانی نێو ماڵ زەمینەی خولقاندنی باوکی ڕەمزییە، ئەو باوکەی بە مردنیش هەر لەناو ماڵ ئامادە بوونی هەیە، پێکەنین و پرسیارکردن و قسەکردن بە دەنگی بەرز و "ئینجا چی قەدەغە نەبوو" ئەوە سەرەتای دروست کردنی حەرامەکانی ناو ماڵە، لەهەر شوێنێک حەرام هەبوو سنوور و کۆڵەگەکانی دەسەلاتی باوک فراوانتر و بەهێزتر دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەوانەشدا کوڕەکەی نایەوێت باوک نەبێت، بەڵکو بەزەیی هەیە بۆ باوکی و دەیەوێ هەموو تەمەنی خزمەتی باوکی بکات و منداڵەکەشی بەهەمان شێوە، ئەوەش بەتەنیا ئەو بازنە زەمەنییە نییە، بەڵکو بازنەی دەسەلاتی باوکە، پەتریارکییەتی ماڵی ئێمەیە، پەتریارکییەتێک باوک لە جەستەی مرۆڤێک بە تەنیا کورت ناکاتەوە، بەڵکو ئەو جەستەیە دەباتە ناو ئاکار و کولتوورێکەوە کە بە باوکایەتی بیبینین، باوکایەتی کۆنترۆڵ کردنی هەموو شتەکانی دەوروبەرە. ئەوەش چەندە دڵنیا بوونێکە لە نەبوونی تاوانی کوشتنی باوک هێندەش گەڕانەوەی حورمەتە بۆ باوک، هۆیەکەشی ئەوەیە مادامەکی باوکی ڕەمزی نامرێت، کەواتە بەلای (دانا فایەق) ئەو کوشتنە کە نەبێتە واقیع، ناشیکاتە خەونی کارەکتەر وەک خەونی کوڕە گەورەی (حەسار)، هەروەها نایەوێ لەمانا

ڕەمزییەکەشی بدات وەک مامۆستاکەی (کەڵە کوڕان و ئاسکە کچان).

## گێڕانەوە، کوشتنی منی گێڕەرەوە و نووسینەوەی زمان

پێوەندی گێڕەرەوە لەناو نووسینی دەقدا هەوڵێک نییە بۆ بنیادنانی کارەکتەری حیکایەتخوان تاوەکو هەموو پرسکردن و گەڕانەوەیەک بۆ حیکایەتخوان بێت نەک بۆ پرۆسەی تەئویل کردنەوەی زمان، ئەوەش لەبنەماوە پێوەندی بەو وتە ڕوونەی «ئالان ڕۆب گریێ»وە هەیە کە دەڵێت: "چیرۆکنووسی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە دەزانێت چۆن چیرۆکەکەی بگێڕێتەوە". ئەو وتەیە ڕاستییەکی ساکارە بۆ سادەبوونەوەی زیاتری ئەو دەقە و قووڵ بوونەوەی لە ڕەهەندە فکرییەکانی، چیرۆکنووسەکەمان چیرۆکێکمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەکرێت بابەتێکی زۆر سادە بێت و تاقەتمان نەبێت گوێی لێ بگرین، بەڵام لەکاتی گێڕانەوەدا پەنا دەباتە بەر هەوڵدان بۆ (کوشتنی منی گێڕەرەوە) بەواتای هەوڵ نادات حیکایەتخوانێک بنیاد بنێت کە دەقەکە هەمیشە بەرەو ئەو حیکاتخوانە بگەڕێتەوە، ئەوەش هەوڵێکە بۆ کوشتنی نووسەر، کەناڵی پێوەندی نێوان دەق و خوێنەر لەڕێگەی گێڕانەوەی دەقەوە دەدات بە (گێڕەرەوە)، ئەویش لەناو پرۆسەی گێڕانەوەدا کۆتایی بەخۆی دێنێت، تاوەکو زمان پێوەندی و بنیادەکانی خۆی لەڕێگەی پێوەندی نۆستالۆژی باوک بە نەوەکانەوە بنووسێتەوە، ئەوەش وا دەکات پێوەندی نووسەر بە دەق نووسینەوەی ئەزموونی فەردی نەبێت، بەڵکو پێوەندییەک بێت ئاستی یادەوەری فەردی تێک بشکێنێت تاوەکو بەرەو یادەوەری کۆ ئیش بکاتەوە، ئەوەش ئیش کردنەوەیە لەسەر ئەو پێوەندییە (فلۆبێر)یەی کە دەڵێت: "ئەرکی نووسەر ئەوەیە بۆخۆی نەنووسێت، بەڵکو دەبێت مۆرکی هونەرمەند لە کەوندا وەک یەزدان بێت، بەوەی نەبینراو بێت و توانای تەواوی هەبێت بەسەر شتەکاندا، بەڕادەیەک لەتەواوی شوێنەکان هەستی پێ بکەین، بەڵام نەشی بینین".

ئێمە لێرەدا لەناو کردەی وەرگرتن جەبەرووتی باوک دەبینین، زەمەن دەگۆڕێت و باوک هەمیشە ئامادەیە، ئامادەبوونی باوک ئامادەبوونی زەمەنی شوێنە، شوێن کە ماڵە، ئەو زیندانەی باوک نوێنەرایەتی دەسەڵاتی تێدا دەکات، ئێمە تارمایی نووسەر لەناو دەق نابینین بەهۆی ئەوەی بیرۆکەیەک نییە ببێت بە ئایدیای تێکست و بەسەرماندا بسەپێت، ئەوەی ئامادەیە زمانە، زمان خوڵقێنەری گێڕانەوەشە، نەک گێڕانەوە خوڵقێنەرەوەی زمان بێت، زمان لە نووسینەوەی خۆیدا دنیایەک بنیاد دەنێت، کە دنیای ناو واقیعەکەمان نییە، بەڵکو دنیای کەشف نەکراوی ناو تێکستە، ئەو دنیایە زمان لەڕێگەی گێڕانەوەوە دەیخوڵقێنێت، بەواتای دنیای ناو تێکست دنیای ناو گێڕانەوەیە نەوەک دنیای ئەزموون کراوی نووسەر، ئەو بایەخدانە بە گێڕانەوە بەلای (بارت)ەوە هەوڵی بانگەشە کردنە بۆ سروشتی کولتووری، کە ئەو سروشتە توانای ئەوەشی هەیە گوزارشت لە خودی سروشتی مرۆڤایەتیش بکات، ئەوەی ناونان لە تێکست بە (یاسای قەفەزە بچکۆلەکان)ی کردووە بە سروشتی تێکست، ئەوە سروشتی منی کوردییە و لەناو سروشتی منی مرۆڤ، ئەوەی دەکەوێتە نێوان ئەو دوو (من)ە، یاسای قەفەزە بچکۆلەکانە، ئەو یاسایەی توانای ئەوەی هەیە سنووری حەرامەکانی ماڵ دەست نیشان بکات، کە بە یاسایەکی بچکۆلەی قەفەز دەیناسین، باوک بەدوای کۆنترۆڵی قەفەزەکە بەشداری لە سزای بۆقەکان دەکات، ئەو بەشداری کردنە بەشداری کولتووری دەسەڵاتە لە سروشتدا، نەوەکان چێژێکی سەیر لەو بەشدارییە دەبینن ئەوە خاڵی جیاوازییە لە (حەسار و سەگەکانی باوکم) ئەوەتە کوڕ لەبری خەون بە کوشتنی باوک بەدوای ئینتیما کردن بۆ فرمانەکانی باوک لەو یاسایەدا چێژێکی سەیر دەبینێت، دۆزەخی سووتاندنی بۆقەکان لەلایەن باوکەوە ئاماژەیەکی تۆقێنەر و دەربڕینێکی جیاوازە بۆ جەبەرووتی باوک، کە ئینتیماکردن لەناو سنووری پەترياركییەت لە سووتاندنی بۆقەکان بەدەستی باوک دەردەخات، ئەو سووتاندنە نەک بەزەیی لەلای کوڕ دروست ناکات، بەڵکو وەک تابلۆی شێوەکاری دەیانبینێت، ئەوەی هەست بە گوناح بکات ئەوە تەنیا بۆقەکانن کە لەناو دۆزەخی باوکدان "بۆقەکان زوو زوو چاویان دادەخست و لەچاویاندا هەست بە بێ گوناحییەکی زەق دەکرا" ئەگەر لە (حەسار)ی شێرزاددا پشیلە تەنیا نێرایەتی لێ زەوت بکرێ بەهۆی ئەوەی دەخەسێنرێ، بەڵام لە (یاسای قەفەزە بچکۆلەکان)ی دانا، چارەنووسی پشیلە و بۆق وەک یەکە، ئەویش ئاماژەیەکی نارۆشنی ناو گێڕانەوەیە کە پێمان دەڵێت "پەترياركییەت سووتاندنی سروشتە" ئێمە لە ڕێگەی ئەو ئاماژەیەی باوکەوە کە پشیلە، یان

بۆق بەتەواوی لەناو دەدات، تێدەگەین لەوەی ئێمە لەبەردەم پرۆسەیەکی تەئویل کاریداین، نەوەک کۆمەڵە یەقینێک بێت و گێڕانەوە دەست نیشانی کردبێت، باوک دەرفەت بۆ ڕەوایەتی کارەکانی خۆی دەدۆزێتەوە بەر لەوەی کوڕەکەی گومانی ئەوە بە خەیاڵیدا بێت کە پشیلە بەرگەی ئەو سزا کوشندەی خوێنە ناگرێت و بێ گوناحە دەڵێت "شایەنی ئەو بەڵایەیە.. پەلاماری مریشک و جووجەڵە دەدەیت؟ دەبخۆ دەردت بێ، ئەوە چارەنووستە!" بەڵام ڕەفتارە تۆقێنەرەکانی بۆخۆی ڕەوایەتی لەو دیالۆگە وەردەگرێتەوە، بەتایبەت کاتێ مریشکێک دادگایی دەکات، باوکان هەمیشە پێویستیان بە بیانوویەکە بۆ کارەکانیان و هیچی تر، ئێمەی نەوەی نوێش هەمیشە باوەڕ بەو بیانووە دێنین! تێ ناگەین لەوەی ئەوە بیانوویەکە بۆ تاوان، مریشکەکە دادگایی دەکات بەوەی بۆچەند کەڵەشێرێک وەستاوە تا بەسەریدا بفسن، ئەوە یەکێکە لە جوانترینی ئەو دەربڕینانەی چیرۆکنووس لەڕێگەی مریشکەوە دیاردەی کوشتنی مێینەمان بۆ دەخاتە ڕوو، ئێمە چەندین تێکستمان بینی بەناوی دەقەوە نووسراون بەو بیانووەی قسە لە ژنکوژی دەکەن، بەڵام لەناو دیدی ئایدیۆلۆژیدا خنکان، چونکە بەتێڕوانینی تووڕە بار کرابوون، کەچی ئەو دێت سزادانی مریشکێک لە ڕێگەی باوکەوە بەهۆی پێدا فسینی کەڵەشێرەکانەوە سزا دەدات، بەو کارەش دیدێکی سەربەخۆ بۆ تێکشکاندنی وێنەی باوی پێوەندی سێکسی و بکوژانی، هەروەها وێنەی باوک بەو فۆرمەی پێی ئاشنا بووین بەتەوای تێک دەشکێنێ "بەچاوی خۆم بینیم، کەڵەشێرێک بەسەریدا فسی و دواتر ئامادە بوو بۆ کەڵەشێرەکانی تر! نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو بێباکانە دەوەستێ بۆ کەڵەشێری ماڵەکانی تریش! بۆیە هەقی لە سێدارەدانی هەیە!"

لێرەدا مریشک وەک بۆق و پشیلە سزای خۆی وەردەگرێت و بەوەش باوک کۆنترۆڵی ڕەگەزە جیاوازەکان دەکات بۆ ئەوەی ئێمەش دەستخۆشی لێ بکەین بەوەی کاری باشی کرد دەڵێت: "دەستمان خۆش بێ.. نەبادا کچەکانمان لەمانەوە فێری بێ ئابڕوویی ببن"، بەڵام باوک لە سەرەمەرگی ڕووداوەکاندایە، کەچی پەتریارکییەتی کۆتایی نایەت، چونکە کوڕەکەی کە ئێستا ئەویش کوڕەکەی خۆی لە خزمەتی داناوە بۆ ئەوەی بازنەکانی دەسەڵاتی باوک فراوانتر بن و ئینتیما کردن بۆ پەتریارکییەت هەمیشە پتەو بێت تا سەرەنجام دەسەڵاتێکمان دەبێت کە هەرگیز هیچ هەڕەشەیەکی لەسەر نییە ئەویش دەسەڵاتی باوکی کوردییە کە بەپێی درێژبوونەوەی نەوەکان داکۆکی لە سروشتی کولتووری مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەکات، بۆیە ئەو باوکەی کۆنترۆڵی شتەکان دەکات ئەوە فانتازیایەکی (دانا فایەق) نییە خوڵقێنرا بێت، بەڵکو ئەوە ڕوح و کولتووری کوردە خوڵقاندوویەتی.


**سەرچاوەکان:**

**(١) مسألية القصة من خلال بعض النظريات الحديثة - الرشيد الغزي، الحياة الثقافية، العدد (١)، ١٩٧٧.**

**(٢) نظرية الأدب، رينية ويلك وروستن وارين، ترجمة (محي الدين صبحي) المجلس الأعلى لرعاية الفنون والآداب والعلوم الإجتماعية، ١٩٧٢، ص٢٨٨.**

**(٣) عالم الرواية، رولان بورنوف و إيال اوئيلية، ترجمة (نهاد التكرلي) دار الشؤون الثقافية - بغداد - ١٩٩١، ص٣٧.**

**(٤) الروائي وموقعه داخل الرواية، د. مصطفى ساجد الراوي، الموقف الأدبي، العدد (٣٨١)، ٢٠٠٣.**

**(٥) السردية حدود الفهم، بول بيرون، ترجمة د. عبدالله ابراهيم، الثقافة الأجنبية، العدد (٢)، ١٩٩٢، ص ٢٧.**


**تێبینی:**

**چیرۆکی «یاسای قەفەزە بچووکەکان»ی دانا فایەق لە یازدەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژ خوێنراوەتەوە و خەڵاتی یەکەمی چیرۆکی پێ بەخشراوە.**

# نرخی نووسین

**بەختیار محەمەد**

«دڵتان بەوە خۆش بێ، کە ناوتان لە ئاسمانەکاندا نووسرا» (١). ئەمە مەسیح بەشاگردەکانی خۆی دەڵێ؛ کەواتە نووسین دیاردەیەکی موقەدەسە، نووسین پرۆسەیەکە دەخولقێنێ و خولقاندن تۆمار دەکات. خوێندنەوەش وەک پرۆسەی نووسین، دیاردەیەکی موقەدەسە، خوا بە پەیامبەری ئیسلام دەڵێ: «اقرأ بأسم ربک الذی خلق(١) خلق الأنسان من علق(٢) اقرأ وربک الاکرم(٣) الذی علم بالقلم(٤) علم الأنسان مالم یعلم(٥)...» (٢). نووسین هەیە (نووسین بەرهەمێکە) دەبێ بخوێندرێتەوە!(٣) ئایا هیچ نووسینێک هەیە نەخوێندرێتەوە؟ هەمیشە خوێنەرێک هەیە دەبێ بخوێنێتەوە! ئەم سوورەتە یەکەمین کەس، پێغەمبەرێکی نەخوێندەوار دەیخوێنێتەوە؛ ئەگەرچی نەخوێندەوارە، بەڵام دەبێ بخوێنێتەوە! (بێ گومان خوێندنەوە تۆوی پەیامە نوێیەکەیە). ئەو دەبێ خوێنەر بێ (دەبێتە خوێنەرێکی هەڵبژاردە)، مادام نووسین (قورئان) هەیە.

دەق هەمیشە ئەوکاتە کار دەکات، کە خوێنەرێک، (یان فێرخوازێک) دەچێتە ناوییەوە. (دەق هەمیشە وەک شوێنێکی نەزانراوە، کە یەکەمجارە دەچیتە ناوییەوە، بۆیە دەق هەمیشە نهێنی خوێندنەوە لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ، خوێندنەوە سیحری چوونە ناو دەقە). نووسین بەبێ خوێنەر، ناتوانێ هیچ پێوەندییەک لە دەرەوەی خۆی دامەزرێنێ. (ئەمەش خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەکەی نووسینمان بۆ بەدەردەخات. دەق ناتوانێ تەنیا خۆی بێ، بەڵکو دەبێ کاراکتەرێکی کۆمەڵایەتیش بێ. ئەمە گیانێکی داینەمیکی زیندوو بەدەق دەبەخشێ).

پێوەندی دەقیش وەک دەزانین پێوەندییەکی مەعریفییە (ئەپستمۆلۆژییە). بێ گومان لەنێوان دەقەکەی قورئان و پێغەمبەریشدا، ئەم پێوەندییە چێ دەبێ، پێوەندییەکی مەعریفی دوو سەرە: ئەو زانیارییەی کە قورئان خۆی دەیبەخشێ و زانیاری خوێندەواربوونی پێغەمبەر؛ کەواتە دەق هەمیشە وەزیفەی بەرهەمهێنان و پێشکەشکردنی زانیاری و مەعریفەی هەیە بۆ ئەو کاراکتەر و جیهانەی، کە دەق دەخوێننەوە. هیچ گومانێک لەوەدا نییە، کە لەم ساتەشدا پێغەمبەر فێرە خوێندنەوە دەبێ. ئەمە ساتی فێربوونی خوێندنەوەیە، کە جیهانێکی مەعریفی نوێ

(کولتووری ئیسلام) لە دوای خۆی دادەمەزرێنێ. دەقێکی دیکەی ئینجیلی یۆحەننا هەیە دەڵێ: «لە دەستپێکدا وشە هەبوو. وشەش لەلای خودا بوو. وشە بەخۆی خودا بوو. لە دەستپێکدا ئەو لای خوا بوو. بەو هەموو شتێک چێ بوو. بەبێ ئەو هیچ شتێک چێ نەدەبوو، لەوانەی کە چێ بوون، ژیان لەودا بوو. ئەم ژیانەش ڕۆناهی خەڵک بوو...» (٤). ڕاستە وشە خوڵقێنەرە، خوڵقێنەری ئەو ساتەیە، کە مەعریفە بەرجەستە دەکات، وشە دەق بەرهەم دەهێنێ، هەروەک چۆن خودا جیهان بەرهەم دەهێنێ.

ئەم دەقەی ئینجیل، لۆژیکێکی جوان بۆ وەزیفەی وشەو ساتی داهێنان بەکاردەهێنێ، ساتی داهێنان ئەو ساتەیە، کە پەیڤ تۆماری دەکات، بۆیە پەیڤ ئەو ساتانە لە دایک دەبێ، کە خوڵقاندن هەیە. لەناو خودی پەیڤدا ساتی داهێنان هەیە، کەواتە پەیڤ بەخۆی داهێنەرە. وەک دەبینین لە هەموو دەقە ئایینییەکاندا پەیڤ داهێنەرە (خوڵقێنەرە)، پەیڤ ڕوحی شتەکانمان بۆ بەرجەستە دەکا و وێنە دەگرێ، بەڵام ئەمە ئەو ساتەیە، کە پەیڤ خۆی داهێنان چێ دەکات؛ کەواتە جیهانی خوڵقێندراوی دەق، بەرهەمی دەسەڵاتی خوڵقێنەری پەیڤە.

لە هەموو حاڵەتەکاندا، وشە یەکەیەکی بنچینەیی واتادارە لەناو سیستمی زماندا، لە زمانی دینیدا خوا دەیەوێ بڵێ، من یەکەمین پەیڤم لەناو هەموو پەیڤەکاندا، لێرەوە لەناو سیستمی گوتاری دینیدا، هەمیشە وشەی خوا سەرەتای هەموو وشەکانە. بەبێ ئەم سەرەتایە هیچ شتێک (نە گوتارێک، نە یاسایەک، نە فەرمایشتێک، تەنانەت نە ژیان و نە جیهان و نەگەردوون چێ نابن). دەستەواژەی (بسم الله الرحمن الرحیم)یش لە هەموو سوورەتەکانی قورئاندا ئەمە دەسەلمێنێ. تەنانەت قورئان زۆر بە تۆکمەیی بینای گوتارەکانی (دەقەکانی)دادەڕێژێ: هەمیشە لە کۆتایی هەموو دەقەکاندا (سوورەتەکاندا) دەگوترێ (صدق الله العظیم). ئەمەش جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی، کە ئەم پەیڤانە (دەقانە- نووسینانە) پەیڤی خودان؛ هەر بۆیە گریکەکانیش بەخوداوەند دەڵێن: «نووسەری گەورە» (٥). هەموو نووسەرێک لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی هەر دەقێکەوە، گەوهەری مێژووی کەسایەتی خۆیمان بۆ وێنە دەکێشێ. ئەم گەوهەرە بریتییە لە گەوهەری داهێنان. نووسین بریتییە لە تۆمارکردن و وێنەگرتنی ساتەکانی داهێنان.

نووسین ئەو زمانەیە کاتێک، کە لەناو کۆمەڵێک هێماو ئاماژەدا زۆر چڕ دەبێتەوە: چڕ دەبێتەوە بەناوساتە نائاساییەکان، نووسین ناشێ لە ساتی ئاساییدا هەبێ. نووسین بەرهەمی ساتە نائاساییەکانە، ئێمە دەبێ بزانین لە نووسیندا وشە حاکمی هەموو شتێکە. ئالێرەدا هەموو شتێک دەبێتە دەسەڵاتی زمان. ئێمە لەڕێی دەسەڵاتی زمانەوە (گوتارەوە)، گەورەیی هەر نووسین و دەقێک دەناسینەوە. لە دەرەوەی ئەم دەسەڵاتەش دەقی داهێنەربوونی نییە، بێ گومان کاتێک نووسەریش مەزن دەبێ، دەسەڵاتی گوتاری دەقیش مەزن دەبێ، نووسین پێویستی بەم دەسەڵاتە هەیە، تا بگاتە ساتەکانی داهێنان.

نووسین گەلێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە، هەر بۆ نموونە دەڵێین: لە زمانی نووسیندا ئەو سات و گوتنانە هەن کە هەرگیز لە زمانی ئاخاوتندا بوار نییە بگوترێن و وێنەیان بگیرێ... لە نووسیندا کات و شوێنیش بەپێی گوتار و حاڵەتی دەق دەگۆڕێن. بە نموونە لە لێکۆڵینەوە مێژووییی، یان ئارکیۆلۆژییەکاندا ئەم دوو چەمکە وەسفی واقیعیان بۆ دەکرێ و ئێمە دەتوانین وێنای واقیعیانەی شوێن و کاتی دیاریکراو بکەین. بە نموونە: ئێمە کاتێک وەسفێکی ئارکیۆلۆژییانەی قەڵای هەولێر بکەین، ئەوە دەبێ لە نووسینەکانمادا وەسفێکی تەواو بەڵگەدارو واقیعی قەڵا بکەین.

بۆیە کاتێک ئێمە نووسینێکی وەها دەخوێنینەوە، ئەگەر قەڵاتیشمان نەدیتبێ، وەک ئەوەی خۆمان چوویێتمان و بەناویدا گەڕابین و هەموو کون و قوژبنەکانیمان بەسەرکردبێتەوە؛ بەواتای لە گێڕانەوەی مێژووییدا، هەرگیز خەیاڵی ئەدەبی (شیعری) جێگەی نابێتەوە؛ بەڵام لە ئەدەبدا ئەم وەسفە دەبێتە وەسفێکی ئەبستراکت و دەشێ خەیاڵ کاری تێدا بکات و دینامیکیەت بەکات و شوێن و ڕووداوەکان ببەخشێ، ئێمەی خوێنەر لە ڕێگەی ئەندێشەو خەیاڵەوە، لەناو کات و شوێن و ڕووداوەکانی ژانرەکانی ئەدەب (چیرۆک، ڕۆمان، شانۆ...)دا دەژین... با لەم دیمەنەی ڕۆمانی (تاوان و سزا)ی دۆستۆیڤسکی بڕوانین:

«ڕاسکۆلنیکۆف ڕق بەتەواوی ئەوکی گـرت و لە پڕێکدا ویسـتـی هەر چۆنێک بووە سـووکـایەتییـەک بەم هەرزە چەور و نەرمە بکات، کەمێک کچەکەی بەجێهێشت و بەرەو پیـاوەکە چوو، مسـتـەکۆڵەی ئامادەو لەڕقـا دەمی کـــــەفی کـــــردبـوو، پێکـەنـی و هـاواری لێکـرد: هاسفیـدریگایلوف، لێرە چی دەکەیت؟ پیاوەکە ناوچاوی دا بەیەکـداو بە سـەر سـوڕمـاوییـەکی لووت بەرزانە و دەنگێکی زبرەوە پرسی:

– یەعنی چی؟

– یەعنی بڕۆ وێڵبە.

– چەند لەخـۆت ڕادەبینیت، سـەگ... ئەمـەی وت و قامچییەکەی بەرز کردەوە، ڕاسکۆلنیکۆف بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە، کە پیاوەکە بە ئاسانی دەرەقەتی دووانی وەک ئەم دێت، دایە بەر مستـەکۆڵەو خۆی دا بەسـەریدا، لەوکـاتەدا یەکێک لە پشـتـەوە توند گـرتی: پاسـەوانێک کـەوتە بەینیـانەوە: بەسـە بەڕێزان، لە شـوێنی گـشـتـیـدا پێکدا هەڵمەپڕژێن، چیتان دەوێت؟ کە لە بەرگە شڕەکەی ڕاسکۆلنیکۆفی ڕوانی، بە ئاوازێکی جـیـدی وتی: تۆ کـێـیت؟ ڕاسکۆلنیکۆف باش لێی ڕاما، لە بەرانبـەریدا ڕووی سەربازێکی ئازای بینی کە سمێڵ و ڕیشی بەلای لاجانگیدا سپی بوون و ڕوانینێکی لێزانی هەبوو، زوو دەستی گرت و بەدەنگی بەرز وتی: من پێویستم بەتۆیە، من ڕاسکۆلنیکۆفم، کـۆنە خـوێندکـاری زانکۆم...» (٦)

ئەم دیمەنە واقـیع نیـیـە، بەڵام دەشێ تاسـەر ئێـسـقـان بتوروووژێنێ. بەم شێوەیە زمان و فیکر لە ئەدەبدا ئەرکی بالآی خۆیان دەگێڕن، خوێنەر لێرە دیمەنێکی بالآ دەبینێ، کە دەبێتە بەشێک لە واقـیعی ژیانی ئەو. بەم شێـوەیە ئەدەب گـوتاری (واقـیـعی) خـۆی بە خـوێنەر دەبەخشێ، نەک واقیع گوتاری خۆی بە ئەدەب ببەخشێ.

ڕاسـتـیـیـەکەی نووسین لەهەر سیـاقـێکدا بێ، سـاتی ناوازەی مەعریفەی خۆی بە ئێمە دەبەخشێ؛ لەبەرئەوەی نووسین هەمـیـشـە (چ بۆ خـوێنەر، چ بۆ نووسـەر) دەبێتـە بابەتی یادەوەری (یـادەوەری مـەعـریفە و خۆشەویستـی و ڕامـان و لێکدانەوە و... دەبێ بزانین هەمـوو سـاتێکی خوێندنەوە دەبێتـە ساتەکانی مـەعـریفـە)، بۆیە ئێـمـە بە نموونە سـیــاقی تـەقلیــدی نووسـیـنی سـەرکـێـلەکـان وەردەگرین: گـۆڕ گەورەترین ڕەمزە، کە دەتوانێ زۆرترین یادەوەری بەرهەم بهـێنێ. نووسـیـنیش (ئەدرەسـێک، گوتەیەکی پیرۆز و یەک دوو بەیتە شیعر و...) دەتوانێ ببێتە ناوونیشانی ئەم ڕەمزە؛ ئەم ڕەمزە لە یادەوەریماندا دەلالەت لە خۆشەویستی ژیان دەکات. ئێمە گۆڕ (ئەم ڕەمـزە) چێ دەکـەین بۆ ناوونیـشـان، بۆ ون نەبوونی ناوونیشانی ژیانێک (ڕوحێک).

لەسـەر گـۆڕەکـەدا ناو و سـاڵی لە دایک بوون و کۆچکردن دەنووسرێ. ئەمە دەبێتە شوناسی مردوو (وەک ناسنامەی باری کەسایەتی لێدێ). ئەم شوناسە پێوەندی بەوەوە هەیە، کـە مـردوو لەبیـر نەکـەین. لەم حـاڵـەتەدا هەرگـیـز مـردوو شـوون بزر نابێ، چونکە ناوونیـشـان و گۆڕی هەیە، بەڵام هەمـوو گۆڕێکی بێ ناوونیشان (واتە بێ نـووسین)، کـە لە ئەنجـامـدا ون دەبێ (دەشێ ئەمـە خەسڵەتی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و مەرگی جەنگەکان بێ)، هەمــوو گــۆڕێکی وەها خــۆشــەویســتی (ئەو خۆشەویستییەی، کە بۆ بیرەوەری مردووەکە هەمانە) وێڵ دەکات.

ئەمـە خەسـڵـەتی مـەرگی (واڵتـەر بنیـامین)ە: «هانا ئارنت چەند مانگ دواتر سەردانی ئەوێی کرد. قەبرێکی نەدۆزیـیـەوە کـە ناوی بنیـامـینی لەسـەر بێت، بەڵام بۆ گرشووم شـوولمی نووسی: گۆڕستـانەکە دیمەنێکە لەسـەر بەردێ، لە خـوارەوەی دەریای ناوەڕاسـتـەوەیە، یەکێ لە جـوانـتـرین دیمەنەکـانە کـە لە ژیانمدا دیومـە» (٧).

کێلەکانیش تابلۆن، تا شتیان لەسەر بنووسین (هەندێک جار نیگاریشیان لەسەر بکێشین): ئەو ئاماژانەی پێمان دەڵێن، مێژووی ژیانی ڕوحێک کۆتایی پێ هاتووە. لێرە تەنیـا نووسین ڕەمـزێکی زیندووە، دەتوانێ ڕوحی ئێـمـە ببـزوێنێ و پرسـیـار لە خـەیاڵـمـان بورووژێنێ. لێـرە پرسیارکردن لە ژیان هەیە، وشەکان پێمان دەڵێن پرسیار بکەن و لەناو مێژووی یادەوەریدا سۆراخ بکەن. لە هەموو شتێک لەناو ئەم کەونەدا سۆراخ بکەن، کە پێوەندییان بە مـانای بوون و ژیانەوە هەیە. وشـە هەمـیـشـە دەبێـتـە خوێندنەوەی ژیان.

وشە حەقیقەتەکان لە ون بوون دەپارێزێ. بەم شێوەیە واڵتەر بنیامین بەبێ گۆڕو بەبێ کێلەکان (تابلۆکان)، بێ سۆراخ مایەوە و شوون بزر بوو. نووسینی سەر ئەم کێلانە دەتوانن ببنە زمانحاڵی زۆر شت، زۆر ڕووداوو سەربردەو گێڕانەوەی چیرۆک لە یادەوەری کاراکتەرە زیندووەکاندا. [یادەوەری ژیانە، ئەوکـاتەی دەمـانەوێ دەست پێ بکا.

ساتەکانی دووبارە خولّقاندنەوەیە. هەمیشە لەساتەکانی یادەوەریدا، ئێمە دەست بەساتە نوێیەکانی ژیان دەکەین. ئێمە لە یادەوەریدا مەرگ ڕەت دەکەینەوە، بۆ ئەوەی دەست بەساتەکانی ژیان بکەین، ساتی ئێستا، ساتی عەشقی ژیانە لە ئاست ئێستای مەرگی ئەوی دیکەدا، بۆیە هەمیشە لە یادەوەری ئێمەدا ئەو مردووانە هەن، کە لە ساتەکانی ژیاندا دەمانناسین و کەسی ئێمە بوون؛ کەواتە یادەوەری ئەو ساتانە دەگێڕێتەوە، کە تەنیا ژیان بوون، ئێمە لەساتی یادەوەریدا کاتێک بیر لە مەرگیش دەکەینەوە، بەلاّم ئەمە لە پێناو ئەو ساتانەیە، کە ژیانمان خۆش دەویّ.

بێ گومان ئێمە لەناو ژیاندا هەین، نەک لەناو مەرگ. ئالێرەوە سیماو ڕەمزەکانی ژیان بەگۆڕ دەبەخشین، هەرگیز نابێ لە پالّ یادەوەریدا ئێمە خەونیش لەبیر بکەین؛ ئەو خەونە ڕەنگاوڕەنگانەی بەهەموو شتێکەوە دەیانبینین. خەونی خۆش و خەونی ناخۆش.

خەون دیتن بە مردووەوە شۆکێک و شاگەشکە بوونێکە، کە وەک هەر خەونێکی دیکە نەست و هۆشی ون دەبینن، لەگەلّ وەئاگا هاتنەوەش ئەم حالّەتانە دەگەنە چلّەپۆپە؛ بەلاّم هەمیشە خەون هیوا واقیعییەکانمان فریو دەدات. خەون بەرجەستەکردنی ئەو ئیرادە واقیعییەی ئێمەیە، کە دەگاتە دۆخی ئەفسانەو میتافیزیکا، زۆر بەسادەیی ئێمە لە خەوندا ئەو شتانە دەبینین، کە دەشێ لە واقیعدا نەیانبینین، هەندێک جار دیمەنی خەون وەک دیمەنی فیلمێکە، کە بۆ یەکەم جارە دەیبینین، تەنیا دەشێ پالّەوانەکان بناسین، ئەو دەرهێنەرەی خەونیش دەردەهێنێ هۆشی ونە.

باشترین خەونیش ئەو خەونەیە، کە کامێرای هۆشی ون بەجوانی وێنەی دەگرێ، بۆیە هۆشی ون (ڕوح) بەو کەرەستانەی، کە لەواقیعی ڕۆژانەوە وەریان دەگرێ و سەر لە نوێ دایان دەڕێژێتەوە و مۆنتاژیان دەکاتەوە، خۆی هەموو دەورەکانی دەرهێنانی خەونێک دەبینێ. (هۆشی ون لێرە وەرگێڕی هەموو شتەکانی واقیعە بۆ زمانی خەون). هەمیشە شتەکان لەخەوندا خێرا ڕوودەدەن، ئەفسانەیین و زۆر ناواقیعین، ئەمە لایەنە سروشتی و ئیستێتیکییەکەی خەونە (جوانی خەون لایەنە ئەفسانەکەیەتی، ناخۆشترین خەونیش لەم لایەنی جوانییە - ئەفسانەییە بەدەر نییە).

بەداخەوە خەونەکانی ئێمە خەونە دینییەکان نین، کە دەشێ هەمیشە لە ئایندەدا ڕوو بدەن و ببنە واقیع، وەک دەقە ئایینییەکان پێمانی دەلّێن؛ دەقەکانی تەورات و ئینجیلەکان پڕن لەم خەونە ئەفسانەیی و میتافیزیکیانە، کە دەبنە بیانووی ڕاستگۆیی پەیامەکان: چیرۆک و ڕووداو و ئایەتەکان.]

گۆڕ هەمیشە مێژووی یادەوەری چێ دەکات، ئەمە حەقیقەتی وشە (نووسین) پێمانی دەلّێ، لێرەدا وشە وا دەکات، ساتەکانی یادەوەری (ڕابردوو) بدوێنین، نووسین سیحری یادەوەری لای خۆی دەپارێزێ. بەم شێوەیە گۆڕەکان لەڕێی نووسینەوە شکۆمەند دەبن. لەناو ئیمانیشدا ئەم مێژووی یادەوەرییە هەیە.

ئایا یادکردنەوە و ڕێزلێنانی پێغەمبەرەکان و یادکردنەوە و خێرکردن و دوعاکردن بۆ مردووەکان، بەشێکی بنەڕەتی ڕوحیانەی مێژووی ئەم یادەوەرییە نییە؟ هەموو ئەم یادکردنەوانەش گوتاری نووسینی خۆیان هەیە؛ هەموو شێوەکانی نووسینی ئایینیی: کتێبە پیرۆزەکان و ژیاننامەی پێغەمبەران و مەولوودنامە و...

دەشێ لە پالّ سیحری وشە (دەق، نووسین)دا، کامێراش (فۆتۆگراف، ڤیدیۆ...) ببێتە فاکتەری ورووژاندنی یادەوەریمان؛ بەلاّم لێرە ورووژاندنێک هەیە دەشێ تووشی شۆکمان بکات، (ئەو کاتەی لەیەکرا وێنەی مردووەکە دەبینینەوە). وشە ڕاستییەک دەگێڕێتەوە و فریومان نادات و وەک وێنە نییە.

لەناو وشەدا داینەمیکییەتی مەعریفە هەیە. لەناو وشەدا ڕوالّەتێکی مردوو هەرگیز بوونی نییە؛ بەلاّم ئێمە لە وێنەکاندا (بۆ نموونە وێنەی فۆتۆگرافی)، ساتێکی ڕاوەستاوی ڕەها دەبینین. هەموو شتێک بێ دەنگە وەک ساتی بەر لە خولّقاندن، وەک ساتی عەدەم، (کەچی وشە بەخۆی ئیقاعە و بەخۆی دەنگە، لە شێوەکاریشدا ڕوحی ڕەنگی فلّچە دەدوێ، لەشێوەکاریشدا وەک وشە، بیرۆکە و ئەندێشە لەناو ڕەنگەکاندا هەن و جوانیمان پێ دەبەخشن). لەوێدا (لەناو وێنەدا) کات و شوێنێکی مردوو هەیە. لەوێدا مرۆڤ تەنیا دەبێتە یادەوەری کۆپیکراوی هەموو سەردەمەکان، یادەوەرییەکی ڕووت، یادەوەرییەک، کە مردووە و جوولّەی ئیستێتیکی و داینەمیکییەتی تێدا نییە. وێنە تەنیا سیمای کەسێک (مردوو) دەپارێزێ هیچی دیکە نا، سیمایەکی ڕووت بێ

ئەوەی لە زمانی ئێمە تێ بگات. گرفتی مردوو ئەوەیە، کە ناتوانێ گوێی لە وشە بێ و لێی تێ بگات.

بەواتای مردوو هیچ زمانێک نازانێ، ئەمەش ڕەوشی کەسەکانی ناو وێنەکانە. تەنانەت وێنە جوولاّوەکانیش هەمان گەوهەریان هەیە، بەلاّم جیاوازییەکی گەوهەریش لەم وێنانەدا ئەوەیە، کە دەنگ و وشە شوناسێکمان پێدەبەخشن: ئەو شوناسەی، کە لەناو داینەمیکییەتی زمان (نووسین)دا بەدی دەکرێ. لێرە جوولّەو ئاخاوتن هەیە، کە حەقیقەتی کەسایەتی کەسەکەمان (مردووەکان) بەبیر دەهێنێتەوە؛ وەلێ لەهەردوو حاڵەتدا، دەبێ پەیڤ (دەق- نووسین) لە ئێستادا وەسفی حاڵەتی وێنەکانمان بۆ بکات، ئەگەر نا دەشێ ئەم وێنانە ڕاستی گەوهەری خۆیانمان پێ نەڵێن. لێرەدا دەبێ وشە (دەق)بچێتە ناو قوولاّیی یادەوەرییەکانەوە و وەسفی ڕەگەزەکانمان بۆ بکا و بکەوێتە گێڕانەوەی حیکایەتەکان. کامێرای ڕاستەقینە، کامێرایەک وێنەی دیمەنە ڕیزپەڕەکانی گیان و مادە دەگرێ، وشە (نووسینە).

ڕاستییەکەی وێنەکان (فۆتۆگراف، ڤیدیۆ...) وەک خەون فریومان دەدەن و خیانەتمان لێدەکەن. ناشتوانن وەک پەیڤ، حەقیقەتی زانیارییەکانمان لەسەر ژیانی مردوو پێشکەش بکەن. وێنە ساتێکی (بەپێی دەرکەوتنی حەقیقەتی سیما) زیندووی دابڕاوە لە ژیانی کەسێک ئیدی هیچ گوتارێک نییە پێمان بڵێ: ئەم کەسە کەی لە ژیاندا نەماوە؟ ئەم وێنانە ناتوانن وەک وشە ببنە کرۆکی گەیاندنی زانیارییەکان.

ئەم وێنانە بەبێ زانیاری (زانیاری لەناو دەقی نووسیندایە)، خیانەت (درۆ) لەگەڵ هەست و نەست و ویژدانماندا دەکەن و وەهمی بێزارکەرمان پێ دەبەخشن. من هەرچەند تەماشای وێنەکەی بۆ نموونە باوکم دەکەم، تەنیا ڕامانێکم تێدا دروست دەکات، کە نوقمی ناو دەریای یادەوەرییەکانە، من تەنیا دەزانم ئەمە وێنەی باوکمە و هیچی دیکە.

هیچ دەقێک لەسەر وێنەکە نییە، هیچ زانیارییەکم لەسەر ساتی گرتنی وێنەکە بداتێ؛ بۆیە ئەم وێنەیە وێنەیەکی ئەبستراکتی باوکمە. تەنیا ئەگەر نووسینی بەرواریێک هەبێ بۆ نموونە (١/٣/ ١٩٨٠)، ئەوسا دەزانم لەناو وێنەکەدا مێژوویەکی کۆنکریت هەیە، کە دەلالەت لە واقیعی سەردەمێک دەکات. ئێمە لەم وێنانەدا (وێنەی کەسە مردووەکان)، ساتێکی دابڕاومان لەژیانی ئەو کەسەدا بەبیر دێتەوە، نەک هەموو زنجیرەی ژیانی؛ پتر سەرنج (تەرکیز) دەخەینە سەر ئەم ساتە دابڕاو و وەستاوە.

لەسەر وێنەیەکدا لەبەر دەستمدا، دەقێکی عەرەبی هەیە دەڵێ:

«تفنی جسوم    تبقی رسوم
اذا غاب جسمي    فأنظر الی رسمي».

هەرچەندە ئێمە لە وێنەدا (ئەمڕۆ هەموو مردوو و زیندووەکان خاوەن وێنەی خۆیانن)، حەزمان لە ساتی هەڵبژاردە و ناوازەی دەرکەوتنی شێوەی خۆمانە، بەلاّم ئێمە لێرە درۆ لەگەڵ حەقیقەتی خۆمان دەکەین، چونکە دەمانەوێ هەموو ڕاستی ژیانمان بکەینە قوربانی ساتێکی ناوازە، کە لە وێنەیەکدا، یان لە چەند گرتەیەکدا بەرجەستە دەبێ. بەواتای دەمانەوێ هەموو مێژووی ژیانمان، بکەینە تەنیا چەند چرکەساتێک. (وێنە تەنیا دەشێ لە پاش مەرگ و بۆ یادگاری ببێتە ناوازەیەکی ڕەها، ئەو کاتەی ئێمەی زیندووەکان لێی ڕادەمێنین).

کاتێکیش لەم وێنانەدا ناشیرین دەردەچین و جوان دەرناچین، لێرەدا هەست دەکەین هەموو ساتەکانی ژیانمان ناشیرینە؛ بۆیە ساتە ناوازەکانیش دەبنە ساتە ناشیرینەکان.

ساتی دابڕاو (ناوازە) لەناو ساتی وێنەدا (فۆتۆگراف، ڤیدیۆ...)، دەشێ تەنیا یەک زانیاریمان پێشکەش بکات، (ئێمە باس لە دراماو فیلم ناکەین، کە لەوێدا زمانی سیناریۆ و گێڕانەوە و گفتوگۆ هەموو شتێکمان پێ دەڵێن)، ئەویش مێژووی دامەنی سەر شاشەکەیە (یان وێنەکە)، لەگەڵ کاتژمێرەکە، بە نموونە: (١١/ ٧/ ٢٠٠٠ کاتژمێر ١/٣٠ی پاش نیوەڕۆ). ئەمە زەمەنێکە لە حەقیقەتی ژیان و مەرگ داماندەبڕێنێ. ئەم زەمەنە زەمەنێکە ڕاوەستاوە و دژ بە بزاوت و داینەمیکییەتی پێوەندی نێوان ڕەگەزە دژەکانە (ژیان و مەرگ). ئەم زەمەنە زەمەنێکە، وەک زەمەنی خەونێکی پڕ لە حەسرەت و ناخۆش فریومان دەدات. لێرەدا زۆر بە ئاسانی دەتوانین ئامێرەکان و وێنەکان بکوژێنینەوە و بیاندڕێنین. (وشە بیشیسووتێنی و بیشیدڕێنی، بەلاّم لە ساتێکدا ئەرکی مەعریفی خۆی پێشکەش بە ئێمە دەکات و لە وێناو یادەوەریشماندا، ئەم مەعریفەیە بەشێوەی هزری

ڕۆشنبیری لەلامان دەمێنێتەوە. وشە لە ساتێکدا هزرمان دەوڵەمەند دەکات، بۆیە ڕوحی وشە هەرگیز لەناو ناچێ). بەم شێوەیە ساتی دیتن (دیتنێکی هەستەکی ناهزریی) وەک ساتی خوێندنەوە (دیتنێکی هزریی، کە بەناو هەموو هەستەکانماندا شۆڕ دەبێتەوە) نییە. لەساتی خوێندنەوە (نووسین)دا دیتن قووڵتر دەبێ. لێرەوە دیتن لە دەرەوەی نووسینیشدا دەبێ ناوەڕۆک و گەوهەری شتەکان ببینێ، نەک تەنیا ڕواڵەت.

ئێمە ئەوکاتەی وێنەکان هەڵدەگرینەوە و ڤیدیۆیەکە دەکوژێنینەوە، وەک بڵێی لەناو هەڵچوون و نیگەرانی خەونێکی ناخۆش وەئاگا بێین، هەموو شتێک کۆتایی دێ. ئەمە چرکەساتی ژیانە، کە زۆر نائومێد دەبێ. ژیان دەیەوێ لەناو حەقیقەتێکی درۆزنانە و عەدەمەوە خۆی دەربخاتەوە، وێنەکان بۆ چەند ساتێک، ئەم خەسڵەتە بەزەین و وێنامان دەبەخشن، بەم شێوەیە گاردەر لەدوو شوێندا، لە ڕۆمانی کچەی پرتەقاڵدا، لەسەر زاری پاڵەوانەکانیدا دەڵێ: «ڕەنگە وا باشتر بێت، کە ڕێگە نەدرێت تەماشای کاسێتی ڤیدیۆی کەسێک بکرێت کە چیتر لە ژیاندا نییە، کەسێک کە چیتر لەناوماندا ناژی، چونکە سیخوڕی کردنی مردووەکان شتێکی ناشیرین و هەڵەیە» (٨) پاشان «مەرج نییە گەورە بوون بەبێ باوک شتێکی سەخت و دژوار بێت، بەڵام ئەوکاتە دەبێتە شتێکی سەیرو سەمەرە، کە باوکێکی مردوو لە قەبرەکەوە قسەت لەگەڵدا بکات. باشتر نییە ئەگەر ئەو باوکە واز لە کوڕەکەی بهێنێت بۆ خۆی بژی؟... » (٩) سیخوڕی کردن پشکنینە لە هەموو یادەوەرییەکانی ژیانی مردوو، لێرەشەوە ئێمە هەمیشە بە شێوەی مۆنۆلۆگ، لەگەڵ وێنەی خەیاڵی مردوودا قسە دەکەین. لە یادەوەریدا هەمیشە هەڤپەیڤین لەنێوان ئێمە و مردوودا، لەنێوان ژیان و مەرگدا هەیە.

شاعیرێکی «سەردەمی ڕێنسانسی» ئەورووپاش دەڵێ: «من چێژی پتر لە ئاخاوتن لەگەڵ مردووەکاندا وەردەگرم، وەک لەگەڵ زیندووەکاندا» (١٠). بەم ڕێتمەش نامەکەی باوکی جۆرج، دواندنی ڕابردووی ژیانە، ئەو ساتانەی ڕابردوو، لەناو شکۆی ژیاندا شکۆمەند دەبێ. ئەمە دەسەڵاتی مەرگە وامان پێ دەڵێ. باوکی جۆرج لە نامەکەیدا لە دوای مەرگەوە، (مەرگی پێشبینی کراوەوە) بۆ کوڕەکەی دەدوێ. ئەم نامەیە تەنیا گێڕانەوەی ڕابردووە (شکۆی یادەوەرییە) و هیچی دیکە نا. لەناو شکۆی ئەم یادەوەرییەدا (ژیاندا)، شکۆیەکی زۆر مەزن هەیە، ئەویش عەشقە. باوکی جۆرج هەر لەسەرەتای نامەکەوە (ڕۆمانەکەوە)، لە ڕێی عەشقەوە بەدوای شوناسی خۆیدا دەگەڕێ، بۆیە بە کوڕەکەی دەڵێ: «هەر لەو ڕۆژەوەی لە دایک بوویت پڕ بەدڵ حەزم دەکرد باسی کچەی پرتەقاڵت بۆ بکەم، ئەمڕۆکە- مەبەستم لەکاتی ئەم نووسینەیە- تۆ زۆر بچکۆلەیت و ناتوانیت لەو چیرۆکە بگەیت، بەڵام دەخوازم ئەم چیرۆکە ببێتە میراتێکی بچکۆلە و بۆت بمێنێتەوە. دەبێت لە شوێنێکدا دابنرێت و چاوەڕوانی ڕۆژێکی تری ژیانت بێت. وا ئێستاکە ئەو ڕۆژە هاتووەتە پێشەوە» (١١). باوکی جۆرج دەیەوێ بڵێ: عەشق ڕاستترین شوناسی مرۆییانەی تاکە. شوناسی ئەو ساتەیە، کە تاک سەربەخۆیە.

عەشق شوناسی ئازادانەی تاکە. دۆزینەوەی گەوهەری کەسێکە (شتەکانە). هەڵاواردن و جیاکردنەوەی خودیشە لەناو خودەکانی دیکەدا. باوکی جۆرج بەم شێوەیە وەک هەر تاکێک بەدوای عەشقدا (عەشقی کچەی پرتەقاڵدا) وێڵە، بۆیە کچەش پێی دەڵێ: «تۆ ئەو هەموو ڕێگایەت تا ئێرە بەس بۆ ئەوە نەبڕیوە کە (ئافرەتێک) ببینیت، ئەگەر وات کردبێت، ئەوە وەک ئەوە وایە بەدوای ئاودا هاتبیت و چەندین کانیت بەجێ هێشتبێت. ئێ خۆ ئەو هەموو ئافرەتە لە ئەورووپادا هەن، بەڕاست... چەندین کانیشی تێدایە، بەڵام تۆ بۆ ئەوە هاتوویت کە من ببینیت و تەنیا یەک (من)یش هەم. لە ڕاستیدا منیش لە ئیشبیلیاوە هەروا نامەیەکم بۆ (پیاوێکی) ئۆسلۆ نەنارد. من نامەکەم بۆ تۆ نارد. داوام لێ کردیت کە هۆگرم بیت. داوام لێ کردیت کە کەمێک متمانەم پێ بکەیت» (١٢. پێ دەچێ عەشق تراژیدیای مەرگ قووڵتر بکاتەوە. ئەمە ماهییەتی نووسینی نامەکەی باوکی جۆرج و شێوازی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەشە. ئەو شێوازەی، کە گوتاری فەلسەفەی بوونگەرایی بەسەریدا زاڵە و ئەو نامەیەی، کە خۆی دەلالەت لە ڕەتکردنەوەی مەرگ دەکات و جەخت لەسەر ئیشکالیەتی مانای ژیانیش دەکاتەوە: بەڕێکەوت هاتنە ژیان و خەسڵەتی ڕێکەوت و جەبرگەرای هاتنە بوون، باوەڕی نووسەر و فەیلەسووفە بوونگەراکانە.

ئەلبێرت کامو دەڵێ: «جیهان هیچ و بێهوودەیە، منیش بەهەمان شێوە» (١٣). خەسڵەتی گوتاری

نامەکەی باوکی جۆرج، هەمان خەسڵەتی گوتاری سترانی بەناوبانگی کـــوردی (لە پاش مـــەرگم)ە، لە هەردوو حـاڵەتەکـەدا کـاراکـتـەری زیندوو، لەسـەردەمی مـەرگ (مـەرگی پێشبین کـراوەوە) قسـەمـان بۆ دەکـەن. بابەتی هەردوو لاش، مـەرگ و عـەشـقـە: عـەشق قـووڵـتـرین دەلالەتە لە خـودی ژیان، بۆیە بێ گـومان کێشـەی خودی عەشق (ژیان) مەرگە. بەداخەوە ئێمە لە کۆمەڵگەیەکدا دەژین، بەهای عەشق و بەها مەزنەکانی ژیان دەکوژێ.

ئەو کۆمەڵگەیەی گومـان و قین و دڵپیسی و... نەک عـەشق بڵاودەکـاتەوە؛ گـومـانێکی ڕەها لەو عـەشق و ئازادییەی، کە لە ئیرادەی هەر تاکێکدا هەبێ، تا ڕادەی لەناو بردن و کـوشتن، ئەریک فـرۆم دەڵێ: «عــەشق پێـوەندی و پەیوەست بوونە بە دنیـایەک کـە تێـیـدا سـەربەخـۆیی و سـەربەسـتی پارێزراو بێت، مـرۆڤـێکی سۆزبەخش پەیوەستە بەجیهانەوە و هیچ ترسێکی نییە، چونکە جـیـهـان مـاڵی ئەوەو بەهۆی لەخـۆ دڵنیـابوونی دەتوانێت کـەمتـر بیـر لەخۆی بکاتەوە. عـەشق ناسـینی جـــیـــهـــانە لەڕێی ئەزمـــوونی هەســـتـــەوە» (١٤). لێکۆڵینەوەیەکی نوێی فـەرەنسـیش گـەیشـتـووەتە ئەو ئەنجامەی، کە خۆشەویستی تەمەنی مرۆڤ درێژ دەکات، بەڵام دیارە لۆژیکەکە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەپێچەوانەی هەموو ئەم ڕاستییە زانستییانەوەیە: دەشێ خۆشەویستی کـۆتایی بەژیـانی هەمـوو تاکـێک بهـێنێ؛ خۆشـەویسـتی ببێتە ئەزموونی ناسینی مـەرگ، نەک ئەزموونی ناسینی جـیـهـان. ئەمـەش لەو بۆچوونەی ئەدۆنیس جـیـاوازە کـە دەڵێ: «لە هەمـوو کردارێکی خۆشەویستیدا بۆنی مەرگ دێت، تارمـایی مـەرگ لە هەمـوو کـردارێکی ئەوینداریدا دەردەکەوێت». (١٥)

لە کــــۆمـــــەڵگەی ئێــــــمـــــەدا، نەک هەر لەبوونی خۆشەویسـتـیدا بۆن و تارمایی مەرگ دێ و دەردەکەوێ، بەڵکو مەرگ خۆی خۆشەویستییە. مەرگ خۆی بریتییە لە حـەقیـقـەتی پێـواری (غـیـابی) عـەشق. لێـرەدا مەرگ هەیە، نەک عـەشق. بەم پێیـە ئێـمـەون بووین لەناو ون بـوونـی ئـەوی دیـکـەدا و ون بـوویـن لـەنـاو ون بـوونـی عـەشـقـدا، لە گـەوهەری ژیانی کـۆمـەڵایەتی ئێـمـەدا، نێـرومێ لە ئاست یەکدیدا ونن. هیـچیـان ناتوانن ئەوی دیکە بدۆزێتـەوە. حەرام بوون و پێـواربوونی عـەشق، ئەم تراژیدیا کۆمـەڵایەتییە بەرهەم دەهێنێ... بەهەرحاڵ ئێمە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەزمـوونی عـەشقەوە جیـهـان بناسین، دەبێ لەگـەڵ باوکی جۆرج بپرسین و بڵێین (پرسیـارێکی قــووڵ لە بـووناـنـەوە هەڵـدەقــوڵـێ، بوونـی فــیــزیـکـی و ڕوحـیـمـان): «کـچـەی پرتەقـاڵ کـێـیـە؟ بڵـێـیـت ئەویش یەکـێـک بێت لە ئێــمـە؟ یان لە حـەقـیـقـەتێکی ترەوە هاتووە؟ تۆ بڵـێـیـت لە جـیـهـانێکی ترەوە نەهاتبـێت و ....». (١٦) لەم پرسـیـــارانەی بـاوکـی (جــۆرج)ەوە وا بەدەردەکـەوێ، کـە کـچـەی پرتەقـاڵ لە سـیـاقـی چێـژی ئەدەبیـمان و لە سیـاقی شێوازی گـێـڕانەوەی ڕۆمـانەکە، هەروەک ئەفـــســـانەیەک دێتـــە بەرچاو. ئەم کـــچـــە ناوونیشانێکە وەک پاڵەوانێکی ئەفسانەیی، کە لە یادی چێژی ئەدەبی ئێمەدا ون نابێ.

کچەی پرتەقاڵ زەمەنێکی ئەفسانەییش لەگەڵ خۆیدا دەخولقێنێ: زەمەنی سایکۆلۆژیای باوکی جۆرج؛ زەمەنی عەشق، کە سایکۆلۆژیا دەکاتە حاڵەتێکی ئەفسانەیی. لە سـیـاقی گـێـڕانەوەی نامـەکـەی باوکی (جـۆرج)دا، کـە ڕۆمـــاننووس لەناو خـــودی ڕۆمـــانەکـــەدا خـــوێنەرێک (کـوڕەکـەی جـۆرج) چێ دەکـات، (کـەواتە لەم دەقـەدا خوێنەر لەناو خوێنەردا هەیە)؛ دەڵێم لەم سیاقەدا کچەی پرتەقـاڵ وەک فریشـتەیەک دەردەکەوێ و ون دەبێ و دێ و دەچێ و ڕوحی تینووی ئێـمـەی خـوێنەریش، هەمـیـشـە بەدوای کـەسایەتیـیە بزۆزەکەیدا وێڵە. کچەی پرتەقـاڵ پرسیاری عیشقێکی مەزنی هەمیشە بێ وەڵامە: (عیشق بۆ مرۆ و عیشق بۆ ژیان).

ئەدەب پرسیـار دەکـات (پرسیـارە فـانتـازیاییـەکـان)، بەڵام دەبێ هەمـوومـان بەدوای وەڵامـدا بگەڕێین. ئەدەب وەزیفەی ئەوەیە، دۆخی ڕوحی مرۆ (خوێنەر) دەگۆڕێ: لە خـەمبـارەوە شـادمـانی دەکـات، لە ناشـیـرینەوە جـوانی دەکات، لە بێ ئومێدییـەوە ئومێـدەواری دەکات. ئەدەب خەیاڵمان بەرەو شوێنە بێ سنوورەکان دەبات. ئەوکاتەی بمانەوێ شەڕ لەگەڵ واقیعێکی دزێو بکەین، دەشێ ئەدەب چەکی دەســـتـــمـــان بێ: چەکی بەخـــشین و بردنەوەی هەمیشـەی جوانییەکان. لە ئەنجامدا هەموو ئەوەی ئێمە دەیبـیـسـتین و دەیبـینین تەنیـا وشـەیە. ئەوە ئەفـسـانە و سیـحری وشـەیە، کـە هەمـوو شـتێک بە واتا و فـۆرمی جیاوازەوە دەڵێ.

مـەرگـیش لەوێ، لە ڕۆمـانەکـەدا وشـەیە (وشـەیەکی فـەلسـەفی)، بەڵام لە دوای وشـەی عـەشـقـدا لە دایک

دەبێ؛ لە نووسیندا مەرگ وەک عەشق، دەبێتە کاراکتەرێکی ژیان، هەروەک لە ڕۆمانەکەدا دیتمان...(١٧) ئەوجا ئێمە کە بەشێوەیەکی سەرەکی قسەمان لەسەر نووسین بێ، دەشێ ماڵێک، بینایەک، باڵاخانەیەک بۆ نووسین (وشە زۆرەکان) دروست بکەین. ئەم ماڵەو بیناو باڵاخانەیە پێی دەگوترێ: کتێب.

(لەم ساتەدا کتێب ماڵێکی... ئارامترین ماڵی ڕوحی نووسەرە.(١٨) کتێب بۆ خۆی دەبێتە ماڵی (جوانترین ماڵی) دەقێک، (یان چەند دەقێک).

ئەمە خەسڵەتی ناوونیشانی هەموو کتێبێکە، ئەمە خەسڵەتی ئەو کتێبەیە، کە هەموو سورەتەکان (دەقەکان) لە خۆیدا دەگرێ و پێی دەڵێن قورئانی پیرۆز. بەهەمان شێوەش ئینجیلەکان و تەورات (کتێبی پیرۆز) و ئاڤێستا و... چی دەقی ئەدەبی و نائەدەبی هەیە: (کچەی پرتەقاڵ) ناوونیشانی دەقی ڕۆمانێکە، کە پێی دەڵێن کتێبی ڕۆمان. ئەو دەقە شیعرییە لەناو کتێبێکە، کە پێی دەڵێن «کورسی»(١٩)... کتێب ئەگەرچی ناوێکی (ماڵێکی) گشتییە، بەڵام لە هەمان کاتدا ماڵێکی تایبەتیشە؛ یان بابڵێیم، ئەگەرچی کتێب چەمکێکی گشتی ئەبستراکتە، بەڵام لە ڕێی ناوونیشان و لەناو دەقدا دەبێتە شتێکی کۆنکریتی و پراکتیکی و تاکگەرایانە. هەر کتێبە و خاوەنی (نووسەری) خۆیشی هەیە: کتێبی خوداوەند، کتێبی شاعیر، کتێبی ڕۆماننووس، کتێبی مێژوونووس، ڕەخنەگر.

بێ گومان کتێب هەیکەلێکی ئەندازەیی (بینایەکی ئەندازەییە) و لە چەندین بەش و فۆرم پێک دێ. بەواتای کتێب لەسەرەتاوە تا کۆتایی بەشێوەیەکی ئەندازەیی ڕێک دەخرێ. دەشێ ئەمە ئیشی نەخشەساز بێ و لە چاپخانەشدا ئەم بینا (نەخشە) ئەندازەییە بەرجەستە دەبێ و بەدیار دەکەوێ. کتێب بەرهەمی پەرەستاندنێکی مێژوویی گەورەیە: کتێب لە قوڕ و پێست و بەردەوە، بووەتە ئەم شێوە ئەندازەییە پێشکەوتووەی ئەمڕۆ. شێوازی دیکەی نووسینی وەک ڕۆژنامە، کە ئەمە مۆدێلێکی زۆر هاوچەرخە و نووسینی خێرا بەرجەستە دەکات، دەتوانین وەک کێڵگەیەک، یان بێستانێک، کە بەشێوەیەکی ڕێک و ئەندازەیی نەخشێنرابێ و چێ کرابێ بژمێرین. ڕۆژنامە دەیەوێ لە دەرەوەی مێژووی داهێنانی مەعریفەی نووسیندا، خۆی پێشکەش بکات و دەیەوێ بڵێ نووسین تەنیا بەرهەمی ئێستا و تەنیا مەعریفەی ئەمڕۆیە و تەنیا داهێنانی ئەم ساتە وەختەیە. ڕاستییەکەی ڕۆژنامە وشە دەکاتە بەرپرسیاری ئەمڕۆ، لە سیاقە مێژووییە- مەعریفییەکەی خۆی وەدەری دەنێ. لە ڕۆژنامەدا، کە بەگشتی گوتاری سیاسی و ئایدیۆلۆژی و حزبی زاڵن، وشە زۆرجار بۆ درۆ و بەرژەوەندی تایبەت و تەسک بەرهەم دەهێندرێ.

تاکە حاڵەتێک، کە لە هەموو مێژووی نووسیندا هەبێ، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا هەیە، ئەویش یاریکردنی زۆر سەرپێیی و هەنووکەییە بە گەوهەری وشە: وشەی یەکتربڕ، بۆ زاخاوی مێشک.

ئەم یارییانە وشە لە مانای مەعریفی و مێژوویی خۆیان بەتاڵ دەکەنەوە و وەک بەردی یاری دامەیان لێ دەکەن، پرسیارێکی خێراو میکانیکی دەکات و دەڵێ: لە (١٢) پیت پێکهاتووە و شارێکە لە فیسارە وڵات؟ ئەم جۆرە زانیارییە، زانیارییەکی بەکاربەری (ئیستهلاکی) بازارییە، کە خوێنەرێکی (ناخوێنەری) تەنبەڵ بۆ ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بەرهەم دەهێنێ. هەمیشە ئەو خوێنەرانەی (کڕیارانەی)، کە هەرگیز ناخوێننەوە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا پەنا بۆ ئەم جۆرە یارییانە دەبەن. لێرەوە ڕۆژنامە دەبێتە بەرهەمی بەرژەوەندی ڕۆژانەی گوتاری سیاسی و بازرگانی و ئابووری و... بەم پێیەش ڕۆژنامە دەتوانێ لە ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیان و ژیان و کاروباری ڕۆژانەی کۆمەڵگەدا کاریگەرتر بێ. ئەم کاریگەرییە کاریگەرییەکی هەنووکەیی و خێرایە و کاریگەرییەکە، پتر کاریگەرییەکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و کاریگەرییەکی نائیستێتیکی و نامەعریفییە؛ مەعریفە و ئیستێتیکا بە مانا فەلسەفی و ئەدەبییە قووڵەکەی. بەرهەمی بابەتەکانی ڕۆژنامە هەمەڕەنگن. گۆڤاریش هەمان خەسڵەتی هەیە، بەڵام جیاوازی لەگەڵ ڕۆژنامەدا ئەوەیە، کە گۆڤار وەک کتێب، ماڵێکە، شوێنێکە لە زەمەنی مەعریفەدا (لەکاتی زانیندا)، کە دەرگاکەی دادەخرێ و بەبێ کلیلیش دەکرێتەوە، ڕاستییەکەی ڕۆژنامە بابەتێکی بازارییە و خوێنەر و کڕیاری زۆر و فرەوانی هەیە؛ هەرچی گۆڤارە بەپلەی یەکەمیش کتێب، خوێنەر و کڕیاری دیاریکراو و تایبەتمەندی خۆیان هەیە. تەنانەت پێشانگا تایبەتییە مەزنەکان، ساڵانە لە پایتەختەکانی جیهان بۆ گۆڤار و کتێب دەکرێنەوە، نەک

ڕۆژنامە.

لێرەوە ڕۆژنامە حەقیقەتێکی بازاڕیی ڕۆژانەیی هەیە، ڕۆژنامە چ حزبی، یان سەربەخۆ بێ لەم خەسڵەتانە بەدەر نییە. ڕۆژنامە لە ڕووی شێوەی داڕشتن و دیزاینەوە بێ دەرگایە و کراوەیە و داناخرێ. بەواتای ڕۆژنامە وەک کتێب و گۆڤار، ئەگەر بە زمانی مەجاز قسە بکەین بەرگێکی نییە، کە وەک دەرگا، یان پەنجەرە بیکەینەوە تەماشای ناوەوەی بکەین و ناوونیشانی تایبەتیش وەک کلیلێکی تایبەتی بۆ کردنەوەی ئەم دەرگەیە. زۆربەی جار کتێب مەعریفەیەکی قووڵی داخراوە (ئێمە هەمیشە لە سیاقی نووسینی ڕەسەن و داهێناندا قسە دەکەین)، هەرچی ڕۆژنامەیە زۆربەی جار مەعریفەیەکی کراوەی ڕواڵەتیمان پێ دەبەخشێ، ڕۆژنامە خۆی بۆ هەموو کۆمەڵگە دەکاتەوە، بەڵام ئەمە بۆ کتێب زەحمەتترە، کتێب سیحرێکی زیاتر بە مانای مەعریفە دەبەخشێ. دەبێ بزانین ڕۆژنامە زۆربەی جار و هەموو ڕۆژەکان، لە دروشم و گوتار و بابەتی سیاسی و دۆزی ئایدیۆلۆژی پێک دێت. کتێب کاتێک دەچێتە ناو بابەتی سیاسیشەوە لێی دەکۆڵێتەوە، نەک خەریکی دروشم و گوتارادان و پروپاگەندە هەڵبەستن بێ. (کتێبی لەم چەشنە هەمیشە لە دەرەوەی زەمەنی بەهای مەعریفەن).

دەبێ بزانین هەرگیز ڕۆژنامە ناتوانێ ناوونیشانێکی نەمر بۆ خۆی بەدەست بهێنێ؛ دەشێ ڕۆژنامە وەک ناو، نەک وەک بابەت نەمر بێ، لەبەر ئەوەی بابەتەکانی کورت و هەواڵیین و کەمتر شوێنی لێکۆڵینەوەی درێژی مەعریفی تێدا دەبێتەوە و... کتێب بە پێچەوانەی ئەمەوە، هەناسەیەکی درێژی لە بنیادی نووسینی بابەتە مەعریفییەکان پێیە و دەتوانێ گوتارەکانی داهێنان لە خۆیدا کۆبکاتەوە. من لێرەدا (پێم خۆشە بڵێم) داوای لێبووردن لە خوێنەر دەکەم، مەبەستم ئەوە نییە، کە بەهای ڕۆژنامەکان ڕەت بکەمەوە و هەموو بابەتێکی سیاسی بێ بەها بکەم، بەڵکو من مەبەستم لەو ئامانج و ستراتیژە کورت و درێژخایەنەی نێوان نووسینی بابەتەکانی ڕۆژنامە و کتێبە؛ ئەگەر نا بێ گومان نرخی بابەت و نووسینەکانی ناو ڕۆژنامەش، پێوەندییان بە پێوەرە زانستی و بابەتەکییەکانەوە هەیە، کە پێی دەنووسرێت. بێ گومان هەمیشە بابەتە باشەکانی ناو ڕۆژنامەش لە ئەنجامدا دەبنە کتێب و کتێبی باش بەرهەم دەهێنن، بەڵام لە هەموو بارێکدا نرخی ڕاستەقینەی نووسین لە ڕەسەنایەتی و لە داهێناندایە، بۆیەش «سەرەتای ڕاستەقینەی ژیان نووسینە» (٢٠).

**پەراوێزو سەرچاوەکان:**

١- التفسیر التطبیقي للکتاب المقدس. انجیل لوقا. ص (٢١٠٦).

لە سفری دەرچوونی تەوراتیشدا هاتووە و دەڵێ: «ئەوکاتەی خودا لەسەر چیای سینا، لە دواندنی مووسا بووەوە، دوو تابلۆی گەواهی (شایەدی) پێ بەخشی، دوو تابلۆی بەردین، کە بەدەست و پەنجەی خودا خۆی لەسەریان نووسرابوو». بڕوانە هەمان ژێدەر، بەشی کتێبی «العهد القدیم» ل (١٩٣)، هەر لەم بارەیەوە شایانی باسە کە بڵێین: قۆناغی یەکەمی خوێندنەوە و نووسینی کۆنی میسریش، کە یۆنانییەکان پێیان گوتووە قۆناغی هێرۆگلیفی، (بە واتای نووسینی نەخش کراوی پیرۆز) دێ.

بڕوانە: دونالد جاکسون. تاریخ الکتابة، ت: محمد علام خضر. ص (٢٥).

٢- قورئانی پیرۆز، وەرگێڕاوی: مامۆستا هەژار، ل (٥٩٧).

ئێمە کە باسی پیرۆزیی نووسین دەکەین، گەیشتبووینە ئەو باوەڕەی، کە بەڕاستی نووسین ئەرکێکی پیرۆزی لەسەر شانە. ڕەنگە پیرۆزی دەقە ئایینییەکانیش لە بنەڕەتدا ئەم ماهیەتەی هەبێ. بێ گومان پیرۆز لای ئێمە مەجازە بۆ داهێنان و مەزنی شتەکان. نووسین یەکێکە لەو دیاردە مەزن و داهێنراوانە، بۆیەش دەشێ بە پیرۆز و موقەدەسی بزانین.

٣- نووسین لای من چێژی بیناکردنە: بیناکردنی ماناو وشە و ڕستە. بەواتای بیناکردنی واتا (ناوەڕۆک) و فۆرمی زمان، ئینجا لە ئاکامدا بیناکردنی هەیکەلێک، کە پێی دەڵێین: دەق. بێ گومان جوانترین و باشترین بینا ئەوەیە، کە وەستاو ئەندازیاری باش نەخشەی بۆ دەکێشن و دروستی دەکەن، بەڵام بێ گومان گەلێک جار ڕەوتی نووسین، گەلێک لە ڕەوتی بینا چێکردن زەحمەتترە، نووسەر بەتاقی تەنیا بۆخۆی هەموو شتێکە: وەستاو ئەندازیار و ئەو پەیامبەریشە.

ئەركی ئەو لە تاكێكەوە، وەک هەموو چالاكییەكی دیكەی داهێنەرانە، بۆ هەموو مرۆڤایەتییە؛ كەواتە نووسین نرخێكی مەزنی هەیە.

٤- التفسير التطبيقي للكتاب المقدس. ص (٢١٦٨).

٥- بڕوانە كتێبی (نووسین خۆكوژییەكی تەواو نەكراو)، كە عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا وەریگێڕاوەتە سەر كوردی ل (٧٨).

٦- فیۆدۆر دۆستۆیڤسكی. تاوان و سزا. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ڕەووف بێگەرد. ل (٧٥).

٧- گۆڤاری سەردەم. ژ (٥١). ل (١١٢).

ئێمە لە ڕاست گۆڕی بە كۆمەڵدا، یان گۆڕی ون بووی جەنگدا، یادەوەرییەكی شێواومان دەبێت؛ ئینجا شوناس و مێژوویەكی تەماوی و شێواویش. بەم شێوەیە دیكتاتۆرە داگیركەرەكان، هەوڵی كوشتن و بڕینی گەلان دەدەن و لە گۆڕی بە كۆمەڵدا زیندە بەچاڵیان دەكەن.

دیكتاتۆرەكان دەیانەوێ شوناسی هەموو شتێک بسڕنەوە، تەنیا شوناسی خۆیان نەبێ، لێرەوەش مێژوو دەبێتە ساتەكانی لەبیر چوونەوەی ژیان، ئەو ساتانەی كە بێجگە لە حەقیقەتی فاشیزم، هیچ حەقیقەتێكی دیكە بوونی نییە. ئێمە لە ساتی ئەنفال و كیمیا بارانكردندا مێژوو و یادەوەری خۆمان هەموو لەبیركرد: هەموو شتێک بووە ساتی دەسەڵاتی مەرگ و لەناوچوون، شوناسی یادەوەری و مێژووی ئێمە بووە مەرگ و گۆڕی بەكۆمەڵ. ئەو گۆڕەی بێ ناوونیشان و بێ مێژوو و یادەوەرییە. بێ ئەو جەڤەنگەی (گۆڕەی)، كە دەبێتە شوێنی مێژوویی بۆ یادەوەری تایبەتی كەسە كوژراوەكان.

دیكتاتۆرەكان عەشقی گۆڕی بە كۆمەڵن، چونكە لەوێ حەقیقەتی شوناسی هەموو شتێک ون دەبێ: خوا، یاساكانی سروشت، ژیانی نەتەوە و گەلان... فاشیستەكان هەرگیز نایانەوێ تاک بە تاكی خەڵک بكوژن، بەڵكو بۆ ئەوان كوشتنی بە كۆمەڵی خەڵک، گەڕان بەدوای ئازادی و شوناس و ژیان كۆتایی پێدێنێ.

گۆڕ، ئەگەر ڕەمزێكە بۆ شكۆمەندی ژیان، ژیانی تاک، بەڵام گۆڕە بە كۆمەڵەكان سڕینەوەی هەموو ڕێز و شكۆمەندییەكە، نەک هەر لە ئاست تاكەكاندا، بەڵكو لە ئاست سەرتاسەری مرۆڤایەتیدا. لە ئەنجامدا فاشیستەكان مێژوویەكی پڕ لە یادگاریی دروست دەكەن، بەڵام مێژووی ئەو یادگارییەی، كە نەخوا، نە نیشتیمان و نە ئازادی و نەخۆشەویستی تێدایە.

٨، ٩- یۆستاین گاردەر، كچەی پرتەقاڵ، و: بەهرۆز حەسەن ل (٨، ٢٦).

١٠- دونالد جاكسون. تاريخ الكتابة. ت: محمد علام خضر. ص(١٧٤).

١٢.١١- یۆستاین گاردەر، كچەی پرتەقاڵ. و: بەهرۆز حەسەن. ل(٢٥، ١٣٨).

١٣- بڕوانە ڕۆژنامەی هاووڵاتی، ژمارە (٤١٨).

١٤- گۆڤاری سەردەم. ژمارە (٥١)، ل (٧٠).

١٥- بڕوانە پاشكۆی ڕەخنەی ڕۆژنامەی چاودێر، ژمارە (١٧٤). بابەتێكی ئەدۆنیس، كە نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد وەریگێڕاوە.

١٦- یۆستاین گاردەر. كچەی پرتەقاڵ. و: بەهرۆز حەسەن. ل (٩١).

١٧- من لەم سەروبەندەدا، كە ئەم بابەتە دەنووسم، لە خوێندنەوەی دیمانەیەكدا لەگەڵ نەزەند بەگیخانی، لە پاشكۆی (ڕەخنەی چاودێر)ی ڕۆژنامەی چاودێر ژمارە (١٠٧)، ئاخاوتنێكی سەیر هاتە بەرچاوم: «دەروونناسێكی ئینگلیز لە كۆڕێكی نێودەوڵەتیدا بۆ چەمكی بەختەوەری» گوتوویەتی: «لەكاتی یەئس و بێ ئومێدیدا سەردانی گۆڕستان بكەن». ڕێكەوتێكی بەختەوەرانەیە بۆ من، كە ئەم ئاخاوتنە وەک شتێكی ناوازە، لەگەڵ بەشێكی بیرۆكەی نووسینەكەی من دەگونجێ، بەدەر لەمە، ئەم گوتەیە هەتا بڵێی گوتەیەكی سەرنجڕاكێشە. ئایا ئەم دەروونناسە بەرەهەندە دینییەكەی ئەم قسەیەی كردووە؟ یان لەناو گۆڕستاندا هەمیشە نرخی مەزنی ژیان دەبووژێتەوە و ئێمە لەوێدا پتر عەشقی ژیان دەبین؟ بەڕێكەوتیش وەک ئەم دەروونناسە داوای دەكات، من ئەم ماوەیە زۆر دەچمە گۆڕستان، (ئایا كەسمان هەیە سەردانی گۆڕستانمان نەكردبێ؟). من كە دەچمە سەر هەر گۆڕێک (ڕەنگە ئەوە خووی هەر هەمووشمان بێ)، یەكسەر لە نووسینی سەر كێلەكەی ڕادەمێنم، (كەواتە هەمیشە نووسین نرخێكی مەزنی هەیە)، لێرەش بەر لەهەر شتێک، لە نووسینی ژیاننامەی كورتی مردووەكەدا ڕادەمێنم. ئێمە لەناو مەرگیشدا دەبێ لە ژیان ڕابمێنین! (ڕەنگە مەبەستی دەروونناسە ئینگلیزەكەش ئەمە بووبێ. ئاكامی ڕۆمانەكەی كچەی پرتەقاڵیش وەک دیتمان هەر ئەمە بوو). ئێمە لە ناوونیشانی گۆڕەكانەوە، پتر دەتوانین بەناو ماهییەتی ژیاندا شۆڕ ببینەوە: وەک لەهەر نووسین و نەخشونیگارێكی ئاسەواری و مێژووییدا، ئێمە بەناوڕاستی (حەقیقەتی)

ژیانی ڕابردوو و مێژوودا شۆڕدەبینەوە. بەواتای ئێمە بۆ یادگەی خۆمان و یادگەی مێژوو (یادگەی هونەر و نووسین) دەگەڕێینەوە.

١٨- دەبێ بزانین یەکەمین کتێب، کە بە چاپکەر، (داهێنراوی گۆتنبێرگ) لە ئەوروپا چاپ و بڵاوبووەوە، لە ساڵی (١٤٥٧)بوو. بڕوانە:

دونالد جاکسون، تاریخ الکتابة، ت: محمد علام خضر. ص(١٨١).

١٩- ئاماژەیە بۆ کتێبی چامەی «کورسی» شێرکۆ بێکەس.

٢٠- دونالد جاکسون. تاریخ الکتابة. ت: محمد علام خضر. ص(٥٩)

هەر لەم سەرچاوەیەدا هاتووە و دەڵێ: فەرمانبەرێکی گەورەی میسری کۆن، لە نامەیەکدا بۆ کوڕەکەی دەنووسێ: «پێویستە پیتەکانت خۆش بوێ، هەروەک ئەوەی، کە دایکت خۆش دەوێ»، کەچی لیڤی شتراوس پێی وایە «ئێمە بەهۆی نووسینەوە لە شتێکی گەوهەری بێ بەش بووین، ئەو شتەش بۆ خۆی بنەڕەتێکە لە توانای مرۆڤدا هەیە، بۆ داهێنانی جەڤەنگە پیرۆزەکان (تەوتەمەکان). بە واتای مرۆڤ بتوانێ لەبەر ڕۆشنایی ڕەگەزەکانی دیکەدا، بە چاوێکی ساغ خۆی و سیستمە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی ببینێ». بڕوانە: ترنس هوکز. البنیویة و علم الاشارة. ت: مجید الماشطة. ص (٤٦)... دەشێ مەبەستی شتراوس دۆخە جوانەکەی سروشت بێ، کە مرۆی سەرەتایی (کێوی) تێیدا ژیاوە و ئاوێتەی بووە. ئەو دۆخەی، کە جوانی کێوی لە جوانی دەستکردی شارستانییەتی نووسین جودا دەکاتەوە، بەڵام نووسین هەمیشە ساتی ناوازەی لە دایک بوونی خۆی هەیە. ئەم ساتەش ساتێکی کێویانەی سروشتی جوانە، وەک ڕسکانی چڵە گیایەک و درەختێک- هەمیشە ڕوحی داهێنەر ساتی کێویانەی خۆی هەیە، کە دیدێکی ئیستێتیکی ساغڵەمی بۆ دیتنی شتەکان پێدەبەخشێ، لەم ساتەدا نووسین شکۆمەند دەبێ. لەم ساتەدا نووسین یاسای ئیستێتیکایی خۆی هەیە، هەر بۆیەش لە هیچ شوێنێکدا نابێ ئێمە بەشێوەیەکی ڕەمەکی شت بنووسین، بەڵکو لەو ساتانەی، کە ڕوح وەک جوانی سروشت و هەموو دیاردەکانی دیکە شکۆمەند دەبێ. بەکورتی نووسین ئیمانە بە پیرۆزی بەهای پەیڤ.

# بڕوانه كه عيشق چۆن دەئاژوێ

مەحموود موعتەقەدی
لە فارسییەوە: محەمەد تەرەغە
(بۆكان)

خــوێندنەوەی شــیــعــری لەدایک بوونی ئەوەی كــە ئەویندارانە لەسەر زەویدا مرد.. «ئەحمەد شاملوو»

(١)

بڕوانە چەند لە خــۆ بردووانە خــۆی بەســـەر زەویدا دەكێشێ،
ئەوەی كە نەمامی شلكی دەستانی
لە ئەوینی
خودایە
لە حاند سەركەشی ویدا
بان جەهەنەمیش نزمە

لەكوێیە ئەوەی بە (ئەرێ)یەک دەمرێ
نە بە زامی سەد خەنجەر
تەنانەت مەرگیش هیچ
مەگەر لە یاوی داهێزاویا
دیق بكا و بمرێ.

قەڵایەكی گەورە
كە تەلیسمی دەروازەكەی
كەلامی بچووكی خۆشەویستییە
(٢)
نكۆڵی لە ئەوین
ئەم جۆرەی كە سەرسەختانە پێت چەقاندووە
مەگەر كێردێكت
لەناو قوڵدا حەشار دابێ
كە عاشق بۆ دركان لە بانگی داو
هەموو وجوودی بوو بەهاوار

(٣)

بڕوانە
چ لە خۆ بردووانە لەبەر دەرگەی ڕەسەنیدا
دەشكێتەوە سەر زەوی
ئەم ڕوخسارەی كە تۆفانیش
توانای مەسخی نییە
چ لەخۆ بردووانە لە ئاستانەی تۆدا، چۆک دادەدا
ئەوەی كە لەناو چەقی زەریادا
دەستی گرێ دا
بڕوانە
چ مەزنانە سەردەكاتە پردە بازت
ئەوەی كە
مەرگی
بە قەرا لەدایک بوونی هەزار شازادە، دنیـای وە جمین خست
بڕوانە!

له کەشوهەوای شیعری شاملوودا، کۆمەڵە شیعری (ئیبراهیم له ئاگردا)، دوای کۆمەڵە شیعری (پشکۆتن له مژدا) له پێوەندی دەگەڵ مرۆڤ و مەرگ باسێکی تازە دێته ئاراوه. لەم فەزا دەست بەسەر داگیراوەدا، زایەڵەی مەرگێکی بەشکۆ لەسەر زەوییەکی تینوو، هاتۆته دەورگێڕان، چونکه دەیەی پەنجا، له بیرۆکەی مێژوویی ئەو کەسانەی کە ئیتر له غەدری ڕۆژگار، وەزاڵە هاتبوون، یادگاری جووڵانەوەیەکی ئەویندارانه و مەرگ خوازانه، بۆ بەردەوامی ژیان بوو، چونکه هەر لەو ساڵه ساتیانەوە، جوانترین و دڵ بزوێنترین حەماسەگەلی ئینسانی لەلایەن خەباتگێرانی سیاسی، له بەرانبەر چەوسێنەرانی زەمانه، هاته ئاراوە. لەم ڕێبازدا، ژنان و پیاوانێکی بەسۆز، بۆ گەیشتن بە ئازادی و چەند و چۆنی چەوسانەوە، ڕەهەندێکی نوێیان بۆ ژیان دۆزییەوە. بەڵێ مەرگی ئەوان لەئەدەبیاتی سیاسی ئێمەدا، لەدایک بوونێکی نوێ، بۆ سەربەرزی ئینسان و ئەوین بووه.

ئیبراهیم له ئاگردا، پانتاییەکی تاو ویاو گرتوو بوو بۆ ڕۆیشتن له (خۆ) و نیشاندانی ڕازی بێ تاوانی گەلێک بوو، کە بەردەوام له دۆزەخێکی تاریک و تنووکدا، وەپەلەقاژە کەوتبوون، بەڵام (له دایک بوونی ئەوەی کە ئەویندارانە لەسەر زەویدا مرد) ئاوڕدانەوەی هەستانێک له «بوون» بوو کە ئامانجی تووڕەیی و ئازایەتی و شوور و شەوقی شۆڕشگێڕی بەنێو چاوانییەوە، وەبیرهێنەوەی ڕۆژانێکی پڕ له دڵەڕاوکێ و نەگبەتی بۆ کەسانێک بوو که دەگەڵ خۆیان ساغ ببوونەوە و کەوتبوونه گەڵ کاروانی ڕزگارییەوە.

شاملووی شاعیر که ئیبراهیمەکانی ڕۆژگار، هەمیشه لەناو ئاگری مەرگدا، لاشەی کەوتووی ئەوانی دەدی، لەم تابلۆ گەورەیەدا، دەگەڵ گەلاڵە کردنی ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر، خەریک بووه و مەرگ وەک لەدایک بوویەکی نوێ، باس دەکا.

شایانی باسە کە کارنامەی ئیبراهیم له ئاگردا، هەڵبژاردەیەک له مەرگ، لەدایک بوون و سەرلەنوێ، پشکۆتنی دەستەیەک لەخەڵک بوو.

١- بڕوانه کە چ له خۆ بردووانه بەسەر زەریا خۆی دەکێشێ (بەشی هەوەڵ).

٢- بڕوانه کە چ له خۆ بردووانه لەبەر دەرگای ڕەسەنیدا، دەشکێتەوە سەر زەوی (بەشی دووەم).

٣- بڕوانه چ له خۆ بردووانه له ئاستانەی تۆدا دەستەو داوێن دەبێ (بەشی سێیەم).

٤- سەیر کە چ مەزنانه سەر دەکاته پردە بازت. (بەشی سێیەم).

٥- بڕوانه (بەشی سێیەم).

کلیلی چوونه ژووری کەشو هەوای شیعری (لەدایک بووی ئەوەی کە ئەویندارانە لەسەر زەویدا مرد) لەم بابەته شیعرییە حەشار دراوە.

ئەو زەبرەی کە له (بڕوانه)دا کوتوپڕ، بەرز دەبێتەوە و ڕێگەیەکی لەخۆ بردووانە بۆ دیتن خۆش دەکا.

فەزای ناسیاوی شیعر بە سێ بەش و پانتاییەکی ڕێکوپێکی ناو دەقی دابەش دەکرێ کە بابەتی (بڕوانه چ له خۆ بردوانه) له ئاستانەی ئەم کەشو هەوایەدا، هەوایەکی نوێ بە سەراپای شیعرەکە دەبەخشێ.

وشەکان بەڕیتمێکی لەرز و هەستێکی حەماسه ئاسا، شوێنێکی کاریگەر لەسەر بیسەر دادەنێن. هەر جارەی کە هەستی لەخۆ بردوویی و مەزنایەتی ئینسانی ڕەنجدەر لەبەر دەم خاکدا، چۆک دادەدا، خوێنەر خۆی جاری وایه وەجموجۆڵ دەکەوێ، جاری وایە ڕاوەدەستێ و جاری وایه دەگری و سەرەنجام هەڵدەستێ و هاوکات دەگەڵ ئەو دەنگەی تر بۆ زەوی چۆک دادەدا.

بابەتی (بڕوانه) دەتوانین بڵێین هەوەڵین بڕووسکەی ئارمانخوازی، بۆ چوونه ناو فەزای هەڵماساو خوێناوییه. لەم ڕێبازەدا، شاملوو، بەستەیەکی نوێ، له مەرگ ساز دەکا کە شیاوی ئەوین و مرۆڤایەتییە. هەروەها لەم ڕێگەیەدا، داهێنەران، بۆ بیرکردنەوەیەکی ڕەسەن له مەرگی سوور، بانگەواز دەکا، چونکه شاملوو شاعیره و ناوی ئینسان بە شیعر دەنووسێتەوە.

کۆپلەی یەکەم: بڕوانه چ لەخۆ بردووانه بەسەر زەویدا خۆی دەکێشێ/ ئەوەی کە نەمامی شلکی دەستانی لەئەوینی خودایە له حاند سەرکەشی ویدا بان جەهەنەمیش نزمه له کۆیه ئەوەی بە ئەرێ-یەک دەمرێ نه بەزامی سەد خەنجەر، تەنانەت مەرگیش هیچ مەگەر له یاوی داهێزاویا دیق بکا.

لەم کۆپلەیەدا، چۆنیەتی گێڕانەوە، دیمەنێ وەسف دەکا کە هیچ کەس بە (ئەرێ)یەک نامرێ و نەمامی دەستەکانی له بەرانبەر مەرگدا، ئەرکی خوڵقاندنیان هەیە. شاعیر له ئاخاوتنێکی ئەوەندە گەورەدا باس له کەسێ دەکا کە بەئاگاییەکی تەواوەوە، لەوپەڕی لەخۆ بردووییدا حاشا له مەرگ ناکا، بەڵام له بەرانبەر تووڕەیی بەشکۆی ویدا، ئاگری گەورەی دۆزەخ، بەو هەمووە هەراوییە کە هەیەتی، هیچی هیچە! شاعیر

لەمەیدانێکی تر و بە شکڵ و وێنەیەکی تر، حاشا هەڵنەگری مەرگ پێناسە دەکا.

شاعیر لە مەرگێکی ساکار کە چەق و چۆی داهێزاوانە بێت، لێی دەدوێ. بەواتایەکی تر شاعیر دوو جۆرە مەرگ بەیەکەوە هەڵدەسەنگێنێ و لەم پێوەندییەدا، ڕێگەی ڕادەربڕین بۆ خوێنەر دەهێڵێتەوە. هەڵبەت سەرەڕای ئەوەی کە ئاکاری زمان لەم پێوەندییەدا، هێندێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە ئەم ئاوێتەبوون و پێوەندی مانایە، لە مۆتیڤە مێژووییەکان و باوەڕگەلی خەڵکییەوە، سەرچاوە دەگرن.

لەم کۆپلەیەدا، شاعیر سەرەڕای ڕەدکردنەوەی مەرگێکی ناڕاستەوخۆ، دێتە سەر باسی لە خۆبردوویەک، کە دەگەڵ یاوی داهێزاویدا، چەندین ساڵیان مەودا هەیە، چونکە لەو ناوەدا، قەڵایەکی مەزن کە کەلامی بچووکی خۆشەویستییە بۆ شاعیر گرینگە، چونکە کەسێک کە لەم هەنگاو هەڵبڕینەدا، جۆرێکی تر، بێتە ناو گۆڕەپانی ئەوینەوە، بە دڵنیاییەوە، تەلیسمی دەروازەی خۆشەویستی لەپشتە، بەڵام لەتوێژی ناوەوەی ئەم باسەدا، تەنز و پرسیار لە هەموو کەس، هەر وا بەردەوامە.

کۆپلەی دووەم: حاشاکردنی ئەوین ئەم جۆرەی کە سەرسەختانە پێت چەقاندووە مەگەر کێردێکت لە ناو قۆڵدا حەشار دابێ کە ئاشق بۆ ئیعتراف، لە بانگی دا و هەموو وجوودی بوو بە هاوار.

ڕاستی شاعیر، لەم دیمەنەدا، دەگەڵ چ کەسێک ئاوا، دوو لایەنی قسە دەکا؟ دەگەڵ ئەویندارێک کە سەراپای وجوودی بۆ ڕۆیشتن، هاوارە؟ یان لۆمەکردنی ئەو کەسانەیە کە بۆ حاشا کردن لە ئەوین پێیان، چەقاندووە و بۆ زەبر وەشاندن بە ئاشق، خەنجەرێکیان لەناو قۆڵیاندا، شاردۆتەوە کە ئەم لایەنەی دوایی بۆ شێوازی چەوسێنەران و هەلپەرستان دەگەڕێتەوە کە باوەڕیان بە ئینسان نییە.

بەڵام لەناوەوەی ئەم دەقەدا، چاوەگەلی تریش لەئارادایە کە ئەویش دەست شۆردنەوە لەخۆ و بەدەوری ئەوین داهاتن و هەروەها باس کردن لە باوەڕگەلی خەڵکی کە لایەنە گشتییەکەی دەست بەسەر داگرتن بەکاروباری سیاسی و پشتیوانی کردن لەشوور و شەوقی شۆڕشگێڕی لەپێناوی ڕزگاربوون لەدەست بەسەری مێژوویە. هەربۆیە لەم بەشەدا، لەبەرانبەر شاعیر، دوو جۆرە بۆچوون لە کردەوەی کۆمەڵایەتی و ڕۆمانسی شۆڕشگێڕی، بەدی دەکرێ کە وێنەی بەرچاوی ئەوانە، هەنگاوە شۆڕشگێڕییەکان لەلایەن ئافرەتان و پیاوانی فیداکار بوو. شاعیر بەرخۆدانی و لەخۆ بردوویی لەپەنا یەک دادەنێ!

بڕوانە چ لەخۆ بردووانە لەبەر دەرگەی ڕەسەنیدا دەشکێتەوە سەر زەوی، ئەم ڕوخسارەی کە تۆفانیش توانای مەسخی نییە چ لە خۆ بردووانە لە دەرگانەی تۆ دەستەو دامێن دەبێ، ئەوەی کە لە چەقی زەریا دەستی گرێدا، بڕوانە چ مەزنانە سەر دەکاتە پردە بازت ئەوەی کە مەرگی بە قەرا لەدایک بووی هەزار شازادە، دنیای وە جمین خست. بڕوانە.

لەم بەشەدا، زەربەی کۆتایی، بە دووپاتکردنەوەی (بڕوانە) لە پەیکەرەی شیعرەکەوە، بۆ لای خوێنەر دەگەڕێتەوە و ئەو هەڵسەنگاندنەی شاعیر، لەلایەک باسی مەرگ و لەلایەکی تر باسی لەدایک بوویەکی بە شکۆ دەکا. واتە مەرگێکی سوور و دڵخوازانە. شایانی باسە کە لەم پێوەندییەدا، توخمگەلی وەک دەرگا و ئاستانە و زەوی، هەرکامیان هەستێکی شاعیرانەن کە شاعیر لە ڕەنگدانەوەی ئەوانە، لە وێنەگەلی وەک لەخۆ بردووانە، هەتا تووڕەیی، هەتا مەرگی سوور، یارمەتی وەردەگرێ. شاعیر لە باوەڕی کەسێک دەدوێ کە بۆ ڕامکردنی تۆفان، بە دەستە بەهێزەکانی، بەربنایی دەریا، لە ناو جەغزی خۆیدا، جێ دەکاتەوە.

بڕوانە: وتەیەکە کە هەم بۆ ئینسانە دوورەکان دەبێ و هەم بۆ قارەمانە نزیکەکان، کە بۆ ئاڵوگۆڕ، ڕێگەی مەرگیان، هەڵبژاردووە. بڕوانە! تەرجیع بەندێکی هەرمانە، بۆ هەمووی ئەو بەردەنگانەی کە ژیانێکی سوور، بە جۆرێکی تر دەناسن، بەڵام کردەوەی شاعیر لەم ڕێگەیەدا، ڕاوکردنی ئەو ساتانە لە دیمەنی ئەوین و ئارمانخوازییە، کە بەردەنگ ناچار بە درکاندنی دەروونی دەکا.

ئەوەش بڵێین کە لەم پانتاییەدا، بیرۆکەی شاعیر، لە بەسەرهاتە گەورە و چکۆلەکان، شوێن پێی هەڵگرتووە و ئەمە، بەجوانی هەست پێدەکرێ، چونکە بیرۆکەی مێژوویی زەمانە، لەوساڵە تاریکانە، قسە و ڕووداوی زۆری بە یادگار پێیە شاملوو حاشاکردن لە ئەوین بە شێوازێکی ڕەندانە دەڵێتەوە، لەبەر ئەوەی کە غەم و تووڕەیی، دەگەڵ شانۆی گەورەترین حەماسەکانی ئینسانی، لەم کەشوهەوایەدا، زۆرترین دڵەڕاوکێی شاعیری پێک هێناوە. ئەوە بەگشتی لەڕوخساری زۆرێک لە شیعرەکانی کۆمەڵە شیعری ئیبراهیم لەئاگردا،

دەبیندرێ.

لەدایک بووی ئەوەی کە ئەویندارانە لەم خاکەدا مرد، لە ڕوانگەی بنەما دەروونییەکان و زمانی مۆسیقاییی، کەشو ڕیتمی توندی هەیە کە لەڕوانگەی بەیان کردنەوە، ڕەگوڕیشەی لە زمان و وشەگەلی کۆندا هەیە. شاملوو لەرک و پێککردنی ئەم بنەمایانە، زۆر بە کارامەیی دەچێتە پێش و ئەوەی کە بێ کەموکوڕی ئاراستەی دەکا، نیشانەی ئاگایی و ئەوینی دەرهەق بە ڕەوتی جوولە و خزینی شیعرە، بەڵام تایبەتمەندی گشتی ئەم شیعرە، لەخۆگرتنی بارودۆخی مێژوویی شیعری پاش نیمایی، شتگەلی دووپاتەیی، شتگەلی قرتێندراو، هاوئاهەنگی و بەرز نیشاندانی وشەکانە. لەلایەکی تریشەوە، کەڵک وەرگرتن لە (تەرکیباتی وەسفی و ئیزافی) بە شێوەیەکی شاعیرانە و لەبەرچاوگرتنی شوێنی دەسپێک و کۆتایی شیعرەکە.

زەین و زمان لەم شیعرەدا، ڕۆڵی ڕێنماییشی گێڕاوە و شاعیر بەسەر هەڵبڕین لە سووچێکەوە بۆ سووچێکی تر و هەروەها چەند لایەنی دیتنی بەردەنگەکانی لە هەنگاوێکەوە بۆ هەنگاوێکی نوێتر، ئەم ڕۆڵەی بینیوە.

قەڵایەکی گەورە کە تەلیسمی دەروازەکەی، کەلامی بچووکی خۆشەویستییە ئەم بابەتە هەر ئەو ئاگرە هەڵکراوەیە کە هەمووویانی بۆ تێڕوانینێکی گەورە و لەبیرنەکراو ڕادەکێشێ. شاملوو لەم گۆڕەپانەدا، بە هێنانە ژێر پرسیاری ئەم و ئەو، بەسەرهات و چەند دەنگی دیتنی ڕەوتە سیاسی- کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژگاری خۆی لە ڕاستەقینەیەکی بچووک، بەڵام ڕێکوپێک، بۆ بەرخۆدان ڕادەپەڕێ.

ئەم زەربانە کە لێکدا لێکدا، لەم لەدایک بوونە بەشکۆیەدا، دێنە ناو زەینی بەردەنگەوە، هەژێنەر و جاری واشە، ئیرەیی بزوێنە.

لەدایک بووی ئەوەی کە ئەویندارانە لەم خاکەدا مرد، شەلاقێکی هەتاهەتاییە، هەروەکو دنیایەکی دژوار، بەڵام ڕووداوی شۆڕشگێڕان دژوارتر لەمە و لەئاکامدا، گوتارێکە کە لە ستایشی خوڵقێنەرانی شۆڕشگێڕ کە لە زیندان دان، هەتا دیاردەی مرۆڤ و ئەشق ئەزموون بکەن.

لەدایک بووی ئەوەی کە ئەویندارانە لەم خاکەدا مرد، تێکەڵاوێکە لە ڕاوەستان، ڕوانین و ئەوکات کەوتنە سەر خاک بە فەرمانی گەورەی ئەوین!

**سەرچاوە**: فرهنگ توسعه شماره ٤٧.

# ئەزmoونگە

**عەبدوڵڵا سەڕاج**
**(فنلاند)**

**(٢ - ٢)**

مــــرۆڤ، هەر مــــرۆڤـــێک هەبوویەکی بایەلۆژی چەقێندراوی ناو تۆڕی کۆمەڵایەتی خۆیەتی. ئەوەش بە گوێرەی جێ و کاتی خۆی، بۆیە دەبێ ئامێتەیی، یان بەرەنگاری ئاڵوگۆڕەکانی ناو کۆمەڵەکەی بێت دەنا تەریک و دووره پەرێز دەمێنێ و بە یاخی و شێتۆکە ناوزەد دەکرێ؛ چونکە بنچینەی مرۆڤ لەسەر سێ سووچکەی: هۆش (زانست)، کار (ڕەنجدان) و ڕەوشت (هەڵسوکەوت) هەڵدەسوورێ. ئەگەر مرۆڤەکە بیەوێ بەخشندە و کارابێت. تێکەڵاوبوونەکەی جۆرە سنوور و ڕێسایەکی بۆ دێنێتە پێش، بە پێچەوانەش، دابڕانەکەی لە کۆمەڵگە هەمدیسان تووشی برێ گرفتی دەروونی و جەستەیی دەکات. لە هەردوو بارەکەدا ئەو مرۆڤە ڕووبەڕووی کێشمەکێشی جۆراوجۆر دەبێتەوە. لەم ئاستەنگەدا ئەرکی نووسەری مەوسووعی بەر لە پزیشکی دەروونی، لە ڕاوکردنی چرکە ڕاکردووەکاندا بە دەردەکەوێ لە:

(١) دەستنیشان کردنی ئەو گرفت و نەهامەتییانە.
(٢) ڕێگە دۆزینەوەی چارەسەرکردنیان.
(٣) ڕاگرتنی هاوکێشەکە لەنێوان: تاکەکەو کۆمەڵەکەیدا.

ئەگەر لە سەردەمەکانی دێرینی مرۆڤایەتیدا فەلسەفە لە لووتکەدابوو، ئەوە ئەوڕۆ زانست جێگەی پێ لەق کردووە. ئەگەر هاتو لەو فەلسەفەیەی پێشوو وردبینەوە، ئەوا بەزۆری تارای ئایینی پۆشیبوو ئەگەر نەڵێم پاڵەپەستۆی خستبووە سەر مرۆڤ و وا گوشیبووی، کە جمان و جووڵەی سڕکردبوو دوور لە هۆشکراوەیی و ڕەوتانی بەرەو عەقڵکاری. دنیای هەست پێکراوی لێکدانەوەی هۆکاری ڕوودانی ڕواڵەت و دیاردەکان، چ لە سروشتدا، چ لە خودی جەستەی مرۆڤدا لەلا سڕبووەوە.

سەقامگیربوون و سارد کوتانی ئاسنی فەلسەفە نموونەییەکان هەرگیز لە ئاست تیۆرە جۆربەجۆرەکانی زانستەکانی فیزیک خۆ ڕاناگرێ، ماتماتیک و بایەلۆژی؛ چونکە سروشتی ژیانەوەری، هەروەها سروشتی مەعریفەت بەگشتی، زایین، گەشەسەندن و هەمیشە پێشەوەچوون بووە، دەنا مێژوو سەقامگیر دەبوو. ئا ئەم تیڕوانینە ئایندەییە چاوگی جوانی و ژێدەری پرشنگدارە. دیارە ئەو چەند دێرە پێشەکییەم بۆ ئەوەیە، بیکەمە هەوێنی بەرپا بوونی ڕەخنەی زانستی کوردی و ڕێبازەکانی- ئەوە بە گوێرەی برێ شارەزاییم لە ڕەخنەی عارەبیدا، سەدان هاتنە ناوو هەزاران ڕووپەلیان ڕەش کردەوە؛ کەچی هێڵەکی ڕەخنەی ئەدەبی ناوی پرشنگداری (طه حسین، محمود أمین العالم، محمد مندور، لویس عوض، حسین مروه)

لە قـۆناغی دامـەزراندندا بۆ هێشـتـینەوە و (د. صـلاح فضل، فؤاد زکریا، د. جابر عصفور) لە نەوەی نوێدا.

سەرەڕای ئاشکرایی تیۆر و ڕێبازەکانیان، ئەوە هەرگیز لە ڕەخنەدا گەیشتنە کەماڵ و ترۆپک نییە؛ چونکە وەکو زانست لە گۆڕان و خـەمـلاندایە بەو واتایـەی" یەکـتـری ناسڕنەوە چ لە ڕووی زەمەنییاندا بووبێت، چ لە مەنهەج و ڕێبـازیاندا، ئەڵبـەتە ڕەخنەی ئەورۆ، تێـپـەڕاندنی ڕەخنەی دوێنێیـە و ڕەخنەی داهاتووش دەقاودەق فـۆتۆی ڕەخنەی ئێـسـتـایی نابێت. هەر بەو دەسـتـوورە چۆن تیـۆرەکـانی زانست بە گـوێرەی سـەردەم لە گـۆڕاندانە و یاسـای نوێی بۆ دادەنرێ، ئەدەب و هونەریش هەمـان یاسای بەسەردا دەسەپێ؛ بەڵام ڕەخنە- وەکو دیاردەیەکی بابەتی کـۆمـەڵایەتی- ئەو فـەلسـەفـەیە دەگرێتـەوە، کە ڕەخنەگر پەیڕەو و پراکتیزەی دەکات. هەر بەو گوێرەیەش (ڕێباز) سستمی زاراوەکانی دەگرێتەوە لەتەک ئامرازی لێکۆڵینەوە و هۆشـمـەندی و ئاگـایی کـەسی ڕەخنەگر بۆ قووڵبوونەوە لە زمانی تێکستـەکە، بۆ دۆزینەوەی کلیلی «CODE» ئامـاژە جـوانکاریـیـەکـان- ئاراسـتــە ڕۆشنبیـرییەکانی. ئەگەر بێتو بەتاکە زاراوەیەک ڕەخنە لەناو جـووت کـەوانەیەکـدا جێ بکەمـەوە، ئەوە دەبێـتـە (نرخاندن)ی بەرهەم لە گوتاری ڕۆشنبیریدا.

وێناکـردنی هونەری مـرۆڤ لە ئەدەبدا، دەبێ لـەو سێ سووچکەیەوە سەر هەڵبدات، کە بوونایەتی ئەو زیندەوەرە دەکاتە مرۆیەکی هۆشمەند (هۆمۆساپینز).

سـووچکەی یەکەم: هۆشی مـرۆڤەکـە بە تێکەڵاوبوونی لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی، لەگەڵ ژینگەدا و لەگەڵ شتەکاندا گـەشـە دەکـات، لە غـەریزەی ئاژەڵبـوونی ناو جـەنگەڵ دەیپارێزێت.

سووچکەی دووەم: سۆز بە هەموو جۆرەکانییەوە کە لە ئاکـامی ئەو تێکەڵاو بوونەی پێـشـوو دێتـەدی وەکـو: خۆشەویسـتی، ئیـرەیی، شەرمنی، تووڕەیی، ترس و... تاد، ئەڵبـەتە بۆ ئەوەی (هۆش) جڵـەوی (سـۆز)ەکـانی لەش بگرێ و لغـاوی بکات، پێـداویسـتی بە ڕێسـاو کــارگــەلێکە، بە (ڕەوشـــتکاری) ناوی دەبەم و بە سووچکەی سێیەمی دادەنێم. دیارە بە یارمەتی (هۆش) و بەهاوکاری (سۆ) مرۆڤ متمـانەو هاوکێشەیی ڕەوشتی ڕادەگرێ، لەلادان و سەنگران دەیپارێزێت. بەبێ ئەوەش، ژیانی ئەو مــرۆڤــە دۆزەخی دەبێ و دەروونی وێران و هەراسان.

دەراندنی ڕەفــتــاری مــرۆڤ بە گــوێرەی ئەو سێ ســـووچکەیە، دۆزینەوەی ڕێگەچارە لە ئەســـتـــۆی دەربڕینەکـانی نووسـراو، بیـسـتـراو و بینراوە، جـاویدی مـرۆڤـیش لەوەدایە، چەندە زاڵە بەسـەر غـەریزە نزمـە دڕندەییـەکـانی ناخـیـدا، لە قـۆڵێکی دیکەوە، چەندە پارێزگـاری لە مـرۆڤـە براکـانی خـۆی کـردووە دژ بە چەوسـاندنەوە و قـڕکـردن، یان پێـشـێلکردنی مـافـە ڕەواکـانیـان. ئەمە ئەرکێکە، بە مرۆڤدۆستی و کرۆکی جوانکاری تێدەگەم.

ئەدەب- بەشێوەیەکی گشـتی- ڕەنگدانەوەی گـیـانی نیشتیـمانە لەسەر کاغەز، بۆیە پاراستن و داکۆکی کردن لێی، دەچێتە ناو بازنەی وڵاتپەروەرییەوە، ئەگەرچی لە ڕەوتی گـشـتـیـدا وادیارە جیـهـان بەرەو (یەک گـوندی) هەنگاو دەنێت؛ وەلێ هەرگیز ئەوە ناگەیەنێ، کە ئێمەی کـوردی خـاوەند کـەلەپوور و بوونی خـۆمـان لەو گـوژمـەدا بتوێینەوە و کەسێتی ڕۆشنبیریمان لە دەست بدەین گوایە لە پێشوازی داهاتوودا. (کراوە)ین ئەمە سەرەڕای ئەوەی «گـلـۆبالیـزەیشن»ە کـە سیـپـاڵ و کـاڵای ئیـمـپـریالیـزمـە کۆنەکەی سەدەکانی پێشووی پۆشیوە.

لە بواری ئەدەبدا ئەو بۆچوونە ڕاسـتــە. پاراسـتـنی گـەنجینەی خـۆمـاڵیـمان لە تەوژمی شەپۆلی ڕۆژئاوایی، گوایە بە گوێرەی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژییـان لە کاروباری ڕۆشنبـیـری- بەتایبـەتی لە هونەرو ئەدەبدا- بەهەمـان شــێـــوەیە! ئەو لێکدانەوەیە نارەوایە، بە نموونە: لە ئەفــریقــیــاو باشــووری ئەمــریکاو ڕۆژهەڵاتی دوور هاوکێشەکە لنگەوقووچ دەکاتەوە.

ئەدەبی پەسند ئەوەیە، کـە هەست و سـەرسـامی لەلای خوێنەر بـزوێنێ و بە ئەزموونێکی بابەتیـدا بڕوات پڕ لە بەهای مـرۆڤـایەتی، ئەمـەشـە بە دوو خـاڵی پەیوەست بەیەک و تەواوکەری یەکدی دێتە دی:

(١) هاوبەندی بە مەرجەکانی کۆمەڵایەتی، ڕامیاری و چینایەتی نووسەر، کە ناسنامەی ڕەنگرێژ دەکات.

(٢) هاوبەندی بەو دەقانەی نووسەر دەیاننووسێت، لە توێیـانـدا چالاکی ئەدەبی، هونەری، هزری و مـێـژوویی خۆی بەرجەستە دەکات.

لە تێـهـەڵکێـشی ئەو دوو هاوبەندییـەی سـەرەوەدا، پێوەندی توند، یان شاشی نێوان ئافریدەکار و وەرگرەکەی

دەردەکەوێت. شایانی ئەوەیە کورتە ئاماژەیەک بەو ئەرکە ولاتپەروەرییەی نووسەر بدەم، هەرچەندەش زۆر بە کورتی لە دۆخ و کاتە جیاجیاکاندا بێت. لەسەردەمی (سەدام) و ڕژێمەکەیدا، خەبات لە پێناو پاراستنی زمانی کوردیدا ناسنامەمان بوو دژ بە سڕینەوەی فاشیستیبیانە. لەپاش ڕاپەڕیندا، تێکۆشان بۆ دیموکراسی و مافەکانی دیکەی مەدەنی «CIVIL»بوو دژ بە کۆنەخوازی و گەندەڵی.

ئەڵبەتە قۆناغی دوای ئەوەش، کۆششە بۆ چەسپاندنی ڕەگوڕیشەی جوانی و هونەری بەرهەمەکانمان لە ڕووی هەرزە گۆیی و شێواندن و دزێوی.

کەسانی وا هەن، ڕۆمان بە کەشکۆڵ تێدەگەن. گوایە وەڵامی سەرپاکی پرسیارەکانی تێدا چنگ بکەوێت. مەرهەمی زامەکانی کۆمەڵی تێدا بێت، هەروەسا چوون شەترەنج و خشتەی وشە یەکتربڕەکان پڕ بێت لە گەمەو چێژ و ڕابواردنی کات بردنە سەر، یان دەخوازێ هەوێن و کــرۆکی ئەو هونەرە بانگەشــە بێت بۆ هزر و باوەڕ و لایەنێکی تایبەتی. ئەوانەو زۆری دی وەنەبێ ڕاستییان بەلاوە نەبێت و نەچنە کرۆکی ڕۆمانەوە؛ بەڵام پێشەکی خوێنەری کارامە:

(١) ڕۆمان، بەکارێکی هونەری بزانێت، لە داهێنانی قەڵەمە.

(٢) ژینگەیەکی ڕووپەلی کاغەزەو هاوشان لەگەڵ تەواوبوونی لاپەڕەکاندا، سەروبەندەکانیش دەپێچرێنەوە هەتاکو خوێندنەوەیەکی دی.

(٣) پێوەندی خوێنەر و ئافریدەکار- لە جیاوازی شێوەکانیدا- هێشتا گرێچن و دژوارە؛ چونکە لە پرۆسەی نووسیندا، خودی ئافریدەکار دەستێکی باڵا دەنوێنێ لە تاقیگەی جوانسازی خوازەو سیمبۆلاندن و گەمەی زماندا بۆ ئەوەی گیانی خۆی قایل بکات بەدەر لە ویستی دەرەکی و بازاڕی.

ئا لێرەدا، ئاستەنگەکە دێتە ناو، گوایە تەمومژ، یان دژوارییەک کەوتۆتە نێوان: چێژ وەرگرتنەکەو... پەیوەستە ڕاستەوخۆییەکەو شلوشاوی کردووە، ئەگەر نەپسابێت! خۆ ناشبێ بۆ دابینکردنی ئەو مەبەستە کاتییە، ئافریدەکار واز لە ئێستێتیکای بێنێ! چارە هەر ئەوەیە، خوێنەر ماندوو ببێ و خۆی ڕۆشنبیر بکات بۆ ئەوەی ببێتە کارەکتەری پرۆسەکە، ئەمەش شیاوە و بەڵگەی لە دەقی ئەدەبماندا، بە شیعر و چیرۆک و ڕۆمانیشەوە هەیە، بەتایبەتی نەوەی حەفتاکان، هەشتاکان و لە پاش ڕاپەڕین بەولاوە، لە قووڵکردنەوەی خوێندنەکانیاندا هەماهەنگی خۆیان و نووسەرانیان چڕوتۆکمە و بەگیانیتر کردووە.

کەسێتی ناو ڕۆمان وەکو گوتم کەسێکی هونەری سەر کاغەزە، نووسەر بە خوێنەری دەناسێنێ، دەشێ نزیکبوونەوەی لە کەسێکی واقیعی هەبێت، یان لە نووسەر خۆی بکات؛ وەلێ ناچێتە ڕیز پێوانەی کەسی ژیاوی بایەلۆژییەوە، لێرەدا کەسێتی ڕۆمانەکانم بە نموونە دەهێنمەوە: لە ڕۆمانی «هەڵکشان بەرەو لووتکە»دا تۆفیقی قالە هەرزانی و مامۆستا سالار و سۆفی محێدین لە ڕۆژگاری ئاراپخا (کەرکووک)دا، نەبوونە و برشتی قەڵەمەکەمن، هەروەها لە ڕۆمانی (کاولاش)دا هیواو چیمەن و ئەوانی دی لە دروستکراوەی بەندەن.

لە کورتە ڕۆمانی (سۆناتای ڕۆح)داو لە ڕۆمانی «کۆچڕەو.. کۆچڕەو»دا، پاشان لە ڕۆمانی «ئەژدەر»دا، عەبداڵ و میرزا، هەروەها «هەڵۆ» لە ڕۆمانی «ونگە» و هەڵۆی کاکۆڵ چەرمو لە ڕۆمانی «پەرتەوازەی ئێرەو ئەوێکانی ڕەوان» و ئارام و سارا لە ڕۆمانی «ناوێ لەم تێکستە بنێ» و دواجار چواربنەی: ئایندە/ بوێر/ بڕیار/ ژیار لە ڕۆمانی نوێمدا «سلێکووک هۆکلێر» کەسێتی هونەرین و تەنیا لەو دەقانەدا ژیان دەگوزەرێنن، دەشێ تەمەنیان لە تەمەنی بەندە درێژتر بن. ئەز وەکو زۆرینەی نووسەران نایەژم: گشت چیرۆک و ڕۆمانەکانم جگەرگۆشەمن و هیچیان لە هیچیان جیاوازتر نابینم.

نەخێر؛ بەڵکو لە ئەفراندنی هەر بەرهەمێکدا وامزانیوە نوێیەکەیان کاملتر و هونەریترە لەوانەی پێشوو؛ کەچی هەرگیزا و هەرگیز سەداسەد لە هیچیان قایل نەبوومە. هەمیشە نیگام بڕیوەتە دەقێکی وا کە خەملیوی سیمفۆنیای ڕەنگ و زایەڵە بێت. ئامێتەی هەژانی پەڕەمووچ، پەیژەی مۆسیقا، جووڵەی شانۆ و باڵێ جوان و ساکار و پڕ واتا لە چەشنی چاوی کانی، ڕنووی بەفر، قەڵبەزی ئاو و قووڵایی زەریا.. داخەکەم بەو ئاواتە نەگەیشتووم، کەوا وشەکانم ڕەنگاڵەو برگەکانم سمۆرە جووڵەبن. ڕستەکانم پەپوولەفڕ و ئاهەنگێڕ؛ لێ داوی تەمەن هەندەی بە دەمەوە نەماوە، ئەوەشی مابێتەوە زۆر زۆرکورتترە لەوەی ببێتە تەربیی ئەو بەشەی چوو؛ کەچی خۆشحاڵ و کەیفسازیشم بەوەی، بۆ نووسینی چەند سەد

لاپەڕەیەک هەندەی مووی لەشم پەڕەم خوێندووەتەوە.
هونەرو ئەدەب، چ نرخێکیان هەیە ئەگەر گیانی نیشتمانیان تێدا نەبوو! مخابن.. دەشێ تاکو تەمەنی لێواری گۆڕیش ئاواتی ژوورەوەم بۆ نەسازێ! ئای.. تەمەن چەند کورتە بۆ لە چێوەگرتنی پەیکەرە بەژنی جوانکاری و گەیشتنە نێرڤانای ڕەوان.
ئەزموونگەری، هەرگیز دابڕان نییە لە ڕابردوو، لە کەلەپووری نەتەوایەتیمان، دیارە نیازم لە کاکڵی ئەو پێشینە بەفەرەیە کە دەشێ بکرێتە پایەو کۆڵەکەی دامەزراندنی هەیکەلی ئێستایی و داهاتووشمان. ئەدەبێک بەدی ناکەم، یان هونەرێک لە خۆیەوە لەو گۆڕەدا، بەبێ ڕەگ و ڕیشاڵ هەڵتۆقابێت! بە نموونە: شیعری ئەورۆ بنجی خۆی لە زەوینەی لووتکەکانی وەکی: خانی، نالی، مەحوی، گۆران و کێ و کێدا داکوتاوە، چیرۆکی نۆژەمان درێژە پێدانی داستان، ئەفسانە، حەیران، لاوک و پەندی پێشینانمانە، ئەڵبەتە بە کەڵک وەرگرتن لە تەکنیکی ڕۆژئاوایی، هەروەسا ستران و ئاوازمان پێبەندی سەرجەمی مەقام و هەواو بەستەی دێرینمانە، شێوەکاریش ڕەگی لە نەقشی دیوار و کێلەگۆڕەکاندا، لە وردەکاری مینای سندووق و کیفی خەنجەردا دەدۆزینەوە. خودی زاراوەی «ئەزموونگەری» بە واتای: تێکۆشانی هونەرمەند و نووسەر و شاعیرانە لە پێناوی (نوێ)دا و هەم بۆ شڵەقاندنی سەقامگیری و قەتیسماوی ڕێبازەکانی ئەو کارە جوانانە بۆ گۆڕینی: ئامانج و ئامرازەکانیشی بۆ ئەوەی بگونجێ و هاوشان لەگەڵ ڕەوڕەوەی سەردەمدا بڕەوتی، ئەمەش کارێکی بابەتی و زانستییانەیە، کە یاسای بەرەو پێشەوە چوون و مێژوو دەیخوازێ.
ئەز، هەرگیز فۆلکلۆرێک بە پیرۆز نازانم، کە گەشەپێکردنی نەنگ و حەرام بێت؛ چونکە ئەو فۆلکلۆرەی- وەکو تۆمارکراوە- نەوەی نوێ دەکارێت بۆ دامەزراندنی لە کارە نۆژەنەکانیدا لە لایەک و سرووش لە ئەزموونی گەلانی دی وەربگرێ، لەلایەکی ترەوە بۆ ئەوەی (شتێک/ خشتێک) بخاتە سەر ئاگایی خوێنەر و بیسەر و هەم چێژی ڕەخنەی لەلا ببزوێنێ. بەم کاری نوێکردنەوەیە، فولکلۆرەکە، یەکەم: لە دووپاتبوونەوە دەپارێزێ، دووەم: شکۆی هونەرییان جێگیر دەکات، بۆیە سوورم لەسەر ئەزموونگەری، کە دژ بە کولتوورو ناسنامەکەمان نییە؛ بەڵکو بەواتایەکی ڕۆشنتر: ئاڵشتکردنی زمانی مشەخۆری بە مەنتق و ئەقڵی وتوویژکاری بزوێنەر.
ئەدەب، نەک ژێدەر و چاوگێکی ناوازەیە لەو ژێدەرانەی کە هەر کۆمەڵێکی لێوە دەخوێنینەوە؛ بەڵکو تۆمارێکی مەعریفی باوەڕپێکراویشە بۆ زانینی پێکهاتەی کۆمەڵان و نەشونماکردنی بیروهۆشیان، هەست و بنهەستیان، کەوا بە ڕوونی لە چاوگی دیکەی وەکو سیاسی، فەلسەفی و... تاد نادەرێت؛ چونکی ئەدەب لە ڕوانگەی خۆیەوە چاودێری گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی، شارستانی و ڕۆشنبیرییەکان دەکات و تیشکی بۆ دەهاوێژێ و لە توێیدا ناخی کۆمەڵ و کۆمەڵگە، هەروەها باری دەروونی مرۆڤەکانی بە چاکی و زانستییانە بەدی دەکەین، بۆیەش لێکۆڵەران توێژینەوە لەبارەی ناواخنەکانییەوە دەکەن بۆ گەیشتنە هۆکاری بنەڕەتی قۆناغە جوداکانی پەرەسەندنی هاریکاری کەسانی کۆمەڵگەکە و لەوەپاش شوێنەوارەکانی لە ئێستاو لە دوارۆژیدا.
ڕۆمان، لە ژانرەکانی دی ئەدەبی پتر دەبێتە پانۆرامای بەرین لەبەرچاوی کارمەندانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕامیاری و ڕۆشنبیری و پێکهاتەی کۆمەڵگەکە پێک دێنێ. هۆشیاری نەتەوایەتی لە ئەدەب و لە هونەریشدا، ڕۆڵی تێڕوانینی ڕەخنەکاری ڕاستکەرەوە دەبینێ لە لادانی کاروباری کۆمەڵ لە ڕەوتە شارستانییەکەی. بەم پێیەش (ڕۆشنبیری) لە بەرەو پێشەوەبردنی نەتەوەدا هەڵوێستی ئەرێیی دەنوێنێ.
نەک لە کوردستاندا، بگرە لە دەوروبەر و لە جیهانیشدا لە بەرەو پێشەوە بردنی نەتەوەدا نەک لە کوردستاندا ڕۆڵی ئەرێیی دەنوێنێ، بگرە لە دەوروبەر و لە گێشتیشدا ڕۆڵی نەرێیی ڕۆژنامەوانی و پروپاگەندە لە تەک پاڵەپەستۆی دەستەڵاتی تەنگبین، ئاشکراو دیار و کاریگەرە لە دروستکردنی ناوونازناوی ئەدەبی و هونەری و زاڵکردنیان بەسەر ئافریدەرانی دیدا. ئەمەش هەرگیز ئەوە نابەخشێ گوایە ئەوانەی سێبەر و دوور لە گورزەتیشکی میدیاکان، بەرهەمیان ئەدەبیتر، هونەریتر و شاکارتر نەبێت لە بەرهەمی ناوپڤدراوەکان.
جێگەو پایەی کەسێتی میدیاییش- سەرنووسەران، سەرۆک دەزگاو هێن و مینەکان- دەچنە پاڵ هۆردوو

هۆكـاری پێـشـوو لە پۆلیـشـكردنی ناوەكـان؛ لێ ئەوە دیاردەیەكی كـاتی نارِەوایە، لەگـەڵ هاتنە كـایەی رەخنەی دوور لە بەرژەوەند و ئاشنایی و مـوجـامـەلە، لە پاش پەیدابوونی خـوێنەری چاكی گـوێنەدەری ناوو ناتۆرە و پایەوسایە، ئەوسا مانگی تابانی راستی دەدرەوشێتەوە.

رستە چرووك و فریودەرەكان شەرمەزار و رێسوا دەبن! ئەگـەرچی مـاوەیەك دوای بخـەن. تەنانەت لەو دیاردە نالەبارەی كـە پەنجەنومام بۆ كـرد، شارچێتـیـشی تێدا رەنگ دەداتەوە. وەلێ ئەوەی بەرهەمی بەپێز و گەییو لە هی كاڵ و شاش جیا بكاتەوە، دەقێكە:

(١) تاموچێژ ببەخشێتە هۆش و هەستەكانی خوێنەر.

(٢) بە سـرووشـانێكی هونەری و مـرۆڤـایەتی نووسرابێت نەك بە تشتی دیكەی دەرەكی.

شایستەی خۆیەتی لێرەدا پەنجە لەسەر چەند خاڵێكی فرەبایەخدار دابنێم لەوانە:

**یەكەم**: هۆكاری سیاسی لە پەرتكردنی نیشتیمان و دابرِانمان لە یەكدی.

**دووەم**: فرەبوونی شێوەزارەكان لەو كەرتانەی زێدماندا.

**سێیەم**: كوردستان مولْگەی چەندین ئایین و ئایینزایە، لە سوننەو شیـعـەی ئیـسـلامەوە بۆ دیان و ئێـزدایاتی و زەردەشتی، لە شەبەك و كاكـەییەوە بۆ عـەلوی و ئەهلی حەق و... تاد.

هۆكاری دیش هەن، كە بە گوێرەی قۆناغی مێژووییان بوونەتە ئەگەری دروستبوونی برێ سەنگ و پێوانەی جودا جـودا لە ناسـاندنی خـودی دەقـە پیـرۆزەكـان و هەم نرخـاندنیـان، ئاخر خـوێندنەوەی چاك و كـارشـوناسـانە، مەلەكـردن نییە لە تەنكاودا، بەڵكو چەند جـار ژیاندن و نووسـینەوەی دەقـە. لە دیوێكی ترەوە، پێك هێنانی ئاگایی ئەدەبی و زاخاودانی لایەنی هونەری دەقەكەیە... چێژ وەرگرتنی خوێنەرەكەیە لە جوانی و هەڵشاخانی لە چێژگەی ئەفراندندا.

باس لە جـێگە و جـۆرەكـانی ناكـەم. لە نووسـینی لە مـەوبەرمـدا بە وردی لەسـەری وەسـتـاوم (بروانە: بەرەو ئاستـانەی رۆمان و... گۆشە نیگاكان) لێرەدا دەمەوێ رووناكی بهاوێمە سەر پێوەندی جێگە بە ئازادییەوە، چ وەك مولْكی تاك، چ وەك كۆنشینگەی ئەو و تۆ و من. دیارە ئـازادی وەكـو پێناسـەیەكی بەرایی، سـەربەسـتی جـوولانەوە دەبەخـشێ لە نێـوان مـرۆڤ و كـەسـانی خولگەكەیدا، هەتاكو لەو پێوەندییە جەدەلییەوە دەگاتە چێـوەكـانی: گـەرەك، شـاران و كـەونی بەرین. دیارە ئازادیش لە چەمكە گـشـتـیـیـەكـەیدا، كـۆی ئەو كـردارە مرۆڤـانەیەیە بەبێ ئەوەی لە نێوانیاندا تووشی كۆسپ و بەرەنگاری یەكدی بن. لەمەوە دەبینین كـە «جـێگە» لە تایبـەتیـیـەوە بۆ گـشـتی و لە تەنگیـیـەوە بۆ بەرینایەتی دەكشێت. ئا لێرەشدا، ئازادی كەسێتی بەرجەستە دەبێت لە گـۆرِین و دەسـتـكاری كـردنی ئەو جـێگەیە، یان جێـهێشـتنی بۆ ئارامگەیەكی دڵاراتر. زۆرانبـازی مرۆڤ لەگـەڵ جێگەی نائاسـایی و هێـرشـبـەردا «بوومـەلەرزە- لافـاو- گركان- بیابان» وەكو بەرەنگاریبوونی تاك، یان بە كـۆمـەكی لە رووی زیندان و خـەبات بۆ وەدی هێنانی ئازادی، رەنجـــدان لە رووی تـۆفـــان و زەوی لەرزەو تەشـەنەكـردنی لمی بێـروون، مـەودای ئازادییـەكـە والاتر دەبێتەوە روو لە «رزگاری».

لە هەموو ئەو جێگایانەی ئاماژەم بۆ كردن، مەبەستم لە جـێگەی ناو دەقـە كـە نووسـەر بنیـادی نابێت، ئەوە بە جـێگەی (هونەری) ناوی دەبەم ئەگـەرچی لە واقـیـعی ماتریالێدا هەبێت، یان نا، گرنگ بوونە جوانەكەیەتی لە ئەتلـەسی دەقـەكـەدا لەلایەك، گـونجـان و دەسـتـمـلانێی لەگـەڵ كـاتە جـوداكـاندا لە لایەكـەی ترەوە، كـە هەرگـیـز دابرِانی فیـزیكیـیان بۆ نییـە. دەشبێ ئاماژە بۆ جووتێك چەمكی هەرە گـرنگ بكەم لە پێـوەندی ئەرێ و نەرێی كەسێتی بە جێگەوە، لە دۆخی ئەرێدا كەسەكە، یان بە گـەلەكی رووبەرووی كـارەسـاتەكـان دەبنەوە و چەمكی ئازادییـەكـە بۆ رزگـاری تەشـەنە دەكـەن. بە پێـچەوانەش كەسەكە، یان گشتیـان ناچاری زاینگە جێهێشتن كران، ئەوە لە تاراوگـەدا، چەمكی «نامـۆیی» دێتـە ئاراوە هەرچەندەش:

(١) سەبارەت بە كەشوهەوای جێگە نوێیەكە، هەست بە ئازادییەكی رێژەییش بكەن.

(٢) خۆشـەویسـتی جێگە (زێد) لە ناخـدا تا رادەی گرگـرتن پەرەدەسـتێنێ و نموونە باڵای بێ هاوتا دروست دەكـات، واتا: بەهەشـتـێكی «نزیك» لە بری دۆزەخـە «دوورە»كە پەسند دەكەن و لە ناخگۆییەكی هەمیشەییدا رۆژگار بەسەر دەبەن.

زمان، ئامرازێكی سەرەكی پێوەندی كاریگەرە لە نێوان خولگە و خۆیەتیدا، بە واتایەكی بەرینتر، لە نێوان تاك

و کۆمەڵەکەیدا و چۆنیەتی بیرکردنەوەیان بەو زمانە. دیارە هەر زمانێک لە کارا کردنی واقیعی کۆمەڵایەتی ئەو تاکانەی پێی دەپەیڤن، ڕۆڵی هەیە بۆ یارمەتیدانیان لە پێشەوەچووندا، بۆیە یادەوەری و گیانی نەتەوەیی تێدا ڕەنگ دەداتەوە و دەبێتە ناسنامەی تاکی و کۆیی دەروونی نەتەوەکەش. ڕێکخراوەی (منظومة) زمان لە نەتەوەیەک بۆ نەتەوەیەکی دی، جیاوازی دەبێ، هەرچەندەش لە سیمای گشتیدا، بە پلەی یەکەم ئەرکی پێوەندی لە پاڵ هەڵخستنی بیرو بۆچوون، هەست و ئارەزووی ئەو کۆ مرۆڤانە دەگێڕێ. سەرەکی بوونی ئامرازی زمان لەبەر ئەوەیە، کە کەناڵی دیکەی پێوەندی لە نێوان مرۆڤاندا هەیە وەکو: بەکارهێنانی جووڵەی لەش «چاو- برۆ- لێو- دەست- گرژی ماسوولکە و ڕوخسار... تاد»، یان بەکارهێنانی شتومەک «ئاوێنە، ئاگر، ڕەنگ، دووکەڵ، تەپڵ، کەوڵ... تاد». سەرەڕای ئەوانەو هی تریش، زمان هێشتا بە گرنگترین ئامرازی پێوەندی دەنگی مرۆڤایەتی دەمێنێتەوە، لە دارشتنی واقیعی بینراو لەشێوەی خوازەیی و ڕەمزیشدا. هەر ئەمەشە، وای بۆ خەڵکانێک سازاند پسپۆڕ بن لە بەستنەوەی تاک بە کۆمەڵەوە و فراوانتر بچنە کرۆکی زمانەوە تا ئەو ڕادەیەی بگوترێ: «زمان، باڵا ڕوانێکە کۆ باوەڕی کۆمەڵی تێدا ڕەنگ دەداتەوە، یان دروستکەری ئەو باوەڕەیە.» گەرەگمە لێرەدا بیدرکێنم مرۆڤ بەندو وابەستەی ڕێکخراوە زمانییەکەیەتی «وشە/ دەستەواژە/ ڕستە/ زاراوەکان» ئیتر بۆی ناشێت بەولاوەتر بهەژێ، مەگەر هانا بۆ زمانانی دی جوانکاری ببات «مۆسیقا/ ڕەنگ/ هێڵ/ بێ دەنگی/ جووڵە» کە بەلامەوە ئەوانە ڕاپەڕینن لە رووی زمانە پیتچنەکەی ڕێزمان و فەرهەنگ «قاموس» و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پێشبڕکێی تەکنۆلۆژیدا کورت دێن بەوەی سەدان وشە پاشەکشە دەکەنە ناو وشە دانەکانەوە، سەدان شتی دیکەش چاوەنۆڕی ناولێنانن.

زمان، لە دەرەوەی کات (مێژوو) و لە دەرەوەی شوێندا (جوگرافیا) بوونی نییە، ئەمە یەکەم، دووەم وشەکە پێک هێنەری زمانەکەیە، دینامیکی واتای نوێ و چەمکی بەر بڵاوتر، بە گوێرەی ئەو کات و شوێنە، لە وشەی ئەم دیو و ئەو دیوی خۆی کەڵکمەند دەبێت. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر دانمان بە «دارێژراوەیی هزری» زماندا نا، ئەوسا دەبێ لایەک لە دارێژراوەی هزرەکانی دیکەی مرۆڤایەتی بکەینەوە وەکو: هزری هونەری، هزری ئەفسانەیی، هزری ئایینی و هزری زانستی... تاد؛ چونکە هەریەک لەو زمانە- هزرانە، جۆری بیرکردنەوەو تێڕوانینی خۆی لەمەڕ جیهانەوە جودایەو هەم جیاوازییان لەشێوەی بیرکردنەوەکە و چاکی و ڕەوتاریان هەیە. کەوابوو جیهانی دەرەوە، کۆی هەرە زۆری، دەنگ و ڕەنگ و هێڵ و قەوارەیە و بەسەرجەمی هەستەکانمان دەیانقۆزینەوە. پاشان لە فیلتەری مێشکەوە دەیاندەرێنین.

دەگونجێ زۆر بە کورتی لە بارەی نەشونماکردنی زمانەکەمان لەتەک تەکنۆلۆژیادا باس بکەم. کێشەکە وەکو بنەمایەک لە خودی زماندا نییە، لەبەر ئەوەی زمانانی دنیاش بەم قۆناغەی ئێستاماندا تێپەڕیون، وەلێ پەیڤەرانی زمانە پێشکەوتووەکان هەر لە سەرەتاوە خەمخۆری بوونە. زمانی کوردی وەکو چیایەکی خۆڕاگری هەزاران ساڵە بەرانبەر بە لێشاوی ڕامالینەکانی، بە نموونە بەراورد لەگەڵ زمانی عارەبی- کە قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر و کولتوورێکی زۆری شیعر و پەخشانی نووسراو بوونەتە کۆڵەکەی- نا ئامادە و موقەسیر نییە. ئەرێ پێم نالێن: زمانە شیرینەکەمان چۆنەکی ببێتە زمانی هونەر و فەلسەفە و زانست ئەگەر پەیڤەرانی خاو و کەمتەرخەم و ناکارا بوون؟! چۆن بەو پایە شکۆدارانە دەگات ئەگەر زۆرینەی کۆمەڵی کوردەواری بێ کار و سەرکوتکراو و بێ سەواد بن؟

نرخ و بەهای زمانەکەمان تەنیا لە وشەکانیدا نییە- کە هەڵگری سیماکانی کۆچبەری، وەرزێری و دەرەبەگایەتییە- بەڵکو ئەرکی مرۆڤی کوردە لەبەرهەمهێنانی وشەی نوێ، مومارەسەی زمانی سەدەو بەکارهێنانی لەگشت بوارەکانی ژیاندا (هونەر، زانست، ئابووری، فەلسەفە و.. تاد) مەگەر ئەوسا ببینە خاوەندی شوناسنامەی نەتەوەییمان وەکو زانای کۆمەڵایەتی (ئەریکسۆن) ئاوها باس لە شوناسنامەکە دەکات «هەستێکی ئاگاییانەی تاکەو جەختی نائاگاییەتی بەرانبەر بەکۆ و هیواکانی.»

ئەم کارە مەزن و چارەنووسسازەش بە تەنیا لە ئەستۆی تاکدا نییە وەکو داهێنەرێک. ئەوە ئەرکی دامەزراوەی کۆییە، بە نموونە: کۆڕی زانیاری، زانکۆکان و... تاد.

«سیروان، لێشت نەدەم هەر دەمبەی!» پەندی خۆمان گوتەنی، ئەوە لە نەبوون و غیابی کردارەکی ئەو دامەزراوانە، کەسانێک هەن وەک تاکێکی کارا بۆ ئەرکەکانی زمان و زانستەکانی خۆیان تەرخان کردووەو لێکدا لێکدا زاراوە دادەتاشن. هەر چۆنێک بێت چاکترە لە بێ دەنگی و زمان درەختە. بوونەوەرە، نەشونما دەکات، کز و پەرپووت دەبێت ئەگەر نەمرێت، بە ئەزموون و بەکارهێنانی وشیارانە گەشە دەکات، پەلوپۆ دەهاوێ. دیارە بژێوی ئەم پەرەسەندنەی: (١) لە کار بۆ کردنی. (٢) لە خوێندنەوەیدایە.

ئایا ڕاستە مرۆڤ «پرۆژەیەکی ناتەواوە. بە مەرگی خۆی، پرۆژەکەی کامڵ و تەواو دەکات» بە گوێرەی بۆچوونی وجودییەکان. ئایا جەوهەری مرۆڤ هەر هەندەیە، بە ناتەواوی لە دایک بێت و بە مەرگی، پرۆژەکەی بگەیەنێتە کۆتایی.

وەچ لە دوای وەچ هەتا دەسپێکی سەدەی بیست و یەکەم چەق و تیشکۆی «FOCUS» ئەدەب مرۆڤ بووە، هەروەهاش دەمێنێ. هەمیشە ئەو مرۆڤە لە هەنگاوەکانی بەرەو پێشەوە، پرسیاری لە «دوارۆژ»ی کردووە. ئەوجا پرسیاری سەرەکی لێرەدا، ئایا مرۆڤەکە، لەو قۆناغەیدا دەگاتە ئارامگەی بەختەوەری، کە تواناکانی ماتریاڵی و تەکنۆلۆژی گەیشتۆتە تلۆفک و ئەستێرەکەمان بۆتە گوندی ڕازاوەی بێ مانەند، یان برسێتی و هەژاری و نەخۆشی و نەزانین پتر لە دووبەشی ئەستێرەکەی تەنیوە. سەرنجێک لەو هەڵشاخانەی زانست و تەکنۆلۆژیا بدە بەراورد لەگەڵ نزمی و ڕۆچوونی هەمیشەیی باری گوزەرانی کولەمەرگی و دابین نەکردنی چارەیەک بۆ بەدخۆراکی، جلوبەرگ، تەندروستی و نەخوێندەواری.

ئاخر پتر لە نیوەی هاوژیانەکانمان لە جیهانێ ژێر هێڵی قاتوقڕی و لە دەست ئاکامەکانی دەناڵێنن. وەنەبێ ئەو ڕێژەیە لەنگەر گرتوو بێت، نەخێر.. هەتا دێت نێوانەکەیان دەترازێ، داراو هەبووان دەوڵەمەندتر و سوودمەنتر، نەداراو هەژاران، دەردەدار و هەژارتر دەبن! ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، ئێش و ئازار و کوێرەوەری نوێ دەبنەوە! ئارەقەی مرۆڤی پیرۆز دەتکێ و خوێنی دەڕژێ ئەو کاتانەی، کە زۆرداری، نایەکسانی دەبنە قەلەڕەشکەی ڕمۆزن و سێبەری تۆقێنەریان دەخەنە سەر زەوییە سەوزەکەمان و ئامێری مەرگچێنییان ڕوو لە سنگی گەلان. ئەم ئەکامەش ترسناک و ڕەوانکوژی ئەوتۆیە وشە نەیگاتێ! ئەوڕۆ لە سایەی سیستمی بە جیهانیکردنی تاکلایەندا، چەمکی خودی هەژارییەکە لە ناوچەو دەوڵەتە تازە ڕسکاوەکاندا گۆڕانی بەسەردا هاتووە. پێشوو کەسێک، خێزانێک بە هەژار پۆلین دەکرا ئەگەر بژێو و پۆشاک و دەرەتانی «خانوو» حەوانەوەی نەبووایە، ئەمڕۆ هەژار ئەو کەس و خێزان و گەلانەشن، کە لە ئاوی خاوێن، لە دەرمان و لە خوێندەواری دوور دەکرێنەوە. دیارە ئەوانەو باری ناهەمواری دەروونییان لە هەر جێیەک بن، دەبنە هۆکاری نزمبوونەوەی ئاستی تەمەنیان.

ئەرکی هونەر و ئەدەب- بەر لە ڕێکخراوە مرۆییەکان- داکۆکی لە مرۆڤ بکات بۆ لابردنی گوزەرانە تاڵ و دژوارەکەیان. ئێرە جێگەی ئەوە نییە، هەژمارێک لە بارەی مردنی منداڵان بخەمە نوای چاوانەوە، یان ئەوانەی بە کەمترین پارە ژیانی چەرمەسەری بەڕێ دەکەن.

ڕێژەی بێ سەوادی لە جیهانی سێیەمدا؛ بەڵکو چوارەمدا، بەراورد لەگەڵ دنیای باکووری زەویەکەمان، لە هەموو دیاردەکانی ژیوەرییاندا، لە دەرماڵە و خۆشنوودییاندا ئاسمان و ڕێسمانە.

ئایا لەم سەدەیەماندا زارۆکانی دنیا بە خەندەوە ڕوو لە خوێندنگە دەکەن؟ ئایا پیر و کەم ئەندامان چاودێریی پێویست دەکرێن؟ ئایا ژنان- ژمارەیان لە نیوەی کۆمەڵ پترە- ئیدی مافی ڕەوایان چنگ دەکەوێ؟

دوا پرسیاریشم: ئایا مەقەسی سانسۆر و کوتەکی دەسەڵات بەسەری ئەفراندنەوە دەمێنێ؟ ئەگەرنا.. کام تونێل ڕێگە چارەی سەرفرازی مرۆڤە؟ ئەمە کێشەی سەدەکەمانە و پەنجەمۆری دەکەم.

لە نێوان خۆماڵێتی و جیهانیدا هێڵێکی ورشەداری موولوولەیی هەیە، کە پێکەوە سیمبەندیان بکات نەک بیانترازێنێ، چونکە داهێنان هزری و هونەری و ئەدەبی بەجۆرەکانییانەوە، لە (جێگەیی)ەوە بەرەو (فراوانی) تەشەنە دەکەن. هەموو ئەوانەی ناوبانگی مەزنی و جیهانییان هەیە، ئەگەر لە کرۆکی ئەفراندنەکانیان بتوێژینەوە، بۆمان یەکلا دەبێتەوە، کە بە ڕاستگۆیی تێڕوانین، بەگیانی مرۆڤپەروەری لەمەودای خودی خۆیانەوە پەڕیونەتە پانتایی بەرین، بۆیە زاراوەی نووسەری (جیهانی) هەرگیز ئەوە ناگەیەنی گوایە شاعیر

و هونەرمەند و ڕۆماننووسەکە دەقێکی وای ئەنجام دابێت، کاکڵەی سەرجەمی مرۆڤایەتی بێت؛ بەڵکو وەکو بە کورتی گوتم، لە دەرکەی ماڵی خۆیەوە، لە کۆڵانە تەنگەکەی شار و زێدەکەیەوە بۆ شوێنان و کاتانی دیکە هەڵدەزنێ. کیمیای ئەو هەڵزنانەش لە ڕاستگۆیی دایە بەرانبەر بەخۆی، بەرانبەر بە خەڵک و ژینگەکەی. گوتەیەکی ڕوونی بێ کاکڵی ئەفسانەییە ئەگەر بێژین: فلانە کەس جیهانییە! خۆ ئەگەر کەسی واش هەبێت، ئەز بە کۆزمۆپۆلیتی دەزانم بەدەر لە داهێنان و هونەر و ڕاستگۆیی، ئەگەر لای لە خۆماڵێتی نەکردەوە! هەرگیز ئەزموونێکی (جیهانی) وا لە گۆڕێ نییە. هەبێ و نەبێ ئەزموونی (تاک) لە پرۆسەی جوانکاریدا هەیە و ئەزموونی گەلان لە ڕەوتی گشتی ڕۆشنبیریدا هەیە؛ چونکی نووسەرو هونەرمەندە جوانکارەکان بەدیدی سەرجەمییانەی مرۆڤپەروەری دەنۆڕنە هاوسۆز و هاوشانەکانی خۆیان وەک گیانەوەری هاوبەش بن لەپێناو ئایندەیەکی بەختەوەردا. دیارە بەهاکانی وەکو: سەربەستی، دادپەروەری، چاکە، مافی دەربڕین و...تاد، پێوانەی نەگۆڕی خۆماڵێتی و جیهانیشیان تەریبی یەکترییە. کەسێک نییە، لێرەو لەوێ بەجوان بڵێ: ناشیرین و بە ئاشتی و تەبایی بێژێ: شەڕ و ئاژاوە، هەرچەندەش بەگوێرەی سەردەم و جوگرافیا شێوەکانیان بگۆڕێ، وەلێ لە جەوهەردا یەکن. زومڕووت و ئەڵماس هەر چەندەش لەناو بەرد و خامی دیکەدا بن، بە زومڕووت و ئەڵماس دەمێننەوە،

ڕۆشنبیر کێیە؟ پرسیارێکی ئاسایی و زۆریش دروستە، کە مرۆڤ لە هەر دەمێکدا لەخۆی و لەکەسانی خولگەکەی بکات، چاکە ئایا ئەو تاکەیە، (شتێک) لە هەر شتێک بزانێ، وەک باوە بۆ لەچێوە گرتنی زاراوەی ڕۆشنبیر، یان ئەو تاکەیە کە لە (بورجی عاجی)یەوە وەک دەڵێن، بەڵەدە لە (کۆئاگایی) ژێرینەی تاکەکانی هاوشانی و نەتەوەکەی بەبێ لێپرسراوێتی و گۆڕینی دینامی و جۆشاندنی ئەو بارودۆخەی تێدا دەژی، دەژین؟

دەشێ و ڕەوایە، پرسیاری دیش هەبن. بەدیتنی من، کردارە پرۆسەکە جووت لایەنە. پشتگیری لەوە دەکەم، کە ڕۆشنبیر کەسێکە خۆ ئاگایی لە بنەما و تانوپۆی ناوەندەکەی هەیە لە دیوێکەوە، دەشکارێ بۆ قووڵکردنەوە و خستنە سەر کەلەپوور لە دیوەکەی ترەوە، واتا: لە مرۆڤەوە دەست پێدەکات ڕووە و مرۆڤایەتی (مرۆڤ/ خێزان/ هۆز/ کۆمەڵ/ نەتەوە/ مرۆڤایەتی). لێرەدا گەرەکە جیاوازی لەنێوان هەردوو زاراوەی (ڕۆشنبیری)دا و (شارستانی) بکەین، لەبەر ئەوەی گشت شارستانییەکان هەڵگری چەمکی ڕۆشنبیری خۆیانن؛ وەلێ هەموو ڕۆشنبیرییەک شارستانی و ژیاری نییە.

بۆ ئەوەی ڕۆشنبیرییەک بگاتە پایەی شارستانی، پێویستە دەرهاوێژی بەخشینەکانی گەیشتبێتە چڵەپۆپەی تەشەنە و بڵاوبوونەوەی سوودی مرۆڤایەتی، واتا: بەبێ خۆ شاردنەوە و گرژبوونەوە، لەپێناوی کێبەرکێی هاوئاهەنگ و ئاڵوگۆڕی ڕەهەندی بەرفراوانی و گشتی «UNIVERSAL» ئەویش بەواتای تێپەڕاندنی سنووری جوگرافی و فراوانکردنی بازنەکەی، ئەمەش هەرگیز پێشلکردنی خۆیەتی نییە؛ بەڵکو جێگیرکردنی هەواری ڕێکخراوە خۆماڵییەکانە لەناو کۆشکەسەرای جیهاندا. گوتەی: «جیهانئاراییی.. لە خۆماڵییەوە سەرهەڵدەدات.»

بۆچوونێکی گەلێک ڕاست و زانستییە، بۆیە دەبێ پەرە بە ئەندێشەی مرۆڤایەتیمان بدەین، نەک بەگوتاربێژی و توێکڵی درۆ و دەلەسە؛ بگرە بە سەروەریی کار، بەداڕشتنی بەهاکانی خۆشنوودی لەگیانی نەوەکانماندا چوون کۆنفۆشیۆسی چین، خۆشەویستی بۆ مرۆڤایەتی داوا کردووە.

«مەزنی مرۆڤ بە بەرفراوانی گیانە مرۆڤپەروەرییەکەی دەپێورێ، هەروەها لەکانگەی دڵەوە، با شادمانی ئەوانی دیکەی خۆش بوێ.»

شارستانی، بەواتا گشتییەکەی زمان دەگرێتەوە- وەکو شوناسنامەی نەتەوەیی- لەتەک مێژوو، دابونەریت، ئایین، هونەر و ئەدەب و هەر دامەزراوێکی کۆمەڵایەتی، ئابووری و ئامێری بەرهەمهێنان و..تاد، بەڵام ئەو پێک هێنەرانە و بەهایان لە شارستانییەکەوە بۆ شارستانییەکی دی، بە گوێرەی (جێکات) هەردەم لەگۆڕاندایە، دیارە ئەو پێکهێنەرانەش، لەتەک تێهەڵکێشییاندا، کاریگەرییان بەسەر یەکدا توند و هەمیشە کارایە.

لە بەراوردێکی نێوان شارستانییە جوداکاندا بۆمان دەردەکەوێ، کە هەریەکەیان پڕاوپڕی کەلەپووری تایبەتی

خـۆیەتی، ئەوەش دەرهاوێژی: ئامـێـتـە بوون و پلەی هەریەک لەو پێکهێنەرانەن، کە دەرم خستن، بۆیە لە هزر و لە ڕەفتار (سلوک)دا جوداوازی لەنێوان ئەو شارستانییانەدا بەدی دەکرێ و هەم لەم دەرئەنجامیشەوە، لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری، لە ئارای ئەو شارستانییانەدا هاتۆتە گۆڕێ، چ لە پەرەسەندنیاندا، چ لە لادان و هەرەس و نوشوستییاندا وەکو شارستانییەکانی: دۆڵی سند، دۆڵی نیل و نێوان دوو ڕووبار «میزۆپۆتامیا»، یان بەسەر شارستانییەکانی چینی کۆن، گریک، ڕۆمای دێرین، مینەوی کریت، بیزەنتە، خەمیری کەمبۆدیا، هەتیتەکانی ئەنادۆڵ، ئەنکای پیرۆ، ئەزتیک و مایای ئەمریکای ناوین، بوشمەنی باشووری ئەفریقیادا هات. بەو پێیەش بەسەر شارستانییەکانی سۆمەری، میدیاو ساسانی باپیرە دێرینەکانمدا هات.

برێک هەنە جوداوازی لەنێوان شارستانی و ڕۆشنبیریدا نابینن! من، شارستانی بەزاراوەیەکی بەربلاوتر تێدەگەم لە زاراوەی ڕۆشنبیری بەجۆرێک کە ڕۆشنبیرییەکە لە بۆتەی خۆیدا جێ بکاتەوە. هەشن تێکەڵاوی لەنێوان ئایین و شارستانیدا دەکەن وەک بە نموونە ئێژن: شارستانی ئیسلامی و شارستانی مەسیحایی و..تاد، ئەدی چی لەو شارستانییانە دەکەن، کە لەناو ئەو ئایینانەدا هەن و لەکوێیان دادەنێن؟! لە نەتەوەکانی ئیندۆنیسیاوە بنوارە هەتا نەتەوەکانی ئەفریقیا، لە باکوورەوەش هەتا باشووری گۆی زەمین. ئەو گشتگیرییە ناڕەوایە، هۆکاری بەربەرەکانێ نەک گوتوبێژ دەخاتەوە لەنێوان ئایینەکان و هەم لەنێوان شارستانییەکاندا. ئەڵبەتە هەڵتۆقانی توندی و گرژی و پاشان تیرۆر دەبنە دەرەنجامی ئەو بۆچوونە هەڵە و نازانستییە. شتی دیکەش هەنە لە چۆنییەتی دروستبوونی ئەو شارستانییانە، وا بە کورتی دەیانخەمەڕوو، لەوانە:

(١) بوونی سەرچاوەی ئاو، لەکانی، زێ و ڕووبارەوە هەتا دەگاتە گۆل، دەریاچە و زەریاکان.

(٢) کەشوهەوا و مەودای دوورایی لە جێگەکە و لەسەروو و ژووری هێڵی کەمەرەی «EQUATOR» ئەستێرەکەمان.

(٣) ڕۆڵی کانزای سروشت لە دیاریکردنی جۆرەکانی کار «کشتوکاڵی/ پیشەوەری...تاد» و لە دامەزراندنی سیستمی گوزەران و ڕەفتار و ڕەنگدانەوەی دەروونییان...تاد، کە بزوێنەری سەرەکی مێژوون.

ئەوجا با پێچێک بەلای بەجیهانی کردندا بکەینەوە لەبارەی (ئەرێ)یی شارستانییەکان نەک ململانێ و بەگژداچوونی لایەنی هێزداری تاکتەوەر، ئەویش بەچەسپاندنی «ماف» و «ئەرکی» مرۆڤایەتییە لە بەرەنگاریی زەوتکردنی مافەکانی ژن و چەوساندنەوەی دژ بە نادیموکراسی و نایەکسانی و نەژاد پەرستی و....تاد.

لە نزیکبوونەوە دایە دیوی ئەرێی شارستانییەکان، لەتێکەڵبوون و تەفاعولیاندا ئەو ئاوێتە بوونە دەبینم وەک لە: ڕادیۆ- T.V- مانگی دەستکرد و ئینتەرنێت و چی و چی خۆی دەنوێنێ، نەک لە جەنگی سارد، لە چەکی کۆکوژی و یەکتر سڕینەوەدا، دیارە بە ڕەچاوکردنی:

(١) تەنیا نەک کەسەکان و حیزب و ڕەگەزەکان کاری تیرۆر ئەنجام دەدەن؛ بەڵکو هەندێ دامودەزگای نادیاری دەوڵەتە بەناو دیموکراسییەکانیش، بەربەرییانە پەیڕەوی دەکەن.

(٢) تێکەڵکردنی ئەنقەستانەی پیلان داڕێژراو لەنێوان مافی ڕەوای گەلان و ئەو کردارە تیرۆرییە ڕەشانەدا.

(٣) بیانووی ناتەبایی و پەڵپی ڕێک نەخستنی نیزامی نێودەوڵەتی.

شەهرەزادی خانمە ڕزگارکەری ئافرەتان لە «هەزار و یەک شەو»ەکانیدا، درێژەی بەکاتە گرژ و دەمە دابڕاوە مەترسیدارەکانی تەمەنی داوە لە تێهەڵکێش کردنی تانی شەوگار بە پۆی ڕۆژگارەوە. ئەندێشەگەلێکی هۆندەوە، جوانتر و نەمرتر لە واقیعی تاڵ. ئاخر مێژووی ڕاستەقینەش- نەک شێوێنراو- وەکو زنجیرەی زەمەن، ئاوێنەی مەعریفەتی مرۆڤانە، ئامرازی لێ پێچانەوە و پرسینەوەشە لە گەوی قۆناغەکانی ڕابردوو، ئەوەش بۆ مرازی گەیشتن بە: ڕاستی، جوانی،بەختەوەری و فەڕ (خێر).

زەمەن بەواتای تێپەڕبوونی ڕۆژگار و مێژوو، کێشمەکێشی ژیاری و هەبوونمانە؛ چونکە ڕووگەی ئەو ڕۆژگارە تیژپەڕە بەرەو پێشە. ئەوجا لەگەڵ ڕەنگدانەوەی زەمەنەکە لە جووڵەی مرۆڤەکەدا، یان هەژانی مرۆڤەکە لە

قۆناغەکانی مێژووییدا، ناسنامەی گەلان وەدەردەکەوێ، هەر بۆیەش کۆمەڵان بەگوێرەی ڕەزمی پێشکەوتنیان پۆلێن دەکرێنە: کۆمەڵانی ئاسایی و کۆمەڵانی نوێژەن. دیارە کۆمەڵانی ئاسایی بەشی شێرە گەورە دەداتە پێشینەیان، کۆمەڵانی نوێژەنیش خوێنی هەنووکەییان تێدا دەگەڕێ و هەردەم، بەداهێنان دەنوارنە ئایندەی خۆیان هەتا گەشاوەتر و قووڵتر و ڕەسەنتری بکەن. ئا لێرەدا خاڵێکی فرە دیار ئەو دوو کۆمەڵە لە یەکتری جیا دەکاتەوە؛ ئازادی و دینامیکی کۆمەڵانی دووەمە بەرانبەر کۆمەڵانی یەکەم کە دژە گۆڕانن، گوایە هەڕەشە لە بنەماکانی جێگیری کۆمەڵ دەکات. دیاردەی ژووژکییانەی خۆپاراستن و موحافزکاری سیمای هەرە بەرچاوی کۆمەڵی سەقامگیرە لە نەگونجاندا دەگەڵ گیانی سەدەدا؛ کەچی ڕەوتی خودی گۆڕانەکە لە سروشتی شتەکانە و جەوهەری دیرۆک. بمانەوێ و نەمانەوێ «پێشوو» تەشەنە دەکاتە «ئێستا» بۆ ئەوەی «داهاتوو» نەخشەڕێژ بکات. ئەڵبەتە لە ئاماژەکردن بۆ کۆمەڵان، دیارە مەبەستی سەرەکی لە هزر و هۆشی مرۆڤەکانە ئایا هێشتاکە ئەو ئەقڵانەی بەرپێوەی دەبەن گرێدراوی کۆنینەی ئەفسانە، سیحر و جادووی پروپووچن؟ ترس و گومانیان لە ڕەخنە و بژار و هەژان هەیە، یان ئەقڵەکان کراوە و گەشبینن لەچوونە بەرەوەی دامالینی هۆکاری خاوکردنی هەنگاوەکانی ئایندە دروستکەر؟ با ئەوەش بڵێم، هەر تاکێکی کۆمەڵ تاکو گەرووی ڕۆچۆتە کێڵگەی کولتووری کۆمەڵەکەیەوە و ڕەفتار و هەڵوێستی دیاری دەکات، ئەمەیان وا، ئەو تاکە دەبزوێ، دەخوازێ، لە سنوور بەندی کۆمەڵی داخراوی سڕ و مەییوی خۆی ڕاچەنێ. ئا لەم دوو لایەنە بازنەییەوە، مەبەستم لە کاردانەوەی کولتوور و بەهاکانی کۆمەڵە بەسەر تاک و ڕابوون و هەڵمەتی تاکە کە بۆ گۆڕینی جمگە ڕزیوەکانی کۆمەڵەکەی، دەمێکی نوێخوازانە دێتە ناو کایەکەوە. ئەوجا بێمە سەر کێشەی ئەو ڕۆژی و باری لاسەنگی شارستانیمان.

(١) بڕ نەکردنی واقیعەکەمانە لەنەگەیشتن بە دنیای تەکنۆلۆژیا و زەمەنی سیاسی، هزری کۆنپەرستی بە بەرد بووی هۆردو چەمکی: دەرەبەگایەتی و وشکە ئایین ڕۆڵیان لەو سەقامگیرییەدا هەبووە، چ لە دامرکاندنی هۆشمەندی پرسیار هەڵخستن و ڕەخنەگرتن، چ لە ملکەچ پێکردنی ڕەشــــوڕووتان لەنوای تابۆکــــانی باو، هەم شمشێری دەسەڵاتی سێبەری ئاسمان.

(٢) خودی ئەقڵی هەنووکەییمان- مەگەر بە دەگمەن کەسانێکی لێبەدەر بن- متووی ڕۆشنبیری ئاسایی کۆنە! پێبەندی غەیب و قەدەر و لاهووتی موتڵەقە! نەک ڕۆشنبیری داهێنان و خەڵق. «ئۆگۆست کۆنت» گوتەنی: «مردووان لەگۆڕەوە فەرمانڕەواییمان دەکەن».

کەوابوو، ڕۆشن هزری ئێستاییمان لەتوێی جووتی بەردە ئاشدایە، بەردی قورسی ژێرینەی کۆنی بەسەرچوو، بەردی نوێی وردهاڕی گۆڕان، جا بۆ ئەوەی لەزەمەنی شایستەی خۆماندا بژین، نەبادا بەجێمان بهێڵێ، دەبێ بەخۆ بکەوین لەژێر چەتری- ناڵێم هێرش و داگیرکردن- ڕۆشنبیری سەردەمانەی هۆشکارانەی ئەبستمۆلۆژی...بە:

(١) ڕێگە هەموارکردن بۆ ئەفراندنی تاکی کۆمەڵ.

(٢) دابینکردنی دیموکراسی و مافەکانی هەردوو ڕەگەزی مێ و نێر.

(٣) چاندنی تۆوی نیشتمانپەروەری لەگیانی تاکدا دوور لە نەژاد ویستی، لە ئایینزایی و لەخێڵ و هۆزگەری.

(٤) گۆڕینی ناوەرۆک و شێوەی پەروەردەییمان، لە داینگەوە بۆ زانکۆ و...تاد.

(٥) خوێندنەوەی نوێمان بۆ دەق هەبێت (ئایینی/ ئەدەبی/ فۆلکلۆری/ ئەفسانەیی و...تاد)

(٦) وازهێنان لە ژیانی مشەخۆری و ئیستیهلاکی، ڕوو کردنە بەرهەمهێنانی مادی و هزری (وەرزێری نوێ/ پیشەزایی بەرنامەدار/ ڕۆشنبیری سەرفراز و..تاد)

(٧) جیاکردنەوەی دامەزراوەکانی سڤیلی دەوڵەت لە باڵادەستی ئایین، ئەگەر ناو.. بە دەستڕۆکردنی دێرینە بەسەر ئەمێستادا، ئەوە داهاتووش دەدۆڕێنین.

(٨) خۆ نوێکردنەوەمان، ئارەزوویەکی سەرەڕۆیی نییە؛ بەڵکو پرۆژەی ڕەوای پێشەوەچوونی ناوەکی کۆمەڵە، خودی پێداویستی گەشەسەندنی سەردەمە و هەماهەنگی لەگەڵ یاسای مانەوە.

(٩) زۆرجار مێژووی چەواشەکراو لە بەرژەوەندی زاڵ و براواندا تۆمارکراوە، دەبێ جوامێرانە، بەبێ شەرم و خۆمەڵاسدان، یان ڕاکردن، فریا بکەوین هێشتا درەنگە. بەخۆماندا بچینەوە- کە لە ڕووی بەرووبوونەوەی دەرەکی ناهەموارترە- ژێر پێمان بە لیسی ڕەخنە لەخۆگرتن فەلاقە

بکەین، دەنا خۆ لە قەپێلکی کیسەڵان و دەرکە کلۆمدان دادمان نادات.

ڕۆژهەڵات بەگشتی و جیهانی عارەبان بە تایبەتی، لە چارەکە میلیارێک زۆرترن و بیست و هەندە حکومەتی کۆماری/ مەلەکی/ میرین بەسەد ئەملا و ئەولا لە ساڵی (١٩٨٨)دا نەجیب مەحفووز خەلاتی نۆبلی پێدرا، گوایە ئەویش:

(١) دەستی ڕۆژهەڵاتناسێکی تێدا بووە، کە (نەجیب مەحفووز) لە ڕۆمانی «منداڵانی کۆڵانەکەمان»دا، هەندێ زێدەڕۆیی کردۆتە سەر ئایینە ئاسمانییەکان و بەخشکەیی ڕەخنەی هەژاندووە.

(٢) گوایە بڕوای بە گرێبەستی «کامپ دێڤید» و تەناهی و نزیکبوونەوەی میسر و ئیسرائیل هەبووە لە پاش شەرمەزاری بەزین و هەرەسی (١٩٦٧) و پووچەڵبوونی بیری نەژادگەری عارەب.

(٣) گوایە بازنەکانی زایۆنیزم کارئاسانییان هەبووە لە پاڵاوتنی بۆ خەلاتەکەو.. گوایەو ..گوایە.

لەو پێشەکییەوە نیازمە بگوزامەوە لای کوردی خۆمان. کە بێ دەسەڵاتە. (مەبەستم: ئاڵاکەی دانی پێدانەنراوە) پەرتە وڵاتە. بێ سەوادە، چۆن بە (نۆبل) شاد دەبێت؟

بانکوولی لەسەر هەڵە نەکەین. جارێ- بە پێوانەی ئەوان- زۆرمان ماوە بۆ کۆمەڵگەی سڤیل و لیبراڵکردنی بەڕێوەبەرێتییەکانمان.

ناوەڕۆکی (کورد و نۆبل) بە شانەکانی مێشکمدا گوزەری کرد لەکاتێکدا هیچی ئەوتۆی ئەدەبەکەمان- جارێ لە زانست و و تەکنەلۆژیا و چی و چی دەست بشۆ- پەرچڤەی زمانە زیندووەکان نەکراوە! هێڵەکی ڕەخنەش مەگەر دەسپێکی شەرمنانەی نەبێت، بە جەختەوە ڕانەپەڕیوەتە سەر کاری بابەتییانەی ئەستۆی! لێرەدا پڕ بە کەوڵی خۆیەتی پەندی: «زمار الحي لا یطرب)ی عارەبی بخوازم و کوردەکەش دەمێکە گوتوویەتی: «گوێرەکەی خۆماڵی بە کەڵەگا نابێت» لەمەڕ دۆزێک، نامەوێ خۆی لێ بدزمەوە ئەویش: ئەوە نییە بەدەیان وەرگری نۆبل هەن لە گۆشەنیگای ڕۆژئاواییشەوە شایستەی خەلات و ئەو پایەیە نەبوون. وای لەو نەهامەتییە. زۆرینە پەڕاوی سپی دەخوێننەوە و ئاگادارن لەو هۆکارە ژێرینانەی گەمەی سیاسی، کە بوونە بنەما و پاڵنەری ساڵە بەخشینەکانی نۆبل، بەتایبەتی لە بوارەکانی ئەدەب و ئاشتیدا. دیارە نیازم لە ئاشتی سیاسەتکراوە نەک ئاشتی ڕاستینە. خۆ ئەگەر ئەو جووتە بوارەی؛ ئەدەب و ئاشتی، جوداوازی بۆچوون و هەڵوێست و دەمەتەقێ هەڵبگرن، ئەوە لە زانستدا، کۆی یەک و دوو ناکاتە حەفت. سەرمەقوڵات کردنەوەی خەلاتەکە، بە نموونەی (ئەنوەر سادات و مەناحیم بێگن) لە خەلاتی ئاشتیداو «ونستن چەرچڵ»ی سەرەک وەزیرانی بەریتانیای کۆلۆنیالی لەخەلاتی ئەدەبدا؛ هەویرێکی ئاوکێشە. دەگەڕێمەوە کاکڵی نیازم. ئەوە چەندین ساڵە «یەشار کەمال» لەگەڵ دەیاندا ناویان لە لیستی ئەکادیمیای سوێددایە. ئاخر، با قسەی خۆمان بێت، ئەو زاتە هەرچەندە لەبارەی کوردەوە نووسیبێتی؛ لێ بەدیهییە تێکستەکانی بەگەنجینەی دەقی تورکی بناسرێ. با گیانی کوردایەتی و هەستمان بەو ڕاستییە نەوروووشێ و تووشی مشتومڕی بیزەنتییانەش نەبین لەبارەی ئەو هێژایە و ئەوانی دی، کە بە زمانی فارسی و عارەبی هەستیان دارشتووە، ئەکادیمیای سوێدیش ناشێ لەو ڕاستییە نەتەوەییەی زمان ناشارەزا بێت، بۆیە خەلاتی ساڵی (٢٠٠٧)یان بەشایانی «ئۆرهان پاموک» زانی، نەک نووسەرێک بەزمانی ڕژێمە سەرکوتکەرەکەی گوزارشت لە خۆی بکات. با لە خۆمانی نەشێوێنین و دان بەوەدا بنێین کە هەنگوینی هەقیقەت پێچراوی تۆێژێکی تاڵە و کەم کەس- بە ڕواڵەتە دەرەکییەکەی حەز بەچێژتنی دەکات. ئەدی باوانمان ئەوەیان نەدرکاندووە: «هەقت گوت... ئاو دەوەستێ»

ئەمە بە «جلد الذات» دەزانم بەر لەوەی نەیاران فەلاقە و دارکاریمان بکەن. دەرد و ناتەواوییەکە لەخۆمانە و ئیتر بەس دامێنی ئەم و ئەو بگرین.

با لەکۆتاییشدا دڵی خۆمان بدەینەوە، ئەگەر بە سەدان دەقی دانسقە و نایاب و هونەری نەبن، خۆ دەیانی ئەوتۆ هەن، بەجیاوازی دید و شێوازەوە، بە ئانقەست خەلاتی نۆبل خۆی لێیان نەبان کردووە! باشە، کەی شکۆی هونەر و ئەدەب و ئێستێتیکا بەسەنگی میدالیا و خەلاتان کێشراوە؟

**شوباتی ٢٠٠٨ فنلاند**

بیرەوەری ٢٥ ساڵ لەمەوبەر

(٥)

# پیرۆزی جەژنەکان لە ماڵی ئێمەدا

مارف خەزنەدار

(١)

خەڵکەکە بەجۆرێ بەدەنگی تۆپ و بۆمبابارانی شەڕی عیراق و ئێران و هەواڵی هەموو قۆڵەکانی جەنگ ڕاهاتبوون، هەندێ جار جەنگ لەبیر دەچووەوە.

گفتوگۆی ئاهەنگی سەری ساڵ لەماڵی ئێمە هەمەجۆر و ڕەنگاوڕەنگ بوو. لە دەمەتەقێیەکدا لەنێوان مامۆستایەکی عەرەبی زانستگای بەغدا و یەکێ لە کارگەرانی باڵیۆزخانەی ڕووسی ئەوەبوو، مامۆستا گوتی: لەماوەی ڕابردووی نزیکدا کۆمەڵێک کەڵە مامۆستای زانستگای بەغدا لەکار دوورخرانەوە، ئەمە کارێکی ناهەموار بوو، نازانم ئێوە کە دۆستن لەگەڵ دەسەڵاتی عیراق لەم بابەتەوە هیچ گفتوگۆیەکتان لەگەڵیاندا کرد؟ مامۆستاکە دەستی بۆ من درێژ کرد و گوتی: ئەم زاتە دەرچووی لای ئێوەیە؟ کابرای ڕووس گوتی: ئەم داوایە لە ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرەنساش دەکەن؟ مامۆستا گوتی: نا، چونکە زانستگا لای ئەوان سەربەخۆیە، هیچ پێوەندییەکی فەرمانڕەوایی، یان دەست بەسەری لەنێوان زانستگاو حکوومەتدا نییە، بەڵام لای ئێوە هەموو شتێک بەدەست حکوومەت، یان پارتەکەتانەوەیە.

کابرای ڕووس گوتی: ئەمە ڕاستە، ئێمە هەر چەندە بەپێی پرۆتۆکۆل ناتوانین تێکەڵی کاروباری ناوەوەی عیراق بین، بەڵام بەتایبەتی- دەستی بۆ من درێژ کرد- ئەم زاتە، ئێمە بەرگریمان لێ کردووە، ئەوانیش لەوە دڵنیان کە مامۆستایەکی چاک و کارگەرێکی زانستی بەکار و خاوەن بەرهەمە، بەڵام مەسەلەکەی سیاسییە، لاساری لەگەڵ دەوڵەت دەکا، بۆ ئێمەش ئەگەر بیەوێ بچێتەوە جێگەی جارانی خۆی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی لە ئەکادیمیەی زانستی لینینگراد (ئێستا سانت پیترسبورگ) گومانم لەوەدا نییە کە دەرگا کراوەیە.

یاد و بیـرەوەری زۆر بوون. خـەیاڵ بۆ ناو جـەنگەڵ و دارسـتـانە چڕەکـانی ڕووسـیـای نوقـوم بـوو لەناو بـەفـر فـڕیبـوو. ترووسکاییـەک لە پەنجـەرەی مـاڵێکی لەدار دروست کـراوی ناو باوەشی بەفـر و درەخـتی یۆلکاو بریۆزکا بیر و هۆشی منی بۆ ئەو ڕۆژگارە دەفڕاند کە یاد و بیرەوەرییەکانم لەوێ لەدایک بوون. ترووسکاییەکە دیمەنی گەرموگوڕی خانووی ناو دارستانی گوندی ڕووسە.

خۆشەویستەکان وەکو ئێمە پێشوازی سەری ساڵ دەکەن، بۆ ئەوان ڤۆدکا و سلیۆدکا (ماسی سوێرکراو) و بووخانکا (نانی ڕەش) و کارتۆشکا (پەتاتە) وەکو نان وایە، ئینجا خواردەمەنی دانسقەی تری کە بەتایبەتی بۆ جەژنی سەری ساڵ دروست دەکرێ. ئەو شەوە لای ئێمە ڕووسەکان چمکی پەردەی پەنجەرەیان لا دەبرد بەهیوای ئەوەی لە دەرەوە چاویان بەدیمەنی بەفر بکەوێ، بەڵام ئارەزوویان دەکرد و نەبوو. ئەوانیش بە خەیاڵ چووبوونەوە ناو خاک و نیشتمانی خۆیان.

خواردەمەنی لای ئێمەش تامی تایبەتی خۆی هەبوو. ئەو شەوە خێزانی بەڕێزم جارێکی تریش دۆستە ڕووسەکانمانی بە تەپسی دڵ و سی و جگەر و سیقەتۆرەی چۆلەکە تۆرغایی و ڕیشۆلەکانی دەشتی هەولێر شاد کردەوە.

لەسەر دەستووری ئەورووپاییان ساڵی کۆنمان بەڕێ کرد و لە تەندروستی ساڵی تازە پەرداغە کریستاڵە ڕووسییەکانمان لەیەکتریدا، ئەویش چێژ و تامی تایبەتی خۆی هەبوو.

ساتی وا لە ژیانی کەسی هەستیاردا هەیە سۆز و دڵی وەک ئەندامێکی لەشی مەتریاڵی تێکەڵ بە یەکتری دەبن و ژیانێکی تازە دروست دەکەن.

پاش نیوەشەوێکی درەنگ بوو میوانانی ئازیز ماڵ ئاواییان کرد، ئەمە دوا پێشوازی ساڵی تازەمان بوو لە شاری بەغدا.

(٢)

نزیکەی ساڵێک بوو بە لەش و بەگیان لەبەغدا نە دەژیام، بەڵکو ژیانم لەچوارچێوەی خانوویەکی شەقامی ژمارە ٥١ی گەڕەکی داوودی مەنسوور نەدەچووە دەرەوە. دۆستانی نزیک بەسەریان دەکردمەوە. لە سلێمانی و هەولێر و کەرکوک و کۆیە خزم و دۆست و برادەر سەریان دەدام. مامۆستایانی زانستگا لێیان دەپرسیم. مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی و کاکە حوسێن خانەقا سۆزی تایبەتییان هەبوو. بینینی حەمە ساڵح دیلان باوەڕی بەهێز دەکردم بەرانبەر بە ئادەمزاد، شانازیم بەخۆمەوە



دیلان

دەکرد. یەکێک ئەگەر دیلان دڵسۆزی بێ، چۆن شانازی بەخۆیەوە ناکا.

لەو ماوەیەدا هاتوچۆی هیچ لایەکم نەبوو تەنیا ماڵی دوو براکەم جەمال و جەوددەت و نەسرینی خوشکم نەبێ. هەموو جارێکیش چاوم بە دۆستی دێرین و هەمیشەییم دکتۆر موکەڕەم جەمال تاڵەبانی دەکەوت، چونکە هاوسێی ماڵی جەمال بوو، هەرچەندە بچوومایە ئەوێ بە دیدەنی ئەویش شاد دەبووم.

لەو ڕۆژانەدا ساڵێک بەسەر دوورخستنەوەم لە زانستگا تێپەڕی کردبوو. بەپێی یاسا و دەستووری ئەو سەردەمە دەمتوانی لەدەسەڵات بپاڕێمەوە بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە زانستگا، یان بچمەوە سەر هەر کارێکی تری میری. هەروەها بۆشم هەبوو داوای چوونە دەرەوە بکەم ئەگەر لە وڵاتێکدا کارم دەست بکەوێ، بەڵام ئێستا و ئەوساش هەوڵی ئەوەم نەدا جارێکی تر ببمەوە بە مووچەخۆر. لەو ڕۆژانەدا خەونم بەوەوە دەدی بە یەکجاری ماڵ بگوێزمەوە ئەو خانووە تازەیەی هەولێرم، ئەوەی لەپاش خانەنشین بوونم لەبەر بێ دەرامەتی بەنیوەچڵی مایەوە. هەرچۆنێ بێ شتە پێویستەکانی خانووەکەم تەواو کرد تاکو بۆ ژیانی ئاسایی دەست بدا. هەر لەوکاتەشەوە ناوی خانووەکەم نا «مەڵبەندی ڕووناکی». وشەی «ڕووناکی» لە لای من دوو مانای دەگەیاند، یەکەمیان ناوی گەڕەکی ڕووناکی، دووەمیان تیشک و بڵێسە و دژی تاریکی، ماڵەکە شایانی ئەوە بوو ئەم ناوە هەڵگرێ، چونکە تەنیا ماڵ نەبوو نامەخانە و ئەرشیڤ و

مۆزەش بوو.

من لە گەرمەی خۆ کۆکردنەوەدا بووم بە مەبەستی ماڵ گواستنەوە، لەشاری عەننابەی وڵاتی جەزائیرەوە نامەیەکم لە ساڵح تەقی فەهمییەوە پێگەیشت. ئەم دۆستە مامۆستای زمانی فارسی بوو لە کۆلێژی ئەدەبیات و لەحەفتاکاندا وانەی فارسی لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی ئەدەبیات دەگوتەوە. لەنامەکەدا ئەوەی دەربڕیبوو بیستوویەتی کۆمەڵێک لەمامۆستا دیارەکانی زانستگای بەغدا خانەنشین کراون و گۆیا منیش یەکێکم لەوان، ئەم هەواڵەی لەکارگێڕی ئامۆژگای زمان و ئەدەبی عەرەبی زانستگای عەننابە بیستبوو، ئەویش هەواڵەکەی بەهۆی کارگێڕێکی گەورەی وەزارەتی خوێندنی بەرزی جەزائیر لە لەندەن بەرگوێ کەوتبوو. جا ساڵح تەقی ئەوەی نووسیبوو ئەگەر من رازی بم، ئەوان بە شانازییەوە کورسی پرۆفیسۆریم دەدەنێ. وەرامی نامەکەم دایەوە، ئەوەم بۆ ساڵح تەقی دەبڕی ڕەنگە ڕۆژگار کارێکی وا بکا بچمە دەرەوە، بەڵام جارێ هەتا یەک دوو ساڵی تریش نا، چونکە پێویستیم بە گواستنەوە هەیە و ڕێکخستنی کاروباری ماڵ لە مەڵبەندی هەمیشەییم لە هەولێر کات و کۆششێکی زۆری دەوێ، کەچی وەرامی نامەکەم ئەوەبوو فەرمانی زانستگاییم بۆ نێردراو ئەوەم پێ ڕاگەیەنرا کە لە پاییزی داهاتوودا ئامادەن پێشوازیم بکەن و ببم بە یەکێ لە ئەندامانی دەستەی مامۆستایانی ئامۆژگای زمان و ئەدەبی عەرەبی زانستگای عەننابە. سوپاسی ئەم ڕێز لێ گرتنەم کردن و ئەوەشم تێگەیاندن چوونم بۆ ئەوێ مەرج نییە لەو کاتەدا بێ کە ئەوان دەستنیشانیان کردووە.

## (٣)

لەو ڕۆژانەدا ماڵی بەغدامان لە شەقامی ژمارە(٥١)ی گەڕەکی داوودی مەنسوور، لێ ببوو بە بەهەشت و دۆزەخ. بە هەشتێکی بەرین بوو، چونکە بیرەوەری ژیانی چواردە پازدە ساڵی پڕ لە یادگاری و داهێنانی ئەدەبی و دۆزینەوەی ڕاستی لەو ماڵەدا لەدایک بوو. جگە لەوە لانەی گۆشەگیری ساڵ و نیوی دواییشم بوو. بەلای منەوە دیمەنی شاری بەغدا لەم ماڵەدا خۆی دەنواند، چونکە جگە لەم خانووە هیچ شتێکی دیکە لە بەغدا نەدەهاتە بەرچاوم. ئەگەر دەوڵەمەند بوومایە و دەستم بڕۆیشتایە خانووەکەم دەکڕی و دەمکرد بە مۆزەی قۆناغێکی یەکجار گرنگ لەژیانمدا.

بەڵێ، هەر ئەو خانووە لەو سەردەمەدا لێم ببوو بە دۆزەخیش، لەناخی دەروونەوە ئارەزووم دەکرد زوو لێی جیا ببمەوە، دەمزانی پاش ماوەیەکی کەم دەبێ بەجێی بهێڵم، لەبەر ئەوە بە خەیاڵ لەخانووە تازەکەی هەولێر دەژیام.

نەورۆزی ئەو ساڵەمان لەناو باغچەی ماڵەوە کرد. ئەگەر دۆستە ڕووسەکانمان نەبوونایە بایەخێکی ئەوتۆمان بەجەژنی کرێکارانی ١ی ئەیار نەدەدا. ڕۆژێ پێش جەژن ئاگاداریان کردین لەو ڕۆژەدا دەبن بەمیوانمان. هەرچی ڕۆژی ١٤ی تەمموز بوو، ئەویش نەوەکو تەنیا ژەنگی هەڵێنا بوو و لەکەڵک کەوتبوو، بەڵکو لای هەندێ کەس ئێسکیشی قورس بوو.

میدیای کچم بە سەرکەوتوویی کۆلێژی پزیشکی تەواو کرد. زیرەکی و هەڵکەوتوویی هیچ جۆرە یارمەتییەکیان نەدەدا، چونکە دوو سێ ڕەوشتی هەبوو لەلایەن دەسەڵاتەوە مەقبووڵ نەبوون، ئەم ڕەوشتانە هەندێکیان دەسکردی خۆی بوون و ئەوانی تر هی کردگار. ڕەوشتەکان بەسەر یەکەوە ئەمانە بوون: یەکەمیان کورد بوو، دووەمیان زیرەک بوو، سێیەمیان نەبوو بە بەعسی، چوارەمیان لەدایک بووی کەرکووک بوو.

ئەو ڕۆژەی لە وەزارەتی تەندروستی لە بەغدا دەرچووی کۆلێژەکانی پزیشکی سەرانسەری عیراقیان بەسەر نەخۆشخانەکان دابەش دەکرد، بێ شەرمانە قوتابیانی لەدایک بووی کەرکووک بە تەنیا پێشوازی کران، پێیان گوتبوون ئەوەی کورد و تورکمانە لە نەخۆشخانەکانی کەرکووک دانامەزرێ. ئەم بڕیارە لەکۆلێژەکەی خۆی تەنیا میدیای دەگرتەوە. دەسەڵات ئامادە بوو لەنەخۆشخانەکانی بەغداش دایمەزرێنێ تەنیا کەرکووکی تێدا نەبێ. بەم جۆرە نەخۆشخانەی کۆماری هەولێری چنگ کەوت.

هەموو کردەوەیەک بەلای منەوە ئاسان بوو، ئادەمزاد نابێ بەرانبەر هیچ جۆرە کارێک دابمێنێ. ئیش نییە بە ئادەمزاد نەکرێ، ئەگەر شتی وا هەبێ ئەمە ڕاستی نییە و ئەفسانەیە. لەگەڵ ئەوەشدا تەگەرە و بەر پەرچدانەوە هەیە، تێکدان و ئاژاوە نانەوە هەیە، بەرد تێگرتن لە لوتکەدایە، لەو حاڵەتەدا «چاکە هەر لێی خوڕی سەیری دەم و کاوێژی نەکەی».

بەڵێ، هەموو کارێک ئاسان بوو، ئاسانی لەوەدا بوو چاوچنۆک و چڵێس و ماڵانگەڕ و بێ ڕێز و چاوشۆڕ هەمیشە بەرانبەر بە پیاوی ڕەسەن و مەرد خراپە دەکەن، ئەم خراپەیە نەنگ نییە. منێک لەو ڕۆژگارەدا ژمارەیەکی کەم لە دەورمدا مابوونەوە، ئەم کەمە بە نرخە جێگەی شادییە، زۆری هەرزان وەکو کورد دەڵێ: (سەد قەل و بەردەکەیە).

# له بینۆگەی یەكەمین فیستیڤاڵی هەورامانەوە

ئوسمان محەمەد هەورامی
(سلێمانی)

بێ گومان هەموو تاک و کەسێک، هەموو خانەوادە و بنەماڵەیەک؛ تێکڕا هەموو گوند و شارۆچکە و شارێک، هەموو ناوچە و دەڤەرێک، هەموو گەل و نەتەوەیەک لەم سەرزەمین و گەردوونەدا گەرەکیانە و گەلێک پێیان خۆشە، لە هەموو لایەن و ڕووەکانی ژیار و شارستانییەوە، بەڵگەنامە و بوون و پێگەی ڕەسەن و ڕۆشنیان بسەلمێنن و بیپارێزن.. پشتاوپشت و وەچە بە وەچە، سەرانسەری بنەما نەژاد و چەسپاوەکانیان بەپیرۆزی بهێڵنەوە و چاو و دڵ و گیان گەشتر بکەنەوە؛ بەردەوام ئەم کاروانە ڕەنگینە مژدەدەر و مژدەبەرە، فرەتر بەرەو پێش بەرن و شان بەشانی پێشەنگەکان بن.

خۆشبەختی و سەرفرازی بۆ ئەوانەی بە هۆشیاری ڕوانگەی گەشەوە ڕابردوو بەسەردەمی نوێوە دەبەستن.. لەگشت کەلێنەکان ورد دەبنەوە و لەکرد و کۆششی بەردەوامدان بۆ ئەوەی لە ئایندەدا هەنگاوی بەجێ و گونجاوتر بۆ پێشەوە بنێن، لە هەمان کاتیشدا لەم پەندە جوان و ڕەنگینەش کەڵکی زۆر وەردەگرن: (هەر ئاوەزو ئەقڵێک لە خەسارێک..).. کەواتە بەدرێژایی ژین و بەردەوامی بوون، مرۆڤ ئەراگێڵ و سەرگەردانی کۆشش و کارە و لەگشت زەنەکانیشی سوودمەند دەبێت و لە هەنگاوە ئایندەکانیدا هێور و چاکتر سەرنج دەدات و کاردەکات.

ئەو گەل و نەتەوانەی کە لەم ڕوانگەیەوە هەڵسوکەوتیان کردووە و دەیکەن، لە پانتایی کولتوور و فەرهەنگە فراوانەکەی ئەم گەردوونەدا، بەشێواز و شێوە و ڕێبازێکی لەبەرچاو، شوێن و پێگەیان لەگۆڕەپانی سەرجەم جیهاندا ئاشکراو دیارن، بەشانازی و گەردەن بەرزی و سەرفرازییەوە خۆیان دەنوێنن، لە هەموو لایەکیشەوە بەچاوی پێزانین و ڕێزەوە سەیر دەکرێن و لەکۆڕی بەهرەمەنداندا مەڵبەند و پێگەی بەرینیان بۆ

تەرخان دەکرێت.

پاش ئەوەی سەردەمی تەکنیکی نوێ، زۆربەی وڵاتانی ئەم سەرزەمینەی گرتووەتەوە، بەدوایشدا بەلێشاو ئەفراندن و داهێنانی یەک لەدوای یەک، جا تەکنۆلۆژیای پڕ سەیر و سەمەرە، لەگشت بوار و لایەنەکانی بواری سەردەمی نوێدا هاتنە کایەو زۆرترین پانتایی جیهانیان گرتەوە. ئەو وڵاتانەی کە بە هەنگاوی تۆکمە و پتەوی زانستییانە ئاڵا پێشەنگەکەی ژیاریان بەرزکردووەتەوە، بە ئەندێشە و بیرکردنەوەی ڕاست و دروستی هاوتەریب لەگەڵ کۆششی پڕ لە کردەی تۆکمەوە، دەستیان بە پاراستنی پێگە مەزن و ڕەسەنەکانی زنجیرەکانی مێژوویان کرد.

ئێمەی کوردیش، کە بەشێکی سەرەکین لە جەمسەری ئەم گەردوون و سەر زەمینە، هەر لە دێرین ڕۆژگارەوە هەستمان بەم ڕاستییە پیرۆزە کردووە و گەلێک شانازیش بەگشت لایەنە کولتووری و فۆلکلۆرییەکانمانەوە دەکەین و کردوومانە؛ لەهەمان کاتیشدا ئاگەدارین کە هەنگاوە کردەییەکان، لە دەقەرێکەوە بۆ دەقەرێکی دیکە دەگۆڕێن. شایانی گوتنە، هەورامان، کە مەڵبەندێکی سەرەکی کولتووری زۆر نەژاد و دەوڵەمەندە، بە ڕادەیەکی فرە و فراوان بایەخی بەم سامان و گەنجینە لەبن نەهاتووە داوە و بەشێوەیەکی باش پاراستوویەتی و دەیپارێزێت.

هەروەکو زانراوە ناوچەی هەورامان یەکێکە لە مەڵبەندەکانی زانست و زانیاری، ڕۆشنبیری و هۆشیاری، پیشەسازیی هەمەچەشن و چاکانی زۆر باش و دانسقە، بەرهەمی زۆر ورشەداری پێشکەش بە دەوروبەریش کردووە.. هەر بۆیە دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین: سەرجەم سەنگینی و ڕەنگینی و ڕێز و پلەو پایەی ئەم ناوچەیە وابەستەیە بەم دوو لایەنە بەنرخ و گرانبەهایانەوە، ئەوەتا شارەزایان گوتوویانە و دەڵێن هەورامییەکان زرنگ و سەلیقەدار و دەست ڕەنگینن، دەستەوەستان و داماگ نابن، بەبێ ئەوەی ئەوەج و پێویستییان بە کەس هەبێت، دەتوانن ئاسوودە و بێ خەم ژیان بەسەر بەرن.

لەو وڵاتانەدا، کە لەمێژە خاوەنی سەروەریی خۆیانن و شانازی بە ئێستا و ڕابردوویانەوە دەکەن و زۆریش پێشکەوتوون، ساڵانە لەسەر ئاستی سەرانسەری وڵات، ناوچە بەناوچە، شار بەشارو گوند بەگوند، بەکاڵاو پۆشاک و کەلوپەل و سەرو سیمای دێرینەیانەوە، ئاهەنگ و کەرنەڤاڵ و فیستیڤاڵ سازدەکەن، ئەوپەڕی کەیف و خۆشی و شادی دەردەبڕن، بەشێوەیەکی جوان و دڵگیر دەڕژێنە کۆڵان، گەڕەک، ڕێگە، شەقام و گۆڕەپان و مەیدانە پانوبەرین و فراوانەکانیانەوە.

هەر لەم ڕوانگە پیرۆزەوە بوو، نزیکەی سێ مانگ بەر لە فیستیڤاڵی هەورامان کۆمەڵێک دڵسۆزی خۆبەخش بەردەوام و بەگەرمی لەکارکردندا بوون، بە ڕێکوپێکی کۆ دەبوونەوە، لە ڕاو تەگبیر و بیرکردنەوە و پلاندانان و ڕاوێژکردندا بوون، پێوەندییان بە خاوەن ئەزموونەکانی ئەو بوارەوە دەکرد، لەکرد و کۆششی بیرمەند و مشوور خۆران و لێهاتوویی خۆیان کەڵکی زۆریان وەرگرت. هەڵبەتە ئاشکرا و دیارە فیستیڤاڵێکی وەها فراوان و مەزن بە چەند کەسێک و چەند ڕۆژ و حەفتەیەک پێکناهێنرێت، کارێکی وا ناکرێت کە بە تەواوی و بێ خەم هەورامانی ڕەنگین ئەوەندەی تر جوانتر و گەردن کەشتر بنوێنێت. دەبێت ئەوەش بگوترێت، کە سامانداره دڵسۆزەکانی ناوچەکە، بە ڕادەیەکی بەرچاو و سەرەکی دابینکردنی هەمەوو دارایی و خەرج و ئەرکی فیستیڤاڵەکەیان لە ئەستۆی خۆیان گرت.

حەفتەیەک پێش دەست پێ کردنی فیستیڤاڵ، کارمەند و بلیمەت و هونەرمەندە بەتواناکان، هەنگ ئاسا و بە ئەشقی بێ گەردەوە، ڕژانە چەم و دۆڵە ڕەنگین و دڵگیرەکانی ئەحمەد ئاواو زەڵمەوە.. لەم سەر بۆ ئەوسەر، لەخوارەوە بۆ سەرەوە، تەلان بە تەلان؛ بە دەستوور و شێوازێکی پڕ لە بەهرە و هونەر؛ هەروەها بە بلیمەتی ژن و پیاوی هەورامان، بە فەرش و قاڵی، بە پۆپەشمین و مەوج و جاجم، بەکەلوپەلی ڕەنگین و نموونەی کارە دەستییەکان، بە نموونەی کارگە دێرین و کەلەپوورییەکان هەموو لایەکیان ڕازاندەوە و شوێنی حەوانەوەی هەزاران میوان دابین کرا.

ڕۆژێک لەوە و پێش، واتە ٢٠٠٨/٥/٢٩ هەر سەر لە بەیانییەوە، چەندین خانەوادەی گوندەکان، سەریان لە شوێنە جیاجیاکانی سازدانی فیستیڤاڵ دا، تاکو لەنزیکەوە شوێن و جێی خۆیان بزانن، سەرنج و بۆچوونیان بخەنە بەرچاو، کارێکی وەها بکرێت ماڵ و دیواخانی هیچ گوند و هیچ شار و شارۆچکەیەک کەموکوورییان نەبێت. قازان و مەنجەڵی گەورە، کاسەو کەوچکی زۆر و زەبەندی سەفەری ڕیز کران، یەکە بەیەکەی ماڵان پڕ کران لە ڕۆژی و خۆراکی تازە و باش و ڕەونەقدار، هەموو لایەک بەبێ خەم پاڵیان دایەوە.

ئەوەبوو ڕۆژی هەینی ٢٠٠٨/٥/٣٠، بە دروشمی (لە سایەی ئازادیدا و لە دەروازەی کەلتوورەوە ئەچیتەوە ناو جوانییەکانی هەورامان)، لە هاوینە هەواری ئەحمەد ئاوا و چەمی زەڵم، مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان، یەکەمین فیستیڤاڵی هەورامان سازدا.. هەر لەگەڵ یەکەمین

سروەی بەیان، خەندەی ئەلەندی گەش، چریکەی بلبلان، قـاقبـە قـاقی کـەوان و گـەشـەی یەکـەمین تیـرۆژدا؛ سـەرچاوەی زەڵمی هەمـیـشـە شـەیدا و سـەوداسـەر، هاوشانی دێرین ڕۆژگار، بانگەشەی ناخ و هەنگاوی بەرز کـردەوە، بۆ ئەوەی ئاشق و دێوانە پاکـژەکـانی بارەگـای ئەوینی پاکژ و ڕوون، لە هەموو لایەکەوە ڕووی تێ بکەن و برژێنە بەردەمی، لە بۆتەی دڵ و دەروون و هەستیانەوە، شـان بەشـانی ناڵەی دەروونی پێکەوە (سیـاچەمـانە)ی سەرجەمی شـەیداکان بەرزکەنەوە و خۆشی و شادیی بێ هاوتا بە هەموو لایەک ببەخشن.. کوڕ و پیاوە قۆزەکان و کچ و ژنە شـۆخ و شـەنگەکـان بوون بە پێـشـەنگ و بەجـارێک بنار و چەم و دۆڵ و لووتکەکـانیـان گـەشـتـر کردنەوە، ئەشقی سەرچاوەی زەڵم زۆرتر هاتە جونبوش، باخـەکـان فـرەتر شـەوقـیـان سـەند و هەمـوو لایەک بووە بەهەشت

کوڕ و پیاوە گەنجەکان، بە ڕانک و چۆخەی شینکی، سپی و خورماییەوە، بە سەر و شەدە و مشکیی ئەڵوەند و بریقـەدارەوە، بەکوڵەباڵی سوور و شینکی و سپی و ڕەوشەوە، بەکڵاشی گیوەیی ئەبوو بەکرییەوە، بە بەژن و باڵای بڵند و ناو قـەدی باریکەوە، بەتەواوەتی دیمەنە ڕەســەن و نەژادەکـــەی پیـــاو و پۆشـــاک و جلوبەرگی هەورامـانیـان بەرجـەسـتـەکـردبوو. سـەبارەت بە باس و سـتـایشی کچ و ژنە پاکیـزەکـانیش، وا باشـتـرە گـوێ لە (مامۆستا گۆران)ی نەمر بگرین:

**ژنی هەورامان، سەرتاپای خشڵ**
**سەرچاوەی بۆنی مێخەک و سمڵ**
**تا بڵێی تەرپۆش، ئاڵو واڵا جل**
**بەژن و باڵاجوان، بەدەن نەرم و شل**
**نێو نیگای: خەندەی ئەستێرەی ئەمەل**
**نەغمەی گفتوگۆی: وەک جریوەی مەل**
**ژینی بەهاری: ئەشق و جوانی**
**جیلوەگای حوسنی: ڕێی باخ و کانی**

ڕاست و دروست بڵـێین هەر ئەوەندە جـوانیـان لێ دەهات، هەرکـەس دەبینین ئاواتی دەخـواست بۆ چەندین ڕۆژ و حـەفـتـە، هەر ئەو پۆشـاکـە بپـۆشن، بۆ ئەوەی سـەوداسەرانی کولتـوور و کـەلەپووری گـونجـاو و بەجێ، چاویان لێ بکەن و بەرە بەرە و جـارێکی دیکە بەشـێک لە کەلەپوورە جوانەکەمان بێتەوە کایە، پەیڕەو بکرێت و بەهەمـوو کـوردسـتـانـدا بڵاوبێـتـەوە؛ سـەرلەنوێ و بە شانازییەوە، ناسنامەیەکی نەژاد و جوان و ڕازاوەمان بۆ بگەڕێتـــەوە.. هەر بەو بەرگ و پۆشـــاکـــە ڕەنگین و سـەرنجـراکـێـشـەوە بچین بۆ گـشت وڵاتان و هەمـووان سەرسام بکەین.. خۆ ئەگەر بەرپرسە کوردەکانمان، وەکو بەرپرسـانی هەندێک وڵات، کـە بە بەرگی نەتەوەییـەوە سەر لەوڵاتان و نەتەوە یەکگرتووەکان دەدەن، ئەوانیش بە بەرگی کوردییەوە ئەو سەردانانە ئەنجام بدەن، بێ گـومان گەلێک سەنگینتر و ڕەنگینتر دەبن و چاوی دەوروبەریش ڕۆشن دەکەنەوە.

هەروەکو ئاشکراو ڕوونە، هەڵپەڕکێ هەمەچەشنەکانی کوردەواری، تەنیا و بە تەنیا هەر بە پۆشاکە ڕەسەنەکەی کوردەوارییەوە، جوانتر و دڵگیرتر و زۆریش لەبەر دڵانە.. ئەوەبوو هەر لەسەرەتای سنووری شارەوانی خورمـاڵەوە، هەمـوو لایەک ڕازابووەوە.. بەر لەجەسـتـەکـان، دڵەکـان کەوتنە باڵەفڕێ، بە ئاسانی پڕ لە ئەفسوونی جوانیی کەم وێنەو بێ هاوتادا، بەرەو سەرچاوەی ئەشقی نەژاد فڕین، فڕین بۆ ناو دیدە گـەشـەکـانی سەرچاوەی زەڵمی ڕوون و بەفـراوی سـازگـار، ئارامـبـەخـشن، لان و پەنای گـشت سـەوداسـەرانی پاکـژ.. پاشـان پلە بە پلە، قـەڵبـەز بە قـەڵبـەز، تەلان بە تەلان- لەسـەرڕا، بە ئەشق و شـەوقی ناخـەوە، هاتنە خوارێ و سـەیران و ئاهەنگی گـیـانیـیـان ئاوێتەکردن.. بۆ دەربڕین و گوزارشت، وێناکردنی چۆپییە زۆر گەرموگوڕ و بەکوڵەکان، وا باشترە هانا بۆ (گۆران)ی نەمر ببەین:

**شمشاڵ بەناڵەی لەرەو لەرزەدار**
**دەماندی کوورەی دڵی هەرزەکار**
**سەرچۆپیکێشی قۆزی چۆپیزان**
**باش هەڵسانەوە و نووکی پێ بادان،**
**لە ژوور سەریەوە دەست و خەنجەری**
**چەشنی چەخماخەی ئاسمان ئەلەری**
**شمشاڵژەن ئەینا بۆ هەر لایەک ڕوو**
**ئەو لایە کەللەی زۆرتر گەرم ئەبوو.**

بەخـبـەخ لەدەسـتـوور و نەریتـە جوان و ڕێکوپێکەکـەی بەهرەمـــەندە بلیـــمـــەت و پێکەوتەکـانی هەورامـــانە ڕەنگینەکەمان. سەراپا دەڤەرەکەیان کرد بە گەشترین و خۆشـتـرین وێنە و نیـگاری پێـشـینان و سـەردەمی نوێ، کردیان بە ماڵی خانەوادە پاکژەکانی باووباپیران و خانەقا و قـوتابخـانەی گـەشـاوە و ڕەنگین، خـۆشـتـرین ئاواز و چریکەی ناخی مـێـژووی ورشـەدارمـان.. هەمـوو ڕەوانە پەڕەوازەکان دەست لە ملانێی گیانی بەگیانییان کرد، لە بینۆگـەی ئەشـقی باڵاوە، بە ئاواتی ناخ و دڵ، تێـرتێـر گـوتیـان: ئۆخـەی، تاسـەمـان شکا. ئاوەدان کـوردسـتـان، ئاوەدان هەورامان.

# شێوازی بەپارچەبوونی گێڕانەوە

تەها ئەحمەد ڕەسووڵ
(سلێمانی)

خەملاندن و گەڵاڵەکردنی بیرۆکەیەک لە ڕێی کەرەستە و بابەتەوە، یان ڕووداوەوە کە بە کردەی هەڵبژاردن و دیاریکردندا تێدەپەڕێ تاوەکو شیاو بێت و خۆی بخاتە نێو چوارچێوەی چیرۆکبێژییەوە، هەموو ئەوانە بەر لە پرۆسەی گێڕانەوەوە ڕوودەدەن و لای چیرۆکبێژ، یان چیرۆکنووسەوە هەمیشە ئەو پرسیارە بەراییە دروست دەبێت کە (لەکوێوە دەست پێ بکەم؟)، یان (چۆن بگێڕمەوە؟) دێتە ئاراوە.

ئەو پرسیارە بۆ خۆی گەڕانێکە بەدوای شێوازدا، چونکە دەشێت بابەتی دیاریکراو وەک جیهانی چیرۆک و ڕۆمان بەر لە نووسین خەملێبێ و سەرەتا و ناوەند و کۆتایی (بەشێوە کلاسیکییەکەی) بۆ خۆی دانابێت، واتە وێستگەکانی لەبەرچاو گیرابێت وەک بیرۆکەیەکی شیاو کە بەرگی چیرۆک بپۆشێت، بەڵام لە ساتەوەختی گەیشتن بە کردەی نووسین، دەستپێک، کلیلی کردنەوە و هەنگاونان بۆ بەرجەستەکردنی ئەو بیرۆکەیە گرفتی سەرەکییە لەلای کەسی گێڕەوە، ئەمەش ئەگەر بە (گرفت) ناوی بهێنین کە بۆ خۆی خەم و دوودڵییەکی داهێنەرانەیە کەوا دەخوازێت جەستەیەک بۆ خۆی چێ بکات. بیرۆکە و بابەت هەمیشە وەک ڕوحێکە پێش کردەی نووسین و بەدیاریکردنی جەستەیەکی شیاو (فۆرم) زیندوویەتی لەخۆ دەگرێ، خولقاندنی ئەو جەستەیەش لەبنەڕەتدا پێکهێنانی شێوازی تایبەتییە تاوەکو لەڕێی زمانەوە بهێنرێتە گێڕانەوە.

شێواز دیاریکردنی چۆنیەتی گێڕانەوەیە و هەر ئەمەشە گێڕانەوە دەکاتە هونەری گێڕانەوە.. بۆ نموونە ئەگەر کەرەستەی چیرۆکێک ئەوە بێت کە کەسێک گەشتێک

بگرێته بەر، دەشێت هەر بەو شێوە کلاسیکییە نەبێت کە کەسەکە سەرەتای گەشتکردنی بهێنرێتە بەرچاو، پاشان قۆناغە یەک بەدوای یەکەکان تا دەگاتە شوێنی مەبەستی و دوا قۆناغی گەشتەکەی، ڕەنگە هەر چیرۆکنووسە و بەپێی شێوازی تایبەتی بڕوانێتە ئەو گەشتە و پێدەچێت ئاکامی گەشت بیێتە دەستپێک، ئینجا دواتر ڕوون بیێتەوە کە بڕیاردانی گەشتەکە لەکوێوە هاتووە، یان گرێچن و نهێنییەک لەخۆ بگرێت لای نووسەرێکی دی تاوەکو بەشێوەیەکی زنجیرەیی لەگەڵ ئەو گەشتەدا پەلکێشمان بکات.. هەر لێرەشەوەیە کە گێڕانەوە بە هەر شێوازێک بێت جۆرێک لە پارچە بوون لەخۆ دەگرێت، خۆ ئەگەر ئەو گێڕانەوەیە تەواو کلاسیکیش بێت کە هەر لە سەرەتاوە کەسەکە بۆ گەشت ئامادە بکات تاوەکو تەواو دەبێت، لەخاڵی سفرەوە بگاتە خاڵی مەرام، شتێک لە ئاکامی ئەو گەشتە خۆی دەخاتە دەسپێکی چیرۆکبێژییەکەوە بۆ بەرجەستەکردنی گوتار.

شێوازی بە پارچەبوونی گێڕانەوە ئەگەرچی لە چیرۆکدا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی بەربڵاو لە ڕۆماندا زیاتر پەیڕەو دەکرێت، بەپێی لەخۆگرتنی ڕووداوێکی هەمەلایەن کە فرە دەنگ و فرە ڕەهەندە، ئەوەش مەبەست لە مەوداو بەرفراوانی جیهانی گێڕانەوەکەیە کە لەبارتر پەل دەهاوێ و لایەنە هەمەجۆرەکان و ڕەهەندی جیاجیا لەخۆ دەگرێت، یان زەرووەرەتی ڕەوتی گێڕانەوە لە هەر بەش و پاژێکی سەربەخۆدا بۆ مەبەستێک کە ڕۆنانی جیهانە ناوەکییەکەیە ئاراستەیەک بگرێ و هێڵی درامی سەروەختێک بەلایەکدا ببات، پاشان بگەڕێتەوە سەر ئەو شتە دیاریکراوانەی واز لێهێنراون، یان تەواو تێر نەکراون، بە واتای دواخستنی گێڕانەوە لە ئێستای دەقدا بۆ کاتێکی شیاوی گێڕانەوە و گەڕانەوە بۆی لە دواجاردا کە ئەمەش جۆرێک دەبێت لەکارکردن لەزەمەنی گێڕانەوەدا، بەڵکو لێکترازاندنی زەمەن و دابەشکردنی لەزەمەنێکدا کە هەڵبەتە زەمەنی گێڕانەوەیە.. بەم پێیەش نغرۆبوون بەجیهانە تایبەتییەکانەوە، یان ئەو شتانەی لای نووسەر جێی بایەخن، ئیتر ئەو جیهانە لە کەسێتییەکاندا بن، یان شوێن و ڕووداو کە لەسەریان ڕادەوەستێتەوە بەپێی زەرووەرەتی کارکردن، دەبینین بەشێک لە گێڕانەوە سەرەکییەکە بەپێی هێڵی گشتی ڕۆمان ون دەبن و لەشوێنێکی دیکە و بەشێکی تردا دەردەکەونەوە. هێڵی لاوەکی و ڕایەڵی پێکداچوو لەسەر هێڵی درامی کار بکەن و بێنەوە سەر ڕایەڵە گشتییەکە.

بە پارچەکردن و پەرتەوازەبوونی گێڕانەوە کە شێوازی نووسینی ئەمڕۆیە لە هەموو دنیادا، شێوازێکی قووڵ دەبەخشێتە دەقەکان کە هەروا ئاسان و وەک شتە باوەکانی پێشوو حازر بەدەست خۆی ناخاتە نێو دەست و بەر دیدەی خوێنەرانەوە، بەڵکو تەلیسم و سیحری نووسین بە هونەر دەکا و گۆڕانی ڕوانین ئامانجیەتی، ئەمە بۆ خۆی دەشێت چۆنیەتی بیرکردنەوەی ڕۆماننووسەکەش بخاتەوە ڕوو، یان چۆنیەتی ڕوانینی بۆ دنیا کە بە (جیهانبینی) ناوزەد دەکرێت.

وەک ئاشکرایە زۆرینەی ڕۆمانەکان لە چەند بەشێک و ڕشتەیەک پێک دێن کە لای ئێمە بە زنجیرەیی خۆیان دەنوێنن، لەکاتێکدا شێوازی نووسەران لەکەسانێکەوە بۆ کەسانێکی دیکە گۆڕانیان بەسەردا دێت، ئەگەر دەقی ڕۆمانێک لە دوازدە بەش پێک بێت، دەشێت شێوازی گێڕانەوە، ئەو زنجیرەیەی خولقاندبێ و لەبنەڕەتدا ئەو دوازدە بەشە بەم شێوەیە بووبن: (١٠، ١٢، ٣، ٤، ١، ٧، ٨، ٥...تاد)، یان بەجۆرێکی دیکە و دیکەش، بەڵام لەنێو ئەو دوازدە بەشەشدا کە شێوازی نووسین گێڕانەوەی وەهای ڕیز کردبێت، سەرلەنوێ ڕەوتی گێڕانەوە بەکردەی ونبوون و ئاشکراکردن و دواخستن و گەڕانەوەدا ڕەت دەبێ کە گێڕانەوەی پارچە پارچە کردبێ و نووسەر بەسەریان بکاتەوە، یان گردیان بکاتەوە بۆ خولقاندنی دەقەکەی وەک گشتێکی پێکەوە بەستراو کە بۆ خۆی بەش بەشکردنێکی دیکەشە.

ئەم جێ هێشتن و بەسەرکردنەوەیە بۆ سەر هێڵی درامی و گشتی، ون کردن و گەڕانەوەیە بۆ سەر هەمان گێڕانەوە کە واز لێ هێنراوە، وای لە تۆدۆرۆف کردووە خوێندنەوەیەکی بازنەیی بۆ (سەد ساڵ تەنیایی) ڕۆمانەکەی (مارکیز) بکات(١)، یان (ئازاد سوبحی) بۆ خوێندنەوەیەکی بازنەیی (مەرگی تاقانەی دووەم)ی (بەختیار عەلی) کە بانگەشە دەکات ناتوانرێت هیچ ناوێک بۆ کارکردنی ئەو ڕۆمانە لەناوەوەدا هەڵبژێردرێت جگە لە بنیادی بازنەیی نەبێت، لەبەر ئەوەی تێکڕای ئەو دەقە لە چوارچێوەی جەوهەرێکی سەرەکیدا دەجووڵێت کە لێوەی دەست پێدەکات و بۆی دەگەڕێتەوە(٢).. چونکە بابەت و ڕووداو سەرلەنوێ و بەپێی ڕۆڵی هاتنی

کاراکتەرەکان بەرەو خۆی دەگەڕێتەوە و جەختکردنەوەیە لەسەر هەمان ڕووداو، ئەم ڕوانینانەش بەو پێیەی ئەو جۆرە دەقانە هەمیشە دەگەڕێنەوە بۆ سەر خۆیان و بازنەیی لە جووڵەدان، شیوەی بازنەیی دەقەکان دەشێت لە هەموو دەقێکی ڕۆماندا هەبن کە گێڕانەوەیان پارچە پارچە بووبێت، یان دوورکەوتنەوە لە هێڵی درامی و پەلهاوێشتن بە ئاقارێکی تردا لە بەشێکدا و گەڕانەوە بۆ سەر هەمان هێڵی زمانحاڵیان بێت، ئەمەش زۆرجار تەکنیک ئەو ڕۆڵە دەگێڕێ و پێکداچوونی شتەکان ئەو بە پارچەبوونە ڕۆدەنێن.

شێوازی بە پارچەبوونی گێڕانەوە وەک چۆن کەم تا زۆر لە زۆرینەی دەقە زیندووەکانی دنیادان، کەم تا زۆریش لای هەموو نووسەرانیش ئەگەر لە پرۆسەی ئاگاییشدا نەخوڵقابن بوونی هەیە، وەلێ هەموو ئەو دەقانەی بەپێی بەرنامە و پێزانینی پێشتری نووسەرەکان و لە ئاگاییدا بە ئەنجام گەیشتبن، لە هەموو ڕووەکانی هونەرییەوە، لەڕەگەزەکانی ڕۆماندا ڕەنگ دەدەنەوە و ئەو شێوازە بە ئاسانی خۆی پیشان دەدا و زۆرتر خوێنەران لەگەڵ خۆیاندا بەشدار دەکەن و ناڕاستەوخۆش جۆرێک لە گرێچن دروست دەکەن کە بەگرێییەک خۆیان دەنوێنن دەروونی دەکەونەوە، واتە ڕەنگە لای نووسەرەکان گرێچن بەهەندیش وەرنەگیرابێت، کەچی لای خوێنەران بەگرێچنێکی نوێ لێک بدرێتەوە و بەجۆرێکی دیکە بێت لەلایان کە گرێچن لەڕۆمانی نوێدا بە چەشنێکی تر خۆی بەرجەستە بکاتەوە، شێوازی بە پارچەبوونی گێڕانەوە لەخۆیدا شێوازی نووسین و فۆرم و تەکنیکی نووسەرانیش یەکالا دەکاتەوە و ڕەنگە لە دەرفەتێکی تردا بتوانین بۆ باشتر بەدەرخستنی ئەم شێوازە پراکتیک لەسەر چەند دەقێکی کوردی و جیهانی بکەین.

**سەرچاوە:**

**(١) قراءة تودوروف لمائة عام من العزلة، گۆڤاری الاقلام ژمارە (١١، ١٢) ١٩٨٦، بغداد.**

**(٢) مەرگی تاقانەی دووەم، گێڕانەوەی زیندوو. خەونی مردوو. ئازاد سوبحی، گۆڤاری ڕامان ژمارە(٤٣) ساڵی ٢٠٠٠.**

# ژیلا و هەڵوێست و ڕاپەڕینێکی نوێ

**قادر عەلی خا**
**(بۆکان)**

**نازانم شەو بۆ پیر نابێ**
**ئەو بسکانەی هەتا دێ هەر درێژ ئەبێ**
**چەند حەز ئەکەم چەن تاڵ قژی سپی بکات**
**هەڵی کەنم زیاد بکات**
**ئەم خاتوونە باڵابەرزە ڕەشپۆشە بۆ**
**قەد پیر نابێ؟!**

شک لەوەدا نییە کە ویست و داخوازەکان لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی دیکە گۆڕانی بەسەردا دێ، با ئەم دووانە لە ڕەگەزێکیش بن، جاری واش هەیە، ئەم گۆڕانە کەلەبەرێکی ئەوەندە گەورە دەخاتە نێوانیان کە بەیەک گەیشتن و تەنانەت لەیەک نزیک بوونەوەشی زۆر دژوار و مەحاڵ دەبێ، ئەمە شتێکی سروشتییە و نکۆڵی لێناکرێ، ئاشکرایە دابەش کردنی ویست و داخوازەکان لەنێوان ژن و پیاودا لەکۆمەڵگەیەکدا کە مافی ژن و پیاو وەک یەک دەپارێزرێ و ڕێز لە هەست و ئاواتی مرۆکان دەگیرێ، لەوانەیە شتێکی سەیر و سەمەرەش بنوێنێ، تەنانەت هەر بۆ باس لێکردنیش نەبێت، بەڵام لەو کۆمەڵگەیانەدا کە مافی مرۆڤ بەتەواوی لەلایەن دەسەڵاتەوە پێشێل دەکرێ و دەیان بیانووی جۆراوجۆریش دادەتاشرێ بۆ پاساو هێنانەوەی ئەو پێشێلکاریانە، سەرەڕای ئەوەی دەسەڵات کە بۆ پاوان خوازی و داسەپاندنی خۆی هەر کارێکی لەدەست بێ دریغی لێناکا، کۆمەڵیش بە دەیان دابونەریتی یاسایی تێدایە کە لادان لەوان زۆرجار بۆ لێخۆش بوون و پشتگوێ خستن نابێ، تاوانی یاساشکێن نەوەک هەر بۆ خۆی، بەڵکو بۆ بنەماڵە و کەس و کاریشی زۆر گران تەواو دەبێ، لەو کۆمەڵگەیانەدا کە مرۆڤەکان بەگشتی لەبەندی هەندێ یاسای نەریتی و کولتووریدا گیرن. بازنەی ئەم زنجیر و کۆتانە لەدەست و پێی ئافرەتاندا زیاتر چڕ دەبێتەوە، واتە ژنان دیلی ناو کۆمەڵگەیەکی دیلن، کە ژنان دەبێ سەرەڕای هەوڵدان بۆ ئازادییە کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی،



ژیلا حوسێنی

دەبێ بۆ وەدەست هێنانی مافە ڕەگەزییەکانی خۆشیان تەقەلا بدەن، زۆر جار ئەو هەوڵانە، کە لادانە لەو یاسایانەی کۆمەڵ و پەڕاندنی هێڵی سووری نەریتە باوەکانیشە، تووشی ئازار و جەزرەبەی زیاتریان دەکەن، ئەوان هاوکات دەبێ لە دوو بەرەدا تێکۆشانیان هەبێ، چونکە زۆرێک لە ویست و داخوازە تاکەکەسییەکانیان هەم کۆمەڵ تووڕە دەکا و هەمیش دەسەڵات دەوروژێنێ، ئەو ویستانەیان لادانە لە ئەو هێڵە سوورەی کە دەسەڵات و کۆمەڵ وێکرا قەبووڵیانە، ئەمە سەرەڕای ئەوەیە کە ئەم دووانەش (یانی دەسەڵات و کۆمەڵ) بۆ خۆیان لە زۆر شوێندا ناکۆکی و دژایەتیان هەیە، تەنانەت لە دوو بەرەی بەتەواوی دژی یەکتر دان، لەبەرئەوەی دەسەڵاتیش لەبەر بەرژەوەندییەکانی خۆی، مافەکانی کۆمەڵ ژێر پێ دەنێ.

ئەمە لە حاڵێکدایە ئەگەر وردبینانە لێیان بروانین و ژیرانە شرۆڤە بکرێن، زۆریش ویست داخوازێکی سروشتی و ئاساین، دەبێ بۆ وەدەست هێنانی ئەو ویست و داخوازە نوێ و پەڕاندنی ئەو کۆت و زنجیرانە یارمەتیشیان بدرێ، ئەم وتانەی سەرەوە دەیسەلمێنن کە ژنە ئەدیب و هونەرمەندەکانمان دەبێ لە کارەکانیاندا ویست و داخوازە ژنانەکانیان بە ڕوونی بخەنە ڕوو، ویستێکی شیاوە، کە دیارە بۆ لابردنی ئەو کۆت و نیرە ئایینی و کولتووریانەی سەر ئەستۆیان، دەبێ خۆشیان بۆ هەموو ئازار و گیروگرفتێک ئامادە بکەن، هەروەک سواڵی ئەشق و خۆشەویستی ناکرێ، ئازادیش بە خەڵات بەهیچ کەس و نەتەوەیەک نادرێ، ئاسکی ئازادی زۆر سڵ و سرکە، ڕاو کردن و لە داو خستنی ئازار و ماندووبوونێکی زۆری دەوێ، کەم نەبوون ئەو ژنانەی کە بۆ شکاندنی ئەو لەمپەرانە هەنگاویان ناوە و تەنانەت زۆر جاریش لەو ڕێگایەدا تووشی ئازار و جەزرەبەی ڕۆحی و گیانیش بوون، زۆر کەرەتیش گیانی خۆیان کردۆتە سووتەمەنی ئەو ڕێبازە، «لەیلا قاسم»، «لەیلا زانا» و دەیان ئافرەتی دیکە کە ناوهێنانی هەموویان دەیان لاپەڕە ڕەش دەکاتەوە نموونەی بەرچاوی ئەو هەوڵانەن، بەختەوەرانەش کەم نین ئەو ژنە ئازا و چاوکراوانەی کە نەترسانە هەوڵیان داوە و لە لەمپەرەکان نەپرنگاونەتەوە لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی هونەری و ڕامیاریدا هاتوونەتە نێو گۆڕەپانی خەباتەوە، زۆر شوێنی بەرچاو و کاراشیان هەبووە، کە جێگای ڕێز و شانازین، دوای کوژانەوەی چرای دیوەخانەکەی (مەستوورە خانمی ئەردەڵان)، (ژیلا)، توانی چرایەکی نوێ بە گڕ و تینێکی جیاوازەوە هەڵکات، دەنگ و ویستی ئەو، ڕەنگدانەوەی کێشەکانی سەردەمی خۆیەتی. شیعری «ژیلا» هاواری دڵ و زریکەی ڕوحی وەزاڵە هاتووە، زاڵە و ناڵەی لەو ئازارانەیە کە مرۆی سەردەمی ئەوی پێدەچەوسێتەوە، دڵداری ناو شیعرەکانی ئەو پیاوێکی سمێڵ قەترانییە، نەکو ژنێکی چاومەستی ئەگریجە خاو، هاواری ئەو بۆ وەدەست هێنانی مافە زەوت کراوەکانیەتی، بۆ ئەو مەبەستەش تەنانەت بەگژدایکیشی دادەچێتەوە، ئیتر گوێ بۆ ڕێنوێنییەکانیشی شل ناکا کە هەر فێری دابونەریتەکانی پێش خۆی دەکات و ویستەکانی هەنووکەیی خۆی دێنێتە گۆڕێ. چەندە نەترسانە یەخەی زۆردارەکەی دەگرێ و بە دایکی دەشوبهێنێ، ئەمە ئازایەتییەکی زۆری دەوێ.

**چیت گەرەکە**
**بۆ ڕێم نادەی ئەو پرچە شینانەی دەریا دابهێنم**
**بۆچی بووی بە دایکم و**
**ناهێڵی ئەم خاکە جوانە ماچ بکەم و**
**خۆشەویستی بۆ مەلی ماندووی ئەندێشەم**
**بکەم بە دان و هێلانە**

یان لە «چەن گلەیی»دا: چەند بەئەدەبەوە هاوڕێکەی- کە دەبێ پیاو بێ- ئاگادار دەکاتەوە کە زەمان گۆڕاوە و ڕوانینی تۆش دەبێ گۆڕانی بەسەردا بێ.

**ئای هاوڕێکەم**
**هەتاکەی من بە نوێنەری**
**ژێر دەسەڵاتی و نامۆیی**
**بە نوێنەری فرمێسک و ناڵین ئەزانی**
**بەبڕوای تۆ**

**کاتی ئەوە نەهاتووە**
**چاوەکانم وەکو پەنجەرەی سەر مێشکێ**
**پڕ لە تاسە بزانیت و**
**پەردەی سەر ڕازەکەی لادەی؟!**

چلـەپۆپەی ئـەم هەڵوێسـتـە هاوارێکە کـە لە گـەرووی «پرسیارە»وە سەرهەڵدەبڕێ، ئاگری زاڵە و نەفرەتی کڵپە دەستێنێ، پەردەی دیلی لادەدا و کۆت و زنجیر فڕێ دەدا و حەز دەکات «سەرپۆشە شڕەکەی» فڕێ دا و پەنجەرەی تاقبازی بەرەو ئاسمان بکاتەوە. مێشـک و بیری دەکاتە میوانی هەتاوی زانین و هەستی دەخاتە شوێن ئەستێرەی پرشنگداری فـێـربوون و زانین. چەندە قـەڵس و تووڕە چاویلکە قـەترانیـیـەکـەی دایکی، ئەو دایکەی کـە سـەمـبـولێکە لە تەواوی ژنانی ڕابردوو تووڕ هەڵدەدا و «نا» دەڵێ بەو دنیـایەی دایکی نیشـانی دەدا، سـواری ئەسپی سەرکێشی ئەندێشـەی دەبێ و بە شـوێن وەڵامی پرسیارەکانی دەکەوێ، بۆ هەوێنی ئەم باسەمان «پرسیار» هەڵدەبژێرین و چاوی دڵـمـان بەناخی شـیـعـرەکـەدا دەخشێنین:

**سەرپۆشە شڕەکەی دایکم**
**دەس بەرداری سەرم نابێ و**
**ئەڵێ «من هی داپیرەتم»**
**ڕەنگە ئەویش لەداپیرەی خۆیەوە بۆی بەجێ مابێ»**

ئەو خاسەکەوەی بەدەندووکە ناسکەکانی بەگژ شووڵی قەفەس دادەچێ، پەلەقاژەی مردن ناکا. هەوڵدانیەتی بۆ ڕزگاری. ئەو بەندییەی بەگژ دیواری بەندیخانەدا دەچێ و چاو لە ڕۆژنەیەک دەگێڕێ تاو بدوێنێ بەزیو نییە، زاڵەی لە دەست بەندییـەوانە. ئەو هاوارەی خـۆ لە دەروونـدا ڕاناگرێ و وەکو کانی قوڵپە دەکا بۆ سەرێ، زیرە نییە بۆ هەڵاتن، نرکەی شێرانەی هەڵوێستە. لێرەدایە ئەو تەنگژە و پاڵەپەسـتـۆیانە وەلادەنێ کـە وەک جـیـوە بە بەرۆکی ژنانەوە نووسـاون. چەشنی دایکی بیـر ناکـاتەوە، بۆچوونەکـانی ئەو و دایەگـەورەی ناسـەلمێنێ، زاڵە و نەفرەتی خۆی لە دەست ئەم سەرپۆشە هەزاران ساڵەیە بەرز دەکـاتەوە، سـەری بۆ شـۆڕ ناکـات و شـانی وەبەر نادات، خـۆی لێ دەبوێرێ و نـەترسـانـە تووڕی دەدات و دەیخاتە زبڵدانی مێژووەوە:

**سەریشم پەنجەرەی تاقبازی بەرو ئاسمانە**
**حەز دەکا، ڕۆژان میوانداری هەتاو بکا و**
**شەوانیش مانگ و ئەستێرە**

کـە پەنجـەرەی بیـری وردی سـەرپۆشـە شـڕەکـەی لەسـەر دادەمـاڵێ و مـەودای زەینی بۆ دەرەخـسێ پەنجـەرەی تاقبازی فێربوونی بەرەو ئاسمانی زانیاری دەکاتەوە، بە ئاشکرا و نـهێنی دەچێتـە ژوانی تێگەیشتن و فێـربوون.

بێ ترس و خۆف دەسـتـەمـلانی دڵداری بەو و پێش چوون دەبێ، دەبێـتـە ڕێبـوار و ڕچەشکێنی ئەم ڕێگا پڕ کـەندو لەندە و توانج و لۆمانە ناپیرینگێنێتەوە، ئەمەیە ڕەمزی سەرکەوتن و ناوە پیرۆزەکەی ژیلا.

**چاویلکەیەکی قەترانیش لە دایکمم بۆ ماوەتەوە**
**ئەڵێ: «دنیا هەر ئەمەیە تۆ ئەیبینی»**

ویست و داخوازییـەکـانی دایکی و ئەو مـیـراتیـانەی ئەویش لەدایە پیـرەیەوە بۆی بەجێ مـاوە، ئیـتـر نـاتوانێ ببێـتـە ئاوێنەی باڵانوێنی بیـر و فکری ئەو، ئەوێک کـە خولیای بینینی ژیانێکی تازەیە، برسی چێشتنی تامێکی ترە لە ژیان، ئەو ژیانەی بێـزارە لە ڕەشـبـینـی و دڵداری گەشبینییە، ئەو نانەکەی دایکی لە کۆش نانێ و «بەختی دایـک جـیــازی کـچــە»، بە تەواوی ڕەت دەکــاتەوە ڕێگایەکی نوێ دەخـاتە بەر پێی کـچـانی داهاتوو، پردە بازێکی تازەیان پیشان دەدا، ئەویش هەوڵدانە بۆ زانین و فێربوون و هەنگاونانە بەرەوپێش چوون.

**لەگەڵ گرمەی هەر هەورێکا، قارچکی سەد پرسیاری**
**دوویات و تازەش**
**لەچاوانما هەڵ ئەتۆقێت.**

ئەم بۆچی و؟ لەبەرچی و؟ سـەدان پرسـیـارەی کـە ئەم خـاتوونی شـیـعـرە وەشـوێنیـان کـەوتووە بڵـێی هەر ئەو سەرپۆشە شڕە و چاویلکە قەترانییـە نەبێ کـە دایکان و داپیـرەکـان پشـتـاوپشت بە یەکـیـان سـپـاردووە و تـەنیـا هەنگاوێکیش بۆ تووڕهەڵدانیـان هەڵنەگیـراوە. لێـرەدایە هاواری فڕێدانی بیرە چەوتەکان و گۆڕینی دابە ناحەزەکان بەرز دەکـاتەوە و لەگـەڵ بیـرە وردەکـەی حـافـزی شـاعـیـر تێکەڵ دەکا و دەڵێ:

**بیا تا گل برا فشانیم و می در ساغر اندازیم**
**جهان را سقف بشکافیم و طرحی نو در اندازیم**

«پرسـیـار» و چەند شـیـعـرێکی دیکەش لەم چەشنە مـۆرکی ژنـانە بوونی بەرهەمـەکـانی ژیلایان پێوە دیارە و هاواری نەوەستان و جووڵان بەرز دەکەنەوە، دەروازەیەکی دیکە لەبەردەم ژنانی سـەردەمـدا دەخـاتە سـەرپشت و سـەرنجـیـان بەرەو ژیانی ڕاسـتـەقـینە و دابی ئێـسـتـێ ڕادەکێشێ کە ئەمەش کارێکی پیرۆزە و جێگای ڕێزە.

شـیـعـرەکـانی دەکـاتە پەیژەی بەرەو سـەر چوون، ڕووبارێکی زوڵاڵ و پڕخـرۆش ڕێگا دەبڕێ و جـوانی و ئاوەدانی بە ژیان و دەوروبەر دەبەخشێ. شـیـعـری ژیلا ڕاپەڕینێکی نوێیە لەو لەمپەرانەی کە بەربەستن بۆ هزر و ڕوانـیـنـی ئـەو بـۆ ژیـان. دەروازەی ژیـانـێـکـی نـوێ بـۆ ئافـرەتانی سـەردەمی خـۆی دەخـاتە سـەرپشت. فـێـری نەترسان و ڕاسانیان دەکا.

# سەرهەڵدانی فەلسەفەی سکولاستی

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی ئاداب)

ئەگەر مرۆڤ بە وردی سەرنجی فەلسەفەی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست بدات و توندوتۆڵ ڕەوش و فاکتە مێژووییەکە لەبەرچاو بگرێت، دوور نییە ئەو بۆچوونە لە مێشک و ناخیدا خەتو خاڵ بدات کە لە قۆناغی دیاری کراوی کۆمەڵگاو شارستانییەت و تەمەدونی مرۆڤایەتیدا هۆکاری زەبەللاحی ئابووری تاڕادەیەک پاشەکشەی کردووە و وەک سەرپشک و شاهۆکار ڕۆڵ و مەڵبەندی خۆی لەدەستداوە و ناچار بووە وەک هۆکارێک لە ڕیزی هۆکارەکانی دیکەوە چالاک و کاریگەر و دەستبەکار بێت. قۆناغی فەلسەفەی سکولاستی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست بەڵگەیەکە ڕاستی ئەو قسەیە ساغ دەکاتەوە.

لە بەرانبەر ئەو پاشەکشێیەی هۆکاری ئابووریدا، هۆکار بگرە شاهۆکاری ئایینی مەسیحی کە لەمنداڵدانی ئایینی جوولەکەدا پێگەیشتووە و سەری هەڵداوە ئینجا ماڵی خۆی کردووە و جیابۆتەوە کۆنترۆڵی سەرتاپای کۆمەڵگا و مرۆڤی کردووە، بووە بە ئایدیۆلۆژییەکی سەرتاپاگیر هیچی نەهێشتووەتەوە کە نەیخاتە ژێر باڵی خۆیەوە و دەستی تێوەر نەدا هەر لە پێوەندییەکانی ژیانی ڕۆژانەوە تاوەکو فەلسەفە و مێژوو و هەندێک جۆری هۆشیاری کۆمەڵایەتی وەک قانوون و بنەماکانی ئاکار و یاسا و ئەدەبیش بە هەموو جۆرەکانییەوە.

ئەو ڕەوشەی کە لە سێبەری مەسیحیەتدا پەیدا بووە، دەکرێ بە جیهاندید و شێوازی ژیانی مەسیحی ناو ببرێت، بریتی بووە لە جیهانێک بیروبۆچوون و ئیدی کە سەرتاپای ژیانی سەدەکانی ناوەڕاستی ڕەنگ ڕشتووە. لەو جیهاندیدەدا چەند خاڵێک سەرنج ڕادەکێشن:

**یەکــەم**: ڕەواکــردنی بەند و کــۆیلایەتی، وەک دوو ڕەنگییەکی بۆچوونی ئەو ئایینە مرۆڤ لە دوولاوە پابەند کراوە لەشی وەک بەند و کۆیلە موڵکی خاوەنەکەی بووە، گیــانیــشی بە بڕوای دۆگــمی مــەســیــحــیــیــەت بارگــران کــراوە(١) لەلایەنی پراکــتــیکیــیــەوە، پێوەندییــەکــانی بەرهەم هێنان و کــۆمــەڵایەتی، مــرۆڤ تەنیــا ئەرکی سەرشانی هەبووە و ئەو ئەرکەی سروشت و کەسایەتییە ئاکــارییــەکــەی دیار و دەست نیــشــان کــراوە. لەلایەنی ئایینییەکەوە کە جۆرە ئایدیۆلۆژییەکی سەردەمی خۆی بووە، دنیــا و ژیانی ئێــســتــای لەبەرچاو سووک کــراوە و ســەرنجی بۆ لایەنێکی تری ئەفــســووناوی ڕاکــێــشــراوە، ژیانی دوای مردن.

**دووەم**: ئەگــەر لە بەرهەمی بیــرمــەند و فــەیلەسووفــانی ئەنتــیکدا، جۆرە گــەشــبــینیــیــەک هەست پێ کــرابێ، لە جــیــهــاندیدی لاهووت و فــەلســەفــەی مــەســیــحــیــدا ڕەشبــینیــیــەکی ئاشکرا دەدیترێ(٢). فــەلسەفــەی یۆنان بەگــشــتی بڕوای بەهێــز و توانای ژیری مــرۆڤ هەبووە، کەچی مەسیحییەت ئەوەی خستۆتە مێشک و ناخەوە گوایە مرۆڤی ئاسایی چاکەکاری لەدەست نایەت و توانای چاکەی نییــە، بەڵام هێزی ڕەبانی یارمــەتیــدەری مرۆڤــە بەتایبەتی لەو لایەنەدا کــە مرۆڤ بێ توانایە. بەم پێیــە پشت بەستن بە هێــزی ســەروو ســروشــتی و بڕوا بەخــۆ نەبوون ســـروشــتی بەرچاوی جــیــهـــاندیدی لاهووتی مەسیحی بووە.

**سێیەم**: مەسیــحییــەت پشت ئەستوور بە کــولتــوور و ئایینی جوولەکە و ناوچەکە چارەسەرێکی کێشەی مردنی داوەتە دەست. هەر لەســەرەتای ژیانەوە مــردن ئەو بابەتە بووە کــە بوونەوەری ژیری نیگــەران کــردووە. چەندە ژیان خۆشی تێدا بووبێ ئەوەندەی ئەو ترسە نەبووە کە مرۆڤ لەمــردن هەیبــووە. کــۆتاییــەکی ســەرســووڕهێنەری نادیار، تاقیکردنەوەیەک دەبێ هەمــوو کەسێک پێیدا تێپــەڕێ بەبێ ئەوەی بتوانێ و بزانێ بۆ کەسانی تری بگێڕێتەوە، یان باسی بکات. مەسیحییەت بەم جۆرە ترسی مردنی ڕەواندۆتەوە، ئەگــەرچی خــۆی وای داناوە گــوایە مــردنی بەزاندووە: زیندووبوونەوە لە ڕۆژی حــەشــردا؛ مـــردن گــەورەترین و بەدترین دوژمنی مــرۆڤــە، بەڵام ڕووداوێکی ناچارییــە هەرچی سەرەتای هەبێ، لە بوونەوەراندا، دەبێ کــۆتاییــشی هەبێ کــە مردنە، بەڵام ئەو دوژمنە بەزێنراوە بەوەی مەسیحی ئیمانداری ڕاستەقینە دوای مردن زیندوو دەبێــتــەوە، گــۆڕەکــان هەڵدەدرێنەوە و پیــرو پاک و پیــاوچاکــان و بەدکاران لە بەردەم ڕەب لە ڕۆژی حــەشــری قیامەتدا ڕادەوەستن و لێیان دەپرسرێتەوە. گیانیش هەر بە نەمری دەمێنێتەوە.

ئەوەی لێــرەدا ســەرنج ڕادەکــێــشی دوو خــاڵە کــە هەردووکیان داهێنانی مەسیحییەت نین:

**یەکــەم**: نەمــری گــیــان بابەتێکە مــەســیــحــیــیــەت لە کــولتــووری پێش خــۆی، بەتایبــەتی لە ئایینە ناوچەیی و فەلسەفەکانەوە خواستوویەتییەوە. زیندووبوونەوەش کە لەشی مردوو دەگرێتەوە لە تەوراتەوە وەرگیراوە بەتایبەتی لە دانیال: ١٢-٢، ئەیوب ١٩-٢٥)...تاد.

**دووەم**: حاخامەکانی تایەفەی مووسا (جوولەکە) پشت ئەستــوور بە تەورات وای بۆچوون کە ڕەبی مــووسا ژیانی بەمرۆڤ بەخشیوە و لەچارەی نووسیوە لەسەر زەوی بژی، بەڵام مـــرۆڤ (ئادەم) هەڵە و گـــوناحی کـــردووە و لەپارسەنگی ئەو گوناحەدا مردن بۆ مرۆڤ بڕاوەتەوە(٣).

بەستنەوەی کــێشــەی مــردن بەگــوناحێک کــە بە ئادەم کرابێ و کەسانی تر بچنە ژێر بارییەوە، ئینجا بەزاندنی ئەو مردنە بەوەی باسی ژیانێکی تری دوای مردن بکرێت، بابەتێکە بەهیچ ژێر و مەنتیقیک پاساو نادرێ و پشت ڕاست ناکرێتەوە، بەڵکو ڕەواکردنی ڕەوشێکی دیاریکراو و مەبەست و ئامانجێکی پێشبیانەی ڕەنگ بۆ ڕێژراو بەو لاوە نییــە، ڕاســتــە ئەو چارەســەرە ختــووکــەی مــرازی بێ سنووری مــرۆڤ دەدات، مــرۆڤــیــش تاکــە بوونەوەرە بەهۆشیارییەوە ئاگادارە کە مردن کۆتایی بە ژیان و بوونی دەهێنێ، ئەوە دیســـانەوە دوو خـــاڵ ڕووبەڕووی ئەو چارەسەرە دەبنەوە:

**یەکەم**: چارەسەرەکە لەخۆیدا سروشتی کێشەکەی پێوە دیارە. مــردن کــێــشــەیەکــە بەهیــچ بنەمــایەکی ژێر پاســاو نادرێ. ژیانی دوای مردن کە پێشنیار کراوە لە کێشەکە ئاڵۆزتر و ســـتـــەمـــتـــرە و سنووری هەمـــوو بڕیار و پاساودانێکی ژیرییانە تێدەپەڕێنێ. دەبێ بۆ ئەو ژینەی بەمــرۆڤ بەخــشــراوە و بووە بە مــافــێکی بنەڕەتی بەو مەرگەساتە تەفر و توانا کەرە کۆتایی بێت؟ ئایا کێشەکە و پێشنیاری چارەسەرەکەی بۆ بەزاندنی مردن ئەوەندەی تر بێ هوودەیی ژیان لەبەرچاو بەرجەستە ناکەن؟!

**دووەم**: ئەگەرچی چارەسەرە پێشنیارکراوەکە ئەوپەڕی

دانایی و ژیری تێـــدا بەدی دەکـــرێ و دەکـــرێ بوترێ لەتوانای حاخامی جوولەکە و کەشیشی مەسیحیدا نەبووە چارەسـەرێکی دیکەی لەوە ڕێکوپێکتـر بداتە دەست بۆ ڕەواندنەوەی خێوی مردن لە بەرچاو کەسانی سادە، ئەوە ئاخـاوتنەکـەی سـپینۆزا ئێسـتـاش گـەرمـوگـوڕی خـۆی لەدەست نەداوە:

مرۆڤی ئازاد دوا بابەت و شتێک کە بیری لێ بکاتەوە بابەتی مـردنە، ژیر و مـەنتـیق ئەوە نین لە مـردن ورد بینەوە(٤)، بەڵکو ئەوەن سەرنجی ژیان بدەن، کێشەکانی چارەسـەربکرێن و چی بکرێت بۆ ئەوەی ناخۆشییـەکـانی بکرێن بەخۆشی!

**سەرەتای سکولاستی**

١- وشەی سکولاستی لە وشەی (سکولا)وە Scho-la هاتووە کـە واتـای قـوتابخـانە، ئەو جێگـایەی تێـیدا دەخوێنرێ، دەگـەیەنێ. بەگشتی ئەو قۆناغـە لە سـەدەی هەشتـەم دەسـتی پێ کرد تا سـەدەی پازدە کـە سـەرەتای دەرکەوتنی پێشەنگی ڕێنێسانس کۆتایی پێ هێنا.

دوای ئەوەی سەدەی چوارەم ئیمپراتۆر کۆستانتین بوو بە مەسـیحی و ئەو ئایینەی کـرد بە ئـاییـنی فـەرمی ئەو وڵاتەی لەژێر دەسـتی دابوو، ئاسـۆیەکی دیکەی فـراوان لەبەردەم فـەلسـەفـە و لاهوتی مـەسـیحـیدا کـرایەوە. تارادەیەک زمـانی یۆنانی بەرەو پاشەکشێ چوو. لاتینی بوو بەزمانی ئینجیل و نووسین و خوێندنەوە. فەلسەفە و لاهووت بە لاتینی نووسرانەوە وەک زمانی عـەرەبی چۆن لەلای ئێـمـە بوو بە زمـانی ئایین و بەسـەدان سـاڵ ڕۆڵەی نەتەوە مـوسـڵـمـانەکـان شتـیـان پێ دەنووسی، بە هەمـان شێوە لاتینی لە ئەورووپا ئەو ڕۆڵەی گێڕاوە.

ئیـتـر دەست کـراوە بە وەرگـێـڕانی شـاکـارە ئەدەبی و فـەلسـەفـەییـەکـانی یۆنان و لەدواییـدا بزووتنەوەی وەرگێڕانی ئەو بەرهەمانەی بەزمانی عەرەبی نووسراون بۆ سەر زمانی لاتینی دەستی پێ کردووە. وەک ئاشکرایە لە هەلومـەرجی دیاریکراودا وەرگـێـڕان ڕێگای داهێنان، دامەزراندنی کولتـوور و شارسـتـانیەت خۆش دەکـات لە ئەورووپای لاتـینیـدا ئەو داهێنانە- بەپێی سـەردەمی خـۆی- لە سـەدەی نۆیەم دەسـتی پێکرد، دوای ئەم وەرگێڕان و داهێنانە ئایینی مەسیحی قۆناغی دووەمی دەست پێکردووە، قـۆناغی پێگەیاندنی کـەشـیش و پیـاوانی ئایینی و ئەو کەسانەی لەکڵێسەدا پێش نوێژی دەکـەن(٥) سـەرەڕای دروسـتکردنی ئەو کـڵـێـسـانەی ئێستاکە بوونەتە شاکاری بیناسازی و جوانترین تابلۆ و کاری هونەرییان تێدایە.

لەسـەرەتادا کـۆشش کـراوە فـەلسـەفـە و لاهووتێک دابنرێن کە بە ژێر پشت ئەستوور بن. ئینجا کۆششی ساغ کردنەوەی ئازادی خواستی مرۆڤ دراوە. ئەو هەوڵە بەدوو لادا دراوە:

**یەکەم:** ساغ بکرێتەوە کـە مرۆڤ خـواسـتێکی ئازادی هەیە و هیچ پێویست بەوە ناکات گریمان بکرێت کە ڕەب دەستی لە هەمـوو شتێکدا هەیە و هیچ شتێک لەژیاندا بەبێ خواستی ئەو ڕوونادات.

**دووەم:** دەربارەی ئۆبـاڵ کـێـشـان و ئەو گـوناحـەی لەئادەمـەوە بە مـیـرات بەجێ مـاوە، هەوڵدراوە، بە پەنابردنە بەر ژیری ئازاد پشت ڕاست بکرێتـەوە کـە ئەو گـوناحـە مـیـراتیـیـە دەکـرێ بە سێ قـۆناغ دابەش بکرێت:(٦)

قـۆناغـێکی پێشـوو (ڕابردوو) ئۆباڵکێـشـانی مـرۆڤ لەسـەرشـان و ئەسـتـۆ لانابات. قـۆناغی دواتر کـە لەوە کـەوتۆتەوە سـەر بە ئەوە، مـرۆڤ لەتـوانایدا هەیە پشت ئەسـتـووور بە ژیری ئازاد پەی پێ بەرێت. پەی پێ بردنەکەش کێشەکە بەلایەکدا دەخات. لەقۆناغی سێیەمدا کێشەکە تەمومژاوی و ئاڵۆز بەدەردەکەوێ، بەڵام مرۆڤ بەخـواسـتی سـەربەخۆی خـودی خـۆی دەتوانێ خـۆی لێ دەرباز بکات.

لەو قـۆناغـەدا بابەتی ڕەب و خـەسـڵـەت و سێ ڕەنگییـەکـەی کـێـشـەیەکی تری سـەرەکی فـەلسـەفـە و لاهووت بووە. ئەم بابەتە بەپێی جیهانبینی مەسیحییەت تـونـدوتـۆڵ بـە پـلـەو پـایـەی بـوون و بـوونـەوەرانـەوە بەستراوەتەوە.

جـەوهەری ڕەب، لەو جـیـهـانبینیەی ئەو قـۆناغـەدا، یەکڕەنگ بووە پێش ئەوەی ببێ بە فرە ڕەنگ، لەئاژاوەوە نەزم و سیسـتـمی داهێناوە، بوونیش بەتێکڕایی بەپێی پلەوپایە ڕێک خراوە. هەر پلەیەکی بوون بایەخ و پایەی خۆی لە چینی سەروو خۆیەوە پێ دەبڕێ و دەیگەیەنێتە ئەوی ژێر خـۆیەوە. هەر شـتـە لەگـەردووندا جـێگاو مـەڵـبـەندو ناوەندی دیاری کـراوی خـۆی هەیە. پێـوەندی نێـوان شت بەپێی فـرمـان و قـەزاو خـواسـتی ڕەب دەبێ.

جیاوازی و نایەکسانی لەجیهاندا شتێکی ئاساییە، بوون و بەش و چارەنووس لەسەرەوە لە چوارچێوەی زنجیرەی گەورەی(٧) بوونەوە دێت و بڕیار دەدرێت. ئەگەر مرۆڤ لەو وێنەیەی بوون کە هزری ئایینی ڕەنگی ڕشتووە، وردبێتەوە بۆمان دەردەکەوێ تا چ ڕادەیەک بەهاکانی ئایین، دۆگم و ڕێساکانی ڕەگیان لەژیاندا داکوتاوە و هەموو شتێک دیار و دەست نیشان دەکەن و چۆن دەسەلاتی گیانی- ئایینی پاشەکشەی بەدەسەلاتی جیهانی کردووە.

٢- لەسەرەتای سەدەی هەشتەم دەست کرا بە کردنەوەی خوێندنگاو قوتابخانەی ئاینی و بەر لەکۆتایی ئەم سەدەیەش شارلمان کە لە ئەڵەمانیا بەکارلێ مەزن ناودەبرێ چەندین قوتابخانەی کردۆتەوە و مامۆستای لە ئیتالیا و بەریتانیا و ئیرلەندەوە بۆ هێناون. لەو قوتابخانانەدا ڕاستە بابەتی سەرەکی خوێندن ئایین بووە، بەلام هەر لەو مەڵبەندانەدا بابەتی مەنتیق و ڕێزمانی زمان و دیالێکتیک و پزیشکی و فەلسەفە خوێندراوە، ئەو کولتوور و فەلسەفە و لاهووتەی لەو قوتابخانانەوە پەیدابووە بە فەلسەفەی سکولاستی ناوبراون.

بێ گومان هەموو قۆناغێک دەسپێک و ناوەڕاست و کۆتایی هەیە و فەلسەفەی سکولاستیش چوارچێوەکەی لەم بنەمایە ناچێتە دەرەوە. پێش دەستپێکەکە چەندین بیرمەند بە بەرهەمی هزر و ژیریان ڕێگایان بۆ قۆناغی دوای خۆیان خوش کردووە. ئەگەرچی مەسحییەت دوای ئەوەی کۆسپی بەردەمی تەخت کرا، بوو بە ئایینی فەرمی و شارلمانیش خۆی بە پارێزەری جیهانی مەسیحی دادەنا کەلەپوور و میرات و کولتووری پێش خۆی بە تەواوەتی قەدەغە دەکرد و تەمەدون و شارستانیەتی پێشووی ئەو میللەتانەی ئەورووپای بەناوی ئایینەکەوە شێواند، تەنانەت یارییەکانی ئۆڵەمپێکی یۆنانی و شانۆ بەپیت و پیرۆزەکانیشی بە بیانووی گومڕایی و بێ ئیمانی یاساغ کرد و فەلسەفەی بە دوژمنی یەکەمی برواو ئیمان و ئایین داناوە، بەلام فەلسەفە شان بەشانی هەندێک بابەتی تر تاڕادەیەک گۆڕەپانەکەی چۆڵ نەکردووە، کەڵە بیرمەندی چالاک دەرکەوتوون و ئەسپی خامە ڕەنگینەکەیان لەمەیداندا تاو داوە ئەگەرچی هەندێک جار ڕەنگە ئەو چالاکییە بووبێتە مایەی لەناوچوونی سەروماڵیان. سوار چاکێک لەو کایەیەدا فەیلەسووفی ئیتالیا بۆ ئیتیوس Boethius بووە کە ژیانی لەپێناو فەلسەفەکەیدا داناوە.

**بۆ ئیتیوس**

١- ئەئیسیۆس مانلینوس سیڤیرینوس بۆ ئیتیوس لە دەوروبەری ساڵانی ٤٨٠ز لەڕۆم لەدایک بووە. بە ڕابەرێکی ئەو بزووتنەوەیە دەژمێردرێ کە سەرگەرمی ناساندنی سکولاستی بە فەلسەفەی یۆنانی بووە. ژیری و شارەزاییەکەی بۆتە مایەی ئەوەی ببێ بە میرزاو ڕاوێژکاری شا تیۆدیریش. دەستڕەنگینییەکەی بۆتە زیان گەیاندن بە کەسانێک کە لەدەرباری شادا کاریان کردووە. بەهۆی دوو زمانی کردنیانەوە شا بڕیاری زیندانی کردنی داوە. لەزینداندا شاکارێکی بەناوی سەرەخۆشی فەلسەفە (Vom Trost der Philosophie) نووسیوە و ساڵێک دواتر (٥٢٥ز) بەوپەڕی دڕندانە لە سێدارە دراوە.

لە شاکاری سەرەخۆشی فەلسەفەدا زمانی پەخشان و هەڵبەستی تێکەڵ کردووە. لەو بەرهەمەدا فەلسەفەی کردووە بە کیژە شۆخێک و لەگەڵیدا لەزیندان دەربارەی بابەتی هەمەڕەنگ قسەو هاوپەیڤینی کردووە. بۆ ئیتیوس کتێبی چەمکەکانی (مەنتیقی) ئەرستۆی کردووە بە لاتینی و وەرگێڕانی ئەو بەرهەمە ساڵەهای ساڵ لە دێر و قوتابخانە و خوێندنگاکاندا بەرنامەی خوێندنی قوتابیان بووە.

شاکاری سەرەخۆشی فەلسەفە لەپێنج بەش پێک هاتووە:

بەشی یەکەم: فەلسەفە لەبەردەم نووسەردا لەزیندان بەدەردەکەوێ و نووسەر باسی ئێش و ئازاری خۆی بۆ دەکات.

**بەشی دووەم:** شانس و بەختەوەری:

فەلسەفە لەو بەشەدا بەوە دڵی فەیلەسووف دەداتەوە کە بەختیاری نە لەشتی دەرەکی دەوروبەر و نە لەم ژیانەدا بەدەست دەهێنرێ.

**بەشی سێیەم:** فەلسەفە و بەختیاری:

فەلسەفە جەوهەری بەختەوەری ڕوون دەکاتەوە کە تەنیا هەر لەڕەبدا هەیە.

**بەشی چوارەم:** چاکەکاری و بەدکاری:

لێرەدا بەتێروتەسەلی باسی بەهرەی ڕەببانی دەکرێت کە لە پوختە و جەوهەرەکەیدا لە چارەنووس جیاوازە.

**بەشی پێنجەم:** خواستی ئازاد:

لەو بەشەی دوایی بەرهەمەکەدا فەلسەفە کێشەی پێکەوە هەڵکردن و گونجانی بەهرە و عینایەتی ڕەببانی و خواستی ئازاد ڕوون دەکاتەوە.

٢- بۆ ئیتیوس دوا ڕۆمی و یەکەمین سکولاستییە لەو قۆناغەدا، سەرگەرمی وەرگێڕانی بەرهەمەکانی ئەفلاتوون و ئەرستۆتالیس بووە بۆ لاتینی(٨)، و ئینجا بەو نیازە بووە ساغی بکاتەوە کە ناکۆکی و ناتەبایی لەجیهاندیدی فەلسەفەیی ئەو دوو شاسوارەدا نییە، واپێدەچێ دەستی ڕۆژگار ئەو دەرفەتەی نەدابێ.

شارەزاییەکی باشی لە مەنتیقی ئەرستۆتالیس و فەلسەفەی ئەفلاتوون هەبووە، بە تایبەتی بۆچوونی دەربارەی ڕەب و گەردوون و بەختەوەری و تیۆری نموونەی بەرزی لە ئەفلاتوونەوە خواستووە.

لەو کۆششەیدا کە کردوویەتی میتافیزیک و مەنتیق لە یەکتری جیابکرێنەوە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. چەمکە گرنگەکانی فەلسەفەی یۆنانی هێناوەتە نێو زمانی لاتینییەوە بەتایبەتی چەمکی(٩): هێزەکی، کردەکی، جۆر، ڕەگەز، بنەما، هەمەکی، ڕێتێچوون، خود، بابەت، ڕووکەش، سروشت، قانوونی سروشت، زنجیرەی هۆکارەکان، چەمکی هەڵکەوت (ڕێئال)...تاد.

کتێبی سەرەخۆشی فەلسەفە کە تێیدا وەڵامی ئەو پرسیارەی داوەتەوە: دەبێ بایەخی ژیان کە لەلایەن مردنێکی هەڕەشەئامێزەوە گەڤی لێدەکرێ چی بێت؟ بە شاکارێکی سەردەمی خۆی دادەنرێت. بەلای بۆئیتیوسەوە مرۆڤ نە ساغە و چاو بەدوای پزیشکدا دەگێڕێ. فەلسەفەش ئەو شارەزایەیە کە ئامۆژگاری دەکات، ئامۆژگاری مرۆڤێک کە لەناخیدا مرۆڤێکە و لە ڕوخساریدا یەکێکی دیکەیە.

یەکێکیان مامۆستا و دانا و شارەزایە و ڕێگا نیشاندەرە، ئەوی دیکەیان ورەی بەرداوە، خێوی مردن لەبەرچاویەتی، کات و سات دەژمێرێ، ڕەشبینە و هاواری لێ هەستاوە داوای فریاکەوتن و یارمەتی دەکات.

**ڕەب**

ئەگەرچی بۆئیتیوس هەوڵی داوە لە سۆنگەی ئایینکەیەوە بابەتی ڕەب بکات بەکەرستەی توێژینەوە، بەڵام ئەوپەڕی سوودی لە فەلسەفەی پێش خۆی (پێش مەسیحییەت) و سانت ئۆگوستین وەرگرتووە. هەوڵەکەی بەدوو لادا داوە کە هەردووکیان تەواوکاری یەکترین و لەچوارچێوەی فەلسەفەی لاهووتیدا یەک دەگرنەوە:

- پێناسەکردنی ڕەب..
- ساغ کردنەوەی بوونی ڕەب بە بەڵگەی فەلسەفەیی.

ڕەب بەرزترین چاک و چاکەکارییە Gut مرۆڤ لەزگماکەوە بیرۆکەیەکی لە بارەیەوە لەناخیدا هەیە. ئەو هۆکاری سەرەکی و بنەڕەتی هەموو گەوهەرێکە و بوونەوەرێکی گیانییە. گیانی لەخۆیدا ڕەوشێکی تەواوەتی و کاملّی و کەماڵییە کە لەوە پێک دێت هەموو چاکە و چاکەکارێکی تێدانە(١٠)

ئێمە بیرۆکەیەکی ئەوپەڕی چاکە و چاکەکاریی لەناخ و مێشکماندا هەیە، ئەو ئەوپەڕی چاکە ڕەب خۆیەتی و سەرچاوەی هەموو چاکەکارییەکانی ترە. ئەو بۆچوونەی بۆئیتیوس ڕێگا خۆشکەرێکی ڕەنگڕشتنی بەڵگەی بەناوبانگی ئۆنتۆلۆژی سانت ئەنسلم بووە.

مرۆڤ لەوە دڵنیایە کە جەوهەری ناتەواو نا کامڵ هەیە و هەروەها چاکەی ناکامڵ لەئارادایە، ئەگەر جەوهەری ئەوپەڕی بەرز و چاکەکاری تەواوەتی نەبووایە، ئەو بۆچوونە دەربارەی ئەو ناتەواوە نییە لەئارادا نەدەبوو بۆیە دەبێ چاکەکاری کامڵ و تەواوەتی هەبێ. ئەمەش ڕەب خۆیەتی. خۆ ئەگەر بێتو تەواوەتی و کامڵ و کاملی بوونیان نەبێ، ئەوە لەتوانادا نەدەبوو مرۆڤ وێنەی ناتەواوەتی و ناکاملّی لەناخ و مێشکیدا بنەخشێنێ، لەبەر ئەوەی ئەمە هەیە، دەبێ ئەوی تریشیان هەبووبێ.

ڕەب کە خۆی ئەوپەڕی چاکەکارییە و هەموو چاکەکارییەکانی دیکە لەوەوە پەیدا دەبن، ئەوە ڕەب خۆی بوونی ڕووتە Sein. لەو بەولاوە شتەکانی دیکە هیچ نین لەوەدا کە هەن. هەموو شتێکی دیکە دەبێ پەیدابین و دامەزرێن و پشت ڕاست بکرێنەوە ئینجا بوونیان پێدەبڕێ، بەڵام ڕەب خۆی لەخۆیدا بوونە، فۆرمە بەبێ مادده(١١). ئەو هۆکار و بنەڕەتە، ئەو بوونی ساغ و ڕووتە. ڕەب یەکەم بوونە، یەکەم چاکەیە، هەموو ئەوانی تر لەوەوە کەوتوونەتەوە، ڕەب خواستە، ئەو

شتانەی کە هەن و چاکن بەپێی خواستی ڕەبەوە وان و ئەو چاکە و بوونەیان هەیە. ئەگەر ڕەب ئەوپەڕی چاکە و سەرچاوەی چاکەکاری بێ دەسەڵات و توانا و خواستی لە ڕادەو سنوور بەدەربێت چۆن بوونی جیهانێکی داهێنراوی ڕەب کە پڕ لە نەخۆشی و سەربەشەو هەژاری و بەدکاری و زۆر و جەور و زۆرداری و بەدبەختی بێت، لێک دەدرێتەوە و چۆن لەگەڵ دادپەروەری ڕەبدا دێتەوە؟! ئەو پرسیارە کە بە درێژایی مێژووی فەلسەفە فەیلەسووف و لاهووتییەکانی وێڵ و سەرگەردان کردووە، بەهزر و بیری بۆئیتیوسدا هاتووە. لەوە دەچێ سوودی لە ئۆگۆستینی پاک وەرگرتبێ، بۆیە ئەو دان بەوەدا نانێ کە بەدکاری بوونێکی سەربەخۆی هەبێ، چونکە ئەو بوونە سەربەخۆیە لەگەڵ بەهرە و دادی ڕەببانیدا نایەتەوە و ناگونجێ، ئەو بەدکارییە بریتییە لە نەبوون و لەئارادا نەبوونی Ab-wesenheit چاکەکاری، کەموکوڕی لە چاکەکاریدا، بگرە نەرێ و ناکردنی هێزێکی ئەرێ و پۆزیتیڤە.

بۆ پاساودانی ئۆباڵکێشان و ساغ کردنەوەی خواستی ئازادی مرۆڤ، ئیتر چۆن مرۆڤ ئۆباڵی کارێک بکێشێ کە بەخواستی ئازادی خۆی نەیکردبێ و هەڵی نەبژاردبێ؟! بوئیتیوس زانینی ڕەب لە زانینی مرۆڤ جیادەکاتەوە. بۆ ئەوەی تۆبزی و چارەنووسی ڕەها لەم کایەیەدا بەدوور بگرێت.

چۆن دەکرێ باسی ئازادی خواستی مرۆڤ بکرێت کە ڕەب هەمیشەو لەسەرەتاوە بزانێ چۆن مرۆڤ دەجووڵێتەوە و ڕەفتار دەکات؟ ئەگەر زانینی پێشەکی و پێشیانەی ڕەب بێ سنوور و ڕەها بێت وادێتە بەرچاو کە هەرچی هەیە و نییە و ئەوی ڕوودەدات و بگرە کرداری مرۆڤیش تۆبزی و ناچارەکی بن، بۆیە دەبێ خواستی ئازادی مرۆڤ پشت ڕاست بکرێتەوە تاوەکو ئەو تۆبزی و ناچارییە سروشتە ڕەهایەکەیان خاو و کاڵ بکرێتەوە. جا بۆ ئەوەی پاداشت و سزا و لێپرسینەوە ڕەوابێ دەبێ خواستی ئازادیش هەبێ.

زانینی مرۆڤ چەند ئەنجامێکی بزاڤی هزر و بیرکردنەوەیە، بەهۆی کاری بیرکردنەوە و چالاکی هزرەوە کە لەکاتدا بەدوای یەکتریدا دێن دەکەونەوە، بەڵام زانین و شارەزایی ڕەب ئەنجامێکی بەدوایەکتریدا هاتووی چالاکی هزر نین، بەڵکو ڕەب دەتوانێ بەهۆی هەتا هەتایی و نەمرییەکەوە بەسادە و ئاسایی و دوور لەکاتەوە شت بزانێ و ئەو زانینەشی کارێکی دوور لەکات و ساکارە. ئەوەی بۆ ئێمە و لەلای ئێمە ڕابردوو و ئێستای تێنەپەڕ و دوارۆژە ڕەب بەچاوترووکانێک پەی پێدەبات و دەیزانێ(١٢)، جا ئەمە بەناچاری ڕوودات، یان نا، ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە هیچ جۆرە ناکۆکی و ناتەباییەک لەنێوان بەهرە و پێشبینی پێشوەختیانەی ڕەب و ئازادی خواستی مرۆڤدا نییە و هەردووکیان پێکەوە دێنەوە.

ئیساغوجی فەرفوریوس Isayoge des Porphyrius کە بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست خوێنراوە و قسەی لێکراوە، بۆ ئیتیوس کردوویە بە لاتینی. ئەو بەرهەمە کێشەیەکی بەرپا کردووە کە بووە بە بابەتێکی سەرەکی فەلسەفەی ئەو قۆناغە دوورو درێژە کێشە پێنج هەمەکییەکە کە بە عەرەبی بەپێنج (کوللیات)ەکە ناودەبرێ:

ڕەگەز، جۆر، جیاکار، ڕووکەشی تایبەتی، ڕووکەشی گشتی.. ئایا ئەو بیرۆکە هەمەکییانە، ڕەگەز و جۆرەکان چەند جەوهەرێکی ڕاستەقینەن، یان چەند فۆرمێکی سادە و ساکاری هزر و بیرن؟! ئەگەر مرۆڤ بڵێ، مرۆڤ، ئەسپ، زیندەوەر، ئایا ئەمانە بوونی سەربەخۆیان لەدەرەوەی هزری مرۆڤدا هەیە، یان چەند چەمکێکی ڕووتن؟!.

بۆ ئیتیوس لەو باوەڕەدا بووە کە هەمەکییەکان Universalien بەهیچ جۆرێک چەند جەوهەرێکی ڕێئالیستی ڕاستەقینەی سەربەخۆ نین، بەڵکو ڕەگەز و جۆرەکان بەپێی پێناسەکەیان کۆیەکی هاوبەشی تاکەکانن(١٣)، ئەوەی لە هەمانکاتدا لەنێوان چەند تاکێکدا ناوکۆیی و هاوبەشە ناکرێ خۆی تاکێکی هەبوو بێت. کە مرۆڤ دەڵێ: ئەسپ، ئەوە وشەیەکی گشتییە چەند تایبەتمەندییەکی هاوبەشی، ئەسپە تاکەکانی تێدایە و لەتاکەکان دابڕێنراوە، بەڵام وشەی ئەسپ خۆی، یان ئەو چەمکە ئەسپێکی سەربەخۆی تاک و ڕاستەقینە نییە.

لە شاکاری «سەرەخۆشی فەلسەفەدا» نووسەر ئەو ئەرکە بە فەلسەفە دەسپێرێ کە دەبێ پزیشک ئاسا داوا لە مرۆڤە نەساغەکە بکات چاوی بکاتەوە و ئاگاداربێ لە جیاتی ئەوەی سەرگەرمی کێشە تایبەتییە تاکەکانی خۆی بێت، سەرنج و بایەخ بە نەزم و سستمی گشتی هەمەکی بدات(١٤). دەبێ فەلسەفە پەیڕەوێکی ژیان بێت خەمی

کێشەکانی ژیانی رۆژانەی مرۆڤایەتی هەبێت. دوا وتوویژێکی تێروتەسەل لە بەندیخانەدا لەگەڵ کچە شۆخەکە کە رۆڵی فەلسەفەی بەرجەستە کردووە دەگاتە چەند ئەنجامێکی گرنگ وەک ئەوەی ئەگەر مرۆڤ ئاغای خۆی بێت و دەستی بەسەر دەروونی خۆیدا بشکێ ئەوە دەوڵەمەند دەبێ بەبێ ئەوەی دراوی هەبێ و پاشا دەبێ بەبێ ئەوەی دەوڵەت و مەملکەتی هەبێ. ئازادیش ئەوە نییە مرۆڤ لە جەنگی رەوش و هەلومەرجی دەوروبەری رزگاری بووبێ، بەڵکو ئازادی ئەوەیە کە مرۆڤ بوێرانە هەڵوێست بەرانبەر ئەو رەوشە بنوێنێ و بریار بدات. ئەو هەڵوێست گرتنە و بریاردانە ئازادی مرۆڤ پشت راست دەکاتەوە.

## یۆهانس سکۆت ئێریوگێنە

بەرابەری فەلسەفەی سکولاستی دادەنرێ، شای فەرەنسا لە ئیرلەندەوە هێناویەتی بۆ ئەوەی لە قوتابخانەی دەرباری شا لەپاریس وەک مامۆستا وانە بڵێتەوە. شارەزاییەکی باشی لە زمانی یۆنانی و فەلسەفەی سەردەمی خۆی هەبووە. بیرمەند و میتافیزیییەکی بەتوانای سەردەمی خۆی بووە.

(ئێریوگێنە ٨١٠- ٨٧٧ز) لەریزی کولتووری بیرمەندانی ئەفلاتوونیزمی نوێدا دادەنرێت. لە مێژووی لاهووتی نەرێ و دیالێکتیکدا بایەخی خۆی هەیە. لەهەندیک سەرچاوەدا بە ئێریگینە ناودەبرێ کە نیشانەیە بۆ ئەوەی خەڵکی ئیرلەندەیە.

بەوە ناسراوە کە ژێری خستۆتە سەر بروا و ئیمانەوە و بە تەنگەوە نەبووە لە ریزی کڵێسەدا پلەوپایەی پێ بدرێت. بەلایەوە فەلسەفە و ئایین هیچ ناتەباییەکیان لەنێودا نییە، هەردووکیان پێکەوە دێنەوە، هەردووکیان لەدانایی رەببانییەوە سەرچاوە دەگرن. فەلسەفەی راستەقینە ئایینە و ئایینیش لە فەلسەفەی راستەقینەدا بەولاوە نییە(١٥).

یۆهانس سکوت لەبەرهەمێکیدا دەربارەی چارەنووسی رەببانی خواستی ئازادی پشت راست کردۆتەوە. بەلایەوە دەبێ پشت بە ژێر ببەسترێ و ژێریش بەهیچ جۆرێک چارەنووس و تۆبزی رەوا ناکات، چونکە ناکرێ دوو ئەنجامی لەیەکتری جیاواز لە یەک کاتدا بدرێنە پاڵ رەب: چاکەکاری و بەدکاری، بەدکاری لەخۆیدا هیچە، ئینجا چارەنووس بە هەموو جۆریک ئۆباڵکێشان لەسەرشان و ئەستۆی مرۆڤ لادەبات.

گرنگترین بەرهەمێک کە یۆهانس سکوت نووسیویەتی «دەربارەی دابەشبوونی سروشت»ە. لەو شاکارەدا نووسەر رێچکەی ئەفلاتوونی گرتۆتەبەر، بەتایبەتی لە بابەتی هەمەکییەکاندا Universalien کە وای داناوە هەمەکییەکان (چەمکە گشتییەکان) بنەما و بنەرەتن و لەپێش تاکەکانەوە دێن. کاتێک مرۆڤ دەڵێ ئەسپ، مرۆڤ، ئەم دووانە دوو چەمکی گشتین، هەمەکین ئەسپی تاک و مرۆڤی تاکی دیاریکراویان تێدایە. لەسەدەکانی ناوەراستدا ئەو کێشەیە لە ئارادا بووە کامیان لەپێشەوە دێن و کامیان بنەرەتن؟! لەم بارەیەوە دوو رێباز لە ئارادابوون، یەکێکیان یۆهانس سکۆت داکۆکی لێکردووە و پشت ئەستوور بەتیۆری ئایدیا (نموونەی بەرزی ئەفلاتوون) گشتییەکەی بەراستەقینە داناوە، بۆیە بە رێئالیست (بەمانای سەدەکانی ناوەراست) ناسراون، ئەو رێبازە چەمکە گشتییەکانی بە هەبووی راستەقینە و رێئالیست داناوە و تاکەکانیش لەو بوونە گشتیانەوە کەوتوونەتەوە. لەدوای سەدەکانی ناوەراستدا رێبازێکی تر دەرکەوتووە ئەو بوونەوەرە گشتیانەی بەوە داناوە کە لە چەند ناوێکی گشتی بەولاوە نین Nominalisten ئەوی راستەقینەیە تاکەکانن کە دەگوترێ ئەسپ، مرۆڤ ئەم دووانە دوو ناوی گشتی هەمەکین و تەنیا وەک وێنە و بۆچوون لەمێشکی مرۆڤدا هەن، ئەوی هەیە و راستەقینەیە تاکەکانن، تاکی ئەسپ، تاکی مرۆڤ، دانا، توانا، زانا...تاد.

لەو شاکارەدا یۆهانس سکۆت بەچاوێک سەرنجی سروشتی داوە کە ئەوەی هەیە و نییە دەگرێتەوە، سروشت بە بۆچوونی ئێریوگێنە لەچوار جۆرە بوون و بوونەوەر (کلاس) پێک هاتووە:

### ١- سروشت

یۆهان سکۆت لەو بەرهەمەیدا سروشت و سەروو سروشتی تێکەڵ کردووە، هەبوون و نابوون پلە و ئاستە جۆر بەجۆرەکانی بوون و بوونەوەری بەبابەتی سروشت داناوە. ئەو وا لە سروشت گەیشتووە کە بریتی بێ لە گەردوونێکی بە پلەو ئاست و مەڵۆی چینا و چین رێکخرابێ و دیاردە و روخساری بوونی رەب بەرجەستە

بکات.

بۆیە کە باسی سروشت و بوونی کردووە تۆمەتی ئەوەی دراوەتە پاڵ گــوایە بڕوای بە یەکــڕەنگی بوون Pan-theismus هەیە کە بە عـەرەبی (وەحـدەتی وجـودی) پێـدەگـوترێ، بەپێی ئەو ڕێبـازەی فـەلسـەفـە ڕەب و سروشت، ڕەب و جیهان یەک شتن، یەک بوونن، ڕەب لە هەمـوو جێگـایەکـدا لە سروشـتـدا هەیە و بڵاوە. هەمـوو شـتـێکە ڕەب و سـروشـتـە و ڕەب و سـروشـتـیش هەمـوو شـتـێکن، بەڵام دوایی دەرکـەوتووە ئەوە مـەبەسـتی ئەو فەیلەسووفە لاهووتیـیە نەبووە، ئەو پـتر بەولایەدا چوون کە بوون بە سروشت و شتەکانەوە دەرکەوتن و بەرجەستە کـردنی ڕەبن. ئەو ڕووداوانەی لە جـیـهـانـدا دەقـەومـێن لەسەر شێوەی بازنەن:

لەڕەببەوە دەست پێدەکەن و دەچنەوە بۆ سەر ڕەب، بۆیە دەکرێ سروشت بە چوار مەڵۆ دابەش بکرێت:

**یەکەم**: ڕەب داهێنەرە (خـالقە) و سروشتێکی خەڵق کــراو نـیــیــە. ئەو خــۆی شت دادەهێنێ و داناهێنرێ. (سروشتێکی داهێنەر کە هەرە کۆنە).

**دووەم**: لە ڕەببــەوە ســروشــتی داهێنەر و دانەهێنراو دەکـەونەوە. ئەوەی دادەهێنێ و داهێنراویشە. ئەوە چەند بیرۆکەیەکن لە ڕەبدا. (سروشتێکی داهێنراو، بەڵام خۆی داهێنەرە).

**سـێـیـەم**: بیـرۆکـەکـانی ڕەب، وێنە بنەڕەتیـیـەکـان و چەمکە هەمەکییە گشتیی‌یەکان، لەوەوە سروشتی داهێنراو و دانەهێنەر دەکـەونەوە. ئەوانە شتن لەکـات و جـێگادا سروشتێکی داهێنراوە و داهێنەر نییە.

**چوارەم**: شتە تاکییـەکان، جەوهەرە تاکییـەکان کە لە بیرۆکەکانەوە دەکەونەوە. ئەوانە سروشتی دانەهێنراو و دانەهێنەرن. بابەتی چوارەم ئاوات و ئامــانجی هەمــوو شـتـێکن. لەکـۆتاییـدا هەمـوو شـتـێک وەک سـروشـتی دانەهێنراو و دانەهێنەر دەگەڕێنەوە بۆ ڕەب(١٦).

یۆهانس سکوت بەو جیهاندیدەی کە تێیدا سروشت و ڕەببی بەرانبەر بە یەکتری داناون، بە ئاشکرا پشت بەژێر دەبەستێ و پلەو پایەیەکی ئەوپەڕی شیاوی پێدەبەخشێ، بۆیە دەکـرێ بە بەڕابەری ڕێبـازی ژیرەکی لە فـەلسـەفـەی سکولاســتـیــدا دابنرێت. لەلایەکی ترەوە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە چۆن بوونی یەکڕەنگیی و فرە ڕەنگی لە بوون و سروشت و ئایینـدا ڕوون و شرۆڤە دەکرێت. لێرەدا دەگەڕێتەوە سەر بنەمایەکی ئایینی مەسیحی بە تایبەتی مزگێنی یۆحەننا کە سەرەتاکەی بەوە دەستی پێکردووە:

لە سەرەتادا وشە Logos بوو، وشە لەلای ڕەب بوو، وشە ڕەب بوو» (١٧).

بـەلای یـۆهـانـس سـکـۆتـەوە وەک لـە دابـەشـکـردنـی ســروشــتــدا نیــشــانی داوە یەکــڕەنگی و فــرە ڕەنگی تایبــەتمەندی بوون و هەبوون ســاغ دەکــەنەوە و پردی پێوەندی نێوان ئەو فـرە ڕەنگی و یەکـڕەنگیـیـە لۆگـۆس (وشـە) خـۆیەتی. لێـرەدا جـۆرە هزرێکی دیالێکتـیـکی سروشتی یەکتایەکە هەیە کە لە پێوەندی نێوان یەکڕەنگی و فرە ڕەنگیدا دەردەکەوێ(١٨). سروشت فـرە ڕەنگە و داهێنراوی ڕەببــە توند و تۆڵ بەندە بەکـاتەوە، یەکـتـا و یەک ڕەنگ کـە ڕەببــە نەمـری و هەتا هەتایی و لەکـات بەدەرییـەکـەی بەرانبـەر بە یەکەم کـە فـرە ڕەنگە دادەنرێ. ئایا ئەم جـۆرە یەکـڕەنگی و فـرە ڕەنگیـیـە، ئەو جیـاوازی کـردنە لەنێـوانیـانـدا شـتـێکی ڕاسـتـەقـینەیە، یان جـۆرە جیـاوازییـەکـە تەنیـا لەشـێـوازی سـەرنجدانی مـرۆڤـەوە دەکەوێتەوە؟!

ئەگـەر سروشت داهێنراوی ڕەب بێت، ئەوە ڕەب هۆکـار و سـروشـت ئەنجـام دەبێت، بەڵام ئەنجـام خـۆیشـی لەوە بەولاوە نیـیە کـە بوون بە هۆکـار، ئیـتر ڕەب وەک هۆکـار لەنێـو ئەنجامە داهێنراوەکـەیدا دەبێ، بەڵام هیچ شـتـێک لەهۆکارەوە ناچێتە نێو ئەنجامەوە کە بە سروشت بیانی و لێی جیاواز بێت.

لەم ســۆنگەیەوە یۆهانس سکۆت سێ ڕەنگی ڕەب، ڕۆڵە، گیانی پاکی شرۆڤە کردووە:

ڕەب دەستپێک و ناوەڕاست و کۆتایی هەموو شتێکە. لە بوونی شـتـەکـانەوە دەکـرێ پەی بە بوونی ڕەب ببـرێت. لەو نەزم و ڕێک و پێکیـیـەی لەنێـویاندا هەیە دانایی و زانینە لە سنوور بەدەرەکەی و لە بزووتنەوەکەیاندا ژیانی پەی پێ ببــردرێ. بوونەکــەی ڕەب، بـاوکــە، دانایی و زانینەکەی ڕۆڵەیە، ژیانەکەشی گیانی پاکە(١٩) «ڕوحی قدوسە».

وەک بیـرمـەندێکی سکولاسـتی یۆهانس سکۆت بەو بیـروبۆچوونەی ئەو تایبـەتمەندییـانەی دەرخسـتـووە کـە سروشـتی کـارەکـتـەری فـەلسـەفە ئەو قـۆناغـەیان ڕەنگ ڕشتـووە: ١-دابونەریتی ئایینی سـەردەمی خۆی، ئینجا ٢-ئازادی هزر و بیـــرکـــردنەوە لەچوارەچێـــوەی بابەتی

ئایینەکەدا. لە هەردووکیشیاندا ئەوپەڕی بابەتیانە دێتە بەرچاو و لە ئاخاڤتنەکەشیدا وردی و دەستڕەنگینی مەنتیقی سەرنجڕاکێشن، بەتایبەتی کە هەوڵی داوە ساغی بکاتەوە لەنێو جەرگەی شتدا دیالێکتیک هەیە، ئەو دیالێکتیکەش ڕوونی دەکاتەوە چۆن فرەیی و هەمەڕەنگی شت لە ڕەببەوە دەکەونەوە و چۆن جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە بۆ لای ڕەب دابەش کردنی بوون بەپلە و مەڵۆ، بەستنەوەی جیهانی بەرهەست بە کات و جێگا، دانانی سروشت بە دیاردەیەکی دەرکەوتنی ڕەب، بەکارهێنانی چەمکی داهێنەر و داهێنراو، گەڕانەوەی بوون بۆ لای بنەماکەی بۆ لای ڕەب کە دەکرێ بە میتافیزیکی بوون ناوببرێت، نە بەزاندنی سنووری فەلسەفە و جیهاندیدی ئەفلاتوونیزمی نوێ دێنێتەوە یاد.

**٢- زانین و بڕوا**

ئەگەرچی سکۆت ئێریوگینە پلەوپایەی ژیری بەرزکردۆتەوە و هەوڵی داوە ئازادی خواستی مرۆڤ پشت ڕاست بکاتەوە، وەک مەسیحییەک لەو باوەڕەدا بووە کە بڕواو و ئیمان بە پلەو پایە لەپێش زانینەوە دێن، چونکە بڕوا سەرەتا و دەستپێکی ڕەب ناسینە. ئەگەر بڕوا پێش زانین بێ، چۆن ئەو قسەیەی سکۆت ئیریوگینە پاساو دەدرێ کە دەڵێ:

«لەهەر شوێنێک ژیرەکی هەبێ و ڕێز لە ژیر بگیرێ لەوێ بەناچاری ئازادیش هەیە. خواستی مرۆڤ (ئیرادە) سروشت ئاسا لە جەوهەریدا ژیرەکییە، کەوا بوو خواست بە جەوهەر ئازادە(٢٠)، ئایا ئازادی خواست لێرەدا کە بڕواهێنان بخرێتە پێش زانینەوە پێشێل ناکرێت؟

یۆهانس سکۆت لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ژیر و بابەتی بڕواو ئیمان دەخاتە نێو دوو تای یەک تەرازووەوە و جۆرە پێوەندییەکی دەستیاوی لەنێوانیاندا گریمانە دەکات. «یەکەم ئەرکی ژیر ئەوەیە ئەو مانایانەی لەودیو ڕستەکانی نووسراوی پیرۆزدان ئاشکرا بکات، بۆ ئەوەی ڕووی گوفتار لە ئیمانداری سادە و ساکار بکات و بیخاتە بەردەست ئەوانەش دەخوازن توێژینەوە لە بارەی نهێنییەکانییەوە بکەن. خۆ ئەگەر ئەو واتا ئاشکرا کردن و لێکدانەوەیەی ماناکانی پەڕاوی پیرۆز جۆرە ئەنجامێکی ئەوتۆیان لێ بکەوێتەوە ژیر پەسندی نەکات، ئەوە دەبێ ئەو واتایانە هەڵبژێردرێن کە لەگەڵ ژیر دێنەوە(٢١). خۆ ئەگەر ژیر زانینێکی پاک و بێگەرد دەربارەی سرووش (وەحی) بەدەست بهێنێ ئەوە بەرەو تەواوەتی تێگەیشتنی شتەکان بەرەوپێش هەنگاو دەنێ، ئەو جۆرە زانینە تەواوەتی و کامڵە لە فەلسەفە بەولاوە نییە، بۆیە دەبێ بگوترێ فەلسەفە و ئایینی تەواوەتی یەک شتن و لەیەکتری جیا نین و جیاناکرێنەوە. لەلایەکی دیکەوە یۆهانس سکۆت هەوڵیداوە ئەو ناتەباییە ڕووکەشییەی نێوان پێشخستن و دانانی کاتیانەی بڕوا و ئیمان بەر لە زانین و ژیر بەوە پاساو بدات کە دوو کێشە لەیەکتری جیا بکاتەوە:

**یەکەم:** پێوەندی نێوان بڕوا و ژیر

**دووەم:** پێوەندی نێوان دەسەڵات و ژیر.(٢٢)

بڕوا (ئیمان) لەخۆیدا گریمانەیەکە بوونی سرووشی (وەحی) ڕەببانی پەسند دەکات، بۆیە دەبێ ژیر دەستی ڕێزی بۆ بەسینگەوە بگرێت، بەڵام نابێ ژیر ملکەچی دەسەڵاتی مرۆڤ بێت، چونکە دەسەڵات بە هیچ جۆرێک بڕوا و ئیمان نییە. ژیر لەدەسەڵاتەوە ناکەوێتەوە، بگرە دەسەڵات خۆی ئەنجامێکە لەژیر کەوتۆتەوە. دەسەڵات ئەگەر بەژیر پشت ڕاست نەکرێتەوە دەسەڵاتێکی ئیفلیجە. دەسەڵاتی مرۆڤ خۆی لەخۆیدا تەنیا ئەنجامێکی لێکدانەوە و شرۆڤە کردنن، سرووش بەهۆی ژیرەوە بەولاوە نییە، ئیتر بۆیە دەسەڵات هەمان بایەخی ژیری هەیە، بەڵام وەک یەک نین. لەم سۆنگەیەوە دەبێ ژیر هەمیشە ئەو مافەی هەبێ دوا قسە بکات و دوا بڕیار بدات، بەڵام نەک لەدژی بڕوا و ئیمان، بەڵکو بەرانبەر بەدەسەڵات(٢٣) ئەگەر هاتو ئەو دەسەڵاتە بە هەڵە و چەوت بڕواو سرووشی شرۆڤە کرد. نابێ ئەوەش لە یاد بچێ کە هەردووکیان لەیەک سەرچاوەوە هەڵقوڵاون، سەرچاوەی دانایی ڕەب خۆی، بۆیە ناگونجێ ناکۆکی و ناتەباییەکی ڕاستەقینە لەنێوان دەسەڵاتی ڕاست و ژیری دروستدا هەبێت.

**٣- لەش و دەروون**

بابەتی مرۆڤ و لەش و دەروون و گوناحی ئادەم و ئۆباڵکێشان و گەڕانەوەی نەفسی مرۆڤ دوای پاک بوونەوەی لەگوناحەکانی بۆ لای ڕەب، بابەتێکی تر بووە

کە ئیریوگینە وەک هەموو لاهووتییەکی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست بایەخی پێداون.

بەلای یۆهانس سکۆتەوە بوونی جیهانی لە سێ دەڤەر پێک هاتووە:

**یەکەم**: دەڤەری گەوهەرە بێگەردە گیانییەکان کە نابینرێن.

**دووەم**: دەڤەری گەوهەرە لەشییەکان کە دەدیترێن و بەرانبەر بە دەڤەری یەکەم دانراوە.

**سێیەم**: ئەو دەڤەرەیە کە لەنێوان هەردوو دەڤەرەکەدایە و بەشداری لە سروشتی جەوهەری هەردووکیان دەکات. لەو دەڤەرەدا مرۆڤ هەیە کەلەش و دەروون پێک هاتووە. لێرەدا سروشتی گەوهەری پایە بەرز و بڵند لەگەڵ سروشتی گەوهەری نزم و ژێرەوە یەک دەگرن. ئەو سێ دەڤەرە لەلایەن ڕەببەوە لەناوبوو، لەهیچەوە داهێنراون. نەفسی مرۆڤ ئەگەرچی بەهۆی گوناحی ئادەمەوە باری سەرشانی قورس و سەخت بووە و پێوستی بە ئۆباڵکێشان هەیە بۆ ئەوەی لە گوناحەکە پاک ببێتەوە. ڕەب هەموو شتێکی داهێناوە و خواست و ئیرادەکەشی ئەوەیە کە داهێنراوەکانی بە مرۆڤەوە بچنەوە بۆ لای خۆی. ئەو گەشتی گەڕانەوەیەی مرۆڤ بۆ لای ڕەب بەو قۆناغانەدا تێدەپەڕێ: لەکۆتایی هاتنی دنیادا (ئاخر زەمان) هەموو بوونەوەر و شتێک لەناودەچێ تەنیا گەوهەرە گیانییەکان دەمێننەوە، مرۆڤیش دەگەڕێتەوە بۆ لای ڕەب:

١- مرۆڤ دەمرێ و بەو مردنەی لەشی دەبێتەوە بەو چوار ڕەگەزەی کە لێوەی دروست بووە.

٢- مرۆڤ زیندوو دەبێتەوە و چوار ڕەگەزەکەی کە لێیان پێک هاتبوو جارێکی دیکە کۆ دەبنەوە.

٣- لەش دەبێ بەگیانی ڕووتی دوور لە مادەوە.

٤- مرۆڤ سروشتی مرۆڤایەتی خۆی پێدەبڕێتەوە بەوەی بە تەواوەتی دەبێ بەگیانی بێگەرد و دەگاتە ئاستی وێنە و نموونە و ئایدیاو هۆکارە یەکەمەکان کە لە ڕەبدان. ئەو وێنانە دەزانێ.

٥- ئاوێتەی ئەو وێنە و نموونانە دەبێ و لەگەڵیاندا دەبێ بەیەک. لێرەدا ئەو نموونانە بەچەند وێنەیەکی ڕەب دادەنرێن.

٦- سروشتی مرۆڤ تێکەڵ و ئاوێتەی ڕەب دەبێ و دەبێ بەڕەببیانی بەجۆرێک کە ڕەب هەموو شتێک بێ لە هەموودا و لەڕەب بەولاوە شتێکی تر نەبێ.

ئەو شرۆڤە و لێکدانەوەیە ئەوە دەردەخات چۆن بۆ پاساودانی هزرێکی بڕوای مەسیحییەت سوود لە ئەفلاتوونیزمی نوێ وەرگیراوە. کڵێسە ناهەقی نەبووە کە تۆمەتی یەکڕەنگی داوەتە پاڵ یۆهانس سکۆت.


**سەرچاوە و پەراوێز:**

**١- غاتشف، غیورغي، الوعي والفن. ترجمة: د. نوفل نیوف، مراجعة: د. سعد مصلوح، عالم المعرفة الكويتية (١٤٦) سنة ١٩٩٠، ص١٦٧ وفي اماكن أخرى.**

**2- Jodl, Friedrich., Geschichte der Ethik. Bd.I.Phaidon, Essen. S.137.**

**٣- شورون، جاك، الموت في الفكر الغربي. ترجمة: كامل يوسف حسين مراجعة: د. إمام عبدالفتاح إمام. المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠٠٠، ص٨٩ وفي أماكن اخرى.**

**٤- ئەم قسەیە لە پێشەکییەکەی د. إمام عبدالفتاح إمام وەرگیراوە کە بۆ کتێبی پەراوێزی ژمارە (٦)دا نووسیویەتی. ل٩.**

**٥- حنفي، د. حسن، مقدمة في علم الأستغراب، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع. بيروت ٢٠٠٠، ص١٣٨ وفي أماكن متعددة أيضا.**

**٦- حنفي، د. حسن، المصدر نفسه، ص١٤٠.**

**٧- إرنبيرغ، جون.، المجتمع المدني من اليونان حتى القرن العشرين. ترجمة: حسن ناظم و علي حاكم صالح. معهد الدراسات الستراتيجية بيروت ٢٠٠٧، ص٩١.**

**٨- ئەو شاکارە کراوە بە عەرەبی و لەقاهیرە- میسر بلاوکراوەتەوە:**

**- بوئثيوس: عزاء الفلسفة، ترجمة: د. عادل مصطفى، مراجعة د. أحمد عثمان. دار رؤية للنشر والتوزيع القاهرة، ٢٠٠٨.**

**9- Hirschberger, Johannes., Geschichte der Philosophie. Bd.I. komet. 1980. S.376.**

**10- Gilson, E., und Bohner, Philo., Christlische Philosophie. Bd.I. 2.Auflage. Paderborn 1954. S.242.ff.**

**11-Hirschberger, Johannes., Ebenda.**

S.379.
12- Rod, Wolfgang., Der Weg der Philosophie Bd.I. Munchen 1994. S.266.
13- Gilson, E., und Bohner, Philo., Ebenda. S.245.
14- Schupp, Franz., Geschichte der Philosophie im Uberblick. Bd. 2. Meiner 2003. S.101.
15- Russell, Bertrand., Philosophie des Abend Landes. Europa verlag. Munchen 2000. S.414.
16- Russell, Bertrand., Ebenda. S.415.ff.
هەروەها بڕوانە:
- Storig, Hans Joachim., Kleine Weltgeschichte der Philosophie. Stuttgart 1961. S.273.ff.
هەروەها بڕوانە سەرچاوەی پەراوێزی ژمارە (١٨) ل٦٢.
17- Die Bibel., Neue Testament: Das Evangelum nach Johannes: 1:1-3.
18- Kreuzer, Johann., Gesttlten mittelalter Licher Philosophir. W.F. Verlag Minchen 2000. S.58.ff.
19- Russell, Bertr and., Ebenda. S.416.
20- Schupp, Franz., Ebenda. S.130.
21- Gilson, E., und Bohner., Ebenda. S.265.ff.
22- Gilson, E., und Bohner., Ebenda. S.66.
23- Gilson, E., und Bohner., Ebenda. S.267.
٢٤- كرم، يوسف: تأريخ الفلسفة الاوروبية في العصر الوسيط. مكتبة الدراسات الفلسفية. دارالمعارف بمصر ١٩٥٧، ص٧٠.
هەروەها بڕوانە:
- بدوى، عبدالرحمن، فلسفة العصور الوسط مكتبة النهضة المصرية ١٩٦٢، ص٥٩.

# پاولۆس

# نهێنی گەڕانەوەی لەناکاوی فەلسەفەی هاوچەرخ (سلاڤۆی ژیژک، جۆرجیۆ ئاگامبێن و ئالێن بادیۆ) بۆ پاولۆس

**ئازاد حەمە**
**(سوید)**

**(٢ - ٢)**

سەرباری گشت ئەوەی لای سەرەوە سەبارەت بە ڕوانینی بادیۆ تایبەت بە پاولۆس وترا، دەمانەوێت لای خوارەوە بەچەند بۆچوونێک ڕەخنەی تێگەیشتنی بادیۆ بۆ پاولۆس بکەین:

١- بۆ پاولۆس تاکە ناسنامەیەک و تاکە خودێک بوونی هەبێت ناسنامە و خودی مەسیحییە، ئەم لایەنە کە لاوازییەکە لەبیری پاولۆس بادیۆ دەرکی پێ نەکردووە، یان نەیویستووە خۆی لێدات، بەڵکو ئەوەی بۆ بادیۆ لە توێژینەوەکەی تایبەت بە ڕووداوی بوونی پاولۆس گرنگە بەکاربردنی پاولۆسە وەک هێزی باش دژ بە خراپییەکانی گلۆبالیتی سەرمایەداری نوێی سەردەم و توانا بەدەکانی بازاڕی ئەمڕۆ.

٢- ڕەتکردنەوەی سەرمایەداری هاوچەرخ بەخۆی ئەرکی ڕەوشتی و مرۆییە، بەڵام بەکاربردنی پاولۆس بەو شێوەیە کاری زۆرتر و ڕاڤەکردنی گەورەتری دەوێت و وەکی تریش بادیۆ بەو بایەخە زۆرەی لەم ڕووەوە بە پاولۆسی دەدا غەدری گەورە لە دیدگا ئایینییە ئاسمانی (ئیسلام، جوو) و غەیرە ئاسمانییەکانیش (بوودی... تاد) دەکات، چونکە نەک هەر بادیۆ، بەڵکو بیریارەکانی تریش (ژیژک، ئاگامبین) لەم گەڕانەوانەدا بۆ سەر پاولۆس هیچ شتێک لەسەر پەیامنێرەکانی تر نالێن و ڕۆڵی ئەوان لە ڕەتکردنەوەی بەد (شەڕ)ی سەردەم دەستنیشان ناکەن.

٣- بۆ ئێمە گرفتی ئیدیای پاولۆس لەوەدایە گشت مرۆڤایەتی لە ڕوحی عیسا چەقبەستوو دەکات. دواتر گەردووناوی پاولۆس تا ئەو شوێنە بڕ دەکات کە ئایینی مەسیحییە، چونکە پاولۆس تاکە شتێک کە جێی سەرنج و باوەڕیەتی ئایینی مەسیحییە و ئەوەش لەدەرەوەی ئەو ئایینە بێت شوێنی بایەخ پێدانی نییە، لەبەر ئەوەی پاولۆس لەنامەکانیدا (لەنامە کۆمەڵایەتییەکانیدا)، کە تاکە شتی بەرجەستەیی ئایینین بۆمان مابێتەوە، جیاوازی لەنێوان کەسی ئازاد و کۆیلە، یان ژیان و پیاودا نابینێتەوە، بەڵکو ئەوەی ئەو بایەخی دەداتێ ئەوەیە چەند ئەو کەسە عیساناسە، یان عیسایییە. کەوابێت نە توێژی کۆمەڵایەتی و نە ژیندەریش و نە نەتەوە و نە چینیش ئەو بایەخەی بۆ پاولۆس نییە. ئەمەش ڕەنگە مانای خۆی بۆ ئەو گەڕانەوەیەی نەک هەر بادیۆ، بەڵکو ژیژک و ئاگامبێنیش هەبووبێ.

٤- بەپێی دیتنی بادیۆ پاولۆس ڕوودواوە، ڕووداوی پوختەیە و بەرهەمهێنەری ڕاستیشە. باشە بۆ دەبێت تەنیا پاولۆس ئەمە بێت؟ بۆ ئەو ئەولیا و بیرمەندە ئایینییانەی لە قوژبنەکانی تری ئەم دنیایە (هیندستان،

چین، ژاپۆن، ئێران، کوردستان و..تاد) هەبوونە و هەن ئەمە نەبن؟ ئایا ئەمە ڕاسیزمی ڕۆشنبیری نییە بادیۆ و تەنانەت دوو فەیلەسووفەکەی تریش تێی کەوتوون کە بەخۆیان تا ئەوپەڕی دژی ڕاسیزمی ڕۆشنبیرین؟

٥- ئێمە کە چەند نامەیەکی پاولۆسمان بە وردی خوێندووەتەوە بەو تێگەیشتنە گەیشتووین بەشی زۆر لە نامەکان هێزی شیعرگەرا و ڕەوانبێژییان تێدایە کە بادیۆ باسی لێوە ناکات، کەچی هەمان ئەو توانایە گەر لە کەسانی تر هەبێت بادیۆ بە سوفستاییان دەزانێت (بۆ نموونە هەمان ئەو توانایە لە نیتشەدا هەبووە و بادیۆ بۆچوونی زۆر توندی بۆ ئەو توانایەی نیتشە هەیە، کە ئەو شێوازەی لەنووسین لای نیتشە پێکهێناوە کە بادیۆ ڕەخنەی دەکات).

٦- ئێمە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ئاگامبێنداین کە دەڵێت شیکردنەوەکانی بادیۆ بۆ پاولۆس سنووری بەزاندووە. پێداگیرییەکەی ئێمە لەو بینینەی ئاگامبێن، واتە مەسەلەی سنووربەزاندن لای بادیۆ تایبەت بە هزری ئایینی پاولۆس، لەو لێکدانەوانەوە سەرچاوە دەگرێت کە بادیۆ لەبارەی پاولۆسەوە لەگەڵێک شوێن لە کتێبەکەیدا بەکاری دەبات. لەوانە: پاولۆس فیگوری جەنگاوەرە، شۆڕشگێڕی یاخییە، ئەنتی فەیلەسووفە هەروەک ڤیتگنشتاین و لاکان و لیۆتار..تاد، بەرهەمهێنەری ڕاستی گەردوونایییە، یان ئامادەبوونی پاولۆس لەبووندا، لەخودی خۆیدا، ڕووداوێکە. لەمانە سەیرتر پاولۆس بەپێی دیتنی فەلسەفی بادیۆ کۆمۆنیستە و جەنگاوەری (میلیتانتی) یاخیشە(١٧).

ئەمە لایەنێک بوو لە تێگەیشتنەکانی بادیۆ، هەندێک لایەنی تریش هەن کە بەرچاوترینیان ئەوەیە کە بادیۆ ناوی پاولۆس نەک هەر لەگەڵ فەیلەسووفەکان وەک لاکان، پاسکال، ڤیتگنشتاین، گۆ دەکات، بەڵکو لەگەڵ سیاسی و شۆڕشگێڕەکانیش، وەک جیڤارا، ماوتسی تۆنگ، لینین و مارکسیش، گۆ دەکات.

بە باوەڕی ئێمە ئەم خاڵە و هەموو ئەوانی دیش پێوەندییان بە دیتنی سیاسی و فەلسەفی ڕادیکاڵانە و شۆڕشگێڕ ئامێزانەی بادیۆ خۆیەوە هەیە.

٧- لە هەموو ئەوانەی بگەڕێتەوە لای سەرەوە وترا ئەوەیە بادیۆ پاولۆسمان بە شاعیری بیریار بۆ وێنە دەکات، بۆ نموونە لەوێنەی مالارمێ. دیارە و ئەوەی بادیۆناسیش بێت دەزانێت بادیۆ حەز بە چارەی ئەو نووسەر و ڕوناکبیرە ڕۆژئاواییانە ناکات بەشێوازی پڕ لە شیعرگەرایی و ڕەوانبێژی دەنووسن و لە نووسینەکانیاندا سەفسەتە و وشە هۆنینەوە بەجۆری میتافۆری بێ کەڵک لە لووتکەدایە، بەڵام ئەم (واتە بادیۆ) کە بەخۆی ڕۆمانووسە و دۆستی باشی شیعریشە تەنیا ئەو شاعیرانە بە شاعیر، بگرە بە شاعیری بیریار، لە قەڵەم دەدات کە هزراندن لە شیعرەکانیاندا بەدی دەکرێت بۆ نموونە پۆل سیلان، مالارمێ، هۆڵدرلین، ماندلستام و پێسوا، ئەڵبەتە ساموێل بێکێتیش.

٨- دوا خاڵیش کە لێرە گرنگە سەرنجی بخرێتە سەر ئەوەیە ئەو شێوە بایەخە ڕوحییەی بادیۆ (تەنانەت فەیلەسووفەکانی تریش بەتایبەت ژیژک) بە پاولۆسی دەدات زۆر لەو بایەخە ڕوحییەوە نزیکە پێشتر لە ١٩٧٩ میشێل فوکو بە ئیمام خومەینی داوە. ئەو بایەخدانەش چ لای بادیۆ و هاوەڵەکانی و چی لای فوکو لەبنەڕەتدا هیوادانە بەو پەیامە ڕوحییەی لەو کەسانەدا (پاولۆس یان ئیمام خومەینی) بینراوەتەوە بۆ بەگژداچوونەوەی بەدی سەردەم و ئەو تێکچوونەی شارستانی مرۆڤایەتی پێیدا تێدەپەڕێت بەکاریش براوە. دوای ئەوەی گفتوگۆی بەشێک لە دیتنەکانی بادیۆ تایبەت بە پاولۆسمان کرد، لێرەوە دەمانەوێت بێینە سەر جۆرجیۆ ئاگامبێن. ئاگامبێن فەیلەسووفێکی ئیتالییە و لە بابەتی وەک ماف، جوانکاری، زمانەوانی و تیۆری سیاسی پسپۆڕە و بەجۆری جیاش دەڕوانێتە شیکردنەوەکانی بادیۆ بۆ پاولۆس، واتە شێوەی ڕوانینەکانی ئاگامبێن لەگەڵێک ڕووەوە لەوەی بادیۆوە نزیک نییە، بگرە لەگەڵێک بۆنەدا ڕەخنەی ڕاڤەکردنەکانی بادیۆش دەکات. ئەمە و ئاگامبێن لەگەڵێک شوێن لەنووسینەکانی تایبەت بە پاولۆس پتر هاوبیری خۆی لەتەک بۆچووەکانی ژیژک نیشان دەدات تا بۆچوونەکانی بادیۆ (١٨).

بەکورتی سەرەتا لە بارەی ئاگامبێنەوە دەمانەوێ ئەوە بڵێین کە ئەم فەیلەسوفە ئیتاڵییە بۆچوونەکانی لەسەر پاولۆس لەو کارە فەلسەفییە سێ کوچکەیەی خۆیدا بەرجەستە کردووە کە بەناوی «هۆمۆ ساسێر» لە ١٩٩٩ دەستی بەنووسینی کردووە. ئاگامبێن لەم کتێبەدا جۆرە پاراداێمێکی سیاسی دەخاتە ڕوو کە لە ڕووی هزری سیاسییەوە کاریگەری بیۆ- پۆلیتیکی فوکوی بەڕوونی پێوە دیارە. کورتەی ئەم کارەی ئاگامبێنیش خۆی لەو تێگەیشتنەدا پوخت دەکاتەوە کە پاولۆس بیریاری

تەبشیریبیە و لە لێکدانەوەکانیشیدا دیدی تەبشیری پاولۆسی زۆر پێ پەسەندە. ئەوەندەی ئاگاشمان لێ بێت ئاگامبێن لە شیکردنەوە فەلسەفییەکانی تایبەت بە ڕەوتی تەبشیری پاولۆس بایەخی زۆر بەکات (زەمەن) دەدات و بەتایبەتی کاتی تەبشیر. هەروەها کاتی تەبشیری بەیەکێ لەکاتە ڕووداوئامێزە مێژوویییەکانیش لە قەڵەم دەدات. با ئەوەش بڵێین کە گرنگی مێژووی ئەم کاتەش، کە بەخۆی ڕووداوییە، وای لە ئاگامبێن کردووە هەمیشە لەگەڕانەوەدا بێت بۆ لای پاولۆس، بەڵام لێرەدا پێویستە لەشتێک ئاگاداربین، ئەوەش ئەوەیە کە ئاگامبێن لە ڕوانگەی ئایینییەوە بایەخ بە پاولۆس نادات، بەڵکو ئاگامبێن بایەخ بە پاولۆس دەدات، چونکە پاولۆس زارۆکی زەمەنێ بووە، پڕ بووە لەتەبشیر. ئەو زەمەنەش کە وەک زەمەنی مێژوویی خۆی دەردەخات ئاگامبێن کردەی سیاسی لێ دروست دەکات.

ئەوەی لێرەدا زێدەسەیرە ئەوەیە ئاگامبێن خود لە تەک زەمەندا بەرباس دەخات و پێشی وایە خود و زەمەن دەبێ سەرلەنوێ بەر بیرکردنەوە بخرێنەوە. بەپێی ئەم سەیرکردنەش بێت پاولۆس لای ئاگامبێن بە خود لەقەڵەم دەدرێت. لەم بارەیەشەوە ئاگامبێن بە موو لەڕووی فەلسەفییەوە لە ژیژک، یان بادیۆ جیا نییە. کەواتە ئەوی ئاگامبێن لەم ڕووەوە سەرنجمانی بۆ ڕادەکێشێت، کە زۆریش نیشانە ئامێزە، ئەوەیە پاولۆس دوای ئەوەی واز لە ناسنامەی خۆی دێنێت و دوای عیسا دەکەوێت لە ناسنامەی تر زۆر بە پەلە خۆی دەبینێتەوە، واتە دەبێت بەخودی تر. ئەم لایەنەی ئاگامبێن باسی لێوە دەکات زۆر ڕاستە، چونکە پاولۆس پاش ئەوەی دەبێت بە مەسیحی، کە ئەوەش لە ئاکامی ڕووداوێکەوە دەبێت و لە لاپەڕەکانی تەوەری یەکەمدا باسمان لێوە کرد، ئیدی لەوکاتەوە پاولۆس واز لە ناسنامەی ئایینی خۆی دێنێت کە لە بنەڕەتدا جوو بووە و ڕووە و ئایینی تر مل دەنێت کە ئەوەش ئایینی مەسیحە.

لێرەوە دەکرێت بڵێین خودی تازەی پاولۆس لە ئاکامی ئەو ڕوداوەوە دروست دەبێت کە پاولۆس ڕێ بەدی دەکات (ڕێکەوتی دەکات). ئەو ڕووداوەش کە دۆزێک دروست دەکات و ئەو کەسایەتییەش دروست دەکات کە دواتر دەبێت بە پاولۆس، بەڵام ئاگامبێن لەم بارەیەوە خاوەنی تێزی تایبەت بەخۆیەتی، تێزەکەش ئەوەیە کە ئەو تاکە ناوەی، قسەی ئاگامبێن، پاولۆس هەیەتی پاولۆسە، بەڵام بەبێ ناسنامە، چونکە ئاگامبێن پێی وایە پاولۆس کە لە ساولۆسەوە (یان ساول، کە ناوە جووەکەی پاولۆسە) بووە بە پاولۆس، بووە بە کۆیلەی عیسا و ئەمەش نیشانەیە لەسەر نەمانی ناسنامەکەی. بەپێی ئەم تێزەش بێت پاولۆس بێ ناسنامەیە، بۆیە ئاگامبێن لە ڕێگای ئەم تێزەوە باسی زۆر لە «خودی بی ناسنامە» دەکات. واتە خودێتی پاولۆس، ئەو خودە نوێیەی پاش هەڵگەڕانەوەی لەجوویەتی خۆی بۆی دروست دەبێت، ناسنامەدار نییە. دەکرێت هەر لێرە و لەبەر سایەی ئەو تێگەیشتنەی ئاگامبێن ئەوەش بڵێین، پاولۆس بەدەستی خۆی خۆی لە ناسنامە دەخات و بەهۆشیاریشەوە ناسنامەبوونی خۆی دەخاتە ژێر گومانەوە. ئەمە و هەروەک دیمان «ڕووداو» و «دۆز» لای بادیۆ گرنگی خۆی هەبوو، بەڵام لە بری چەمکی ڕووداو و دۆز دەبینین ئاگامبێن بایەخ بە چەمکی «تەبشیر» و «کەهنووتی» دەدات.

ئەم چەمکانە لای ئاگامبێن کە بە «زەمەن»ەوە گرێ دراون تەبشیر وەک پاڕادیمی زەمەنی مێژووییش تەماشا دەکرێت(١٩)، بۆیە ئاگامبێن لەناو ئەم مێژووەدا پاولۆس وەک بیریاری تەبشیری دەبینێت. ئەمەش وەکی تر ئەوە دەگەیەنێت بۆ ئاگامبێن پاولۆس ئەو توانا هزرییەی تێدایە وەک کەسێ تەبشیری مەزنی سەردەمی خۆی ببینرێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەرجە تێبینی بکرێت ئەوەیە دیتنەکانی ئاگامبێن لەم بارەیەوە بە بەراورد لەگەڵ ئەوی بادیۆ تاڕادەیەک لە چوارچێوەی جیادا داڕێژراون. هۆی ئەوەش بە کورتی ئەوەیە ئاگامبێن جگە لەوەی بۆچوونەکانی بۆ پاولۆس لەژێر کاریگەری والتەر بنیامین-دایە، بەڵام پێشی وایە بۆ هاتنە ناو گۆڕەپانی هزرەڤانی پاولۆس گرنگە لە فەلسەفەی ئەڵمانییەوە دەست بەکاربین، بەڵام لەم لایەنەوە ئاگامبێن بۆ ئەوە دەچێت کە فەیلەسووفانی ئەڵمانی (لۆتەر، فیبەر، هایدگەر، مارکس، هیگل، و تەنانەت بنیامینیش) لە خوێندنەوەکانیاندا هەوڵیان داوە پاولۆس بەعیلمانی بکەن. ئەمە و بەپێی ئەوەی ئاگامبێن فەیلەسووفی جوانکاری و ماف و زمانەوانییە، خوێندنەوەکانی بۆ پاولۆس ئاراستەیەکی تری وەرگرتووە کە لەگەڵێک لاوە لەوەی بادیۆ دواتر ژیژک جیایە. ئەمەش وەکی تر وا دەکات ئاگامبێن لەڕێگای ئەو ژێرخانە ئێپستمییە (مەعریفییە) جۆراوجۆرەی هەیەتی هزری تیۆلۆژی

پاولۆس شی بکاتەوە، بەڵام ئەم شیکردنەوەیە ئاراستەی نامەکانی پاولۆس کراوە نە شتێکی تر، بەتایبەت ئەو نامەیەی پاولۆس بۆ ڕۆمانەکانی نووسیوە. مەبەستیشمان لەوەی وتمان ئەوەیە ئاگامبێن کاتێک دێتە سەر هزری ئایینی پاولۆس نامەکانی لەشێوەی تێکست ژێر توێژینەوەی زمانەوانی و ئێتمۆلۆژی (ڕیشەی وشەناسی) و فیلۆلۆژی (فیقهی وشە) دەخات(٢٠) و ئەمەش وا دەکات ئاگامبێن خۆی لەو بینینە تیۆلۆژییە نزیک بکاتەوە کە لەهزری ئایینی پاولۆسدا پەنهانە. ئەمە و ئاگامبێن بۆ ئەوەی تێگەیشتنی فەلسەفی تایبەت بە پاولۆس بەردەست خوێنەری نامەکانی پاولۆس بخات دێت و لە ڕێگای توێژینەوە فیلۆلۆژی و ئێتمۆلۆژییەکانییەوە وشەکانی وەک زەمەن، تەبشیر و کەهنووتی ڕوون دەکاتەوە و ئەم جار دێت و لەو بەینە بایەخ بە ڕوونکردنەوەی واتای مەسیحیش دەدات. هۆی ئەم شێوە کارکردنەش لای ئاگامبێن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئاگامبێن ناوی مەسیحی لە عیسا (ئێسۆس) لا بایەخدارترە. ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەی ناوی مەسیح (کریستۆس)، بە باوەڕی ئاگامبێن، لە زەمەنی تەبشیرەوە نزیکە تاشتێکی تر. پاشان ئاگامبێن پتر ناوی مەسیحی لا بە بەهاترە وەک لەناوی مەسیحییەت (کریستنیانتی)، چونکە ناوی مەسیح بەواتای بڵاوکردنەوەی پەیامی مەسیحییەوە بەستراوەتەوە.

مایەوە ئەوەش بڵێین یەکێک لە تێزەکانی ئاگامبێن کە زۆر پێچەوانەی خوێندنەوەکانی بادیۆیە بۆ پاولۆس ئەوەیە کە بەبۆچوونی ئاگامبێن پاولۆس گەردووناوی نییە.

هەرچی سلاڤۆی ژیژکە خاوەنی هەندێک بۆچوونی تیۆری ترە تایبەت بە پاولۆس. ژیژک کە تا ئێستاش دەستبەرداری بەشێکی زۆر لە بۆچوونە سیاسی و فەلسەفییەکانی مارکس و لینین نەبووە، پێی وایە لینین پاولۆسی کۆمۆنیزم بووە. بە بۆچوونی ژیژک چۆن پاولۆس کڵێسەی مەسیحی داهێنا لینینیش کۆمۆنیزمی لە ئیدیاوە بەرەو بزووتنەوەی گلۆباڵ وەرچەرخاند. ئەمەش وا لە ژیژک دەکات بۆ ئەوە بچێت ئێمە ئەمڕۆ بێ پاولۆسی و بێ لینینیمان پێوە دیارە. ڕاستە ژیژک لە نووسینەکانی تایبەت بە پاولۆس گفوگۆی بۆچوونەکانی بادیۆ و ئاگامبێن دەکات، بەڵام بۆچوونی خۆشی لەو ڕووەوە زۆرە و بەتایبەت ئەو دەمەی لەژێر کاریگەری لاکان (بەتایبەت سمیناری حەوتەمی لاکان) قسە لەهزری ئایینی پاولۆس دەکات(٢١).

سەرەتا با ئاماژە بەوە بکەین کە گەڕانەوەکەی ژیژک بۆ پاولۆس و گفتوگۆکردنەکانی ژیژک لەمەڕ هزری ئایینی پاولۆس لەیەک کتێبی دیاریکراودا (وەک ئەوەی بادیۆ کردوویەتی) ئەنجام نەدراوە، بەڵکو لەچەند کاری جیاوازدا دێتەوە سەر پاولۆس و ئەڵبەتە بەدەم ئەو گفتوگۆیانەشەوە گفتوگۆی ئەو کتێبەی بادیۆ دەکات، کە لاپەڕەکانی لای سەرەوە ناوی هات، بەڵام گەڕانەوەکەی ژیژک بۆ پاولۆس جۆرە ئاڵۆزکارییەکی تێدا بەدی دەکەین کە هەمان شتمان پێشتر لای ئەوانی تریش، بەتایبەت بادیۆ، دیوە، ئەوەش ئەوەیە کە ژیژک لەلایەکەوە توێژەرەوەی مارکسییە (وەک پۆست مارکسیستی سیاسی و شیکەرەوەی دەروونیش ناوی ڕۆشتووە) و لەلای دیش نوێنەرایەتی ئاراستەی پۆست سێکۆلاریستی (پاش عیلمانی)ش دەکات، بەڵام ئەم لایەنە ڕەنگدانەوەکەی پۆزەتیڤانەیە تا نێگەتیڤانە، چونکە ژیژک لەگەڕانەوەکەی بۆ پاولۆس بەدووی ئەو ڕوحە پاقژە (خاوێنە) مەسیحییەدا وێڵە کە لای نەک هەر پاولۆس، بەڵکو پێش هەموو شتێک لای خودی عیسا هەبووە. بۆیە ژیژک لە لێکدانەوەکانیدا کار بۆ ئەوە دەکات ئەو ڕوحەی پاولۆس زیندووکاتەوە و بیخاتە گەڕیش دژ بەو ڕوحە پیسەی ئیمپریالیەتی جیهانی هەڵگریەتی. کەواتە ژیژکیش وەک بادیۆ لە لێکدانەوەکانیدا نیازمەندە گەڕانەوەی فەلسەفی بەرهەم بهێنێت بۆ باشە بەرانبەر بەخراپە، کە بە باوەڕی ئێمە فەلسەفەی هاوچەرخ کاری زۆری لەم ڕووەوە کردووە، بەڵام ئەم کارکردنە لە فەیلەسووف و ڕووناکبیرێکەوە بۆ ئەوی تر جیایە، چونکە هەریەکە و بە شێوەیەک دەڕوانێتە پێوەندی نێوان باشە (چاکە) و خراپە (شەڕ).

بەشێک لە فەیلەسووفەکان ڕوونکردنەوەی تیۆلۆژی یان تیۆ- سیاسی بۆ واتای وەک باشە یان خراپە دەکەن و بەشێکی تریش ڕوونکردنەوەی ئیتیکی بۆ دەکەن. هەر بۆ نموونەش ژیژک کە شارەزایی باشی لە بابەتە تیۆ- سیاسیەکاندا هەیە و بۆچوونی ئیتیکیشی خراپ نییە داکۆکی زۆر لە واتای باشە دەکات و بۆچوونی سیاسیشی لێ وەبەردێنێت، هەرچی بادیۆشە زۆر ڕوونتر لە ژیژک لەباشە و خراپە دەدوێ و کتێبی تایبەتیشی لەم ڕووەوە بەناوی «تێگەیشتن لەشەڕ» نووسیوە، کە هێرشی

زۆردەکاتە سەر تێگەیشتنی مافی مرۆڤی نوێ و دیموکراسیەتی سەرمایەداری. پێمان باشە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە ژیژک لەگەلێک شوێن لەو نووسینانەی گفتوگۆی پاولۆس دەکات، ئەڵبەتە ژیژک سەرجەم ئەو گفتوگۆیانە لەڕووی سیاسی و دواتر فەلسەفییەوە دەکات، کاریگەری گەورەی شیکەرەوەی دەروونی فەرەنسی ژاک لاکانی بەسەرەوەیە. هۆی ئەوەش بەکورتی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەلایەک لاکان تیۆریزەکەری گەورەی لە بواری تیۆری خود (سوبژێکت) و لەلایەکی تریش لەبەر ئەوەی لاکان بەخۆشی تێگەیشتنی لەسەر مەسیحییەت و پاولۆس بۆ نموونە هەبووە، بۆیە کاتێک ژیژک، وەک لاکاناسێک، باس لە پاولۆس دەکات باس لە سوبژێکتی عیسا دەکات. هەروەها ژیژک لە خوێندنەوەکانی بۆ پاولۆس هەوڵ دەدات لەژێر کاریگەری لاکاندا پەرەلێلێک (تەریبێک) لەنێوان پاولۆس و شیکردنەوەی دەروونیدا بدۆزێتەوە(٢٢).

وێڕای ئەوەی وترا دەخوازین ئەوەش بڵێین کە یەک لەو تێزە سەرەکییانەی ژیژک تایبەت بە پاولۆس کاری لەسەر دەکات ئەوەیە کە ژیژک لەڕێگای پاولۆسەوە ڕەخنەی توندی ئایینە پۆست سێکۆلاریستییەکان (پاش عیلمانییەکان) دەکات و ڕۆڵی چەوتیشیان لە ڕوونکردنەوەی ئایین ڕوون دەکاتەوە.

ئەڵبەتە ژیژک وەک ڕەخنەگرێک لە سستمی سەرمایەداری جیهانیش، بادیۆ ئاسا، لە ڕێگای گفتوگۆی پاولۆسەوە ڕەخنەی قورسی ئەو بازاڕە گلۆباڵە سەرمایەدارییەش دەکات کە ئایینێکی تایبەت بەخۆی دروست کردووە. ئەو سستمەش بەوە تاوانبار دەکات کە ڕۆڵی گەورەی لە بێ بەهادارکردنی گشت شتە باشەکاندا دیوە. خوێنەر کە سەرەتا بینینی فەلسەفی ژیژک، یان بادیۆ بۆ پاولۆس دەخوێنێتەوە بەو تێڕامانە دەگات پاولۆس ئەو مانا ڕوحییەی بۆ ئەم فەیلەسووفانە و نە خودی ئایینیش نییە، بەڵام دواتر تێڕامانەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت و وێنە فەلسەفییەکان وەک خۆیان نامێننەوە، هۆی ئەوەش تەنیا ئەوەیە خوێنەر وردە وردە دەرک بەوە دەکات ئەوەی ئەم فەیلەسووفانە دەیکەن هەوڵێکە، ئەڵبەتە بەشێوازی فەلسەفی و شیکردنەوەی دەروونیانە، بۆ دەرهێنانی شتە ڕوحییەکان لەهەناوی هزری ئایینی پاولۆس و بەکاربردنی ئەمەش دژ بە ئەهریمەنی و خراپەی سستمی سەرمایەداری گلۆباڵی ڕۆژئاوا.

وێڕای ئەوەی لای سەرەوە وترا دەمانەوێ لێرەدا ئەوەش بیر بخەینەوە کە ژیژک لە گشت نووسینەکانی و بەتایبەت لەو نووسینانەی تایبەت بە گفتوگۆی ئایینی، یان پاولۆس نووسیونی. کە زۆربەشیان قاچێکیان لەناو شیکردنەوەی دەروونی لاکانە و قاچەکەی تریان لەناو شیکردنەوەی سیاسی (سیاسی چەپگەری)یە، لەم ڕووەوە ڕەخنەی ڕێژەگەری کولتووری بیری پۆست مۆدێرنە دەکات، چونکە ژیژک وای بۆ دەچێت «ڕاسیزمی جیاوازی کولتووری» ئەمە ئاڕاستەی پۆست مۆدێرنانەیە. ئەڵبەتە با ئەوەش بڵێین کە ژیژک لە نووسینەکانیدا زۆر ژیرانە ڕاسیزمی تازەی ڕۆژئاوا شی دەکاتەوە و زەینمان بەرەو ئەوەش دەبات گەر ڕاسیزمی کۆن بریتی بووبێت لەوەی «من لەتۆ باشترم» ئەوە ڕاسیزمی نوێ بریتییە لەوەی «من کولتووری خۆم بۆ خۆم تۆش کولتووری خۆت بۆ خۆت» ئەمەش لەکۆتاییدا وا دەکات ڕێزی ناسنامەی پارتیکۆلار (تایبەت) هەبێت و بەڵام شتێک نەبێت پێی بوترێت ئۆنیڤێرسالیزم (گەردوونداوی)، لە هەمان کاتدا ژیژک پێشی وایە فاشیزمی نوێی فەرەنسی لێرەوە سەرچاوە دەگرێت. بەواتای ڕوونتر بەپێی تەماشاکردنی فەلسەفی ژیژک بێ فاشیزمی فەرەنسی سوودی زۆری لە «هەڵوەشانەوەگەریی» وەرگرتووە(٢٣). ئێمە پێمان وایە ئەوەی لەم بۆچوونەی ژیژک بگات لەوەش دەگات کە کردنەوەی دەرگا لەبەردەم ڕاسیزمی تازەی کولتووری لەڕۆژئاوا فەلسەفەی تازەش لەپشتییەوەیە. بۆیە لێدانی ڕاسیزمی تازەی ڕۆژئاوا دەبێت بەلێدانی ئەو فەلسەفەیە دەسبەکار بێت.

کاتێ ژیژک، یان بادیۆ دێنە سەر هزری ئایینی پاولۆس پەیتا پەیتا قسە لەسەر واتای کڵێسەش دەکەن، بەڵام ئەو کڵێسەیەی ئەم بیریارانە باسی لێ دەکەن کڵێسەی بێ قەشە و تەنانەت بێ کڵێسەشە، چونکە لە قسەکانیاندا خودی گەردووناوی بوونی هەیە، نەک قەشە. هۆی ئەوەش ڕەنگە ئەوەبێت خود بۆ نموونە لای ژیژک فاکتەری سەرەکییە و لەژێرکاریگەری تیۆری خودی لاکانیش، ژیژک، هەروەک بادیۆ، هەوڵ دەدات خود بکات بە چەقی ڕووداوەکان. ئەڵبەتە ژیژک لەم خاڵەدا خۆی لەگەڵ ئەو ئاراستە فەلسەفییە هاوچەرخە، هەروەک بادیۆ جیا دەکاتەوە کە بایەخ بەخود نادات. نموونەی زەقیش لەسەر ئەم لایەنە فەلسەفەی هەڵوەشانەوەی

دیریدایە کە نە بۆ ژیژک و نەش بۆ بادیۆ هەرس نابێت. چونکە دیریدا کاری بۆ هەڵوەشانەوەی ئەو خودە ڕاسیۆناڵە دەکرد کە دیکارت بۆی هێنابووینە ناو تێڕامانە فەلسەفییەکانەوە و کردبووشی بە کۆڵەکەی فەلسەفەی مۆدێرن، بۆیە یەکەم شت کە نەیارانی فەلسەفەی مۆدێرنە دڵسۆزانە دەستیان دایە هەڵوەشانەوەی ئەو خودە مۆدێرنە بوو، واتە هەڵوەشانەوەی ئەو باوەڕە فەلسەفییانەی کە دیکارت بۆ خودی پێک هێنابوو، بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە داوای ژیژک لە ئێمە بۆ گەڕانەوە بۆ خود بۆ ئەو خودە ڕاسۆناڵە نییە کە پۆست مۆدێونەکان هەڵیانوەشانەوە، بەڵکو بۆ ئەو خودەیە کە لەماهیەتیدا سیاسییە، واتە لێرە ئامانج لە خود خودی ڕاسیۆناڵی سیاسییە. دەمانەوێ هەر لێرەوە ئەوەش بەرباس بخەین کە ژیژک لە نووسینەکانیدا (لەکتێبی ڕەهای لاواز، خودی هەستیار بۆ نموونە) بەو جۆرەی بادیۆ فەلسەفە بەسەر ڕووداوەوە دەکات، ئەم (واتە ژیژک) ئەمە ناکات، بەڵام لەمیانەی وتنەکانیدا ڕووداو ڕوون دەکاتەوە و پێکەوەشیان دەبەستێتەوە. لەلایەک بەشیکردنەوە دەروونییەکانییەوە، کە سەرچاوە لە لاکانەوە دەگرن، بەتایبەت بەوتنەکانی لەسەر خود (خودی ئۆنیڤێرساڵ)، هەروەها لەیەکی ترەوە بە بۆچوونی فەلسەفییانەی هیگڵییەوە (ڕووداو نەفییەکە)، چونکە لای ژیژک ئەو دەمەی خود ئۆنیڤێرساڵە (گەردوونایییە) ئەمە ڕووداوێکە و ڕووداویشە لە ئاستی سینگولار (تاک).

ئەوەی وترا لەلایەک ئەوەش لەلایەک کە ژیژک لەکتێبی «بەهای لاواز» بۆ ئەوە دەچێت کە پاولۆس ناشێت لە دەرەوەی بازنەی مەسیحی بوونی هەبێت. ئەم بیرۆکەیەی ژیژک زۆر جەوهەرییە، چونکە ئەوەش کە پاولۆس دروست دەبێت ئەمە بەرهەمی بوونی مەسیحە. مەبەستمان لەمە ئەوەیە کە پاولۆس لەپاش سەفەرەکەی دیمەشقی، واتە دوای بنیینی نووری عیسا، دەبێت بە پاولۆس، هەروەها پاولۆس ئەگەر مەسیحییەتی مەسیح نەبوایە وازی لە ناسنامەی خۆی نەدەهێنا، بۆیە تێزەکەی ژیژک لە شوێنی خۆیەتی. کەواتە گەڕانەوە بۆ پاولۆس گەڕانەوەیە بۆ مەسیحییەت و خودی عیسا، چونکە ئەگەر پاولۆس هزرڤانی تیۆلۆژیش بێت وەک ئەوەی بادیۆ، یان ژیژک بۆی دەچن، سەرچاوەی هزری وگفتوگۆکانی وانەکانی مەسیح و مەسیحییەتە نەک ئایینێکی تر، یان پەیامنێری تری ئایینی. ئا لەم حاڵەتەدا ژیژک خۆی لە ئاگامبێن جیا دەکاتەوە، چونکە ئاگامبێن ناوی مەسیحی بەلاوە گرنگترە لەناوی عیسا، بەڵام ئەو پرسیارەی لەم ڕووەوە ئێمە ڕووبەڕووی ئاگامبێنی دەکەینەوە ئەمەیە: عیسا نەبوایە مەسیح، یان مەسیحییەت دەبوو؟ بەدڵنیای نەخێر نەدەبوو، چونکە مەسیحییەت ئەگەر بڕیاری دابێ ببێت، ئەوە بێ گومان عیسایەکی بۆ خۆی هەر دروست دەکرد.

لەکۆتایی ئەم تەوەرەشدا دەمانەوێت ئەوە بڵێین، گەڕانەوەی ئەم سێ فەیلەسووفە بۆ پاولۆس، پێشتریش بۆ لای لاکان، چونکە لاکان لەگەلێک لایەنەوە سەرچاوەی هزرییە بۆ فەلسەفەی سیاسی بادیۆ و ژیژک، مانایەکی تریش بە گوێماندا دەچرپێنێت کە ئەوەش ئەمەیە: ئایین تەنیا بابەتی توێژینەوەی تیۆلۆژەکان نییە، بەڵکو فەیلەسووفەکانیشە، هەروەها بۆچوونی ئایینی پەیامنێرانی یەزدان تەنیا بواری پشکنینە تیۆلۆژییەکان نییە، بەڵکو بواری تێڕامانە بیرياری و هزرییە سیاسییەکانیشە، بۆیە ئەوەی فەیلەسووفەکان، یان تیۆریزەکەرە سیاسییەکان لەو ڕووەوە دەیڵێن کاریگەری خۆی هەیە. ئەمە و دەمانەوێت ئەوەش بڵێین کە ئەم جۆرە گەڕانەوەیە بۆ نووسینە تیۆلۆژییەکان هەیە و هەندێک گەڕانەوەی تیۆلۆژی شێوە هیچگەرای فەلسەفیش هەیە، بۆ نموونە لەشێوەی گەڕانەوەکانی دێریدا و ڤاتیمۆ بۆ ئایین. کەوابێت ئەگەر گەڕانەوە تیۆلۆژی و فەلسەفییەکان هێندە جۆراوجۆر و ناتەبابن، لەم حاڵەتانەدا مرۆڤ تەنیا هزری، خۆی دەتوانێت لە گێژاوی جۆراوجۆری توێژینەوەکان دەربازی بکات.

ڕاستە بیری ئەم بیریارانە بیری لیبراڵی دژە لیبراڵی سەرمایەدارییە، بەڵام بۆچوونی خۆشیان بۆ گەلێک لە واتا لیبراڵییەکان هەیە لەوانە ئازادی، یان دیموکراسیەت. مەبەستمان لەوەی وتمان ئەوەیە ئەم سێ بیریارە کە چارەی سەرمایەداری ڕۆژئاوایان، کە سەرمایەدارییەکی جیهانییە ناوێت، لەم ڕێگایەوە تیۆریزەی سیاسی خۆشیان بەسەر شیکردنەوەی تێکستە تیۆلۆژییەکاندا دەپرژێنن. ناشبێت ئەوە لەبیر بکەین کە بیری ئەم بیریارانە لەو جۆرە بیرە سیاسییە فەلسەفیانەشە کە پاش کۆلاپسی کۆمۆنیزم ڕەوتی سیاسی فەلسەفی جیای وەرگرتووە. ژیژک کە فەیلەسووفی سلاڤێنە، خەڵکی ئەو شوێنەیە کە لەگەڵ هەڵوەشانەوەی کۆمۆنیزمدا هاتە پێکهاتن. کەواتە ژیژک لە بادیۆ (کە فەڕەنسییە) و

ئاگامبێن (کە ئیتاڵییە) زیاتر هۆشیاری لەسەر مانای زەبری دەسەڵاتی سیاسی و ئایدۆلۆژیایەکی وەک کۆمۆنیزم هەیە و بادیۆش وەک کۆنە ماوییەک چاک لەو دارمانە سیاسییە دەگات، کە کۆمۆنیزم لەم دوو دەیەیەی دواییدا دووچاری بوو.

هەروەها زێدە ڕوون و ئاشکرایە یەک لەو شتانەی ئەم سێ فەیلەسوفە کۆدەکاتەوە ئەوەیە کە لە هەوڵی دۆزینەوەی بیری سیاسی تیۆلۆژین لەهزری ئایینی پاولۆس و کردنی پاولۆسیش بە ئامانج و ئوبژێکتێک (بابەت) بۆ شیکردنەوە سیاسییەکانیان لەمەڕ سیستمی سیاسی و کولتووری و ئابووری کۆمەڵگەی لیبرالی ڕۆژئاوا، بەڵام لەگەڵێک شوێن هەوڵەکەیان وەک خۆی نیشانەکە ناپێکێت و دەکەوێتە دەرەوەی مەبەستەوە.

ئێمە پێمان وایە بەشێک لە خوێنەرانی ئەم نووسینە لەوە بەئاگان کە مرۆڤی تازە بەبازاڕەوە گرێدراوە و لە گەلێک ڕووشەوە ئارەزوو و چێژەکانی ئەم مرۆڤە بازاڕ دیاری دەکات و بازاڕیش ئاشکرایە کە بێ لایەن و سادە بیرناکاتەوە، بۆیە دوورخستنەوەی ئەم مرۆڤە لەبازاڕ، کە کارکردنی زۆری دەوێت، ئەرکی مرۆیی و ئیتیکییە. بەجێ گەیاندنی ئەم ئەرکەش کە لەبەشێک لە نووسینەکانی ژیژک و بادیۆ و ئاگامبێن-دا بە ئاشکرا دیارە، چونکە بایەخدانی ئەم سێ فەیلەسوفە، بۆ نموونە بە پاولۆس لەبنەڕەتدا بۆ کەم کردنەوەیە لە ڕەونەق و نرخی ئەو بازاڕە سەرنج ڕاکێشەی سەرمایەداری جیهانی دروستی کردووە. واتە بەهۆی پاولۆسەوە ئەم فەیلەسوفانە دەیانەوێت جیهانێکی تر، جیهانێکی جیا دروست بکەن، بەڵام ئەوە هیچ وەخت ئەوە شی ناکاتەوە کە ئەم سێ بیریارە لە تەماشاکردنەکانیاندا بۆ پاولۆس هاوشێوە بیریان کردبێتەوە. لێرەشدا دوور ناڕۆین ئەگەر بڵێین بۆ نموونە ژیژک لەکتێبی «خودی دەقیق» ڕەخنە لەگەلێک لە بۆچوونەکانی بادیۆ سەبارەت بە ڕوانینەکانی بۆ پاولۆس، یان خودی مەسیح دەگرێت. بۆ نموونە ڕەخنەی ژیژک لە بۆچوونی بادیۆ تایبەت بە مەسەلەی مردنەکەی (لەخاچدانەکەی) عیسا، هەروەها ڕەخنەی ژیژک لە تێگەیشتنی بادیۆ بۆ ڕووداو و ڕۆڵی لە دروستکردنی ڕاستیدا(٢٤)، چونکە ژیژک لەم ڕووەوە ڕەخنە لەسستمی فەلسەفی بادیۆ دەکات نەک هەر تێگەیشتنی بۆ واتای ڕاستی تایبەت بە پاولۆس. بادیۆ کە پێی وایە ڕاستی، ڕاستی فەلسەفی، بەهۆی زانست (بیرکاری)، هونەر (شیعر)، سیاسەت و خۆشەویستییەوە دروست دەبێت، بە بۆچوونی ژیژک بادیۆ ڕاستی لەوە بە دوور گرتووە ئایینیش بەشداری لە دروستکردنیدا بکات(٢٥). ئەڵبەتە زۆر شتیش هەن کە ئاگامبێن نەک هەر لە بادیۆ، بەڵکو لە ژیژکیش جیادەکەنەوە، ئەوەش کە ژیژک و بەتایبەت بادیۆ لە نووسینەکان و تەنانەت لێدوانەکانیشیاندا زۆر جەخت لەوە دەکەنەوە کە هۆی گەڕانەوەکەیان بۆ پاولۆس پێوەندی بەوەوەیە کە ئەمان لە پاولۆسدا کەسایەتی، یان خودێتی گەدوونای، نەک ڕێژەیی، یان لۆکاڵ، هەروەها خودی ڕاستەقینەی مەسیحی دەبیننەوە، بەڵام ئەمە بۆچوونی ئاگامبێن نییە کە لای ئەو دوو فەیلەسوفەی تر تێزی فەلسەفی زۆر گەورەی لێ پێک دەهێنرێت.

بەپێی ئەو دیتنانەی لای سەرەوەش بێت هەڵە ناکەین ئەگەر بڵێین، هەریەک لەم سێ فەیلەسوفە ڕۆژئاواییە بەجۆرێک شیاوی لەبەردەم هزراندنە فەلسەفییەکانیاندا دەکەنەوە کە هزراندنەکانیان هاوشێوە و هاوشێواز نین. هزراندنەکان کە جیا و جۆراوجۆر خۆیان دەردەخەن ئەوەشمان پێ دەڵێن کە ئەزموونی فەلسەفی هەریەک لەم فەیلەسوفانە و ئەمجار ژینگەی ڕۆشنبیری و توانای ئێپستمیشیان وەک یەک نییە. ئەم لایەنە کە دەرەنجام و ئاکامی هزراندنەکان ناهاوشێوە دەکات شیاوی تێگەیشتن لە دیتن و توێژینەوەکانیشیان جۆراوجۆر دەکات، چونکە هەریەک لەم فەیلەسوفانە ویستێکی بۆ هزراندن هەیە، کە ئەمەش شیاوییەکان تا ئەندازەیەک نا-تاک وێنە و ڕێژەیی دەکات.

## تەوەری چوارەم
## لەنێوەندی ڕوناکبیری و ئەکادیمی کوردی
## هزری لاهووتی نەبووەتە بابەتی توێژینەوە

ئاشکرایە لە نووسینەکانی ئەو سێ فەیلەسوفە ڕۆژئاواییەی لەتەوەری سێیەمدا ناویان هات شوێنێکمان بۆ گفتوگۆ کردنی ئیسلام بەرچاو نەکەوت، بەڵام ئەوەندەی ئاگاشمان لێبێت بۆچوونی ئەو فەیلەسوفانە بۆ ئیسلام خراپ نییە، بەڵام لێرەدا مەسەلەکە هەر ئەوە نییە، بەڵکو ئەوەشە کە نەک هەر ئەم سێ بیریارە ڕۆژئاواییە، بەڵکو گەلێک لەبیریارانی هاوچەرخی ڕۆژئاوایی شارەزایی قووڵیان لەسەر ئیسلام نییە و ئەڵبەتە بەشێک لە وردەکارییەکانی ئەم کێشەیەش، وای

بۆ دەچین پێوەندی بە نەبوونی سەرچاوە و توێژینەوەی قووڵ و ڕوونەوە هەیە کە لە ئێستادا لەسەر ئیسلام لەڕۆژئاوا دەست ناکەون. گومانیناوێ ئەگەر بڵێین، چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بە ئەنجامدانی دوو هەنگاوی ڕووناکبیر و ئەکادیمیگەرانی ئیسلامییەوە گرێدراوە، ئەڵبەتە لە تەک هەنگاوێکی تریش کە پێویستە ڕووناکبیر و هزرەڤانانی ڕۆژئاوایی ئەنجامی بدەن. سەرەتا دێینە سەر ئەو دوو هەنگاوەی کە ئەرکی ڕووناکبیر و ئەکادیمیگەرانی ئیسلامین و گرنگە ئەنجامی بدەن، پاشانیش دێینە سەر ئەو هەنگاوەی خۆی وەک قەرزداری ڕەوشتی نیشان دەدات و پێویستە ڕووناکبیر و هزرەڤانانی ڕۆژئاوایی لەبەرچاو بگیرێت. یەک لەو هەنگاوانەی بە ڕووناکبیر و ئەکادیمیگەرانی ئیسلامییەوە تایبەتە ئەوەیە پێویستە ڕووناکبیر و ئەکادیمیگەرانی ئیسلامی توێژینەوە ئەنجام بدەن، چونکە تەنیا لەڕێگای توێژینەوە ئەنجامدانەوە ڕووناکبیر و ئەکادیمیگەرانی ئیسلامی دەکارن خۆیان لەسەر خستنەڕووی بەڵگە و فاکتەری ورد نیشاندەن و ئەمەش وەکی تر یارمەتیدەر دەبێت نووسینەکانیان لەلایەن نووسەر و بیریارانی ڕۆژئاواییەوە زۆرتر شایانی گفتوگۆ و تێرامان بن، بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوەش بێتەدی پێویستە نووسینی ئیسلامی خۆی لەو مێژووگەرایی و هەقایەتئامێزییە دوورخاتەوە کە چەندین ساڵە بینە قاقای گرتووە، بەڵام هەنگاوی دووەم کە پێویستە ڕووناکبیر و ئەکادیمیگەرانی ئیسلامی سەرنجی بدەن ئەوەیە تا بڵێیت پێویستە و مانادارە ڕووناکبیر و ئەکادیمیگەرانی ئیسلامی توێژینەوەکانیان بە زمانی بێگانە بنووسن و یانیش کار بۆ وەرگێرانی توێژینەوەی کەسانی تر بکەن. ئەم هەنگاوە کە زێدە گرنگە مانای بۆ ئەو هەنگاوەش هەیە، کە بە ڕووناکبیر و هزرەڤانانی ڕۆژئاواییەوە تایبەتە. هەرچی ئەو هەنگاوەیە کە پێویستە لەلایەن ڕووناکبیر و هزرەڤانانی ڕۆژئاواییەوە لەبەرچاو بگیرێت، کە پێمان وایە بەشێکیشە لە قەرزدارییە ڕەوشتییەکانیان بەرانبەر بەوی تر، ئەوەیە کە ڕووناکبیر و بیریارانی ڕۆژئاوایی پێویستە خۆیان لەو وێنە چەوت و هەڵانە پاک بکەنەوە کە میدیای ڕۆژئاوا بەردەوام لەبەر ئیسلام تێیاندا دروست دەکات. جا بۆ ئەوەی ڕووناکبیر و بیریارانی ڕۆژئاوایی ئیسلام وەک خۆی بناسن پێویستە توێژینەوەی ڕووناکبیر و توێژەرەوە ئیسلامییەکانیان لەبەردەستدا بێت.

بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە نێو باسەکەی خۆمان بە پێویستی دەزانین ئاماژە بەوە بکەین کە پاش ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر، کە ئیسلام لەگەڵێک ڕووەوە بوو بە ئامانجی ڕەتکردنەوەکانی میدیای ڕۆژئاوا، ئاگامبێن و ژیژک و بادیۆ گەلێک شتی جوانیان تایبەت بە ئیسلام، تیرۆریزم، دەسەڵاتسالاری ئەمەریکی و تێکچوونی مافی مرۆڤ وت، کە هەموو ئەو وتنانە نیشانەبوون لەسەر توانای ڕەخنەی ئەم بیریارانە و بەکاربردنی ویستی فەلسەفی بۆ هێنانەگۆی ڕاستی سیاسی. جا ئەوی کتێبەکەی ژیژکی خوێندبێتەوە (بەخێربێن بۆ جیهانی ڕاستەقینە) لەوە دەگات ئەم بیریارە چەند بەهەستی ڕاسیۆنالانەوە ئەو پەرچەکردارییە ڕەت دەکاتەوە کە ڕۆژئاوا پاش ڕووداوەکەی مانهاتانی (٢٠٠١) خووی پێوەگرت، یان ئەوی کتێبەکەی ئاگامبێنی خوێندبێتەوە (دۆزی ڕیزپەڕ) بە وردی لەوە دەگات لە ڕێگای جەنگ هەڵگیرسانەوە شارستانی ڕۆژئاوا تەنیا زەمینە بۆ کوشتنی دیموکراسیەتی ڕۆژئاوایی و پێشێلکردنی ماف خۆش دەکات، یاخود هەچ کەسێک نووسین و دیتنەکانی بادیۆی دوای ڕووداوەکانی ناوبراو خوێندبێتەوە ئەوەی لا ڕوون و دیار دەبێت چەند بادیۆ لەسەر مەسەلەی پەچە و ئایین و ئازادی باوەڕ لە شوێنی وەک فەرەنسا لەکاتی خۆیدا هاتووەتە وتن و گفتوگۆی فەلسەفیشی لەو بارەیەوە لە ڕۆژنامەکانی فەرەنسادا

وروووژاندووە. هیچ نەبێت هەر بادیۆش بوو لەم سالانەدا بەهێزترین ڕەخنەی ئاراستەی جووگەرایی بەشێک لە ڕووناکبیرانی فەرەنسی کرد (لەم ڕووەوە بڕوانە کتێبی پۆلیمیک) و خەوشی ئەو ئاراستەیە و مەترسییە ڕووناکبیرییەکەشی بە ئاشکرا بەرباس خست.

بۆ ئەوەی بێینە سەر ئامانجی سەرەکی ئەم تەوەرەی بەردەستمان بە پێویستی دەزانین لەو پرسیارەوە دەست پێ بکەین (پرسیاری چوارەم) کە لای سەرەوە و لە دەروازەی ئەم نووسینەدا بەردەست خوێنەرمان خست کە ئەم فۆرمەی بەخۆوە گرت: ئەم جۆرە گەڕانەوە و توێژینەوە فەلسەفییە ڕۆژئاواییانە، لەشێوەی ئەوەی ژیژک و بادیۆ و ئاگامبێن، بۆ ئێمەی کورد چ فێربوونێک بەدەستەوە دەدەن؟ ئێمە لە ڕێگای ئەم پرسیارەوە گلەیی زۆر لە نووسینی ئایینی، یان با بڵێین تیۆلۆژی (لاهووتی) کوردی دەکەین، کە توانا و ئامادەبوونی لە پلەی سفرە،

هەروەها ئەوەش کە نێوەندی ئەکادیمیمان، کە تا بڵێی کۆلاپساوییە (دارماوە)، شوێنی پۆلی تیۆلۆژی تێیدا ونە، ئەمەو ئەم نێوەندە ئەکادیمییە لەبەرئەوەی کەموکوڕی لە ڕادەبەدەر ئێپستمی (مەعریفی) هەیە و لە هزراندن بووەتەوە، توانای ئەوەی نییە هیچ پردێک لەنێوان ئایین لەلایەک و ئەوەی پێی دەڵێن توێژینەوەی ئێپستمۆلۆژی و ئۆنتۆلۆژی لەلایەکی دی دامەزرێنێ. هەروەها ئەوەش کە جێی بایەخی نێوەندی ڕۆشنبیری ئیسلامی کوردی نییە ئەوەیە توێژینەوەی تیۆلۆژی شوێنی تێڕامان نییە و دروستکردنی پردیش لەنێوان ئایین و فەلسەفە، یان ئایین و هزراندندا شتێکە لە زۆنی فەرامۆشیدایە.

بەڵام پێش ئەوەی بێینە سەر کرۆکی وەڵامەکەمان بۆ ئەو پرسیارەی ناسنامەی ئەم تەوەرە دەستنیشان دەکات، بە باشی دەزانین چەند قسەیەک لەسەر کەمی و لاوازی بوونی توێژینەوە لەناوخۆمان بەر باس بخەین و ئەو ناشیاوییانەش بیر بخەینەوە لەبەردەم هزراندن لەم بوارانەدا ئامادەن. دەمانەوێت بۆ ئەو مەبەستەش بپرسین: هۆی ئەوە چییە لەناو ئێمەدا بایەخ بۆ توێژینەوەی تیۆلۆژی نییە و ویستی فەلسەفیش بۆ ڕاڤەکردنی ئایینی بوونی نییە؟ خۆی ڕاستە ئێمە لە کۆمەڵگەیەکی عیلمانی پوختدا ناژین، بۆیە زۆر ئاساییە توێژینەوەی تیۆلۆژی لەناو ئێمەدا ئەو مانا و گرنگییەی نەبێت، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە دەکرێت پتر وەک هۆ لێرەدا پشتی پێ ببەسترێت ئەوەیە ئەو دوو بوارە زانینییەی تۆزێک پێش ئێستا باسکرا، واتە فەلسەفە و تیۆلۆژیا، لەناو ئێمەدا ئامادەبوونی نییە و لە زەینی ڕووناکبیریشماندا چەکەرەی نەکردووە، بەواتایەکی تر، دەمانەوێت بڵێین ڕووکردن لە پرسیاری هزری قووڵی ئایینی و تیۆلۆژی پێویستی بە فەیلەسووف و تیۆریزەکەر و ڕووناکبیری تیۆلۆژی هەیە، کە لەئێستادا لەناو ئێمەدا نین. بەڵێ ئێمە دنیایەک ڕابەری سیاسی ئایینی و مامۆستای ئایینی و فەقێ و مجێور و نووسەری ئیسلامی سیاسی و ڕۆژنامەوانی ئیسلامی و مامۆستای زانکۆیی و ئەمجار مامۆستای زانکۆیی ئیمانداریشمان هەیە، بەڵام ئەمانە جیان و ئەوەی ئێمە پێمان وایە نیمانە جیان.

بۆ ئەوەی ئەم لایەنەش ڕوون بکەینەوە و ئەمجار لەتەک تێکرای ئامانجی نووسینەکەمان یەکی بخەینەوە بە پێویستی دەزانین لای خوارەوە بێینە سەر هەندێک لایەن کە مانای بۆ ئەم تەوەرە هەیە.

لەو لایەنانەی لەم تەوەرەیەدا دەمانەوێت لێی بدوێین ئەوەیە، ئەوەندەی ئاگامان لێ بێت توێژینەوە لەناو ئێمەدا نەبووە بەبابەت و شارەزایی قووڵ و گەورەش لە توێژینەوەکردن بوونی نییە، هۆی ئەمە بۆ ئێمە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە قوتابی، یان کەسی ئەکادیمیمان نییە، بەڵکو بنەڕەتی کێشەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە چ لەناو نووسەر و ڕووناکبیران و چ لەناو ئەکادیمیکارانماندا توێژینەوەکردن نەبووە بە نەریت و ئەوەش لەناو خەڵکدا بەگشتی باو و گشتی نەکراوە، توێژینەوە ئەنجامدان چارەسەری باوەڕپێکراو و پەسەندکراو تایبەت بە پرسیار و گومانەکان دێنێتە گۆڕێ. گریمانی ئەوەش کە دامەزراوی ئەکادیمی و ئەکادیمیکار دەکارێ ئەوە بکات بە هەڵە نازانین، بەڵام ئەم گریمانە لە ئەمڕۆی کوردستاندا و لە هەنووکەدا نایخوات. زۆر دووریش نارۆین ئەگەر بڵێین هیچ کات کوردستان هێندەی ئێستا زانکۆ و هەڵگرانی ماستەر و دکتۆرا (ماوەیەکی تریش پۆست دکتۆرا و پرۆفیسۆرا)ی بەخۆوە نەدیوە، بەڵام ئەمە کێشە بنەڕەتییەکەی چارەسەر نەکردووە، چونکە بە ئاکادیمی بوون و چوونە گۆڕەپانی ئەکادیمیاوە بۆ ئێمە ستاتۆسی کۆمەڵایەتی هەیە، وەک لەوەی زانستی. بۆ نموونە ئێستا گشت ماڵێکی کورد لە کوردستان ئەگەر یەک ماستەر هەڵگریشی نەبێت خۆ دوو بەکالۆریۆس هەڵگری هەیە، بەڵام کێشەکە پێوەندی بەزۆری هەڵگرانی بڕوانامەوە نییە و زۆربوونی ئەکادیمیکاریش چارەسەری کێشەکە نەکات، بەڵکو کێشەکە بەوە چارەسەر دەبێت کەسەکان خۆیان بۆ گەیشتن بە زانینی کۆنکریت و زیندوو و ڕووداو ئامێز تەرخان بکەن. وەکی تریش گرفتەکە هەر لێرە ناوەستێت و شتی تریشی لێ دەبێتەوە کە یەک لەوانە «ترسە لە توێژینەوە». مەبەستیشمان بە کورتی لەم گوزارەیەی بەکارمان برد ئەوەیە، لای ئێمە ترسێک هەیە لە توێژینەوە، ئەم ترسەش لە توێژینەوە نەریتی و ئایینی و ئەڵبەتە سیاسیشە. زۆربەی ئاماژە کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیرییەکانیش ئەوە نیشان دەدەن کە ئەو شتەی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا سیاسی بێت، لە هەمانکاتدا نەریتی و ئایینیشە، بەڵام بۆ ترس لە توێژینەوە؟ هۆی ئەوە زۆر بەکورتی ئەوەیە توێژینەوە ئەو توانا و شیاوییەی تێدایە وتن بەجۆرێک لەسەر شتەکان بێنێتە پێشەوە یەکلاکەرەوە و بنەبڕانە بن. ئەمەش کە ئێستا بۆ نێوەندی

سیاسی و ئەکادیمی کوردی هەرس نابێت و لەتەک باری کۆمەڵایەتی و سیاسی گەندەڵی هەنووکەی کوردستانیشدا ناگونجێت. لەبەرئەوەش لە ڕێگای توێژینەوەوە دەکرێت هەڵوێستە لەسەر دیاردە و ڕووداوەکان وەربگیرێت و پێشنیاری چارەسەر و شیکردنەوەی تر بکرێت، بۆیە ئێستا توێژینەوە لەناو نووسەر و ئەکادیمیکەرە حیزبی و گەندەڵەکاندا خۆی وەک شتێکی ڕێزەڤەن (موحتەرەم) و پەسەندکراو نیشان نادات، بەڵکو زۆرتر بایەخ بە کاری ڕۆژنامەوانی پچرپچری گەندەڵ دەدرێت. کەواتە تا هزری گەندەڵی لەنێوەندی ڕۆشنبیری و ئەکادیمی کوردی سەروەر بێ توێژینەوە فەرامۆشکراو و ناکاریگەر دەبێت. هەروەها گەندەڵی هزری کە دوژمنی هەرە گەورەی توێژینەوە و ڕاڤەکردنە تێکدەری ڕاستی ڕاستییەکانیشە، بەڵام ئەو گەندەڵییە هزرییە بۆ ئەوەی بەردەوام و جێگیر بێت و بۆ ئەوەی بەردەوام خۆشی لە کێشەکان دەرباز بکات، بە ئاگاییەوە کار بۆ دروستکردنی دۆزێکی تر دەکات، ئەوەش لە ڕێگای ئەوەی ڕۆژنامەوانی بە جێگری توێژینەوە و شیکردنەوە دادەنرێ. هەروەها گەندەڵی هزری کە شوێنێکی گەورەی لەناو میدیای تازەی کوردیدا بۆخۆی دابین کردووە، وای لە ڕۆشنبیری کردووە ببێت بە بەرهەمی ئەو ڕۆژنامەوانییەی گشت کاتەکانی بە گفتوگۆی شتی لاوەکی و هیچگەراوە بەسەر دەبات. زۆر بەکورتی و بەواتایەکی تر، گەندەڵی هزری کوردی کە بێ ڕۆژنامەوانی ناژێت، وتاری ڕۆشنبیری تایبەت بەخۆشی دروست کردووە، ئەم وتارە بیریار و نووسەر و هونەرمەند و سیاسی خۆشی هەیە، بۆیە تا ئەوکاتەی گەندەڵی هزری هەبێت نەک هەر توێژینەوە نابێت بگرە چ میدیاش ناشێت بیر کۆنکرێت و ڕاستەوخۆ کار بکات. ئێمە خوانەخواستە نامانەوێت بڵێین ئەمڕۆ ئازادی ڕۆژنامەوانی، یان ئازادی بیروڕا لە کوردستان نییە، نەخێر و پێشمان وایە ئەو ئازادییەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە لەگەڵێک لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا ئامادە نییە، بەڵام گرفتی ئەو جۆرە ئازادییەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا سەروەرە ئەوەیە ئازادیی نا-بەرهەمهێنەر و مشەخۆرە، ئازادیش کە مشەخۆر و نا-بەرهەمهێنەر بێت، دەبێت بە بکوژی ڕاستەوخۆی ڕاڤەکردنی ڕووناکبیری و توێژینەوەی ئەکادیمی ڕەسەن. ئەم دۆزەش نەک هەر گەندەڵی هزری بەرهەم دێنێت، بەڵکو هەندێک فۆڕمی تر لە گەندەڵیش بەرهەم دێنێت.

ئێمە لێرەدا تایبەت بە مەسەلەی واتای ئازادی لەمە زۆرتر ناڵێین، بەڵام ئەوەی دەمانەوێت لێرەدا بەکورتی بیری خوێنەری بخەینەوە ئەو سینتێزەیە (دێرەیە، بیرۆکەیەیە) کە پێگیری لەسەر ئەوە دەکات کە بەڵێ ئازادی، نەک دیکتاتۆرییەت، بەخێوکەری توێژینەوەیە بەڵام، ئازادی ناتوانێ هیچ بکات کاتێک تاکی ئازاد کاتەکانی لە هیچیدا بەسەربەرێ. یان ئازادی تا ئەوپەڕی بێ مانایە کاتێک ڕۆژنامەوانی دەبێت بە نوێنەری هزرڤانی و سنوورێک ناکەوێتە نێوان خوێندەوار و نەخوێندەوار، ڕووناکبیر و نا- ڕووناکبیرەوە، بۆیە لەم حاڵەتانەدا توێژینەوە نەک هەر نابێت، بەڵکو خودی مانای ئازادی ڕوو لە هیچگەرایی دەنێت.

ئێستا دەمانەوێت بێینە سەر باسی وردەکارییەکانی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی مانای بۆ ئەم تەوەرەیە هەیە. سەرەتا دەمانەوێ بێینە سەر باسی ئەو لایەنەی کە تارادەیەک لەم ڕووەوە بنەڕەتییە کە ئەوەش ئەمەیە: نێوەندی ئەکادیمی کوردی لەگەڵ هەموو داماوییەک و پشتکردنێکی لە توێژینەوە، پشتی لە توێژینەوەی لاهووتیش کردووە.

یان بەپشتکردنی نێوەندی ئەکادیمی کوردی لە توێژینەوە پڕیشکی ئەم پشت لێ کردنە بەر توێژینەوەی لاهووتیش کەوتووە. بۆیە ناماقووڵی ناکەین ئەگەر بڵێین، توێژینەوەی لاهووتی کە پێویستی بە بنەمای ئەکادیمییە ئەمە ئێستا لە کوردستان ئەستەمە، چونکە خودی توێژینەوەی ئەکادیمی بەگشتی و توێژینەوەی هیۆمانی (ئەوەی سەر بە زانستە مرۆییەکانە)، بەتایبەتی لە کوردستانی ئێستادا لە گرفتدایە. ئەم لایەنە وتنی زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام لێرەدا بەپێویستی دەزانین ڕووی وتنەکانمان بەکورتی بەم جۆرەی لای خوارەوە ئاراستەی خوێنەر بکەین.

بۆ ئەوەی تێکستە ئایینییەکان بەر ڕاڤەکردن بخرێن پێویستمان بە توێژەرەوەی ئایینی دەبێت، بەڵام پێویستە ئەم توێژەرەوانە خاوەنی ڕووناکبیرییەکی قووڵ و بەرینی هزریبن. هیچ هەڵەش ناکەین ئەگەر بڵێین دەبێت ئەو توێژەرەوانە بە مانای وشە بیرمەند بن. بیرمەندی یارمەتی ئەمانە دەدات لە تێکستە ئایینییەکاندا نەک هەر باوەڕ، بەڵکو ڕەفتار و ڕەوشتیش ببیننەوە، بەڵام داڕشتنەوەی ئەوی دەبینرێت مەرجە لە گشت دۆگما و

تاریکی ئیپستمی دووربخرێتەوە. بۆ نموونە ئەوەی لە ڕۆژئاوا پاولۆس ئەنجامی دا دواتر شێوە کار کردنێکی تری لەسەرکرا کە ئەو شێوەی کارکردنە ڕوو و جەمسەری تری بە تێگەیشتنی ئایینی و یەزدانی دا.

لەم حاڵەتەشدا ناکرێت ڕۆڵی بۆ نموونە پاسکال، یان ئاگۆستینۆس لەبیر بکرێت، بە دڵنیاییشەوە ئەو دەمە ئەو شێوەی کارکردنانە ڕوو و جەمسەری تر وەردەگرن کە توێژەرەوەی ئەم جۆرە بوارانە شارەزایی و قووڵبوونەوەی گەورەیان نەک هەر لەو گەشەیەدا هەبێت هاتووەتە سەر زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان، بەڵکو لەو گەشەیەشەوە هاتووەتە سەر زانستە تەجریبییەکانیش، بەڵام زۆر مخابن لەلای ئێمە، لە نێوەندی ئەکادیمی کوردی، ئەو گەشەیەی هاتووەتە سەر زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان چ سەرنج و ئاوڕدانەوە نییە بگرە ئەوانەش کە لە بواری زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا کاردەکەن هیچ حەز و بایەخێکیان بۆ زانستە تەجریبییەکانیش (فیزیا، ماتماتیک- بیرکاری-، بیۆلۆژی- زیندەوەرناسی- و تاد...) نییە. وەکی تریش ئەوانەش کە لە بواری زانستە تەجریبییەکاندا کاردەکەن زۆر بەدەگمەن حەوسەڵەی خوێندنەوەی تێکستی کۆمەڵایەتی یان هیومانییان هەیە. بۆیە ئەم لایەنە کە بەخۆی کێشەی میتۆدی گەورە لەبەردەم توێژینەوەکاندا دروست دەکات نیشانەی گومان لێ نەکراویشە لە بۆیەتی نەشونمانەکردنی توێژینەوە لە نێوەندی ئەکادیمی کوردی بەجۆرێکی سەردەمیانە و پێویست.

لایەنێکی تر کە گرنگە لەم تەوەرەیەدا باس بکرێت ئەوەیە، پێویستە جیاوازی لەنێوان بوون و نەبوونی توێژینەوەی ئەکادیمی لاهووتی و دروستکردنی مزگەوت و زۆربوونی ژمارەی ئەوانەی قورئانییان خەتمە هەروەها ژمارەی ئەوانەی مامۆستای ئایینی و فەقێن بکرێت. ئەمڕۆ کە مزگەوتەکان لە کوردستان پڕبوونە لە مامۆستای ئایینی کەم خوێندەوار و بێ ئاگا لە ڕەوشی گەشەی شیکردنەوە و لێکدانەوە لە بواری پرسیارە ئایینی و بوونایییە ئەبەدییەکان، ئەمە تەگەرەی گەورەی خستووەتە بەردەم تێگەیشتن لە واتا و مانای ئایین و پرسیارە ئایینی و میتافیزیکییە ئەزەلییەکانیش. ئەمە کە بەزیانی بیری ئایینی و ئەمجار خودی ئایینی ئیسلامیش گەڕاوەتەوە بەڵگەیە لەسەر لاوازی و سستی هزری تیۆلۆژی لەنێو ڕووناکبیرانی ئیسلامیدا. گومانیشی

ناوێت دۆزی سیاسی ناوچەکە بەجۆرێک گەشە دەکات ڕێک ئەو ئاراستەیە بەخێو دەکات کە دواتر بەزیانی ئەو بیرە دەگەڕێتەوە. واتە کاتێک کە زانستگا، نێوەندی ئەکادیمی، نەیتوانی سەرپەرشتی توێژینەوەی ئایینی و ڕووناکبیری ئایینی بکات، بەدڵنیاییەوە ئەو بێ سەروبەرییە دروست دەبێت کە ئەمڕۆ لەگەڕدایە. واتە کاتێک پسپۆری فەلسەفی و تیۆلۆژیستی ئەکادیمی بوونیان نەبێت، ئەوە شوێنەکانی ئەمانە بەو کەسانە پڕ دەکرێتەوە کە وتاربێژ (خوتبەبێژ) و تێکست لەبەرن. ئەمەش تابلێیت هەڵەیە، چونکە هزری ئایینی یان چاترە بڵێین هزری تیۆلۆژی بە لەبەرکردنی فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) و حیفزکردنی قسەی ئەسحابە و جوزئەکانی قورئان دەست پێ ناکات، یان ئەوە ئەگەر واش بێت، ئەوە ئەوە لایەنی کەمی پرۆژە گەورەکەیە.

ڕاستە ئەمڕۆ لە کوردستان حیزبی سیاسی ئیسلامی و ڕابەری سیاسی ئایینی بوونە بە شوێنگە بۆ هزری تیۆلۆژی و سەرچاوەش بۆ زاینی ئێپستمۆلۆژی (مەعریفی) لەسەر ئایین و تاکی ئایینی و باوەڕ، بەڵام ئەمە زانینی تۆکمە و بنەمایی بەرهەم نەهێناوە و کێشەی بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی ئایین و پرسیارە بوونایییە هەمیشەییەکانیش دروست کردووە و لەپێش هەمووشیانەوە پرسیار لەسەر بوونی مرۆڤ، مانەوەی ئەم بوونەوەرە لە ژیاندا، فەوتان و یان نەمانی ئەم بوونەوەرە، ئەمەو تادەگاتە مانای ژیان، مەرگ، مانا و خوڵقان. بۆیە هەڵە ناکەین گەر بڵێین: تاکی ئیسلامی هیچ لەو خوتبەبێژ و فەقێیانە سوود وەرناگرێت، تەنیا لە خەیاڵی ئەوەدان کێ و چی بە ئیسلام وتووە. ڕاستە گشت دید و هزری ئایینی لە ناوچەکانی ئێمەوە سەرچاوە لە ئاگایی سیاسییەوە هەڵدەگرێت. بۆ نموونە فەیلەسووفێکی وەک دێریدا پێش چەند ساڵێ لەمەرگی هەڵەی نەکرد کە وتی گەڕانەوە بۆ ئایین هەمیشە سیاسییە (٢٦)، بەڵام لەم حاڵەتەدا ئێمە دەبێت لەوەش بکۆڵینەوە کە لێرەدا کامە سیاسی مەبەستە، چونکە گەڕانەوەی بیری سیاسی هەڵە، یان بیری سیاسی گەندەڵ زۆرترین گرفت بۆ ئەو گەڕانەوەیە دادەنێت. وەکی تریش دەکرێت ئەوەش بڵێین ناوچەکانی ئێمە، کە باجی گەورەی ئەو بەسیاسەت کردنەی بیری ئایینی داوە، زۆرترین زیانیشیان لە پەیوەندی نێوان تاک و باوەڕ، یان خود و ئایین داوە. ئەمڕۆ نووسەرە گەندەڵەکانی ئیسلامی سیاسی و نەیارە

عیلمانییه گەندەڵەکانیشیان، له شوێنێکی وەک کوردستان تا ئێستا لەوە نەگەیشتوون پێوەندی نێوان فەلسەفه و ئایین له پێوەندییه هەرە هێژاکان که ئایین پێش فەلسەفه پێویستیەتی. لەمەی وتمان مەبەستمان ئەوەبوو بڵێین، له نەبوونی پێوەندی لەنێوان ئایین و فەلسەفەدا ئایین له فەلسەفه زەرەرمەندتر دەبێت، بەڵام ئەم پێوەندییه لەناو ئێمەدا چۆن دەشێت دروست ببێت له کاتێکدا حورمەت بۆ فەلسەفه لەبنرا بوونی نییه؟ هەروەها ئەم پێوەندییه چۆن دەشێت مەیسەر ببێت له کاتێکدا ئێمه تیۆلۆژ و ئەکادیمیکەری ئایینیمان نییه؟ ئێمه مەبەستمان له نەبوونی حورمەت بۆ فەلسەفه پەرستنی فەلسەفه نییه، بەڵکو ئەوەیه لەناو ئێمەدا مشووری ئەوە ناخورێت تاکی شارەزا له فەلسەفه پەروەردە بکرێت، تاکێک که بکارێت هزری خۆی بداته دەست تێرامانه فەلسەفییەکانەوە، واش له کردەی فەلسەفەکردن بگات، که ئەم کردەیه له بەرپرسیاری مرۆیی و ڕەوشتی پێکهاتووە و بوارێک نییه بۆ هەڵڕشتنی دووبەرەکایەتی و حەساسییەت (ئینتۆلێرانس). بەهەمان شێوە چۆن دەکرێت لەناو ئێمەدا پێوەندی لەنێوان هزری فەلسەفی و ئایینیدا دروست بێت کاتێک کەسی ئایینی لای ئێمه تەنیا له خەونی ئیمپراتۆریەتە حیزبی و کەسایەتییه ئایینییه ناوچەیی و خێڵەکییەتەکەیدایه. تاکی ئایینی کورد چی لەو حیزبه ئایینییه بکات زۆربەی ئەندامەکانی یان نەخوێندەوار و کاسبکارن، یانیش بەڵێندەر و پارەداری شارن.

بۆیه هەڵه ناکەین ئەگەر بڵێین هزری سیاسی ئایینی لای ئێمه نەبووە بەوەی بەرهەمی تێرامانەکانی تاک بێت، بەڵکو ئەم هزره بەزۆری ڕەنگدانەوەی ئەو پەرچەکردارییه سیاسییه لاوەکی و کاتییانەیە زوو زوو دێنه سەر ناوچەکه و فۆرم به تێگەیشتنی ئایینی سیاسیانەی تاک دەدەن و دواتریش بەهێزی فەتوا و توندڕەوی و هەڕەشه دەژین.

لایەنێکی تر لەو لایەنانەی لەم تەوەرەیەدا دەکرێت بەرباس بخرێت ئەوەیه لای ئێمه گشت باسی لاهووتی تەنیا لەباس لەسەر ئیسلام بریتی کراوە، بەڵام له ڕۆژئاوا گشت توێژینەوە لاهووتییەکان له باس له مەسیحییەت یان جووبوون بریتی نەکراون، بەڵکو باسی لاهووتی باسێکه پێش هەموو شتێک یەزدان و باسی باوەڕ و تاکی ئایینی و دواتر خودی ئایینیش دەگرێتەوە، بەڵام لای ئێمه باسی لاهووتی خۆی له قەرەی گفتوگۆی تاک و یەزدان، باوەڕ و تاک، ئەمجار ئایین و تاک نادات.

ئەمه که یەکێکه له هەڵه بەرچاوییەکانی هزری ئیسلامی و ڕووناکبیری ئیسلامی سیاسی مانای خۆی بۆ ئەو توندی و گیربیەش هەیه له ڕەفتاری ئایینی و بیرکردنەوە ئایینییەکانی ئیسلامییه سیاسییەکاندا بنج ببەستێ. ئەم ڕەفتار و بیرکردنەوانەش تەنیا ئەو کاتانه نەرمونیان و شیاوکار دەبن خۆیان دەخەنه ژێر پرسیارەوە و ڕێگا بەوەی غەیرە ئایینیش (مولحید، عیلمانی، بێ باوەڕ مەبەسته) دەدەن پرسیارەکانی بەیان بکات، چونکه بەخستنه ژێر پرسیاری پرسیاره ئایینی و عەقیدەیی و بووناوییه هەمیشەییەکان نه ئایین لەکەدار دەبێت و نه دەرگەش له باوەڕداری دادەخرێت. بۆیەشه وا دەڵێین، چونکه ئیسلامی سیاسی گەورەترین ترسی لەژێر پرسیار خستنی باوەڕ هەیه و بەهەموو جۆرێکیش خۆی له پرسیارکردن لەسەر مەرگ و بوون و خولقان دەدزێتەوە..

وێڕای ئەوە، لای سەرەوە ئەوەشمان نیشان دا لای ئێمه هزری تیۆلۆژی (لاهووتی) لاوازە، بەڵام ئاماژەمان بەوە نەدا ئەمه بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە که خودی هزراندن لەناو ئێمەدا بەگشتی کەمتەرخەم و سسته، ئەمەش بەتەبیعەتی حاڵ ڕەنگدانەوەی خۆی بەسەر شتەکانی تریشەوە بەجێهێشتووە. هزری تیۆلۆژیش کە لەناو ئێمەدا لاوازە لەلایەن زۆنی فەلسەفەوە هیچ کۆمەکێک نەکراوە، چونکه بوونی خودی ئەم زۆنه (زۆنی فەلسەفه) لەسەرێکی ترەوە زۆر تەمومژاوی و لێڵه، بۆیه لەناو ئێمەدا نه فەلسەفه بەرەنگاری تیۆلۆژیا دەبێتەوە و نه تیۆلۆژیاش توانیویەتی پرسیارەکانی تایبەت به کەسی باوەڕدار و ئایین و شته یەزدانییەکان ببێت به جێی باسی قوڵ و پڕی هزری، بەڵام بێ گومان که تاک و تەرا هەندێک نووسینی، یان باشتره بڵێین لێدوانی، ئایدیۆلۆژی ئایینی بەرچاو دەکەون، که دەیانەوێت پرسیار بخەنەڕوو، بەڵام ئەو پرسیارانه له شوێنی خۆیاندا سیس دەبنەوە و وەڵام بەرهەم ناهێنن. ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری ئەو نووسینانەی ناومان بردن خۆیان وەک نووسینی ئیسلامی سیاسی دەخەنه ڕوو و ئامانج و ویستیشیان دەمدەمی و کاتییه، بەڵام گەورەترین گرفتی ئەم جۆره نووسینانه ئەوەیه شوێنێک له

نووسینەکاندا بۆ تۆلێرانس (هەڵکردن) ئامادە نییە و تا بشـلـێیت ئەم نووسـینانە بوارێکن بۆ داخ هەڵڕشـتنی ئایینی و ڕق پرژان بەرانبـەر بەکـەسی غـەیرە ئیسـلام و غەیرە دیندار.

بە کورتی، نووسینە ئیسلامییە سیاسییەکان ئەوەی بایەخی نادەنێ تاکی ئایینییـە، هەروەها تا پێـشـیـان بکرێت ڕوونکردنەوەی باوەڕ پشتگوێ دەخەن و پرسیارە میتافیزیکییە ئەبەدییە سەرەتاییەکانیش، کە کۆڵەکەی ئایینداری و باوەڕدارین، فـەرامۆش دەکەن. ئەو دەمـەش ئەم جۆرە نـووسـینانە باس لە گـەردوون یان سـستم وەک دەزگـای سـیـاسی دەکـەن، تەنیـا بەهەندێک بۆچوونی ناڕوون و لێڵـی ئیسلامییـەوە خۆیان پابەند دەکەن، کە تێگەیشـتنی ئەوی تر بـۆ ئایینی ئیسـلام و پەیامنێـرانی تاریک و گـومـڕا دەکـەن. هەر لەبەر ئەوە ئێمـە لێـرەدا دەمــانەوێت بە تێــزێـک کـۆتایی بەم پەرەگــرافــەی نووسینەکـەمـان بێنین کە بەم شێـوەیە خـۆی فـۆرمـۆلێـرە دەکــات: هزری ئایینی سـیــاسی نوێی کــوردی (یان بەگشتی ئیسلامی) زەرەری گەورە لە ئایندەی تیۆلۆژی و فەلسـەفی ئەو توێژینەوانە دەدات کە لێرەو لەوێ بەرهەم دێن، چونکە هەروەک وتمان، نووسـینی هەنووکـەی ئەو هزرە ئەوەندە بێ ناواخن و بێ ئامانجە تێگەیشـتنی نەک هەر ئـەویتـر بـۆ ئایینی ئیـسـلام، بەڵـکو خـودی خـۆشی تاریک و قـەترانی دەکـات، واتە هەروەک پێـشـتـریش وتمان، نووسینی لاهووتی لای ئێمە لەلایەک زۆر کەمە و لەلایەکی تریشــەوە لە بیــریاری دوورخــراوەتەوە و بەهەندێک بۆچوونی فـیـقـهی و ئایینی شـێـوە پراگمـاتی سیاسییەوە بە لەجیاتی کراوە کە ئەمڕۆ ناوی نووسینی ئیــسـلامی سـیــاسی لێ دەنرێت کــە هانی توندی و بەیەکداچوونەوە و گرژی دەدات. ئەوەشە کە توێژینەوەی لێ دەرناچێت، یان توێژینەوە بەو جــۆرە بەرهەم نایە، دووچاری ئەو گرفتەشمان دەکات کە زۆربەی هەرە زۆری پرسیارە تیۆلۆژی و ئایینییەکانمان ڕووناکییان نەخرێتە سـەر و بەفـەرامـۆش کـراوی بمێننەوە. لەبەرئەوەش کـە «گـشت بیـرکـردنەوەیەکی بێ لایەن ئازادە» (٢٧) ئەم بیـرکـردنەوانە نەک هەر ئازاد نین، بەڵکو دوژمنی هەرە گەورەی ئازادیشن. بەواتایەکی تر ئازادی ڕاسـتـەقـینە، نەک ئازادی گـەندەڵ و مـەشـەخـۆر، قـەت لەگـەڵ بیـری تاریک و دۆگما یەک ناگرێتەوە. ئازادی ڕاستەقینە کە هەوڵی کردنەوە و والاکردن دەدات، بیری دۆگما و تاریک کاری داخستن و پەردەپۆشکردنە، بۆیە بیری ئایینی لای ئێـمە ئەو دەمـەی خۆی داخـراو و نا- والا نیـشـان دەدات ئەمــە تـەنیــا بەزیانی ئەو باوەڕانە ناگــەڕێتــەوە کــە هەڵگریـەتی، بـەڵکو دەگــەیـەکی گــەورە لە ئازادی ڕاســتــەقــینـەش دەدا. ئەمــە و ئەو کــەســانەی لە ئاراستەکردنی ئەم دیاردەیە بەرپرسن لەوە ناگەن ڕووکردن لە تـوێـژینـەوەی هزری تیـــــۆلۆژی ڕێگا لـە ڕەخنـەی کۆمەڵایەتی و گفـتوگـۆی ڕووناکبیری دەکـاتەوە. خۆی هەڵەی ڕابەرانی سـیــاسی ئیـسـلامی و نووسـەرانی ئیــسـلامی سـیــاسی ئەوەیە دەیانەوێت ئیـسـلام وەک شتێکی بەرانبەر نیشان بدەن.

واتە لەبری ئەو شارستانییە مـادییەی ڕۆژئاوا هەیەتی، ڕابەرانی ئیـسـلامی سـیـاسی و نووسـەرەکـانیـشـیـان دەیانەوێت ئیـسـلام وا لێ بکەن خـۆی لە یارییــەکـدا ببینێتـەوە و بەرانبـەری شتەکانی ئەوی تر بوەستێتـەوە، واتە ئەمـانە دەیانەوێت بڵـێن گـەر ئێـوە ئەوانەتان هەیە (تەکنەلۆژیا، دیموکراسییەت...) ئێمەش ئیسلاممان هەیە، بۆیە ئۆتۆمـاتیـکی ئیـسـلام بووە بە «ئەویتـر»، چونـکە شێـوەی ڕەفـتـار کـردنەکە لەگـەڵ ئیـسـلام دۆزی ئەوتۆی هێناوەتە بەر کـە ئیـسـلام لە بەرانبـەرگـەراییـدا بژی. زەمینەش بۆ ئەمە ئامادەیە، چونکە کولتووری ڕێژەگەری و ئایدیۆلۆژیای مۆلتیکولتوورالیزمی ڕۆژئاوا دەیەوێت، ژیژک وتەنی تا پێـمـان بڵـێت فـەرمـوو ئەوە هەڵبـژێرە دەتەوێت. واتە ئیسلامییەکە ئەوی خۆی هەڵدەبژێرێت و ڕۆژئاواییــەکـەش ئەوی خـۆی. ئەمــەش وادەکـات تۆ لەبەرانبـەرگـەریدا بژی و تا مـاوی وەک ئەویتـر هەناسـە بدەیت. جـا لەبەر ئەوەی ئەویتـری ناپەسـەندیشی، بۆیە هەمـیـشـە لە گرفـتدا دەژی. ئەی ئەوە نییە ئەو شـوێن و ناوچە و کۆمەڵگایانەی دەیانەوێت کولتووری خۆیان بژین زۆرترین هێـرشـیـان دەکـرێتـە سـەر. سـەیرەکە لەوەدایە زۆربەی ئەو هێرشانەش لەسـەر بناغـەی ئەوە دەکـرێن کـە ئەم ئەویتــرە، کـە ئیـســلامـیــیــە، کـراوە نیــیــە، دڕە، ئافرەتکوژە، جەنگباز و.... تاد. بۆیە ئێمە لەم حاڵەتەدا باوەڕمــان بەو بۆچوونەی ئاڵف ڕێهن هەیە کـە دەڵێت: ئیــســلامی ڕادیکاڵ خـۆی وەک ئایدیۆلۆژیای ئەوی تر نیــشــان دەدات (٢٨) بەڵام کــێــشــەکــە لەوەدایە ئەم ئایدیۆلۆژیایە ئیسلام دووچاری نەهامەتی هزری دەکات. چارەسەری ئەمەش بە باوەڕی ئێمە، تەنیا بەوە دەبێت کە ئیسلام پێـویسـتـە لەو هەست بە ئەویتـرە بێتە دەرەوە کە

دووچاری بووه و ئەڵبـەتە لەوەش بکەوێت خـۆی بخـاتە یاری بەرانبـەرگەرییەوە، ئەو یارییەی بەم جۆرەیە: «یان من یان تۆ». ئەم یارییـە کـە ڕێبـاز و بیـرۆکـەیەکی هەڵە ناواخنی ڕاگـرتووە زیانـی گـەورەش لەو زانینە دەدات لە ئاینی ئیسلامدایە، چونکە خودی یارییەکە خۆی لەسەر ئەو پرینسیپانە ڕاهێناوە، کە تۆی ئیسلامی ناو یارییەکە هەمـیشـە وەک خـۆی دەمـێنێـتـەوە، واتە تۆ هەمـیشـە ئەویتـری و ئەوی ترەیش ئەوی غـەیرە ئیـسـلامی دایتاشیوە.

لە کـۆتاییـشـدا دەمـانەوێت ئەوە بڵـێین، ئەگـەر ڕاست بێت وەک ئەوەی هەندێک ئاراستەی فـەلسەفی نارێژەگەر بۆی دەچن لێکدانەوە هەموو شتێک نییە، بەڵام ئەم تێزە بۆ ئێـمـە و لای ئێـمـە نایخـوات، چونکە ئێـمـە لێکدانەوەمـان بێزار نەکردووە و ڕۆشنبیری ئێمە کە بێ لـێکـدانـەوە هـەڵـیـکـردووە نـاتـوانـێت دژی لـێکـدانـەوە بوەستێتـەوە، کۆمەڵگەی هەنووکەی کـوردیش کە پڕە لە ڕووداو و دیاردە و بەسـەرهات و ڕۆژانە نا- تەبایی و نا- دادپەروەری بەرهەم دێنێت پێویسـتی بە ئەنجامدانی لێکدانەوە و توێژینەوەی بەردەوامە.

**ستۆکهۆلم، بەهاری ٢٠٠٧**

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

*** دوو سـالێ لەمـەوبەر لە زانکۆی ئۆبۆ (زانکۆیەکی فینلاندییە) کەسێک بەناوی «میکا هایەتانێن» دکتۆرانامەکەی لەسـەر «پاولۆس» «بەڵگەی پاولۆس لە گـەلاتیـانەکـان» نووسی و تێزی سەرەکی کارەکەی لەسەر ئەو بناغەیە داڕشت کە پاولۆس لە گـەلێک لە نامـەکـانی و بەڵگەکـانی لەگـەڵ ئاکـامـەکـانی یەک ناگرنەوە و زانینە ڕوحییەکانیشی زۆر ڕاسیۆنالیانە دەخاتە ڕوو. تەنانەت ئەم دکـتـۆرانتـە پاولۆس بەوەش تاوانبـار دەکـا کـە پراگـماتیـست بووە و قـسـەکـانی بەپێی شـوێن و هەلومـەرجـەکـان گۆڕیوە.**

**1- Ola Sigurdson, Tiden ater mogen for paulus i SvD, 11 april 2005.**

**2- Robbins, Jeffrey W. “The Politics of paul.” Journal for Cultural and Religious Theory vol. 6 no. 2 (Spring 2005): 89- 94. PURL: http:// WWW. jcrt. org/ archives/ 06.2/ robbins. pdf**

**ئەم نووسینەی جێفری رۆبینس لە بناغەدا ڕاهێنێک بووە بۆ ئەو کۆنفرانسەی لە زانکۆی سیـراکۆس لە بارەی پاولۆسـەوە بەناوی: «سـانت پۆل لەنێـو فـەیلەسـووفـەکـان: خـودگـەری، گـەردوونیـتی و ڕووداو» سازکراوە.**

**٣- هەمـان سـەرچاوەی پێـشـوو و هەمـان لاپەڕەش (لاپەڕەی ٩٠).**

**٤- لەم ڕووەوە بڕوانە کـتـێبی ئەنتی (دژە) مـەسیـحی نیـتشـە بەتایبەت لاپەڕەکانی ٢٧- ٢٩:**

**Friedrich Nietzsche, The Anti- Christ, trans. H.L. Menchen .Tucson: See Sharp Press, 1999.**

**5- Gilles Deleuze. Nietzsche och Filosofin Oversa: Johannes Flink, Daidalos Uddevalla, 2003. s. 237.**

**6- Friedrich Nietzsche. Antikrist: Hammaren talar. Tolkning och urvalav Tage Thiel, Bo Caverfors Bokforlag, Staffanstorp 1971, s. 39.**

**٧- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٢٤.**

**8- Robbins, Jeffrey W. “The Politics of Paul.” Journal For Cultural and Religious Theory vol. 6 no. 2 (Spring 2005), P. 91.**

**9- Alain Badiou. Saint Paul: the Foundation of Universalism.
Stanford, CA:
Stanford University Press, 2003, P.1**

**10- Alain Badiou. Theoretical Writings. Edited and translated by Ray Brasser and Alberto Toscano., London, Continuum, 2004, PP 152.- 143.**

**١١- لێـرە بچـۆ سـەر ئەو دەروازەیەی نووسـەری سوێدی بەناوی مـواڤین دۆست بۆ وەرگێڕاوە سوێدییـەکەی کـتـێبی «مـانفـێست بۆ فەلسەفە»ی بادیۆی نووسیوە:**

**Alain Badiu. Manifest for filosofin & Vadar karlek? Urval & introduktion av Dariush Moaven Doust. Oversatnin: Carin Franzen, Glanta Produktion, 2005, s. 27**

**١٢- لە کـتـێـبی لای خـوارەوە (سـانت پۆل: پێکهـێنانی گەردووناوی) و لە لاپەڕەکانی پاش ٥ بەو لاوە بادیۆ دێتە سەر ئەم لایەنە. ئەڵبەتە فەسڵی یەکەمی ئەم کتێبە کە بەناوی «پاولۆسی هاوچەرخ»ە گـشت نەخـشـەی هزری نووسـینەکـەی بادیۆش لەخـۆ**

دەگرێت. بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:

Alain Badiou. Saint Paul: The Foundation of Universalism.
Stanford, CA:
Stanford University Press, 2003.

13- Jason Barker. Alain Badiou: A critical introduction. Pluto Press, 2002, P. 6.

14- Crockett, Clayton. “St. Paul and the Event.” Journal for Cultural and Religious Theory vol. 6 no. 2 (Spring 2005): 84- 88.
PURL: http:// WWW. Jcrt. org/ archives/ 06. 2/ crockett. pdf JCRT 6.2 (Spring 2005), pp85- 84

١٥- بڕوانە دەروازەکەی مواڤین دۆست لا ٢٩

16- Alf Rehn. Tro, teori och tvivel- social teori och den teologiska vandningen. Finsk Thdskrift 6- 2006, s. 368

17- Alain Badiou. Saint Paul: the Foundation of Universalism.
Stanford, CA:
Stanford University Press, 2003, p. 79.

18- Ola Sigurdson, Tiden ater Mogen for Paulus i SvD, 11 april 2005.

19-www.vanderbilt.edu/AnS/religious studies/SBL 2002/ Philos.htm
Alain Gignac. Romans Through History and Cultures Seminar Taubes, Badiou, Agamben. Reception of Paul by Non-Christian Philosophers Today. SBL? Toronto 2002

٢٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو و ئەو پەرەگرافەی بە ئاگامبێنەوە تایبەتە.

نووسەر (ئالێن گیگناک) ئەم توێژینەوەیەی بە زەمەنی ڕۆمانەکان تایبەت کردووە و لەوێش باس لە ڕۆلی هزری پاولۆس دەکا، بەڵام ئەم ئەمە لە ڕێگای شیکردنەوەی بۆچوونی فەلسەفی بادیۆ، ئاگامبێن و فەیلەسووف و تیۆلۆژی جووی ئەڵمانییەوە دەکات بەناوی تۆبس.

21- Ola sigurdson, Tiden ater Mogen for Paulus i SvD, 11 april 2005.

٢٢- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی لای سەرەوە. لاپەڕەکە بریتییە لە لاپەڕەی کولتووری ڕۆژنامەی «سڤێنسکەدا گبلادت» کە ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوداری سویدییە.

٢٣- بڕوانە ئەو لێدوانەی سابین ڕۆڵ و تۆماس دێچمان لەتەک ژیژکدا کردوویانە و لە ئیرۆزین بڵاوکراوەتەوە. لێدوانەکە بە ئینگلیزی کراوە و لەلایەن ماڵپەڕی گلێنتەرە، لەلایەن تۆماس کارلسۆنەوە کراوەتە سویدی.

Thomas Deichmann och Sabine Reul intervjuar Slavij Zizek.
Krigets och politikens franvarande centrum: En intervju med Slavoj Zizek. www. eurozine. com. Published 2002- 03-15 original in English Translation by Thomas Karlson Contribution by Glanta Novo Magazine/ Glanta

٢٤- لەم بارەیەوە بڕوانە ئەم نووسینەی سلاڤۆی ژیژک (خودی دەقیق) کە لەوێ بەشێک بۆ خوێندنەوەی کتێبی پاولۆسەکەی بادیۆ تەرخان دەکات:

“The Politics of Truth, or, Alain Bodiu as a Reader of St Paul.” Pp.127-170 in The Ticklish Subject: an essay in political ontology. London: Verso. 2001

٢٥- بۆ ئەم مەبەستە خوێنەر جگە لەو سەرچاوەیەی لای سەرەوە (واتە سەرچاوەی ژمارە٢٣): دەتوانێت بگەڕێتەوە سەر ئەم لێدوانەش:

On Divine Self- Limitation and Revolutionary Love by Slavoj Zizek with Joshua Delpech- Ramey in Journal of Philosophy of & Scripture Spring 2004.

26- Jacques Derrida, “Faith and Knowledge: The Two Sources of ‘Religion’ at the Limits of Reason Alone,” in Acts of Religion, ed. Gil Anidjar (London: Routledge, 2002), 40-101.

27- Alain Badiou. Infinite Thought: Truth and the return to Philodophy. Translated and edited by Oliver Feltham and Justin Clemens. London: Continuum, 2003, p.83.

28- Alf Rehn. Tro, trori och tvivel- social teoial teori och den teologiska vandningen. Finsk Tidskrift 6-2006, S.367.

# زمانی ئاخاوتنی کوردی و زمانی ستاندارد

کەریم شارەزا

## پێشەکی

زمانی ئاخاوتنی کوردی زمانێکی زیندووی بەهێزە و بەو خزمەتە کەمەی کە لەسەدەی ڕابردوو و سەرەتای ئەم سەدەیەدا کراوە، بەتایبەتی لە کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات، گەیشتووەتە پلەو پایەیەکی وا نەک هەر زمانی ئاخاوتن و ئەدەبیات و ڕۆژنامەنووسیی بێت، بەڵکو ببێتە زمانی زانست و هونەر و تەکنۆلۆژیاش.

هەروەکو ئاشکرایە لە دوای بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ لە عیراقدا خوێندنی کوردی پێشکەوتنێکی دیاری بەخۆوە بینی، کە جاران تەنیا خوێندن لە قۆناغی سەرەتایی لەکوردستانی باشووردا بە کوردی بوو، بەڵام لەدوای ئەو شۆڕشە و دەرچوونی دەستووری کاتی و دانانان بەهاوبەشیی کورد و عەرەب لە نیشتمانی عیراقدا و دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتی گشتی خوێندنی کوردی لە پاییزی ١٩٥٩دا، خوێندنی کوردی لە کوردستاندا قۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەییشی گرتەوە و بەشی کوردی لە کۆلێژی ئەدەبیات لە زانکۆی بەغدا کرایەوە، تاکو مامۆستای زمانی کوردی بۆ ناوەندی و ئامادەیی پێ بگەیەنێت و بەم جۆرە ساڵ بەساڵ ئەم زمانی کوردییە خزمەت دەکرێ و ئەمڕۆکە لەکوردستانی خۆماندا پتر لە ٨ زانکۆ خزمەتی دەکات.

## مێژووی زمانی کوردی

زمانی ئاخاوتنی ئەمڕۆی کوردی دەبرێتەوە بۆ کۆمەڵە زمانەکانی [هیندۆ- ئەورووپی] و زانایانی زمان ئەم کۆمەڵەیەیان کردووە بە چەند لقێک و هەریەکەشی زمانی چەند نەتەوەیەکی ئاری ئەمڕۆکەی لێ کەوتووەتەوە.

یەکێک لەو لقانە ناونراوە خێزانی (زمانی ئاری)، یان [هیندۆ- ئێرانی] و ئەمەشیان کردووەتە دوو دەستەی گەورە:

١- دەستەی زمانەکانی هیندی.

٢- دەستەی زمانەکانی ئێرانی.

بۆ دەستەی زمانە ئێرانییەکانیش سێ قۆناغی مێژوویی دیاری کراوە:

أ- قۆناغی کۆن: زمانی مادی، ئاوێستایی، پارسی کۆن.

ب- قۆناغی ناوەڕاست: زمانی پارثی، پەهلەوی.

ج- قۆناغی نوێ: کوردی، فارسی، ئەفغانی، تاجیکی، ئۆستی.

کەواتە زمانی ئاخاوتنی ئەمڕۆمان، زادەی قۆناغێکی نوێی پێشکەوتنی زمانە ئێرانییەکانە و ئەمڕۆکە یەکێکە لەزمانە زیندووەکانی ئەم دەستە زمانە ئارياييە(١).

## هەندێک تایبەتمەندی زمانی کوردی

لەو کاتەی کەدەڵێین زمانی کوردی یەکێکە لەزمانە زیندووە ئێرانییەکانی ئەم سەردەمەی ژیانی کورد، دەبێ ئەوەش بڵێین کە سەرچاوەکەی لەزمانە هیندۆ- ئەوروپییەکانەوە هەڵدەقوڵێ و ئەو کۆمەڵە زمانەش تایبەتمەندی خۆیان هەیە و دەتوانین هەندێکیان لەم خاڵ و نموونانەی خوارەوە بخەینەڕوو:

١- لەوکاتەی کە لەزمانە هیندۆ- ئەوروپییەکاندا هەموو دەنگێکی (ع) دەکرێتە (ئـ)= (هەمزە) و لەجیاتی بڵێین عەلی، عومەر، عوسمان.. دەڵێن: ئەلی، ئومەر، ئوسمان.

دەنگی (ح)یش دەکەن بە (ھ) و لەجیاتی بڵێن حەسەن، حوسەین، حەیدەر، موحەممەد... دەڵێن: هەسەن، هوسەین، هەیدەر، موهەممەد.

کەچی دەبینین لەزمانی کوردیدا زۆر بە ئاسانی دەنگی (ع) و (ح) دەردەبڕین و بەبێ گرفت دەيانڵێین، عومەر، عەلی، عوسمان، ئەگەرچی لە زوویەکەوە لە گەلێک دەڤەری کوردستاندا ناوی عومەرکراوە بە ئۆمەر و عوسمان بە وەسمان و ئۆسمان، بەڵام بەبێ گرفتیش دەتوانین دەنگی (ع) گۆ بکەین. هۆی ئەمەش بۆ تێکەڵاوبوونی کورد لەماوەی سەدان ساڵ لەگەڵ عەرەب و ئایینی ئیسلامدا دەگەڕێتەوە.

٢- ئەگەر زمانی کوردی بەپێی دەنگەکانی زمانە هیندۆ- ئەوروپییەکان بوایە، دەبوایە ئەو دوو دەنگەی (ث) و (ذ)ی هەبوایە، کەچی زۆر بە گرانی دەریان دەبڕین و زۆربەی کورد ئەو دەنگانە دەکەنە: (س) و (ز):

**وشەکە بە عەرەبی**

عثمان

ثامر

أثيري

ذكي

ذهب

**وشەکە بە نووسین و دەربڕینی کوردی**

عوسمان

سابیر

ئەسیری

زەکی

زەهەب

کەواتە بەپێی ئەم تایبەتمەندییەی دەرنەبڕینی دەنگەکانی (ث) و (ذ) لەزمانی ئاخاوتنی زۆربەی زۆری کورددا، وامان لێ دەکات یەکەم جار بڵێین کوردی لە زمانە هیندۆ- ئەوروپییەکان نییە!! بەڵام کە لە هەموو شێوەکانی زمانی کوردی ورد دەبینەوە، هەست دەکەین ئەم دیاردەیەی گۆکردنی دەنگەکان (ث) و (ذ) لە شێوەی (گۆرانی)، بە تایبەتی لە لکە شێوەی (هەورامی)دا شتێکی ئاساییە و لەجیاتی وەکو خەڵکی کە بەشێوەکانی تر دەدوێن دەڵێن (کۆسەی هەجیج) ئەمان دەڵێن (کۆثەی هەجیج) و لەجیاتی بڵێن: (ئەم شتە نازانم) دەڵێن (ناذانم) و ئەم دەرکەوتنەی دەنگەکان (ث) و (ذ) کە تایبەتە بەزمانە هیندۆ- ئەوروپییەکان و لەزمانە سامییەکانیشدا هەنە. کەواتە لە زمانی کوردیشدا وەک زمانی سەرجەم ئارییەکان ئەم دوو دەنگەی (ث) و (ذ) هەنە با بەشێوەیەکی بەرتەسکیش بێت.

٣- سەبارەت بەوەی کە کوردی زمانێکی هیندۆ- ئەوروپییە بۆیە هەندێ دەنگی پیتی دیکەی وەک (ص)، (ض)، (ط)، (ظ) دەرنابڕین و دەبن بە (س)، (ز)، (ت)، (ز).

٤- زمانی کوردی سوودی لە هەردوو قاڵبی لکێن

و Analytic: داریــــــــــــژ و Agglutinative خاسیەتەکانی دیکەی زمانە هیندۆ-ئەوروو‌پییەکان وەرگرتووە و فۆنەتێک و دەربڕینەکانی هەر بەلای زمانە ئارییەکانەوە چووە(٢).

## زمانی ئاخاوتنی کوردی و دیالێکتەکان

زمانی کوردی لە جیهاندا تاکە زمان نییە دیالێکت و شێوەی جیاوازی هەبێ، بەڵکو زمانی نەتەوە پێشکەوتووەکانیش هەمان دیاردەیان لێ بەدی دەکرێ، بەتایبەتی لەناو زمانی ئەو نەتەوانەی لەسەر ڕووبەرێکی گەورەی زەوی و لە ژینگە و شوێن و دەوروبەرێکی جوگرافی جیاوازدا دەژین. بۆ نموونە: لە زمانی فارسیدا وەک دوکتۆر موعین لەقامووسەکەی [بورهانی قاتیع]دا نووسیویەتی، پەنجا شێوەی بۆ زمانی فارسی حیساب کردووە، یان لە ولاتێکی وەک بەریتانیادا دەبینین شێوەی ئاخاوتنی ئینگلیزی شاری (لەندن) و دەڤەرەکانی (وێڵز) و (ئوسکۆتلەندە) ئەوەندە جیاوازییان هەیە، کە ئەوانەی لەلاوە فێری ئینگلیزی دەبن تووشی سەرەگێژە دەبن(٣)، چونکە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان شێوەکانیاندا هەیە.

ئەگەر بمانەوێ وەک واقیعێکی زمانی کوردی دیالێکتەکانی (شێوەکانی) بزانین، دەبینین هەر زانایەکی زمانەوانی ئەم زمانەمانی بەجۆرێک دابەش کردووە. لەوانەش مامۆستا (تۆفیق وەهبی) کە زمانی کوردی بەسەر ئەم چوار دیالێکتە سەرەکییانەدا دابەش کردووە.

١- کرمانجی ٢- لوڕی ٣- گۆرانی ٤- زازایی.

دیالێکتی هەرە گەورەی زمانی کوردیش دیالێکتی کرمانجییە [واتە: کرمانجی ژووروو و کرمانجی خواروو] و ژمارەی ئەوانەی پێی دەدوێن. بیست ئەوەندەی ژمارەی ئەو کوردانەیە کە بە دیالێکتە کوردییەکانی دیکە دەدوێن، هەربۆیەشە زمانی کوردی لەلای زمانەوانە گەورەکان ناونراوە (کرمانجی گەورە)(٤).

هەندێک زمانەوانی دیکەی کوردی وەکو [دوکتۆر جەمال نەبەز]یش زمانی کوردی بەسەر دوو شێوە [دیالێکت]ی بنچینەیی و دوو شێوەی لاتەنیشتدا دابەش دەکات:

دوو شێوە بنچینەییەکە دەکات بە:

١- کرمانجی ژووروو ٢- کرمانجی ناوەڕاست.

دوو شێوە لاتەنیشتەکەش دەکات بە:

١- کرمانجی خواروو ٢- کۆمەڵە شێوەی (گۆرانی- زازایی)(٥)

بەڵام زۆربەی شارەزایانی زمانی کوردی ئەمڕۆکە لەسەر ئەو ڕایەن کە کوردی لەم دیالێکتە سەرەکییانەی خوارەوە پێک دێ:

١- زازایی ٢- کرمانجی ٣- گۆرانی ٤- لوڕی

دیالێکتی کرمانجیش دەبێتە دوو بەشی سەرەکی کە ئەمانەن:

أ- کرمانجی ژووروو ب- کرمانجی خواروو(٦).

هەر دیالێکتێک لەمانەش بەسەر چەند لکە شێوەزارێک دابەش دەبن. بۆ نموونە:

أ- کرمانجی ژووروو: بریتییە لە لکە شێوەکانی:

١- هەکاری ٢- بایەزیدی ٣- شەمدینانی ٤- بۆتانی ٥- بادینانی.

ب- کرمانجی خوارووش: بریتییە لە لکە شێوەکانی:

١- سۆرانی ٢- بابانی(سلێمانی) ٣- موکریانی ٤- ئەردەڵانی.

ج- گۆرانی: بریتییە لە ١-هەورامی ٢-کاکەیی ٣- باجەڵانی ٤-زەنگنە.

د- لوڕی: بریتییە لە: ١-بەختیاری ٢-لەکی ٣- فەیلی ٤- کەڵهوڕی.

هەرچەندە زمانی کوردی شێوە و لکەشێوەی زۆرە و ئەوەش لە ئەنجامی داگیرکردن و دابەش کردنییەوە خولقاوە، بەڵام ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد ئەمڕۆکە هەموویان چاویان لەوەیە لە هەموو شێوەکانی زمانێکی یەکگرتووی ستاندارد بخولقێنرێ و لە هەموو دەزگا فەرمییەکانی حکومەتی کوردستاندا بەکار بێت.

## زمانی ستانداردی کوردی

دروستبوونی زمانی ستانداردی کوردی هیوا و ئاواتی هەرە مەزنی نەتەوەی کوردە و هەموو ڕۆڵە هۆشیار و دڵسۆزەکانی خەون بەوەوە دەبینن کە ڕۆژێک دابێ هەموو تاکێکی کورد بەیەک زمانی یەکگرتوو بخوێننەوە و بنووسن و لەدواڕۆژیشدا پێی بدوێن.

بەڕای ئێمە ڕێگە خۆش کردن بۆ هێنانەدی ئەم ئاواتە مەزنەی نەتەوەی کورد لە ڕێگەی هاوێشتنی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە دەبێت:

١- كۆكردنەوەی كورد لە قەوارەیەكی یەكگرتووی سیاسی وادا كە هەموو كوردستان بگرێتەوە.

٢- بەستنەوەی هەموو دەڤەر و ناوچەكانی كوردستان بە ڕێگاوبانی خۆشكراو تاكو خەڵكەكانی ناوچە و شارەكانی بە ئاسانی بتوانن بەیەک بگەن و زمانی ئاخاوتنیان لێكتر نزیک بێتەوە.

٣- بڵاوكردنەوەی خوێندەواری لەناو خەڵكی كوردستاندا بە زمانێكی موتوربەكراو بە زاراوەی شێوەزارەكانی كوردی تاكو هەموو لایەک لەیەک تێبگەن.

لە بارەی چۆنیەتی دروستبوونی زمانی ستانداردی كوردی تاكو لە هەموو دەزگا و فەرمانگە فەرمییەكانی حكومەت بەكاربێت، هەندێک لە زانایانی زمانەوانی كوردیمان ئەم سێ ڕێگایەی خوارەوەی بۆ دەستنیشان دەكەن:

١- زمانی ئەدەبی یەكگرتوو (ستاندارد) لە زمانی نەتەوە بە هەموو شێوەكانییەوە وەردەگیرێ.

٢- یان بناغەی ئەو زمانە ستانداردە لەیەكێک لە دیالێكتەكانییەوە وەردەگیرێ.

٣- یان زۆرجار پوختەی زمانی قسەكردن دەكرێتە زمانی ستاندارد(٧).

هەندێک زمانەوانی تریش هۆكارەكانی دروستبوونی زمانی ستاندارد لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەنەڕوو:

أ- ڕێگای سەپاندنی شێوەیەک لە شێوەكانی زمان بەسەر گەلدا. ئەمەش دیسان بۆ ئەو گەلانە دەبێ كە قەوارەی سیاسییان هەبێ.

ب- لەخۆوە دروستبوونی شێوەیەكی ئەدەبی، ئەمەش بەچەند ڕێگایەک دەبێ:

١- بەهۆی نووسینەوەی كتێبێكی پیرۆز بەشێوەیەک لە شێوەكانی زمان، هەروەک شێوەی قورەیش لەناو عەرەبدا كەقورئانی پێ نووسراوەتەوە بووەتە زمانی ئەدەبی یەكگرتووی عەرەب و ستانداردی فەرمی.

٢- یان بەهۆی ژیاندنەوەی ئەدەبیات بە تاقە شێوەیەكی زمان لە سنوورێكی یەكجار فراواندا.

٣- یان بەخزمەتكردنی زانست بەتەنیا شێوەیەكی پێشكەوتووی زمان و دەرچوواندنی ڕۆژنامەی زۆر و زەوەند بەو شێوەزمانە.

٤- یان هەندێک جار جۆری ژیانی كۆمەڵایەتی و پێوەندی بازرگانی و ئابووری دەبنە هۆی دروستبوونی شێوەیەكی ئەدەبی یەكگرتوو.

ج- هەوڵدانێكی ڕێكوپێكی زانستییانەی لەسەرەخۆ بۆ خوڵقاندنی زمانێكی یەكگرتووی ئەدەبی و بەڕای دوكتور جەمال نەبەز ئەم ڕێگایەی دوایی باشترین و تەنیا ڕێگایە كە كورد بتوانێ پێیدا بڕوات بۆ پێكەوەنانی زمانێكی ئەدەبی یەكگرتووی (ستاندارد)(٨).

بەڵام بەڕای من ئەو ڕێگایەی كە بنچینەی زمانی ستانداردی نەتەوە لە دیالێكتێكی خزمەتكراوی زیندووی زمانەوە وەردەگیرێت بۆ كورد لە هەموو ڕێگایەكی تر دروستتر و گونجاوترە، بەمەرجێ بە وشەو زاراوەی جوان و پتەوی دیالێكتەكانی دیكەی زمانەكە موتوربە بكرێت و ئەم كردارەش پشتگیری دەزگا سیاسی و حكومییەكانی پێدەوێ، چونكە مەسەلەی زمان، بەتایبەتی دروستبوونی زمانی ستاندارد بە بڕیار و فرمانێک نایەتە دی، بەڵكو هەوڵ و كۆششی هەموو لایەكی پێ دەوێ.


**پەراوێز و سەرچاوە:**

**١- عەبدولڕەحمان محەمەدئەمین زەبیحی- قامووسی زمانی كوردی- ب(١) بەغدا ١٩٧٧، ل١٢.**

**٢- د. پاكیزە ڕەفیق حیلمی- بوژاندنەوەی زمان- گۆڤاری كۆڕی زانیاریی كورد- بەرگی سێیەم- بەشی یەكەم- بەغدا ١٩٧٥.**

**٣- عەبدولڕەحمان محەمەدئەمین زەبیحی- هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**٤- بروانە (حول مقال مسؤولیة الأدیب الكوردي الكبرى- للاستاذ عبدالمجید لطفي- بقلم العلامة توفیق وهبي- هدیة محمد الملا عبدالكریم- بغداد ١٩٧٣، ص١٦.**

**٥- د. جەمال نەبەز- زمانی یەكگرتووی كوردی- بەرلین ١٩٧٦، ل٢٢.**

**٦- كەریم شارەزا- نالی و زمانی ئەدەبیی یەكگرتووی كوردی- بەغدا ١٩٨٤، ل٩.**

**٧- د. عیزەدین مستەفا ڕەسوول- سەرنجێ لەزمانی ئەدەبی یەكگرتووی كوردی- بەغدا ١٩٧١، ل١٣.**

**٨- د. جەمال نەبەز- هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٧-١٢.**

# شوێنەوارە دێرینەکانی لوڕستان

عەباس سلێمان سمایل

لوڕستان ناوچەکانی نێوان شاخەکانی زاگرۆس و ڕووباری دیجلە دەگرێتەوە، لەباکوور ئوستانی ئیلام و کرماشانە و لە ڕۆژهەڵات شاری ئیسفەهان و لەباکوور شاری شیرازە.

مێژووی ژیان لەم ناوچەیە بۆ زیاتر لە ٥٠٠٠٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە، کە کەلوپەلی لە بەرد دروستکراوی سەردەمە جیاجیاکانی تێدا دۆزراوەتەوە، هەروەها وێنەیەکی زۆر لەسەر ئەشکەوتەکان دەبیندرێت کە زۆربەیان دەربارەی ڕاوکردنن و بە ڕەنگی سوور و ڕەنگی ڕەش دروست کراون کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (٢٥٠٠٠ پ ز)، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە لەم ناوچانە خەڵک لەسەر ڕاوکردن ژیاون، لەوانە وێنەی سەر ئەشکەوتی هومایۆنی نزیک خوڕەم ئاباد، کە بریتییە لە سێ سوار ئەسپ و ڕاوی ئاژەڵی کێوی دەکەن، کە لەبەرد دروست کراوە و بەردەستێ لەم ئەشکەوتە دۆزراوەتەوە کە بۆ (٣٠- ٤٠) هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، واتە بۆ سەردەمی چاخی بەردینی کۆن.

هەروەها لە ئەشکەوتی میر میلاس وێنەیەکی دیکەی ڕاو بەتیروکەوان لە ئەشکەوتەکە وێنە کراوە، کە بۆ هەمان سەردەم دەگەڕێتەوە، ئەم دوو ئەشکەوتەش لەچیای کودەشت هەڵکەوتوون، هەروەها پرۆفیسۆر بارگیرشمن لەساڵی ١٩٤٩ لە ئەشکەوتەکانی گەلی (پیدە)ی چیاکانی بەختیاری شوێنەواری نیشتەجێ بوونی ئەو مرۆڤانەی دۆزییەوە کە ژیانیان لەسەر ڕاوکردن بووە. هەروەها پرۆفیسۆر هرتسفلد لە کتێبی (بررسی هنر ایران- لێکۆڵینەوەی هونەری ئێران) دادەڵێت: سەرزەمینی ڕۆژهەڵاتی میسۆپۆتامیا لەکۆتایی چاخی بەردین، واتە کۆتایی هەزارەی پێنجەمی پێش زایین

خاوەنی پێشکەوتنێکی زۆر بووە، پرۆفیسۆر (پۆپ) دەڵێت: هونەری چاندن و فلزکاری و ئەندێشەی کاری ئایینی و فەلسەفە و نووسین و زانست و ئەستێرەناسی و بیرکاری لە لوڕستان سەری هەڵداوە و بەناوچەکانی دیکەی ئێراندا بڵاوبۆتەوە.

گیرشمن لەکتێبی (از آغاز اسلام- لەسەرەتای ئیسلامەوە)دا دەڵێت: ئێرانیان یەکەمین میللەت بووونە کە ئیمپراتۆریەتیان دامەزراندووە، ئەویش ئیمپراتۆریەتی پیشدادی و ئیلامییەکانە کە مەڵبەندیان لوڕستان بووە. بەم دواییە کەلوپەلێکی زۆر لە مس، فلز و شووشە و ئاسن لە لوڕستان دۆزرایەوە کە بۆ ساڵانی (٤٠٠٠پ ز) دەگەڕێتەوە.

گیرشمن دەڵێت: هەندێک کەلوپەلی دروستکراو لەقوڕ لەچیاکانی بەختیاری دۆزراوەتەوە کە مێژووی بەکارهێنانیان بۆ (١٠٠٠٠پ ز) دەگەڕێتەوە. ئەوەش کۆنترین کەلوپەلی لە قوڕ دروستکراوی ئێرانە.

ئیتر ئەم گۆزەسازییە لە ئێران بەردەوام بووە و لەسەردەمی ساسانی زیاتر پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە، لە هەڵکۆڵینی گردی (تەپەکاریان)ی ئوستانی خوڕەم ئاباد، هەندێک کەلوپەلی لە شووشە دروستکراو دۆزرایەوە کە هەمان شێوەی ئەو کەلوپەلە شووشانە بوو کە لەگۆڕی فیرعەونەکان دۆزرابۆوە، بەڵام هونەری سفر گەری بەپێی لێکۆڵینەوەکان کۆنترە لە هونەری شووشەسازی. بۆ نموونە لە لوڕستان هەندێک کەلوپەلی لە سفر دروستکراو دۆزرایەوە کە بۆ (٢٠٠٠پ ز) دەگەڕێتەوە، هەروەها گایەکی باڵداری لە سفر دروستکراو لە لوڕستان دۆزرایەوە کە بۆ (٣٠٠٠پ ز) دەگەڕێتەوە. هەروەها جووتە شێرێکی باڵدار لەگەڵ دوولغاوی ئەسپ لە سفر دروستکراو لە لوڕستان دۆزراوەتەوە کە بۆ هەمان سەردەم دەگەڕێتەوە.

هونەری گەچکاری و نەخشونیگارەکانی خانوو و هەیوان لەسەردەمی ساسانییەکان لە لوڕستان گەشەی کردووە، هەیوانی کیسراو چەندین ئاتەشکەدەیە.

(چەند نموونەیەک لە هونەری داتاشین و مسگەری و گۆزەگەری) ئیلامییەکان هونەرێکی زۆریان لە داتاشینی پەیکەر و مسگەری جێ هێشتووە، هەروەها کاسییەکان جێ پەنجەیان لە هەمان هونەردا دیارە کە لە ئیلامییەکانەوە وەریان گرتووە، بیناسازیش لەسەردەمی هەخامەنشییەکان تا دەگاتە ڕووخانی ساسانییەکان بەرەو پێش چووە و ساسانییەکانیش زۆر گرنگیان بە ئاتەشکەدە و دەخمە و پرد و قەسری پاشا و بەڕێوەبەرایەتییەکانی وڵات داوە، لەوانە پردی دیزفول و پردی شووشتەرە، بەڵام بەداخەوە دوای بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە ئیپمراتۆریەتی ساسانی کۆشک و تەلارێکی زۆر ڕووخان و گرنگیان پێ نەدراو ئاتەشکەدەیەکی زۆریش وێران کران و بەدەیان داتاشراویش شکێنران.

(چەند نموونەیەکی ئەو داتاشراوانەی کە تاکو ئەمڕۆ ماون) نەخشێکی بەرجەستەی ئیلامی لەنور ئابادی مەمسەنی کە لە بەرزی چیا هەڵکەندراوە بەرانبەر بەرووباری فهلیان، کە بریتییە لە جووتە خوداوەندێکی پیرۆز کە بۆ سەدەی (١٧پ ز) دەگەڕێتەوە.

هەر لە نزیک ئەم نەخشە، نەخشێکی دیکە لەسەر بەرد هەڵکۆڵداوە کە بریتییە لە کۆمەڵە کەسێک، کە دەستیان بۆ ئاسمان بەرز کردۆتەوە و ستایشی خودا دەکەن. لەناوچەی کول فرا نزیک شاری ئیزە نەخشێکی بەرجەستە دەکەوێتە بەچاو کە بریتییە لە قوربانی کردنی ئاژەڵان کە لە ڕووەکەی دیکە بەخەتی بزماری ئیلامی نووسراوە. هەروەها لەکول فرا تاشە بەردێکی تراشراو دەبیندرێت کە لە هەر چوار دەورەی ڕێوڕەسمی قوربانی هەڵکەندراوە.

لەخوڕەم ئاباد و بەختیاری چەند گۆڕستانێکی دێرین دەبیندرێن لەجیاتی کێل وێنەی شێر لەسەر گۆڕەکانیان داتاشراون، لەدەوروبەری (شول ئاباد) شوێنەواری جیاجیا دەبیندرێت لەوانە قەڵاتێکی کۆنە کە بە بۆڕی گۆزەیی ئاوی بۆ ڕاکێشراوە، هەروەها چکان و و دەهقاری کە دوو گوندی نزیک شول ئابادن چەند ئاتەشکەدەیەک لە دەوروبەریان دەبیندرێن، کە بۆ سەردەمانی ساسانی و ئەشکانی دەگەڕێنەوە. لە ڕۆژئاوای هەمەدان چەند گۆڕێک دەبینرێن کە لەبەرد هەڵکەندراون، یەکێک لەمانە لەسەر ڕوویەکی ڕۆژێکی باڵداری لێ هەڵکەندراوە، ئەمەش نیشانەی گۆڕی زەردەشتیانە. لە گەلی سائولک لە بەختیاری لەسەر بەردێک وێنەی دووکەسی نێزە بەدەست و لەنێوان هەردووکیان یەکێک وەستاوە کە ستایشی خودا دەکات هەڵکەندراوە.

زانا (باون دوب) لەساڵی ١٨٤١ لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر کرد و بۆی دەرکەوت ئەم وێنەیە بۆ سەردەمی ئەشکانییان دەگەڕێتەوە، لە ڕووەکەی دیکەش وێنەی چەند کەسێک هەڵکەندراوە کە بەتیروکەوان پەلاماری

ئاژەڵێک دەدەن، ئەمەش بۆ هەمان سەردەم دەگەڕێتەوە، هەروەها لە شوش کەرستەیەکی زۆری لە سفر دروستکراو دۆزراوەتەوە کە بۆ سەردەمی ئیلامی و کاسییەکان دەگەڕێتەوە، زاناکان دەڵێن بۆ یەکەمین جار لە جیهان لەم ناوچەیەدا کەرستە لە سفر دروست کراوە. هەروەها شوێنەواری خۆری چوار تیشک لەسەر پەرستگایەک لە (تەل باکونی) لە شوش دۆزراوەتەوە، کە بۆ (٣٣٠٠پ ز) دەگەڕێتەوە. وادیارە دانیشتوانی ئەوکاتی خۆریان پەرستووە، یان ڕەمزی ئایینەکەیان بووە.

لە گەرووی سروک، کە نزیک شاری بێهبەهانە و هۆزی مەمسەنی تێدا نیشتەجێیە شوێنەوارێکی فرەی سەردەمە جیاجیاکانی تێیدا دەبینرێت، لەوانە چەند نەخشێکی بەرجەستەیە کە لەچیا هەڵکەندراوە بۆ ساڵانی (٢٠٠٠پ ز) دەگەڕێتەوە، هەروەها لەنزیک بێهبەهان کاولگەی کۆنە شاری ئەرجان دەبینرێت کە کاتی خۆی قوبادی ساسانی باوکی نەوشیروان دروستی کردبوو.

لە دەوروبەری شاری خورەم ئاباد شوێنەواری نیشتەجێبوونی سەردەمە جیاجیاکانی تێدا دەبینرێت، لەوانە کۆنە شارێکی نزیک شارە کە ئەتابەگییەکانی لوڕ کردبوویانە پایتەختی میرنشینەکەیان، کە ئەمڕۆ بورجێکی چوارگۆشەیی سەردەمی ئەتابەگییەکانی تێدا ماوە کە بۆ ساڵی (٥١٧ک) دەگەڕێتەوە.

دیوارێکیش لەدەورەی شاری بروجێرد هەبووە کە مێژووەکەی نەزانراوە بۆ چ سەردەمێک دەگەڕێتەوە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی فراوان بوونی شار ئەم دیوارە لەناوچوو. یاقووتی حەمەوی دەڵێت: لەنزیک شاری ئیزە ئاتەشکەدەیەک هەبووە تا سەردەمی هاڕوون ڕەشید هەر مابۆوە. پرۆفیسۆر گیرشمن لە دەوروبەری ئەم پەرستگایە شوێنەواری چەند کۆشکێکی دێرینی دۆزیبیەوە، ئیتر ناوچەی ئیزە کە ئاترانی ئیلامیانە و دواتریش بوو بە ماڵی میر، شوێنەواری زۆر لەکۆشک و ئاتەشکەدە و نەخشونیگاری هەزاران ساڵ بەر لەزایینی تێدا دەبینرێت، بەتایبەتی کول فرا کە شوێنەواری چاخی بەردینی تێدایە. ئەشکەوتەکانی چەندین وێنەی ڕاووشکاری لەسەر هەڵکەندراوە، لەتەنگ پیدای (شوش)یش شوێنەواری مرۆڤی چاخی بەردینی لە ئەشکەوتەکان دۆزراوەتەوە.

لەشوشتەریش شوێنەواری بەر لەزایین و دوای ئیسلام دەبینرێت، لەوانە قەڵای (سلاسل)ە کە لە دەوروبەری خەندەق لێدراوە و ئاوی خەندەقەکە لە ڕووباری کاروون دابین کراوە، کاتی خۆی هورمزانی ساسانی لەم قەڵاتەدا بووە و سوپای ئیسلام بەهەزاران چەکدارەوە نەیتوانیوە بیگرێت، دواتر بە فرتوفێڵ و ڕێک کەوتن دەیگرێت، دواتریش لەلایەن حکومەت و میرنشینە ناوچەییەکان وەک بارەگای سەربازی بەکارهاتووە.

ئەمڕۆکە ژێرزەمین و هەیوان و کاولگەی شوورە و ژوورەکانی هەر ماون، هەروەها لە شوشتەر قەڵای دێرینی ڕۆستەم دەبینرێت، هەروەها لە شوشتەر و هەموو ناوچەکانی خوزستان، کە گەرمەسێری بەختیاری پێ دەڵێن پرۆژەی ئاوی سەردەمە جیاجیاکانی لەجۆگە و بەربەست و پرد و کارێزی تێدەبینرێت.

هەردوو کاولگەی کۆنەشاری دستواو گوندی نزیک شوشتەر چەندین پرۆژەی ئاودێریان تێدا دەبینرێت، لەکۆنەشاری گوند پاشماوە سەکورەیەکی ئیلامیان ماوە، بەم دواییە تاشە بەردێک لە باشووری ڕۆژئاوای شوشتەر دۆزرایەوە کە خەتی بزماری ئیلامی لەسەر هەڵکەندراوە. کوەدزە چیایەکە لە باشووری لوڕستان لەدامێنی ئەم چیایەدا شوێنەواری چەندین ئاوایی و چەندین قەڵای گچکە و گەورە دەبینرێت، شوێنەواری ئاوێک دەبیندێت کە بە لوولەی گۆسکەیی بۆ ئاواییەک ڕاکێشراوە، هەروەها خانووبەرەیەکی دێرینی لە بەرد هەڵکەڵدراو دەبینرێت، ژمارەیەک گۆڕستانی دێرین لەم شوێنەیە دەبینرێن کە ڕوویان لە قیبلە نییە و بەگۆڕستانی زەردەشتیان دەچێت، هەروەها دۆڵی شوی لەکوەسیالی شوێنەواری نیشتەجێ بوونی مرۆڤی هەزاران ساڵی لەمەوبەری تێدا دەبینرێت.

ئیتر لە لێکۆڵینەوەکان وا دەردەکەوێت لوڕستان لانکەی کۆنترین شارستانی ئێرانی کۆن بووە، هەروەها کۆنترین حکومەت لە لوڕستان دروست بووە، بەڵام بەداخەوە تاکو ئەمڕۆ لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلی لەسەر نەکراوە، ئەمڕۆکەش خاکی لووڕان دابەشی سەر ئوستانی خوزستان، فارس، ئیسفەهان، هەمەدان، بەختیاری و خورەم ئاباد و کۆکیلوە و داودی کراوە.

بەشی هەرە زۆری نەوتی ئێران لە لوڕستان دەردەهێنرێت.

**تێبینی:**

١- هەردوو پردی دزفول و شوشتەر لەسەردەمی

ساسانییەکان دروست کراون، ئەمڕۆکە هەردووکیان کەلاوەنە، پردی دزفول ۳۸۰م درێژە و هەردووکیان شێوەی بیناسازی ڕۆمیان بەسەرەوەیە.
۲- لوڕ بەشێکن لە کورد لە (۲۰) هۆزی کورد زیاتر بەشێکیان لە لوڕستان نیشتەجێن و بەشی دیکەیان لەکوردستانی باشوور نیشتەجێن. ئەوی لوڕستان بە لوڕی، یان بە گۆران دەدوێن و ئەوانی کوردستانی باشوور و سنە و ئیلام و کرماشان بە سۆرانی، گۆران، فەیلی دەدوێن وەک: ڕۆژبەیانی، زەنگەنە، سنجابی، لەک، کەلهوڕ، داودی.
جا لەڕووی مێژوو و جوگرافییەوە لوڕ کوردن، بەڵام ئەمڕۆ بەشێک لە لوڕەکان خۆیان بەکورد دەزانن، بەشێکیشیان دەڵێن جاران کورد بووین، بەڵام ئەمڕۆ زاراوەی لوڕی بووەتە زمان، چەند جارێکیش لەکەناڵە ئاسمانییەکان خەڵکە ڕەشووڕووتەکەی (دێهلۆران و خورەم ئاباد و شەهری کورد)م دیوە خۆیان بەکورد ناساندووە.
ئیتر کیان و هێز و ئابووری و یەکبوونی کوردان ڕۆڵی هەرە باڵا دەبینێت بۆ زیندووکردنەوەی هەستی کوردایەتی لەنێو لوڕاندا.

**سەرچاوەکان:**

**۱- سیمای عشایر شرق لرستان، حسین گودرزی، ۱۳۷٤، تهران.**
**۲- نگاهی بەتاریخ خوزستان، نیره زمان رشیدیان، ۱۳٦۹، تهران.**
**۳- تأثیر فرهنگ و تمدن ایران درجهان، عباس قدیاتی ۱۳۸۱، تهران.**
**٤- سرزمین ما (مروری بر تاریخ و معماری ایران، ٤- رکوعی)، ڕێکەوتی چاپی لەسەر نییە.**
**٥- ایران و تمدن ایرانی، کلمات هوار، ترجمە حسن انوشە، ۱۳٦۳، تهران.**

ئەزمونی ڕێژیسۆر

# یارییەخەونێک
# لە ڕەباتەوە بۆ زانستگای کەمبریا

**د. فازیل جاف**
**(سوێد)**

زۆربەی ڕێبەرانی شانۆ پێیان وایە پرۆڤەکردن دەبێت گێڕانی ئاهەنگی شادی بێت، چونکە لە شادییدا بەرهەمێکی هونەری جوان دێتە ئەنجام پاشان پێشکەش بە جەماوەر دەکرێت، ئەگەر وانەبێت، پەستی و سستی و ئاڵۆزی باڵ بەسەر پرۆڤەکاندا بکێشێت، پاشتر لە نمایشدا ڕەنگ دەداتەوە و بە شێوەیەکی نێگەتیڤانە کار دەکاتە سەر ئەنجامی کارە هونەرییەکە.

ئەم پرنسیپە ئەوەندە ڕوونە کە گومان و دوو دڵی هەڵناگرێت، بەڵام گوتنی هەر بە دەم ئاسانە و بە جێگەیاندنی لە هەموو پرۆڤەیەکدا ئاسان نییە. ڕەنگە ئەم ئەرکە لە شانۆکاندا ئاسانتر بێت، بەتایبەتی لەلای گرووپەکانی شانۆ، نەک لە شانۆ ڕەسمییەکاندا، بەڵام کە دێتە سەر بواری پەیمانگە و کۆلێژەکانی شانۆ، واتە بواری پێداگۆگی «پەروەردەیی» دروستکردنی ئەتمۆسفیرێکی شاد و ئاهەنگئامێز ئەرکێکی قورسە، بۆچی؟ چونکە هەموو جۆرە سازکشرێک لە پرنسیپ و بەرنامەی بە دیقەت دارێژاو، لەسەر حیسابی لایەنی پەروەردەیی و ڕۆڵی مامۆستا دەبێ، لێرەشدا تۆ بەر لەوەی ڕێژیسۆر بیت، مامۆستا و ڕاهێنەریت.

ئەم هاوئاهەنگی و هارمۆنیایە لە نێوان هەردوو بواری کارەکەت وەکو مامۆستا و ڕێژیسۆر گەورەترین بەهرەی مامۆستای شانۆیە، هاوکات گەورەترین داهێنانی ڕێژیسۆری پەروەدەکارە. بوونی ئەم دوو خەسڵەتە لە یەک کەسدا، واتە لە مامۆستایەکی ڕێژیسۆر، یان ڕژیسۆرێکی پەروەدەکار بەهرەیەکی گەلێک تایبەتە ئەگەر لە کەسێکدا هەبێت، هەست بە ئاسوودەیی و ڕەزامەندی لە کارەکەیدا دەکات.

بەش بە حاڵی خۆم پتر لە پازدە ساڵە هەوڵ دەدەم ئەم دوو لایەنە لە ڕەوتی هونەریمدا هاوشانی یەکدی پەرە پێ



بدەم و هەنگاو بە هەنگاو گەشەی پێ بکەم.

لە پرۆفیلی ڕیژیسۆرە پەروەدەکارە خاوەن ئەزموونەکانەوە، چ لە ڕێگای کارکردنم لەگەڵیاندا و چ لە ڕێگای خوێندنەوەی نووسینانەکانیانەوە، فێری ئەوە بووم کە دەبێت کەشو ئەتمۆسفێری کاری ئەم پرۆفیلە پتر لەسەر بناغەی وۆرکشۆپ بێت، واتە وانە و ڕاهێنان بێت لە هەمان کاتدا، چاکتریش وایە ئاست و ڕادەی ڕاهێنانەکە بەرزتر بێت لە قسە و دەرس گوتنەوەی تیۆری، واتە هەرچی دەکەیت، دەبێت بە بەشداری پێکردنی قوتابی/ ئەکتەر بێت. گوتراوە ئەوەی دەیبیستیت لە بیری دەکەی، ئەوەی دەیبینیت ڕەنگە لە بیرت بمێنێت، بەڵام کە خۆت بەشدار بیت هەرگیز لەبیرت ناچێتەوە.

بۆیە ڕیژیسۆری پەروردەکار هەردەم هەوڵ دەدات ئەتمۆسفێرێکی لەباری وۆرکشۆپ ساز بکات. ئەتمۆسفێری وۆرکشۆپیش تا دەکرێت دەبێت گەش و شاد بێت و تەواو لە دەسەڵات و دیکتاتۆریەتی ڕیژیسۆر، یان ڕاهێنەر بەدوور بێت. بوونی ڕیژیسۆر/ ڕاهێنەری زەبر بەدەست وا دەکات کە ژمارەیەکی باشی بەشداران لە وۆرکشۆپەکە بتەکێنەوە و بەشداری تەواوی ڕاهێنانەکان نەکەن، یان بە تەواوەتی نەتوانن بکرێنەوە و بە ئاسوودەیی و سینگ فراوانییەوە هەموو بۆچوون و پێشنیار و ئەزموونێک تاقی بکەنەوە. لە سایەی ڕیژیسۆری/ ڕاهێنەری دیکتاتۆردا هەستی گرژی و پەستی و ئاڵۆزی باڵ بەسەر تاقیکردنەوەکاندا دەکێشێت، تەنانەت ئەگەر نمایشێکی باشیش پێشکەش بکەن، مانای ئەوە نییە کە هەمووان بە دڵ و بەگیان بەشداریان تێدا کردووە.

پرۆفیلی ڕیژیسۆری پەروەدەکار لە کولتووری شانۆیی ڕووسیادا زۆر ناسراو و بەناوبانگە، ئەم پرۆفیلە لە کولتووری ڕۆژئاوادا زۆر کەمترە. لە ڕووسیادا زۆرینەی مامۆستایانی شانۆ لە کۆلیژەکاندا، ناڵێم هەموویان، ڕیژیسۆر و ئەکتەر و سینۆگرافی بە توانا و بەناوبانگن. هەر بۆ نموونە ئەگەر باس لە ئەکادیمیای شانۆ لە شاری سانت پێتەربوورگ بکەین، دەیان کەڵە ڕیژیسۆری وەکو مییرهولد، ئاکیمۆڤ، تۆفستۆناگۆڤ و دودین.... تاد، لەوێدا دەرسیان داوە و سەدان قوتابی ڕیژیسۆریان ڕاهێناوە. ئەمە لە ڕۆژئاوادا وانییە، چونکە بە دەگمەن دەبینیت ڕیژیسۆرێکی بەناوبانگ و خاوەن ئەزموون لە پەیمانگە، یان کۆلێژێک دەرس بڵێتەوە. پەروەردەکاران «پێداگۆگەکان» لە ڕۆژئاوادا زۆربەی هەرە زۆریان تەنیا مامۆستان.

پرۆفیلی دەرهێنەری پەروەدەکار پرۆفیلێکە تایبەتمەندی خۆی هەیە، ڕەنگە زەقترین تایبەتمەندی ئەم پرۆفیلە ئەوە بێت کە ڕیژیسۆر لە هەموو هەنگاوێکی کارەکەیدا نابێت ئەوە فەرامۆش بکات کە ئەکتەرەکانی قوتابین و دەبێت هەنگاو بە هەنگاو فێر ببن و ئەزموونی هونەرییان تەنیا ئەزموونێک نییە لە داهێنانێکی هونەری، بگرە بەر لە هەموو شتێک ئەزموونێکی پەروەردییە و دەڕژێتە ناو چوارچێوەی دەرس و خوێندنەکەی، بۆیە ڕیژیسۆر لەم حاڵەتەدا مامۆستایە بەر لەوەی داهێنەر بێت، بگرە زۆر جار دەبێت واز لە دەرهێنانی تایبەتی خۆت بهێنێت و ڕێگا بە داهێنانی ئەوان بدرێ، دەبێت ئاکام و دەرس و ئەنجام لەلایەنە پەروەردەییەکە مەبەستی سەرەکی بێت نەک سەرکەوتنی هونەری، بەڵام ئەگەر ڕیژیسۆری پەروەدەکار هەردووکیان بە دەست بهێنێت، ئەوە کارەکەی بەسەرکەوتنێکی گەورە دەژمێردرێت و دەکرێت شایستەی ئەو نازناوە بێت.

## پرۆفیلی ڕێژیسۆری پەروەدەکار

کێشـەیەکی دیکە کـە ڕێژیسـۆری پەروەدەکار لە کـاتی پرۆڤــەدا تـووشی دەبێت و نـاتوانێ بە ئاســانی خــۆی و گـرووپەکەی لێ دەربـاز بکات، بۆیە کـە دەبێت لە هەمـوو ساتێکدا چاوەڕێی ئەوە بکات کە گفتوگـۆیەکی لاوەکی سەبارەت بە میتود و کەسایەتی و شیکردنەوەی دەق.... تاد سەر هەڵ بدات، ئەمە لە کـارکردنی ناو تیپ و شانۆ فـەرمیـیـەکـاندا ڕەنگە ڕوو بدات، بەڵام بە دەگـمـەن. پێم وایە هۆی سـەرەکی ئەم دیاردەیە ئەوەیە کـە ئەکـتـەران لە حاڵەتی یەکەمدا هێشـتـا قـوتابین و بە حاڵ مـوحازەرەو وۆرکشـۆپ و ڕاهێنان لەگەڵ پرۆژڤە جودا دەکەنەوە. ئەم دیاردەیە هەمـیـشـە مـەترسـیـیـەک لەلای ڕێژیسـۆری پەروەدەکار دروست دەکات، چونکە خـاڵی تەرکـیـز کردن دەکـوژێت و پلان و پرۆگـرام و نەخـشـەی ئەو کـارە تێک دەدا کـە بە پێی پرۆگـرام دەبێت لە مـاوەی خـۆیدا ئەنجام بدرێت، ئەم کێشـەیە خۆی سەختتر دەنوێنێت بەتایبەتی بۆ ڕێژیسـۆرێک کـە لەسـەر کـارکـردن لەناو گـرووپەکـانی شانۆدا ڕاهاتبێت.

ڕەنگە ئەم کـێـشــەیە بۆ من لە هەمـوو ڕێژیسـۆرێکی پەروەدەکار زیاتر بێتە پێشێ، چونکە لەسـەر مـیـتـودێک کار دەکەم کە لە پەیمانگە و کۆلێژەکانی دراماداا زۆر باو و بەربلاو نییە. دیارە ئەوەندەی مـیـتـودی ستـانیـسلاڤـسکی و مـیـتـودی سایکۆلۆژی باڵا دەستە، مـیـتـودی مـیـیـرهولد ئەوەندە باڵا دەست نـیـیـە، تەنانەت ئەگـەر قـوتابـیـیـەکـان شـارەزاییەکیشیان هەبێت، بەگشتی ناکرێت پشتی پێ ببەسترێت، چونکە وەکو هەموو جارێک بۆت دەردەکەوێت کە لە ئاستێکی کەمدای و ئەوەندە نییە وەکو مـیـتـودێک دەسـتـی قــوتابی بەرەو نمایش بگرێت، بۆیە لـە هەمــوو قـۆناخـێکی پرۆڤـەدا ئەگـەری سـەرهەڵدانی پرسـیـار و پێویسـتـیی شـیکردنەوە و سەر لە نوێ باسکردنی چەند لایەنێکی میتود و پێوەندی بە کارەکەوە دێتە پێشێ.

وەنەبێت ئەمە کارێکی خراپ بێت، نەخێر بۆ من ئەمە زۆر جـار نەک هەمـوو جـارێک، نیـشـانەی زیندوویەتی و هێزی میتودەکەیە، بەڵام زۆر جاریش دەبێتە هۆی ئەوەی کــاتێکی زۆرمــان لەدەست بچــێت، بەتایبــەتی کــە کـارکـردنمان وەکـو لە ڕەبات و کـەمـبـریا لەسـەر بنەمـای تێکسـتـێکی پتـەو و دەوڵـەمـەندی وەکـو شـانۆنامـەی «یارییە خەونێک» بێت.

دیالۆگی نێـوان من و قـوتابـیـیـەکـانی ڕەبات زۆربەی لەسـەر ناوەڕۆکی دەقی شـانۆگـەرییـەکـە بـوو، جـیـهـانی ستریندبێرگ زۆر بەوان ئاشنا نییە، بە تایبەتی جیهانی شانۆنامە ئێکسپرۆسیۆنیستەکانی. ئەوان زۆرتر ئاشنای شانۆنامە ناتورالیست و سایکۆلۆژییەکانی ستریندبێرگن، بۆ نموونە شانۆنامەی «باوک» و «مسز جولیا».

دۆزینەوەی زمـانی نمایشی ئـەم تەرزە درامایە سـەرەڕای کـارکـردنمان لە سـەر تێکسـتی شـانۆنامـەکـە، جـاروبار وەسـتـان و هەڵـوێسـتـەیەکی نوێی پێـویست بوو. گـەلێک جـار بۆ ئەم مــەبەسـتــە دەگـەڕاینەوە سـەر دەقــەکــەی ستریندبێرگ چ بەعارەبی و چ بە ئینگلیزی، منیش لەلای خۆمەوە زۆر جار دەگەڕامەوە سەر تێکستە سوێدییەکە.

## مانای ڕاست و قووڵی دەق

زۆرم بەلاوە مەبەست بوو قوتابییەکان لە مانای قووڵ و ڕاستەقینەی دەقەکە لانەدەن، پرنسیپی سەرەکیم لە کاری هونەری و پەروەردەییم لەگەڵ قوتابیانی بەشی نواندندا، هاوئاهەنگی نێوان دەق و بەرجەسـتەکردنیـەتی، واتە تا ئەو پەڕی توانام هەوڵ دەدەم قـــوتابی ئەکـــتــەر لە دەق لانەدات و تا دەکرێت پڕ بە پێستی خۆی گوزارشتی لێوە بکات. ئەم باوەڕەم لە یەک ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت کـە: قـوتابی/ ئەکـتـەر پێـویسـتـە لە قـۆناغی خـوێندندا لەسـەر مـیـتـودێکی شـانۆیی زانسـتـیـیـانە بڕوات و فـێری ئەوە بێت کـە چۆن دەق بخـوێنێـتــەوە و شی بکاتەوە و ڕەفـتـاری لەگـەڵدا بکات، پاشـانیـش نمایشـەکە لەسـەر بناغەی ئەو تێگەیشتنە بینا بکات.

من بە هیـچ جـۆرێـک لە ڕووی پێـداگـۆگـیـیـەوە لـەگـەڵ ئەوەدا نیم کە مـامـۆسـتـا لێگەڕێ قـوتابی/ ئەکـتـەر لەو هێڵە لا بدات، واتە لێکدانەوە و بۆچوونی نەشاز بۆ دەق بەرجەستە بکات، یان دەق بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی نووسـەر ڕاڤـە بکات. شـرۆڤـەکردنی دەق بەشـێـوەیەکی هاوئاهەنگ لەگـەڵ مـەبەسـتی نووسـەر، ئەرکی سـەرەکی مـامـۆسـتــایە و نابێت قـســە هەڵبگرێت و لە قـۆناغی فێربوون و پەروەردەدا جێگای گومان بێت.

ئەم پرنسیپە دەستپاکی و خیانەت نەکردن لە نووسەری شـانۆنامـەکە دەگـەیەنێت. خـۆ ئەگـەر مـامـۆسـتـای شـانۆ ئەمــەی ورووژاند، ئەوە ئەو هەمــوو قــســەیە دەربارەی مـەبەسـتی لە نمایش و ئەرکی سـەرەکی و ئەرکی سـوپەر سەرەکی و کەسایەتی و ناوە و دەرەوەی بێ بایەخ دەبێت، چونکە لێرەدا کە تۆ بۆچوونێکی یەکگرتوو وهاوبەشت بۆ بابەت و بیــری شــانۆنامــەکــە نەبێت، چۆن دەتوانیت قوتابییەکان فێری بنەماکانی نمایشی شانۆیی بکەیت.

پرۆگرامی پەیمانگە و کۆلێژەکانی شانۆ لە پلانی هونەریدا هێڵێکی ئاشکرا و دیاری هەیە، واتە لە دەقەوە بۆ نمایش. ئەمەش دەبێت لەسەر بناغەیەکی پتەو بەڕێوە بڕوات، واتە تێگەیشتنی تەواوی دەق و بەرجەستەکردنی بەشێوەیەکی دروستی دوور لە شێواندن و لێکدانەوەی نەگونجاو.



بۆ فەراهەمکردنی ئەم مەسەلەیە، دەبێت هەر لەسەرەتاوە ڕێگای ڕاست و دروست بگریتە بەر، بەڵام بەکام پێوەر سەرەتا و دەستپێکی ڕاستەقینە، لەسەرەتا و دەستپێکی نادروست و هەڵە جودا دەکەیتەوە؟ باشترین میتود کە ئەم مەسەلەیەمان بۆ ساغ دەکاتەوە میتودی «ئەرک و ئەرکی سەرەکی» ستانیسلاڤسکییە.

بەر لە چوونە ناو هەر دیمەنێکی نوێ، لە قوتابی/ ئەکتەرم دەپرسی: ئەرکت لەم دیمەنەدا چییە؟ پاش وەڵامدانەوە، پرسیارێکی دیکەم لێ دەکردن، ئەی پێوەندی نێوان ئەرک و ئەرکی سەرەکی چییە؟

قوتابیانی پەیمانگەی ڕەبات کەمتر ئاشنای ئەم میتودە بوون، هەر چەندە بەتیۆری دەیانزانی، بەڵام لە پراکتیکدا بۆیان نەسەلمێندرابوو، پاش بەکارهێنانیش بۆیان دەردەکەوت کە تا چ ڕادەیەک ئاسان و سوودبەخشە.

ئەم میتودە کە لە پرۆڤەکاندا زۆر باسی لێوە دەکرا، لە کەمبریا ناسراو تر بوو، قوتابییەکان پێشتر کاریان لەسەر کردبوو. ڕۆبێرت لیچ کە پسپۆڕێکی گەورەی میتودی مییرهولد و خاوەنی کتێبی «سانیسلاڤسکی و مییرهولد»ە ڕاهێنانێکی زۆری سەبارەت بە میتودی «ئەرک و ئەرکی سەرەکی ستانیسلاڤسکی» لەگەڵدا کردبوون.

تایبەتمەندییەکی ڕێژیسۆری پەروەدەکار ئەوەیە کە دەبێت هەردەم ئامادە بێت پلان و پرۆگرامی خۆی بە گوێرەی پێداویستییەکانی وۆرکشۆپەکە بگۆڕێت، ئەمە بۆ ڕێژیسۆرێک کە لە شانۆدا کار دەکات ئەوەندە مەبەست نییە، چونکە بەگشتی پلانەکان وا دارێژراون کە دەبێت لەکاتی خۆیدا تەواو ببێت.

قوتابییە مەغریبییەکان تایبەتمەندییەکی دیکەیان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بە چەندین وۆرکشۆپی جیاوازدا تێپەڕیون، لەگەڵ مامۆستایانی جیاجیا لە فەرەنسا و ئیتاڵیا و ئیسپانیا و بەلژیکاو وڵاتانی دیکەی ئەورووپادا، ئەمە جگە لە مامۆستایانی وڵاتانی عەرەبی، بەڵام ئەمیان بەشێوەیەکی زۆر کەمتر.

جۆری وۆرکشۆپەکانیان زیاتر کارکردنە لەسەر دەرەوەی ئەکتەر، واتە جەستە و ئیرتیجال و ماسک و سەما و شەڕ و پێکدادانی سەر شانۆ. ئەمە شان بەشانی تەکنیکی گێڕانەوە و گۆرانی... تاد. ئەم شێوازە، شێوازی وۆرکشۆپی یەک لە دوای یەک و بەردەوام، زۆر کاریگەرە و یارمەتی ئەکتەر دەدات لەسەر خۆ نوێکردنەوە و بەردەوام بوون، ئێستا تەنانەت لە شانۆ ڕەسمییەکانیشدا سازکردنی وۆرکشۆپ بۆ ئەکتەرە کۆنەکان بووە بە چارەسەرێک بۆ ئەکتیڤکردنی ئەکتەرەکان کاتێ هەست بە سستی و خامۆشی دەکەن.

هەرچی قوتابییە ئینگلیزەکانن، ڕەفتارکردنیان لەگەڵ تێکستدا بە بەراورد لەگەڵ مەغریبییەکاندا چاکتر وقوڵترە. بە بۆچوونی من زۆرینەی مامۆستایانی پەیمانگاکانی وڵاتانی عەرەبی بەگوێرەی پێویست قوتابیان لەسەر چۆنیەتی ڕەفتارکردن لەگەڵ تێکستدا ڕاناهێنن.

## دیسانەوە گەڕان بەدوای کردار

ڕێژیسۆری ڕووسی ئەناتۆلی ئیڤرۆس دەڵێت «لەو ڕۆژەوەی لەسەر کورسی خوێندن دانیشتم، تێگەیشتم کە دەبێت بەدوای کرداردا بگەڕێم، بەڵام ئەمە هەر بەدەم

ئاسانە»
باشە دەبێت لەیارییە خەونێکدا کە هەموو دیمەنەکانی بریتین لە گەشتی هاوتەریبی ئەگنێس و ئەفسەر بەناو جیهانی خەیاڵ و خەوندا چۆن سروشتی کردارەکان دەستنیشان بکەین؟

وەکو چەمکێکی تیۆری، ڕەنگە وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسان بێت، بەڵام کە دێینە سەر کار و پراکتیک هەر ئەم شێوازە خەونئامێزە، بۆ قوتابی/ ئەکتەر بێ سەروبەرییەک دروست دەکات، چونکە لێکدانەوە و شیکردنەوەی کردار و چوارچێوەی ڕووداو ناخرێتە ژێر ڕکێفی چەمکێکی دیاریکراوەوە.

ئەم کێشەیە لە شانۆدا لە ئارادا نییە، چونکە هەموو شتێک بە گوێرەی پلانی ڕیژیسۆری شانۆگەرییەکە دەڕوات. واتە چەمکی ڕیژیسۆر ڕۆڵی سەرەکی لە دەستنیشانکردنی کردارە سەرەکییەکانی ناو دیمەنەکان دەبینێت، ئەکتەرەکانیش لە شانۆدا بە حوکمی ئەوەی پیشەکارن، زووتر کردارە سەرەکییەکان دەستنیشان دەکەن و کاری لەسەر دەکەن. لێرەدا کە مەسەلەی پیشەکاری دووپات دەکەمەوە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەکتەران جگە لەوەی کە بە قۆناغی خوێندن و پێگەیاندن و ڕاهێنان ڕەت بوون، ئەزموونێکی زۆریان لە بواری بەرجەستەکردن و شێوازی جیاجیای ئەدەبی شانۆییدا هەیە.

خۆ ئەگەر بگەڕێمەوە سەر بۆچوونێکی دیکەی ئیڤرۆس کە دەڵێت «ئەکتەر ئەو کەسە نییە کە تەنیا بتوانێت هەست بکات، بگرە ئەو کەسەیە کە ئامێرێکی باشی گەیاندنی هەستەکانی هەیە».

**باشە چۆن بتوانین ئەکتەر لەسەر ئەم چەمکە ڕابهێنین؟**

بە بۆچوونی من، ڕیژیسۆری پەروەردەکار ئەرکەکەی لەم ڕووەوە سەختترە لەو ڕیژیسۆرەی کە تەنیا لە بواری شانۆدا کار دەکات، چونکە بەهەر پێوەرێک لێکی بدەیتەوە، نابێت کۆنسێپتێکی پێشتر ئامادەکراوی پێ بێت و قوتابییەکان ناچار بکات پێڕەوی بکەن، لە کاتێکدا کۆنسێپتەرهێنانی شانۆنامەکە بەو جۆرەی کە ڕیژیسۆر لە شانۆدا دەیەوێت، پێشتر ڕەزامەندی لەسەر دەربڕاوە.

لەگەڵ ئەوەشدا بەلای منەوە کارکردن لەگەڵ ئەکتەرانی قۆناغی خوێندن و فێربوون بۆ من بەچێژترە لە کارکردن لەگەڵێک شانۆی ڕەسمیدا کە بە گشتی کارکردن تێیاندا بە پایەو پلە دادەنرێت. چونکە بە هەموو پێوەرێک قوتابی/ ئەکتەر زۆر شوکرانە بژێر و پێزانە کاتێک کە زانست و شارەزایی و ئەزموونی هونەری خۆتی پێشکەش دەکەیت. ئەو بەهەر شێوەیەک لێکی بدەیتەوە، هاتووە بۆ ئەوەی فێر ببێت و خۆی پێ بگەیەنێت، بۆیە زۆرتر گوێ لە ئەکتەرانی شانۆ دەگرێت، کە زۆر جار دەبنە فەرمانبەرێکی ئاسایی و چەقبەستوو، بە پێچەوانەی قوتابی/ ئەکتەر کە ڕووبەڕووی هەموو بیر و هزرێکی نوێ دەبێتەوە و دەیەوێت تاقی بکاتەوە و سوودی لێ وەربگرێت. بۆ ئەنجام دانی ئەم مەبەستە، ڕیژیسۆری پەروەردەکار بەر لە هەموو شتێک پێویستی بەوەیە، پێوەندییەکی دروست لەگەڵ قوتابیان ساز بکات، پێوەندییەک کە لەسەر بناغەی هەستکردنی ڕیژیسۆر بەخۆشەویستی قوتابییەکان دروست ببێت. بە کورتییەکەی ئەگەر بتەوێت ئەکتەرەکانت خۆشیان بووێت، دەبێت بۆیانی بسەلمێنیت کە تۆ ئەوانت خۆش دەوێت.

ئەکتەران وەکو قوتابیانی نمایش، ئەگەر بگەنە ئەو خۆشەویستییە و ئەم لە یەکدی تێگەیشتنەیان بۆ ساغ بێتەوە، ئیتر نەک هەر فەرمایشتەکانت جێبەجێ دەکەن، بگرە بە دڵ و بەگیان بچووکترین تێبینیت بە ئەنجام دەگەیەنن.

ئەگەر بتەوێت کارەکەت باش بڕوات و سەرکەوتوو بیت، دەبێت ئەکتەرەکانت خۆش بووێت، بەڵام لە هەمان کاتدا وەکو ئیڤرۆس دەڵێت: دەبێت ئیرادەی پۆڵایینت لە دەست نەدەی.

لە کاری پەروەردەییدا ڕیژیسۆری مامۆستا لەگەڵ ئەکتەراندا، ئازادییەکی نیمچە ڕەهای هەیە، چونکە ئەوەندە خۆی بە پلان و پرۆگرامی چەسپاو نابەستێتەوە، هەر نەبێت بەو شێوەیە دوای نەخشەیەکی دامەزراو ناکەوێت وەکو ئەوەی لە شانۆکان دەیکات. ئەمەش بۆ سروشتی کارکردن لە پەیمانگە و کۆلیژەکاندا دەگەڕێتەوە کە سروشتێکی گەلێک دینامیکییە، دینامیکیزمێک کە هەموو جۆرە پلانێکی پێشتر ڕەت دەکاتەوە، پشت بە ئاکام و دەرئەنجامی مەشق و وۆرکشۆپ دەبەستێت، واتە هەموو شتێک دەبێت لەو وۆرکشۆپەوە سەرهەڵ بدات و وەکو ئاکامی وۆرکشۆپ بچەسپێت. ئەمەش واتە هەموو شتێک زادەی ڕاهێنان و کۆششی قوتابییەکانە بەسەرپەرشتی و ڕێبەرایەتی ڕیژیسۆر.

# گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

وریا ئەحمەد

## قەدری خانی عەبدوڵڵا کاکەی

قەدری حەمەعەلی ئەحمەد حەوێزی کە بە (قەدری خان) ناسراوە، ساڵی (١٩٣٣) لە گوندی (جەلی) هاتۆتە دنیاوە، ئەویش ئەوکاتەی خاڵی باوکی: (جەنابی مەلای کۆیە) باوکی قەدری خانی بۆ ئەو گوندە ناردووە و وەک ئاغای گوندەکە دەستنیشانی کردووە. قەدری خان گوتی: تەمەنم (٤) ساڵ بوو، ماڵمان بۆ کۆیە گەڕایەوە، باوکم خانوویەکی لە کۆڵانەکەی پشت (حەمامی حەسەن ئاغای) لە کەسێکی کۆیی بە ناوی (حەمە تەماتە) کڕی. قەدری خان دوای تەواوکردنی پۆلی شەشەمی سەرەتایی بۆ بەغدا بۆ خوێندنی مامۆستایی بۆ (فنون) دەچێت، ئەوکاتە خوێندن لەو قوتابخانەیەدا (٥) ساڵ بووە، بەڵام کەسوکاری قەدری خان هەر لە پۆلی دووەمەوە وازیان پێ لە خوێندن هێناوە! زۆربەی برادەرانی دوای تەواوکردنی خوێندنی ئەو قوتابخانەیە بوونەتە مامۆستای سەرەتایی و دواتر هەندێکیان وەک سەرپەرشتیاری پەروەردەیی! قەدری خان هاوسەری مامۆستای کۆچکردووی نیشتمانپەروەر (عەبدوڵڵا کاکە)بووە و دیارە بەو پێیە دایکی بێژەری بەتوانا کاکە (باوەزیر عەبدوڵڵا)شە. دیداری ئەو ژنەمان بەو مەبەستە بوو، کاتی خۆی: قەدری خان لە پرسەو شینی ناسیاو و خزماندا لاواندنەوە و گۆرانی تایبەتی ئەو بۆنانە گوتووە و بە دەنگی خۆش و پڕسۆزی، فرمێسکی لە چاوی کەسوکار و دۆستی ئەو کۆچکردووانە باراندووە! لەو چاوپێکەوتنەی ئێستاشدا توانیمان چەند دانەیەک لەو (سەردوولکە) و گۆرانییە تایبەتانەی پرسەکانی بە سوپاسەوە لێ وەرگرین، کە لێرانەدا تێکست و نۆتەکانیان دەخەینە ڕوو.



**قەدری خانی عەبدوڵلا کاکەی**

* لە شاری کۆیە بەم شێوە گوتنانەی تایبەت بە پرسەو شیوەن (سەردوولکە) دەڵێن.

**هەی داد هەی بێ داد**

**گوتنی: قەدری خان**
**نۆتاندنی: وریا ئەحمەد**
**هەی داد هەی بێ داد هەی ئاوەدانی**
**قەبرم بۆ لێدەن لە ڕێگەی کانی**
**هەی داد هەی بێ داد دادمان نەمایە**
**هەروەک سیمرخ بارمان* شکایە**
**هەی داد هەی بێ داد لە بێ دادیە**
**زێدە لە خەڵکی بێ مرادیە**
**هەی داد هەی بێ داد بە سینەی پەستم**
**بە نەمانی تۆ منیش بێ بەختم**
**هەی داد هەی بێ داد دەردم تاو تاوە**
**دەرمانی دەردم نییە لەم ناوە**
**هەی داد هەی بێ داد ئەمە حاڵ نییە**
**کەس لە دەردی کەس ئاگادار نییە**
**هەی داد هەی بێ داد لە کوێ بتبینم**
**هێشتا منداڵی مەرگت نەبینم**
**هەی داد هەی بێ داد مردم بەتەنێ**
**نەفتم پێداکەن ئاگرم بەردەنێ**

* * *

* بارمان: باڵمان

**دەترسم بمرم**

**گوتنی: قەدری خان**
**نۆتاندنی: وریا ئەحمەد**
**دەترسم بمرم نەتبینمەوە**
**بەجوانە مەرگی سەربنێمەوە**
**دەترسم بمرم ئاخ لە دڵم بێ**
**گردەکەی کەرکوک ئاوەگڵم بێ**
**دەترسم بمرم نەگەم بە مراد**
**هەروەک مەم و زین شیرن و فەرهاد**
**دەترسم بمرم لەم دوور وڵاتە**



دڵ پڕ لە ئاخ و ئۆف و ئاواتە
دەترسم بمرم بەتاسەتەوە
سەر نەنێمە لای هەناسەتەوە
دەترسم بمرم بە چلەی زستانێ
تەیر و توار بمخۆن کەس پێم نەزانێ

## هەی دەرنایە

گوتنی: قەدری خان
نۆتاندنی: وریا ئەحمەد

هەی دەرنایە وەی دەرنایە بووکێ لە پەردەی دەرنایە
هەی دەرنایە وەی دەرنایە زاوا لە پەردەی دەرنایە
* * *
قوربانت بم قوربانەوە قوربانت بم قوربانەوە
چەندت لەبەر پاڕامەوە ئاوڕێکت لێ نەدامەوە
ئەو ئاوڕەی لێت دامەوە کەوتم و هەرنەستامەوە
* * *
ڕێگام دوور بوو زۆر ماندوو بووم کە تۆم دیت وا حەسامەوە
* * *

## چەند شاران

چەند شاران گەڕام چەند خاکەساری
بووم بە شوانەکەی هەق نادیاری
* * *
چەند شاران گەڕام سەت و بیست و دوو
هیچ خاڵم نەدیت شێوەی خاڵی توو
* * *
چەند شاران گەڕام چەند دوکان بەستم
دەرمانی دەردت نەگەییە دەستم
* * *
کەپرەکت لۆ بکەم لە قولەی دەربەندی
داوێمە کەپرێ خاوە گیا بەندی
لەسەری بنووی بە زاوا بەندی
* * *
کەپرەکت لۆ بکەم لە دەشتی کۆیە
داوێمە کەپری پەلکی لیمۆیێ
لەسەری بکەی خەوی نیوڕۆیێ
* * *
کەپرەکت لۆ بکەم لە ناو کەپرۆکان
داوێمە کەپرێ گیای نەرمۆکە
لەسەری بکە خەوی ئەوڕۆکە
* * *
کەپرەکت لۆ بکەم لە ناو توتنێ
داوێمە کەپرێ پەلکی سووسنێ
لەسەری نەکەی خەوی مردنێ
* * *
بەهارێ مەمرە وادەی گوڵانە
هاوینێ مەمرە گەرما میوانە
پاییزێ مەمرە گەڵا ڕێزانە
زستانێ مەمرە بەفروبارانە
ئەو وەختەی بمرە دەست لێک بەردانە

## عەبدولخالق عەلائەدین

مامۆستا (عەبدولخالق عەلائەدین حاجی ئاغا مستەفا) لە کۆیە لە گەڕەکی (قەڵات) هاتۆتە دنیاوە، بەڵام بۆ ساڵی لە دایکبوونی بۆی گێڕاینەوە، گوتی: (تەمەن ٨ - ٩ ساڵان بووین جارێکیان من و عەزیزی برامیان بردە مزگەوتی (مەحموود ئاغا)ی، لەوێ چەند کەسێک دانیشتبوون و تەمەنی ئێمەیان خەمڵاند، منیان بە لە دایکبووی ١٩٣٠ و عەزیزی برامیان ساڵێک لە من بچووکتر

### هەی دەرنایە



نووسی). دیاره تا ئەو ڕۆژە هەردوو برا وەک زۆربەی منداڵانی ناوچەکە هێشتا (تەسکەرەی نفووس)یان بۆ دەرنەکراوە و ڕۆژی لە دایکبوونیشیان نەزانراوە! ئەو خەمڵاندنەش بۆ ئەو مەبەستە بووە.

گوتم: بەو پێیەی بەڕێزت ئەندامێکی ئەو دەستەیەیت، ساڵانێکە پرۆژەی نووسینی مێژووی کۆیەتان بەدەستەوەیە، وەک زانیومانە پرۆژەی کتێبێکە بەناوی (مێژووی کۆیە لە ڕەوتی شارستانییەتیدا)، دەکرێت تۆزێک لەو ڕووەوە بۆمان بدوێیت؟

گوتی: سەرەتای پرۆژەکە حاکم (نازم) دەسپێشخەر بوو، ئەوەبوو ساڵی (١٩٩٢) بیرۆکەی ئەو پرۆژەیەی لای من ئاشکرا کرد و سەرەتا داوای لە من کرد بۆ بەشداریکردن لە پرۆژەکە و ئینجا داوای لە مامۆستایان کەریم شارەزا و مەجید ئاسنگەر کرد و دواتریش عوسمان خۆشناو هاتە ناو پرۆژەکەوە، سەرەتا بابەتەکانی پرۆژەی ئەو کتێبەمان بەو شێوەیە لە نێوانماندا دابەش کرد من: ساغکردنەوەی ماڵە ڕەسەنەکانی شاری کۆیەم پێ سپێردرا. مامۆستا کەریم شارەزا: لایەنی مێژوویی و جیۆگرافی. مامۆستا مەجید ئاسنگەر: لایەنی ئابووری و ئیتر. من دەمێکە کاری خۆمم ئەنجام داوە. لە وەڵامی پرسیارێکماندا گوتی: بە نسبەت مامۆستایان کەمال و سدیق عەبدولقادر، کەمال هەندێ لایەنی پێ سپێردرابوو، بەڵام کاک سدیق لە کۆبوونەوەکاندا زۆرتر کاری گوێگرتن و پێشکەشکردنی پێشنیار بوو. کاتێکیش لە ساڵی (٢٠٠٠) بە یەکجاری وەک پەنابەر بۆ (لەندەن) چووم، ئەو برایانە داوایان لێکردم، لەوێ بەدوای سەرچاوەدا بگەڕێم، ئەوەبوو پێوەندیم بە چەند کتێبخانەیەکەوە کرد، سەرەتا گوتیان: تۆ مافی ئەوەت نییە لێرە بە دوای سەرچاوەدا بگەڕێیت! چونکە ئەم کارە تەنیا بۆ توێژەرانە! منیش چووم کتێبە چاپکراوەکانی خۆم: دیوانی دڵدار و دیوانی مەلای گەورەم برد، دوای چاوپێکەوتنێکی کورت لەگەڵ کەسی پێوەندیداری کتێبخانەکە (پێناسە)یان بۆ کردم و ئیتر بووم بە خاوەن ماف. سەرەتا پرسیاریان لێکردم و گوتیان: چ زمانێک باش دەزانیت؟ گوتم: عەرەبی! دوای تۆزێک کەسێکی ئەسمەریان بۆ هێنام لە خەڵکی (هیندستان) دەچوو، بە عەرەبی (قەواعید)ی پێی گوتم: چیت دەوێت؟ منیش بۆم باس کرد کە سەرچاوەی ڕۆژهەڵاتی ناوین بەگشتی و عێراق بەتایبەتی و لەوێش باکووری ئەو وڵاتە، یان



عەبدولخالق عەلائەدین

کوردستانم پێویستە! گوتی: جارێ کاتی نوێژە کە هاتمەوە یارمەتیت دەدەم! ئەو ڕۆژە نەمتوانی چاوەڕێی بکەم! وابزانم جارێکی تریش چوومەوە، بەڵام هیچم پێ نەکرا! ئێستاش کە پەنابەری وڵاتی ئینگلستانم هەرکاتێک ستافی پرۆژەکە گیروگرفتێکیان هەبێت، کاک نازم بە تەلەفۆن ئاگادارم دەکات! ئاگاداریشم پێش ماوەیەک بە سوپاسەوە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەزامەندی بۆ بە چاپ گەیاندنی ئەو کتێبە دەرکردبوو، بەڵام کاتێک بۆ دواجار شارەزای وەزارەت بە دەسنووسی ئەو کتێبەدا چووبووەوە، داوای ئەوەیان کردبوو، کە زنجیرەی سەرچاوەکان لەو دەست نووسەدا کەموکوڕی هەیە و دەبێ چاک بکرێت؟ بۆ ئەم کارەش دیارە من لێرە نیم و بەیانی بۆ ئینگلستان دەگەڕێمەوە، مامۆستایان کەریم شارەزا و مەجید ئاسنگەریش کاتیان نییە و کاری تریان هەیە! هەردوو برا کەمال و سدیق عەبدولقادریش نەخۆشن! بە نسبەت کاک عوسمان خۆشناویش ئاگام لێی نییە! مامۆستا لەپڕ گوتی: جارێکیان برادەران ڕایان سپاردم لە زانای گەورەی کۆچکردوو (مەسعود محەمەد) بپرسم: شاری کۆیە کەی و لەسەر دەستی چ پاشا، یان سوڵتانێک بەردی بناغەی دانراوە؟ کاتێک دەرفەت هاتە پێش و لێم پرسی لە وەڵامدا گوتی: هەر لەو ڕۆژەی سەروچاوەی (حەمامۆک) هەبووە، شاری کۆیەش پەیدا بووە!

گوتم: تۆ چ زانیاریت دەربارەی ڕابردووی شاری کۆیە هەیە؟

گوتی: شاری کۆیە خاوەنی کەسایەتی ناوداری وەک: (حاجی بەکرئاغای قاسید) و (ئەختەر) و (حاجی قادری کۆیی) و (مەلای گەورە) بووە، ئەوکاتەی من باسی دەکەم جارێ هێشتا شاری (سلێمانی) بنیات نەنراوە!

گوتم: بەو پێیەی هەر لە (۱۹۹۲)ەوە، تا ساڵی (۲۰۰۰) ئەندامی پرۆژەی (مێژووی کۆیە لە ڕەوتی شارستانییەتیدا) بوویت، حەز دەکەم ئەگەر لەو پرۆژەیەدا بەڵگەنامە و دۆکیومێنتی مێژوویی بواری موزیک و گۆرانی و مەقامی تێدایە ئاماژەیان پێ بدەیت؟

گوتی: ئەمین ئاغای ئەختەر و دیوەخانەکەی کە ڕۆڵی دیار و بەرچاو و بوێرانەیان لەم بوارەدا هەبووە، کە لە سەردەمێکی ئاوا کۆندا لە کاتێکدا کە خەڵکی نەفام بە چاوی نزمەوە بۆ دەنگخۆش و کەسانی هونەرمەندیان ڕوانیوە، کەچی ئەو کەسایەتییە کە خاوەنی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و سامان و دارایی و شتی تر بووە، هانی هونەر و هونەرمەندانی داوە و خۆیشی بەشداری بەرچاوی لەوکارانەدا کردووە و جێ پەنجەی تا ئەمڕۆش بە هونەری مەقام و گۆرانی و ئاواز و هۆنراوە و دەنگخۆشانی ناوچەی کۆیەوە دیارە.

گوتم: بەو پێیەی نووسەریت و تا ئەمڕۆ زیاد لە کتێبێکت بەچاپ گەیاندووە، هەروەها بە پێی تەمەن و خوێندنەوەت، ئەو سەرچاوە گرنگانە چین بۆ ئەو پرۆژەیە پشتتان پێ بەستوون؟

گوتی: هەردوو بەرگی کتێبی (مێژووی کۆیە)ی کۆچکردوو (تایەر ئەحمەد حەویزی) و کتێبی (لە عەمانەوە تا عەمادییە) و کتێبەکانی تایبەت بە مێژووی سەردەمەکانی: عوسمانی و ئیمارەتەکانی بابان و سۆران و هی تریش.

گوتم: مامۆستا (جەلال حەویز)ت وەبیرە موزیکی ژەنیبێ؟

گوتی: بەڵێ کاتێک ساڵی (۱۹۵۸) ئەو کاتەی لە گوندی (قورشاغلو)ی ناوچەی دزەییان، بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی بووم، گوێزرامەوە بۆ قوتابخانەی (ئولا)ی شاری کۆیە، ئەو مامۆستایە لەوێ بوو، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بوو، گەلێ جار دیومە موزیکی ژەنیوە، بە تایبەتی ئامێری (کەمان)ی دەژەنی! ئەو کاتە مامۆستایان: تایەر ئەحمەد حەویزی، غەریب مستەفا، کەمال قادر، کەریم شارەزا، عەبدوڵڵا ئەحمەد و هی تریش کە بیرم نەماون، مامۆستای ئەو قوتابخانەیە بوون.

گوتم: کەست وەبیرە بەر لە مامۆستایان جەلال حەوێز و دواتریش باکووری لە کۆیە ئامێری موزیکیان بەکارهێنا بێت؟

گوتی: عەبدولواحیدی حاجی ئاغا مستەفای مامم، لە باوکم و براکانی تری بە تەمەنتر بوو، کاتی خۆی لەگەڵ دەیان قوتابی تر بۆ (تورکیا) بۆ خوێندن ناردرابوون، کە گەڕانەوە بە ئەفسەر لە سوپای عێراق دامەزران، دواتر ڕۆڵی بەرچاوی لە پێگەیاندنی بەهرەمەندان هەبووە، بە تایبەتی لە شاری سلێمانی.

گوتم: ئامێری دیکەی موزیکی میللی جگە لە (دەهۆڵ و زوڕنا) ئەوکاتە لە کۆیە چی بوون؟

گوتی: ئامێری (شمشاڵ) کە شان بە شانی (دەهۆڵ وزوڕنا) دەڕۆیی، نەک هەر لەناو شاری کۆیە، بگرە لە گوند و دێهاتیشدا هەبوو، خۆماڵیش دروست دەکرا، شمشاڵژەن جگە لە شێوەکانی تایبەتی شمشاڵ، گۆرانی و حەیرانیشی پێ لێدەدا.

گوتم: سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵیتان ئەو بۆنانەی لە ناوچەی کۆیە گۆرانی تێدا دەگوتران کەی و چی بوون؟

گوتی: کاتی شایی و زەماوەند و بووک گواستنەوە، لە مەولوودان بۆیان هەبوو، هۆنراوەی شاعیرانی خۆمان بە غەزەل و مەقام بخوێنن.

گوتم: ئەی لە کاتی شین و لاواندنەوەی ئازیز و جوانەمەرگەکاندا، ئەو ژنە کۆییانە کێ بوون، دەیان لاواندەوە؟

گوتی: بەڕای من ئەو ژنەی لە پرسەیەکدا گۆرانی گوتووە، یا لاواندنەوەی جوانەمەرگێکی کردووە، هەر ئەو ژنە نەبووە کە لە پرسەیەکی دی ئەو کارەی کردووە، بەڵکو لە هەر پرسەیەکدا ژنێکی دەنگ کاریگەر و خۆش ئەو کارەی ئەنجام داوە. مامۆستا لەناکاو هاتە قسە و گوتی: لە گوندی قورشاغلو گەلێ جار دەروێش و موریدانی شێخەکانی سەر بە تەکیەی (کاکی هیرانێ) دەهاتنە ئەو ناوە و دەفیان دەکوتا و دەیانگوت. ئاغای ئەو گوندە کە ناوی (حەسەن ئاغا) بوو، پیاوێکی خێرخواز و هێمن بوو، خراپەی نەدەکرد و ژنەکەشی وەک شازنێک وابوو، ڕۆژێکیان سەیرمان کرد (حەسەن زیرەک) هات، ئێمە لای ئاغا دانیشتبووین، ئاغا

خەریکی یاری (تاوڵە)بوو، گوتمان: ئاغا ئەوە حەسەن زیرەکە دەنگی زۆر خۆشە، ئیدی بە دەست ئاماژەی بۆ زیرەک کرد کە بیڵێت، دیارە زیرەکیش چەند گۆرانییەکی گوت، لە ڕاستیدا حەسەن ئاغا یارمەتی دا، بەڵام ئەو یارمەتییە بۆ هونەرمەندێکی وەک زیرەک وەک پێویست نەبوو! مامۆستا عەبدولخالق جارێکی دی هاتە قسە و گوتی: ساڵی (١٩١٣) بۆنەیەک هەبووە، (سولەیمان نەزیف) کە کوردێکی شاری (دیاربەکر) بووە، ئەوکاتەی باسی دەکەم سەردەمی ویلایەتی مووسڵ بوو، ئەو پیاوە کە دیارە کاربەدەست بووە، داوای لە باش عولەمای ئەوکاتە کردووە، وتارێک لەو بۆنەیەدا بخوێنێتەوە؟ ئەویش کە نەیتوانیوە لە وەڵامدا گوتبووی: ئەگەر زووتر داواتان بکردایە، شتێکم ئامادە دەکرد! لێرانەدا جەنابی مەلای گەورەی کۆیە دەڵێت: ئەگەر حەز بکەن من وتارێک دەخوێنمەوە، دەڵێ مەلای گەورەی کۆیە کە ئەوکاتە گەنج بووە، وتارێکی بێ نووسین بە زمانەکانی (تورکی) و (عەرەبی) بە پشت بەستن بە ئایەت و فەرموودەکانی پێغەمبەر و زانایانی تر پێشکەش دەکات کە دەبێتە مایەی خۆشحاڵی ئەو بەرپرسە، بۆیە وەک پاداشت بە مەلای گەورە دەڵێت: چیت دەوێت بۆت دەکەم، فەرموو بڵێ! مەلای گەورە لە وەڵامدا دەڵێ: تەنیا قوتابخانەیەک بۆ شارەکەم! ئەوەبوو ساڵی (١٩١٣) بۆ جاری یەکەم ئەو قوتابخانەیە لە کۆیە کراوەتەوە و دواتریش لە (١٩١٨)دا ئەو قوتابخانەیە بووە بە فەرمی، جەنابی مەلای گەورەی کۆیە کە خۆی دەسپێشخەری کردنەوەی ئەو قوتابخانەیە بوو، ساڵی (١٩٢٢) نەجیبە خانی کچە گەورەی خۆی نارده ئەو قوتابخانەیە تا لە گەڵ کوڕاندا بخوێنێت! جا بە کورتی دەیبڕێنمەوە و دەڵێم: بەهۆی بوونی ئەو قوتابخانەیە لە کۆیە یەکێک لە دەرچووانی بە ناوی (ڕەئیس ڕەفیق) سەردەمانێک سەرۆکی شارەوانی هەولێر بووە! بۆیە: مەلای گەورە نەک هەر لە کۆیە، بگرە لە هەموو کوردستان شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بەرپا کردووە، لە (١٩٢٢)، (شێخ نووری) و (مەلا مەعسووم)ی بە (عەمامە) و چاکەتەوە بە وانە بێژی ئەو قوتابخانەیە دامەزراند، تا قوتابخانەکەی سەرخست و دواجار لە کۆیە نەوەیەکی هۆشیار پێ گەیشتن.

# جەلال كۆچەر

## (١٩٤٣ سلێمانی- ١٩٩٣/٣/٣ سەردەشت)


باكووری

ئومێد كاكەڕەش، لە نووسینێكدا لە بابەت جەلال كۆچەرەوە كە ئامادەی كردووە و لە سلێمانی پێشكەشی (كۆمەڵی هونەرە جوانەكانی كورد)ی كردووە، هێشتا چاپ نەكراوە، دەڵێ: «... مردنی جەلال كۆچەر و (هونەر)ی كوڕی، كارەساتێكی دڵتەزێن بوو لە شاری سلێمانی و لەكوردستان، چونكە هونەرمەندێك بوو لەپێناوی ژیانێكی ئاسوودەدا، بۆ خۆی و خێزانەكەی گیانی كرد بە قوربانی»

دیارە بۆ ئەو نووسینەش، لەدوای مردنی ناوادەی هونەرمەند جەلال كۆچەر، (جەمیل)ی برای بچووكی جەلال، داوای لێ كردووە كە ئەو ژیاننامەیەی بۆ بنووسێ، چونكە ئومێد كاكەڕەش، وەك لەپێشەكییەكەیدا دەڵێ: «جەلال هاوڕێم بوو. كوڕی یەك گەڕەك بووین، شەش ساڵ لەمن گەورەتر بوو.. براكانی هاوتەمەنم بوون و تەنیا (جەمیل) لە ژیاندا ماوەتەوە.. تاد».

جا لە ژیانەكەی جوانەمەرگدا ئەو زانیاریانەم بە پێویست زانی، لە نووسینەكانیدا كە لەژێر دەستمدان و نووسینەكەی ئومێد كاكەڕەش و جوانەمەرگ، خودی خۆی كە پێش مردنی نووسیویەتی، سوودیان لێ وەربگرم و باسێكی تێروتەسەل لەسەر ئەو هونەرمەندە دەنگخۆشە بنووسم و پێشكەشی خوێنەرانی خۆشەویستی بكەم.

جەلال كۆچەر لەسەرەتای باسكردنی كورتەیەكی ژیانی خۆیدا، نووسینەكەی پێشكەش بەدایكی خۆی كردووە كە زووتر كۆچی دوایی كردووە دەڵێ: «كۆچەر و نامەكەی: پێشكەش بە گیانی پاكی دایكم- عیصمەتی قادر ئاغای مەحموود ئاغای ڕەبەتی» دەكەم، كە لە هونەردا یەكەم هاندەرم بوو.



جەلال کۆچەر

ئینجا سەرەتای ژیاننامە کورتەکەی، بەم دێرانە دەست پێ دەکات:

«لە باوەشی خێزانێکی هەژار و لەناو بێشکەی کوردیدا پەروەردە بووم. هەر لە منداڵیمەوە هەستم بە لاواندنەوەی غەمگینی دایکم کرد و هەژاری و غەم و پەژارە بووە هاودەمم.» لێرەدا من بەهەستی شەشەم بیر لە شتێکی سەیر دەکەمەوە و لەخۆم دەپرسم؛ کاتێ ئەو دێرەی دوای ئەو قسانەی هونەرمەند دەخوێنمەوە کە دەڵێ: «کاتێ گەورەش بووم، دەنگی (لای لایە)کەی دایکم هەر لەگوێمدا ئەزرینگایەوە کە ئەیوت (قەت نەمێنیەوە بەدەم دەشتەوە)! ئینجا پرسیارەکەی لەخۆمی دەکەم ئەوەیە: (ئایا ئەو منداڵە، ئەو هەرزەکارە، دەبێ هەستی شەشەمی لا نەچەسپابێ و دیاری نەکرابێ کە ئەو کورە، مردنەکەی لە دەشتێک)دا دەبێ؟ چونکە وەک لەکۆتایی ئەم ژیاننامەیەدا دیارە، خوێنەر دەزانێ کە ئەو مرۆڤە لە دەشتێکدا، ژێر بەفر کەوتووە و لەسەرما ڕەق بووەتەوە و گیانی سپاردووە. وەک ئەوەی لەناوچەوانی نووسرابێت، چونکە خۆی دەڵێ: «بەشێکی زۆری ژیانم بەدەم دەشتەوە بەسەر بەرم و هەر ئەوەش بوو وای لێ کردم ڕێگەی هونەر بگرم و هونەر ببێتە بەشێک لەژیانم.»

هونەرمەند جەلال کۆچەر، لە ساڵی (١٩٤٣) لەخانوویەکی قوڕینی گەڕەکی (دەرگەزێن)ی شاری سلێمانی، لەتەنیشت باخچەکەی شێخ لەتیفی ددانساز، لەدایک بووە. خانووەکەشیان بچووک و بەکرێ بووەکە، ژیانیان تێدا دەبردە سەر. جەلالیش تا ئەو ڕۆژەی بوو بە هونەرمەند (مەبەست تا دەستی کرد بە چالاکی هونەری) وەک گۆرانی وتن، ئاواز دانان، بەشداری کردن لە شانۆگەری... تاد، هەر بە (جەلالی ئەحە خورشە) ناسرابوو. (ئەحە) کورتەی (ئەحمەد)ی باوکیەتی. خێزانێکی هەژار و کەم دەرامەت بوون، بەڵام ورە بەرز و نەفس بەرزبوون، چونکە وەک دەر و دراوسێیان دەژین. جەلال هاوتای هاوڕێکانی دەژیا.. جلوبەرگی بۆ دەکرا. لەساڵی (١٩٥٢) چۆتە قوتابخانەی سەرەتایی (فەیسەڵییە). هاوینانیش دەچووە (حوجرە) و لای مەلا دەیخوێند!

ماوەیەکیش دەچووە قوتابخانەکەی (مامۆستا نەجمەددینی مەلا)ی نەمر، کە ناوی لێنابوو (کەشتی نووح). مامۆستا نەجمەددینی مەلا ڕۆڵێکی کاریگەری لەسەر ژیانی جەلال کۆچەر هەبوو سەبارەت بە خوێندنی کوردی و پەروەردەکردنی زەوقی ئەدەبی و بەرزکردنەوەی هەستی نیشتمانپەروەری و کوردایەتی. ئەوەش بووە دەرفەتێکی باش بۆ هونەرمەند تا ئاشنایەتی و شارەزایی لەگەڵ کتێبی کوردی و خوێندنەوەی دیوانی شاعیرە ناسراوەکان پەیدا کرد.. ئیتر ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرەی بەو هەستە دەدا و خۆی زیاتر ڕۆشنبیر دەکرد، ئینجا کە وشەی کوردی زۆر و ڕستەی جوان و ڕێک لەو بابەتانەی کە دەیخوێندنەوە، کە بینی و واتایان لەلای ڕوون بووەوە و وەزنی شیعر و قافیە و مۆسیقای شیعرەکانی هەست پێکردووە دەستی بە دانانی شیعر و هۆنینەوەی هەڵبەستی ناسک کرد.. یەکێک لەو هەڵبەستانەی ئەو سەرەتایەی، هەڵبەستێک بوو بەناوونیشانی (نەسرین)، ئەگەرچی ئەو (هەولآنەش) هەروەک تاقیکردنەوەیەک بوون و هیچیانی بڵاو نەدەکردەوە.

لەلایەکی ترەوە، جەلال هەستی دەکرد کە دەنگی خۆشەو دایکیشی یەکەم هاندەری بوو و زۆر جاران، لەپێش میوانان داوای لە کوڕەکەی دەکرد گۆرانییەک بۆ میوانان بڵێ: ئەویش بەبێ ئەوەی شەرم بکا، شتێکی دەگوت و میوانەکان ئافەرینیان لێی دەکرد. وەک باو بوو

ئەوکاتە گۆرانیبێژان: عەلی مەردان و تایەر تۆفیق، چاکترین مەقام خوێنی ئەوسا بوون، ئەویش هەوڵی دەدا مەقامەکانیان بڵێتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو دایکە دڵسۆزە، هاندەری جەلالی بەهرە پشکووتووی هونەر لە خوێنیدا نەما ئەوەبوو بەنەخۆشی شێرپەنجە لەساڵی ١٩٥٩دا کۆچی دوایی کرد، کاتێ تەمەنی جەلال ١٦ ساڵان دەبوو، ئیتر لەوساوە مۆتەکەی نەگبەتی بەرۆکی دەگرێت و دەکەوێتە زۆرانبازی لەگەڵ ژیاندا، بەڵام هەرچۆنێ بێ توانی تا پۆلی سێیەمی قۆناغی (ناوەندی) بخوێنێت و ئیتر وازی لە خوێندنی قوتابخانە هێنا.

جەلالی هونەرمەند هەوڵی دا بنووسێت! هەرچی بێتە مێشک و خەیاڵی، بەنووسین تەعبیریان لێ بکات ئەگەرچیش بڵاویانی نەدەکردنەوە! تەنیا نووسینەکە بۆ خودی خۆی بوو، بەڵکو کەمێک لە ئێش و ئازار و تەنگ و چەڵەمەکانی ژیانی بەو نووسینانە بڕەوێنێتەوە! لە نووسینێکیدا بە ناوونیشانی (بیرەوەری شەوێک لەشەوانی زستان)دا، کە لەژوورێکی بچووک دانیشتبوو لەبەردەم سۆبەیەکی (عەلائەدین) بۆ خۆ گەرمکردنەوە لە شەوێکی زستانی زۆر سارددا، وەک خۆی باسی دەکات و دەنووسێ «شەوێکی زۆر سارد بوو! تفت هەڵبدایە بە هەواوە، دەیبەست! یانی ساردییەکەی لەوەدا نەبوو مرۆڤ خۆی لەدەرەوە پێ ڕابگیرێ... شەویش تا درەنگتر بووایە، ساردتری دەکرد و دنیا زیاتر خامۆش دەبۆوە، بۆیە منیش بەدەنگێکی خەمناک، وردە وردە بەگۆرانی وتن دڵی خۆمم دەدایەوە و کەوتمە بیرکردنەوە لەو بەسەرهاتی ڕۆژانەی کە بەسەرمدا هاتبوون! هەروەها بیرم لەجیهان دەکردەوە... لە ژین و لەژیان... لەو ڕابردووە ڕەشەی لەژیانمدا تێپەڕی...لەبوون و نەبوون... لە دەربەدەری و وێڵ بوون بەدوای نانا.. زۆر هاتوچووم کرد بەدوای ئەو شتەدا کە هەژاران، وەک من بۆی عەوداڵن... بەدوایدا دەگەڕێن بێ ئەوەی هیچیان (لێی) دەست بکەوێ... و دەستگیر بێ.

ئیتر مەگەر گەردوون بەحاڵی منی بێچارەی زانیبێ، بەڵێ خوێنەری بەڕێز، ئەم تەعبیرە جوانە، ئەم قسە ڕاست و ڕەوانە، ئەم ژیانە ژیانی جەلال کۆچەر بووە. لەو بیرەوەرییەدا جەلال بۆمان ڕوون دەکاتەوە کەوا ئەو گۆرانی گوتووە بۆ ڕەواندنەوەی خەم و خەفەت و ئازاری ژیانی کە زۆر سەخت و نالەبار بووە، ئەمەش یەکێکە لە سوود و ئامانجی سەرەکی موزیک و ئاواز و گۆرانی خەم



**تیپی کۆرسی ئێزگەی کوردی لە بەغدا**
**لە ڕاستەوە: جەلال کۆچەر، قادر ئەحمەد، خەلیل عەبدوڵلا، ئەحمەدی شێخ خالی.**

ڕەوێنی.

لە شوباتی ساڵی ١٩٦٣ کە (١٤ی ڕەمەزانیش) بوو کودەتای شوباتی شوومی بەعسییەکان لەبەغدا بەرپا بوو کە ناویان لێنابوو (شۆڕش)، لەو دەمەدا جەلال کۆچەر، لەپاڵ شۆڕشی ئەیلوولدا خەریکی حزبایەتی و ڕێکخستنی قوتابیان بوو لەگەڵ هەڤاڵانی ئەوسا کە لە (قەڵادزێ) بوو، لەڕیزی قوتابیان و لاواندا، ئەو نازناوی (کوچەر)ی پێ درا. ئیتر لەوساوە ناوی خۆی کردە (جەلال کۆچەر).

لە ساڵی ١٩٦٣، لە سلێمانی بووە ئەندامی (کۆمەڵی هونەرە جوانەکان) کە لەوێ دامەزرا، دوای ئەوەی بارودۆخی عیراق، نیمچە هێور بۆوە! هەر لەو ساڵەشدا، لەبەر بێکاری و هەژاری، ڕوو دەکاتە بەغدا، ئینجا پێوەندی بە ئێزگەی ڕادیۆی کوردی بەغداوە دەکا و دوای تاقیکردنەوەی دەنگی و حەز و خواستی، دەکرێتە ئەندامی تیپی نواندن (تەمسیلی) ڕادیۆ.

لەو ماوەیەدا لەگەڵ کۆرسی گۆرانیشدا بەشداری دەکرد و لەگەڵ هاوڕێ دەنگ خۆشەکانی دیکەی، جوانترین و باشترین کۆرسیان پێک هێنابوو و زۆربەی گۆرانیبێژانی ئێستگەکە گۆرانییەکانیان بۆ دەگێڕانەوە، ئەمەش لە ساڵی ١٩٦٤ بەم لاوە بوو.

دواتر هونەرمەند بەڕەسمی بوو بە گۆرانیبێژی ئێزگەکە و لە تۆمارەکانی ئێزگە ناوونیشانی کاری گۆڕا بۆ (گۆرانیبێژ). ئیتر جەلال هەوڵی دا بە گۆرانییەکی چاک



**جەلال کۆچەر لەگەڵ تیپی باواجی کۆیە، بەغدا - ١٩٧١**

و پاک و ڕەســەن، ئەو ناوەی بچەســپێنێ و گلەیی لێ نەکرێ، هەوڵەکانی سەرکەوتن، چونکە ئەو گەنجە خوێن گەرم و بەهرەدارە، بە ڕاستی حەزی دەکرد کاری کوردی ڕەســەن و ســەرکەوتوو لە هەمــوو لایەنێکەوە بکات و بەدڵەوە دەیویست ناوێکی باش بۆ خــۆی دەربکات و بەرهەمەکانی بکەونە سەر زاری خەڵک و باسیان بکرێ. بەم جــۆرە توانی شــیعرێکی (بەختــیار زێوەر) بەناوی (ئەســتــێــرەی پرشنگدار) لە ڕادیۆی کــوردی بەغــدا بۆ یەکەمین جار تۆمار بکات وەک یەکەم بەرهەمی خۆی. ســەبارەت بە ئاوازەکــەی، جــارێک نووســراوە: ئاوازی جەلال کۆچەر خۆیەتی، بەڵام لە نووسینەکەی (ئومێد کــاکــەڕەش)دا لەبابەت ژیاننامــەی (کــۆچەر)ەوە دەڵێ: ئاوازی «ئەستێرەی پرشنگدار- یەکەم بەرهەمی گۆرانی جــەلال کــۆچەر بوو، لە ڕێکەوتی ١٩٦٤/١٢/٨ لە ڕادیۆی کــوردی بەغــدا تۆمــاری کــرد، هۆنراوەی بەختــیــار زێوەر و ئاوازی مــەحموود کــالۆیە. هەروەها سەبارەت بە ڕۆژی تۆمــــارکــــردنەکــــەش جــــەلال دەڵێ: لە ١٩٦٤/١٢/٥دا تۆمـــــاری کـــــردووە (لاپەڕە ٧٤ی دەســتنووسی خــۆی)، کــەچی کــاک ئومــێــد ڕۆژی ١٩٦٤/١٢/٨ی دەســتنیــشــان کــردووە بۆ تۆمــار کــردنەکــەی (لاپەڕە (٢٥)ی دەســتنووسی کــاک ئومــێــد کاکەڕەش).

جەلال کــۆچەر وەک گــۆرانیبــێــژ لەو ئێــزگــەیە بەردەوام دەبێت و بەگوێرەی دەرفــەت و ئەگــەر شیــعرێکی بەدڵی خۆی دۆزیبــایەوە، هەوڵی لەگــەڵ دەدا ئاوازی بۆ دابنێ و ئەگەر بۆشی نەلوابایە، هەڵبەستەکەی دەدایە یەکێک لەو هونەرمــــەندانەی ئەوکــــاتە لەوێ بوون و بەهرەی ئاواز دانانیــان هەبوو، وەک ئەحــمــەد خــەلیل و نازم نەعــیم و مــەحموود کالۆ...تاد، بۆ ئەوەی ئاوازێکی بۆ دابنێن، کە ئاوازەکــە ئامــادە دەبوو، لەگــەڵ تیــپی مــوزیکی ئێــزگــە تۆماری دەکرد.

کــە تەلەفــزیۆنی (کــەرکــووک)یش دەســتی بە پەخش کــردنی بەرنامــە و گــۆرانی کــوردی کــرد، جــەلال یەکــەم گــۆرانی خــۆی بۆ ئەو تەلەفــزیۆنە، بەناوی (پەریزاد) لە بەغدا تۆمارکرد، ئەوسا هەر لەبەغدا گۆرانی کوردی بۆ تەلەفزیۆنی کەرکووکیش تۆمار دەکرا و ئینجا پاش کاری مۆنتاژ کردنیان، دەیاننناردنەوە کەرکووک و لەوێوە پەخش دەکران.

بۆ هەڵبــەســتی گــۆرانیــیــەکــە، جــەلال کــۆچەر دەڵێ: لە هۆنراوەکــانی (کــەیفی عــەبدوڵڵا پشــدەری)یە و ئاوازەکــە هی خــۆیەتی، واتا هی جــەلالە، بەڵام ئامــادەکــردنەکــەی لەلایەن: مــەحــمــوود مــحــەمــەدەوە بووە. مــێــژووی تۆمــار کــردنی گــۆرانیــیــەکــەش، واتا (پەریزاد) بۆ تەلەفــزیۆنی کــەرکــووک ڕێکەوتی ١٩٦٥/٢/١٢ بووە. شــیــعــرەکــەی ناسک و جوانە، من بۆ خۆم لەساڵی ١٩٦٦ لەسەر بەکرە تۆمارم کردووە و ئاوازەکەشم لەلا خۆشە: ئەمەی خوارەوە چەند بەیتێکی هۆنراوەکەیە.

**گۆرانی پەریزاد**

هۆنراوە: کەیفی عەبدوڵڵا پشدەری

ئاواز و وتنی: جەلال کۆچەر

ئامادەکردنی بۆ تەلەفزیۆن و ڕادیۆ: مەحموود محەمەد

لە ١٩٦٥/٢/١٢ بۆ تەلەفـــزیۆنی کـــەرکـــووک تۆمارکراوە:

**ناوت زێڕە و ڕوومەت گوڵی**
**تۆ نەخشاوی ناوی دڵی**
**لەتاوی تۆ کەوتمە هەڵبەست**
**خۆم و خامە، هەردوو سەرمەست**

**چاوی ڕەشت لەگەڵ نیگا**
**ئاگری لەدڵ و جگەر بەردا**
**ڕەحمێ بکە بۆت دێوانەم**
**چۆن دێوانە، نییە وێنەم**

**سەرو ماڵ و گیان و سامان**



**له ئاهەنگێکدا له ژێر تاقی کیسرا – قەزای سەلمان پاک، سالانی حەفتاکان**

**گشت به ساقەت، ئەی پەری گیان**
**شەیدام بۆ تۆ منی خەمبار**
**ئاوارەی تۆم منی هەژار**
**ناوت زێڕە و ڕوومەت گوڵی**

هونەرمەند له بیرەوەرییەکانیدا دەڵێ: ئەم گۆرانییە بە یەکەم گۆرانی کوردی دادەنرێت کە له سەرەتای دامەزراندنی تەلەفزیۆنی کەرکووک، ساڵی ١٩٦٧ بۆ یەکەمین جار لەو شاشەیەوە نیشان دراوە. (ل٧٥ لەیاداشتی خۆی)

هەروەها (ئومێد کاکەرەش)یش ئەو هەواڵەی باس کردووە و له دەستنووسەکەی له بابەت جەلال کۆچەرەوە دەڵێت: «... تەنانەت له ٢٦/١١/١٩٦٧ کە تەلەفزیۆنی کەرکووک دامەزرا، یەکەم گۆرانیبێژی کورد بوو (مەبەستی جەلال کۆچەرە) کە گۆرانی (پەریزاد)ی تۆمار کردو لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن دەرکەوت!.»

تێبینیی منیش لەسەر ئەم مەسەلەیە ئەوەیە کە پێم وایە، هەردووکیان بە هەڵەدا چووبن، چونکە پێشتر گۆرانی گۆرانیبێژانی تر له کەرکووک پەخش کرابوون بۆیە من شکم لەم بۆچوونەیان هەیە، ئەوەش ڕەنگە دواتر ڕاستییەکەی، له ئەرشیڤمدا بدۆزمەوە.

جەلال کۆچەر له ساڵی ١٩٧٠ دەگەڕێتەوە شاری سلێمانی. لەوێ وەک ئەندامێکی (کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی) قبووڵ دەکرێ و دەکرێت بە بەڕێوەبەری، یان لێپرسراوی بەشی مۆسیقا و گۆرانی، خۆی ئامادە کردبوو بۆ زۆر چالاکی و بزووتنەوەی هونەری، بەڵام له بیرەوەرییەکانی خۆی دەنووسێت: «یەکشەممە ١٩/٤/١٩٧٠ کارەساتەکەی جەمال (جەمالی برای) بوو کە (جەمال)یان لەبەر دەرکی سەرا له سێدارەدا..»

ئەم ڕووداوە پڕ مەینەت و خەمە بۆ دڵی ناسکی کۆچەر زۆر زۆر بوو! جگە له خەم و پەژارەی خێزانی، جەلال دەنووسێ: «لەسلێمانی جێگە نەما بۆ ئیش: دائیرە نەما سەری پیا نەکەم... کەس نەما ڕای نەسێرم بۆ ئیش، بەڵام نەبوو!.. ئیتر ناچار ڕووم کردەوە بەغدا.»

لەبەغداش دیسان نەهامەت و نەهات و دەردەسەری یەخەیان گرتبوو: جارێ بۆ ماوەی مانگێک له گرتووخانەکانی (ناظم گزار) حەپس کرا. پاش دەرچوونی له زیندان، بۆ (جەیشی شەعبی) دەیگرن، بەڵام هەڵدێ! بۆیە مووچەکەی دەبڕن، کەچی لەسەر کاری هونەری خۆی، هەرکاتێ بۆی ڕەخسابێ، لەخزمەتی هونەردا دوا نەکەوتووە. چەندین جاریش دەرگای هونەریشیان لێ گرتووە: دەڵێ: «ساڵی ١٩٧١ (ک.ر) نازانم کێیە (باکووری)، کرابوو بەوەکیلی بەڕێوەبەری ئێزگەی کوردی له بەغدا، دوو هۆنراوەم بۆ وەرگرتنی مۆڵەت پێشکەش کرد، کەچی ئەو پەسندی نەکرد.» ئەو کارە چەند جارێ دووبارە دەبێتەوە و جەلال ناوی هۆنراوەکانی نووسیوە و بەمێژووی بردنیان بۆ لای ئەو کابرایە (ک.ر)، کە ڕێی نەداوەتە هونەرمەند ئەرکی سەرشانی خۆی بۆ خزمەتی ئاواز و گۆرانی کوردی جێبەجێ بکات.

هەر لەو دەمەش جارێکی تر، براکەی دیکەی کە ناوی (کەمال) بوو، ئەویش کوژرا.. (نازانم هۆی چی بووە و باسی لێوە ناکات)... ئەمانە ئیتر هەمووی کۆچەریان وەک خۆی هێشتەوەو دەڵێ: «ماوەی چەند ساڵێ بەدەستی گەردوونەوە گیرۆدە بووم.. هەر هەوڵم دەدا و هەر نەهاتی بوو. ژیانم هەر گریان، خەم و پەژارە، هەژاری هاوڕێی چەند ساڵەم بوون..»، بەڵام ئافەرین بۆ کۆچەر، کە ورەی بەرز بوو، هەرگیز سەری شۆڕ نەکردووە و لەکەس نەپاڕاوەتەوە، ئەگەرچیش هەژاری و نەبوونی بەرۆکیان گرتبوو. دەڵێ: «زۆر بۆ ئیش گەڕاوم. کارم کردووە لە: چێشتخانە و چایخانە و ئوتێل و... کرێکار بووم له کارگەی دروست کردنی پێڵاو کە زۆر نارەحەت و ناخۆش بوو.

له هەندێ لەبیرەوەرییەکانی تر دەنووسێ:

١- لەساڵی ١٩٧٣ بە ڕەسمی بووم بە فەرمانبەر، بەناونیشانی (کاتب).

٢- له ٥/٥/١٩٧٤ خێزانم پێک هێناوە.

٣- له ١٩٧٦ پێناسـەی ڕۆژنامـەنووسی وەرگـرتووە و ناوی له نەقابەی ڕۆژنامەنووسان تۆمارکراوە.

له ئێزگەوە گواستـرایەوە بۆ دەزگای (سینەما و شانۆ) لەکـتـێـبـخـانە و ئەرشـیـڤی شـانۆدا کـاری کـردووە و ئەرشیـڤـێکی باشی بۆ شانۆی کـوردی دامـەزراندووە و تا ١٩٨٢ لەوێ مـاوەتـەوە. ئەم کـارانە وایان کـردووە کـە هەمیشە له شاره خۆشەویستـەکەی، سلێمانی دوور بێ، بۆیە لە ١٩٩٠ بەغــدای بەجێ هێــشت و گــەڕایەوە کوردستان، بۆ شارەکەی خەبات و هونەر.

ئەگـەرچی جـەلال کـۆچەر (زیاتر لە «٦٠» گـۆرانی بۆ ئێزگـەی ڕادیۆی کوردی بەغدا و «١٤» گـۆرانی بۆ TV کـەرکـوک، تـۆمـارکـردووە، بەڵام لە نووسـینێکیـدا وتوویەتی: «من هێـشـتـا ئەو گـۆرانییـەم نەوتووە کـە بە تەواوەتی لەدڵ و دەروونمەوە هاتبێتە دەرەوە، لەبەر ئەوەی مـاوەم نەدراوەتێ و ئاواز دانەرێکم نەدۆزیوەتەوە کـە بە تەواوەتی پلەی دەنگم و بەکـارهێنانی بزانێ تا لەگـەڵ ئاوازەکەیدا تێ هەڵکێشی بکات». ئینجا دەڵێ: «بەش بەحاڵی خۆم ئەوەندەم لەدەست هاتووە. ڕاژە کردنی هونەر لەپێناوی پێشکەوتن و بەرز کردنەوەیدا هەمیشە ئامانجم بووە و ئاواتم گـەشـەکردنی هونەری کـوردەواریـیە. بەپێی توانـاش هەوڵم بۆ ئەو ئامانجەم داوە، بەدڵ و بەگیان».

هونەرمـەند جـەلال کـۆچەر هەنگاو بە هەنگاو لەگـەڵ خـەباتی گـەلـەکەی بـوو. لە ڕاپەڕینە مـەزنـەکـەدا بەوپەڕی تواناوە بەشـداری کـردووە و لە(کـۆڕەوەکـە)شـدا تـووشی دەردەسەری و ناخۆشی بووە.

لەگـەڕانەوەشـدا، پێـوەندی بە (ڕادیـۆی دەنگی گـەلی کـوردسـتـان) کردووە لە (گەلاڵە) و گۆشەیەکی بەناوی (هەتاکـەی؟)ی پێ سـپـێـردراوە، پاشـان چووە ڕادیۆی (سلێــمــانی) کــە ڕۆڵێکی باشی تێــدا بینیـــوە و سەرپەرشتی کردووە. پاش داخستنی ڕادیۆیەکە خولیای دروست کـردنی (کـۆمــەڵەی هونەری نەوەی کــورد) و دەورێکی کـاریگەری لە دامـەزراندنیـدا بینی. دەڵێ: لە گیرفانی خۆی کە بەتاڵیش بوو، کۆمەڵەی بەڕێوە دەبرد.

جـەلال کـۆچەری هونەرمــەند، چەندین وتار و بابەتی هونەری نووسیوە و هەندێکیان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سـەردەمـە بڵاو کـرادووەتەوە. ئەو ناوونیـشـانـانەی لەخوارەوەن هەندێک لەو نووسینانەن:

١- مەرجی هۆنراوەی گۆرانی نوێ.

٢- قۆناغەکانی گۆرانی و ئاوازی کوردی.

تێـیدا دەڵێ: «گـۆرانی کـوردی لە سێ قـۆناغـدا دەوری خۆی دیوە و تێـپەڕ بووە، وەک جیـاوازی نێوان ئەم (٣) قۆناغـە و ڕاژەی هونەری کوردی، دەتوانین هەرسێ قـۆناغ وەک لای خـوارەوە دەسـتـنیـشـان بکەین: (ئینجـا ناوی زۆربەی هەرە زۆری ئەو گـۆرانیبێـژانەی نـووسیـوە کـە لەو سێ قـۆناغـەدا دەرکەوتوون، کە ئەمەش کـارێکی باشە بۆ ناسـاندنی خـەڵک بەو هونەرمـەندانەی لە دامـەزراندنی ڕادیۆی کوردی بەغداوە تا دوا ساتەکانی ژیانی خۆی..).

٣- لەچەند چاوپێکـەوتنیـــدا لەگـــەڵ هەندێ لە گۆرانیـبێـژانی زەمـانی خـۆی، ژیاننامە و باس و خـواسی هونەرەکەیانی کردووە، وەک گۆرانیبێژ (مەحموود وەندی) و (حەمە ساڵح کارگەچی) بەڵام ئەو ژیاننامـانەی کاتی خۆی بەزمـانی عـەرەبی نـووسیـوە، چونکە وەک بـۆچوونی خـۆم، دەڵێم ڕەنگە لە ڕۆژنامـە عـەرەبیـیـەکـاندا بڵاوی کردبێتەوە.

من لە یەکـەم جـاری هاتنی هونەرمـەند بۆ ئێـزگـەی ڕادیۆی کـوردی، لەسـەرەتاکـانی سـاڵانی شـەسـتـەکـاندا، وەک ئەندامی کۆرسی ئێزگە، بینیم و ناسیم، کاتێ کە لە سـتـۆدیـۆی ئێـزگـە خـەریکی پرۆڤـە کـردن و تۆمـارکـردنی گـۆرانییـەکی خـۆم بووم. دوای تەواوبوونی کـارەکـەمـان و گـۆرانیـیـەکـەم بۆ تۆمـار کـرا، ئیـتـر چووینە دەرەوەی سـتـۆدیۆکە. کـاک جەلال نزیکم بۆوە و چاک و خـۆشیـمـان کرد و خۆی پێناساندم. من دەنگەکەیم زۆر پێ خۆش بوو. گـەنجـێکی باریکەلەی دەمـوچاو درێژووکـەو قـەدباریک بەجلی کوردییەوە لەگەڵ قـادر و ئەحـمەد شێخ خـاڵی و کـاک خـەلیل و نەسرین شێـروان بوو کـە ئەوانە ئەندامی کۆرسەکە بوون. ئیتر زۆر باسی خۆی کرد و حەز و هیوای ئەوەبوو وەک گـۆرانیـبێـژێکی کـوردی دڵخـۆش بە ئاوازی میللەتەکەی، ئێزگەکە دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکات و لە ئامـێـزی بگرێ. دواییش وتی من حـەزم دەکـرد زووتر بتبینم و لەمێژە گوێم دەدایە گۆرانییەکانت، ئیتر درێژەی پێ نادەم، دوا حەزی ئەوەبوو، گۆرانییـەکی بەدڵی خۆمی بۆ دابنێم، تـا بە قـــســـەی ئەو بەو ئاوازە ڕەســـەن و بەزەوقـانەی من، لەڕاستـیدا حەزم دەکرد و پێشم وت کە لە نزیکترین کات «شتێکت» بۆ ئامادە دەکەم. لەوساوە خـۆشم ویست و ئەویش، وەک وتراوە، «دڵ ئاگـای لەدڵ هەیە» زۆر هەستی جوانی خۆی بەرانبەر بەمن دەردەبڕی.

هەروەها جـەلال کـۆچەر زۆر هەوڵی دەدا لـەگـەڵ هەمـوو ئەوانەی لـەو ئێـزگـەیەدا کـاریان دەکـرد: سـتـافـی ئێـزگـە،

کـارمـەندەکـان، هونەرمـەندەکـان.. لەگـەڵ هەمـوویان دۆستایەتییەکی پاک و بێگەرد و پێوەندیی هاوڕێیەتی و خۆشەویستی لەگەڵیاندا پەیداکرد و دروست بکات.

ئەمانە هەمووی لەلایەک، بەڵام مردنە تراژیدیاییەکەی ئەم هونەرمـەندە.. مـردنێکی دژوار.. کـارەسـات.. مەینەتێک بوو. لەکاتی خۆیدا نەبوو. بەو جۆرە مردنە دەڵێن (جوانە مەرگ) بوون مرۆڤ بە تایبەتی گەنجانی خوێن گەرم و نەترس، هەندێ جار پێ لەسەر شتێک دادەگـرن کـە دەیانەوێ بیکەن، هەرچەند خـەڵکانی دەوروپشتیان، خزمان، دۆستان و بەتایبەتی خەڵکی بە تەمـەن و خـاوەن تاقی کـردنەوەی ژیان هەوڵ دەدەن ئەو کـارە نەکـەن، چونکە بارودۆخ، وەک ئەوان لایان ڕوونە، گونجـاو نییـە، ئینجا بە هەر هۆیەکەوە بێت، ئەمەش وا دەکـات کـاتێ ئەو بە تەمـەنانە ئەو کـارە لێک دەدەنەوە، بۆیان دەردەکەوێ، کە ئەنجامدانی ئەو کار و هەوڵە دەبێ دوا بخرێ.. بەوەدەم و دەستە نەکرێ.

جەلال کۆچەر بەداخەوە و لەبەر خۆشەویستیم بۆی، ئەوە دەڵێم «دەڵێم.. برا.. خـۆت ئەوە سـوور دەزانی کەشوهەوای ئەو ڕۆژە نەگریسەی ویستت ئەو سەردانەی ماڵە باپیرانت بکەیت، گونجاو نەبوو! بەفرو باران لەڕێ بوو! نە ترومبێلت هەبوو نە ولاخ.، نە هیچ.»

بەکورتی شێوەی کۆچی دوایی ئەم گەنجە جوانە، ئەو دەنگخۆشەکە خاوەن دەیان بەرهەمی خۆش و هیوای گەش بوو وەک (ئومێد کاکەڕەش) نووسیویەتی، زۆر بەدرێژی، بەڵام من کـورتەی ڕووداوە دڵتەزێن و جگەر بڕەکـەتان بۆ باس دەکەم.

«جەلال کۆچەر بیری کردەوە، ڕۆژێکی ساردی زستان، لەمانگی نەورۆزی ساڵی ۱۹۹۳، کە هێشـتا جەور و توانای زسـتان مـابـوو، ئەو سـاڵە بڕیاری نەدابوو جارێ ماڵئاوایی لە سروشتی کوردستان بکات.. لەسەرەتای ئەو مـانگەدا، جـەلال و کـوڕەکـەی کـە ناوی (هونەر)ی لێنابوو لەبەر خـۆشـەویسـتی بۆ (هونەر)، هەوڵ دەدا بە ڕێگەیەکی (شـەرعی) بچنە ئەودیوی سنووری ئێـران، چونکە دەیبـینی ڕۆژێ سەدان کەس، بێ ناسنامـە و بێ بەڵگە ئاودیو دەکـرێن، بەڵام بۆ جـەلالی (بـاوک) و (هونەر)ی کـوڕی، دیارە قـەدەغـە بوو. زۆر هەوڵی دا، بەڵام کـەس هیـچی بۆ نەکـرد. بۆیە بەناچاری بڕیار دەدا خۆی و کوڕەکەی، ملی لاڕێ بگرن و بچنە ماڵی باپیری هونەر، هەرچەندە برادەران و خزمـان ئامـۆژگـاریان کرد و


هەوڵیـان لەگەڵ دا کە بەفرێکی زۆر کەوتووە و سەرما و سۆڵە و شـەختـە، زەوی ڕەق و خلیسک کـردووە، با ئەو ڕۆژە نەڕۆن و بەتایبەتی هونەری کوڕی هێشتا هەرزەکارە و ڕەنگە لە ڕۆژێکی تۆف و سەرمادا بەرگەی ئەو ڕێگەیە نەگرێ.

بەڵام جەلال دیاربوو (ئەجەلی) هاتبوو، ئەگینا بۆچی سـوور بوو لەسـەر ڕۆیشتن؟ کـە ڕێگاکـەیان گـرتەبەر، بایەکی سارد وردە وردە هەڵی کرد، بەفر دەشت و چیـاو زوورگی ئەو ناوچەیەی سـپی کـردبوو. دەڵێن زۆریان نەمـابوو بگەنە گـوندێکی نزیک، بەڵام شـەو داهات و سـەرمـا زیاتر بوو.. کـوڕەکـەی وزەی تێدا نامـێنێت.. کـەمـێکی تر شـەو تاریکتـر بوو، هیچ ڕەشـاییـەک نە ئینسان نە حەیوان دیار نەبوون.

جەلالی باوکی دڵسۆز، جلی خۆی دادەکەنێ و دەیکاتە بەر (هونەر) و هەندێکیـانی بۆ دەسـووتێنێ. کـار لەکـار ترازا.. کـوڕە کـەوت.. وزە نەمـا، لێـویشی نەدەجـوولا.. بەیەکـجـاری تەزیبـوو. باوکـە هاوار دەبات بۆ ئەم لاو ئەولای خـۆی، بەڵام کـەس گـوێی لێ نابێ. چونکە کـەس بەو دەمـە لە دەرەوە نابێ. غـار دەدات بۆ ڕاست و بۆ چەپی خـۆی، بەڵکو شـوێنێک بدۆزێتـەوە، کـەچی بەفـرو سـەرمـا ئەویش لە پێ دەخـات و پەل و قـاچی سڕ دەبن و بێ ئاگا لەخۆی دەکەوێ. تا بەیانی.. کە ڕۆژ دەبێتـەوە، کـابرایەک، بە ڕێکەوت بەرەو ئەو دێیـە دێ و لاشـەی جـەلال دەبینێ و بۆ لای دەچێ، سـەیر دەکـا بەدەست ئامـاژەی بۆ دەکـات کە کـوڕەکەشی لەولاوە کەوتووە، کـە کابرا نزیک لاشەی (هونەر) دەبێتەوە، سەیر دەکا وا ڕەق بۆتەوە و لەسـەرمـا مـردووە، لاشـەکـەی دەهێنێتـە لای باوکی. ئەویش هەرچەندە لەدوا چرکـەکـانی ژیانیـدا دەبێت، ئەوەندەی پێ دەکـرێت، بەبێ دەنگی و بێ جـووڵەکردن فـرمێسـک دەڕێژێ. باوکـەڕۆ.. ڕۆڵەڕۆ.. بە ئامـاژە هاوار دەبات بۆ ئاسـمـان. پیـاوەکە هەردووکیـان هەڵدەگرێت و بەو ولاغەی پێی دەبێ دەیانباتە مزگەوتی گوندەکە لە (سەردەشت) و لەوێش جەلال گیانی لەدەست دەدات و کـۆچی دوایی دەکـات. دوای چەند ڕۆژێ، کـە خزمانی ئاگادار دەکرێنەوە و دێن دەیانبەنەوە سلێمانی و لەڕۆژی ۱۹۹۳/۳/۳دا لەسـەرقـەبران، بەبێ ناز و بێ کەسی، بەخاکیـان سپارد.. هەزار سڵاو لەگیـانی پاکی جەلالی هونەرمەند و کوڕەکەی بێ، کە لاوێکی دیکەی کورد ماڵئاوایی لێ کردین.

مایەوە بڵێم کاک فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی، (پێم وایە) لەسەر داوای (جەمیل)ی برای جوانەمەرگ، جەلال کۆچەر دوو بەیت شیعری بۆ ناردووە کە بریار وابووە لەسەر کێڵی قەبرەکەیدا هەڵکەندرێ، کاک فەرەیدوونیش ئەم شیعرانەی بۆ کاک جەمیل ناردووە- ئیتر نازانم ئەم بریارە جێبەجێ کراوە یان نەء؟

وا لە خوارەوە، وێنەی شیعرەکان و نامەکەی بەڕێز فەرەیدوون بۆ کاک جەمیل بلاو دەکەمەوە لەگەڵ ئەو قسانەماندا:


بەکوڵ بگرین لەسەر گۆڕم کەوا مردم بە ناکامی
بۆ هونەر بوو تێکۆشانم نەگەیشتم بە ئاکامی
گیانی خۆم و ڕۆڵە کەیشم لەسەر ئەو ڕێگەیە دانا
لە پێناوی هونەرا چووم نەوەک لە پێناوی نانا

جەلال کۆچەری هونەرمەند، پێش ئەم کۆچە دڵتەزێنەی بە ماوەیەکی زۆر، وەسیەتێکی بۆ خاو و خێزانی کردووە.. لەخوارەوە ئامۆژگارییە هەرە گرنگەکانی ناو وەسیەتەکە دەگوازمەوە و بڵاوی دەکەمەوە:

**وەسیەتنامەی کۆچەر**

بەناوی یەزدان

مناڵە ئازیزەکانم.. خێزانی دڵسۆزم... براو خوشکەکانم:

ئەی ئەو چەند کەسەی کە هەر ئێوە شک ئەبەم لەم سەر زەمینە و هەر ئێوە خەمم بۆ ئەخۆن...تاد.

دایکە جوانە مەرگەکەم.. ئاواتەکانی چووە ژێر خاکی (قەڵادزێ)وە.. (١٠) ساڵ دوای مەرگی خۆی، کوڕە ناوەنجییە خێر لەخۆ نەدیوەکەی، چووە باوەشی (گردی سەیوان) و لە تەمەنی (٢٢) ساڵیدا جوانەمەرگ بوو! ئەویش ئاواتی گەنجیەتی و هیوای دوارۆژی خۆی بردە ناو چاڵی مەرگەوە!... تاد.

تەنیا کەسەکانم... تکاتان لێ ئەکەم.. پەژارە و خەم داتان نەگرێ و گریان هیچ سوودی نییە.. داواتان لێ ئەکەم ئەم چەند ئامۆژگاریەم بهێننە دی.. مردن ڕێگەی هەمووانە و بۆ (مردوو) هەر ڕەحمەت باشە.

١- لەگردی سەیوان، لەتەنیشت باوکم و دوو برا جوانەمەرگەکەی ترمەوە بمنێژن.. ئەو هەڵبەست و نووسینەی دیاریم کردووە لەسەر کێلی گۆڕەکەم بنووسن.

٢- وێنەی گۆڕەکەی جوانەمەرگی دایکم لە (قەڵادزە) بگرن و لەسەر گۆڕەکەی ئێمە داینێن.

٣- بەئاواز و مۆسیقای کوردییەوە ببەن بۆ گۆڕستان.

**سەرچاوەکان:**

**١- کۆچەر و نامەکەی، کورتەیەکە لە ژیانی خۆی، نووسیویەتی و پێشکەشی بەگیانی پاکی دایکی کردووە، دوای مردنی (دەستنووس).**

**٢- گۆڤاری (ڕامان) ژمارە(٧٨): ئەحمەد دەنگ گەورە.**

**٣- گۆڤاری (ڕەنگین) ژ(١٤٦) ساڵی ٢٠٠١، نووسینی: عەبدولکەریم عەبدولڕەحمان.**

**٤- (دەستنووس)ی ئومێد کاکەڕەش، لەژێر ناونیشانی: (کۆچەر و نامەکەی) کە لە ٢٠٠٣/٤/٢٦ پێشکەشی بە: کۆمەڵی (هونەرە جوانەکان)ی سلێمانی کردووە.**


**٥- وەسیەتنامەکەی خوالێخۆشبوو، جەلال کۆچەر، نووسینی خۆی لەژێر ناوی (وەسیەتنامەی کۆچەر).**

**٦- گۆڤاری (ڕامان) ژ(٨٢-٨٣) لە ٢٠٠٤/٣/١ دەرچووە، نووسینی: ئەحمەد دەنگ گەورە، بۆ جاری دووەم.**

**٧- هەندێ بیرەوەری خۆم و دانیشتن لەگەڵ بەڕێز (جەمیل)ی برای لەهەولێر.**

# لە پشت تاراوگە، ناوم بنێن ماڵەوە

**فەرهاد کەریم**
**(ئەمریکا)**




**شەوێک،**
**بە ناو شیعری شاعیرێکدا ڕۆیشتم**
**زانیم لە وڵاتی ئەودا جوانی لە**
**کوێیە ل١٥**

### هەمیشە جیاواز

زۆر جار باوکم دەیگوت: (لەوەتی فامم کردووە نوێژم نەچووە) منیش دەڵێم: (لەوەتەی فێری خوێندنەوە بوومە شیعر دەخوێنمەوە) باوکم عیشقی خودا بووە، شیعریش بووەتە ماڵی ئارامی من.

ستیف گینگ دەڵێ: (خودا پەنجەی لە سەر دڵت داناوە، خودا خاوەن زۆر پەنجەی تریشە)

جەلال بەرزنجی، خاوەنی نامیلکەی (ناوم بنێن ماڵەوە) کە ساڵی ٢٠٠٦ چاپی کردووە، خاوەنی چوار نامیلکەی شیعری تریشە، من چارەگە سەدەیەکە بە شیعرەکانی ئاشنام، سەرەتای دەست پێکردنی بڵاوکردنەوەی دیوانی (سەمای بەفری ئێواران) بوو، لە ساڵی ١٩٧٩، کە بە ناوەرۆک و ستایلێک و زمانێکی تایبەت بە خۆی ڕاچەنینێکی لە ناو جیهانی شیعری کوردیدا دروست کرد. شیعرەکانی لە شیعری شاعیرانی ئەوکات جیاواز بوون، شیعرەکانی یاخی بوونێک بوون لە سەر بنچینەی بەهرە و ڕۆشنبیری، بۆ شکاندنی یاسا و ڕێساو هەڵگەڕانەوە بە ڕووی کۆنەخوازی، شیعرەکانی تایبەتمەند و بوێرانە بوون، دەنگ و ڕەنگی خۆیان هەبوو، ئێستاش لە بیرمە ئەو دەنگە نوێخوازانە ئەوکات ببوونە جێگای توانج و قسە و قسەلۆکی ڕەخنەگرە کورتبینەکانی ئەوکات، بەڵام بوونە ئەستێرەو ڕەخنەگرانی دژ بەو کاروانە پووکانەوە.

### باڵیۆزی شیعری کوردی

کورت و چڕ، دەست بە وشەوەگرتن، ئارام و دوور لە هەڵچوون، دوور لە وڵاتێکی پڕ لە خەبات و خائین، تەژی لە پارت و ئایین، نامۆ بە شارستانییەت. شیعرەکانی ئەم شاعیرە بۆنی ماڵەوەیان لێ دێ.

ئەم شاعیرە، لە دووری نیشتمان باڵیۆزی شیعری کوردییە و شیعر بە ڕۆحمان ئاشنا دەکات و بە فریشتە، شیعر بۆ نیشتمان و مرۆڤایەتی دەنێرێت، دوور لە ئایین و ئایدیۆلۆژیا لە ناخەوە مرۆڤایەتی مەبەستە، گەیشتووەتە مەنزڵگایەکی ئارام و بە سەر تووڕەبوون و هەڵچووندا زاڵە. جوانی و جیهانبینی، نەرمونیانی،پاکی و بێ گەردی، ئارامی جیهانی شیعرەکانیەتی، هەستی جوانی، لێبووردەیی، خۆشەویستی، ئاو و ئاسۆ، پەنجەرە

و ژیان، درەخت و ژوان، خــــەونی بەدیهێنانی ژیانێکی دوور لە خوێن ڕژان پڕ لە ئازادی، بۆیە دەنووسێ:

**بە پەیژەی ڕۆحدا،**
**دەتوانن سەرتر کەون ل٤٣**

یان:

**لەگەڵ پاییـز پێکەوە دنیـا جـوان دەکەین ل٢٨**

شاعیر چونکە ناخی جوان و پاکە و لە بەرژەوەندی و چاوچنۆکی ئەو ڕۆژگارە دوورە کە زۆر لە شاعیر و نووسەران بە هەر چوار پەل تێیکەوتوون، بەڵام ئەو هەر خۆی گرتووە و لە تاراوگەکەی ڕاماوەو خەریکی دەوڵەمەند کردنی ئەزموونی شیعری خۆیەتی:

**کەمێکی تر ڕابمێنییت**
**ڕووناکی ناخت زیاد دەکات ل٢٣**

شاعیر واعیزانە نایەتە ئاخاوتن، باوەڕی بە پەیامی پیرۆزی شیعر هەیە، دەیەوێ پەیامێکی پیرۆز بگەیەنێ، دژ بە لەشکرکێشی، دژ بە سێکس، دژ بە گیرفان پڕکردن، باوەڕێکی پڕ لە هەستی هەیە بۆ تێکەڵاوبوونی ڕەنگەکان:

**ڕەنگەکان لە نێوانماندا ون بوون ل ٢٤**

شاعیر لە ڕێگەی ئەم شیعرە کورتانەی وەبیرمان دێنێتەوە، با ڕوو لە خۆشەویستی کەین، ماندوو نەبین، چونکە ئاسۆیەک هەر وا ماوە:

**هێشتا توانای خۆشەویستیم ماوە ل١٨**

یان:

**مرۆڤایەتی**
**ناوی نهێنی خودایە ل ١٩**

میللەتێک ئاستی هوشیاری نزم، سەری مرۆڤ هەر بۆ هەوەس دەپەڕێنن، سیخناخن لە کوشتن و سووکایەتی و ئەتککردنی ژن، ئەم کولتوورە دەیەوێ زاڵ بێت کە لە گەلانی دەوروبەرەوە فێری بووینە، کەچی شاعیر ئەم کولتوورە ڕەت دەکاتەوە:

**لە هەر کوێ گوڵت بینی**
**بۆی بوەستە ل٢٠**

(ناوم بنێن ماڵەوە) لە تاراوگە نووسراوە، گەر بڵێم میللەتی کورد قەرزداری شیعرەکانی ئەم شاعیرەیە بەهەڵەدا نەچوومە، چونکە شاعیر، کولتووری شەڕانگێزی، زەلیلی، ڕادەماڵێ و بە ڕۆحێکی فریشتەیی شیعری کورد بە گەلانی دنیا دەناسێنێ و دەرگاکەی دەخاتە سەر پشت:

**بەیانیان**
**لەخەو هەڵسایت**
**دەرگای ماڵەکەتان بخەرە سەر پشت ل١١**

شاعیر شیعر بۆ جوانی ئارامی دەڵێ:

**لە هەر کوێ**
**گوڵت بینی بۆی بوەستە ل٢٠**

لەو بڕوایەدام بەپێی شارەزایی خۆم لە شیعری جیهانی و ئەمریکی کە ساڵانێکی زۆرە لەم وڵاتە دەژیم و ئەگەر شیعری ئەم شاعیرە بخوێننەوە عەشقی ناو نیشتمانی شیعری شاعیر دەبن، چونکە دەربڕینی هێندە مرۆڤ دۆستانەیە، خاوەن شیعری ئەوەندە کورت و دەربڕینی قووڵە، هەروەها جیهانبینی لە ناو شیعرەکانیدا هەیە.

**تاراوگە**

ماوەیەکی زۆرە لە تاراوگە دەژیم، ئەمریکا بووەتە ماڵ و وڵاتم، زوو لەوە گەیشتم دەبێت پۆزەتیڤانە ڕەفتار بکەم. لە گفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنیدا گوتوومە: (ئەم وڵاتە «ئەمریکا» وڵاتی هەمووانە و وڵاتی کەسیش نییە) ئەم شاعیرە دە ساڵە لە کەنەدا دەژیت، بۆ ئەویش هەروایە، بۆیە شیعرەکانی ڕوویەکی گەشبینی و سیمایەکی جیهانییان لێ بەدی دەکرێت، لە شیعری شاعیرانی ناوەوەی نیشتمان جیاوازن:

**ڕووبار**
**هەمیشە لەشی نەرمترمان پێ دەدات. ل ٣٥**

یان:

**کات هێشتا لەسەرت وەستاوە**

یان:

**بڕۆ بە شوێن ئەوەی خۆشت دەویست**
**یان بخەوە ل٣١**

یان:

**ئاسۆ**
**ئاژاوەی پێش خۆرئاوابوونی لەگەڵ خۆیدا نەبرد ل ٦٥**

لەوەتەی لە تاراوگە دەژیم حەزم لە زمانی ئارام و دەربڕینی ئارامە، حەزیش بە جووینەوە و کۆپی کردن و لێکچوون ناکەم، زەوقی ئەو شتە سەرەتاییانەم نەماوە، حەزم لە زۆر گوتنی هیچ نەگوتن نییە، دەمەوێ لەم ڕووەوە ئاماژە بە ڕۆحی شاعیر بکەم:

**سەری بەرزی چیا،**
**بۆ کەم کردنەوەی سەری بەرزی خودا نییە ل٦٧**

یان:

**شەڕیش تەواو بوو**
**منداڵەکان لە (کەمپەکان)**
**لە دەوری ئاگردان**
**لەسەر خۆڵ**
**نەخشەی نیشتمانیان دەکرد ل٦٤**

تاراوگە هزری شاعیر دەگۆڕێ هەست دەکەی ئەگەر لەناو جەنگیشدا بووبێت هەر بۆ ئاشتی شیعر دەنووسێ:

**کازیوە لەناو تەقەی بەیانیدا ون بوو ل ٦٨**

یان:

**خودا**
**لەترسی مرۆڤ، هەڵات ل٦١**

یان:
**یادەوەرییەکانم**
**لە زمانی سێیەمدا پەرتەوازە بوون**
**ل ٧٤**
یان:
**هەستم لە مەرەکەب خێراتر**
**رژایە سەر پەرەمووچە ل٧٧**
نائومێدییەک یەخەی شاعیر دەگرێت، لەناو کولتوورێکی جیاواز، فرەنەتەوە، رۆژ رۆژی گلۆبالیزمە، پێشبرکێیەکی ئابووری خێرا لە بازاڕە، کات بۆ زۆر ئاوڕدانەوە نەماوە، شیعر دەبێ لە ئاستی ئەو خێراییە بێت، بۆیە شاعیر هەست بەم واقیعە تازەیەی کردووە:
**هیچ نەماوە،**
**لەبەر خۆمەوە گۆرانی بۆ بلێم**
یان:
**بۆ دۆزینەوەی منداڵیم، دەبێ**
**لە شوێنێکی تر بگەڕێم ل ١٤٠**

**نیشتمان**

لە خۆشەویستییەکی قووڵی نیشتماندا، لە دوورە وڵاتی لە پشت تاراوگەوە شاعیر ناوی دوا نامیلکەی خۆی ناوە (ناوم بنێن ماڵەوە) شیعرەکانی لە دروشم و هەڵوێست فرۆشتنەوە دوورن، هەر بەم بینینەش شاعیر گرەوی شیعری بردووەتەوە، کە بریتییە لە هەڵوێستێکی گەورەی، ئەم شاعیرە خاوەن رەوشتێکی شاعیرانەیە لە سەرەوەی هەموو شتەکانەوە سەیری شیعر دەکات، بۆیە لە تۆڕی میدیا و دەسەڵات دەربازبووە کە زۆر لە شاعیرەکانمان کەوتوونەتە ناوی و دەستەمۆ کراون، بەڵام ئەم تۆڕانە نەیانتوانیوە ئەو بگرن و تۆزقاڵێک لە گەورەیی و شکۆی ئەم شاعیرە بەهرەمەندە کەم کەنەوە، دەتوانم بڵێم شاعیرێکی هاوچەرخ و جیهانییە رۆڵی دیارە بۆ بردنی شیعری کوردی بۆ ناو شیعری جیهانی و رۆیشتن لەگەڵ باگوردانی گلۆبالیزم.

عەیامێکە لە هەندەران (عەبدوڵڵا پەشێو)ی شاعیر گوتوویەتی:
**شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم**
**رۆژ نییە لێتان تووڕە نەبم**
جەلال بەرزنجیش دەڵێ:
**هەندێک شتم بیر کەوتەوە**
**مەبەستم بوو لە بیریان بکەم ل٥٢**
یان:
**تەمومژ بوو منی گەیاندە ئێرە**
**ل٥٥**
شاعیر لە دووری نیشتمان ئۆقرەی لێ هەڵگیراوە، خۆشەویستی ماڵەوە لە زۆربەی شیعرەکانیدا بەدی دەکرێ ئەگەر مرۆڤیش بێ وڵات بوو خاوەن گریان و پێکەنین و خۆشییە، بۆیە بە دوا وشە دەڵێ:
**ئەمە کۆتاییە ل٢٣**
ئەم شاعیرە تەمەنی لە سەرووی پەنجایە و پاکیشی هی منداڵ، ماڵیشی لە تەنیشت خوداوەندەکانە، بۆیە دەڵێ:
**بۆ چوونەوە منداڵی**
**یەکسەر دێمەوە لای تۆ ل ٢٢**
یان:
**بەیەک خێرایی**
**ئەو و خۆر جێیان هێشتم ل ٢٧**
بۆ چرکەساتێکیش نیشتمان لێی جودا نابێتەوە، هەمیشە لە خەون و خەیاڵیدایە:
**کە رێگاکان بەرەو ماڵەوە بچنەوە**
**نازانم ئەو سەفەرە درێژەم بۆ کرد**
چاوی شاعیر و هەستی شاعیر، رەوشتی شاعیر لەگەڵ خەڵکی تر جیاوازە، نەگەڕانەوی شاعیر بۆ نیشتمان مانای ئەوە نییە کە شاعیر چیتر وڵاتەکەی خوی خۆش ناوێت، یان هەستی نەتەوایەتی کز بووە، نەخێر ئەو زۆر بە جوانی و شارستانی نەتەوەییە، ئەوەش لە شیعرەکانیدا بە روونی دیارە:
**شەڕ بوو،**
**منی لە برووسکە خێراتر گەیاندە**
**ئێرە ل٧٥**
یان:
**شەڕ خراپی پەرت کردین .**
شاعیر بۆ گەڕانەوەی نیشتمان پەنا بۆ (با) دەبات بۆ ئەوەی بەخێرای بیگەڕێنێتەوە ماڵەوە:
**لە دوو قاچی لە (با) دەگەڕێم،**
**پێی بچمەوە ماڵەوەو**
**چیتر باسی با نەکەم .ل ١٤٢**

**کورتە شیعر**

رۆمانە شیعر، چیرۆکە شیعر، کورتە شیعر، هایکۆ، چوار خشتەکی و تاک دێرە شیعر، پۆستەرە شیعر... تاد
شیعر بەکورت و درێژی نییە، شیعر لە تۆپەڵە وشە و کارەساتی گەورە و رەمز و تەمومژ و وشەی جوانی ناو فەرهەنگ ناوی وڵات و زیندان و ژن و شەهید و پێشمەرگە و پاییز و ئایدیا و ئایین و دنیایەک شتی تریش پێک دێت، ئەگەر بەهرەو رۆشنبیری و مەعریفەی شیعریت نەبێت، ئەگەر رۆمانە شیعریش بنووسیت، ناتوانی شیعرێکی جوان بنووسیت. لە هەشتاکان کۆمەڵە گەنجێک بووین کۆشیعری (لە غوربەتا)ی محەمەد عومەر عوسمان-مان دەست کەوت ئەودەست و ئەودەستمان پێی دەکرد، ئەو مرۆڤە بە یەک نامیلکە بووە شاعیرێکی ناسراو .شیعرەکانی لە دڵەوە بۆ دڵە، بۆیە ئێستاش ناومان ناوە ژەنەراڵی پاییز.
ئەم شاعیرەش ئاوا باسی شیعرو ژیان دەکات:
**شیعر هەموومانی لە دەورو بەری ژیان جێ هێشت ل ٦٣**
یان:
**پراو پری بنەوەی ژیان**
**شیعری تەڕە ل٨١**
یان:
**شیعر بردمییە ناو زۆر وشەی**

**جیاواز ل١١٦**

شاعیر لە دیوانی (سەمای بەفری ئێواران) لە ساڵی ١٩٧٩ شیعری کورتی هەیە، هەروەها لە دیوانی دووەمی (گەرم نەبوونەوە)ش کە لە ساڵی ١٩٨٥ چاپی کردووە شیعری کورتی هەیە، بەڵام لە دوا دیوانی (ناوم بنێن ماڵەوە) کە ساڵی ٢٠٠٦ لە هەولێر چاپی کردووە. (١٣٦) دێرە شیعری کورتی تێدایە، لەگەڵ چوار شیعری مام ناوەندی، لە کەنەدا بۆ ماڵەوەی دەنووسی هەرلەوێش لە بەر جوانی شیعرەکانی خەڵاتی مادی و مەعنەویش دەکرێت، شایانی وەبیر هێنانەوەیە ئەم شاعیرە یەکێک بوو لەو نووسەرانەی چۆکی دانەدا بۆ ئەمانەتە ڕۆشنبرییە کارتۆنییەکەی سەردەمی بەعس ئەو کاتیش (سەمای بەفری ئێواران) و (گەرم نەبوونەوە)ی لە پارەی گیرفانی خۆی چاپ کرد بۆیە من دەڵێم :

با هەموومان پێکەوە بڵێین:

**خودایە وەتەن ئاواکەی**
**چەند دڵگیرو شیرینە**

ئەم شاعیرە مێژوویەکی کۆنی هەیە لە گەڵ جورئەتدا، لە سەرەتای دەست پێ کردنی لە حەفتاکان تا دوا نامیلکەی کێرڤی ئەزموونی شیعری و جورئەتی دەربڕینی نووسینی لە بەرز بوونەوەدایە، بەڵام ئەوەی لای من جێگەی سەرنجە جورئەتی نووسینی ئەم شیعرە کورتانەی ئەم دواییەیەتی،لە دیوانی (ناوم بنێن ماڵەوە).

ئەوە چەند نموونەیەک لە شیعرە کورتەکانی نەک هەر لە ناو کورد، بەڵکو لە جیهانیشدا کەم شاعیر جورئەت دەکات ئەوها شتە گەورەکان لە چەند وشەیەکدا چڕ بکاتەوە.

**(سێو درۆ بوو) ل١٢٢**
**(مۆمەکە بۆ دوایی هەڵگرە) ل١٦**
**(حەوت ساڵە تەیر لێی داوم) ل٤٧**
**(ئەوە کۆتاییە) ل٥٣**
**(ئۆی ..خودایە) ل٨٠**
**(خودا لایتی ئاسمانە) ل١١٤**

من ئیرەیی بە جورئەتی دەبەم، چونکە ئەو ستایلە قورسترینە، کە بتوانی لە یەک دوو وشە، یان لە دێرێکدا شتی گەورە بڵێیت، بۆیە هەر جارەی (ناوم بنێن ماڵەوە) دەخوێنمەوە بۆچوونی جیاوازم لا دروست دەبێت، ناڵێم لە ناو شیعری کوردیدا شیعری کورت نییە، بەڵام وەک شیعرە کورتەکانی ئەو نین.

منیش دەڵێم ڕاستە، جەلال بەرزنجی ئەو شاعیرەیە کە خاوەنی جورئەت و توانای داهێنانیشە:

**شوانایەتیەکەت**
**تا خوارەوەی ژیان نەبوو ل ٦٦**

یان:

**خودا دیار نەبوو**
**یەکەمین جار بوو لەشمان ئازاد بێت ل٩٣**

یان:

**بۆ چوونە ناو ئاوێنە**
**هەموومان بە یەک ڕێگادا دەڕۆین ل١٢٠**

ئەو ستایلەی ئەم شیعرانەی پێ نووسیوە زۆر تازەیە، دەبێ زۆری لە سەر بوەستین و لە سەری بنووسین .

**جەلال بەرزنجی لە کێ دەچێت**

شاعیر هەیە خودی بە یەک ئاقار دەقی گرتووەو بە دەوری بازنەیەکدا دەسووڕێتەوە و تێیدا دەچەقێت و دەرناچێت، هەشە لە سەر ماندووبوون و ئەزموونی شاعیرانی تر دەلەوەڕێ و بێ ئەوەی شەرمەزاری دایبگرێ بەرهەمەکانی بە سەر خوێنەراندا ساغ دەکاتەوە،هەندێک لەو شاعیرانە گەنج نین تا بڵێین لاسایی کردنەوە، یان دزی کردن قۆناغێکە هەتا دەگەن بە دەنگی، خۆیان یان وشک دەبنەوە،شاعیری وا هەیە بیست ساڵە دەنووسێ، کەچی بە نوێژی نیوەڕۆ دەدزێ ئەمانە شاعیر نین و خودی ڕۆحیان بەتاڵە، ناوی چەندین شاعیرم لایە دوای بڵاو بوونەوەی (ناوم بنێن ماڵەوە)ی جەلال بەرزنجی زۆر لێزانانە و شارەزایانە کۆپی بیرۆکە و ستایلی ئەویان کردووە و لێیان دزیوە، بەڵام ئەو شاعیرانەی لە بەرزنجیان وەرگرتووە بە هەڵە لە شیعرەکانی بەرزنجی گەیشتوون بەتایبەتی کە دەڵێت:

**گەر دەتەوێت بە ڕێگەیەکی کورت**
**بە خودا بگەیت،**
**بە دوای شیعرەکانی مندا بڕۆ ل ١٢٧**

هەر کاتێک شیعرێکی نوێی بەرزنجی دەخوێنمەوە هەست بە دنیایەکی جیاوازتر دەکەم لەوەی پێشتری، گەرم نەبوونەوە کە لە ساڵی ١٩٨٥ چاپی کرد زۆر جیاواز بوو لە (سەمای بەفری ئێواران)ی ١٩٧٩ و (بارانی ڕەحمەت)ی ٢٠٠٣ جیاوازبوو لە (گەرم نەبوونەوە)، (یادەوەری کەسێکی بەربا)ی ٢٠٠٤ جیاواز بوو لە بارانی ڕەحمەت و دوا دیوانیش (ناوم بنێن ماڵەوە) لە هەموو دیوانەکانی پێشتری جیاواز بوو و هەنگاوێکی گەورەبوو بەرەو بە جیهانی کردنی شیعری کوردی.


ڕەسووڵ هەمزاتۆف دەڵێ: زۆرم پێ خۆشە کە پێم دەڵێن کتێبێکی ڕەسوولانەت نووسیوە). منیش وەک خوێنەرێک دەڵێم: (بەرزنجی شیعری بەرزنجیانەی نووسیوە. دیسانەوە هەمزاتۆف دەڵێ: (من نابێ لە کەس بچم نە پوشکین، نە بایرۆن). دیسان دەڵێمەوە: (زۆرمان لە جەلال دەچین، بەڵام ئەو تەنیا لە خۆی دەچێت).

**ویلایەتی ئەریزۆنا**

# مافی گەیاندن

## ڕۆڵی میدیا جەماوەرییەکان لە گەشەسەندنی ئابووریدا

عەبدوڵلا مەحموود زەنگنە
(کەرکووک)




بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ بڵاوبوونەوەی پتری مەعریفە و هاتنە ئارای مرۆڤی هۆشیار و هۆشمەند کە بە هۆیەوە ئەم جۆرە مرۆڤانە دەتوانن باشترین ئەلتەرناتیڤ دەستنیشان بکەن، سا ئەوە لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانە دابێت، یان لە ژیانی سیاسی بە گشتی و پرۆسەی هەڵبژاردن بە تایبەتی دابێت، دواجار هەردوو حاڵەتەکە بەسەر باری ئابووری و گەشەسەندنی ئابووریدا بە خراپ، یان بە چاک دەشکێتەوە، بۆیە لەم نێوەندەدا میدیاکان بەگشتی ڕۆڵی سەرەکی دەبینن، لەوێشەوە ئازادی زانیارییەکان و ئازادی ڕۆژنامەنووسی دوو بنەمای سەرەکین لە سەرهەڵدانی مرۆڤی خاوەن مەعریفە و بە ئاگا کە بەردی بناغەی دیموکراسی و گۆڕانکارییە سیاسی و دواتر ئابوورییەکانن.

کتێبی "مافی گەیاندن.. ڕۆڵی میدیا ئازادەکان لە گەشەسەندنی ئابووریدا" کە کتێبێکی گرنگی بواری ڕاگەیاندنە، یەکێکە لە کتێبە گرنگەکانی پەیمانگەی بانکی نێودەوڵەتی کە بە ناوونیشانی هاندان بۆ مەعریفە و فێربوون لە پێناوی جیهانێکی باشتردا لە چاپ دەدرێت. گرنگی ئەم کتێبە لەوەدایە کە دەیان نووسەر و شارەزای بواری ڕاگەیاندن و ئابووریناس بەشدارییان تێدا کردووە، کە هەندێکیان خاوەنی خەڵاتی نۆبڵن، ئەمە جگە لەوەی ناوەڕۆکەکەی بە شێوازێکی زۆر زانستییانە نووسراوەتەوە. کتێبەکە بەگشتی لە سێ بەش پێکهاتووە، کە بەشی یەکەم و دووەم لە چوارچێوەی توێژینەوە زانستییەکە دایە و بەشی سێیەم بەشێکی تایبەتە لە دەرەوەی توێژینەوەکەدا، بەڵام هاوکات بەشەکانی تر بەهێزتر دەکات، بەو هۆیەی تێیدا باس لە چەند ئەزموونێکی ڕۆژنامەوانی دەکات لە ناوچە جیا جیاکانی جیهاندا، هەردوو بەشی یەکەم و دووەمیش لە دوازدە پاژ پێکهاتوون، دواجار ئەم کتێبە لە لایەن "جیمس وڵفنسۆن"ی سەرۆکی کۆمەڵەی بانکی نێودەوڵەتییەوە ئامادەکراوە و ٢٨ پسپۆر و شارەزای بواری ئابووری و ڕاگەیاندن بەشدارییان تێدا کردووە، گەرچی لە کوردستانی ئێمەدا هێشتا میدیاکان پتر ڕۆڵیان

لە بوارە سیاسییەکەدا چڕ بووەتەوە و تا ڕادەیەکیش لە ڕووی ئەدەبی و هونەری و دۆزەکانی ژن و لاوانەوە بوونەتە سەرچاوەی مەعریفە، بەڵام ئەوەی کە میدیای ئێمە وەک پێویست دەربەستی نەهاتووە بواری ئابوورییە، کە پێم وابێت میدیای کوردی لە یەک خاڵدا کاری لەسەر کردووە، ئەویش ئەوەیە بە ڕاست و هەڵە سەرگەرمی بڵاوکردنەوەی ڕیکلامە لە پێناو بەرژەوەندییە داراییەکانیدا. دیارە میدیا مافی خۆیەتی زیاد لە پێویستیش بایەخ بە ڕیکلام بدات و ئەمەش دیاردەیەکی جیهانییە، بەڵام هاوکات لە ڕووی ئاکاری ڕۆژنامەنووسییەوە ئەرکێک دەکەوێتە ئەستۆی میدیاکان کە دەبێت زانیاری نێو ڕیکلامەکان لە بەرژەوەندی تاک و دژی بەرژەوەندی گشتی نەبێت.

لە پێشەکی ئەم کتێبەدا لە بارەی ڕاپۆرتی گەشەسەندنی جیهانی بۆ ساڵی ٢٠٠٢ هاتووە: ڕاپۆرتی گەشەسەندنی جیهانی بۆ ساڵی ٢٠٠٢ کە بە ناونیشانی "دامەزراندنی دامودەزگاکانی بازاڕدایە" پاژێکی تەواوی بۆ ڕۆڵی میدیاکان لەو گەشەسەندنەدا تەرخان کردووە. ئەم کتێبەش بەشدارییەکی گرنگە بۆ تێگەیشتنمان لەوەی کە میدیاکان چۆن کاریگەرییان لەسەر گەشەسەندن لە چەندین جۆرە هەلومەرجدا دەبێت، هاوکات بەڵگەیەکیشە بۆ ژینگەی سیاسی پێویست تا میدیاکان بتوانن پشتگیری لە بازاڕە ئابووری و سیاسییەکان بکەن و دەنگی پێویست بۆ بێ بەرییەکان دەستەبەربکات، ئەم کتێبە گرنگە بۆ سیاسەتوانان، ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ڕۆژنامەنووسان، توێژەران و قوتابیان بە گشتی گرنگە.

میدیاکان لە گەشەسەندنی ئابووریدا چ ڕۆڵێک دەگێڕن، (ڕۆمین ئیسلام)ی بەڕێوەبەری بەشی کەمکردنەوەی هەژاری و کارگێڕی ئابووری لە پەیمانگەی بانکی نێو دەوڵەتی لە بابەتەکەیدا بەناوی "میدیاکان چی دەڵێن - ڕانانێکی گشتی" بە درێژی وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە.. ئەو دەڵێت "میدیاکان لە میانەی کۆکردنەوەی پشتگیری، یان دژایەتی دەسەڵاتدارانەوە لە ئابوورییەکاندا بەدەرخستنی دیدە هەڵەکان، یان هەڵەی پیشەسازییەکان و شکستییان، ڕۆڵ لە ئابوورییەکاندا دەبینن". لە بەرانبەریشدا مانەوەی میدیاکان لە بواری کارەکەیاندا هاوکات دەکەوێتە سەر دەوڵەت، کە کارەکانی ئەم میدیایانە ڕێک دەخەن، کۆمپانیاکان بەرانبەر ڕیکلامەکان پارە بە میدیاکان دەدەن، لە ڕێی بەکارهێنەرانەوە کە میدیاکان لە خزمەتی ئەواندان، هەموو ئەمانە کاریگەرییان لە چۆنێتی کارکردنی میدیاکان و کاریگەرییان لەسەر ئەدای ئابووری هەیە.

هاوکات میدیاکانیش مەرج و هەلومەرجی خۆیان هەیە کە بە هۆیانەوە دەتوانن برەو بە ئەدایەکی ئابووری بدەن، ئەو سێ مەرجە بریتین لە: میدیاگەلێکی سەربەخۆ، بوونی زانیاری باش لە ڕووی چۆنێتییەوە، ئاستی بڵاوبوونەوەو پەلهاوێشتنی میدیاکان. دیارە "جۆزیف ستیگلتز"ی خاوەن خەڵاتی نۆبڵ لە پاژی دووەمدا ئاماژە بەم مەرجانە دەدات، بۆیە میدیای لەم جۆرە دەتوانێت لە کەرتەکانی کار و حکومەتیش لێپێچینەوە بکات، ئەویش لەڕێی چاودێری کردن و سزادانی خراپەکاران لە ڕێی ناو زڕاندنیانەوە، هاوکات واش بکەن بەکاربەران لەسەر زانیاری دروست بڕیاری خۆیان بدەن.

هەر لەم پێشەکییەدا - پێشەکییەکە ڕوونکردنەوەی گرنگترینی ئەو خاڵانەیە کە لە هەموو پاژەکاندا باسکراون - باس لە دوو حاڵەتی گرنگ کراوە کە لە نزیکەوە پێوەندییان بە میدیاکان و باری ئابوورییەوە هەیە، ئەو دوو حاڵەتەش بریتییە لە پێوەندی نێوان ئازادیی ڕاگەیاندن و سیستمی دیموکراسی، چونکە بە پێی توێژینەوەکان دەرکەوتووە لە وڵاتانی پتر دیموکراسیدا ئازادی پتری ڕۆژنامەنووسی هەیە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئازادی ڕاگەیاندن هاندەری پتری دیموکراسییە، یان دیموکراسی کارا هاندەرە بۆ ئازادی پتری ڕاگەیاندن؟ وەڵامەکەش ئەوەیە کە کاریگەرییەکە بە هەردوو ئاراستەدایە و ئازادی ڕاگەیاندن و دیموکراسی پلە بە پلە و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت و وڵاتانی نادیموکراسیش لەم ڕووەوە لە ئاستی ئازادی ڕاگەیاندندا ڕێژەیین لە لێبوردەییدا.

خاڵێکی گرنگی تر کە لەم کتێبەدا تیشکی خراوەتەسەر و بە وردی باسی لێوە کراوە، یاسا و سیستمە فەرمییەکانی پەیوەستە بە سەربەخۆیی و جۆرێتی بڵاوبوونەوەی میدیاکان، لێرەدا جەخت کراوەتەوە کە لە هەموو بارودۆخێکدا کاریگەری یاساکان بەسەر کارایی

ڕاگەیاندنەوە سنووردار دەبێت و لە زۆر باردا یاساکان تەنانەت لە ئەگەری جێبەجێ کردنیشدا کارا نابن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی هەندەکی جێبەجێ کردنیان لە دەرکردنیان دژوارترە، هەروەک ڕەنگە بنەماکانی هەڵسوکەوتی نافەرمی لەگەڵ یاساکاندا ناکۆک بن و بەو جۆرەش لە کارایییان کەمتر بکاتەوە، بگرە لەزۆر وڵاتدا ئازادی و سەربەخۆیی میدیاکان هەر تەنیا بە یاسا دەستەبەر نابێت، بەڵکو کولتوور و نەریتە قبوڵکراوەکانیش لەلایەن کۆمەڵگەوە ڕۆڵیان هەیە، بەڵام حکومەتەکان لە ئاستی ئەم دیاردەیەدا دەستەوەستان نین، بەڵکو حکومەت لە بارێکی لەو جۆرەدا لە دژی میدیاکان دەستکاری یاساکان دەکات، گەرچی لە هەندێ باریشدا یاساکان پارێزگاری لە مافی ڕۆژنامەنووسان دەکەن لە گەیشتنیان بە زانیارییەکان و گەیاندنیان بە جەماوەر، تەنانەت لە حاڵەتەکانی تریشدا ڕەنگە یاساکان زیان بە ڕۆژنامەنووسان نەگەیەنن، ئەگەر دادگا کارا و سەربەخۆ بێت، چونکە ڕەنگە کارکردن بە یاساکان دۆزەکانی ڕاگەیاندن لە مشتومڕە گشتییەکاندا بخاتە پێشەوە و لە هەندێک باریشدا گۆڕانکاری ڕاستەقینەیان لێ بکەوێتەوە. سەربەخۆیی میدیاکان خاڵێکی گرنگە کە متمانە دەدات بەو زانیارییانەی بڵاوی دەکەنەوە، چونکە جەماوەر بێ لایەنی و بابەتی بوون لە زانیارییەکاندا بەدی دەکەن، چەند فاکتەرێک هەن کە ئاستی سەربەخۆیی میدیاکان دەردەخەن:

* چوار چێوەی خاوەندارێتی میدیاکان.

* بنیادی ئابووری و هەلومەرجە ئابوورییەکان و کۆمەکی دارایی.

* ئەو یاسایانەی گەیشتن بە زانیارییەکان و بەرهەمهێنانیان و چوونە نێو پیشەی ڕاگەیاندن و ناوەڕۆکی میدیاکان ڕێکدەخات.

* سیاسەتە پەیوەستەکان بەو پیشانەی پێوەندییان بە کاری میدیایی و میدیاکانەوە هەیە.

* ڕاهێنان و توانایی ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی ئیدارەی میدیاکان و ڕێککاری و هاوسەنگییەکان کە بەسەر ڕۆژنامەنووساندا سەپێنراون، ئەم دوو فاکتەرەش کاریگەرییان لەسەر سەربەخۆیی میدیاکان و جۆرێتییانەوە هەیە.

خاڵێکی تری گرنگ کە لەم کتێبەدا بایەخی زۆری پێدراوە، خاوەندارێتی میدیاکانە، بەتایبەتی خاوەندارێتی دەوڵەت بۆ میدیاکان و کاریگەری ئەم خاوەندارێتییە لە وەرگرتنی زانیارییەکان و بڵاو کردنەوەیان، لەم بارەیەوە مشتومڕێکی جدی و بەرفراوان کراوە کە ئاخۆ کامیان باشترە: خاوەندارێتی دەوڵەت بۆ میدیاکان، یان خاوەندارێتی میدیاکان لە لایەن کەرتی تایبەتەوە، دیارە هەردووو بارەکە خاڵی ئەرێنی و نەرێنییان هەیە، لەو بارەیەوە هاتووە "کە خاوەندارێتی میدیاکان وادەکات خاوەنداران کۆنترۆڵی سروشتی ئەو زانیارییانە بکەن کە بڵاو دەکرێنەوە" لێرەدا چەند ڕاوبۆچوونێک هاتۆتە ئارا کە پێیان وایە "بەرگری کاران لە خاوەندارێتی گشتی میدیاکان هەرچەندە لەو باوەڕەدان کە زانیارییەکان شمەکێکی گشتین، بەڵام خاوەندارێتی کەرتی تایبەت خوازیارن کەمترین زانیاری کۆمەڵایەتی پێشکەش بکەن کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە برەویان هەیە، هەروەها باس لەوە دەکەن کە خاوەندارێتی کەرتی تایبەت بۆ میدیاکان دەبێتە هۆی ئەوەی گۆشە نیگاکانی توێژێکی بەرتەسکی کۆمەڵگە بایەخیان پێ بدرێت".

هەروەک دژەکانی خاوەندارێتی گشتی میدیاکان وا دەبینن کە خاوەندارێتی دەوڵەت بۆ میدیاکان دەبێتە هۆی گەمە کردن بە گەل و دەستکاری کردنی زانیارییەکان لە بەرژەوەندی حکومەتدا، ئەمە جگە لەوەی دامودەزگاکانی سەر بە حکومەت، بە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنیشەوە کە سەر بە حکومەتن کەمتر وەڵامیان هەیە بۆ پێداویستییەکانی بەکارهێنەران، بەهۆی بەشداری بوونیشیان لە کێبڕکێکان لە نێو میدیاکاندا، بەرهەمەکانیان خراپ دەبن، دواتر کتێبەکە بە وردی و شرۆڤەکارییەوە باس لە بابەتێکی گرنگی وەک کۆمەککردنی دارایی و کاریگەرییەکانی لەسەر متمانە و ڕاستگۆیی میدیاکان و چوارچێوەی یاسایی کاری ڕۆژنامەنووسان و پێوەندیی کرانەوە و ئازادی ڕۆژنامەنووسی دەکات بە دەسەڵات و شەفافییەت لە حوکم و دیموکراسی و دۆزێکی گرنگ کە بریتییە لە شاردنەوە و نهێنی کردنی زانیارییەکان و ئەو یاسایانەی کە پێویستە بۆ ئازادیی زانیارییەکان لە لایەن حکومەت و ڕۆژنامەنووسانەوە دابنرێت..تاد.

**سەرچاوە:**
**کتێبی: مافی گەیاندن - ڕۆڵی میدیا ئازادەکان لە گەشەسەندنی ئابووریدا.**
**کتێبی: پەیمانگەی بانکی نێودەوڵەتی/ چاپی ساڵی(٢٠٠٥).**

# Histoire Litteraire – مێژووی ئەدەب

مێژووی ئەدەب وەک دەستەواژە و وەک بوارێکی لێکۆڵینەوە، لەناو ئەدەبی کوردیدا، بابەتێکی نوێیە، سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم. پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە پەخشان و هەموو ئەو فاکتەر و هۆکارانەوە هەیە کە لە پشت (پەخشان) بە گشتی و چیرۆک و ڕۆمان و ڕەخنە و ڕۆژنامەگەری و لێکۆڵینەوە بەتایبەتییەوە هەیە. هەموومان دەزانین، سەرەتای سەدەی بیستەم، یان نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، لە مێژووی کورد دا بەسەردەمی زۆر گۆڕانی گەورە دادەنرێ، ئەو فاکتەرانەش بە پلەی یەکەم سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابوورین، کە ڕۆڵی سەرەکییان لە گۆڕینی مۆدی ژیانی کورددا هەبووە. لەم بارەیەوە ژیانی ئەم سەردەمە بەهیچ شێوەیەک بەسەردەمی سەدەی نۆزدەیەم نەچووە.

گۆڕانە مەزنەکان بە پلەی یەکەم خۆیان لە نەمانی جۆری دەوڵەتی کۆن (ئیمپراتۆرە کۆنەکان) و سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەک دروست بوونی کۆمەڵێک دەوڵەتی نەتەوە لەسەر کەلاوە و پاشماوەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی و ئەو پێکهاتە نوێیەی کورد وەک نەتەوەیەک تێی کەوت و بەسەر چەند دەوڵەتێک دابەش بوو، سەرەڕای ئەوەی ڕۆشنبیرانی کورد، هەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمەوە وێڕای تورک و عەرەب و ئەرمەنەکان، کەوتبوونە ناو جۆرێک لە خۆ ئۆرگانیزەکردن و هۆشیاربوونەوە. هۆشیاربوونەوە بە ئاراستەی هۆشیاری سیاسی و فەرهەنگی نەتەوایەتی، سەرنجدان لە گرووپی ڕۆشنبیرانی ئەستەنبۆل لە بواری کاری ڕێکخراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، دواتر ئەو ژیانەوەیەی لە سلێمانییەوە سەرهەڵدەدا هەمووی بەڵگەی ئەم گۆڕانە گەورانەن. نوێبوونەوەی ئەدەبی کوردی و سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری و پەخشانی ئەدەبی و سەرەتای ڕەخنەی ئەدەبی، بۆ هەمان فاکتەر و هۆکارە بەرایییەکان لەناو کورد دەگەڕێنەوە. لە پشت هەموو ئەمانەشدا، بۆ سەر تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەسەروبەندی ڕووخانی مۆدێلی کۆنی دەوڵەتی، فاکتەری هێرش و قورسایی سیاسی و فەرهەنگی ڕۆژئاوا بەگشتی و فەڕەنسی بەتایبەتی دەبینرێ. ئەمەش خۆی لە سستمێکی سیاسی و فیکری تازە دەبینییەوە کە مۆدێلێکی ژیانی و ژیاری تازەی ڕەپێش دەکرد، یان پێشنیار دەکرد، وەک: دەوڵەتی نەتەوایەتی کە ئەوسا مۆدێلێک بوو، عەلمانییەت و کاریگەری دروشمەکانی شۆڕشی فڕەنسی و ئازادی سیاسی و فیکری و سستمی

دیمۆکراسی و سەرهەڵدانی ئیدیۆلۆژی تر وەک: مارکسیزم و لیبرالیزم... تاد.

هۆشیاربوونەوەی سیاسی میللەتان بە ئاراستەی خۆ دۆزینەوە و هۆشیاری نەتەوایەتی و کارکردن لەم بارەیەوە، سەرهەڵدان و دەرکەوتنی قورسایی زانست و پیشەو دروستبوونی شارو میترۆپۆلە گەورەکان، دەرکەوتنی گۆڕان لە پێکهاتە و چنینی کۆمەڵایەتی و چەشەو مۆدی ژیان و هەندێ لایەنی دیکەی شارستانی.

هەموو ئەم فاکتەرانە لە پشت هەموو ئەو گۆڕانانە بوونە کە دەستیان لە نوێبوونەوەی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردیدا هەبووە، لێرەوە کە باس لە مێژووی ئەدەب دەکەین، دەبێ باس لەسەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەدەبی و لێکۆڵینەوەوە بکەین، باشترین بەرایی و نموونە، ئەو کۆمەڵە گوتارەیە کە (شێخ نووری شێخ ساڵح) لە ساڵی ١٩٢٦ لە ڕۆژنامەی (ژیان) بە زنجیرە لە ژێر ناوی (ئەدەبیاتی کوردی) بڵاوی دەکردەوە. بە ڕای من ئەمە یەکەمین هەوڵی جوانە لە بواری بیرکردنەوە و نووسین لە ئەدەبیاتی کوردی. پاشان گۆڤاری (گەلاوێژ ١٩٣٩-١٩٤٩) بە نموونەی دووەم دادەنرێ، ئینجا ڕاستەوخۆ کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی) عەلائەدین سەجادی کە لە ساڵی ١٩٥٢ بۆ یەکەمین جار بڵاوکرایەوە.

هەڵبەت، نموونەی دیکە و بەڵگە و دەستاوێژی دیکە زۆرە وەک خودی نوێبوونەوەکان لەسەرجەم ئەدەبیاتی کوردی و ئەو گۆڕانە مەزنەی بەسەر زمانی کوردیدا هاتووە.

لێرەوە، سەردەمێکی دیکە لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبیاتی کوردی سەرهەڵدەدا، زیاتر بەرەو پسپۆڕ بوون و خۆپسپۆڕکردن و لێکۆڵینەوەی زانستی دەڕوا- Erudition، ئەمەش فاکتەرێکی دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی زانکۆ لەناو کورد، بەڵام لە مەسەلەی مێژووی ئەدەبی کوردیدا، لێرەوە دەبێ لێکۆڵینەوە زانستییەکانی دەرەوە و ناوەوەی زانکۆ لەبەرچاو بگیرێن.

تا ئێستا ئەوەی لەبارەی مێژووی ئەدەبی کوردی نووسراوە، دەشێ بە سەرچاوە و ڕوانینی کلاسیکی لێکۆڵینەوە لە قەڵەمی بدەین، چونکە زۆرجار، یان زیاتر بایەخ بە تۆمارکردن و ڕیزکردن و کۆکردنەوە و ساغکردنەوەوە دراوە. کەمتر بایەخ بە مێژووی ئەدەب دراوە لە ڕوانگەیەکی ئێستێتیکی، یان نرخ و بەها ئێستێتیکییەکان، قوتابخانەکان، ڕێبازەکانی ئەدەب و ژانر و جۆرەکانی ئەدەبەوە.

لەو باوەڕەم، نەبوونی ئەم ڕوانینە لە بنچینەدا پێوەندی بە ژیانی کورد خۆیەوە هەیە، کە سەدەی بیستەم بە سەدەی هۆشیاربوونەوەی مرۆڤی کورد لە قەڵەم دەدرێ، لە پێش ئەم هۆشیاربوونەوە و هەڵسانەوەیەدا، هەزاران کۆسپی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و شارستانی هەبووە، کە وایان کردووە گۆڕانەکان لە ناو کورد زۆر بەسستی بڕۆن.

لە ئەدەبی جیهانیدا، بەتایبەتی لە ئەدەبی ئۆرووپی، نووسینەوەی مێژووی ئەدەب، یان تێرمی: مێژووی ئەدەب، دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەیەم. ساڵی ١٧٣٣ بۆ یەکەمین جار لە فەڕەنسا (مێژووی ئەدەبی فەڕەنسا- Histoire litteraire de la france) بڵاودەبێتەوە. لەناوونیشانی ئەم مێژووەش کێشەیەک هەیە، لە جیاتی بنووسرێ: (مێژووی ئەدەبی فەڕەنسی: -Histoire de la litterature francais) وەک ئەمەی سەرەوە نووسراوە: (مێژووی ئەدەبی فەڕەنسا.) ئەمەش لەگەڵ ڕوانینی نووسینەوەی مێژوویەکی ئەدەبی بۆ فەڕەنسا تێکەڵ دەبێ. هۆیەکەی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ڕوانین و وردەکاری زانسی و میتۆدی زانستی.

کە تا ئەوسا مێژووی ئەدەبی نەبووە میتۆدێک بۆ لێکۆڵینەوە. ساڵی دواتر لەلایەن برایانی- Parfiact مێژووی شانۆی فەڕەنسی- Histoire du theatre -francois بڵاودەبێتەوە، کە تا ساڵی ١٧٤٩ چەند بەرگێکی لێ بڵاودەکرێتەوە. لە ئینگلستان ساڵی ١٧٧٤ کتێبی (مێژووی شیعری ئینگلیزی – History of English Poetry) لە نووسینی- ج- مارتۆن- J. Marton، بڵاودەبێتەوە.

لە ئەڵمانیا لە ساڵی ١٧٦٥ کتێبی: (هەوڵێکی مێژوویی لە بارەی شیعرەوە- versuch einer Ges-chich te der Dichtkunst-) لە نووسینی هێردەر – Herder، کتێبی: دەروازەیەک بۆ مێژووی ئەدەبی ئەڵمانی- Compendium der deutschen li-teraturgeschichte) لە نووسینی کۆخ- Koch، ساڵی ١٧٩٠ بڵاودەبێتەوە، هەڵبەت فاکتەر و هۆکاری

دیکەی شارستانی دوورودرێژتر بە بەراورد بە کورد لە پشت سەرهەڵدان و گەشەسەندنی مێژووی ئەدەبی میللەتانی ئۆرووپییە و لێرەوە دەشێ ئەو بوارە نەبێ بابەتەکەمان بەم ئاراستەیە خەست بکرێتەوە.

ئەوەی کە گرینگە، دەبینین هەر لە ساڵی ١٧٨٧ لەسەروبەندی شۆڕشی فەڕەنسی، لە کتێبی: توخم و پێکهاتەکانی ئەدەب- Elements de litterature، لە نووسینی مارمۆنتێل- Marmontel، جیاوازی لە نێوان دوو شت دەکرێ: ئەدەب وەک دەستەواژەیەک بەکاردەهێنرێ بۆ ئەدەب و هونەرە جوانەکان- belles-lettres، هەرچی- Erudition-ە کە دەشێ بەرانبەر بە (پسپۆڕی زانستی) (علاّمة)ی عەرەبی بوەستێ، وەک بوارێک بۆ مەعریفەی کتێب بەکاردێ، کردەو سەردەمەکان، ئەمەش بە هیچ شێوەیەک نابێتە جێگای بەهەند وەرگرتن تا سەرهەڵدانی هەرسێ چەمکی مەعریفی ئەو سەردەمە کە دواتر لەسەر ئەدەب پەیڕەو دەکرێ وەک: سەردەمی ڕوحی، نەتەوە، ڕوحی میللی- (zeitgeist, de nation, Volkgeist).

زۆر لە نووسین و کتێب لەبەر ڕۆشنایی کاریگەری ئەمانە نووسراون وەک کتێبی: (لە بارەی ئەدەبەوە- de la litterature)ی مەدام دوستایل- M. de Stael کە لە ساڵی ١٨٠٠ بلاّوبووەتەوە.

بەگشتی دەتوانین بڵێین، فەلسەفەی هیگڵ کە بە فینۆمینۆلۆژی ئەقڵ (دیاردەناسی ئەقڵ- phe-nemenologie d Esprit) ناسراوە کاریگەری زۆری لەسەرهەڵدان و خوێندنەوە و مێتۆدێکی دیکەی نوێ لە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبدا هەبووە، بەگشتی فەلسەفەی ئەڵمانی: هۆشیارییەکی مەعریفی- Epis-temologie داوەتە مێژووی ئەدەب. وای کردووە لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا، لە ڕوانینێکی ڕەهاو چەشەیەکی کلاسکییەوە بۆ هۆشیارییەکی ئازاد و مێژوویی بپەڕێتەوە. بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکانیش لەم بارەیەوە کاریگەرییان هەبووە لە جۆرێکی دیکەو ڕوانینێکی دیکەی نووسینەوەی مێژووی ئەدەب. لەم بارەیەوە دەشێ سەدەی نۆزدەیەم بەسەدەی نوێبوونەوە لە قەڵەم بدەین تا هاتنی گوستاڤ لانسۆن- G. lanson، لە سەرەتای سەدەی بیستەم، مێژووی ئەدەب کەوتبووە ژێر کاریگەری مۆدێلی مێژوویی و فەلسەفەی پۆزیتیڤیزم.

لێرەوە، وردە وردە خۆی لە ڕەخنە جیادەکاتەوە و ئاراستەیەکی دیکەی جیا وەردەگرێ، بوارەکانی دیاریکردنی نرخ و بەهای ئێستێتیکی و دیاریکردن و پیشاندانی چەشە و ئاستەکانی دیکەی داهێنان بۆ ڕەخنەی ئەدەبی جێ دەهێڵێ. لێرەوە مێژووی ئەدەبی بە چەشنێکی دیکە دەنووسرێتەوە، دەبێ زیاتر وەک دیاردەیەکی بەردەوام و هەمیشەیی گرینگی بە ژیانی ئەدەبی بدا، گرینگی بە ئایدیا و هەست و مانا ڕێژەییەکانی ئایدیایەک بدا.

هەروەها مێژووی ئەدەب، دەبێ سنوورەکان ببڕێ و وەک پانۆرامایەک بێ لە بارەی گەشەسەندنی چەشەی ئەدەبی و ئایدیاکان و مۆدیلەکان و جۆرەکانی ئەدەب و سەردەمەکان و بزووتنەوەکان و قوتابخانەکان و ڕێبازەکان. لێکۆڵینەوە لەم بوارەشدا دەبێ لەسەر بنچینەیەک بێ پێکهاتبێ لە ئەو پێوەندییانەی کە لە نێوان ئەندێشە و حەقیقەت، ئایدیا و جۆرەکانی ئەدەبێکی سەردەمێک و نەوەیەکدا هەیە، لە نێوان نەریت و داهێنان و پێوەندییە قووڵەکانی ناوەوە و دەرەوەدا هەیە، هەڵبەت بۆ تێگەیشتنی باشتر.

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**




# چێژ لە هونەری شانۆدا

موحسین محەمەد



چێژی شانۆیی ئەو هێزە ئەفسووناویەیە کە لە هەناوی تێکستدا دەخولقێ، ئەوانەی هەولّیان داوە لە بری تێکست چێژ بە فۆرمی شانۆیی ببەخشن، لە مێژووی داهێنانی شانۆییدا دەگمەنن، ئەگەر باش لێیان وردبینەوە، دەبینین ئەو داهێنەرانەن کە خۆیان لەناو شاکارەکاندا توانیویانە جارێکی دیکە تێکستەکان بە چەشنێکی دیکە بخوێننەوە.

چێژ لە هونەری شانۆدا هەمیشە لە گۆڕاندایە. ئەو پێوەندییە کۆنکریتییەی نێوان هونەر و وەرگرەکەی ئەو چێژەیە کە هونەرمەند دەیخولقێنێ، تا ئەو پێوەندییە بەهێز بێ، ڕیتمی چێژ خێراتر دەبێ و خێراتر بڵاودەبێتەوە. سەردەمی کلاسیک ڕیتمێکی قورس و نامرۆڤانەی هەبوو، ئەوسا هێشتا ئازادی لەدایک نەببوو، (فیکتۆر هۆگۆ) کە شانۆگەری هرنانی نووسی، ئەو ڕیتمە ڕەزاقورسە تێکوپێک شکا و ڕیتمی چێژی شانۆیی بەخێرایی گۆڕا و هەمەڕەنگییەکی سەرسوڕهێنەر لە ڕیتمی چێژی شانۆییدا خولقا.

چێژ لەتراژیدیا، یان لەکۆمیدیا هەر چێژە، لە ڕیالیزم و ئەبسێرتیش هەر چێژە، پێناسەی چێژ هیچ پێوەندییەکی بە ستایلەوە نییە، کلاسیک بێ، یان ڕۆمانسیزم، پەیامەکەی گەیاندنی چێژە. ئەگەر ئازادی فرەبێ، چێژ فرە دەبێ، خێرا دەگۆڕێ. لەهەولێر لەرۆبێرتۆ چولیم پرسی، لەبەر قەیرانی تێکستی نوێ، دەڵێن شانۆ زوو کۆتایی دێ. کە شانۆیەکەیم بینی، زانیم کۆتایی نایە، ئەو نوقمی دەقەکان بووە و لەناویاندا دەقی نوێ بەفۆرمی شانۆیی دەخولقێنێ. هەر لەوێ بڕوای تەواوم بەوە هێنا، چێژ نابێ بەخۆڕایی ببەخشرێ، کاتێکیش بەخۆڕایی دەیبەخشینە هەژاران ئەو نرخە زۆر گرانترە لەنرخی کڕیارانی شانۆ.

لە شانۆدا جۆرێک لە ئاوێتەبوونی بینەر و هونەرەکەدا هەیە، چێژی بابەت، چێژی دواندن و خۆدواندنەکان، چێژی نواندن، چێژی دیکۆری جێگا، مۆسیقای شانۆیی و کەرستەکان، هەموو ئەمانە بەیەکەوە لەچێژی دەرهێنانی شانۆییدا، بینەر بۆ ڕوحییەتی هونەری شانۆ ڕادەکێشن و نرخێکی پێدەبەخشن. لەو وڵاتانەی چێژی هونەری شانۆیی بە ئارەقی ناوچەوان دەکڕدرێ، هونەرمەندی شانۆیی زۆرترین چێژ لە ژیان وەردەگرێ. چێژ کەرستەیەکی هونەری نییە بۆ بازرگانی کردن، بازرگانی کردن لە شانۆدا کەرەستەیەکە بۆ برەودان بە ژیان وەکو هەر بوارێکی دیکەی مرۆڤایەتی. چێژ لە شاکارەکاندا نرخیان بێ سنوورە، نەوە دوای نەوە، چێژی ئەو شاکارانە دەکڕن و نرخێکی بازرگانی پێدەدەن. لە جیهانی سەرمایەداریدا پێشبڕکێی داهێنەران لە لووتکەدایە، لەبەر ئەوەی نرخی داهێنان لە لووتکەدایە. پاڵنەری سەرەکی ئەو پێشبڕکێیەش، چێژی هونەرییە، لە هەر شوێنێکیش ئەو پێشبڕکێ و ڕێتمە شانۆییە نەبوو، چێژی هونەری شانۆیی سارد و سڕ و مردوو دەبێ و بینەر ئامادە نییە نرخ بۆ ئەو چێژە مردووە دابنێت.